ICMPD
International Centre for
Migration Policy Development



# بە ئامانجگرتنی خاڵەکانی لاوازی

## کاریگەری شەڕی سوریاو رەوشی پەنابەران لەسەر بازرگانیکردن بە کەسەکان

## توێژینەوەیەکی سوریاو تورکیا، ئوردون و عیراق

# به ئامانجگرتنی خاڵەکانی لاوازی

## کاریگەری شەڕی سوریاو رەوشی پەنابەران لەسەر بازرگانیکردن بە کەسەکان

## توێژینەوەیەکی سوریاو تورکیا، ئوردون و عیراق


لەلایەن سەنتەری نێودەوڵەتی پەرەپێدانی سیاسەتەکانی کۆچ، ڤێنا – نەمسا، ئامادەکراوە

بە راسپاردەو تەمویل لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئۆفیسی چاودێری و نەهێشتنی بازرگانی بە کەسەکان (J/TIP)

سەنتەری نێودەوڵەتی پەرەپێدانی سیاسەتەکانی کۆچ. کانونی دووەمی ٢٠١٦

**نووسەری راپۆرت:**
کلێر هیلی

**تیمی توێژینەوە**: زیاد خەلدون ئەدلبی، ئێریکا ئەیازی، ڤانێسا لاریا، فولیا مامیشۆگڵو، شەنای ئۆزدەن

**تیمی سەنتەری نێودەوڵەتی پەرەپێدانی سیاسەتەکانی کۆچ:**
نەدا ئەمرایش، لوکاس گێهرکە، مێلیتا گرویڤسکا گراهام، ئێلیسا ترۆسێرۆ

سەنتەری نێودەوڵەتی پەرەپێدانی سیاسەتەکانی کۆچ (ICMPD)
Gonzagagasse
Vienna ١٠١٠-١A
Austria
www.icmpd.org

سەنتەری نێودەوڵەتی پەرەپێدانی سیاسەتەکانی کۆچ

هەموو مافەکان پارێزراون. نابێ هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە بەرهەم بهێنرێتەوە، کۆپی بکرێت یان بە هەر شێوەیەك یان ئامرازێکی ئەلیکترۆنی یا میکانیکی بگوازرێتەوە کە فۆتۆکۆپی، تۆمارکردنی ، یان هەر کۆگەکردنێکی زانیاری و گێرانەوەی سیستەمیش دەگرێتەوە، بەبێ رەزامەندی خاوەنەکانی مافی بڵاوکردنەوە.

ئاماژەی پێشنیازکراو: ICMPD (٢٠١٥). بە ئامانجگرتنی خاڵەکانی لاوازی: کاریگەری شەڕی سوریاو رەوشی پەنابەران لەسەر بازرگانیکردن بە کەسەکان - پوختەی لێکۆڵینەوە. ڤیەنا: ICMPD



ئەم بڵاوکراوەیە لە رێگەی پشتگیری پێشکەشکراو لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئۆفیسی چاودێری و نەهێشتنی بازرگانی بە کەسەکان (J / TIP) هێنراوەتە ئارا بەپێی مەرجەکانی بڕیاری ژمارە.S-SJTIP-14-GR-1022. ئەو بۆچوونانەی لێرەدا خراونەتە روو بیروڕای نووسەرن و مەرج نیە رەنگدانەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بێت.

هێڵکاری لەلایەن مارك ریچدەین
وەرگێڕان بۆ کوردی: ئیسماعیل خالید گەڵاڵی
لە Druck and Graphikservice GmbH – DGS لە نەمسا چاپ و بەستەبەندکراوە

ISBN:
978-3-902880-65-9 EN (print)
978-3-902880-66-6 EN (pdf)
978-3-902880-67-3 AR (print)
978-3-902880-68-0 AR (pdf)
978-3-902880-69-7 TR (print)
978-3-902880-70-3 TR (pdf)
978-3-902880-71-0 Iraqi KR (print)
978-3-902880-72-7 Iraqi KR (pdf)

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| **سوپاس و پێزانین** | **٥** |
| **دەسپێك** | **٦** |
| **١. پێشەکی** | **٧** |
| ١.١ زاراوە بەکارهاتووەکان لەم توێژینەوەیەدا | ١١ |
| ٢.١ پەیڕەوی کار | ١٤ |
| ٣.١ پێداچوونەوەی ئەدەبیات | ١٦ |
| ٤.١ چوارچێوەی یاسایی | ١٨ |
| ٥.١ چوارچێوەی دامەزراوەیی | ٣٠ |
| **٢. کۆچ و بازرگانی پێوە کردن لەماوەی قۆناغی بنچینەدا** | **٣٥** |
| ١.٢ پرۆفایلی کۆچ | ٣٥ |
| ٢.٢ ڕێگەکانی بازرگانی پێوە کردن | ٣٨ |
| ٣.٢ ڕادەی بازرگانی پێوە کردن | ٤١ |
| ٤.٢ شێوەکانی بازرگانی پێوە کردن | ٤٣ |
| **٣. پێڤاژۆی کۆچ** | **٥٧** |
| ١.٣ کۆچ و جێگۆڕکێی ناوخۆیی سوریەکان | ٥٧ |
| ٢.٣ جێگۆڕکێی پەنابەرانی سوری | ٦١ |
| ٣.٣ ئاوارەبوونی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی عیراقی | ٦٨ |
| ٤.٣ پەنابەران، کۆچبەران و بێرەگەزنامەکانی دیکە | ٦٩ |
| **٤. حالەتەکانی تووشبوون بە بازرگانی کردن بە کەسەکان** | **٧٣** |
| ١.٤ بارودۆخی مرۆیی گشتی | ٧٥ |
| ٢.٤ باری یاسایی | ٧٨ |
| ٣.٤ پرسەکانی پاراستنی منداڵ | ٨٣ |
| ٤.٤ کارکردنی منداڵ | ٨٧ |
| ٥.٤ هاوسەرگیری زوو | ٩٠ |
| ٦.٤ جیاکاری و توندوتیژی بەپێی جێندەر | ٩٢ |
| ٧.٤ بەرسڤی دژە بازرگانی پێوە کردن | ٩٥ |
| ٨.٤ نەبوونی بەدیلەکانی کۆچ | ٩٧ |
| ٩.٤ کاریگەری بەسەر کۆمەڵگە خانەخوێکاندا | ٩٨ |
| **٥. کاریگەری سەر بازرگانی پێوە کردنی مرۆڤ لە سوریا، تورکیا، لوبنان، ئوردن و عیراق** | **١٠١** |
| ١.٥ ڕێگەکانی بازرگانی پێوەکردن | ١٠٢ |
| ٢.٥ ڕادەی بازرگانی پێوە کردن | ١٠٥ |
| ٣.٥ شێوەکانی بازرگانی پێوە کردن | ١١١ |

٦. دەرەنجامەکان ١٦٣
٧. راسپاردەکان ١٧١
پاشکۆی ١: لێکۆڵینەوەی مەیدانی ١٨١
پاشکۆی ٢: بیبلیۆگرافی ١٩١

# سوپاس و پێزانین

ICMPD دەیەوێ سوپاسی خەڵکانێکی زۆر بکات بۆ بەشداریکردنیان لەم توێژینەوەیە. سوپاسێکی تایبەت بۆ دکتۆر کلێر هیلی، ڕێکخەری لێکۆڵینەوەکان، لە بەرامبەر ڕێکخستنی لێکۆڵینەوەکەو داڕشتنی ئەم ڕاپۆرتە، هەروەها لێکۆڵەرانی وڵات زیاد خەلدون ئەدلبی، ئێریکا ئەیازی، دکتۆر ڤانێسا لاریا، دکتۆر فولیا مامیشۆگلو و، شەنای ئۆزدەن، بۆ لەخۆبووردەیی و پابەندبوونیان بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەداو بەرامبەر پێشکەشکردنی زانیاری شیکردنەوەی لە ڕێکخراوی ناحکومی نەهاتوو.

هەروەها ICMPD دەیەوێ سوپاسگوزاری قوڵی خۆی دەرببڕێ بۆ پرۆفیسۆر عەوەد، دکتۆر ئێلزابیتا م. گۆزدزیاگ و ئەلبێرت کرالەر، هاوکاران لە پێداچوونەوەی توێژینەوەکە، بۆ ئاراستەکردن و ڕەخنە بەسودەکانیان بۆ لێکۆڵینەوەکە.

ڕۆڵی سەرەکی لەلایەن تیمی پرۆژەی ICMPD ەوە بینرا لە هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی چالاکیەکانی لێکۆڵینەوەکە، کە بەبێ ئەوە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە مەحاڵ بوو. سوپاس بۆ نەدا ئەمرایش، لوکاس گێرکە، مێلیتا گروێڤسکا گراهام و ئێلیسا ترۆسێرۆ بۆ پشتگیری بەردەوامیان لەماوەی بەجێگەیاندنی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

لە کۆتاییدا، ICMPD پێزانینی تایبەتی هەیە بۆ هەموو هەوڵدەرانی لێکۆڵینەوەکە لە دەزگاکانی دەوڵەت، ڕێکخراوە ناحکومی و نێودەوڵەتیەکان، دەسەڵاتە لۆکەڵەکان، ڕۆژنامەوانان، ئەکادیمیان و هەموو بەشداران لە عیراق، ئوردن، لوبنان، سوریاو تورکیا، کە زانین و ئەزموونی خۆیان بەم ڕاپۆرتە بەخشی. ئەگەر بەخشندەیی ئامادەیی بەشداربوونی ئەوان نەبا لەم لێکۆڵینەوەیە، زۆر لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ڕۆشناییان نەدەبینی.

ICMPD هیوادارە کە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بەشداربێت لە چاککردنی ڕەوشی ئەوانەی کەوتوونەتە بەر کاریگەی قەیرانی سوریا.

## دەسپێك

ئەو چوار ساڵەی ململانێ زۆربوونی ژمارەی ئەو کەسانەی لێکەوتوتەوە کە لە سوریا لە ماڵ و حاڵی خۆیان هەڵاتوون، کە بوونەتە ئاوارەی ناوخۆ یان لەودیو سنوورەکانی سوریاوە بەدوای پەنابەریدا دەگەڕێن. زۆربەی هەرەزۆری ئەوانەی ناچارکراون بەرەو دەرەوە رابکەن لە وڵاتانی دراوسێدا نیشتەجێن: تورکیا، لوبنان، ئوردن و عیراق. لەسەر بنچینەی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە، بە ئامانجگرتنی لاوازان ئەزموونی لایەنی پشتگوێخراوی قەیرانەکانی شەڕ و پەنابەران: بازرگانی پێوە کردن بە کەسەکان. ئەم توێژینەوەیە بە ئاراستەی وەڵامی لێکۆڵینەوەکەدا دەڕوات: کاریگەریەکانی شەڕی سوریاو رەوشی پەنابەران بەسەر بازرگانی پێوە کردن بە کەسەکانەوە چین لە سوریاو وڵاتانی دراوسێی؟

ئەمە یەکەم توێژینەوەیە لەم جۆرە، دیراسەی شێوازو تایبەتمەندیەکانی ئاوارەبوونی ناوخۆو سنووربەزێن دەکات لەکاتی شەڕەوە، لەپاڵ رێکخستنەکانی پێشوازیکردن لە وڵاتانی خانەخوێدا. ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە لە رەوشەکانی دووچاربوون بە بازرگانی پێوە کردن و لە نیشاندەرەکانی کەیسەکانی بازرگانی پێوە کردن خراونەتەڕوو و شیکراونەتەوە. توێژینەوەکە بریتیە لە ئەنجامی پڕۆژەی هەڵسەنگاندنی شەڕی سوریاو قەیرانی پەنابەران بەسەر بازرگانی پێوە کردن بە کەسەکانەوە (AIS-TIP) ، کە لەلایەن سەنتەری نێودەوڵەتی پەرەپێدانی سیاسەتەکانی کۆچ (ICMPD) و بە پشتگیری دارایی ئۆفیسی چاودێری و نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردن بە کەسەکان (J / TIP) ی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا جێبەجێ دەکرێت.

یەکێك لە دەرەنجامە سەرەکیەکانی لێکۆڵینەوەکە ئەوەیە کە زۆر لەو ئیستغلالکردنانەی روودەدەن لەلایەن گروپە رێکخراوەکانی سنووری نیشتمانی ئەنجام نادرێن، بەڵکو لەوە زیاتر ئەندامانی خێزان ناسیاوو دراوسێکان تێوەگلاون. خێزان و کۆمەڵگا ئاوارەکان بەهۆی شەڕ زۆرجار بەدیلی مانەوەیان لەبەردەست نیە بێجگە لەو حاڵەتانەی کە دەشێ بە ئیستغلالکردن ناوببرێت. بۆیە بەهۆی ئەو بارە لاوازەی پێیدا تێدەپەڕن بەشدار دەبن لە ئیستغلال کردن. ئەو فاکتەرە سەرەکیانەی کاریگەریان بەسەر ئەو لاوازیانەدا هەیە پەیوەستن بە خودی قەیرانی مرۆییەوەو بەو ئاستەنگانەی دێنە بەردەم وەدەستهێنان و دەستپێوەگرتنی باری یاسایی نیشتەجێبوون و مۆڵەتی کار لە وڵاتە خانەخوێکاندا. سەرەڕای ئەوەش، لە پێڤاژۆیەکی دیکە کە لە ئەنجامی شەڕی سوریا ئێستا تورکیا زۆرترین ژمارەی پەنابەران لە جیهاندا لەخۆدەگرێت و، لوبنانیش بەرزترین رێژەی پەنابەرانی لەچاو دانیشتوانی خۆی تێدایە لەهەر وڵاتێك، کۆمەڵگە خانەخوێکان، هەروەها خەڵکی ئاوارەش زیاتر رووبەرووی دووچاربوون دەبنەوە.

بۆیە داوا لە رێکخراوە حکومی وناحکومیەکان، لەسەر ئاستی نیستمانی و نێودەوڵەتی دەکەین کە بەرسڤی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە بدەنەوەو لە جێبەجێکردنی راسپاردەکان بەشداری بکەن. کە ئەمەش پێوەری تایبەت بە نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردن، پرسی مرۆیی زیاتر، چاککردنی پاراستنی مافەکانی منداڵ و ژنان دەگرێتەوەو، بە تایبەتی گروپە لاوازەکان دەکاتە ئامانج، هەروەك بڕیار لەسەر ئامانجە تازەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەدات سەبارەت بە پەرەپێدانی بەردەوام.

ئێمە پێمانوایەکە بەگژداچوونەوەی بازرگانی پێوە کردن بەشێکی دانەبڕاوە لە بەرسڤی مرۆیی بۆ شەڕو ئاوارەبوون. لە پێڤاژۆی شەڕی سوریاو قەیرانی پەنابەران، چارەسەری بازرگانی پێوە کردن، پاراستنی خەڵکی بازرگانی پێوەکراوو راوەدوونانی بازرگانیکاران تاکە بەشی بەرپرسیارێتی ئێمە نیە بۆ چارەسەری دیاردەی بازرگانی پێوە کردن، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ سووککردنی حاڵەتەکانی بێهیوایی ئەو خەڵکە بە گشتی، بە بەشداری لە زامنکردنی سەلامەتی، بوژانەوەو شیاندنەوەیان و دەرفەتی ژیان بێ توندوتیژی و بێ بازرگانی پێوە کردن.



کابرێللا ئەبادۆ
بریکاری بەڕێوەبەری گشتی
ICMPD

کێشەو توندوتیژی لە سوریا لە ۲۰۱۱ەوە زیانی زۆری گیانی و مەینەتی مرۆیی لێکەوتوتەوە، سەرەڕای قەیرانی ئاڵۆزی ئاوارەیی. چوار وڵاتی دراوسێی سوریا گرنگترین وڵاتی جیهانن کە خانەخوێن بۆ پەنابەرانی ئەم وڵاتە کە شەڕ لێکی ترازاندووە. لەگەڵ کۆتاییهاتنی ئەیلولی ۲۰۱۵، نزیکەی چوار ملیۆن پەنابەری سوری تەنیا لە تورکیا، لوبنان، ئوردن و عیراق بوون، کە تۆمارکردنیان لە کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کراوباری پەنابەران (UNHCR) چالاکە. سەرەڕای ئەوەی کە زیاتر لە شەش ملیۆن و نیو سوری لە ناوەوەی وڵاتی خۆیاندا ئاوارەبوون. هەموو سوری و لانەوازەکان (بێرەگەزنامەکان) کە بەرەو دەرەوە هەڵاتوون لەلایەن (UNHCR) یان دەسەڵاتە نیشتمانیەکانەوە تۆمار نەکراون (NRC، 2015a نیسان)، هەموو ئاوارەکانی ناوخۆش بەمجۆرە تۆمارنەکراون، بۆیە بۆیەیە ژمارەکان لە هەموو حاڵەتێکدا زیاتریش بن.

بەچاوپۆشین لە خودی توندوتیژی، ململانێ و هاوکات قەیرانی پەنابەران لە وڵاتانی دراوسێدا بۆتە مایەی هەژاربوونی زیاتر، «خۆگونجاندن»ی ئابوری نافەرمی و قازانجکردن لە شەڕ، ئەمەش وای لە خەڵکی ئاوارەکردووە ببنە جێنیشانی ئاوارەکانی ناوخۆ کردن و جۆری جیاوازی بازرگانی پێوە کردن. نادڵنیایی سەرهەڵدەدات کاتێك شەڕ لە سوریا بەکۆتادێت و ئیستغلالکراوەکان دەتوانن بگەڕێنەوە وڵاتی بنەڕەتی خۆیان و، تاکەی وڵاتانی خانەخوێ دەتوانن پێداویستیەکانی پەنابەران دابین بکەن لە بواری دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریە بنچینەییەکان – نیشتەجێبوون، چاودێری تەندروستی و فێرکردن- و دەرفەتەکانی دەسکەوتنی داهات.

لە ناوەڕاستی ساڵی ۲۰۱٤ەوە، ڕەوشی سوریا، هەروەها هەندێ بەشی عیراق، ئاڵۆزتر بووە بەهۆی داگیرکردنی رووبەری دیکەی خاکەکەیان لەلایەن داعشەوە[١]، بۆتە هۆی توندوتیژی و ئاوارەبوونی زیاتری خەڵکی سوریاو عیراق، هەروەها بۆ خەڵکی دیکەی نیشتەجێ لەو ناوچانەدا.

نەخشەی ١: وڵاتانی ژێر توێژینەوە -عیراق، ئوردن، لوبنان، سوریاو تورکیا




سەرچاوە: www.maps.google.com لە ۲۰۱٥/۰٤/۲۰

١ داعش کە بە دەوڵەی ئیسلامی لە عیراق و سوریا، دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام و دەوڵەتی ئیسلامیش ناودەبرێت. داعش کورتکراوەی ناوی رێکخراوەکەیە بە عەرەبی و، بۆ ئاماژە کردن بەو گروپە لەم توێژینەوەیەدا بەکاردێت

## لەبارەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندن دەکات بۆ کاریگەریەکانی شەڕی سوریاو قەیرانی پەنابەران بەسەر بازرگانی پێوە کردن لە سوریاو ناوچەکانی دەروبەری. هەر پێنج وڵاتانی ژێر توێژینەوە –سوریا، تورکیا، لوبنان، ئوردن و عیراق ( بە تیشکۆ خستنە سەر هەرێمی کوردستانی عیراق) – کە بەپێی قەبارەی پەنابەران و ئاوارەکانی ناوخۆ هەڵبژێردراون. لەکاتێکدا کە نزیکەی ٦,٦ ملیۆن کەس لە سوریا بوونە ئاوارەکانی ناوخۆ. لەکاتی نووسینی ئەم بابەتەدا (تشرینی یەکەمی ٢٠١٥)، بەرەو باکوری سوریا، تورکیا نزیکەی ١،٩ ملیۆن پەنابەری تۆمارکراوی سوری لەخۆگرتووە، کە زۆربەیان لە پارێزگاکانی باشوری رۆژهەڵات و باشوری تورکیان. دووەم گرنگترین وڵاتی خانەخوێی پەنابەران بە ژمارەی رەها لوبنانە، کە ئێستا زیاتر لە ١,١ ملیۆن سوری تۆمارکراوی لەخۆگرتووە. سنووری سوریا ئوردن لە باشور، کە ئێستا نزیکەی ٦٣٠٠٠٠ کەسی گرتۆتەخۆ کە لە سوریاوە رایانکردووە. لە کۆتاییدا، سوریا لە رۆژهەڵات سنوری هاوبەشی لەگەڵ عیراق هەیە، کە زۆربەی سوریەکان لەم وڵاتە نیشتەجێی هەرێمی کوردستانی عیراقن[٢]، کە هەرێمێکی ئۆتۆنۆمە لە وڵاتێکی فیدراڵدا، بە گشتی نزیکەی ٢٥٠٠٠٠ پەنابەری سوری لەخۆدەگرێت. لەگەڵ ئەوەی ئەم ژمارانەش ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە لە سوریاوە بۆ وڵاتانی دراوسێ هەڵاتوون بەڵام وەکو چالاك لە UNHCR تۆمار نەکراون، نە لە حالەتی تورکیا لای دەسەڵاتە نیشتمانیەکان تۆمارکراون. رەوشەکە زۆر داینامیکە، لەگەڵ ئەو پەنابەرە سوریانەی تازە دەگەنە وڵاتانی خانەخوێ و ئەوانەی بۆ دەرەوەی ناوچەکە دەڕۆن، یا دەچنە دۆخی ئاوارەکانی ناوخۆ لەناو سوریاداو لە هەندێ باردا، بەهۆی جیاواز بۆ سوریا دەگەڕێنەوە. بە درێژایی دەقەکە، هەر پێنج وڵاتی ژێر توێژینەوە ئاماژەیان بە ؟؟؟؟ قەبارەی ژمارەی ئاوارە سوریەکان کردووە: سوریا، تورکیا، لوبنان، ئوردن، عیراق.




٢ کوردستانی عیراق بریتیە لە هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی کە چوار پارێزگاکانی دهۆك، هەولێر، سلێمانی و پارێزگای هەڵەبجەی تازە دامەزراو (سەرەتاکانی ٢٠١٤) لەخۆدەگرێت.

خودی دیاردەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ بریتیە لە تیشکۆی بابەتیانەی ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە بە ئامانجە لە شێوەکانی بازرگانی پێوە کردن تێبگات کە روودەدەن و کاریگەریان بەسەر کێوە هەیە، هەروەها تاوانکاران کێن، لەجیاتی ئەزمونکردنی سیاسەت یا دەستپێشخەریەکانی دژ بە بازرگانی پێوە کردن. شێوەکانی بازرگانی پێوە کردن لە وڵاتانی ژێر توێژینەوە بابەتی لێکۆڵینەوەن، لەپاڵ حالەتەکانی توشبوون بە بازرگانی پێوە کردن، هەروەك لە کاتی پێویستدا ئاماژەکراوە بە شێوەی بازرگانی پێوە کردن لە یا بەرێگەی ئەو وڵاتانە. یاسای پەیوەست بە نەهێشتنی پیك، دامەزراوەکان، سیاسەتەکان و چالاکیەکان لە وژنان و کچان لەخوارەوە بە کورتی کەوتونەتە بەر لێکۆڵینەوەو، لە بەشەکەی دیکەی توێژینەوەکەدا تەنیا بە ناو ئاماژەیان پێکراوە لەکاتی پێویست بۆ تێگەیشتنی دیاردەی بازرگانی پێوە کردن. ئەمەش هاندەدرێت بە قایلبوون بەوەی کە هەنگاوی هەرگرنگ لە بەرسڤدانەوەی بازرگانی پێوە کردن و ئیستغلال کردنی کچان، کوران، ژنان و پیاوان دەخوازێ لە سەرەتادا تێبیگەین.

چوارچێوەی کرۆنۆلۆژی توێژینەوەکە ئاسانکاری دەکات بۆ بەراوردی رەوشەکە لە سەرەتای ٢٠١١، کە لە ماوەی بەرواری بنچینەدا ئاماژەی پێدەکرێت، لە تێکرای رەوشی ساڵانی ٢٠١١-٢٠١٥، بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی کاریگەریەکانی ململانێکە. بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە رەوشی پێش دەستپێکردنی شەڕ، توێژینەوەکە باس لە دە ساڵی ٢٠٠١-٢٠١٠ دەکات، کە بە قۆناغی بنچینە ئاماژەی پێکراوە.هەروەك لەخوارەوە لە بەشی پەیرەوی کاردا روونکراوەتەوە، شیکردنەوەی قۆناغی بنچینە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێ بە لێکۆڵینەوەو داتا لاوەکیەکان، لە کاتێکدا سەرچاوە سەرەکیەکانیش راوێژیان پێکراوە لە ماوەی سەرەتای دەسپێکی شەڕدا. لێکۆڵینەوە لە دوادوای ساڵی ٢٠١٤ دەستپێکرد، لەگەڵ هەموو لێکۆڵینەوە مەیدانیەکان لە تورکیا، لوبنان، ئوردن و عیراق لە ماوەی ساڵی ٢٠١٥دا.

## لەبارەی پرۆژەکەوە

ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ئەنجامی پرۆژەی لێکۆڵینەوە بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەری شەڕی سوریاو قەیرانی پەنابەران بەسەر بازرگانی کردن بە کەسەکان لە سوریاو ناوچەی دەوروبەری، پێشکەشکردنی راسپاردەی شیاو بۆ وەرامدانەوەی ئەنجامەکانی. ئامانجی گشتی بریتیە لە زیادکردن و پەرەپێدانی زانین لەبارەی کاریگەریەکانی شەڕی سوریاو قەیرانی پەنابەران بەسەر بازرگانی کردن بە کەسەکان لە سوریاو ئەو وڵاتانەی کە زیاتر کەوتوونەتە بەر کاریگەری جوولەی پەنابەران (تورکیا، لوبنان، ئوردن و عیراق). پرۆژەی: «هەڵسەنگاندنی کاریگەری شەڕی سوریاو قەیرانی پەنابەران بەسەر بازرگانی کردن بە کەسەکان» لەلایەن ئۆفیسی چاودێری و نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردن(J / TIP) ی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دارایی بۆ دابین دەکرێت و لەلایەن سەنتەری نێودەوڵەتی پەرەپێدانی سیاسەتەکانی کۆچ (ICMPD) جێبەجێ دەکرێت، کە رێکخراوێکی نێودەوڵەتیەو بارەگاکەی دەکەوێتە ڤیننا، نەمسا.

لێکۆڵینەوەکە لەلایەن تیمی هەماهەنگی بارەگای ICMPD لە ڤیننا ئەنجامدراوە، لەگەڵ لێکۆڵەرانی پێنج وڵات کە لێکۆڵینەوەی نوسینگەو مەیدانی تایبەت بە هەروڵاتێکیان ئەنجامداوە سەبارەت بە سوریا، تورکیا، لوبنان، ئوردن و عیراق. هەروەها ئەم توێژینەوەیە کەوتوتە بەر دوو خولی پێداچوونەوەی هاوکارانی ناوخۆو دەرەکی (ICMPD). لەرێگەی بڵاوکردنەوەو گشتاندنی ئەم توێژینەوەیە، ئامانجی پرۆژەکە بریتیە لە بەشداریکردن لە بەهێزکردنی رووبەڕووبوونەوەی بازرگانی کردن بە کەسەکان بەهۆی لایەنە کاراکانی پەیوەندیدار لە ناوچەکەدا، لەرێگەی دابینکردنی زانینی جێمتمانە و داتای پێویست بۆ زانیاری حالەتە ناکاوەکان و کارە مەودا کورتەکان بەمەبەستی رووبەڕووبوونەوەی بازرگانی کردن بە کەسەکان و دووچاربوون بە بازرگانی پێوە کردن و، دانانی راسپاردەکان

بۆ چالاكیە ناوەراست تا دووڕمەوداكانی نەهێشتنی بازرگانی پێوە كردن وگەیشتن بە پێداویستیەكانی قوربانیە دەستنیشانكراوو دەستنیشان نەكراوەكانی بازرگانی پێوە كردن، هەروەها گروپە لاوازەكانی دیكە بەرامبەر بە بازرگانی پێوە كردن لەناوچەكە و دەرەوەی ناوچەكەدا. ئەم پرۆژەیە لە تشرینی یەكەمی ٢٠١٤دا دەستپێكردو لێكۆڵینەوەی مەیدانیش لە كانونی دووەم تا تشرینی یەكەمی ٢٠١٥ ئەنجامدرا، لەگەڵ دەستپێكی توێژینەوەی كۆتایی لە كۆنگرەی نێودەوڵەتی لە ئەستەنبۆل، توركیا كانونی یەكەمی ٢٠١٥. لەنیوەی یەكەمی ٢٠١٦ گفتوگۆ، فراوان كردن و گونجاندنی ئەو راسپاردانەی كە بەشی ٧ی ئەم توێژینەوەیان لێپێكدێت، لە كاتی پێویستدا زنجیرەیەك وێركشۆپ بۆ ئەم مەبەستە لە وڵاتانی خانەخوێی ژێر توێژینەوە و دەرەوەی ناوچەكە بەڕێوەدەچن، بۆ بنیاتنان لەسەرئەنجامەكانی تایبەت بە هەر وڵاتێك لە توێژینەوەكەدا.

## پەیكەری توێژینەوەكە

توێژینەوەكە لەم بەشانەی خوارەوە پێكدێت:

**بەشی یەك: پێشەكی**

ئەم بەشی یەكەمەی توێژینەوەكە راڤەی زاراوە بەكارهاتوەكان دەكات لەگەڵ پەیڕەوی كاری جێبەجێكراوی لێكۆڵینەوەكە، هەروەها پێداچوونەوەی ئەدەبیات و چوارچێوەی یاسایی و دامەزراوەیی لەخۆدەگرێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا.

**بەشی دوو: كۆچ و بازرگانی پێوە كردن لەماوەی قۆناغی بنچینەدا**

دووەم بەش رەوشەكە شیدەكاتەوە لەرووی كۆچ و بازرگانی پێوە كردن لە دەساڵی پێش شەڕی سوریا، بۆ پێشكەشكردنی نیشانەی مەرجە بنچینەییەكان.

**بەشی سێ : پێڤاژۆی كۆچ، ٢٠١١-٢٠١٥**

بەشی سێ وردەكاریەكانی پێڤاژۆی ئێستای ئاوارەبوون و كۆچی ناوخۆو نێودەوڵەتی سوریەكان و گروپەكانی دیكەی بەركاریگەری لەخۆدەگرێت.

**بەشی چوار: حاڵەتەكانی تووشبوون بە بازرگانی كردن بە كەسەكان**

بەشی چوار باس لە حاڵەتەكانی تووشبوون بە بازرگانی كردن بە كەسەكان دەكات

**بەشی پێنج : كاریگەری بەسەر بازرگانی كردن بە مرۆڤ لە سوریا، توركیا، لوبنان، ئوردن و عیراق**

پێنجەم بەش بریتیە لە تەوەری سەرەكی ئەم توێژینەوەیە - كاریگەری شەڕی سوریاو قەیرانی پەنابەران بەسەر بازرگانی كردن بە مرۆڤ لە سوریا، توركیا، لوبنان، ئوردن و عیراق.

**بەشی شەش: دەرەنجام و راسپاردەكان**

توێژینەوەكە بە دەرەنجامەكانی لێكۆڵینەوەو راسپاردەكان بۆ بەرسڤ لەسەر بنچینەی ئەنجامەكانی لێكۆڵینەوە دێتە داخستن.

## ١.١ زاراوە بەکارهاتوەکان لەم توێژینەوەیەدا

ئەم توێژینەوەیە پێناسەی پەنابەر بەکاردەهێنێ کە لە ڕێککەوتننامەی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتوەکان ١٩٥١و پرۆتۆکۆلی ١٩٦٧دا هاتووە ، وەکو کەسێکی کە،

> «بەهۆی بوونی ترس لە چەوساندنەوە بەهۆی ڕەچەڵەك، ئاین، ڕەگەزنامە، ئەندامبوونی گرووپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو یا بیروبۆچوونی سیاسی، بکەوێتە دەرەوەی وڵاتی نیشتمانی خۆی و نەتوانێ یان بەهۆی ئەو ترسەوە نەیەوێ، سوود لە پاراستنی ئەو وڵاتە وەربگرێت؛ یان هەرکەسێك ڕەگەزنامەی نەبێت و لەدەرەوەی ئەو وڵاتە بێت کە تێیدا نیشتەجێبوو لە ئەنجامی ڕووداوی لەم شێوەیە، کە نەتوانێ یان بەهۆی ئەو ترسەوە نەیەوێت بۆی بگەڕێتەوە»

سەرەرای ئەوەی کە ئێستا سوریەکان لەدەرەوەی وڵاتی بنەرەتی خۆیانن کەچی بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن حکومەتە نیشتمانیەکانی چوارولاتی خانەخوێی ژێرتوێژینەوەکە وەکو پەنابەری ڕێککەوتننامەکە دانیانپیانەنراوە، ئەم توێژینەوەیە لە هەموو بەشەکانی بە **پەنابەرانی سوری** ئاماژەیانپێدەکات، هەروەك لەلایەن کۆمسیۆنی بالای پەنابەران (UNHCR) بە پەنابەر هەژمارکراون، هەرچەندە ژمارەیەکی دیاریکراوی سوریەکان لەهەر چوار وڵاتی خانەخوێیولاتانی ژێر توێژینەوە لەلایەن UNHCRەوە تۆمار نەکراون. **پەناگەخواز** کەسێکە لەدەرەوەی وڵاتی خۆی، یان لەسنوورێکی نێودەوڵەتی کە داخوازی باری ڕێککەوتننامەی پەنابەران دەکات. **کۆچی بەزۆر** بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بە حاڵەتەکانی پەنابەران دەکات کە کەسێك ناچاردەکرێت وڵات بەجێبێڵێ بەهۆی چەوساندنەوە، توندوتیژی یان ڕەوشێکی سیاسی دیاریکراو، هەرچەندە بۆیهەیە کە ئاماژە بکات بە ئاوارەبوونی ناوخۆ و نێودەوڵەتی لە ئەنجامی کارەساتێکی سروشتی یان گۆڕانکاری کەشو هەوادا.

سەرەرای ئەوەش، کەسانی جێبایەخ لەلایەن UNHCRەوە بەکەسانی گەڕاوە، لانەوازو ئاوارەکانی ناوخۆ دادەنرێت. گەڕاوەکان بریتین لە پەنابەرانی پێشوو کە خۆبەخشانە دەگەڕێنەوە وڵاتەکانی خۆیان، جا لەخۆڕابێت یان بەشێوازێکی ڕێکخراو؛ کەسی لانەواز بریتیە لەوکەسەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەکو هاوڵاتی هیچ وڵاتێك دانپیانەنراوە؛ کەسی ئاوارەی ناوخۆش بریتیە لە کەسێك ناچاربکرێت لەماڵی خۆی رابکات بەڵام لەنێو سنوری وڵاتەکەیدا بمێنێتەوە. پرەنسیپە ئاراستەکارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لەبارەی ئاوارەکانی ناوخۆ (OCHA،2004) ئاوارەی ناوخۆ پێناسە دەکات وەك:

> «کەس یان کۆمەڵە کەسێك کە ناچارکراون ڕابکەن یان ماڵ یا شوێنە ئاساییەکانی نیشتەجێبوونی خۆیان جێبێڵن، بەتایبەتی بەهۆی یان بەمەبەستی خۆپاراستن لە کاریگەریەکانی کێشەی چەکداری، حاڵەتە گشتیەکانی توندوتیژی، پێشێلکاریەکانی مافەکانی مرۆڤ یان کارەساتە سروشتی یان مرۆڤکردەکان و، ئەوانەن کە سنوورێکی دانپێنراوی نێودەوڵەتیان نەبەزاندووە.»

**پەنابەری خێوەتگا** کەسێکە لەخێوەتگا یان شوێنی وەکو خێوەتگا (لەوانەش نیشتەجێ نافەرمیەکانی ناوخێوەت). خێوەتگاکان ئەمانە دەگرێتەوە «نیشتەجێی کاتی، بەخێوەتگا پلان بۆدانراوەکان یان لەخۆڕا دروستکراوەکان، سەنتەرەکانی کۆکردنەوە، سەنتەرەکانی پەڕینەوە گەڕانەوە کە بۆ لەخۆگرتنی خەڵکی ئاوارە دامەزرێنراون. ئەمەش پیادە دەبێت بەسەر حاڵەتە بەردەوام و تازەکان کە بەهۆی ململانێ یان کارەساتە سروشتیەکان ڕوودەدەن و، کەسانی ئاوارە ناچاردەبن لەشوێنە کاتیەکاندا بەدوای پەناگەدا بگەڕێن»،[٣]

٣ بروانە: ئەنجومەنی نەرویجی پەنابەران (NRC) و پرۆژەی بەڕێوەبردنی خێوەتگا (CMP) (2008). ناميلکەی بەڕێوەبردنی خێوەتگا. ئۆسلۆ: /NRC .CMP

**پەنابەرانی فەلەستینی** بەپێی ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ فریاکەوتن و بەکارێکخراوی ناحکومیستنی پەنابەرانی فەلەستینی لە ڕۆژهەڵاتی نزیك (ئۆنروا) پێناسە دەکرێ کە «ئەو کەسانەن کە شوێنی سروشتی نیشتەجێبوونیان لەماوەی نێوان ١ی حوزەیرانی ١٩٤٦ تا ١٥ی ئایاری ١٩٤٨ لە فەلەستین نیشتەجێبوون و، ئەوانەی کە ماڵ و دابینکردنی ژیانیان لەدەستداوە لەئەنجامی کێشەی ساڵی ١٩٤٨.» پەنابەرانی فەلەستینی لە سوریا کە لە کێشەکەوە بەرەو لوبنان و ئوردن هەڵاتن لەژێر چاودێری ئۆنروا ماونەتەوە، لەجیاتی UNHCR، لەکاتێکدا لەتورکیا کەوتونەتە ژێر سیستەمی کاتی پاراستنی حکومەت و، لە عیراق بە پەنابەری ژێر چاودێری UNHCR دادەنرێن.

**کەسانی بازرگانی پێکراو**، بەپێی ماددەی ٣ی پرۆتۆکۆڵی قەدەغەکردن و لەناوبردن و سزادانی بکگ، بەتایبەتی ژنان و منداڵان (پرۆتۆکۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بازرگانی پێوە کردن)، کە تەواوکارە بۆ ڕێککەوتننامەی ساڵی ٢٠٠٠ی نەتەوە یەکگرتووەکان دژ بە تاوانی نێو نیشتمانی و ڕێکخراو، بریتیە لە:

> «سەربازکردن، گواستنەوە، ڕاگواستن، جێکردنەوە یان وەرگرتنی کەسەکان، لەڕێگەی هەڕەشە یان بەکارهێنانی هێز یان شێوازی دیکەی ناچارکردنی وەکو ڕفاندن، فێڵێکردن، خەڵەتاندن، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات یان باری لاوازی یان پێدان یان لێوەرگرتنی پارە یان قازانج بۆ وەدەستهێنانی ڕەزامەندی کەسێك کە کۆنترۆڵی کەسێکی دیکەی بەدەستبێت بە مەبەستی ئیستغلال کردن، ئیستغلال کردن لانیکەم ئەوانە دەگرێتەوە، ئیستغلال کردن بۆ لەشفرۆشی کەسانیدی یان شێوازی دیکەی ئیستغلالی سێکسی، سوخرەو خزمەتپێکردن، کۆیلەکردن یان هەڵسوکەوتی هاوشێوەی کۆیلەکردن، خزمەتکاری یان دەرهێنانی ئەندامەکان.»

لەحالەتی بازرگانی پێوە کردن بە گەوران، ئەمە بۆیهەیە بۆ کرداری دیاریکراو دابەشببێت، بە بەکارهێنانی ئامرازی دیاریکراو، بە مەبەستی ئیستغلال کردن. لەگەڵ ئەمەشدا بازرگانی پێوە کردن بە منداڵان بەوە پۆلێنکراوە کە ئەنجامدانی کردارێکی دیاریکراوە بە مەبەستی ئیستغلال ، وەکو ئامرازێکی ناپەیوەندیدار. **منداڵ** هەرکەسێکە لە ١٨ ساڵ بچوکتربێت، بەپێی ڕێکەوتننامەی ١٩٨٩ی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منداڵ، کە ئاماژە بە کوڕان یان کچان دەکرێت لە هەر شوێنێکی پەیوەندیدار بە گشتی، بەپێی ڕەگەز. لەم توێژینەوەیەدا، لەجیاتی «قوربانی» زاراوەی «**کەسی بازرگانی پێکراو**»، «خەڵکی بازرگانی پێکراو»، « گەورەی بازرگانی پێکراو»، «منداڵی بازرگانی پێکراو» بە باشتر دادەنرێن، چونکە لە ڕووی یاساییەوە زاراوەی ورد نین.

هەروەها بازرگانی کردن بە کەسەکان بریتیە لە تاوانێك کە لەلایەن **گرووپێکی تاوانکاری ڕێکخراو** ئەنجامدراوە، کە بەپێی ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دژ بە تاوانی نێونیشتمانی ڕێکخراو دیاریکراوە بە:

« گرووپێکی پێکهاتوو لە سێ کەس یان زیاتر، کە ماوەیەك بێ هەبن و پێکەوە کاربکەن بە مەبەستی تاوانێکی مەترسیدار یان زیاتر یان تاوانکاری بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیە، بە مەبەستی دەسکەوتنی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی سوودی دارایی یان مادی دیکە«.

**قاچاخچێتی کۆچبەران**، بەپێی پرۆتۆکۆلی نەهێشتنی قاچاخچێتی بە کۆچبەران لە ڕێگەی زەوی، دەریاو ئاسمان، کە تەواوکارە بۆ ڕێکەوتنی ٢٠٠٠ی نەتەوە یەکگرتووەکان دژ بە تاوانی ڕێکخراوی ناونیشتمانی، بریتیە لە،

> «مامەڵە بەمەبەستی وەدەستهێنانی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی سوودی دارایی یان مادی، لە چوونی نایاسایی کەسێك بۆ بەشێکی وڵاتێك کە کەسەکە تیایدا هاوڵاتی یان نیشتەجێی بەردەوام نیە».

## واتای زاراوه عەرەبیە بەکارهاتووەکان له دەقەکەدا

**دەللاله:** ڕێپیشاندەر.

**کەفاله:** سیستەمی کەفالەتکردن کە کۆچ و کارکردنی کرێکارانی کۆچبەر کۆنترۆڵ دەکات.

**مەکتووم:** تۆمارنەکراو یا دەرنەکەوتوو لە تۆمارەکان؛ ئاماژە بەو گروپە لاوەکیەی کوردە لە دایکبووانەی سوریا کە بێرەگەزنامەن.

**میسیار:** هاوسەرگیری گەشتیاری، هەروەها پێشی دەگوترێ زواج المسیار.

**موختار:** بەرپرسی حکومی خۆجێیی.

**موتعه:** هاوسەرگیری کاتی لە نێوان هەندێ کۆمەڵگەی موسڵمانی شیعە.

**نەفەقه:** خەرجی ژیان (لە پێڤاژۆی هاوسەرگیریدا).

**قازی:** دادوەر.

**شەریعه:** سیستەمی یاسایی ئیسلامی، بە پێی دەقە شەرعیە ئیسلامیەکان، بە تایبەتی قورئان و فەرمودە.

**شاویش:** سەرپەرشتیار یان سەرکاری کێڵگە، هەروەها: موراقیب.

**شێخ:** سەرکردەی ئاینی موسڵمان.

**زواج بالوکاله:** هاوسەرگیری بە وەکالەت.

هەرچەندە لەلایەن زۆر دیدارکراوان لەم توێژینەوەیەدا بە «قاچاخچی» ناوبراون، **ئاسانکاری جوڵەی ناوەخۆ** لە چوارچێوەی یەك وڵات ئاسانکاری ناکەن بۆ پەڕینەوەی نایاسایی لە سنوورە نێودەوڵەتیەکان، بەمجۆرە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی ناکرێ وەك قاچاخچی کۆچبەران پێناسەبکرێن. لەبەر ئەم هۆیەو، بۆ جیاکردنەوە لە قاچاخچی کۆچبەران، لەم توێژینەوەدا بە ئاسانکاری جوڵەی ناوەخۆ ناودەبرێن.

**کۆچبەرە نایاساییەکان** کە ڕێپێدانیان نیە بۆ مانەویان بە شێوەیەکی یاسایی و / یان کارکردن لە وڵاتی ئامانج[٤]. ڕەنگە ئەوان سەرکەوتوونەبووبن لە ڕێکارەکانی پەنابەری، ڤیزا یا ڕێپێدانیان بەسەرچووبێت، یان بەشێوەیەکی نایاسایی هاتبنە ناوەوە. سنووربەزاندنی نایاسایی یان هاتنە ناوەوەی نایاسایی ئەوەیە کاتێ کەسێك دەچێتە ناو وڵاتێکی دیکەی غەیری وڵاتی هاوڵاتی بوونیان یان نیشەجێبوونی بەردەوامیان بەبێ ڕێپێدانی یاسایی پێویست یان ڤیزا. **خاڵەکانی پەڕینەوەی سنور**بریتین لە شوێنی فەرمی کە دەسەڵاتە نیشتمانیەکان چێکی دۆکیومێنتەکان دەکەنەوە تا بزانن ئایا ئەو کەسە ڕێپێدانی هاتنە ناوەوەی وڵاتی هەیە، کە بۆیهەیە کاتی یان هەمیشەیی بێت. ڕەنگە خەڵك لە خاڵی نافەرمی سنوورەکانیش بپەڕنەوە. **کۆچی نایاسایی** هاتنە ناوەوەی نایاسایی دەگرێتەوە، بەڵام ئاماژەش دەکات بە کەسی نیشتەجێ لە وڵاتی مەبەست بەبێ ڕێپێدان، لەبەر بەسەرچوونی ڕێپێدان یان ڤیزاکانیان، تێپەڕین بە وڵات بەبێ ڕێپێدان، یان کاتێك کەسێك لە وڵاتێکی مەبەست کاردەکات بەبێ ڕێپێدانی کردنی ئەو کارە.

ئەوەی پەیوەستیشە بە کرۆنۆلۆژیای توێژینەوەکە، مێژووی بنچینە بریتیە لە دەستپێکردن لە ساڵی ٢٠١١، لەکاتێکدا **قۆناغی سەرەتا**ئاماژە بە ساڵانی ٢٠٠١ بۆ ٢٠١٠ دەکات. **قۆناغی کاریگەری** بۆ ئەم توێژینەوەیە، واتە کاریگەری شەڕی سوریاو ئاوارەبوونی دانیشتوان، لەگەڵ کاریگەری بەرهەڵستی ٢٠١١ تا دوادوای ٢٠١٥، کە بەرواری بڵاوکردنەوەیە.

لەنێوان زاراوە جوگرافی و سیاسیەکان کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە، **هەرێمی کوردستانی عیراق** کە بریتیە لە هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عیراقی فیدراڵ، کە پێکهاتووە لە چوار پارێزگای دهۆك، هەولێرو سلێمانی و هەڵەبجە(ی تازە دامەزراو لە ٢٠١٤). **ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو** پێکهاتووە لە بەحرێن، کوێت، قەتەر، عومان، سعودی عەرەبی و شانشینی عەرەبی یەکگرتوو. MENA ئاماژەیە بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و باکوری ئەفریقیا. **کۆمۆنوێلسی وڵاتانی سەربەخۆ** (CIS) بریتیە لە ڕێکخراوی ئیقلیمی هەندێ کۆماری پێشووی یەکێتی سۆڤیەت کە دوای لێکترازانی یەکێتی سۆڤیەت دروستبوون. وڵاتە ئەندامەکان بریتین لە: ئەرمینیا، ئازەربێجان، بێلاروس،

٤ بڕوانە www.picum.org، لە ٢٠١٥/١٠/٠٢ سەیری کراوە

کازاخستان، کرغیزستان، مۆلدۆڤا، روسیا، تاجیکستان و ئۆزبەگستان و، وڵاتانی بەشداری تورکمانستان و ئۆکراینا.

**سوپای سوریای ئازاد (FSA)** یەکێکە لە گروپە چەکدارە سەرەکیەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا.

**پارتی یەکێتی دیموکرات (پەیەدە)** پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی کوردی سوریە.

**یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)** بریتین لە هێزە چەکدارە سەرەکیەکانی کۆمیتەی باڵای کوردی، کە پەیەدە تیایدا ئەندامە.

**بەرەی نوسرە** بریتیە لە گروپێکی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی چەکدار لە سوریا.

**داعش** کە ئاماژەیە بۆ دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و سوریا، دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام و دەوڵەتی ئیسلامی. بەدرێژایی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئاماژە بەو گروپە بەکاردێت.

**پێشمەرگە** بریتیە لە سوپای فەرمی هەرێمی کوردستانی عیراق، بەپێی دەستوری ٢٠٠٥ی عیراق دانییانراوە.

**پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)** بریتیە لە رێکخراوێکی چەکداری کوردی کە بارەگاکانی لە تورکیاو هەرێمی کوردستانە.

## ٢.١ پەیڕەوی کار

ئەم توێژینەوەیە پەیڕەوی فرەبابەتی، **کۆکردنەوەی لێکۆڵینەوە مەیدانیەکان لەگەڵ لێکۆڵینەوە لاوەکیەکانی سەرمێزو راوێژنان و کچانای لە دوورەوە لەپاڵ شیکردنەوەی جۆری و چەندی** سەرچاوەکان پەیڕەو دەکات . مادەی ٣ی پرۆتۆکۆلی بازرگانی پێوە کردنی نەتەوە یەکگرتووەکان پێناسەی «بازرگانی کردن بە کەسەکان» دەکات و، بەمجۆرە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە دیاریدەکات، کە هەردوو بازرگانی پێوە کردنی ناوخۆو نێودەوڵەتی دەگرێتەوە. بازرگانی کردن بە کەسەکان لە سوریاو وڵاتانی دراوسێیدا هەروەها ئەوانەی بەهۆی قەیرانەوە تووشی بازرگانی پێوە کردن و ئیستغلال کردن دەبن، هەروەك لە بەشی چواری ئەم توێژینەوەیەدا خراوەتەڕوو، کە بۆیەهیە ئاوارەکانی ناوخۆو ئەو کۆمەڵگەیانە بگرێتەوە کە کەوتوونەتە بەر توندوتیژی و/یان کاریگەری کۆمەڵایەتی ئابووری شەڕ لە ناوەوەی سوریا؛ پەنابەرانی سوری و هیدیکە؛ خەڵکی لانەواز؛ کۆچبەرانی یاسایی و نایاسایی و، کۆمەڵگە خانەخوێکان.

لێکۆڵینەوەی نووسینگەیی لە بابەت ئەدەبیاتی پەیوەندیدار، راپۆرتەکان، بەڵگەنامە فەرمیەکان و ئامارەکانی وڵاتانی ژێر توێژینەوە، بە رەچاوکردنی متمانەداری رێژەیی سەرچاوە جیاجیاکان بەپێی ئەوەی کە ئایا پشت بە لێکۆڵینەوەی ئەزموونی، داتای فەرمی، یان پەیڕەوی دیکە دەبەستێت. پاشان بە لێکۆڵینەوەی مەیدانی تەواوکراوە. لەبەر ئاستەنگە لۆجستیەکانی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی مەیدانی لەسەر سامپڵی نوێنەری ناو پەنابەران، ئاوارەکان و خودی گروپە لاوازەکان، بەهۆی جۆراوجۆری گروپەکانی ژێر کاریگەری و ژمارەی زۆری پەیوەندیداران، داتای چەندی و جۆری و زانیاری وەرگیراو راستەوخۆ لەرێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، دەسەڵاتە نیشتمانی و خۆجێییەکان، رێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتی و نیشتمانی و خۆجێیەکان و رێکخراوە مرۆییەکان، رۆژنامەنووسان و سەرچاوەکانی دیکەی راگەیاندن، لێکۆڵەران و گفتوگۆکارانی دیکە کە زانیاری پەیوەندیداریان هەبێت. ژمارەیەکی زۆری هەواڵدەری گریمانکراو پەیوەندیان پێوەکراوە، هەندێ لەو پەیوەندی پێوەکراوانە زانیاری پەیوەندیداریان نەبووە یان نەیانویستووە لە لێکۆڵینەوەکەدا بەشداری بکەن.

بەمجۆرە دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەبێ سەیریان بکرێت بە ئاگاداری لەوەی کە کەسانی بازرگانی پێوەکراوو پەنابەرانی سوری و ئاوارەکان کە راستەوخۆ بۆ توێژینەوەکە راوێژ لەگەڵ خۆیاندا نەکرا، بەڵام لەگەڵ دامەزراوەو رێکخراوو تاکەکان لە لابردن لەو دانیشتوانانەی دیداریان لەگەڵدا کراوە، لەسەر بنچینەی ئەوەی کە دیدارکراو پێڤاژۆیەکی راستەوخۆی هەیە لەگەڵ گروپە زیانلێکەوتووەکاندا.

لەگەڵ رەزامەندی پێشوەختەی بەشداران ، دیداری نیمچە رێکخراو بەپێی کۆمەڵە پێوەرێکی رێنماییەکانی چاوپێکەوتن کە لەگەڵ کەسێکدا ئەنجام دەدرێت، لە رێگەی تەلەفۆن، بە سکایپ و لە رێگەی ئالوگۆڕی ئیمەیلەوە. تێکرای ١٦٨ دیدارو کۆبوونەوە بۆ توێژینەوەکە ئەنجامدران و، کە لەمەودوا ناویان بە (XXNN) دێت، کە XXکۆدی وڵاتانی ژێر توێژینەوەە (سوریا: SY، تورکیا: TR، لوبنان: LB، ئوردن: JO ، وعیراق: IQ) وNN واتە ژمارەی دیدار. دیدارکراوان بەربژاری مانەوە بەشێوەیەکی تەواو نەناسراویان پێدەدرێت کە تەنیا لەلایەن رێکخراوەکانیانەوە دەبینرێن، یان تەواو دەناسرێن بەناوو پۆست و رێکخراوەوە. لە هەموو بارێکدا، ویستەکانی بەشداربووی لێکۆڵینەوەکە رێزیان لێدەگیرێت. بۆ سوریا، زۆربەی دیدارکراوان خواستویانە بە نەناسراوی بمێننەوە لەبەر هۆکاری ئاسایشی کەسی. ئەم وردەکاریانە شانبەشانی کۆدەکانی دیدار هەروەك لە توێژینەوەکەدا هاتووە، بە وردەکاریەوە لە پاشکۆی ١دا هاتووە. شیکردنەوە پەیرەوی ئیستقرائی پیادە دەکات، نەك تەنیا لەبەر نەبوونی داتای چەندی سەبارەت بە بابەتی بازرگانی کردن بە کەسەکان، بەڵکو لەبەرئەوەی کە پەیرەوی ئیستقرائی ئاسانکاری بۆ تێبینیەکانی ئەودیو ئەو توێژانە دەکات کە پێشتر دیاریکراون. پێشتر گروپێکی دیاریکراو نەبوو بۆ شێوەکانی بازرگانی پێوە کردن و، بۆیە شێوازە بەردەستەکان لەسەر بنچینەی ئەو واقیعە تێبینیکران کە روپێوکردنەکە لە خۆی گرتبوون.

لێکۆڵینەوە مەیدانیە سەرەتاییەکان بەردەوام بوون تا گەیشتنە خاڵی تێربوونی تیۆری، بە مانای ئەوەی کە هەر زانیاریەکی تازەی پەیوەندیدارتر لە رێگەی چاوپێکەوتن و راوێژەوە وەدەستهاتوون. خاڵی تێربوون بریتیە لە ئەو ساتەی کە کۆکردنەوەی داتاو زانیاریەکان هیچ شتێکی تازەو بەرچاو ناهێنێتە ناو بابەتی بەر توێژینەوە.

ئاستەنگی زۆر هەن لەبەردەم کۆکردنەوەو بەڕێوەبردنی ئامارە پەیوەندیدارەکان لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی لەلایەن دەستە جیاوازەکانی حکومەت کە کەموکوڕی لە تواناکان، ئاڵۆزی بیرۆکراتی و ئەو هەڵزرانە زۆرەی ئێستادا هەیە، کە بۆتە هۆی ئاستەنگی لە وەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بە بابەتێك کە بە هەستیار دابنرێت و یەکێك کە لە ئاستی جیهانیدا بە شێوەیەکی ئاسایی لەژێر راپۆرتدایە. زیاد لەمەش لێکهەڵوەشانەوەی دەوڵەتی سوری و داڕوخانی سەروەری یاسا لەو وڵاتەدا. بۆ چارەسەری ئەم سنووردارىە، داتای چەندی بەردەست لەگەڵ بەڵگەی مەیدانی چۆنیەتی سەرەتایی، ئاسانکاری بەرهەمهێنانی زانینی تازەترو تەواوتر لەبارەی بازرگانی پێوە کردن کە بەردەست بکەوێ لە رێگەی ئامارە فەرمیەکان و کۆمەڵە راپرسیەکان. ئەمەش داتا چەندییە بەردەستەکان وەدەرنانێ، بەڵام زیاتر وەکو سەرچاوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە تاکو لەگەڵ بەڵگە مەیدانیە سەرەتاییە جۆرییەکاندا تەواوبکرێت. لە راستیدا، هەروەك ئەم توێژینەوە دۆزیویەتیەوە، تەنیا ژمارەیەکی کەمی رێژەیی حاڵەتەکان لە رێگەی لێکۆڵینەوە دیاریکراون کە نیشاندەری بازرگانی پێوە کردنیان هەیەو شایستەی لێکۆڵینەوەی زیاترن و لە ئامارە فەرمیەکان تۆمارکراون.

لەکاتێکدا لێکۆڵەرانی وڵات لە تورکیا، لوبنان و ئوردن لە وڵاتە پەیوەندیدارەکان بارەگایان داناوە ، پەیرەوێکی روون پیادەکراوە بۆ ئەنجامدانی پێکهێنەرەکانی لێکۆڵینەوە مەیدانیەکان لە سوریاو عیراق. لێکۆڵەرانی وڵات بۆ سوریاو عیراق لە تورکیاو ئوردن دانیشتوون و لێکۆڵینەوەکانیان لەگەڵ ئەو جۆرە سەرچاوانە ئەنجامداوە وەکو باری سێ وڵاتەکەی دیکە، بەڵام بۆ سوریا، لەبەر باری ئەمنی، راوێژنان و کچاناری و داواکانی دەستکەوتنی زانیاریەکان لە دوورەوە ئەنجامدراون، لەرێگەی رێکخراوە چالاکەکانی ناو سوریا کە لقیان لە وڵاتانی دیکە هەیە، بەتایبەتی لوبنان، عیراق و تورکیاو/یان هێڵە بەرکارەکانی پەیوەندیکردن و، ئەو رێکخراوانەی لەدەرەوەی سوریا هەن. بۆ عیراقیش

پەیڕەوێکی هاوشێوە گیراوەتەبەر، لەبەر بارودۆخی ئەمنی لە بەغدا، سەرەرای ئەوەی کە دەکرا دوو گەشتی مەیدانی بۆ هەرێمی کوردستان ئەنجامبدرێن.

بۆ دڵنیابوون لە راستی زانیاریەکان، سێگۆشەکاری بۆ سەرچاوە جیاوازەکان ئەنجامدراوە بەمەبەستی دیاریکردنی وردی و دروستیان. سێگۆشەکاری بریتیە لە پەیڕەوێك کە هەڵسەنگاندنی ئەوە لەخۆدەگرێت کە ئایا زانیاریە وەدەستهاتوەکان لە یەك سەرچاوەن، یان لەرێگەی یەك ئامرازی لێکۆڵینەوەن کە پشتگیری زانیاریەکان دەکات یان جەختیان لەسەردەکاتەوە کە لە سەرچاوەی دیکە یان لەرێگەی ئامرازی دیکە وەدەست هاتوون. زانیاریە پێشکەش کراوەکان لە چاوپێکەوتنەکاندا، بۆنموونە هەندێ جار جەخت دەکاتەوە یان دووبارە ئەو زانیاریانە بەرهەم دێنێتەوە کە لە شیکردنەوەی بەڵگەنامە یان ئامارەکاندا دەستکەوتوون و بەپێچەوانەشەوە. لەلایەکیدیکەوە، رەنگە زانیاریەکان پێچەوانە یان دژبەیەك بن، کە ئەنجامدانی وتوێژ لەنێوان پەیڕەوەکان دەخوازێت لەپاڵ رەچاوکردنی قورسایی رێژەیی هەر سەرچاوەو ئامرازێکی لێکۆڵینەوە.

دەرەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی وڵات، بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەی نوسینگە یان مەیدانی هەر پێنج وڵات پێکەوە لەگەڵ نوسینگەی لێکۆڵینەوەی هەرێمی کۆکراونەتەوە و بۆ ئەم توێژینەوە شیکردنەوەیان بۆکراوە. دەرەنجامەکانی پەیوەست بە سیاسەتی گشتی دەرهێنراون و پاشان راسپاردە ئاراستەکراوەکان بۆ کار دانراون بە پەیوەندی بە بازرگانی پێوە کردنی بەرکارو لاوازیە کورت- بۆ درێژمەوداکان لەئاست بازرگانی کردن بە کەسەکان لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا. لێکۆڵینەوەکە بە شێوازێك پلانی بۆ دانراوە کە هاوکۆکی لەنێوان کەمترین کاتی پێویست بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی ئەزموونی بەهێز و وەڵامی تەواوی پرسیارەکانی لێکۆڵینەوە بێنێتە ئارا، لەپاڵ پێویستی تەواوکردنی ئەرکەکە لەبەر رۆشنایی رەوشی پێشڤەچووی خێرای سیاسی و مرۆیی لەناوچەکەدا.

## ٣.١ پێداچوونەوەی ئەدەبیات

ژمارەیەکی بێکۆتا لە کێشەی ئەمنی لە پێڤاژۆی شەرەکان و جوڵە بە کۆمەڵەکانی دانیشتووان سەرهەڵدەدەن، لەودیو تێشکۆ خستنەسەر بریندداربوون و مردن لە زۆنەکانی ململانێدا. بازرگانی کردن بە کەسەکان پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤە کە تا ئێستا لە ئەدەبیاتی رەوشەکانی ململانێ و جوڵەی پەنابەراندا بایەخێکی کەمی پێدراوە. بە پێچەوانەشەوە بە دەگمەن لێکۆڵینەوەی بازرگانی پێوە کردن ئەنجامدراوە سەبارەت بە ململانێیی بەرێوەچووو قەیرانی پەنابەران. لەناو هەریەك لە پێنج وڵاتانی ژێر توێژینەوە، هەروەها لە ناوچەکەدا بە گشتی، بە تایبەتی لەوەتەی دەستپێکردنی شەڕ لە سوریا. ئەم جۆرە نەبوونەی بنچینەی زانین، بەپێی پوختەی پەڕاوی رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لەبارەی چارەسەرکردنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و ئیستغلال کردن لە کاتی قەیرانەکاندا،

> « زۆرجار کۆسپ دەخەنە بەردەم بەرسڤدانەوەی بازرگانی پێوە کردن لە هەردوو کاتی ئاسایی و زیاتریش لە حالەتەکانی قەیراندا. بۆیە ئەستەمە، ئەگەر مەحاڵ نەبێت، کە کاریگەری قەیران بەسەر رەوتەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ» (رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، 2015:5).

بە پێی بەیلس، فاکتەرە هاندەرەکانی بازرگانی کردن بە کەسەکان بە گوشاری ئابووری و ناسەقامگیری سیاسی و راگواستنیشەوە، لەپاڵ چاوچنۆکی تاوانباران و فاکتەرە کۆمەڵایەتی و کلتوریەکان، لەکاتی پەشێوی مەدەنی و کێشە چەکداریەکانی ناوخۆ، سەرەڕای دەربەدەربوونی دانیشتوان، بە هۆکاری زیادبوونی خاڵە لاوازەکانی ئیستغلال کردنبە بازرگانی پێوە کردن دادەنرێن (بەیلس، ٢٠٠٧). لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵینەوەبڵاوکراوە ئەزمونیەکان بۆ سەلماندنی ئەمە کەمن. بە تایبەتی ئاوارەبوونی ناوخۆو نێودەوڵەتی کە لە شەڕە ئەهلیەکانەوە سەرهەڵدەدەن وادادەنرێ کە هەتیوان

و منداڵانی سەرشەقام بە تایبەتی دووچاری بازرگانی پێوە کردن دەکەن. بەیلس، ٢٠٠٧؛ رای، ٢٠٠٨). منداڵانی سوری و لوبنانی لەسەر شەقامەکان لە لوبنان، بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی ئەم دواییە، جیاناکرێنەوە (پەیمانگای راوێژنان و کچاناری و لێکۆڵینەوە، ٢٠١٥). لەلایەکی دیکەوە، لێکۆڵینەوەی تایبەت بە بازرگانی کردن بە منداڵ لەدوای کارەساتە سروشتیەکان – تسونامی ئاسیا لە ٢٠٠٤، زەمین لەرزەی پاکستان لە ٢٠٠٥، گەردەلوولی میانمار لە ٢٠٠٨ و زەمین لەرزەی هایتی لە ٢٠١٠ – بەڵگەی ئەزموونی کەمی تیا دەرکەوتووە وەکو ئاماژەیەك بۆ زیادبوون (مۆنتگۆمری، ٢٠١١).

ستییل (٢٠١٦) ئاماژە بەوەدەکات کە شەڕەکان دەرفەتەکانی بازرگانی پێوە کردنی کاتی ئاشتی زیاددەکەن، چونکە خەڵکی بەر کاریگەری شەڕەکان زیاتر ئامادەی خۆدانەبەر مەترسیەکانن بە مەبەستی کۆچ، لەکاتێکدا بازرگانیکاران زیاتر ئامادەی تاوانکارین لە پێڤاژۆی شەڕدا. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە «شەڕی ناوخۆ توانای زیادبوونی تۆڕو دەرفەتەکان و کەمکردنەوەی دەرفەتە بەدیلەکانی تاکەکانی هەیە بە رێگەیەك کە بۆیەیە لایەنی نمایش بۆ بازرگانی پێوە کردن زیادبکات، هەموو شتەکانی دیکە یەکسان دەبن» (ستییل، ٢٠٠٦: ٧٨). هەرچەندە زۆر لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەم بابەتە لە قالبی تیرۆیدا دەمێننەوە، نەك ئەزموونگەری.

کاریگەریە ئابوریەکانی شەڕی سوریا دراماتیکین، لەگەڵ سێ لە چواری سوریەکان کە لە هەژاریدا دەژین لە کۆتایی ٢٠١٣و، زیاتر لە زۆر هەژارکەوتنی پتر لە نیوەی دانیشتوان، «تەنیا توانای دابینکردنی خۆراکی سەرەکی و پێویستیە ناخۆراکیەکانی مانەوەی خانەوادەکانیان» (ئۆنروا، ٢٠١٤). رەوشێکی ئاوا لە بێئومێدبوونی دارایی رەنگە هیچ بەدیلێك بۆ ئاوارەو پەنابەران نەهێڵێتەوە جگە لە پەنابردنەبەر ستراتیژەکانی رووبەڕووبوونەوەی مەترسی لە هەوڵی مانەوەو پارە دەستخستن، کە زیاتر دەیانخاتە بەر ئیستغلال کردن و بازرگانی پێوە کردن. سەرەڕای ئەوە لە حالەتی سوریا، کۆمەڵگە خانەخوێکان کە پێشوەختە ئاوارەو پەنابەریان تێدا نیشتەجێبوو بەر لە دەسپێکی ململانێکە، ئەوانیش کەوتنە بەر کاریگەریەکانی جوڵەی بە کۆمەڵی دانیشتوان و کاریگەریە هاوشانەکانی بازاڕی کارو هەڵاوسانی نرێکخراوی ناحکومیی کەرەستە پێویستەکان (ZETTER وRuaudel، 2014 ).

لە رووی تێگەیشتنی رەوشی گشتی پەنابەرانی سوریا لە چوارولاتە دراوسێکەدا، یەکێك لە سیما گرنگەکان بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی راپۆرتێك لەلایەن سەنتەری رۆژهەڵاتی ناوین بۆ توێژینەوە ستراتیژیەکان (ORSAM)، کە سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەیەو بارەگاکەی لە ئەنقەرەیە، لە نیسانی ٢٠١٤، کە لە تەواوی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێکراوە (ئۆرهان، ٢٠١٤). لاوازی ئابوری و کۆمەڵایەتی دانیشتوانی پەنابەری سوریا، بە تایبەتی منداڵان و ژنان، بوون بە بابەتی ژمارەیەك راپۆرت لەوەتەی زۆربوونی هەڵرژانی پەنابەران بەرەو وڵاتانی دراوسێ (RC, 2013; Save the Children, 2013; UNHCR, 2014; UNICEF, 2014; Amnesty International, 2014).

UNHCRرێنماییەکانی ساڵی ٢٠٠٦ی بڵاوکردەوە لەبارەی رۆڵی لەوەی کە پەیوەندی هەیە بە بازرگانی کردن بە کەسەکان. ئەو ئاژانسە بە روونی ئاماژە بە پێویستبوونی پاراستنی پەنابەران و کەسانی لانەواز دەکات لە مەترسی بازرگانی پێوە کردن، هەروەها هەوڵدان بۆ دڵنیابوون لەوەی کەسانی بازرگانی پێوەکراوکە ترسی چەوساندنەوە یان دووبارە بازرگانی پێوەکردنیان هەیە لە وڵاتە بنەڕەتیەکانی خۆیاندا و شیاوی پەنابەرین وەك پەنابەر دانیان پێدا بنرێت (UNHCR, 2006). لەگەڵ ئەمەشدا، بەرسڤی رەوشی ئاوارەکانی سوریا لە سوریاو پەنابەران لە وڵاتانی دراوسێ هێشتا بە «باری لەناکاو» ماوەتەوە (Mackreath, 2014: 20). زانیاری سەبارەت بە بازرگانی پێوە کردن و تووشبوونی بازرگانی پێوە کردن لە پێڤاژۆی شەڕی سوریا ئێستا ناتەواوو چیرۆکئامێزە، ئەوش شیکردنەوەیەکی وردتری دەوێ لەپێناو وەفاداری بەرامبەر پابەندیەکانیان بۆ پەنابەران و کەسانی بازرگانی پێکراو. بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات زانیاری ئەزمونیی پێویست دابین بکات بۆ راگەیاندنی بەرنامەسازی کورت – ناوەڕاست – درێژ مەودا بە ئامانجی رووبەڕووبوونەوەی رووداوەکانی ئێستای بازرگانی پێوە کردن و، بە ئامانجگرتنی خەڵکی لاواز بەرامبەر بازرگانی پێوە کردن بە مەبەستی پاراستنیان لە کەیسی زیاتر.

## ٤.١ چوارچێوەی یاسایی

### پاراستنی نێودەوڵەتی

چوارچێوەی یاسایی لە هەردوو ئاستی نێو دەوڵەتی و نیشتمانی لە وڵاتانی ژێر توێژینەوە پەیوەندی هەیە لەگەڵ رەوشی سورییەکان و گروپە لاوازەکانی دیکە لەو وڵاتانەدا. لەنێوان هەرچوار وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا ، تەنیا تورکیا واژۆی لەسەر رێککەوتنامەی ساڵی ١٩٥١ی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە لەبارەی رەوشی پەنابەران و پرۆتۆکۆڵی ١٩٦٧، بەڵام واژۆی لەسەر برگەکانی پرۆتۆکۆڵەکە نەکردووە بۆ فراوانکردنی چوارچێوە جوگرافیەکەی بۆ ئەودیو زۆنی ئەوروپا.

تورکیا چۆتە ریزی پرۆتۆکۆڵەکە بەم مەرجەی خوارەوە:

> «بەڵگەنامەی بوونە ئەندام دەریدەخات کە حکومەتی تورکیا خۆگری هەیە لەسەر برگەکانی (...) ی رێککەوتنامەی پەیوەست بە رەوشی پەنابەران (...)، کە بەم پێیە تەنیا رێککەوتنامەکە بەسەر ئەو کەسانەدا پیادە دەکات کە لە ئەنجامی ئەو رووداوانە دەبنە پەنابەر کە لە ئەوروپا روودەدەن.»[5]

هەربۆیە، **هیچ یەکێك لەم وڵاتانە پێناسەی رێککەوتننامەکە پیادە ناکات بەسەر ئەو پەنابەرانەی لە شەڕی سوریا رایانکردووە.**

کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی[٦]، کە هەموو وڵاتانی ژێر توێژینەوە جگە لە تورکیا ئەندامن تیایدا (هەرچەندە ئێستا ئەندامێتی سوریا هەڵواسراوە)، بەشداری دەکەن لە دانوستان لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران، کە بۆتەهۆی دارشتنی راگەیاندنێکی سەبارەت بە پاراستنی پەنابەران و کەسانی ئاوارە لە جیهانی عەرەبیدا، کە لە تشرینی دووەمی ١٩٩٢ تەبەنی کراوە؛ رێککەوتنامەی عەرەبیش بۆ رێکخستنی رەوشی پەنابەران لە وڵاتانی عەرەبی، لە ١٩٩٤ لەلایەن کۆمکاری وڵاتانی عەرەبییەوە تەبەنی کراوە، سەرەرای واژۆ نەکردنی لەلایەن هەموو وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا (کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی، ٢٠٠٨؛ سادق، ٢٠١٣). پاشان کۆمسیۆن لە دانوستان لەگەڵ کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی بەردەوامبوو، کە بووە هۆی واژۆکردنی رێککەوتننامەی نێوان هەردوولا لە حوزەیرانی ٢٠٠٠ (کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی، ٢٠٠٨). سەرەرای ئەمە هەروەك بۆمان دەردەکەوێ، هەریەك لە ئوردن و لوبنان واژۆی یادەوەری لێکتێگەیشتنیان کردووە لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران، کە کاروبارو چالاکیەکانی ئەو ئاژانسە لەو وڵاتانەدا بەرێوەدەبات.

بەشدارنەبوون لە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران لە ناوچەکەدا ئەوە دەگەیەنێ کە پرسەکانی پەنابەران لەواقیعدا لەلایەن یاسا نیشتمانییەکانەوە چارەسەر دەکرێن:

٥ بڕوانە: https://treaties.un.org/pages/ViewDetails.aspx?src=TREATY&mtdsg_no=V-5&chapter=5&lang=en#EndDec, accessed 30.09.2015.

٦ ”کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی رێکخراوێکی نێودەوڵەتی ئیقلیمیە لە ٢٢ وڵاتی عەرەبی پێکدێت. لە ٢٢ی ئاداری ١٩٤٥ دامەزراوە، بەمەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان وڵاتانی ئەندام، هەماهەنگی سیاسەتەکانیان و بەهێزکردنی بەرژەوەندیە هاوبەشەکانیان.“ وڵاتانی ئەندام لە کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی بریتین لە: جەزائیر، بەحرێن، دوورگەکانی قەمەر، جیبۆتی، میسر، عیراق، ئوردن، کوێت، لوبنان، لیبیا، مۆریتانیا، مەغریب، عوممان، خاکی داگیرکراوی فەلەستین، قەتەر، شانشینی عەرەبی سعودی، سۆماڵ، سودان، کۆماری عەرەبی سوری، تونس، میرنشینی عەرەبی یەکگرتوو و یەمەن (El Fegary, July ٢٠١٥: ٦).

| یاسای نیشتمانی | وڵات |
|---|---|
| لە خودی سوریادا، بڕیاری ژمارە ١٣٥٠سالّی ١٩٨٤ پێشبینی هاتنە ژوورەوەی بەبێ ڤیزای هاونیشتمانیانی هەموو وڵاتانی عەرەبی دەکات، هەرچەندە مەرجی دەستکەوتنی ڤیزا بۆ عیراقیان دووبارە لە ساڵی ٢٠٠٧ بەپێی بڕیاری ژمارە ٣٠ هاتەوە ئارا. | سوریا |
| ڕەوشی بیانیەکان[٧] لە تورکیا بەپێی چەند یاسایەك ڕێکخراوە، وەکو یاسای پاسپۆرت (١٩٥٠)، یاسای نیشتەجێبوون و گەشتی بیانیەکان(١٩٥٠)، لەگەڵ ڕێنماییەکانی ڕێکخستنی کۆچ (١٩٩٤). تاکو تەبەنی کردنی وڵات بۆ یەکەم یاسای تاکە دەستەی کۆچ، یاسای بیانیەکان و پاراستنی نێودەوڵەتی، لەساڵی ٢٠١٣[٨]. لەسەر هەمان هێڵی ئاراستەکاری پاراستنی کاتی یەکیتی ئەوروپا لەساڵی ٢٠٠١[٩]، ئەم یاسایە ئاماژە بە پاراستنی کاتی دەکات (ماددەی ٩١)، بەڵام ئەوە رادەگەیەنێ کە دەیەوێت ئەمە بەرێنمایی دیکەوە ڕێکبخرێت کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت. هەروەها یاساکە جیاوازی دەکات لەنێوان ڕەوشەکانی پەنابەران (ئەو ڕووداوانەی لە وڵاتانی ئەوروپی ڕوودەدەن- ماددەی ٦٣)، ڕەوشە مەرجدارەکانی پەنابەران (ئەو ڕووداوانەی لە دەرەوەی وڵاتانی ئەوروپی ڕوودەدەن- ماددەی ٦٤)و پاراستنی لاوەکی (کەسێکی بیانی یان لانەواز کە ناکرێ بە پەنابەر یا پەنابەری مەرجدار دابنرێت – ماددەی ٦٥). | تورکیا |
| ئەو یاسا بنچینەییەی هاتنەناوەوەی بیانیەکان بۆ لوبنان ڕێکدەخات بریتیە لە یاسای ساڵی ١٩٦٢ بۆ ڕێکخستن و مانەوەی بیانیەکان لە لوبنان و دەچوونیان لە وڵات. مادەی ٢٦ی ئەو یاسایە ڕێ بە خەڵکی نا لوبنانی دەدات تا داوای پەنابەری بکەن لە لوبنان ئەگەر ژیان یان ئازادیان لە مەترسی دابێت لە وڵاتانی خۆیاندا. لەگەڵ ئەوەشدا، مادەی ٣٢ بۆ ئاراستەکردنی بەرپرسیارێتی تاوانباریە بۆ ئەوانەی بێ ڕێپێدان دێنە ناو لوبنان، تەنانەت ئەگەر بۆ پەناخوازیش هاتبن (پرۆژەی دەسگیرکردنی جیهانی، حوزەیرانی ٢٠١٤) | لوبنان |
| لە ئوردن، مادەی ٢١ی دەستوری ساڵی ١٩٥١ سیفەتی پەنابەر دەداتە پەناخوازانی سیاسی لە هەندێ حاڵەتی هاوێرکراودا. UNHCR دانی ناوە بە هاتنەژوورو مانەوەی پەنابەران کە لە ئوردن لە ڕێگەی یاسا نیشتمانیەکانی (١٩٥٤، ١٩٨٧) و یاسای هاتنەناوەوەو مانەوەی بیانیانی (١٩٧٣) ڕێکخراون. لە ١٩٩٨، یادەوەریەکی لێکتێگەیشتنی واژۆکرد لەگەڵ UNHCR بۆ هاریکاری لە پیادەکردنی هەندێ لە پرەنسیپەکانی ڕێکەوتننامەی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان (عولوان، ٢٠٠٦). | ئوردن |
| لە عیراق ئامرازە یاساییە پەیوەندیدارەکان بریتین لە یاسای پەنابەریی سیاسی ژمارە ٥١و یاسای وەزارەتی کۆچ و ئاوارەیی ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠٠٩. یاسای پەنابەریی سیاسی تەنیا بەسەر پەنابەرانی سیاسی پیادە دەبێت، لەکاتێکدا لە یاساکەی ٢٠٠٩ پێناسەیەکی فراوانتری داوەتە پەنابەران، بەڵام مافەکانی ئەو پارێزراوانەی ڕوون نەکردۆتەوە ( سادق، ٢٠١٣؛ ئۆرهان، ٢٠١٤). | عیراق |

٧ زاراوەی بیانی بەکاردێ بۆ دیاریکردنی کەسێك «کە بۆندی هاونیشتمانی بوونی نیە لەگەڵ کۆماری تورکیا». بڕوانە: مامیشئۆگڵو، ٢٠١٤.

٨ یاسای ساڵی ٢٠١٣ لەبارەی بیانیەکان و پاراستنی نێودەوڵەتی چوارچێوەیەکی یاسایی گشتگیر دێنێتەئارا بۆ بەڕێوەبردنی ڕێکارەکانی هاتنە ناو وڵات، ڕێکارەکانی ڤیزە، کارکردن و ڕێپێدانەکانی مانەوە. کە چوارچێوەی مافەکانی تاك و ئازادیەکان بۆ پەنابەران، پەناخوازان و قوربانیانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ فراوان دەکات، کە پێشتر بەهۆی یاسای لاوەکیەوە ڕێکدەخران. یاسای بیانیەکان و پاراستنی نێودەوڵەتی ژمارە ٢٠١٣/٦٤٥٨. کە بەردەستە لە: www. refworld.org/docid/5167fbb20.html, accessed ٠٢،٠٣،٢٠١٥.. بۆ شیکردنەوەی وردی یاساکە بڕوانە: مامیشۆگڵو، ٢٠١٤.

٩ بڕوانە: ڕێنمایی ئەنجومەن EC/٥٥/٢٠٠١ سەبارەت بە نزمترین ستاندەرەکانی پێدانی پاراستنی کاتی لە میانەی ڕووداوەکانی هەڵرژانی بەکۆمەڵی ئاوارەکان و پێوەرەکانی پتەوکردنی هاوسەنگی هەوڵەکان لەنێوان وڵاتانی ئەندام لە پێشوازیکردن لەو جۆرە کەسانەو هەڵگرتنی ئەرکەکانیان.

## بڕگە تایبەتەکان بە پەنابەرانی سوری

هاوڵاتیانی سوری و خەڵکی بێڕەگەزنامەو لانەواز لە سوریاوە، بە شێوەیەکی گشتی شیاو نین بۆ بڕگەو حوکمەکانی پەنابەری سیاسی سنوورداری کارپێکراو لە وڵاتانی خانەخوێدا. هەروەها لە حالەتی تورکیاش، بۆ بڕگەکانی ڕێکەوتننامەی پەنابەری بۆ هاوڵاتیانی ئەورووپی. بەمجۆرە لە هەر یەك لەو چوار وڵاتە، **ملکەچی ڕێکاری تایبەت دەبن** کە لەپێش و لەوەتەی دەستپێکی شەڕی سوریاو دەسپێکی جوڵەی کۆچپێکردنی بەزۆر دەرچوێنراون.

لەوەتەی حکومەتی تورکی پەناگەی کاتی بۆ پەنابەرانی سوری ڕاگەیاندووە لە ئاداری ٢٠١٢،[١٠] بەرچاو ڕوونیەکی زیاتر هەبوو سەبارەت بە ڕەوشی یاساییان. ئەمە واتە پاراستن و یارمەتی بۆ هەموو سوریەکان- پەنابەرانی ناوەوەو دەرەوەی خێوەتگا، بە هەبوون یا نەبوونی بەڵگەنامەی ناسنامە. پەنابەرانی فەلەستینی[١١] لەسوریاو خەڵکی بێڕەگەزنامەی سوری، ئەوانیش مانەوەی بێسنوورو پارێزراوی لە گەڕاندنەوەی بەزۆرو گەیشتن بە ڕێکارەکانی پێشوازیان بۆ زامن دەکرێت. ڕێنمایی تایبەتی کاتی بۆ پاراستن لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ دەرچووە،[١٢] چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ سوریەکان دابین دەکات بۆ گەیشتن بە خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان، لەوانەش فێرکردن و چاودێری پزیشکی، یارمەتی دارایی، خزمەتی وەرگێڕانی زارەکی و گەشتن بە بازاڕی کار. ڕێنماییەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ڕێکاری زیاتر دەگیرێنە بەر بۆ بازرگانی کردن بە کەسەکان. هەروەها ئاماژە دەکات بەوەی کە خۆ تۆمارکردن ئیلزامیە بۆ سوودوەرگرتن لە خزمەتە کۆمەڵایەتیەکان و یارمەتیە داراییەکان.

پێش دەسپێکردنی پیادەکردنی داخوازیەکانی ڤیزا بۆ سوریەکان لە کانونی دووەمی ٢٠١٥، سوریەکان دەیانتوانی بێ ڤیزا لە سنوری لوبنان بپەڕنەوە. تا ئەو کاتە، ئەو سوریانەی چوونە لوبنان لە ڕێگەی خاڵە سنووریە یاساییەکانەوە داوای ڕێپێدانی مانەوەی شەش مانگیان دەکردبە بێ ڕسومات و شیاو بۆ نوێکردنەوە بۆ شەش مانگی دیکە. دوای ساڵێك، دەبووا پەنابەران یان بچنە دەرەوەو دووبارە بێنەوە ناو لوبنان، یا ڕسوماتی ساڵانە بدەن کە بڕەکەی ٢٠٠ دۆلار بووبۆ تازەکردنەوەی ڕێپێدانەکە (NRC، 2014).

حکومەتی ئوردنی ڕێی بە هاتنە ناوەوەی سوریەکان دەدا لەسەر بنەمای مرۆیی تا ساڵی ٢٠١٢و، «هەر کەسێکی لە سوریاوە بە سنووردا تێپەڕیبابە پەنابەر دادەنرا تەنیا ئەگەر ترسی هەڕەشەیەکی ئەمنیان لێ بکرابا یان بە شێوەیەکی نایاسایی سنووریان ببەزاندبا» (ئەلکیلانی، ٢٠١٤: ٣٠). ئەو سوریانەی لە خێوەتگاکانی پەنابەران لە ئوردن نیشتەجێبوون ناسنامەی نیشتەجێبوونی خێوەتگەیان بۆ دەکرا، لەکاتێکدا ئەو سوریانەی لەناو کۆمەڵگەی خانەخوێدا دەژیان لە ناوچە شاری و لادێیەکان ناسنامەی ئاسایشیان هەڵدەگرت کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ بە خۆڕایی بۆیان دەکرا، کە ڕێگەی پێدەدان تا کاتێکی نادیار لە ئوردن بمێننەوە بەهۆکاری مرۆیی.

لە تەموزی ٢٠١٢، ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق بڕیاریدا خاڵی سنووری بۆ تێپەڕبوون بکاتەوە لە هەردوو پارێزگای نەینەواو ئەنبار بۆ پێشوازی پەنابەرانی سوری و، بۆ دامەزراندنی کەمپ و دابینکردنی خزمەتگوزاری پێویست و چاودێری پزیشکی بۆ پەنابەران.

١٠ ڕێکخستنی پێشوازی و حەواندنەوەی هاوڵاتیانی کۆماری عەرەبی سوری و کەسانی لانەواز کە لە کۆماری عەرەبی سوری دەژین، کە بە مەبەستی ؟؟؟؟؟؟؟؟ چوونەتە ناو تورکیا، ژمارە ٦٢، ٣٠ی ئاداری ٢٠١٢.

١١ پەنابەری فەلەستینی بەوە پێناسە دەکرێت، بەپێی ئۆنروا، کە بریتیە لە « ئەو کەسانەی کە شوێنی ئاسایی ژیانیان فەلەستین بووە لە ماوەی ١ی حوزەیرانی ١٩٤٦ تا ١٥ی ئایاری ١٩٤٨و، ماڵ و هۆکاری ژیانی خۆیان لەدەست داوە لە ئەنجامی کێشەی ١٩٤٨.»

١٢ ڕێنمایی پاراستنی کاتی. بە زمانی تورکی بەردەستە لە: www.resmigazete.gov.tr/eskiler/2014/10/20141022-15-1.pdf. پێڕاگەیشتن لە ٢٠١٥/٠٣/١٠

# چوارچێوەی یاسایی

## یاسای پەنابەران لە کۆمەڵگە خانەخوێکاندا

| | ڕێکەوتننامەی ١٩٥١ ی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران و پرۆتۆکۆلی ١٩٦٧ | یاسای نیشتمانی تایبەت بە پەنابەران | بەرسڤی ڕەوشی سوریا |
|---|---|---|---|
| **تورکیا** | پەسەندکراوە بەڵام بە پاریز لەوەی کە سنوورە جوگرافیەکەی تەنیا بۆ چوارچێوەی ئەوروپایە | یاسای پاسپۆرت (١٩٥٠)، یاسای مانەوەو گەشتی بیانیان (١٩٥٠)، ڕێنمایی پەناخوازی (١٩٩٤)، یاسای بیانیان و پاراستنی نێودەوڵەتی (٢٠١٣) | "پەناگەی کاتی" بۆ پەنابەرە سوریەکان ڕاگەیەندراوە (ئاداری ٢٠١٢) کە گرەنتی مانەوەی بێسنوور، پاراستن بەرامبەر گەڕاندنەوەی بە زۆرو دەستەبەری ڕێککاریەکانی پێشوازی دەکات. ڕێنمایی پاراستنی کاتی (تشرینی دووەمی ٢٠١٤) دابنینی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان، یارمەتی دارایی، خزمەتگوزاری وەرگێڕان و گەیشتن بە بازاڕی کار دەستەبەر دەکات |
| **لوبنان** | پەسەندی نەکردووە | یاسای ساڵی ١٩٦٢ کە هاتنەناوەوەی بیانیەکان لە لوبنان و مانەوەو دەرچوونیان لە وڵات ڕێکدەخات | کانونی دووەمی ٢٠١٥- داخوازی ڤیزا بۆ ئەو سوریانەی دێنە لوبنان . پێش ئەوە سوریەکان دەیانتوانی بۆ ڕێپێدانی شەش مانگ مانەوە داواکاری پێشکەش بکەن بەبێ ڕسومات و کە دەکرا بۆ ماوەی ٦ مانگی دیکە تازە بکرێتەوە. نوێکردنەوەی زیاتر دوای ساڵێك تەنیا ئەو کاتە دەبوو ئەگەر لە لوبنان بچووبا دەرەوەو دووبارە بهاتبایەوە ناو لوبنان یا بە دانی بڕی ٢٠٠ دۆلار. |
| **ئوردن** | پەسەندی نەکردووە | مادەی ٢١ی دەستوری ١٩٥٢ی ئوردن (تەنیا بەسەر پەنابەرانی سیاسی پیادە دەبوو)<br>یاسای ڕەگەزنامە (١٩٥٤، ١٩٨٧)<br>یاسای هاتنە ناوەوەو مانەوەی بیانیەکان (١٩٧٣)<br>یادەوەری لێکتێگەیشتن لەگەڵ UNHCR لە (١٩٩٨) | لەسەر بنچینەی مرۆیی ڕێی بە هاتنە ناوەوەی سوریان دەدا تا ساڵی ٢٠١٢. سوریەکان لە کەمپەکانی پەنابەران ناسنامەی کەمپیان پێدەدرا. پەنابەران لەناو کۆمەڵگەی خانەخوێ ناسنامەی ئاسایشیان بۆ دەکرا. ڕاێپێدەدان بە بێسنوور لە ئوردن بمێننەوە. |
| **العراق** | پەسەندی نەکردووە | یاسای ١٩٧١ی پەنابەرانی سیاسی (تەنیا بەسەر پەنابەرانی سیاسی پیادە دەبوو)<br>یاسای وەزارەتی کۆچ و ئاوارەبوون ژمارە ٢١ لە ساڵی ٢٠٠٩ پێناسەیەکی فراوانتری بە پەنابەر دەدا بەڵام مافەکان روون ناکاتەوە | حوزەیرانی ٢٠١٢ – خاڵی پەڕینەوەی سنووری پارێزگاکانی نەینەوا و ئەنبار بۆ پێشوازی لە پەنابەرانی سوری کرانەوە |

## نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردن

هەموو وڵاتانی ژێر توێژینەوەریکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی ٢٠٠٠ی دژ بە تاوانی ڕێکخراوی نێونیشتمانی و پرۆتۆکۆلی نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردنیان پەسەندکرووە؛ لە کاتێکدا کە ئوردن تاکە وڵاتە پرۆتۆکۆلی قاچاخچیتی کۆچبەرانی پەسەند نەکردووە. تورکیا ڕێکەوتننامەی ئەورووپی بۆ چالاکی دژ بە بازرگانی کردن بە مرۆڤ واژۆکردووە کە لە ٢٠٠٩ دەستپێدەکات، بەڵام هێشتا پەسەندی نەکردووە.

خشتەی ٢: پەسەندکردنی ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی دژ بە تاوانی ڕێکخراوی نێونیشتمانی UNTOCو پرۆتۆکۆلی نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردنTIPو پرۆتۆکۆلی قاچاخچێتی کۆچبەرانSOM

| واژۆ | ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی دژ بە تاوانی ڕێکخراوی نێونیشتمانی | پرۆتۆکۆلی نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردن | پرۆتۆکۆلی قاچاخچێتی کۆچبەران |
|---|---|---|---|
| **سوریا** | ٢٠٠٩ | ٢٠٠٩ | ٢٠٠٩ |
| **تورکیا** | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٣ |
| **لوبنان** | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٥ |
| **ئوردن** | ٢٠٠٩ | ٢٠٠٩ | - |
| **عیراق** | ٢٠٠٨ | ٢٠٠٩ | ٢٠٠٩ |

ڕێکەوتنی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤی کۆمکاری عەرەبی لە ٢٠٠٨ هاتە واری جێبەجێکردن و لەلایەن وڵاتانی هەموو وڵاتانی ژێر توێژینەوەی ئەندامی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی پەسەندکرا (ئوردن ٢٠٠٤؛ سوریا ٢٠٠٧؛ لوبنان ٢٠١١؛ عیراق ٢٠١٢).

**مادەی ٩ قەدەغەکردنێکی گشتی بازرگانی بە ئەندامەکانی مرۆڤ دەخاتە ڕوو، مادەی ١٠ش تیایدا هاتووە:**

«١. هەموو شێوازەکانی کۆیلەکردن و بازرگانی کردن بە مرۆڤ قەدەغەیە بە پێی یاسا سزا دەدرێت. نابێت هیچ کەسێك بۆ کۆیلایەتی یا خزمەتکاری بهێڵدرێتەوە لەژێر هەر بارودۆخێکدا.

٢. کارپێکردنی بە زۆر، بازرگانی کردن بە مرۆڤ بە مەبەستی لەشفرۆشی یا ئیستغلال کردنی سێکسی، ئیستغلال کردن بۆ لەشفرۆشی کەسانی دیکەو هەر جۆرە ئیستغلال کردنێکی دیکە یان ئیستغلال کردنی منداڵان لە کێشە چەکدارەکان قەدەغەیە».[١٣]

١٣ کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی، ڕێکەوتنی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ، ٢٢ی ئایاری ٢٠٠٤، چاپکراوەتەوە لە nt'l Hum. Rts. Rep. 893 (٢٠٠٥)، لە ١٥ی ئاداری ٢٠٠٨ هاتوتە واری جێبەجێکردن

ڕێکەوتننامەی ساڵی ١٩٨٤ی نەتەوە یەکگرتووەکان دژ بە ئەشکەنجەو مامەڵەی توندو نامرۆڤانەو بێڕێزی یان ئەشکەنجەدان لەلایەن هەموو وڵاتانی ژێر توێژینەوە پەسەندکراوە (تورکیا ١٩٨٨، ئوردن ١٩٩١، لوبنان ٢٠٠٠، سوریا ٢٠٠٤، عیراق ٢٠١١).

لە ئاستی نیشتمانی، لە کاتێك سوریا مادەیەکی دیکەی زێدەکردووە بۆ Penal Code لە ٢٠٠٢، کە بازرگانی کردن بە کەسەکان بە تاوان دادەنێ، وڵاتانی دیکەی ژێر توێژینەوە هەموویان یاسای دژ بە بازرگانی پێوە کردنیان لەم شەش ساڵەی دوواییدا تێپەڕاندووە.

خشتەی ٣: یاسای نیشتمانی بۆ نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردن

| وڵات | یاسای نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردن | |
|---|---|---|
| سوریا | فەرمانی یاسایی ژمارە ٣ | فەرمانی یاسایی ژمارە ٣ی سوری لە ٢٠١٠ پێناسەی بازرگانی کردن بە کەسەکان دەکات بە پێی پێناسەی پرۆتۆکۆلی بازرگانی کردن بە کەسەکان و، پێناسە روونەکەی بازرگانی پێوە کردنی فراوانکردووە بۆ لەخۆگرتنی «پۆرنۆگرافی منداڵ، لەپاڵ کرداری مەبەستی نایاسایی بۆ رەچاوکردنی وەدەستهێنانی سودی ماددی یان مەعنەوی یان بەڵێن بۆ وەدەستهێنانیان»[١٤] |
| تورکیا | مادەی ٨٠ی یاسای سزاکان | تورکیا مادەی دیکەی بۆ یاسای سزاکان لە ئابی ٢٠٠٢ زیادکرد، کە قاچاخچێتی بە کۆچبەران و بازرگانی کردن بە کەسەکانی بە تاوان دانا. مادەی تازەی ٢٠٠٥ی یاسای تاوانەکان ٨٠ ( بازرگانی بە مرۆڤ) بازرگانی پێوەکردن قەدەغە دەکات بۆ هەردوو مەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی و کارپێکردنی بەزۆر.[١٥] ڕەشنوسێکی تازەی یاسای نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردن ئامادەکراوە، پێشبینی دەکرێت بەمزوانە پێشکەش بە کۆمەڵەی گەورەی نیشتمانی تورکی بکرێت.[١٦] |
| لوبنان | یاسای ژمارە ١٦٤ | لە ساڵی ٢٠١١، پەرلەمانی لوبنانی یاسای نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردنی پەسندکرد (یاسای ژمارە١٦٤) کە هەمواری یاسای سزاکانی لوبنان و ڕێکارەکانی تاوانسازی تاوانەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ دەکات. یاساکە لەلایەن نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تلیاك و تاوان (UNODC) وایدانا کە رووپۆشی هەموو شێوازەکانی ئیستغلال کردن بکات کە لە پرۆتۆکۆلی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوون (UNODC, 2014a) |
| ئوردن | یاسای ژمارە ٩ | لە ٢٠٠٩ حکومەتی ئوردونی پرۆتۆکۆڵی بازرگانی پێوە کردنی پەسند کرد و ڕێکیخست لەگەڵ یاسای بازرگانی کردن بە کەسەکانی ژمارە ٩ی ٢٠٠٩. یاساکە لەلایەن نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تلیاك و تاوان (UNODC) وایدانا کە رووپۆشی هەموو شێوازەکانی ئیستغلال کردن بکات کە لە پرۆتۆکۆلی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوون (UNODC, 2014a) |

١٤ وەرگێران لە عەرەبیەوە لە لایەن لێکۆڵەری وڵات لە سوریا

١٥ یاسای تاوانەکان، یاسای ژمارە ٥٢٣٧. بەردەستە لە www.justice.gov.tr/basiclaws/Criminal_Code.pdf ، لە ٢٠١٥/٠١/١٥ سەیرکراوە.

١٦ بڕوانە: شاندی یەکێتی ئەوروپا بۆ تورکیا (٢٠١٥)، ئەرشیفی هەواڵەکان، بەردەستە لە http://avrupa.info.tr/resource-centre/news-archive/ news-single-view/article/18-october-eu-anti- traffickingday-1.html ، لە ٢٠١٥/٠٣/١٥ سەیرکراوە .

| | | |
|---|---|---|
| عیراق | یاسای ژمارە ٢٨ | شانبەشانی یاسای ژمارە ٢٨ی ساڵی ٢٠١٢ی نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ، دەستوری ساڵی ٢٠٠٥یش کارپێکردنی بەزۆر، کۆیلەکردن، بازرگانی بە کۆیلەکان، بازرگانیکردن بە ژن و منداڵان و، لەشفرۆشی قەدەغەکرد. رەوشەکە لە هەرێمی کوردستانی عیراق روونە، بەڵام ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان یاسای حکومەتی ناوەندی پەسند نەکردوە.[١٧] |

## مافەکانی ژنان و هاوسەرگیری

رێکەوتننامەی ١٩٧٩ی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی جیاکاری دژ بە ژنان لەلایەن هەر پێنج وڵاتانی ژێر توێژینەوەوە پەسندکراوە (تورکیا ١٩٨٥، عیراق ١٩٨٦، ئوردن ١٩٩٢، لوبنان ١٩٩٧، سوریا ٢٠٠٣)؛ هەروەك تورکیا پرۆتۆکۆلە بەربژارەکەی پەسندکردووە بۆ دانپیانانی لیژنەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری دژ بە ژنان لە ساڵی ٢٠٠٢. هەروەك تورکیا تاکە وڵاتانی ژێر توێژینەوە کە خۆگری پیشانداوە لە پەسندکردن /چوونە ریزی. زۆربەی خۆگریەکان پەیوەستن بە مادەکانی ٢و٩و ١٦ی CEDAW.

## خۆگریەکان سەبارەت بە CEDAW

| | |
|---|---|
| **سوریا** | خۆگریەکان لەبارەی مادەی ٢؛ مادەی ١٥,٢، لەبارەی ئازادی جووڵە و مانەوەو نیشتتەجێبوونن؛ مادەی ١٦,١ (ج، د، و، ز*)؛ مادەی ١٦,٢، لەبارەی شوێنەواری یاسایی دەستگیرانی و هاوسەرگیری و منداڵ، "لەبەرئەوەی ئەم برگەیە لەگەڵ حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی ناکۆکە". |
| **لوبنان** | خۆگریەکان لەبارەی مادەی ٩,٢، لەبارەی مافە یەکسانەکانی ژنان سەبارەت بە رەگەزنامەی منداڵەکانیان و، مادەی ١٦,١(ج، د، و، ز) سەبارەت بە مافەکان لەماوەی هاوسەرگیری و هەڵوەشاندنەوەی، وەکو دایباب، لەوەی پەیوەستە بە بەخێوکردنی منداڵ و، مافە کەسیەکان، بە مافی هەڵبژاردنی ناوی خانەوادەو، پیشە وجۆری کارەوە. |
| **ئوردن** | پابەند نیە بە مادەی ٩,٢و، مادەی ١٦,١ی مافەکان وەکو دایباب و مافە کەسیەکان (د،ز) و، مافەکانی منداڵان بەپێی هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیری بە رەچاوکردنی چاککردن و قەرەبوو کردنەوە. |
| **عیراق** | پابەندنیە بە برگەکانی (د، ز)ی مادەی ٢ سەبارەت بە گۆرینی یاسایی بۆ نەهێشتنی جیاکاری دژ بە ژنان لە چوارچێوەی یاساییداو، مادەی ١٦ (هاوسەرگیری).[١٨] |

ئەم خۆگریانە بۆ دۆزی کرداری وەردەگێردرێن بۆ پاراستنی مافەکانی ژنان لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەداو، بەپێی یاسای نێو دەوڵەتی رێ لە پێشێلکاریەکانی مافەکانی ژنان دەگرن. هەروەك لە خوارەوە دەبینین، حاڵەتەکانی هاوسەرگیری زوو، بازرگانی پێوە کردن بە مەبەستی هاوسەرگیری بەزۆرو هاوسەرگیری بەزۆر وەك ئامرازێکی ئیستغلال

١٧ دیدارکراوێك بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە کە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانە، گوشاردەکات بۆ پەسندکردنی رەشنوسی یاسای نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن کە لەلایەن رێکخراوە ناحکومیە ناوخۆکان پێشنیازکاوە. رکابەریەکانی ئێستا لە عیراق و هەرێمی کوردستان بوونەتە هۆی دواخستنی و رێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتی و نیشتمانیەکان هەوڵی پەسندکردنی دەدەن (IQ06).

١٨ "٢. وڵاتانی ئەندام جیاکاری دژ بە ژنان بە هەموو شێوەیەك شەرمەزار دەکەن و، کۆکن لەسەر پەیڕەو کردنی هەموو رێگەیەکی شیاو بەبێ دواکەوتن لە سیاسەتی نەهێشتنی جیاکاری دژ بە ژنان و، بۆ وەدیهێنانی ئەمەش بەڵێن دەدەن:
{...}(و) گرتنەبەری رێکارە شیاوەکان، لەوانەش یاسادانان، بۆ هەموارکردن یان رەتکردنەوەی یاساو رێنمایی و عورف و پراکتیسەکانی کە جیاکاری دژ بە ژنانیان لێدەکەوێتەوە؛
(ز) هەڵوەشاندنەوەی هەموو برگە سزاییە نیشتمانیەکان کە جیاکاری دژ بە ژنان دێننە ئارا."

کردنی سێکسی، کەوتوونەتە بەر کاریگەری **نەبوونی پاراستن بۆ کچان و ژنان لە پێڤاژۆی هاوسەرگیریدا**. سنوورەکانی مافەکانی دایکانیش بۆ لەخۆگرتنی منداڵەکانیان شوێنەواری هەیە لەواری دووچاربوونی منداڵان بە بازرگانی پێوە کردن و ئیستغلال کردن، هەرهیچنەبێ لە کێشەکانی پەیوەست بە تۆمارکردنی تازە لە دایکبووان.

سەرەرای ئەمە، لە سوریا (یاسای باری کەسی ساڵی ١٩٥٣، هەموارکراو بە یاسای ژمارە ٣٤ی ساڵی ١٩٧٥)، عیراق (یاسای باری کەسی ژمارە ١٨٨)، ئوردن (یاسای باری کەسی ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠١٠)و، لوبنان (١٥ یاسای جیاوازی باری کەسی بۆ تایفە ئاینیە دانپیانراوە جیاوازەکان)، **سیستەمە یاساییەکان بە جیاوازی پیادە دەکرێن بۆ پرسە مەدەنی و تاوانکارییەکان لەلایەک و، پرسە کەسییەکان لە لایەکیدیکەوە**. لەناو پرسەکانیدیکەدا، باری کەسی هاوسەرگیری، جیابوونەوە، دایەنی کردنی منداڵ، بەخێوکردن، لەخۆگرتن و پرسە پەیوەستەکانیدیکە بە خێزان. لە سوریا، دادگا پسپۆرەکانی باری کەسی دادگای شەرعین بۆ موسوڵمانانی سوننەو شیعەو، دادگەی مەزهەبین بۆ دروزو رۆحی و کریستیانەکان. دەستووری لوبنانیش دان بە سێکتە ئاینیەکان دادەنێت وەکو قەوارەی یاسایی لە بوارەکانی باری کەسیدا.

لەلایەکی دیکەوە، یاسای مەدەنی تورکی ساڵی ٢٠٠٢ لە ئاستێکی بەرفراوان موژدەی سەردەمێکی تازەی داوە بۆ یەکسانی جێندەر لە تورکیا، بەتایبەتی لە رێگەی چاککردنی رەوشی یاسایی ژن لە کاروباری خێزاندا، کە ئەمەش ئەنجامی هەڵمەتێکی درێژخایەنە لەلایەن زۆر لە رێکخراوەکانی مافەکانی ژنان (چەلیك-لیڤین، ٢٠٠٧؛ ئیکاران و ئەمادۆ، ٢٠١١). لە پێناو چاککردنی چوارچێوەی یاسایی سەبارەت بە توندوتیژی دژ بە ژنان، یاسای پاراستنی خێزان و رێگری لە توندوتیژی دژ بە ژنان ژمارە ٦٢٨٤ کە لە ساڵی ٢٠١٢ پەسندکراوە.

> **مادەی ١٦،٢ی راگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دەریدەخات کە «دەبێ هاوسەرگیری تەنیا بە بریاری سەربەخۆو تەواو هۆشیاری هاوسەرەکە بێتە ئارا»**

لە سوریا، نزمترین تەمەنی هاوسەری ١٨ ساڵە بۆ کوران و ١٧ ساڵە بۆ کچان، بەڵام مادەی ٤٥ی یاسای باری کەسی رێگە بە قازیە شەرعیەکان دەدات کە رێ بدەن بە هاوسەرگیری کورانی نێوان تەمەنی ١٥ – ١٧و کچانی تەمەنی ١٣ بۆ ١٦ ساڵی، ئەمەش بە رێپێدانی بەخێوکاریکی نێرینە. مادەی ٨٢ ئەو هاوسەرگیریە بۆ کوران ریکدەخات لە تەمەنی خوار ١٧ ساڵان و کچانی خوار ١٥ ساڵان کە ناکرێ تۆمار بکرێن.

ئەمە بۆعیراقیش هاوشێوەیە ، کە تەمەنی یاسایی بۆ هاوسەرگیری بۆ هەردوو رەگەز ١٨ ساڵانە، بەڵام لەگەڵ خەمڵاندنی دادگا و رەزامەندی دایباب بۆ منداڵانی ١٥ تا ١٧ ساڵی، بە پێی یاسای باری کەسی (مادەی ٧). هەروەها لە عیراق، ئەگەر دەرکەوت هاوسەرگیریەك بەزۆر بووە، هاوسەرگیریەکە بەتاڵ دەکرێتەوە ئەگەر کچەکە نەگوازرابووەوە، بەڵام ئەگەر گوازرابووەوە ئەوە بەردەوام دەبێت (UN Women, 2014). سەرەرای ئەوەش لە زۆر ناوچەی لادێی لە عیراق، نێوانگیری و بریاردان لەلایەنی ئینتی و هۆزایەتی و خێزانی یان سەرکردە ئاینیەکان یەکلاکەرەوەی فەرمین لە پرسە مەدەنی و تاوانکاریەکاندا (عەلاوی، ٢٠١٠، هیبورن، ٢٠١٤). لەگەڵ ئەوەشدا، لە شوباتی ٢٠١٤، عیراق بوو بە یەکەم وڵات لە وڵاتانی عەرەبی کە تەبەنی پلانی کاری نیشتمانی کرد بۆ جێبەجێکردنی بریاری ژمارە ١٣٢٥ (٢٠٠٠)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، کە لایەنەکانی رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی سێکسی لەخۆدەگرێت.

تەمەنی یاسایی بۆ هاوسەرگیری لە لوبنانیش بەپێی سێکتە ئاینیەکان جیاوازەو هەموو گروپە ئاینیەکان رێ بە کچی ژێر ١٨ ساڵی دەدەن شوو بکات (یونیسیف، ٢٠١١). بەمدواییە یاسایەکی تازە لە پەرلەمانی لوبنان تۆمارکراوە دژ بە هاوسەرگیریکردنی منداڵ لە کاتی ئەم نووسینەداو تا ئێستا رەزامەندی لیژنەیەکی بەدەستهێناوە. ئەم یاسایە رێ لە هاوسەرگیری خوار ١٨ ساڵی دەگرێت ئەگەر رەزامەندی دادوەرو بەخێوکەری یاسایی لەگەڵ نەبێت. سەرکردە

ئاینیەکان کە پابەندی یاسا نابن دەبێ غەرامە بدەن ڕووبەڕووی سزای بەندکردن دەبنەوە ئەگەر ئەو پێشێلکاریەیان دووبارەکردەوە (LB20).

بەپێی یاسای باری کەسی ئوردنی ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠١٠ (بەندی٢، مادەی ٥-١٣ لەبارەی «مەرجەکانی هاوسەرگیری»)، کەمترین تەمەنی یاسایی بۆ هاوسەرگیری بریتیە لە ١٨ ساڵ. هەرچەندە هەمان یاسا ڕێ بە قازیە شەرعیەکان دەدات کە ڕێبدەن بە هاوسەرگیری کچان و کوڕانی تەمەن ١٥ – ١٧ ساڵان لە بارودۆخی ڕیزپەڕدا، وەکو کەیسەکانی زگپڕی. لە هەندێ کەیسی دەگمەندا، قازی شەرعی بۆیهەیە ڕێ بە هاوسەرگیری کوڕانو/یان کچانی ژێر ١٥ ساڵی بدات و تۆمارکردنی هاوسەرگیریەکە دوادەخرێت تا کچەکە دەبێتە ١٥ ساڵ (یونیسێف، ٢٠١٤).

**مادەی ١٦ CEDAW دەریدەخات کە دەبێ ژنان وەکو پیاو هەمان مافیان هەبێت بۆ «بە ئازادی هەڵبژاردنی مێردو چوونە ناو هاوسەرگیری تەنیا بە ڕەزامەندی سەربەخۆو تەواوی خۆی». دەبێ دەزگیرانی و هاوسەرگیری منداڵ هیچ شوێنەوارێکی یاسایی نەبێت».**

یاسای مەدەنی تازە کە لە ٢٠٠٢ لە تورکیا هاتۆتە واری جێبەجێکردن، بچوکترین تەمەنی هاوسەرگیری بۆ هەردوو ڕەگەز بە ١٧ ساڵی داناوە (مادەی ١٢٤).و هاوسەرگیری ڕەزامەندی هەردوو لای پێویستە (مادەی ١٤٢). هەروەها یاساکە مافی پێشکەشکردنی سکاڵای تاوانکاری یان جیابوونەوە بەو کچ و ژنانە دەدات کە بە زۆر هاوسەرگیریان پێکراوە لە ماوەی پێنج ساڵی هاوسەرگیریدا (مادەی ١٤٩ – ١٥٢) بەپێی یاسای مەدەنی، ناکرێ هاوسەرگیری ئاینی ڕووبدات بەبێ پیشاندانی بەڵگەنامەی هاوسەرگیری مەدەنی (مادەی ١٤٣).[١٩] یاسای تاوانەکانی ٢٠٠٥ چەند ژن هێنانی بە تاوان و خەڵەتاندن داناوە. هەروەك پێشبینی حوکمی ٢-٦ مانگ دەکات بۆ ئەوانەی مەراسیمی ئاینی ئەنجامدەدەن بەبێ گرێبەستی مەدەنی هاوسەرگیری (مادەی ٢٣٠).

## مافەکانی منداڵ

هەموو وڵاتانی ژێر توێژینەوە ڕێکەوتننامەی ١٩٨٩ی نەتەوە یەکگرتووەکانیان پەسەنکردووە سەبارەت بە مافەکانی منداڵ. تورکیا، لوبنان و عیراقی پرۆتۆکۆلی بەربژاری فرۆشتنی منداڵ، لەشفرۆشی بە منداڵ و پۆرنۆگرافی منداڵیشیان کردووە؛ تورکیا، سوریاو عیراق پەسەندی پرۆتۆکۆلی بەربژاری تێوەگلانی منداڵیان لە کێشە چەکداریەکان کردووە. لوبنان واژۆی نامەکەی کرووە بەڵام پەسندی نەکردووە. سەرەڕای ئەوە، تورکیا پەسندی ڕێکەوتننامەی ئەنجومەنی ئەوروپای کردووە سەبارەت بە مومارەسەی مافەکانی منداڵان لە ٢٠٠٢.

١٩ یاسای مەدەنی تورکی (یاسای ژمارە ٤٧٢١). بەردەستە لە www.tbmm.gov.tr/kanunlar/k4721.html بینراوە لە: ٢٠١٥/٠٨/٢٠.

خشتەی ٤: پەسندکردنی یاسا سەرەکیەکانی مافەکانی منداڵ

| واژۆ | ڕێکەوتننامەی ١٩٨٩ی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بە مافەکانی مندان | پرۆتۆکۆلی بەربژاری فرۆشتنی منداڵ، لەشفرۆشی بە منداڵ و پۆرنۆگرافی منداڵ | پرۆتۆکۆلی بەربژاری تێوەگلانی منداڵ لە کێشە چەکداریەکان |
|---|---|---|---|
| سوریا | ١٩٩٣ | - | ٢٠٠٣ |
| تورکیا | ١٩٩٥ | ٢٠٠٠ | ٢٠٠٠ |
| لوبنان | ١٩٩١ | ٢٠٠٤ | - |
| ئوردن | ١٩٩١ | - | - |
| عیراق | ١٩٩٤ | ٢٠٠٧ | ٢٠٠٧ |

لە ساڵی ٢٠٠٥، یاسای پاراستنی منداڵی تورکیا ژمارە ٥٣٩٥ هاتە جێبەجێکردن، بە ئامانجی تێکەڵکردنی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان بە ڕێکارو پرەنسیپەکانی پەیوەست بە پێویستی منداڵان بۆ پاراستن، لەگەڵ ڕێکاری تایبەت بە مامەڵەی هەستیارو پاراستنی قوربانیە منداڵەکان لە تاوان، هەڵکشانی ژمارەی دادگاییەکانی منداڵان و، دەستەبەری پاراستنی منداڵان لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومیەکان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاریەکانی منداڵ لە وەزارەتی خێزان و سیاسەتە کۆمەڵایەتیەکان یەکەم بەڵگەنامەی ستراتیژی تورکیای دانا بۆ مافەکانی منداڵ، کە ماوەی نێوان ٢٠١٢ تا ٢٠١٦ دەگرێتەوە.

> ئەو وڵاتانەی واژۆی ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانیان کردووە لەبارەی مافەکانی منداڵ «هەموو ڕێکارە کاریگەرو گونجاوەکانیشان ڕەچاوکردووە بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی مومارەسە نەریتیەکان کە زیان بە تەندروستی منداڵ دەگەیەنن {.....} و ئەمانە دەگرێتەوە لەناو پراکتیسەکانی دیکە {....} هاوسەرگیری منداڵ.»

یاسای مەدەنی لوبنانی، بەپێی ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ، منداڵ وا پێناسە دەکات کە هەموو مرۆڤێکە لەژێر تەمەنی ١٨ ساڵیدا. بەڵام کەموکوڕی تێدایە سەبارەت بە پاراستنی منداڵە پەنابەرەکان، بە فەلەستینیەکانیشەوە (تۆڕی مەنارە، ٢٠١١). یاساکانی باری کەسی، وەکو لە سەرەوە ڕوونکراوەتەوە، کاریگەریان هەیە بۆ مافەکانی منداڵ، هەروەك زۆرجار بەرژەوەندی منداڵ ڕەچاو نەکراوە (Human Rights Watch, 2015).

یەکەم پلانی کاری نیشتمانی حکومەتی ئوردنی لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٤ دەرچوو و، بە پشتگیری ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و ئاژانسە پەیوەندیدارەکانی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان پیادەکرا (Gharaibeh & Hoeman, 2003).

لە عیراق، یاسا سەرەکیەکانی پاراستنی منداڵ هێشتا لە قۆناغی دارشتندان، لەوانەش پرۆژە یاسای پاراستنی منداڵ، ڕەشنووسی یاسای منداڵ لە پەرلەمان، پرۆژەی کۆمسیۆنی چاودێری منداڵ و، پرۆژەی هەموارکردنی چاودێری پێنگەیشتووان ژمارە ٧٨ (١٩٨٠).

## یاسای کار

بەپێی یاسای کاری تورکی (یاسای ژمارە ٤٨٥٧)، بەکارێکخراوی ناحکومیستنی منداڵی ژێر ١٥ ساڵی قەدەغەیە.[٢٠] بۆ چارەسەرکردنی نارێکی کۆچی کرێکاران و ئیستغلال کردنی کرێکار، یاسایەکی تازە لە ٢٠٠٣ دەرچوو بۆ ئاسانکردنی دەرفەتەکانی کارکردنی یاسایی بۆ بیانیەکان، سزای سەر کارکردنە تۆمارنەکراوەکانیشی زیادکرد و سیستەمەکەی کردە مەرکەزی لەژێر چاودێری وەزارەتی کارو ئاسایشی کۆمەڵایەتی. پێشێلکاریەکانی ئازادی کارکردن و کارگەری «لە رێگەی بەکارهێنانی توندوتیژی و هەڕەشە یان کرداری سەرپێچی یاسا»ش دەکەوێتە بەر بەندکردن بۆ ماوەی شەش مانگ تا دووساڵ بەپێی یاسای تاوانەکان (مادەی ١١٧). لە ٢٠٠٥، تورکیا سیاسەتی چوارچێوەی پرۆگرامی بەندەواری نیشتمانی (TBPPF)ی پیادەکرد بۆ لەناوبردنی خراپترین شێوەکانی کارپێکردنی منداڵ بەتایبەتی لە وەرزە کاری کشتوکاڵی، کارکردن لە ئابووری نافەرمی شارو، کرێکاری منداڵ لە لادێ و کاری سەرشەقام – لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠١٥، بە پشتیوانی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی.

لە لوبنان، یاسای کار (مادەی ٢٢و ٢٣) ئەوە دەخاتە ڕوو کە هیچ منداڵێکی خوار تەمەنی ٨ ساڵ نابێ کاربکات؛ هیچ منداڵێکی ژێر ١٣ ساڵ نابێ کاری پیشەسازی و قورس بکات؛ منداڵی نێوان ١٣و ١٦ ساڵی تەنیا لە رێی بڕوانامەی پزیشکیەوە کارێك بکەن کە هەوڵی جەستەیی پێویست بێت. تاقیکردنەوەی پزیشکی بۆ منداڵانی ١٤ تا ١٨ ساڵیش پێویستەو ئەو منداڵانە ناتوانن لە شەش کاتژمێر زیاتر لە رۆژێکدا کاربکەن، ناتوانن لە ماوەی شەودا کاربکەن و دەبێ ١٣ کاتژمێر حەسانەوەیان هەبێت لە نێوان رۆژەکانی کاردا (تۆڕی مەنارە،٢٠١١).

بەپێی مادەی ٧٤ی یاسای کاری ئوردنی ژمارە ٨ی ساڵی ١٩٩٦و، هەموارکردنەکانی دواتر، هیچ منداڵێك لە ژێر تەمەنی ١٨ ساڵی نابێت بخرێتە بەرکاری مەترسیدار، ماندووکەر، یان زیانبەخش بە تەندروستی.

بچوکترین تەمەنی قبولکردن لە کار ١٥ ساڵە بەپێی یاسای کاری عیراقی،[٢١] بە دانانی کۆت لەسەر جۆری کار کە دەبێ لە توانای منداڵی ١٥-١٧ ساڵیدابێت. بڕگەکانی یاسای کاری عیراقی لە یاسای کاری عیراقی دانران، یاسای ژمارە ٧١ی ١٩٨٧، بەڵام یاسای کاری تازەی عیراق لە ١٧ی ئابی ٢٠١٥ پەسندکرا.

یاسای تازە سنوری کاری منداڵی تەسکترکردەوەو پاراستنێکی باشتری دابینکرد دژ بە جیاکاری و بێزارکردنی سێکسی لە کاردا، سەرەڕای دابینکردنی دانوستانی بە کۆمەڵ و مافی مانگرتن. یاسای دڵنیایی کۆمەڵایەتی ژمارە ٣٩ی ساڵی ١٩٧١یش بڕگەی تێدایە لەبارەی پەیوەندی نێوان خاوەن کاران و کرێکاران.

لەساڵی ١٩٩٤، لوبنان و سوریا رێکەوتنێکی دوو لایەنەیان واژۆکرد لە بواری کاردا، بەپێی ئەم رێکەوتنە:

> «کرێکارانی هەردوو وڵات مافی ئەوەیان هەیە لە وڵاتەکەی دیکە سوود وەربگرن لە چارەسەر، ئیمتیاز، ماف و ئەرکەکان، بەپێی یاساو رێکارە کارپێکراوەکان لە هەریەك لەو دوو وڵاتە. هەردوو وەزیری کاری هەردوو وڵات بەڵێنی بەردەوامی هەوڵەکانیان دەدەن بۆ دۆزینەوەی ئامرازی دڵنیابوون لە زامنکردنی مافەکانی کرێکاران لە هەردوو وڵاتدا» (CLDH, 2013).

٢٠ یاساکە رێ بە خستنە بەرکاری ئەو منداڵانە دەدات کە ١٤ ساڵی و خوێندنی سەرەتاییان تەواوکردووە لەکاری سووك کە زیان بە گەشەی جەستە، عەقڵ، رەوشتیان نەگەیەنێ. بڕوانە: مادەی ٧١، یاسای کاری تورکی

٢١ بەردەستە لە http://ar.parliament.iq/LiveWebsites/Arabic/PassedLaws.aspx بە زمانی عەرەبی، لە ٢٠١٥/١٠/٣٠ بینراوە و، بە ئینگلیزی لە: www.ilo.org/dyn/travail/docs/749/Labour٪20Code٪20of٪201987.pdf بینراوە لە ٢٠١٥/١٠/٣٠. هەروەها سەیری www.iraq-jccme.jp/pdf/08/08.pdf بکە، لە ٢٠١٥/١٠/٣٠ بینراوە.

به مەبەستی چارەسەری دۆزە دیاریکراوەکان کە پەیوەندیان هەیە بە ئیستغلال کردنی کرێکارانی ناوماڵی بیانی لە وڵاتانی ژێر لکۆڵینەوەدا، ئەو یاسایانەی بەمدواییە دەرچوون هەوڵیانداوە بۆ چاککردنی مافەکانی کارکردن لە ئوردن و سوریادا.

- لە سوریا لە ساڵی ٢٠١٣، بڕیاری یاسایی ژمارە ٦٥ و بڕیاری ژمارە ٢٧٦٤ دەرچوو کە ئاژانسەکانی دابینکردنی دەستی کاری بیانی ناوماڵ ڕێکدەخەن، لەپاڵ مەرج و ڕێکخەرەکانی کارکردنیان.
- لە ئوردن، یاسای کاری نیشتمانی ساڵی ١٩٩٨ فراوانکرا بۆ لەخۆگرتنی کرێکارانی ناوماڵ لەگەڵ یاسای ژمارە ٤٨ی ساڵی ٢٠٠٨.

لە لوبنان، هەرچەندە کرێکارانی ناوماڵ لە کۆچبەران لە یاسای کار دەرهاویشترابوو و بەمجۆرەش لە هەر شێوازێکی پاراستنی پەیوەست بە بەکارێکخراوی ناحکومیستن (LB20) . لە ئابی ٢٠١٤، دادگایەك بڕیاری پێبژاردنی بەسەر خاوەنکارێك دەرکرد لەبەر زەوتکردنی پاسپۆرتی کرێکارێکی کۆچبەر (وانسا، ١٤ی ئابی ٢٠١٤)، بۆیە ئێستا ئاسانترە ئاماژە بەو کەیسە بکرێت بۆ لەناوبردنی زەوتکردنی بەڵگەنامەو ناسنامەکان (LB03).

## لەشفرۆشی و سواڵکردن

بڕگەکانی شەریعەتی ئیسلامی لە هەموو وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا، جگە لە لوبنان و تورکیا، لەشفرۆشی قەدەغە دەکات، یاسای قەدەغەکردنی لەشفرۆشی (قەتەر، ٢٠١١).

- یاسای سوری ژمارە ١٠ی ١٩٦١ بۆ بەگژداچوونەوەی لەشفرۆشی و بەزاندنی یاسای لەشفرۆشی.
- لە تورکیا، لەشفرۆشی بەزۆر خرایە کۆچپێکردنی بازرگانی پێوە کردن لەگەڵ هەموارکردنێکی یاسای تاوان لە ٢٠٠٦. کڕینی لەشفرۆشیش بە پێی مادەی ٢٢٧ بە تاوان ناسێنرا. دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت کە لەشفرۆشی وەکو تاوان نەناسێنراوە لە یاسای تاواندا. بەڵام لەباتی ئەوە ڕێکدەخرێت لە ڕێگەی یاسا لاوەکیەکان (ڕێنمایی لەسەر بڕگەکانی پەیوەست بە لەشفرۆشان و خانەکانی لەشفرۆشی و جەنگ دژی پەتا سێکسیەکان بەهۆی لەشفرۆشی، ١٩٦١).
- لەشفرۆشی لە لوبنان زۆر ڕێکخراوە. لە ڕووی تیۆریەوە، یاسایەك کە بۆ ساڵی ١٩٣١ دەگەڕێتەوە سیماکانی کاری سێکسی لە وڵات دیاریدەکات (کەمترین تەمەن ٢١ ساڵیە. کراگەرەکان دەبێ ملکەچی پشکنینی پزیشکی بن و کاری سێکسی دەبێ تەنیا لەناو شوێنە ڕێپێدراوەکانی لەشفرۆشی ئەنجام بدرێت). لە ڕاستیدا، حکومەت لە ساڵانی ١٩٦٠ەوە ڕێپێدانی بۆ خانەکانی لەشفرۆشی دەرنەکردووە، ئەوەش بەپێی دیفاکتۆ کاری لەشفرۆشی دەکاتە نایاسایی. یاسای سزاکان ئەو خەڵکە سزادەدات (هەرچەندە نێرینەکانی بواری کاری سێکسی بە یاسا باسیان نەهاتووە) کە لەشفرۆشی دەکەن یان ئاسانکاری بۆ دەکەن بە حوکمی بەند کردن لە ماوەی مانگێکەوە بۆ ساڵێك (Human Rights Watch, 2013).
- یاسای سزاکانی ئوردنی ژمارە ١٦ی ساڵی ١٩٦٠، لەشفرۆشی بە تاوان دادەنێ، سەرەڕای کڕیارانی، وەکو نێوانێك کاردەکەن بۆ لەشفرۆشی و پاراستنی خانەکانی.
- لەشفرۆشی بەپێی یاسای سزاکانی عێراقی تاوانکاریە. لە ساڵی ١٩٨٨، یاسای دژ بە لەشفرۆشی کەمترین سزای دانا کە بریتی بوو لە حوکمی سێ مانگ زیندانی و زۆرترین سزاش بۆ دووساڵ بۆ ئەوانەی بە

گەوادی و لەشفرۆشی تاوانبارن، بڕیار ژمارە ٢٣٤ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش حوکمی ئیعدامی بەسەردا دەسەپاندن. دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان هەموو حوکمەکانی ئیعدامی گۆڕی بۆ زیندانی تاهەتایی لە ٢٠٠٣دا (Minwalla، 2011). رێژەیەکی زۆر لە ژنانی زیندانی ژنان ئەوانە کە بە لەشفرۆشی تۆمەتبارن و، زۆرلێکردنی بەپێی یاسای عیراقی مایەی داکۆکی نیە (Minwalla & Portman, 2007).

سواڵکردنیش بەپێی یاسای سزای لوبنانی بە تاوان دادەنرێت، هەرچەندە یاسای ژمارە ٤٢٢ سواڵکردن پێناسە دەکات وەکو رەوشێك کە مەترسی بۆ منداڵ هەبێت (Terre des hommes, 2011). لە ٢٠١٤، پەرلەمانی لوبنانی یاسایەکی دەرکرد لەبارەی توندوتیژی ناوماڵ کە تاوانی پەیوەست بەلەشفرۆشی بەزۆرو سواڵی بەزۆریشی دەگرتەوە (Human Rights Watch, 2014a). پەرەگرافی ٣٩٠ی یاسای سزاکانی عیراقی سواڵ قەدەغە دەکات. هەروەك لە ئوردنیش سواڵکردن سەرپێچیە بەپێی مادەی ٣٨٩ی یاسای سزاکانی ئوردنی، لەکاتێکدا بەندێکی هەمان یاسا دەریدەخا کە ئەو کەسە بە تاوانبار دادەنرێت کە زۆر لە یەکێکی دیکە بکات بۆ سواڵو بۆیهەیە حوکمی تا ساڵێك زیندانی بەسەردا بسەپێ. تەنیا لە تورکیا یاسای تاوانەکان سزای بۆ ئەو کەسانە داناوە کە « منداڵ یان گەورەی کەم توانا یا کەم عەقڵ بەکاردێنن بۆ سواڵپێکردن» (مادەی ٢٢٩)، نەك بۆ خودی سواڵکردن.

## ٥.١ چوارچێوەی دامەزراوەیی

### پەنابەرانی سوری

بۆ دیاریکردنی باری پەنابەری بۆ ئەوانەی ئەوروپی نین (پەنابەرانی دەرەوەی رێکەوتننامە) لە تورکیا، دەسەڵاتە تورکیەکان کاردەکەن لەگەڵ UNHCR بۆ دۆزینەوەی وڵاتێکی سێیەم بۆ نیشتەجێکردنیان. یاسای ساڵی ٢٠١٣ سەبارەت بە بیانیان و پاراستنی نێودەوڵەتی بەڕێوەبردنی کۆچ و پاراستنی نێودەوڵەتی دایە دەست بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەڕێوەبردنی کۆچ (DGMM)ی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، کە لە ساڵی ٢٠١٤ بەتەواوی کەوتە دۆخی کارکردن[٢٢].
لەگەڵ دەستپێکردنی قەیرانی پەنابەرانی سوریا، دەستەی بەڕێوەبردنی کارەسات و فریاکەوتن (AFAD) لەژێر چاودێری سەرۆك وەزیران بوو بە ئاژانسی سەرەکی بەرپرس لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی کەمپەکانی پەنابەران بۆ ئەو پەنابەرانەی کە زۆربەیان لە سوریاوە هاتبوون (Memişoğlu & Ilgıt, 2014). لەگەڵ رێنماییەکانی ساڵی ٢٠١٤ بۆ پاراستنی کاتی ئەرکەکانی AFAD فراوانکران و، بوو بە رێکخراوی سەرەکی و رێکخراوی چەتری بەرپرس لە هەماهەنگی هەڵزانی پەنابەران لە سوریاوە. بەپێی ئەمە بەشێوەکی رووڵەزیادە بە هاوکاری دەسەڵاتە نیشتمانی و خۆجێییەکانی دیکە کاریکرد بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی پەنابەرانی دەرەوەی کەمپەکانیش (TR48).

لوبنان لە ٢٠٠٣ واژۆی یادەوەری لێکتێگەیشتنی کردوە لەگەڵ UNHCR. بەپێی ئەو یادەوەریە، لوبنان دان بە رێکارەکانی دیاریکردنی باری پەنابەری UNHCR دادەنێت، بەڵام پێشبینی ئەوە دەکات کە پەنابەران لە ماوەی شەش مانگدا لە وڵاتێکی سێیەمی ئارامدا نیشتەجێ بکرێنەوە، لەگەڵ بوونی ئەگەری درێژنان و کچانردنەوەی سێ مانگیدیکە (UNHCR، 2010). ئەو یادەوەری لێکتێگەیشتنە هەرچەندە بۆ ئەوە دانەڕێژراوە کە بەرسڤی قەیرانێك بداتەوە بە قەبارەی رەوشی ئێستای سوریەکان لە لوبنان. بەچاوپۆشین لە UNHCR، بەرسڤی مرۆیی بۆ قەیرانی پەنابەرانی سوری لە لوبنان بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن ئەنجومەنی باڵای لوبنان بۆ یارمەتی رێکدەخرێت.

ئوردن یەکەم رێکەوتنی هاوکاری فەرمی لەگەڵ UNHCRلە ساڵی ١٩٩٧دا واژۆ کرد، سەرەرای ئەوەی کە

٢٢ رێکخراوی DGMMی پارێزگاکان لە مایسی ٢٠١٥ بە تەواوی کەوتنە بەرکار (TR41).

پێشتر لە ساڵی ١٩٩١ ئاژانسەکە ئۆفیسی خۆی لە عەممانی پایتەختی ئوردن کردبووەوە، بە مەبەستی پێشکەشکردنی یارمەتی و ئاسانکردنی دیاریکردنی باری پەنابەری بۆ عیراقیانی هەڵاتوو لە شەڕی کەنداو (De Bel-Air, 2007). لە ١٩٩٨، **UNHCR**وحکومەتی ئوردنی ڕێکەوتننامەیەکی لێکتێگەیشتنیان واژۆکرد بۆ هاوکاری بەدوای هەندێ لەو پرەنسیپانەی کە لە ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران داهاتبوو (Olwan, 2006).

وەزارەتی عیراقی بۆ کۆچ و کۆچبەران لە ساڵی ٢٠٠٣ دامەزراو بەرپرسە لە کەسانی ئاوارەو کۆچبەر، بە ئاوارەکانی ناوخۆو نێودەوڵەتی لە ناوەوەی عیراق. بە شوونهەڵگرتنی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی تەموزی ٢٠١٢، حکومەتی عیراقی **لیژنەیەکی فریاکەوتنی** پێکهێنا بە سەرۆکایەتی وەزیری کۆچ، لەگەڵ نوێنەران لە ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی، وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی گواستنەوە. هەروەها کۆمەڵێك لیژنەی پشتگیری پێکهێنا بۆ ئاسانکاری کرین و دامەزراندنی کەمپەکان و دابینکردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان. هەروەها UNHCR چالاکە بۆ بەڕێوەبردنی دۆزە پەیوەندیدارەکان بە گەیشتنی پەنابەرانی سوریا بۆ عیراق.

لە سوریا، نزیکەی ١٧٪ی ئاوارەکانی ناوخۆ لە کەمپەکانداندن، لە چوارچێوەی هەماهەنگی گشتی نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی (OCHA).[٢٣] لە **هەر چوار وڵاتی خانەخوێ، زۆربەی سوریەکان لە دەرەوەی کەمپە فەرمیەکانی پەنابەراندا دەژین**. لوبنان ڕێنەداوە بە دامەزراندنی کەمپی فەرمی پەنابەران بۆئەم گروپە، لەکاتێکدا لە عیراق ڕێژەکە دەگاتە ٣٩٪، لە ئوردن ١٩٪و لە تورکیا ١٥٪ی سەرجەم پەنابەرانی تۆمارکراو هەن لەگەڵ ئەوەشدا، بەهۆی ئاستەنگەکان لەبەردەم دەستکەوتنی نشینگە، زۆر لە پەنابەران لەهەندێ وڵاتانی خانەخوێدا لە خێوەتگەی نافەرمیدا دەژین.

## نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردن

دوابەدوای پەسندکردنی یاساکانی نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردن لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا، یەکەی تایبەت لە وەزارەتەکانی ناوخۆ، لیژنە نێووەزاریە هاوبەشەکان و بەڕێوەبەرایەتیەك لە وەزارەتی داد بەمەبەستی لەناوبردنی بازرگانی پێوە کردن دامەزرێنران:

سوریا **لیژنەی نیشتمانی لەبارەی بازرگانی پێوە کردنیدامەزراند**. هەرچەندە لەبەر ئەو ململانێیەی لە ئارادایە، ئاستەنگ هەبوە لەبەردەم پیادەکردنی هەڵمەتەکانی نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردن وچاودێری بازرگانی کردن بە کەسەکان، هەروەها دەوڵەت کۆنترۆڵی بەشێکی زۆری خاکی نیشتمانی لەدەستداوە (Charron, 2014)، زۆربەی خاڵە سنووریە فەرمی و نافەرمیەکانیش، ئێستا لەلایەن گروپە چەکدارە ناحکومیە جیاوازەکانەوە کۆنترۆڵکراون (Al- Abed, 17 July 2014). بەپێی وەزارەتی ناوخۆی سوریا، نەبوونی هاوکاری لەلایەن وڵاتانی دراوسێ بە نەبوونی توانای ئاژانسە نێودەوڵەتیەکانی وەکو ئینتورپۆل بۆ کارکردن لە ناوەوەی سوریاو ئاستەنگی دیکە لەبەردەم هەوڵەکانی نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردن (Qiblan & Hammoud, 2 October 2015).

- ئەو ئاژانسەنیشتمانیەتورکیەگەورانەی لەچالاکیەکانی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردندابەشدارن بریتین **لەوەزارەتی ناوخۆ (بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش، سەرکردایەتی گشتی جەندرمە، سەرکردایەتی گاردی کەنارەکانی**

٢٣ ئەمە هەژماردەکرێت لەسەر بنچینەی ژمارەی ١٢٣٣٠٠٠ ئاوارەی ناوخۆی سوری لە کەمپەکاندا، وەك ڕێژەیەك لە نزیکەی ٧,٦ ئاوارەی ناوخۆی سوری لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤. بڕوانە تیمی مرۆیی وڵاتی OCHA (کانونی یەکەمی ٢٠١٤). پلانی بەرسڤی ستراتیجی کۆماری عەرەبی سوری ٢٠١٥. بەردەستە لەسەر: http://reliefweb.int/sites/ reliefweb.int/files/resources/2015_SRP_Syria_EN_AdvanceCopy_171214.pdf، بینراوە ٢٠١٥/١١/٠٦.

**تورکی، DGMM)**، وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی داد، وەزارەتی کارو دڵنیایی کۆمەڵایەتی، وەزارەتی خێزان و سیاسەتە کۆمەڵایەتیەکان (بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاریەکانی پاراستنی منداڵ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەوشی ژنان)، وەزارەتی تەندروستی و، بەڕێوەبەرایەتیە پەیوەندیدارەکانیان لە پارێزگاکاندا.[٢٤] DGMM هەڵساوە بە ئەنجامدانی ڕۆڵی هەماهەنگی لە بواری پاراستنی قوربانیەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ. لەرێگەی ئەم گۆڕانکاریە دامەزراوەییە یەکلاکەرەوەیە، هەندێك بەرپرسیاریێتی گەورەی هێزەکانی ئاسایش لەبارەی بازرگانی کردن بە کەسەکان گواستراوەتەوە بۆ ڕێکخراوە مەرکەزی و خۆجێییەکانی DGMM. بەشێوەیەکی سەرەکی ئەو ئەرکانە خزمەتگوزاریەکانی پەیوەست بە قوربانیان دەگرێتەوە، وەکو پرۆسەکانی دەستنیشانکردن و پاراستن (TR41).

➤ لە لوبنان، **هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ**، هێزەکانی پۆلیسی نیشتمانی لوبنان، بەرپرسن لە دۆزینەوەی کەیسەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و ئەنجامدانی قۆناغە سەرەتاییەکانی لێکۆڵینەوە. **بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی گشتی** لقێکە لە وەزارەتی ناوخۆ کە مافی دەستێوەردانی کەیسەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ ی هەیە کاتێك قوربانیەکان هاوڵاتیانی لوبنانی نەبن. **وەزارەتی کار** ڕۆڵی هەیە لە پێدانی مۆڵەت بە ئاژانسەکانی بەکارخستنی کارگەرانی کۆچبەرو وەرگرتنی سکاڵا پەیوەستەکان بە ئیستغلال کردن و بەدڕەفتاری لە کاردا، لەکاتێدا **وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی** نزیکەی ٢٠٠ سەنتەری پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی بەڕێوەدەبات بۆ پاراستنی توێژە لاوازەکان و قوربانیانی تاوان لە سەرتاپای وڵاتدا، **ئەنجومەنی باڵای منداڵیش** بەرپرسە لە دۆزەکانی مافی منداڵ کە بازرگانی پێوەکردنی منداڵانیش دەگرێتەوە (ICMPD، 2013a).

➤ **لیژنەی نیشتمانی ئوردنی بۆ نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤلە** ساڵی ٢٠٠٩ دامەزرا وەکو دەستەی سەرپەرشتیاری پەرەپێدان و جێبەجێکردنی، بە هاوکاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکیەکانی دیکە، ستراتیژی نیشتمانی بۆ نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن (لیژنەی نیشتمانی نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ، ٢٠١٣). لە ٢٠٠٩، وەزارەتی دادیش **بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی کردن بە مرۆڤی** دامەزراند، کە بەرپرسە لە لێکۆڵینەوە، دادگاییکردنی تاوانەکانی بازرگانی پێوە کردن، شانبەشانی پشکنینیش. **سکرتێری گشتی وەزارەتی ناوخۆو بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتیش** بەشێکن لە وەزارەتی ناوخۆ، کە ئاستی یەکەمی لێکۆڵینەوە، دیاریکردن و هەناردەکردنی کەیسەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ بۆ دادگا ئەنجامدەدەن. **یەکەی نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردن** لە کانونی دووەمی ٢٠١٣ دامەزرا بە ڕێوشوێنی یادەوەری لێکتێگەیشتن لە نێوان وەزارەتی کارو بەشی لێکۆڵینەوەی تاوانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی (JO21). سکرتێری گشتی وەزارەتی کار فەرمانبەرانی پشکنینی کار دابین دەکات بۆ یەکەی نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردن (لیژنەی نیشتمانی نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردن، ٢٠١٣).

➤ عیراق **فەرمانگەی نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردنی** دامەزراند لە وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ **لیژنەی مەرکەزی نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردن**، بە سەرۆکایەتی وەزیری ناوخۆ، کە بەرپرسە لە وتوێژ لەبارەی پرسە پەیوەستەکان بە بازرگانی پێوە کردن (IQ09). لیژنەی مەرکەزی بەپێی فەرمانی کارگێری دەرچووە بەپێی مادەی ٢ی یاسای نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن، کە دووجار بەڕێوەچووو فەرمانە جێبەجێکاریەکانی داڕێژرا بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە.

هەندێ لە وڵاتانی ژێر توێژینەوە پلانی کارو ستراتیژی نیشتمانیان دانا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو ڕێگرتن لە بازرگانی کردن بە کەسەکان. هەروەها پەناگەکانی هێشتنەوەی کەسانی بازرگانی پێوە کراو. دوای دامەزراندنی

٢٤ بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەرکەکانی لایەنە پەیوەندیدارە نیشتمانیەکان، پرۆسەی دەستنیشانکردنی کەسانی بازرگانیپێوەکراوو میکانیزمی هەناردە کردنی نیشتمانی، بڕوانە: ICMPD (٢٠١٣) and Sever et al. (٢٠١٢).

تیمی کاری نیشتمانی بۆ نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردن بە سەرۆکایەتی وەزیری دەرەوەی تورکیا، پلانی کاری نیشتمانی لە ٢٠٠٣ (لە ٢٠٠٦ تەواوبوو) و ٢٠٠٨ تەبەنی کرا (Turkish MFA, 2011).[٢٥] پلانەکانی کاری نیشتمانی بناغەی داناوە بۆ بەرنامەکانی «پاراستن، خۆپارێزی، دادگاییکردن» وسیاسەتەکانی رووبەڕووبوونەوەو رێگرتن لە بازرگانی کردن بە کەسەکان (Sever et al, 2012.).

دوای جێبەجێکردنی پلانە نیشتمانیەکان بۆ بازرگانی پێوە کردن، سێ پەناگەی کەسانی بازرگانی پێوەکراو لە ئەستەمبوڵ دامەزران (٢٠٠٤)، ئەنکەرە (٢٠٠٥)و، دواتریش لە ئەنتالیا (٢٠٠٩). ئەم پەناگانە بە هاوکاری سێ رێکخراوی ناحکومی هاوبەشی سەرەکی وەزارەتی ناوخۆ بەڕێوەدەبرێن، کە بریتین لە دەزگای پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان (HRDF) لە ئەستەمبوڵ، دەزگای هاوکاری ژنان (FWS) لە ئەنکەرەو کۆمەڵەی راوێژنان و کچانارانی خێزانی ئەنتالیا لە ئەنتالیا (AFCA).[٢٦] ئاژانسەکانی سەپاندنی یاسا بەرپرسن لە دیاریکردنی قوربانیانی بازرگانی پێوە کردن و ،ئەو رێکخراوە ناحکومیانەی پەناگەکانیش بەڕێوەدەبەن تەنیا مامەڵە لەگەڵ ئەو قوربانیانەی بازرگانی پێوە کردن دەکەن کە پێشتر دەستنیشانکراون و مافی گەیشتن بە یارمەتی و پاراستنیان پێدراوە (ICMPD, 2013). هێڵی یارمەتی کتوپڕ (١٥٧) لە ساڵی ٢٠٠٥دامەزرێنراوە، لە سەرەتادا تەنیا لە تورکیا بەردەست بوو بەڵام لە ٢٠٠٧ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا بەرکارە.

لە لوبنان، پلانی نیشتمانی نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردن بەشێوەیەکی فەرمی تەبەنی نەکراوە تا ١٥ی ئەیلولی ٢٠١٥، هەرچەندە دەستپێشخەریەکانی هۆشیارکردنەوە جێبەجێکراون (ICMPD, 2013a). لە ٢٠١٤ پەیمانگای مافەکانی مرۆڤی سەر بە سەندیکای پارێزەرانی لوبنانی نیشاندەرەکانی بازرگانی پێوە کردنی بڵاوکردەوە بۆ ئاسانکاری پاراستنی قوربانیان و دادگایی ئەنجامدەران (پەیمانگای مافەکانی مرۆڤی سەر بە سەندیکای پارێزەرانی لوبنان، ٢٠١٤). هەروەها لوبنان تۆرێك پەناگەی هەیە بۆ کەسانی بازرگانی پێوەکراو.

لە ساڵی ٢٠١٠، حکومەتی ئوردنی بە پشتگیری رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، تەبەنی ستراتیژی خۆپاراستن لە بازرگانی پێوە کردنی کرد بۆ ساڵەکانی ٢٠١٠-٢٠١٢. ستراتیژی نیشتمانی دژ بە بازرگانی کردن بە کەسەکان لەلایەن لیژنەی نیشتمانی نەهێشتنی بازرگانی کردن بە کەسەکان پەسندکرا لە ١١ی شوباتی ٢٠١٠و لە ٢ی ئاداری ٢٠١٠ هاتە واری جێبەجێکردن (لیژنەی نیشتمانی نەهێشتنی بازرگانی کردن بە کەسەکان، ٢٠١٥). هەروەها ئەو لیژنەیە پرۆژەی رێکاری پەناگەکانی لە ١٤ی تەموزی ٢٠١١ پەسندکرد، کە بە دیوانی یاسادانان و راییکرا بۆ ئەنجامدانی رێکاری یاسایی پێویست بۆ پەسنکردنەکەیان (لیژنەی نیشتمانی نەهێشتنی بازرگانی کردن بە کەسەکان، ٢٠١٥). لە ٢٠١٤دا CTU لەناو فەرمانگەی بەرگری مەدەنی وەزارەتی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی دامەزرا، بۆ کارکردن بەپێی بڕیاری ژمارە ٣٢ی ٢٠١٢، کە کاری پەناگەکان بۆ قوربانیانی بازرگانی پێوە کردن رێکدەخات.

لە دەمی کاری مەیدانی ئەم توێژینەوەیە، لە ئاياری ٢٠١٥، وەزارەتی پەرەپێدانی ئوردنی کاری لەسەر تازەکردنەوەی تەلارێك دەکرد کە وەك بارەگای یەکەم پەناگەی هەمیشەیی کەسانی بازرگانی پێوەکراو لە ئوردن بەکاردێ، بڕیاریش بوو لە ئەیلولی ٢٠١٥ بکرێتەوە. بەپێی سەرۆکی فەرمانگەی نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردن لە وەزارەتی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی، دارایی تازەکردنەوەی پەناگەکە لە رێگەی بەخششی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە دابینکراوە (JO19). تا کردنەوەی پەناگەی هەمیشەیی، بە شێوەیەکی کاتی کەسانی بازرگانی پێوەکراو لە پەناگەیەکی ژنانی قوربانی

٢٥ پلانی کاری نیشتمانی ٢٠٠٨ جێبەجێکرا لە چوارچێوەی "پرۆژەی بەهێزکردنی دامەزراوەکانی دژ بە بازرگانی کردن بە مرۆڤ"، لەژێر پێڤاژۆی یارمەتی دارایی نێوان یەکێتی ئەوروپاو تورکیا. بەردەستە لە: www.mfa.gov.tr/turkey-on-trafficking-in-human-beings.en.mfa, accessed ١٥,٠١,٢٠١٥.

٢٦ لەبەر کەمی دارایی، پەناگەکانی ئەنکەرەو ئەستەمبوڵ لە ماوەی دیاریکراو داخران. وەکو تشرینی یەکەمی ٢٠١٥. هەرسێ پەناگە کراونەتەوە. وا بڕیارە DGMM دارایی پەناگەکان دابین بکات؛ لەگەڵ ئەوەشدا، پرۆتۆکۆڵی پەیوەست تا ئێستا لە کاتی نووسیندا، لەگەڵ رێکخراوە ناحکومیەکان واژۆ نەکراوە (TR51).

توندوتیژی ناوماڵ و توندوتیژی بەپێی جێندەر دەحەوێنرێنەوە، کە لەلایەن وەزارەتی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتیەوە بەڕێوەدەبرێت.

لە عیراق، لەسەرەتادا لە ئاستێکی نزمی جێبەجێکردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردنی ٢٠١٢ بوو، هەرچەندە ئەمە لە ٢٠١٤دا دەستی بە گۆڕان کرد لەگەڵ زیادبوونی هۆشیاری و بنیاتنانی توانای دەزگاکانی سەپاندنی یاساو دادگا. دوو دادوەر دەستنیشانکران لەلایەنی ئەنجومەنی باڵاوە بۆ حالەتەکانی بازرگانی پێوە کردن، لەکاتێکدا کە یەکەیەکی تایبەت لە وەزارەتی ناوخۆ تایبەتکرا (IQ17). هێشتا عیراق پلانی کاری نیشتمانی نیە بۆ بازرگانی پێوە کردن. هەرچەندە پەناگەیەك بۆ خەڵکی بازرگانی پێوەکراو دامەزراوە، بەڵام تا ئێستا کەسی تیا نەحەوێنراوەتەوە، لەبەر نەبوونی سیستەمی هەناردەکردن لە وڵاتدا. بەپێی دەسەڵاتە عیراقیەکان، ئەمە شتێکە کە CCCT کاری تیادەکات لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی وەکو ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IQ16).

## ١.٢ پرۆفایلی کۆچ

لە ماوەی قۆناغی سەرەتایی ئەم توێژینەوەیەدا، وڵاتانی ژێر توێژینەوە بوون بە ئاراستەی ڕووتێکردنی **کۆچبەران کە بە شێوەیەکی بنچینەیی کاری ئاست و کرێ نزمیان دەکرد لە بواری کاری ناوماڵ و بیناسازی، هەروەها لە کشتوکاڵ، خزمەتگوزاری و خاوێنکردنەوە، هەروەها لە پیشەسازی سێکس و کاتبەسەربردن**. ناوچە بنچینەییەکانی ڕەسەنی کۆچبەران بریتی بوو لە **باشوری ئاسیا** (هیند، بەنگلادیش، نیپال، پاکستان و سریلانکا)؛ **باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا** (فلیپین، ئیندۆنیسیا، سریلانکا، ڤێتنام و تەیموری ڕۆژهەڵات)و، **ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا** (سودان، ئەسیوبیاو سۆمال). هەروەها هەندێ جوڵە هەبوو لە نێوان وڵاتانی ناوچەکەداو، لەگەڵ پەنابەران و کۆچبەرانی **عیراق** لە چوار وڵاتەکەی دیکەی ژێر توێژینەوەو، کۆچبەرانی **سوریا** لە لوبنان و ئوردن. هەروەها لوبنان و ئوردن کۆچیان لە وڵاتانی **باکوری ئەفریقیا**وە بەخۆوە بینیوە، بە تایبەتی لە میسرەوە. هەروەك لە بەندی ٣ لە خوارەوە دێتە بەرچاومان، سوریا، لوبنان و ئوردنیش ژمارەیەکی بەرچاوی **پەنابەرانی فەلەستینیان** گرتوتەخۆ. تورکیاو لوبنانیش بوون بە وڵاتی مەبەست بۆ کۆچبەرانی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و، تورکیا کۆچی لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بەخۆیەوە بینیوە.

لە ڕووی کۆچکردنەوە، وڵاتانی ژێر توێژینەوە کۆمەڵگەلێکی دیاسپۆرای گەورەیان لە دەرەوە هەیە، بە تایبەتی لوبنان و عیراق، کە ناوچە مەبەستەکان بریتین لە یەکێتی ئەورووپا، ئەمریکاو وڵاتانی ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو. هەروەك عیراق لە ساڵانی ٢٠٠٠دا ڕاگواستن و ئاوارەبوونێکی ناوخۆی دراماتیکی بەخۆیەوە بینیوە، بەهۆی گەشەی ناهاوسەنگی ئابووری لە پارێزگا جیاکان و نائارامی ڕەوشی ئەمنی، بە تایبەتی لەدوای جەنگ بە ڕابەرایەتی ئەمریکا لە ٢٠٠٣.

وتارێك بەمدواییە لەلایەن کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی بڵاوکرایەوە کە گرتەیەك پێشاندەدات لەبارەی کۆچ لە ناوچەی وڵاتانی کۆمکاری عەرەبی لە سەرەتای شۆڕش و پەشێویەکانی وڵاتانی عەرەبی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٠، بەرواری قۆناغی سەرەتای ئەم توێژینەوەیە، لەگەڵ بوونی نزیکەی هەشت ملیۆن کۆچبەر لە وڵاتانی عەربی سەر دەریای ناوەڕاست کە لە دەرەوە دەژین. زۆربەی ئەو کۆچبەرانە یان لە یەکێتی ئەورووپا یا لە وڵاتانی عەربی دیکەدا دەژین، بە تایبەتی وڵاتانی ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو. لوبنان بە تایبەتی ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانی هەیە لە دەرەوە دەژین – ١٢٪، لەکاتێکدا سوریا کەمترینە ٢٪- (El Fegary, July 2015). سەرەڕای ئەو ڕێژە کەمە، سوریا وەکو لوبنان، سوریا وڵاتی سەرەکی ڕەسەنی ئەو کۆچبەرانەیە کە، تا سەدەی نۆزدە، کۆچیانکردووەو لە ئەمریکا، ئەرجەنتین، بەرازیل و وڵاتانی ئەمریکای لاتین جێگیربوون، لوبنان، میسرو، وڵاتانی دیکە لە ئەورووپای ڕۆژئاواو ڕۆژئاوای ئەفریقیا. بەر لە بەرواری قۆناغی سەرەتا، دەوروبەری ٦٠٠٠٠٠ کۆچبەری سوری کاریان لە کشتوکاڵ، بیناسازی و کەرتی خزمەتگوزاری لوبنان، ئوردن و وڵاتانی هاوکاری کەنداو دەکرد (Kahale, 2003; Kane, 2011).

لە هەمان قۆناغدا، سوریا ببووە وڵاتی مەبەست بۆ کارگەرانی کۆچبەری خزمەتی ماڵان، سەرەڕای ئەوەی کە بە بەراورد بە وڵاتانی دەوروبەر، ژمارەیەکی کەمتری پێشوازیکرد کە لە ٢٠١٠ بە ١٥٠٠٠ دەخەمڵێنرا (Kane, 2011)، کە زۆربەیان لە باشورو باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوەبوون (فلیپین، ئیندۆنیسیا، سریلانکاو بەنگلادیش)و ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا (ئەسیوبیاو سودان) (Kahale, 2003). تاکو ساڵی ٢٠٠١، دامەزراندنی کرێکارانی بێگانەی خزمەتی ماڵان لە سوریا بەپێی یاسای سوری نایاسایی بووو، کۆچبەران لە ڕێی وشکانی لە ئوردن و لوبنانەوە بە قاچاخ دەهێنرانە سوریاو بازرگانیان پێوەدەکرا لە ڕێگەی ئاژانسە نایاساییەکانی بەکارخستنەوە (Kahale, 2003).

له ٢٠٠١، یاسای سوری ڕێپێدانی دایە بەکارخستنی خزمەتی ناوماڵ، بەڵام حکومەتەکانی فلیپین، ئیندۆنیسیا، سریلانکا، تەیموری ڕۆژهەڵات و ئەسیوبیا بە فەرمی کۆچی هاوڵاتیانی خۆیان بۆ سوریا قەدەغە کرد لەبەر نەبوونی کۆمەڵە یاسایەکی گشتگیر بۆ بەڕێوەبردنی کۆچی دەستی کار (Kahale, 2003; US Department of State, 2009). بۆیە کرێکارانی کۆچبەری خزمەتی ناوماڵ لەو وڵاتانەوە بەردەوامبوون لە بەقاچاخبردن و بازرگانی پێوەکردن بۆ سوریا لە ڕێگەی ئاژانسە نایاساییەکانەوە، بە یارمەتی نێوانگیرەکان لە وڵاتانی ناوچەکە (Kahale, 2003). هەروەك سوریا وڵاتێکی خانەخوێی گەورەبوو بۆ پەنابەرانی عیراقی و فەلەستینی و سودانی، هەروەك لە خوارەوە لە بەندی ٣ خراوەتەڕوو.

تورکیا نەریتێکی دوورودرێژی هەیە لە وەرگرتنی کۆچبەرو پەنابەران، بەتایبەتی ئەوانەی کە بە بنەچە تورکن (Kirişçi, 1996). خەمڵاندنەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە پتر لە ١,٦ ملیۆن بە ڕەگەز تورك گروپی ئیتنی موسڵمان لە وڵاتانی باڵکان ، قۆقازو ناوەڕاستی ئاسیا لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣و ١٩٩٥ بۆ تورکیا کۆچیانکردووە (Kirişçi, 2000). لە ٢٠١٠ زیاتر لە ١,٤ ملیۆن کەسی بیانی هەبوون کە لە تورکیا لەدایك ببوون، هەرچەندە زۆربەیان منداڵی ئەو کۆچبەرە تورکانەبوون کە لە دەرەوە لەدایکبووبوون و هەڵگری ڕەگەزنامەی تورکیشن. ٢٠٧٠٧٦ کۆچبەری یاسایی لە ٢٠٠٧ هەبوون کە مۆڵەتی مانەوەیان پێدرابوو (Steinmayer & Hamada, 2011). لەماوەی قۆناغی سەرەتادا، کۆچی بازنەیی یەکێك لە شێوازە سەرەکییەکانی جوڵە ڕێك و نارێکەکانی بەرەو تورکیا پێکدەهێنا. بەشێوەیەکی سەرەکی کۆچبەران لە کۆمۆنوێلسی وڵاتانی سەربەخۆ و ناوچەی باڵکان بوون کەوا یان لە «بازرگانی جانتا»[٢٧] وە گلابوون یان دەرفەتی کاریان لە ماڵی تایبەتی، پیشەسازی سێکس و کاتبەسەربردن و، کشتوکاڵ و کەرتی بیناسازی (Içduygu & Yükseker, 2012).

لە سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠وە، پێکهاتەی کۆچبەرانی نایاسایی لە تورکیا جۆراوجۆربوو، بەو کۆچبەرانەشەوە کە زۆربەیان لە ئۆکرانیا یان مۆڵدۆڤا بوون و کاریان لە کشتوکاڵ، بیناسازی و کاری ناوماڵ دەکرد و کۆچبەران لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە زۆربەیان ئێرانی و عیراقی بوون و، لە ناوەڕاست و باشوری ئاسیاوە، بە تایبەتی ئەفغانستان، ئێران، بەنگلادیش و پاکستان، کە زۆربەی جار تورکیا وەکو ڕاڕەوێك سەیردەکەن بۆ پەڕینەوە بۆ ئەوروپا (Steinmayer & Hamada, 2011). هەندێ کۆچبەری نایاسایی لە تورکیا ئەو کەسانەبوون کە داوای پەنابەریان ڕەتکراوەتەوەو، ئەوانەن کە لەوێ بە دوای دەرفەتی کاردا دەگەڕێن، لەباتی گەڕانەوەیان بۆ وڵاتانی ڕەسەنی خۆیان (IOM, 2008). پێش ساڵی ٢٠١١سوریەکان لە کۆمەڵگەی پەنابەران لە تورکیا بەشێکی بەرچاویان پێکنەدەهێنا.

لە لوبنان، زۆربەی کۆچبەران کاریان لە کشتوکاڵ، بیناسازی، کاری ئاست نزم، چاکردنەوە، کاری ناوماڵ و پیشەسازی کاتبەسەربردن دەکردو، زۆربەیان لە سودان و میسرەوە بوون. پەنابەرانی عیراقی و فەلەستینیش ژمارەییەکی زۆر دانیشتوانی غەیرە لوبنانیان لە وڵاتەکەدا پێکدەهێنا. کۆچبەرانی سوری لەپێش شەڕ بە ئاسانی دەگەیشتنە لوبنان، چونکە ڤیزا لە سنوری نێوان سوریاو لوبنان داواکراو نەبووو، زۆربەیان لە کشتوکاڵ و بیناسازی کاریان دەکرد. کۆچبەران لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان لە ڕێی گرێبەستی کارەوە لە وڵاتەکانی خۆیان بە شێوەیەکی یاسایی دەچوونە لوبنان، یان بە نایاسایی لە ڕێی سنوری سوریا-لوبنانەوە دەچوون (Young, 2000). سەرەڕای ئەوەی هەندێ کۆچبەری ئەفریقی خوار بیابانی گەورەلە ڕێگەی دەریاوە بە قاچاخ دەبرانە لوبنان، لە ڕێگەی لیبیاوە (LB33).

٢٧ "بازرگانی جانتا" ئاماژەیە بۆ کڕینی چنراوە تورکیەکان و فرۆشتنیان لە وڵاتانی ڕەسەنی خۆیان، زۆرجار بەباری گەورە لە ڕیگەی کارگۆی ئاسمانیەوە.

ژنانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، باکوری ئەفریقیا، باشورو باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو ئەفریقیای خوار بیابان بۆ کاری ناوماڵ بەرەو لوبنان کۆچیان دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێوەی سوریا، فلیپین، نیپال، مەدەغەشقەرو ئەسیوبیا ڕێیان لە هاوڵاتیانی خۆیان گرتبوو کاری ناوماڵ لە لوبنان بکەن (Hamill, 2011). لەگەڵ بوونی ڕێگریەکە، کۆچبەران زۆربەیجار لە ڕێگەی وڵاتانی ترانزێتەوە دەگەیشتنە لوبنان. کۆچبەرانی کاری ناوماڵشارەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی باشوری ئاسیایان بەکاردێنا وەکو کوالالامپور، هۆنگکۆنگ، سینگاپور یان بانگکۆك بۆ ترانزێت، چونکە بەبێ ڤیزە دەگەیشتنە ئەو شارانەو، پاشان بەرەو بەیروت یان وڵاتانی هاوکاری کەنداو– بەحرێن، ئەبوزەبی یان دوبەی – دەچوون. ڕێکخراوی کەفای ناحکومی کەیسی شەش ژنی ڕاگەیاند کە لە فڕۆکەخانەی مانێلا لە فلیپین دەسگیرکران، کە جلی وەکو ڕەبەنانیان لەبەرکردبوو، وایان پیشاندەدا بەرەو هۆنگکۆنگ دەچن بۆ ئامادەبوون لە سیمینارێکی ئاینیدا (Hamill, 2011).

هەندێك ئەسیوبیش لە ڕێی هەندێ شاری وڵاتانی کەنداو، یان قاهیرەوە پەڕینەوە لە ڕێگەی چوونیان لە ئەدیس ئەباباوە بۆ بەیروت. هەندێ وڵاتی ترانزێتی دیکە سودان، کینیا، جیبۆتی و یەمەن دەگرێتەوە، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری کۆچبەران کە لە ڕێگەی وشکانیەوە دەگەنە خەرتوم. بەپێی ڕاپۆرتەکان، قەدەغەکردنەکەی ئەسیوبیا لەلایەن فڕۆکەخانەو دەسەڵاتەکانی کۆچی سودانەوە پەیڕەو نەکراوە. هیندیش وڵاتی ترانزێت بوو کە لەلایەن کۆچبەرانی نیپالیەوە بەکارهێنرا، چونکە لەنێوان نیپال و هیند ڤیزا داواکراو نیە. دوای گەیشتنە هیند لە ڕێی وشکانیەوە، بەرەو وڵاتانی کەنداو فڕین و لەوێوەش بۆ لوبنان (Hamill, 2011).

بەپێی سەرژمێریەکانی ئوردن لە ساڵی ٢٠١٤دا، ٣٤٢٢٧٣ کەس – ٧,٧٪ی سەرجەم دانیشتوانی ئوردن – لەوانەن کە ئوردنی نین. نزیکەی سێیەکی ئەوانەش پەنابەرانی فەلەستینی بوون، لەکاتێکدا ئەوانیدیکە لە عیراق، سوریا، میسرو وڵاتانیدیکەی باکوری ئەفریقیان (Di Bartolomeo, Fakhoury & Perrin, 2010). لەماوەی دە ساڵی یەکەمی ئەم سەدەیەدا، گەشەی خێرای جل و بەرگ و پیشەسازی جل وبەرگی ئوردنی بووەهۆی هەڵڕژانی ژمارەیەکی زۆری کۆچبەران، بە پلەی یەکەم لە کیشوەری ئاسیا: باشوری ئاسیا (هیند، بەنگلادیش و سریلانکا)؛ ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (چین)و؛ باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (فلیپین، ئیندۆنیسیاو ڤێتنام). بەشێوەیەکی گشتی ئەم کۆچبەرانە لە ڕێگەی فڕۆکەو ڤیزای یاساییەوە هاتوون. هەروەکو سوریاو لوبنان، لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٨و ٢٠١٢، حکومەتی فلیپین ڕێگری لەوەکرد کە ژنانی فلیپینی بۆ کارکردن بچنە ئوردن چونکە ئاژانسەکانی بەکارخستن لە فلیپین و لە ئوردنیش خەڵەتاندیان لە بەکارخستندا بەکارهێنابوو (JO23). ژمارەیەکی زۆر بەڵام نەزاندراوی کرێکارانی کۆچبەر لە ناوچەکانی بازرگانی ئازاد، کە زۆنە شیاوەکانی بازرگانیش ئاماژەیان پێدەکرێت خرابوونە بەرکار (وەزارەتی کاری ئوردنی، ٢٠٠٩، تەمکین، ٢٠١١؛ JO23).

زۆر لە ئاژانسی دامەزراندنی کرێکارانی کۆچبەر لە دوای شەڕو ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە ٢٠٠٣ لە عیراق دامەزران (Harroff-Tavel & Nasri, 2013)، لەگەڵ کۆچبەرانی وڵاتانی باشورو باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا وەکو بەنگلادیش و فلیپین، هەندێجار لە سۆماڵیشەوە، کە لە حاڵەتی ژناندا بە مەبەستی کاری ناوماڵ و پاككردنەوە دەهاتنە عیراق و، ئەگەر پیاویش بان بۆ بیناسازی (Minwalla & Portman, 2007). لەدوای ٢٠٠٣، هەرێمی کوردستانی عیراق کۆچبەری وەرگرتووە بۆ کارکردن لە کەرتی بیناسازی، کاری ناوماڵ و خزمەتی پیشەسازی (Harroff-Tavel & Nasri, 2013). زۆر لەو کۆچبەرانە لە فلیپین، نیپال و ئەسیوبیاوە بوون (Minwalla & Portman, 2007).

هەروەها عیراق ڕاگواستنێکی بەرچاوی ناوخۆی هاوڵاتیانی بەخۆوە بینی کە بەدوای ئارامی و دەرفەتی کاردا دەگەڕان، بەتایبەتی پیاوانی عیراق لە ساڵانی ٢٠٠٥- ٢٠٠٦ کرێ لە هەرێمی کوردستانی عیراق نزیکەی ١٥٠٪ بۆ ٢٠٠٪ی کرێی بەشەکانیدیکەی وڵات بوو، شارە هەرە سەقامگیرەکانی کوردستان گەشەسەندنێکی بنیاتنانیان بەخۆوە

بینی. بۆنمونە لە نیسانی ٢٠٠٦، نوسینگەی پاسپۆرت و مانەوە لە سلێمانی لە هەرێمی کوردستان نزیکەی ٦٠٠٠ عیراقی دەرەوەی کوردستانی تۆمار کردووە (Minwalla & Portman, 2007).

## ٢.٢ ڕێگاکانی بازرگانی پێوە کردن

لە **ماوەی قۆناغی سەرەتادا بەشێوەیەکی سەرەکی خەڵك بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی، کۆیلایەتی ناوماڵ ئیستغلال کردنی کار لە ناوەوە یان بەرەو وڵاتانی ژێر توێژینەوە بازرگانیان پێوەدەکرا، بەتایبەتی لە باشورو باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیاش** بۆ سوریاو لوبنان بازرگانیان پێوەکراوە، لەکاتێکدا خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بەرەو تورکیا، سوریا، ئوردن و لوبنان بازرگانیان پێوەکراوە. خەڵکی باکوری ئەفریقیا وەکو بازرگانی پێوەکراو بەرەو لوبنان و بەرادەیەکی کەمتر بەرەو تورکیا دەستنیشانکراون، لەکاتێکدا خەڵکی کۆمانوێلسی وڵاتانی سەربەخۆ ڕێژەیەکی زۆر پێکدێنن لە قوربانیانی بازرگانی پێوە کردن کە لە تورکیا دەستنیشانکراون، هەروەها ڕوسیەکانیش بۆ سوریا بازرگانیان پێوەکراوە. لەناو وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا، **عیراقیەکانیش** بازرگانیان پێوەکراوەو لە ڕێگەی ئوردن، تورکیاو سوریاوە؛ هەروەك لەم قۆناغەدا سوریەکانیش وەکو بازرگانی پێوەکراو بۆ لوبنان دەستنیشان کراون. هاوڵاتیان و دانیشتوانی لوبنان و عیراق وەکو **بازرگانی پێکراوی ناوخۆ** لە چوارچێوەی وڵاتەکانیاندا دەستنیشان کراون، بەتایبەتی بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی.

ئەم نەخشەیەی خوارەوە ناوچە سەرەکیە ڕەسەنەکانی ئەو خەڵکە دیاریدەکات کە لە ماوەی قۆناغی ٢٠١٠-٢٠١٢ بەشێوەیەکی نێودەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بازرگانیان پێوەکراوەو بریتیبوون لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو زەریای هێمن (٣٣٪)و وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (٢٩٪)، هەروەها باشوری ئاسیا (١٨٪). تەنیا ٢٪ی قوربیانیانی بازرگانی پێوەکراو ناوخۆن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (UNODC, 2014). لە ڕاستیدا، ڕێگەکانی بازرگانی پێوە کردن لەناو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە نێوان ناوچەکەو تورکیا، لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٠دا لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا بەرچاوو ڕوون بوون.

نەخشە ٢: ناوچە ڕەسەنەکانی قوربانیانی بازرگانی پێوە کردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست




سەرچاوە: UNODC, ٢٠١٤: ٨٤، داتاکان ئوردن و لوبنان دەگرێتەوە بەڵام عیراق و سوریا ناگرێتەوە

**ژمارەیەکی زۆر گرووپی بازرگانی پێوە کردن لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا هەبوون لە ماوەی قۆناغی سەرەتادا کە عیراقی بوون**. زۆر ژن و کچ لە پارێزگاکانی خواروی عیراق –بەسرەو بەغدا- بۆ سوریاو ئوردن بازرگانیان پێوەگرا، هەروەها بۆ میرنشینی عەرەبی یەککرتووو عەرەبستانی سعودی (IQ5; Goedert, 2011). ڕێگەی نێودەوڵەتی بازرگانی پێوە کردن بۆ میرنشینی عەرەبی یەککرتوو، بە گرنگترین بازاڕی سێکسی ناوچەیی دادەنرا، بۆ دوبەیش بە تایبەتی (OWFI, 2010). ژمارەی ٢٠٠٠ – ٣٥٠٠ ژن و کچ دەخەمڵێنرێ کە لە ٢٠٠٣ – ٢٠٠٨ لە عیراق ونبوون، ڕێکخراوی ناحکومی ئازادی ژن لە عیراق گریمان دەکات کە نزیکەی ٢٥٪یان بەرەو وڵاتانی دراوسێ بازرگانیان پێوەکراوە وەکو سوریا، تورکیاو ئوردن و وڵاتانی ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو، هەروەها لە ناوخۆ بازرگانیان بەرەو هەرێمی کوردستان پێکراوە (Minwalla & Portman, 2007; Sarhan, 2007; Minwalla, 2011). خەڵکی عیراق لە پارچەکانی دیکەی وڵاتیش بەرەو هەرێمی کوردستان وەکو ترانزێت بازرگانیان پێوەکراوەو، لەوێوەش بەرەو وڵاتانی دراوسێ وەکو سوریا، ئوردن، تورکیاو وڵاتانی ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو. هەروەها ڕێکخراوی ناحکومی ئازادی ژن لە عیراق ئاماژە دەدات کە بازرگانی پێوەکردن بەرەو عەرەبستانی سعودی لە ڕێگەی موسڵ ڕوویداوە، هەرچەندە هیچ زانیاری و ژمارەیەکی زیاتر پێشکەش نەکراون (Minwalla & Portman, 2007; OWFI, 2010). هەروا عیراقیەکان لە ڕێگەی ئوردنەوە بۆ یەکێتی ئەوروپاو ناوچەی دیکە بردراون (Chatelard, 2003).

ژنان و کچانی عیراقی ڕاپۆرتکراون وەکو کۆنترۆڵکاری خانەکانی لەشفرۆشی لە سوریا لە ماوەی قۆناغی سەرەتادا (Micha et al, 2011). کچان و ژنانی پەنابەری لاوازی عیراقی بۆ سوریا بازرگانیان پێوەکراوە بە مەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی بازرگانی لە لەشفرۆشیدا (UNHCR, UNICEF & WPF, 2006; Women's Commission, 2007). ڕێکخراوی ناحکومی ئازادی ژن لە عیراق پێنج کەیسی بازرگانی پێوەکردن لە ٢٠٠٨ لە عیراقەوە بۆ سوریا ڕاگەیاندووە، لەپاڵ پێنج کەیس بۆ میرنشینی عەرەبی و یەك ژنی بازرگانی پێکراوی عیراقی بۆ ئوردن (OWFI, 2010).

بازرگانی پێوە کردنی ناوخۆ لە عیراق لەماوەی قۆناغی سەرەتادا بەشێوەیەکی سەرەکی لە بەغداو بەشەکانی دیکەی ناوەڕاست و خواروی عیراق بوو بۆ سلێمانی و هەولێر لە هەرێمی کوردستان و، شارەکانی دیکە بە شێوەیەکی کەمتر، وەکو موسڵ، کەرکوك و بەسرە (IQ5; OWFI, 2010; Minwalla & Portman, 2007; Goedert, 2011). ڕێکخراوی ناحکومی ئازادی ژن لە عیراق پێنج کەیسی بازرگانی ناوخۆی بۆ هەرێمی کوردستان تۆمارکردووە، دووانیش بۆ موسڵ، دوو بۆ بەسرە. لە ٢٠٠٨دا هەواڵدەرێکی لێکۆڵینەوە ئاماژەی بە ڕفاندنی ژنی کوردیش کردووە لەلایەن ڕژێمی عیراق لە پێش ساڵی ٢٠٠٣ (IQ17).

بەپێی داروڵئەمەل کە ڕێکخراوێکی ناحکومی لوبنانیە کار لەگەڵ کرێکارانی سێکس و قوربانیانی بازرگانی ئیستغلال کردنی سێکسی دەکات، **ژنان و کچانیش لە سوریاوە بۆ ئوردن و لوبنان بازرگانیان پێوەکراوە بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی**، هەروەك لوبنانی و فەلەستینی لە لوبنانەوە بازرگانیان پێوەکراوە بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی لە ناوەوەی وڵاتدا (cited in: IRIN, 7 March 2006). دیدارێك بۆ ئەم توێژینەوەیە ئەوە دوویات دەکاتەوە کە ژنان و کچان لە حەلەبەوە بۆ لوبنان بردراون بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی لەپێش ساڵی ٢٠١١ (LB23).

هەروەك لە داتاکانی سەرەوەی UNODC ڕوونبۆتەوە، **باشورو باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاش سەرچاوەی گرنگبوون بۆ بازرگانی پێوە کردن بەرەو وڵاتانی ژێر توێژینەوە، هەروەها چەند بەشێك لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، باکوری ئەفریقیاو ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا**. پێش ساڵی ٢٠٠١ کاتێ کۆچی کرێکارانی خزمەتی ناوماڵ بۆ سوریا لەلایەن حکومەتی سوریاوە قەدەغەبوو، کۆچبەران بە قاچاخ دەهێنران یان بازرگانیان پێوە دەکرا بۆ ئەو وڵاتە لە ڕێگەی ئوردن و لوبنانەوە (Kahale, 2003). هەروەها دوای ئەوەش، وەکو لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، هەندێ لە وڵاتان

ڕێیان لە هاوڵاتیانی ڕەسەن گرتبوو بۆ کۆچ بەرەو سوریا بۆ کارکردن. کرێکارانی خزمەتی ناوماڵی کۆچبەر لەو وڵاتانەوە بازرگانیان پێوەکراوەو بەقاچاخ براون، بەرەو سوریا بە بەکارهێنانی شێوازی جیا، لەوانەش پلیتی فڕۆکە بە ترانزێت لە وڵاتانی کەنداوەوە، پاسپۆرتی ساختەو ڤیزەی گەشتیاری (Kahale, 2003). هەروەك سوریاش ببوو بە وڵاتی ترانزێت بۆ بازرگانی پێوەکردنی کچان و ژنانی گەنج لە عیراق، میسر، ڕوسیا، ئۆکراین، سۆماڵ و مەغریب، هەروەها وڵاتانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی لەلایەن تۆڕەکانی لەشفرۆشی لە وڵاتانی کەنداو (سعودیە، کوێت و ئیمارات)، ئەوروپاو لوبنان (US Department of State, 2010). ژنانی ڕوسیاو ئەوروپای ڕۆژهەڵاتیش بۆ سوریا بازرگانیان پێوەکراوە بە مەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی (SY04).

بە پێی ڕاپۆرتی جیهانی UNODC لەبارەی بازرگانی کردن بە کەسەکان، لەنێوان ٢٠١٠ بۆ ٢٠١٢ قوربانیانی بازرگانی پێوە کردن لە لوبنان بریتی بوون لە: ٤٠ لە سوریاوە، ٧ لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، ٦ لوبنانی، ٦ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیاو ٣ لە وڵاتانی دیکەوە (UNODC, 2014a). قوربانیانی بازرگانی پێوە کردن بۆ لوبنان بە مەبەستی خزمەتکاری ناوماڵ لە باشورو باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیاوە دەستخەرۆ کراون وەکو فلیپین، سریلانکا، نیپال و ئەسیوبیا، لەکاتێکدا ژنان بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی بەهۆی «ڤیزەی هونەرمەند»ەوە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، تونس یان مەغریبەوە هێنراون. زۆرجار بازرگانی پێوە کردن بە خەڵەتاندنێك دەست پێدەکات لەبارەی سروشتی کار لە وڵاتانی ڕەسەنیانەوە. هەروەك سوریای دراوسێ، لەبەر ڕێگرتنی زۆر لە وڵاتان لە هاوڵاتیانی خۆیان بۆ کۆچکردن بۆ لوبنان بە مەبەستی خزمەتکاری ناوماڵ و، بە قاچاخ بردنیان (Hamill, 2011).

لەماوەی قۆناغی سەرەتا، خەڵك بۆ ئوردن بازرگانیان پێوەدەکرا لە فلیپین، سریلانکا، ئیندۆنیسیا، هیندو وڵاتانی دیکەی باشوری ڕۆژهەڵات و باشوری ئاسیاوە. بە شێوەیەکی گشتی ئەو ژنانە بە فڕۆکەو ڤیزای یاساییەوە دەهاتن و زۆربەیان لە پاسەپۆرتەکانیان بێبەش دەکران لەلایەن قاچاخچیان – ئاژانسەکانی بەکارخستن و خاوەن کارانەوە ـــو دووچاری ئیستغلال کردن دەبوونەوە (Tamkeen, 2011). لە ٢٠١٢، ستافی ڕێکخراوی تەمکینی ناحکومی چاوی کەوت بە زیاتر لە ٣٥ ژنی لوبنانی کە تەمەنیان لە نیوان ١٣و ١٧ ساڵیدابوو کاتێ گەیشتنە ئوردن بۆ کاری ناوماڵ، بە بەکارهێنانی پاسپۆرتی ساختە (JO23).

هەندێ کرێکاری بیانی لە عیراق لە باشورو باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوەن وەکو بەنگلادیش و فلیپین و، هەندێجار لە سۆمالیشەوە، کەوتبوونەبەر ئیستغلال کردن لەکارو بازرگانی پێوە کردن بەمەبەستی خزمەتکاری ناوماڵ (Minwalla, 2007). بەپێی ڕاپۆرتەکانی میدیا، هەندێ لە ئاژانسەکانی بەکارخستن تۆمەتبارکراون بە بەکارهێنانی ئوردن وەکو وڵاتێکی ترانزێت بۆ گواستنەوەی کۆچبەرانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بۆ عیراق (IRIN Middle East, 27 January 2009).

تورکیا بە رووگەی بازرگانی پێوە کردن دادەنرێت لە وڵاتانی ناوچەی دەریای ڕەشەوە، لەگەڵ **ئەو قوربانیانەی کە بەشێوەیەکی ئاسایی لە کۆمۆنوێلسی وڵاتانی سەربەخۆو ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاوە دێن.**[٢٨] خەڵکێك لە وڵاتانی ئۆکراین، مۆلدۆڤا، ڕوسیاو ڕۆمانیا لەڕێگەی ئەستەمبوڵەوە بەرەو ناوچە تورکیەکانی دەریای سپی و دەریای ئیجە بازرگانیان پێوەکراوە، لەکاتێکدا خەڵکی ڕوسیا، ئازربایجان و جۆرجیا لەڕێگەی بەندەری سوچی لە جۆرجیاوە یان بەندەری ترابزۆن لە تورکیا بۆ شارە تورکیەکانیدیکەی سەر دەریای ڕەش و شارۆچکەکان لە ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەناتۆلیا بازرگانیان پێوەکراوە. هەندێکی دیکە لە ئازربایجان، قرغیزستان، جۆرجیاو ڕوسیا

٢٨ بڕوانە 'Global Alliance against Traffic in Women (GAATW), (no date). 'HRDF: Migration and Trafficking in Turkey. کە بەردەستە لەسەر: www.gaatw.org/members/featured-members-of-the-forthnight/731-hrdf-migration-and- trafficking-in-turkey، سەیرکراوە لە ٢٠/٣/٢٠١٥

(داغستان) لەرێگەی شارۆچکەکانی باکوری رۆژهەڵاتی تورکیا بۆ شارە گەورەکانی وەکو ئەنتالیاو ئەستەمبۆڵ بازرگانیان پێوەکراوە، لە باکوری رۆژهەڵاتی تورکیاو ئەستەمبوڵەوە بۆ کەنارە تورکیەکانی دەریای ئیجە (Atauz et al., 2009).

لەماوەی نێوان ٢٠٠٤-٢٠٠٨، زۆربەی خەڵکی بازرگانی پێکراو کە لە تورکیا لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ IOMەوە یارمەتیاندراوە، لە مۆلدۆڤا، ئۆکراین و روسیاوە بوون (IOM, 2013). لە ٢٠٠٨ەوە زیادبوون هەبوو لە ژمارەی قوربانیانی بازرگانی پێوە کردن لە وڵاتانی ناوەراستی ئاسیاوە، بەتایبەتی ژنان لە ئازربایجان، ئۆزبەگستان، تورکمانستان و قرغیزستان، لەکاتێکدا ڕێژەی بازرگانی پێوەکراوانی مۆلدۆڤی، ئۆکراینی و روسی دابەزیوە (US Department of State, 2009). لە ٢٠٠٧، سێ قوربانی دەستنیشانکراوی بازرگانی کردن بە مرۆڤ لە تورکیا خەڵکی مەغریب، تونس و سریلانکا بوون، لە دەرەوەی ئەو ناوچە سەرچاوە سەرەکیانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا (Dündar &Özer, 2012).

## ٣.٢ ئاستیبازرگانی پێوە کردن

دیاریکردنی مەودای بازرگانی پێوەکردن لەهەر پێنج وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا لەماوەی قۆناغی سەرەتا ٢٠٠١- ٢٠١٠ ئەنجامدانی ئەستەمە بەتایبەتی لەبەر ئەو راستیەی کە **یاسای سەرەکی دژ بە بازرگانی پێوە کردن لە چوار لە پێنج وڵاتانی ژێر توێژینەوە لەدوای ئەو قۆناغەدا پەسند کراون**، هەروەك لە پێشەکیدا بینیمان.




هەروەها ئەمە کاریگەری هەبوو لەروی نەبوونی سیستەمەکان و ژێرخانی کۆکردنەوەی داتاکان؛ بۆ دەستنیشانکردن و یارمەتیدانی قوربانیانی بازرگانی پێوە کردن و؛ بۆ لێکۆڵینەوەو دادگایی کردنی کەیسەکانی بازرگانی پێوە کردن. لەلایەکیدیکەوە، **سەبارەت بە تورکیا، داتای وردتر بەردەستە، وەکو زیادکردنی برگەی بەتاوان ناساندنی بازرگانی کردن بە کەسەکان بۆ یاسای سزاکان لە ٢٠٠٢دا**، سەرەڕای چاکسازیەکانی ئەمدواییە بۆ دابەشکردنی پسپۆریەکانی نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردن لەسەر ئاستی حکومەتیشدا بەراوردێك لەنێوان قۆناغی سەرەتاو قۆناغی دوای ٢٠١١ ئەستەم دەکات.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەدەبیاتی بەردەست هەندێك نیشاندەر دەداتە دەست لەبارەی ئاستی بڵاوبوونەوەی بازرگانی پێوە کردن لە قۆناغی ٢٠٠١ تا کۆتایی ٢٠١٠. سەرەرای ئەوەش هەروەك لە بەشی داهاتوو ٢,٤ روندەبێتەوە، سەرچاوەی دیکە جیا لە ئامارە فەرمیەکان وێنەیەکی تەواوتری دیاردەی بازرگانی پێوە کردن لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا دەخەنە بەردەست، هەرچەندە کە لێکۆڵینەوەی ئەزمونگەری ورد لەبارەی بازرگانی پێوە کردن دەگمەنە.

بەر لە قۆناغی سەرەتا لە سەرەتای ٢٠١٠، دەسەڵاتەکانی سوریا ئامارە فەرمیەکانیان لەبارەی بازرگانی کردن بە کەسەکان نەدەخستە بەردەست. نەبوونی پێداویستی تەندروستی تایبەت و پەناگە بۆ گرتنەخۆو یارمەتیدانی قوربانیانی بازرگانی پێوە کردن هەر هەوڵێکی ئاڵۆز دەکرد بۆ هەڵسەنگاندنی مەودای ئەو دیاردەیە (IRIN, 2 February 2009). لەبارەی بازرگانی پێوە کردن بە مەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی لە سوریا بە تایبەتی، زۆر لە قوربانیانی تۆرەکانی تاوانی ڕێکخراو ئەو جۆرە پێشێلکاریانەیان راپۆرت نەکردووە لەبەر ترسی توندوتیژی و تۆڵەکردنەوە

لەلایەن ئیستغلالکارانیان گرتن و دیپۆرتکردنەوەیان لەلایەن پۆلیس و دەسەڵاتەکانی کۆچ (Sinjab, 2007). لەگەڵ ئەوەشدا، بەگەیشتنی ژمارەیەکی زۆری پەنابەرانی عیراقی بۆ سوریا لەدوای ٢٠٠٣، کەناڵەکانی میدیاو هەندێ ڕێکخراوی ناحکومی خۆجێی وایان خەمڵاندوە کە لە نێوان ٤٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ ژن و کچی عیراقی لە ئیستغلال کردنی سێکسی بۆ لەشفرۆشی گلاون (Hassan, 2007; Dakkak, 2007). یەکێك لە ڕاپۆرتەکان وادەخەمڵێنێ کە ٩٥٪ی کارگەرانی سێکس و خەڵکی ئیستغلالکراو لەڕوی سێکسیەوە لە خانەکانی لەشفرۆشی سوریا لە قۆناغی سەرەتادا عیراقی بوون، زۆربەی هەرەزۆریشیان گوماندەکرێ کە کچانی هەرزەکاربن (Micha et al, 2011).

دەگمەنیەکی هاوشێوە هەیە لە ئامارەکان لەبارەی بازرگانیکردن بە منداڵ بەمەبەستی ئیستغلال کردن لە کارو شێوە هەرە خراپەکانی کارکردنی منداڵان لە سوریا لەوقۆناغەدا. توێژینەوەی نیشتمانی لەبارەی شێوە هەرە خراپەکانی کارکردنی منداڵان لە سوریا، کە ئەو لێکۆڵینەوانە لەخۆدەگرێت کە لەلایەن وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی سوریا، ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و یونیسێف ئەنجامدراون سەبارەت بە منداڵانی سوری، فەلەستینی و عیراقی لە وڵاتدا لەنێوان نیسانی ٢٠١٠و شوباتی ٢٠١١، پەیرەویکی جۆری گرتبووەبەر زیاتر لەوەی چەندی بێت. لەپاڵ ئەوەش، بەپێی ژمارەکانی ساڵی ٢٠٠٠، توێژینەوەکە وایخەملاندوە کە نزیکەی ٢٦١٠٠٠ منداڵ، ١٧,٨٪ی سەرجەم منداڵانی تەمەن ١٠- ١٧ ساڵی، کاریان دەکردو، نزیکەی ٧,٨٪یان لەدەرەوەی خێزانەکانی خۆیان کاریان دەکرد (ILO & UNICEF, 2012).

تێکڕای ١١٦٥ کەسی بازرگانی پێوەکراو دەستنیشانکران لەلایەن دەسەڵاتەکان و سندوقی پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە تورکیا یارمەتیدران لەماوەی نێوان ٢٠٠٤ و ٢٠١٠ Dündar &Özer, ٢٠١٢)، لەکاتێکدا کە ١٦٥ کەسی بازرگانی پێوەکراو لەرێگەی هێڵی گەرمی ١٥٧ لە ٢٠٠٥ تا ٢٠٠٩ دەستنیشانکراون (IOM, 2013). ئەو پەناگەیەی لەلایەن ڕێکخراوی ناحکومی هاوکاری ژنانی تورکی (FWS)ەوە بەڕێوەدەبرێت، یەکێکە لە ڕێکخراوە ناحکومیە هاوبەشە سەرەکیە نیشتمانیەکانی نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردنی وەزارەتی ناوخۆ، کە یارمەتی پێشکەش بە ١٩٩ کەس کردووە لەنێوان ٢٠٠٥ و ٢٠٠٩دا (FWS, 2010). سندوقی پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان کە دووەم NGO ی هاوبەشی سەرەکیە، یارمەتی پێشکەش بە ١٤٩ ژن و کچی بیانی کردووە کە لەنێوان ٢٠٠٨ و ٢٠١١ وەك بازرگانی پێوەکراو دیاریکراون، لەوکاتەی کە تێکڕای ژمارەی دەستنیشانکراوان لە ساڵێك لە قۆناغی ٢٠٠٤-٢٠٠٨ ٢٤٧ کەس بوو، ئەمە لە قۆناغی ٢٠٠٧- ٢٠١٠ بۆ ١٠٦ کەس کەمبووەوە (Dündar &Özer, 2012). ژمارەیەکی کەمتریش کەسانی بازرگانی پێکراوی ناخۆیی دەستنیشانکراون (TR01).

ڕاپۆرتێك لەلایەن وەزارەتی دادی لوبنانی لە ٢٠٠٨ بڵاوکراوە کە کێشەی بازرگانی کردن بە مرۆڤی لە لوبنان بە «بچوك» وەسفکردووە، کە ساڵانە نزیکەی ٦٠ کەیسەو، تەنیا بە وڵاتی مەبەستی داناوە، لەکاتێکدا دانی بە ئەستەمی دیاریکردنی ژمارەی ڕاستەقینەی کەسانی بازرگانی پێوەکراو داناوە (Lebanese Ministry of Justice, 2008). لە ٢٠١٠، UNODC، «نوسینگەی ڕەوشت»ی لوبنانی داناوە (کە دەبێ فەرمانگەی پاراستنی ڕەوشت بێت لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ) کە دیداری کەیسی بازرگانی پێوە کردنی کردووەو ٩ قوربانی بازرگانی پێوە کردنی دەستنیشانکردووە (٣ کچ و ٩ ژن). لەنێوان ٢٠١٠ و ٢٠١٢، تێکڕا ٦٢ کەس بە فەرمی وەکو بازرگانی پێکراو لە لوبنان دەستنیشانکراون UNODC, 2014a).

لە ئوردن لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٠دا، داتایەکی کەم سەبارەت بە بازرگانی پێوە کردن بەردەستبوو، چونکە یاسای نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردن تەنیا لە ٢٠٠٩ پەسندکرا؛ ئەوە ڕاستیە کە دەسەڵاتەکان بە چالاکی دەستنیشان و لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونیان بۆ تاوانەکانی بازرگانی پێوە کردن نەدەکرد (Olwan, 2011); ڕاستیە کە ئیستغلال کردن زۆربەی جار لە ژینگەی خێزاندا ڕوویدەدا (Gharaibeh & Hoeman, 2003); کەسانی بازرگانی پێوەکراویش دەترسان لە ڕووبەڕووبوونەوەی پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی کلتوری لە کۆمەڵگەی موحافیزکاردا

ئەگەر ئەو هەواڵەیان بە دەسەڵاتەکان راگەیاندبا (WCRWC, 2007). بەپێی داتای پێشکەشکراو لەلایەن لیژنەی نیشتمانی ئوردنی بۆ نەهێشتنی بازرگانی پێوە کردن بە UNODC، لە ٢٠١٠ لێکۆڵینەوە لە ٢٦ کەیسی بازرگانی پێوە کردن کراوە، لە کۆی سەرجەمی ٥٤ گومانلێکراوو، ٨١ کەسیش وەکو قوربانی بازرگانی پێوە کردن دیاریکراون (UNODC, 2014a).

لە عیراق داتای دیاریکراو سەبارەت بە Heartland Alliance و OWFIکەیسیان دەستنیشانکردووە (IQ17; Minwalla & Portman, 2007; OWFI, 2010). هەروەك وڵاتانی دیکەی ژێر لێکۆڵینەوە، رێگری کۆمەڵایەتی کلتوری هەبوون لەبەردەم ژنان و کچان بۆ راپۆرتکردنی بازرگانی پێوە کردن، کە لە کەیسی عیراقدا روو لە زیادی بوو بەهۆی دوودڵی لە ئاست ئاسایشی قوربانیان و ستافی رێکخراوە نا حکومیەکان، هەروەها تۆڵەکردنەوەی توندوتیژی لەسەر بنچینەی جێندەرو کوشتن لەسەر شەرەف (IQ04).[٢٩] هەروەك لە سەرەوە روونکراوە، کە بەڵگە هەبوو لەسەر بازرگانی پێوە کردنی ژنان و کچانی عیراق بۆ سوریا، ئوردن، تورکیاو وڵاتانی کەنداو، لە نێو وڵاتانی دیکە، لەو قۆناغەدا. قەبارەی ئۆپەراسیۆنەکانی رفاندن لەماوەی توندوتیژی تایفیدا لە ٢٠٠٥-٢٠٠٨ گەورە بوو، کە بووە هۆی ئەوەی بەغدا بە «زۆنی قەدەغەی ژنان» ئاماژەی بۆ بکرێت (OWFI, 2010; Minwalla & Portman, 2007). تێکرای یازدە کەیسی بازرگانی پێوە کردنی نێودەوڵەتی لەلایەن رێکخراوی ئازادی ژنان لە ٢٠٠٨ تۆمارکرا، سەبارەت بەژنان و کچانی عیراقی بازرگانی پێکراو بۆ دەرەوە، سەرەڕای نۆ کەیسی بازرگانی پێوە کردنی ناوخۆ (OWFI, 2010).

## ٤.٢ شێوەکانی بازرگانی پێوە کردن

پێش ساڵی ٢٠١١، کەیسەکانی بازرگانی پێوە کردن لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا دەستنیشانکراون، بەپێی پۆلێنی شێوەکانی بازرگانی پێوە کردن کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پیادەکراون، بەشێوەیەکی سەرەکی بە مەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی بازرگانی، خزمەتکاری ناوماڵ، ئیستغلال کردنی کاری گەوران و منداڵان، ئیستغلال کردن لە رێگەی سواڵکردن، هاوسەرگیری بەزۆرو ئیستغلال کردن بوون لە کێشە چەکدارەکاندا، لەپاڵ هەندێك کەیسی جیای بازرگانی پێوە کردن بۆ بەکورِکردنی نایاسایی و بۆ دەرهێنانی ئەندامەکان لە لوبنان، هەروەك لە شێوەی ١ لە خوارەوە روونکراوەتەوە.

پێش قۆناغی سەرەتا لە کۆتایی ٢٠١٠، زۆرترین شێوە راگەیەندراوەکانی بازرگانی پێوە کردن لە سوریا تایبەتبوون بە ژنان و کچانی روسیاو رۆژهەڵاتی ئەوروپا بەمەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی لە لەشفرۆشیداو، ژنان و کچانی شیعەی موسوڵمان بۆ زۆرلێکردن لە هاوسەرگیری کاتی (موتعە)دا (SY04). لەپاڵ بازرگانی پێوە کردن بۆ ئیستغلال کردنی گەورەو منداڵان لەکارو، بۆ خزمەتکاری ناوماڵ کە لەماوەی قۆناغی سەرەتا لە سوریا راگەیەنراون.

لە تورکیا داتاکانی حکومەت بۆ ساڵانی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ دەریدەخەن کە زۆربەی ئەو قوربانیانەی بە فەرمی دەستنیشانکراون بە مەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی بازرگانیان پێوەکراوە، هەرچەندە چەند کەیسێکی کەمی ئیستغلال کردنی کاریش هەبوون- ١٦٠ قوربانی لەم قۆناغەدا دەستنیشانکراون، کە ١٥٥یان بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی و ٥یان بۆ ئیستغلال کردنی کار بوون. هیچ قوربانیەك دەستنیشاننەکراوە بۆ هیچ جۆرێکی دیکەی بازرگانی

٢٩ لە ساڵانی ١٩٩٠دا، ژمارەی کوشتن لەسەر شەرەف کەیشتە بەرزترین رادە لە مێژووی هاوچەرخی عیراق. لە هەرێمی کوردستان، گروپێکی خۆجێی نزیکەی ٩٠٠٠ کوشتنیان لەسەر شەرەف ئەنجامدا لە ماوەی نۆ ساڵدا. سەرەڕای ئەوە، لە دوادوای ٢٠٠٠ەکان نزیکەی ٢٠٠ ژنی عیراقی لەلایەن فیدائیەکانی سەدام(میلیشیاکانی سەدام حوسێن)ەوە لە سێدارەدران بە تۆمەتی لەشفرۆشی (OWFI, 5 March 2010).

پێوە کردن (داتاکان لە فەرمانگەی بیانیەکان و پۆلیسی نیشتمانی بەردەستن لە: ICMPD, 2013; Dündar &Özer, 2012).

هەروەها کەیسە دەستنیشانکراوەکانی بازرگانی پێوە کردنی گەوران لە لوبنان لە میانەی ساڵانی ٢٠٠٠دا بۆ مەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی بوون، لەپاڵ خزمەتکاری ناوماڵ، لەکاتێکدا منداڵانی لوبنانی لەناو وڵات بازرگانیان پێکراوە بەمەبەستی ئیستغلال کردن لە سێکس و لەکاردا (Huda, 2006; Ministry of Justice, 2008; US Department of State, 2009). وەزارەتی دادی لوبنانیش ئاماژەی بە ئیستغلال کردنی کار کردووە بۆ پیاوان و ژنانی بیانی و، بازرگانی پێوە کردن بەمەبەستی لابردنی ئەندامەکان (Lebanese Ministry of Justice, 2008). پەناگەی سەنتەری کۆچی کاریتاسی لوبنانی بۆ کەسانی بازرگانی پێکراو یارمەتی زۆرینەی قوربانیانی خزمەتکاری ناوماڵی داوە لە ساڵانی ٢٠٠٨- ٢٠١٠ (١٨٩ کەس)، هەروەها ٧٠ کەسی بازرگانی پێکراو بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی و ٢٦ کەسی بازرگانی پێکراو بۆ کارپێکردنی بەزۆر. هەرچەندە ئامارە رەسمیەکانی هێزەکانی ناوخۆی ساڵانی ٢٠٠٩- ٢٠١٠ تەنیا بازرگانی پێوە کردنی بە مەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی تۆمارکردووە، بۆ گەوران و بۆ منداڵان (ICMPD, 2013a).

شێوە سەرەکیەکانی بازرگانی پێوە کردن کە لە قۆناغی سەرەتادا لە ئوردن دەستنیشانکراون بریتیبوون لە ئیستغلال کردنی سێکسی، کە بەتایبەتی کاریگەری بەسەر ژنان و کچانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا، باکوری ئەفریقیاو عیراقدا هەبووە، لەگەڵ ئیستغلال کردنی کار بۆ کۆچبەران لە وڵاتانی باشورو باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیاو چین لە ناوچە پیشەسازیە شیاوەکانی ئوردندا. منداڵانیش لە خراپترین شێوەی کاری منداڵ ئیستغلال کراون، لەکاتێکدا کۆچبەران لە سریلانکا، فلیپین و ئیندۆنیسیا بۆ خزمەتکاری ناوماڵ بازرگانیان پێوەکراوە.

بەهەمان شێوە، یەکێك لە شێوە هەرە باوە دەستنیشانکراوەکانی بازرگانی پێوە کردن لە عیراق پێش ساڵی ٢٠١١ بریتیبوو لە ئیستغلال کردنی سێکسی لە لەشفرۆشیدا. بازرگانی پێوە کردن بە مەبەستی کارو ئیستغلال کردنی سێکسی شێوە سەرەکیە دەستنیشانکراوەکان بوون لەلایەن رێکخراوی ناحکومی Heartland Allianceی نێودەوڵەتی (Minwalla & Portman, 2007).

شێوە ١: شێوەکانی بازرگانی پێوە کردن لە قۆناغی سەرەتادا



## ئیستغلال کردنی سێکسی

**بازرگانی پێوە کردن بەمەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی لە لەشفرۆشی لەماوەی قۆناغی سەرەتا لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا بەشێوەیەکی بەرچاو وەکو دیاردەیەکی نێو ناوچەیی لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و کەنداوی عەرەبی و، هەروەها تورکیا ڕاگەیەنراوە. ژنان و کچانی عیراقی و سوریش بەشێوەیەکی تایبەت کەوتوونەتە بەر کاریگەریەکە.** هەموو وڵاتانی ژێر توێژینەوە جگە لە تورکیا ڕیپۆرتی بازرگانی پێوە کردنیان کردووە بەمەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی ژنان و کچانی عیراقی، لەزۆر حالەتی بەرچاودا کەوتوونەتە بەر بازرگانی پێوە کردن لەبەر باری پەنابەری و ئاوارەبوونی ناوخۆییاندا. هەروەها ژنان و کچانی ئەفریقیای باکورو ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا وەکو بازرگانی پێکراو ڕاگەیەنراون بەرەو لوبنان، ئوردن، تورکیاو سوریاو، لە ناوەڕاستی ئاسیاشەوە بۆ لوبنان و تورکیا. هەروەها بازرگانی پێوە کردنی ناوخۆ بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی لە عیراق، لوبنان و ئوردن دەستنیشانکراوە.

لەوەتەی جەنگی ژێر سەرکردایەتی ئەمریکا لە عیراق لەساڵی ٢٠٠٣، **هەزاران پەنابەری ژن و کچی عیراقی** بەمەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی لە سوریا، ئوردن و لوبنان و وڵاتانی کەنداویش بازرگانیان پێوەکراوە. زۆربەی جار ئەو ژن و کچانە لە تەمەنی ١٢- ٣٨ ساڵیدابوون و، یان لە خێزانێکی گەورەی هەژاربوون، یان ژنانی تەنیاو بێوەژن بوون، کە نێرینەی گەورەی خێزانەکەیان لە توندوتیژیەکانی عیراق لەدەستدابوو (Weiss, 2007; Micha et al, 2011; Minwalla & Portman, 2007; OWFI, 2010; Chatelard, 2003; WCRWC, 2007). لەکاتێکدا زۆر ئیستغلال کردنی سێکسی ژنان و کچانی عیراقی وەك ڕاگەیەنراوە لە خانەکانی لەشفرۆشی لە بەغدا ڕوویانداوە، هەروەها بازرگانی پێوە کردن لەرێگەی هاوسەرگیری بەزۆر یان خەڵەتاندنی ژنان و کچان ڕویداوە بۆ ئیستغلال کردنیان لە لەشفرۆشی لە دەرەوەی وڵات (OWFI, 2010; IQ05; Huda, 2006). **پیاوان و کوڕانی عیراقیش لە هەندێك ناوچەی دیاریکراوی بەیروت بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی بازرگانیان پێوەکراوە** (LB32).

هەڵسەنگاندنێکی هاوبەشی ڕەوشی پەنابەرانی عیراقی لە سوریا سێ جۆری سەرەکی کاری سێکسی ژنان و بازرگانی پێوە کردنی ژنان و کچان ی پەنابەری عیراقی بە مەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی دەستنیشانکردووە: لەشفرۆشی لەلایەن تاکەوە؛ لەشفرۆشی ڕێکخراو لەلایەن ئەندامانی خێزانەوە؛ لەگەڵ ئیستغلال کردنی سێکسی لەلایەن تۆڕی ڕێکخراوی تاوانی نێونیشتمانی (UNHCR, UNICEF & WFP, 2006). لە هەندێ کەیسدا ژمارەیەك ئەندامانی خێزانێك، عادەتەن ژن و کچ، دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی کەسێکی خۆیان کە کریارانی سێکس دەهێنێتە ماڵەوە. هەندێ کچانی عیراقی پێشتر لە عیراق بەدڕەفتاری سێکسیان لەگەڵداکراوە لەلایەن خزمان بەرلەوەی لەلایەن دایبابیانەوە بفرۆشرێنە تۆڕەکانی لەشفرۆشی کە لەودیو سنوری سوریاوە کاردەکەن، بە بیانووی دابینکردنی ژیانێکی باشتر بۆیان (Hassan, 2007; Sarhan, 2007; Micka et al, 2011; Minwalla & Portman, 2007; OWFI, 2010). هەندێ کچی عیراقی دیکە لەلایەن خێزانەکانیانەوە بۆ سوریا، ئوردن و وڵاتانی کەنداو بازرگانیان پێوەکراوە، یان لە ناوەوەی عیراق، لە ڕێگەی موتعەوە، کە هەندێ شیعەی موسڵمان قبوڵیانە، بەڵام لەلایەن هەندێ موسڵمانی سوننەشەوە ئەنجامدەدرێت- کە ڕێگەیەکی هاوبەشە بۆ ئیستغلال کردنی بازرگانی سێکسی (Lyon, 2007; OWFI, 2010; Minwalla, 2011; IQ05)، ئەمەش لە پێش و لەوەتەی دەسپێکردنی شەڕ لە سوریا.

بەپێی هەندێ ڕاپۆرت ژنانی کرێکاری عیراق و، ژنان و کچانی ئیستغلال کراو، وەکو سەماکەرو لەشفرۆش لە یانە شەوانەکانی دیمەشق لە سوریا برە پارەیەکیان دەدایە خاوەن یانەکە بۆ دۆزینەوەی کڕیاران لە یانەکەدا (Hassan, 2007). لەمەی کە تۆڕەکانی تاوان تێوەگلابون، خێزانە هەژارە عیراقیەکان ئۆفەری پارەی پێشوەختەیان وەرگرتبوو بە نزیکەی ٦٠٠٠ دۆلار بۆ فرۆشتنی کچەکانیان. لە هەندێ کەیسدا ژنان و کچانی عیراقی خەڵەتێنراون و بەڵێنی کاری ناوماڵانیان پێدراوە لە سوریا، بەڵام لەگەڵ گەیشتنیان لەجیاتی ئەوە بەزۆر لەشفرۆشیان پێکراوە (IRIN, 17

March 2008). کچانی پاکیزە لەلایەن بازرگانیکارانەوە بە نرێکخراوی ناحکومیی بەرزتر فرۆشراونەتە کرپارە دەوڵەمەندەکان لە عیراق و وڵاتانی کەنداو (Sarhan, 2007).

لە ئوردن، ژنان و کچانی پەنابەری عیراقی بۆ ئوردن براون و بەوێدا تێپەڕیون، لەوێش بە مەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی بازرگانیان پێوەکراوە (Chatelard, 2003; WCRWC, 2007). لە ناو ئوردن، زۆرکات ئەوانە لە ناوچە کەمتر دەوڵەمەندەکانی عەمان و رەوشی مرۆیی ناهەمواردا دەژین، هەروەها لە هەندێ کەیسدا، نیاز لە بەکارهێنانی قاچاخچیان بۆ ئەوەیە کە پەناهەندەییان دەسکەوێ لە وڵاتانی خۆرئاوا، ئەمە وایلێکردوون بکەونە بەر ئیستغلال کردنی سێکسی لەلایەن تۆڕەکانی بازرگانی پێوە کردنی نێونەتەوەیی (Chatelard, 2003; WCRWC, 2007)، ئاگاداركردنەوەی رەوشی پەنابەرانی سوریا لە ناوچەكەدا لە ساڵی ٢٠١١ەوە، لە خوارەوە لە بەندی ٤ دەیبینین.

**بە شێوەیەکی تایبەت ئاماژە بە رەوشی بەقاچاخبردنی کۆچبەران و کۆچی نایاسایی کراوە وەکو ئامرازێکی رەتاندن و ئیستغلال کردنی سێکسی ژنان و کچانی عیراق**. بەقاچاخبردنی عیراقیان لە سوریاوە بۆ لوبنان بۆیەهیە ببێتە بازرگانی پێوە کردن، کە قاچاخچیەکان ژن و منداڵی عیراقی دەرفێنن و داوای فدیە دەکەن لە مێرد یان باوکیان (Save the Children Sweden, 2011). بانگەواز بۆ ئاژانسە ساختەکانی گەشتیاری لەناو جەرگەی شاری عەمان لە ئوردن رێکلام بۆ ڤیزەی سەفەر یان ئامۆژگاری بۆ کۆچکردن بەرەو رۆژئاوا، بە مەبەستی تەجنیدکردنی ژنان و کچانی پەنابەری عیراقی بە مەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی. ئەو عیراقیانەی پرسیاریان هەبووە سەبارەت بە تێچووی گەشتی نایاسایی بۆ ئەوروپا کاری لەشفرۆشیان بۆ نمایشکراوە تا برە پارەی پێویست وەدەستدێنن بۆ بەقاچاخبردنی خۆیان و خێزانەکانیان بۆ دەرەوەی ئوردن. پێشوەختە سەعاتەکانی کار دیاریکراوە، ژنانی عیراقی کاریان کردووەو ئەو پارەیەی وەریانگرتووە داویانە بە دەلالانی لەشفرۆشی، ئەوانەی کە تەنیا دوای دۆزینەوەی ژنێکی دیکە بۆ جێگرتنەوەیان بەرەڵایان دەکردن و بەڵگەنامەی سەفەریان پێدەدان (Chatelard, 2003).

میرنشینی عەرەبی یەکگرتوو، بەتایبەتیش شاری دوبەی، ببوە رووگەی لەشفرۆشی و بازرگانی پێوە کردنی سێکسی ژنان و کچانی عیراقی (OWFI, 2010). راپۆرتەکان سەبارەت بە بازرگانی پێوە کردن لەناو خودی عیراق لە قۆناغی سەرەتادا تیشکۆ دەخەنە سەر ئیستغلال کردنی سێکسی ژنان و کچانی عیراق (OWFI, 2010; Goedert, 2011). رێکخراوی ئازادی ژنان لەساڵی ٢٠٠٨ چاوپێکەوتنی لەگەڵ ٢٥ ژن و ٤٧ کچی بازرگانی پێکراو بەمەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی بازرگانی و کارکەرانی پێگەیشتووی بواری سێکس ئەنجامدا. ئەو کچ و ژنانەی لەخێزانەکانیان هەڵاتوون بەهۆی توندوتیژی لەسەر بنچینەی جێندەر، کە دەستدرێژی سێکسیش دەگرێتەوە لەلایەن کەسێکی نزیکەوە، بەشێوەیەکی تایبەت لاوازن و، پێنج کەیسی بازرگانی پێوە کردنی منداڵان بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی بازرگانی لەلایەن داییابان و کچەکانیان تۆمارکراون (OWFI, 2010).

بازرگانی کارە دەستنیشانکراوەکان لە عیراق زۆرجار ئەندامن لە گرووپە تاوانکارە رێکخراوەکان، بە ئاسایی پیاون، بەڵام لە هەندێ کەیسدا ژنیشیان تێدایە و چەتەکانی رفاندنی کچان و ژنان و بازرگانی پێوەکردنیان بۆ وڵاتانی دراوسێ بە مەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی دەگرێتەوە، بە تایبەتی لە ماوەی توندوتیژی تایفەگەری لە قۆناغی ٢٠٠٥- ٢٠٠٨ (IQ06). کردەکانی رفاندن بە شێوەیەکی سەرەکی لە باشوری عیراق (بەسرەو فەلوجە) روویاندەدا، لەگەڵ بەغدا، ژنان و کچانی بازرگانی پێکراو بۆ هەرێمی کوردستانیان بەغدا لەو قۆناغەدا. هەروەها ژنان و کچانی لاواز بە شێوەیەکی تایبەت کرابوونە ئامانج لەلایەن ستافی پەناگەکانی ئەو ژنانەی کە ئەزموونی توندوتیژی ناوماڵیان هەبوو (OWFI, 2010). لە هەندێ کەیسی توندا، بازرگانیکاران ژنانی کەم عەقلیان بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی تەجنید دەکرد، بەسوود وەرگرتن لە رەوشی لاوازی ئەوان (IQ05; IQ06).

چەتە تاوانکارەکان ژنان و کچانی عیراقیان لە رووی سێکسیەوە ئیستغلال دە کرد لەژێر چەتری مەساج (شێلان)، یان ئیستغلال کردنیان لەلایەن گروپەکانی ژنانی تێوەگلاو لە لەشفرۆشیدا، کەوا ژنانی دیکە رازی دەکەن بۆ

ئەوەی بچنە ریزەکانیان (IQ05; IQ06). ئەو ئامرازانەی لەلایەن بازرگانیکاران لە عیراق بەکارهات هەڕەشە یان بەکارهێنانی هێز، زۆرلێکردن، رفاندن، ساختەکاری، گلدانەوەی پاسەپۆرتەکان، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات یان لاوازی دەگرێتەوە، گلدانەوەی پاسەپۆرتەکان، لاقەکردن و دەستدرێژی سێکسی، کۆت و بەندکردنی ئازادی جوڵانەوە، دەستدرێژی جەستەیی و ئەشکەنجە (Minwalla, 2011; IQ05). رێکخراوی ئازادی ژنان (٢٠١٠) ئاماژەی پێکردووە کە بازرگانیکاران کچانی تەمەن ١١- ١٥ ساڵیان لەناوەوەی عیراق بە ١- ٤ ملیۆن دیناری عیراقی (نزیکەی ٨٠٠- ٣٦٠٠ دولاری ئەمریکی) فرۆشتوە. بەپێی هەمان راپۆرت، بازرگانیکارانی نێودەوڵەتی کچانی تەمەن ١١- ١٥ ساڵیان لە دەرەوەی عیراق بە تێکرایی بە٧ ملیۆن دیناری عیراقی (نزیکەی ٦٠٠٠ دولاری ئەمریکی) فرۆشتوە.

**ژنان و کچانی سوری و ئوردنیش بە مەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی بازرگانی لە لوبنان بازرگانیان پێوەکراوە،** هەندێجار لە رێگەی هاوسەرگیری بەزۆر یان ساختە، هەروەها فەلەستینیەکان لە لوبنان و ژنان و کچانی لوبنانیش (IRIN, 7 March 2006; LB23; US Department of State, 2011). کاری سێکسی لەلایەن ژنان و ئیستغلال کردنی سێکسی بازرگانی ژنان و کچان لە لەشفرۆشیدا هەروەك ئاماژەی پێکراوە بە شێوەیەکی رێژەیی لەناو خودی سوریا باوبووە. ژمارەیەکی زۆری کڕیاران پیاوانی سعودی بوون کە لە وەرزی هاویندا دەچوونە سوریا (SY04).

بەچاوپۆشین لە ژنان و کچانی عیراقی، کەسانێك بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی لە سوریا بازرگانیان پێوەکراوە کە لە **رۆژهەڵاتی ئەورووپاوە** هاتوون، بەتایبەتی روسیاو ئۆکراین و، **باکوری ئەفریقیا**، بەتایبەتی مەغریب و، زیاتریش ژنانی گەنج بوون لە تەمەنی بیست ساڵان. زۆرجار ئەو ژنانە سەمای رۆژهەڵاتییان لە وڵاتە رەسەنەکانی خۆیان خوێندووەو بۆ کارکردن وەکو سەماکاری کەبارێ و کات بەسەربردن خراونەتە بەرکار بە گرێبەستی کاری یاسایی لەلایەن خاوەن هوتێل، یانەی شەوانە و شوێنە هاوشێوەکانی دیکەی کات بەسەربردن. ئەوانە بۆ لەشفرۆشی ئیستغلالی سێکسی کراون لە رێگەی خەڵەتاندن، هەڕەشە، گلدانەوەی پاسەپۆرتەکان، توندوتیژی جەستەیی و سێکسی و پێشێلکاریەکانی ئازادی جوڵانەوە (Anglin, 17 September 2014; Kane 2011; Harroff-Tavel & Nasri, 2013; US Department of State, 2009; 2010).

لەگەڵ هاتنی ٢٠١١، زیاتر لە ٦٠٠٠ ژن لە لوبنان هەبوون کە بە ڤیزەی هونەرمەند کاریان دەکرد (ICMPD, 2013). هەروەکو سوریای دراوسێ، زۆر ژنانی دیکە کە بەڤیزەی «هونەرمەند» هاتنە لوبنان بۆ کارکردن لەبواری کات بەسەربردن «یانەی شەوانەی سوپەر» بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی لەلایەن خاوەن یانەکانەوە ئیستغلال کراون، زۆربەیان هەروەك لە سوریا، خەڵکی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەورووپابوون وەکو ئۆکراین، مۆڵدۆڤا، روسیا، رۆمانیاو بێلاڕوس، بەڵام خەڵکی وڵاتانی ئەفریقیای باکوری وەکو مەغریب و تونسیشیان تێدابوو (ICMPD, 2013; Huda, 2006; US Department of State, 2009). هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٧ لە تورکیا، دوو کەس وەکو بازرگانی پێکراو دەستنیشانکران کە خەڵکی مەغریب و تونس بوون (Dündar &Özer, 2012).

ژنانی خاوەن ڤیزەی «هونەرمەند» لە رێگەی خەڵەتاندنەوە بازرگانیان پێوەکراوە، بە نمونەی گرێبەست، پیشەگەری مەساج، سەماکەرو مەیگێڕو، لە ئازادی جوڵانەوەو ناسنامەکانیان بێبەشکرابوون. هەروەها کۆیلەکردن بەرامبەر قەرزیش وەکو شێوازێکی هەڕەشە بەکارهاتووە، لەپاڵ پێنەدانی کرێ (LB01; US Department of State, 2009). وەك باوبووە ژنان لە هوتێلەکان ناچاری لەشفرۆشی کراون کە لە دەرەوەی ساتەکانی کار تیایاندا نیشتەجێبوون، لەبەر رێگەنەدان بە هیچ پەیوەندیەکی سێکسی لەناو ئەو یانە شەوانە سوپەرانەی کاریان تیادا دەکرد. زۆربەیجار هەر خاوەن یانە شەوانەکە کۆنترۆلی جوڵانەوەی کردوون لەماوەی کاتی بێکاریاندا (ICMPD, 2013).

هەروەها لوبنانیش وڵاتی ترانزێت بووە بۆ ئەو ژن و منداڵانەی رۆژهەڵاتی ئەورووپا کە بەزۆر لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەراستدا لەشفرۆشیان پێکراوە (وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ٢٠١٠). بەپێی داتا فەرمیەکانی وەزارەتی دادی

لوبنان (٢٠٠٨) لەبارەی بازرگانی پێوەکردن بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی، زۆربەی بازرگانیکارانی دادگاییکراو لە رەگەزی نێربوون، لەگەڵ رێژەی ١ مێ بەرامبەر ٢٢ نێر.

ژنان و کچانی بازرگانی پێکراو بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی لە تورکیا بەزۆری لە کۆمۆنوێلسی وڵاتانی سەربەخۆوە بوون (مۆڵدۆڤا، ئۆکراین، روسیا، ئازربایجان، ئۆزبەگستان، تورکمانستان و قرغیزستان) (US Department of State, 2009; Dündar &Özer, 2012; IOM, 2013). ئەو شێوازە کارەی کە لەماوەی قۆناغی سەرەتادا لە تورکیا راگەیەندرا بریتی بوو لە خەڵەتاندن، ئەو ژنانەی بەڵێنی کاریان پێدرابوو لەبارەی کاتبەسەربردن یا کەرتی چاودێری (TR50). ٤٦ لە سەدی قوربانیان لەلایەن سندوقی پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکانی رێکخراوە ناحکومیەکان NGO HRDFەوە پارمەتیدراون و دیداری لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە کە هاتوونەتە تورکیا پێیانوابووە وەکو جووت یان کاری ناوماڵان دەکەن (Dündar &Özer, 2012).

هەندێ ژنانی کۆچبەر لە تورکیا کە پاشان ئیستغلال ی سێکسی کراون بە رێگەی توندوتیژی، گلدانەوەی پاسپۆرت و ناسنامەو، زۆر لێکردن بۆ واژۆی بەڵگەنامە (Öztürk & Ardor, 2007). ژنانی بیانی بە شێوەیەکی گشتی ئاگادارنەبوون لەوەی کە ئەگەر بە بازرگانی پێکراو دیاریکرابن، ئەوا دیپۆرت ناکرێنەوە (Dündar & Özer, 2012). بەکارێکخراوی ناحکومیەران و نێوانەکان عادەتەن ژن بوون لە هەمان رەگەزنامەی قوربانیەکان، لە زۆر کەیسی دەستنیشانکراودا. هەروەها هەندێ پیاوی تورك هەبوون کە ژنی بیانیان بۆ تورکیا هێناوە لە رێگەی خەڵەتاندن کە گوایە هاوسەرگیری دەکەن. دیدارکراوێك بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لە بابەتەکەی کۆڵیوەتەوە ئاماژەیدا کە ئەو پرۆفایلە گۆڕانکاری بەسەر نەهاتووە، لەسەر بنچینەی زانیاریە هاوبەشەکان لەلایەن پۆلیسی نیشتمانیەوە (TR50). لە بواری دەرچوون لە باری بازرگانی پێوە کردندا، ژنان و کچانی یارمەتیدراو لەلایەن NGO HRDF ی تورکی دەریانخستووە کە ئەوان خۆیان هەڵاتوون؛ کاتێ لەلایەن کڕیارانی سێکسەوە یارمەتیدراون؛ لە لایەن دەزگاکانی سەپاندنی یاساشەوە لە کاتی هەڵمەتەکاندا دەستنیشانکراون یان لە رێگەی پەیوەندی بە هێڵی گەرمی ١٥٧ەوە (Dündar & Özer, 2012).

لەوەی کە پەیوەندی بە بازرگانی پێوە کردنی ناوخۆ بە مەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسیەوە هەیە، وەکو عیراقیەکان لە عیراق، ژنان و کچانی لوبنانیش بوونەتە قوربانی ئیستغلال کردنی سێکسی لە لوبنان. یەکێك لە دیدارکراوان بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە کە پسپۆرە لە خزمەتگوزاریە یاساییەکان و کەیسی ژنانی لوبنانی دیوە کە بەزۆر ناچاری لەشفرۆشی کراون لەلایەن ئەندمانی خێزان، وەك باوە مێردەکانیان، کەوا یان ژنەکەیان خستۆتە پەیوەندی لەگەڵ دەلالێکی لەشفرۆشی یان راستەوخۆ لەگەڵ کڕیارانی سێکس پەیوەندیان بۆ رێکخستوون، لە فۆرمی لەشفرۆشی سەرشەقام یا «رادەستکردن» (LB35; US Department of State, 2009; 2011).

## ئیستغلال کردن لە کارو ئیستغلال کردن لە رێگەی سواڵکردنەوە

**زۆربەی کەیسەکانی ئیستغلال کردن لە کارو، خراپترین شێوەی کارکردنی منداڵ و رەوشی خراپی کار کە لەماوەی قۆناغی سەرەتا لە هەر پێنج وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا دەستنیشانکراون بریتی بوون لە بیناسازی، کشتوکاڵ و کاری کارگەکان، لەپاڵ پیشەسازی خزمەتکاری لە سوریا. تێوەگلانی منداڵان لە سواڵ و کاری دیکەی سەرشەقام لە لوبنان و ئوردن دیاریکراون**، لەگەڵ وردەکاری زیاتر لە لوبنان بە ئاماژە بەوەی کە منداڵانی پەنابەری فەلەستینی و عیراقی کە بەشێوەیەکی تایبەت کەوتوونەتە بەر کاریگەریەکە سەرەڕای منداڵانی بێرەگەزنامەی سوری.

پێش ساڵی ٢٠١١، سوریەکان کاریان لە بیناسازی و کشتوکاڵ کرد لە لوبنان. داوا لە سوریان نەدەکرا بۆ چوونە ناو

لوبنان ڤیزە وەربگرن و پێویستیان بە هیچ کەفیلێك نەبوو، سەرەڕای ئازادبوونیان لە گەڕانەوە و هاتوچۆ لە نێوان سوریاو لوبنان. لەگەڵ ئەوەشدا، پیاوانی سوری کە لە لوبنان لە کشتوکاڵ کاریان دەکرد مافی شیاوی کارەکەیان پێنەدەدراو، کارە کشتوکاڵیەکان نەکەوتبوونە چوارچێوەی یاسای کاری لوبنانی. خەڵکی بێرەگەزنامەی لە دانیشتووی سوریاو لوبنان لە دۆڵی بیقاع و ناوچەی کەناری عەککار لە لوبنانیش لە کشتوکاڵدا ئیستغلال کرابوون.

بازرگانی پێوە کردنی ژنان و پیاوانی بیانی بەمەستی ئیستغلال کردن لە کاردا لە کارگەکان وەکو پرسێك لە ئوردن دەستنیشانکرا لە ماوەی قۆناغی سەرەتادا . ژنان و کچانی چینی، بەنگلادیشی، هیندی، سریلانکی، ڤێتنامی و سۆماڵی لە باری ئیستغلال کردنی کاردا بوون لە کارگەکان لە زۆنی پیشەسازی شیاو (QIZs)دا. لە ڕێگەی لێسەندنی پاسەپۆرتەکان، نەدانی کرێکان و بەدرەفتاری جەستەییەوە (Tamkeen, 2011; Jordanian Ministry of Labour, 2009; ILO, 2008). زۆر لە کۆچبەران لە دەرەوەی زۆنە پیشەسازیەکانیش کەوتبوونە بەر پێشێلکاری، بە تایبەتی میسریەکان و سوریەکانی کە لە بیناسازی و کشتوکاڵدا کاریان دەکرد (ITUC 2008; Tamkeen, 2009; 2011). لەگەڵ ئەمەشدا، ناکرێ ئەوە دیاریبکرێ کە تا چ رادەیەك ئەو پێشێلکاریانە ئیستغلال کردنی کار یا بازرگانی پێوە کردن بە کارگەران پێکدەهێنن.

داتا، زانیاری یان لێکۆڵینەوەیکی کەم بەردەستە لەبارەی بازرگانی پێوە کردنی کارگەران لە عیراق، بە تایبەتی پێش ۲۰۰۳. لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ گەشەی بیناسازی لەدوای ۲۰۰۳، هەروەك لەسەرەوە باسکرا، کەیسەکانی ئیستغلال کردنی کار بەرەو دەستنیشکران چوون. هەرچەندە کە زۆرینەی کەیسەکان وەکو کێشەی کرێکاران مامەڵەیان لەگەڵداکرا. بە هەمانشێوە، بازرگانی پێوە کردن بۆ ئیستغلال کردنی کار بە دەگمەن دەستنیشاندەکرا لە ماوەی قۆناغی سەرەتادا لە تورکیا.

لە ئەدەبیاتی بەردەستەوە، **ڕێگە نیە کە ڕێژەی کەیسەکانی خراپترین شێوەکانی کارکردنی منداڵان و منداڵی ئیستغلال کراو لە ماوەی قۆناغی سەرەتا لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا دەستنیشان بکرێت لەبارەی منداڵانی بازرگانی پێکراوەوە**. خراپترین شێوەی کارپێکردنی منداڵان لە سوریا کەوتبوونە بەرچاو، کە بەشێوەیەکی سەرەکی کاریگەری هەبوو لەسەر کورانی ۱۰- ۱۷ ساڵی سوری و فەلەستینی و عیراقی، کە لە کارگەکان، کشتوکاڵ و کاری خێزانی لە پیشەسازی خزمەتکردندا ئیستغلال کرابوون (IRIN 2006; 2008; UNICEF, 15 October 2010). منداڵەکان لە خێزانی گەورەی هەژار بوون و، زۆربەیجار وازیان لە قوتابخانەهێنابوو و چووبوونە بازاڕی کاری نافەرمی بۆ دەستەبەرکردنی پێویستیە بنچینەییەکانی خانەوادەکانیان (UNICEF, 15 October 2010). کارکردن بۆ ساتانێکی درێژ لە ژینگەی ناتەندروست، زۆر منداڵی وا لێکرد تووشی کێشەی تەندروستی ترسناك بن و ڕووبەڕووی فۆرمی جیاوازی بەدرەفتاری ببنەوە، بە توندوتیژی سێکسی و جەستەییەوە لەبەر دەستی خاوەن کارەکانیان (IRIN, 2006). بازرگانی پێوە کردنی منداڵان بە مەبەستی ئیستغلال کردنی کارو تێوەگلانی منداڵان لە خراپترین شێوەکانی کاری منداڵ بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن داییابان و خزمانی سوری، فەلەستینی و عیراقیەوە ئەنجامدەدرا، سەرۆکی خانەوادە هەژارو گەورەکان، کە لە بەخێوکردنی خێزانەکانیان فەشەلیان دەهێنا، منداڵەکانیان دەنارده سەر کار لەباتی ئەوەی دەستەبەری چوونیان بۆ قوتابخانە بکەن. زۆربەی خاوەن کارانی منداڵەکانیش خاوەن کارگە، دەزگای کار و کێڵگەبوون، کە ڕۆژانە کرێی منداڵانیان بە کەمتر لە ۲ دۆلاری ئەمریکی دەدا (IRIN, 14 December 2009; ILO & UNICEF, 2012).

لە ساڵی ۲۰۰۷، کاری کشتوکاڵی وەرزی، کاری سەرشەقام و کاری دەزگا بچوك و ناوەندیەکان خرانە پۆلی خراپترین شێوەکانی کاری منداڵان لە تورکیا. چوار ڕووماڵی هاوبەش لەلایەن تورکستات و ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ئەنجامدرا لە ۱۹۹٤، ۱۹۹٦، ۲۰۰٦ و ۲۰۱۲ کە کۆمەڵێك داتای نیشتمانی گشتگیریان دابین دەکرد لەبارەی کاری منداڵانەوە (تەمەنی ٦- ۱۷ ساڵی)، لەوانەش ئەو کەرتانەی کاریان تیا دەکرو ڕەوشی کارەکانیان (TurkStat,

2013). لە ئاراستەی راگەیندراویانەوە لە کاری منداڵ لەماوەی ١٩٩٩ — ٢٠٠٦، ڕێژە تۆمارکراوەکان دەستیان بە بەرزبوونەوە کرد لە ٢٠٠٦ بەرەوژوور. بەپێی دەرەنجامەکانی رووماڵەکە، ڕێژەی بەکارخستنی گشتی لە ٥,٩٪ مایەوە لە هەردوو ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠١٢ (کچان و کوڕان)، لە کاتێکدا ڕێژەی منداڵانی کارکردوو لە چالاکی ئابووری لە ٢,٥٪ بەرزبۆوە بۆ ٢,٦٪ بۆ تەمەنی ٦- ١٤ ساڵ لە ماوەی هەمان قۆناغدا (TurkStat, 2013).

لە شاری ئەدەنە لە باشوری تورکی، بۆ نمونە، منداڵان لە شەقام، لە پیشەسازی وەکو کرێکاری کشتوکاڵ لە ماوەی قۆناغی سەرەتادا کاریان دەکرد (TR04). یەکێك لە دیدارکراوانی ئەم لێکۆڵینەوەیە باسی سەردانی خۆی کرد بۆ ناوچەیەکی پیشەسازی لە ئەدەنە لە ساڵی ٢٠٠٧، کە چاوی کەوت بە ١٠- ١٥ منداڵی تەمەن ١٠- ١٢ ساڵیکە لە سایەی بارودۆخێکی یەکجار ئەستەمدا کاریان بە ئامێری گەورە دەکرد (TR05).

راپۆرتێك وای خەمڵاندووە کە ٢٥٪ی کوڕانی عیراقی لە لوبنان کاریان دەکرد. کچانی عیراقیش لە لوبنان لە رووی ئابووریەوە کەمتر چالاك بوون (Danish Refugee Council, 2007). ٦١٪ی منداڵانی کارگەری عیراقی بەهۆی کارکردن بەپێی Save the Children بە کەمتر لە کەمترین کرێ کاریان کردووەو ماونەتەوە ٩٨٪یان لە هەفتەیەکدا زیاتر لە ٢٨ کاتژمێر کاریان کردووە (Save the Children Sweden, 2011). لە خودی عیراقیش کاری منداڵان لە ٢٠٠٦ بە ٧١٥٧٣٧ کەس خەمڵێنراوە، گە ١١٪ی منداڵی دانیشتوانی وڵات بوون (World Bank, 2015). هەروەها لە لوبنان، منداڵان –زۆربەیان لوبنانی، فەلەستینی، سوری و بێرەگەزنامە – لەکاری منداڵان ئیستغلال کرابوون لە کەمپەکانی پەنابەرانی فەلەستینی دەکەوتنە بەرچاو، ئەو منداڵانەی لوبنانی نەبوون ڕێژەی ٨٠٪یان پێکدەهێنا لە منداڵانی کارگەر لە شەقامەکان (US Department of Labor, 2011). ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی رایگەیاندووە کە ٤٩٪ی کوڕانی کارگەر لە تەمەنی ١٠ -١٤ ساڵی، ٤٧٪ی کچانی کارگەر لە تەمەنی ١٠- ١٤ ساڵی، ٥٢٪ کوڕانی کارگەر لە تەمەنی ١٥ -١٨ ساڵی و ٢٩٪ی کچانی کارگەر لە تەمەنی ١٥- ١٨ ساڵیدابوون و کەمترین موچەی مانگانەیان وەردەگرت (ILO, 2004).

لە ئوردن، راپۆرتەکانی دەرێکخراوی ناحکومیەری زیانی جەستەیی و دەستدرێژی سێکسی بوون کە رووبەڕووی منداڵانی ئوردنی و فەلەستینی ئوردنی دەبووەوە لە بارودۆخی کاری ئیستغلال کردنو شێوە هەرەخراپەکانی کاری منداڵ لە کشتوکاڵ(NCFA & World Bank  2004)و; لە کارە خێزانیەکان و ناوچە پیشەسازیە شاریەکاندا (Gharaibeh  & Hoeman, 2003). ئەو منداڵانە بۆ ساتانێکی درێژ کاریان دەکرد بە کرێی یەکجار زۆر کەم و، رەوشی کاری ئیستغلال کراوو ناتەندروستیان زۆر زیانی بە گەشەی جەستەیی و عەقڵیان گەیاندبوو (NCFA  & World  Bank,  2004;  IRIN  Middle  East,  2  July 2006). راپۆرتەکان ئاماژە بە تیوەگلانی خێزانەکان، خزم و کەسو سەرپەرشتیارە یاسابیەکان دەکەن هەروەك خاوەنکارەکان ئیستغلال ی کارکردنی منداڵان دەکەن، بەبێ ئەوەی وەکو بازرگانیکاری مرۆڤ وێنایان بکات (Gharaibeh  &  Hoeman,  2003;  IRIN  Middle East,  2 July  2006). زۆربەیجار کاری منداڵان وابەستەی ئەو پراکتیسەبووە کە بەناوی «پسپۆری منداڵان» ئاماژەی پێکراوە، کاتێ دایبابی هەژار رێ بە هەندێ برایەکان دەدەن بچنە قوتابخانەو هەندێکیان بۆ کارکردن دەنێرن (Gharaibeh & Hoeman, 2003).

**ئیستغلال کردنی منداڵانی لوبنانی و بیانی لەڕێگەی سواڵکردن لە لوبنان کەوتۆتە بەرچاو** (Huda, 2006)و، راپۆرتی میدیایی ئاماژە بە منداڵانی تێوەگلاو لە کارو سواڵی شەقامەکان دەکەن لای ترافیك لایتەکان و نزیك سەنتەرە بازرگانیەکانلە عەمان و شارەکانی دیکەی ئوردن. ئیستغلال کردنی منداڵان لە ڕێگەی سواڵەوە لە پشووەکانی هاوین زیادی دەکردو، لەکاتی چوونی منداڵانیش بۆ قوتابخانەش دەنێردرانە شەقامەکان بۆ فرۆشتنی کەرەستەی بچوك یان سواڵی پارە. بەپێی راپۆرتە میدیاییەکان،  زۆر منداڵ بەگروپ بۆ کار نێردراون و پڕ قازانجترین شوێنەکان لە نێوانیان دابەش دەکرا بۆ ڕێگرتن لە کێبەرکێ (IRIN  Middle  East,  2  July 2006).

شیکردنەوەیەکی دیمۆگرافی ساڵی ٢٠٠٣ی ئەلئەسمەر ئاماژەی بەوەداوە کە زۆربەی ئەو منداڵانەی لەسەر شەقام کاردەکەن و سواڵ دەکەن لە لوبنان لوبنانی نەبوون، لەگەڵ بەربڵاوی پەنابەرانی سوری و فەلەستینی. ژمارەیەکی زۆر منداڵانی فەلەستینی لە لوبنان کاریان دەکرد، دوای راکردن لە قوتابخانە لەبەر نەبوونی دەرفەتی کاری ئایندەیی لەبەر کۆت و بەندی کار بۆ فەلەستینیەکان (Save the Children Sweden, 2011).

زووتر لە ٢٠٠٠ەکان، کارگەرێکی بواری کۆمەڵایەتی وەسفی منداڵانی کارگەرو سواڵکەری سەر شەقامەکانی لوبنان کردووە بە سوری، فەلەستینی، کورد یان میسری، کە بە سیستەمی سواڵ ئیستغلال کراون کە «زۆر بەباشی و بەشێوەی هەرەمی رێکخرابوو» (Chahine, 2003).

راپۆرتی ساڵی ٢٠١٠ی وەزارەتی کاری ئەمریکا لەبارەی خراپترین شێوەکانی کاری منداڵان ئاماژەی بەوەداوە کە ئەو منداڵانەی لە شەقامەکانی لوبنان کاریان دەکرد دەبووایە داهاتی خۆیان بدەنە «خاوەنکارەکانیان»، دەریانخستووە کە زۆربەی ئەو منداڵانە قوربانی چەتەی رێکخراوبوون، لەکاتێکدا کە ژمارەیەکی کەمتر لەلایەن خێزانەکانیانەوە بۆ سواڵکردن رەوانکرابوون. راپۆرتەکە بۆی دەرکەوتووە کە زۆرترین منداڵی قوربانی خراپترین شێوازەکانی کاری منداڵ لە کەمپەکانی پەنابەرانی فەلەستینیدابوون، لەکاتێکدا منداڵانی نا لوبنانی نزیکەی ٨٠٪ی منداڵانی کارکردوو لە شەقامەکان پێکدێنن (US Department of Labor, 2010).

منداڵانی بێرەگەزنامەی بەدەوی لەناوچەی دۆڵی خالید، بۆ شارەکانی لوبنان گواستراونەوە بۆ کارکردن لە شەقامەکان، فرۆشتنی کەرەستەی بچوك و سواڵکردن، هەرچەندە ژمارەی منداڵانی بەرکار لە شەقامەکان زۆر کەمتر بووە لەوەتەی هەڵگیرسانی قەیرانی سوریا، هەروەك لە خوارەوە لە بەندی ٤دا دەبینین. لە ناوەوەی لوبنان، منداڵان لە باکوری وڵاتەوە هێنراون بۆ شارە گەورەکان بە مەبەستی ئیستغلال کردن لە دەستفرۆشی و سواڵی شەقامەکان چ راستەخۆ لەلایەن دایبابان، یان لەلایەن دایبابانەوە بەکرێ دراونەتە تۆڕەکانی بازرگانی پێوە کردن (LB33). لە ئوردن، لەپێش و لەوەتەی کۆتایی ٢٠١٠، یەکەی دژە سواڵکردنمامەڵەی لەگەڵ کەیسەکانی سواڵکردن کردووە کە پەیوەستن بە خەڵکی دۆمی ئوردنی، هەروەها دۆمی سوری و عیراقی و یەمەنی (JO19; JO20). لە هەندێ کەیسی دۆزراوە لەلایەن یەکەی دژە سواڵی ئوردنی پێش ٢٠١١، هەندێ کچانی دۆم (رۆم)ی ئوردنی لەلایەن باوکانیانەوە بەزۆر سواڵیان پێکراوە لە دەورووبەری ١٠ی بەیانی تا نزیکەی ٧ی ئێوارەو ئینجا لەلایەن خانەوادەکانیانەوە بە مەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی بۆ یانە شەوانەکان نێردراون.  لە هەندێ کەیسی دیکە، منداڵە دۆمە ئوردنیەکان کە باوکی خۆیان لەدەستداوە خراونەتە ئەستۆی مامەکانیان و ئەندامانی دیکەی خێزانەکانیان، کە ئیستغلالیان کردوون و بە زۆر سواڵیان پێکردوون (JO20).

## خزمەتکاری ناوماڵ

**بازرگانی پێوەکردن بۆ خزمەتکاری ناوماڵ لە ئەدەبیاتەوە راگەیەندراوە لە ماوەی قۆناغی سەرەتادا لە سوریاو لوبنان، و ئوردن، بە تایبەتی کاریگەری هەبووە بەسەر ژنانی باشورو باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیاو، رۆژهەڵات و باشوری رۆژهەڵاتی ئەفریقیا**. لە سوریا، کۆچبەران بە مەبەستی خزمەتکاری ناوماڵبازرگانیان پێکراوەو زۆربەیان لە ژنانی تەمەن ١٩ ـ٦٢ ساڵی بوون لە باشورو باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا (فلیپین، ئیندۆنیسیا، بەنگلادیش و سریلانکا)و رۆژهەڵاتی ئەفریقیا (ئەسیوبیاو سودان). زۆربەی سودانیەکان لە شەرو چەوسانەوە هەڵاتوون، بەڵام مافی پەنابەرانیان وەرنەگرتبوو لەلایەن UNHCR لە سوریا. لەبەر باری نایاسایی کۆچکردنیان، سودانیەکان نەیانتوانی مۆڵەتی کار وەدەستبێنن؛ ژنان لە ناوماڵ کاریانکردو پیاوانیش لە بازاڕی کاری نافەرمی (Kahale, 2003).

کرێکارانی کۆچبەر لە وڵاتانی باشورو باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا، لەلایەکی دیکەوە بۆ سوریا کۆچیان کرد بە مەبەستی کرێی باشترو دەرفەتی کاری باشتر. ژنانی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیاکە بۆ کاری ناوماڵ کۆچیانکرد یان تەنیابوو یان بە تەنیا بۆ سوریا سەفەریان کردبوو، خێزان و منداڵەکانیان لە وڵات بەجێهێشتبوو. لە پێش و لە دوای دەرکردنی یاسای کاری سوریا لە ٢٠٠١ سەبارەت بە کرێکارانی خزمەتکاری ناو ماڵ، ژنانی کۆچبەر لە باشورو باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا و رۆژهەڵاتی ئەفریقیا لەلایەن ئەو ئاژانسانەی بەکارخستنەوە بۆ سوریا بازرگانیان پێوەکراوە کە هاوڵاتیانی سوری خاوەنیان بوون، بە یارمەتی نێوانگیرەکان لە وڵاتانی رەسەنی کۆچبەراندا. توێژینەوەیەکی ٢٠٠٣ی IOM لانیکەم ١٥ بریکاری هێزی کاری نایاسایی بۆ هێنانی خزمەتکاری ناو ماڵ بۆ کڕیارانی سوریا دەستنیشانکرد (Kahale, 2003).

هەندێ ژنی فلیپینی و ئیندۆنیسی رایانگەیاند کە خەڵەتێنراون، چونکە بەڵێنی دەرفەتی کاریان لە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی پێدراوەو، پاشان زانیویانە لە جیاتی ئەوە بۆ سوریا براون. ئەو ژنانە پاسپۆرتەکانیان گلدراوەتەوەو ناچارکراون گرێبەستی تازە مۆربکەن کە مووچەی دیاریکراوی پێشوویان کەمدەکاتەوەو کاتەکانی کار درێژ دەکاتەوە. خاوەنکارانی تایبەت و ئاژانسەکانی بەکارخستن پێشێلی مافە بنچینەییەکانی ئەوانیان کرد، وەکو دەسکەوتنی خۆراك و ساتەکانی پشوودان و تەندروستی و ساخلەمی پیشەیی و، لێیان قەدەغەبوو کە شوێنی کار بەجێبێڵن یان قسە لەگەڵ کۆچبەرانی خزمەتکاری ناو ماڵ بکەن. هەندێ لەو ژنانەی بۆ توێژینەوەی IOM دیداریان کراوە، بە زمان، جەستە یان سێکس لەلایەن خاوەن کارەکانیان یان لەلایەن ئاژانسەکانی بەکارخستنەوە بەدرەفتاریان لەگەڵداکراوەو، پاشان ناچاربوون تێچووی چارەسەری پزیشکی خۆیان بگرنە ئەستۆ (Kahale, 2003).

راپۆرتەکانی رێکخراوی کەفی ناحکومی لە ساڵی ٢٠١٠ دەریدەخەن، کە ٥٠٠ ئاژانسی بەکارخستنی کۆچبەری خزمەتکاری ناو ماڵلە لوبنان لەلایەن وەزارەتی کار مۆڵەتیان پێدراوە. هەندێ ئاژانسی بەکارخستن کۆچبەرە بە نیازەکانیان خەڵەتاندووەو رەوشی لاوازی کۆمەڵایەتی ئابووری ئەوانیان خراپ بەکارهێناوە، هەروەها هەندێ ئاژانسی لاوەکی، نێوانگیرو یارمەتیدەرانیش لە پێش سەفەرکردن و قۆناغەکانی ترانزێت (Hamill, 2011). راپۆرتی ئەمریکی بازرگانی پێوەکردنیش لە ٢٠٠٩ وەسفی لوبنانی کردووە وەکو وڵاتێکی مەبەست بۆ ژنانی ئاسیاو ئەفریقیا کە بازرگانیان پێکراوە بۆ خزمەتکاری ناو ماڵ، کە ١٥٪ی کرێکارانی ناوماڵ گەیشتوونەتە ئاستی نیشاندەر خزمەتکاری ناو ماڵ (وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ٢٠٠٩). کرێکارانی ناوماڵ لە لوبنان بەزۆری لە باشوری ئاسیا (سریلانکا، بەنگلادیش و نیپال)، باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا (فلیپین)و رۆژهەڵات و باشوری رۆژهەڵاتی ئەفریقیا (ئەسیوبیاو مەدەغەشقەر) بوون. ئەوانە زۆربەیجار لە رێگەی خەڵەتاندن یان بەدرەفتاری لە دۆخی لاوازیدا رەخسێنراون و بەدەست خاوەنکارانی تایبەتەوە مەینەتی بەدرەفتارییان دیوە، وەکو پێنەدانی کرێ، گلدانەوەی ناسنامەو بەڵگەنامە؛ درێژی ساتەکانی کار، بەندکردن لە شوێنی کارو رێگرتن لە جوڵە؛ رێگرتن لە کۆتایی پێهێنانی گرێبەستی کارو؛ تازەنەکردنەوەی مۆڵەتەکانی مانەوە (ICMPD, 2013a; Human Rights Watch, 2010; Hamill, 2011).

هەروەها ساختەکردنی بەڵگەنامەکان- رێپێدانی کار، پاسپۆرت، ڤیزا، راپۆرتی پزیشکی و مۆڵەتی مانەوە – باوبوو. تەنیا ژنی بازرگانی پێکراو خۆی سزا دەدرا ئەگەر بە بەڵگەنامەی ساختەوە بگیرابا، تەنانەت ئەگەر نەشیزانیبا ئەوانە ساختەن (Beydoun, 2006). ئەگەر کرێکاری ناو ماڵی کۆچبەر خاوەن کارەکەیان جێهێشتبا، لە لوبنان دەبوونە نایاسایی، لەبەرئەوەی سیستەمی کەفالە پابەندی کردبوون بە خاوەن کارەکانیان، کە بۆ بازرگانی پێوەکردن زیاتر لاوازی کردبوون. لەگەڵ هاتنی ٢٠١١، وا خەمڵێنراوە کە هەزاران کۆچبەری کرێکاری ناو ماڵی بێ دۆکیومێنت لە لوبنان هەبوون، لەوانەی کە یان خاوەن کارەکانیان جێهێشتبوو یان بە جۆرێکی دیکە ببوونە نایاسایی لە لوبنان (Hamill, 2011). خاڵە لاوازەکانی سیستەمی کەفالە هێشتا کرێکاری ناو ماڵ دەخاتە مەترسی بازرگانی پێوەکردن لە سوریا، لوبنان و ئوردن، هەروەك لە بەندی ٥ لە خوارەوە خراوەتە روو.

هەروەها لە ماوەی قۆناغی سەرەتادا، نزیکەی ٧٠٠٠٠ مێینەی ئیندۆنیسی، سریلانکی و فلیپینی کۆچبەری کرێکاری ناو ماڵ کە لەبەر هۆکاری ئابووری بۆ ئوردن کۆچیان کردبوو و پارەیەکی زۆریان دابوو بەرامبەر بەڵێنی کارکردن لە ماڵان بە کرێیەکی باش (Tamkeen, 2011). زۆریان هەڵخەڵەتان و بۆ خزمەتکاری ناو ماڵ بازرگانیان پێکرا، لەپاڵ ئیستغلال کردنی سێکسی لە لەشفرۆشیدا، لەلایەن ئاژانسەکانی بەکارخستنی نێودەوڵەتی کە بارەگایان لە ئوردنە (ITUC 2008; Tamkeen, 2009; 2011). شێوازی کاری ئاژانسەکانی بەکارخستن لە بازرگانی پێوەکردنی کۆچبەرانی باشورو باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا بۆ ئوردن بەمشێوەیە وەسفکرابوو: پێشوەختە کۆچبەران پارەیان دەدا ئاژانسی بەکارخستن، کە بەڵگەنامەی ساختەی سەفەری پێدەدان. لە ئوردن، هەروەك لە لوبنان و سوریا، دووچاری لێگلدانەوەی پاسپۆرتەکان؛ کۆتوبەندی ئازادی جوڵانەوە؛ نەبوونی گرێبەستی کاری یاسایی؛ رەوشی خراپی کار؛ نەدانی کرێ و؛ بەدرەفتاری جەستەیی و سێکسی (Calandruccio, 2005; ITUC, 2008; Tamkeen, 2009; 2011).

## هاوسەرگیری بەزۆر

**لە سوریاو عیراق، بازرگانی پێوەکردن بۆ هاوسەرگیری بەزۆری کاتی لە ماوەی قۆناغی سەرەتادا بەرچاوبوو، ئەو دیاردەیەی کە ئێستاش تێبینی دەکرێت لە لوبنان و ئوردن لەوەتەی دەستپێکی شەڕی سوریاوە**، لەخوارەوە وردتر روونکراوەتەوە لە بەشی ٥،٣،٢ پیاوان لە عەرەبستانی سعودیەوە بە تایبەتی لە وەرزی هاویندا بۆ هاوسەرگیری بەزۆری کچانی سوری و کچانی پەنابەری عیراقی دەچنە سوریا، کە تەمەنیان لە ١٥ ساڵ تێپەڕنابێ، لە رێگەی هاوسەرگیری مسیار یان موتعە، کە هاوسەرگیریەکی نایاساییە لەگەڵ دەرچوونی پیاوەکە لەو وڵاتە کۆتایی دێت. عادەتەن پیاوانی سعودی پارە دەدەنە باوکی کچە یان نێوانگیری هاوسەرگیریەکەو، بەپێی «رێکەوتنێك»، کچەکە لە مافی ماڵدانان و خەرجی کێشان (نەفەقە) خۆش دەبێت. لەبەرئەوەی باڵیۆزخانەی سعودی هاوسەرگیری مسیاری وەك هاوسەرگیریەکی فەرمی دانپیانەناوە، ئەگەر کچەکە یان ژنە گەنجەکە دووگیان بێت – لەباربردن لە سوریا نایاساییە -، ئەوا منداڵەکان لە سوریا بە «باوك نادیار» تۆماردەکران.لە ئەنجامدا، ئەو منداڵە ژیانێکی پڕ جیاکاری لە سوریا دەگوزەراند. لە زۆر کەیسدا، بۆ دوورکەوتنەوە لەو جیاکاریە، دایکە گەنجەکان ناوی کۆرپەکەیان بە ناوی برای یان خوشکی یا داییابی دایکەکە دەکرد (SY04; IQ05; Micha et al, 2011).

دوای ٢٠٠٣، زیادبوونی هاوموت لە عیراق راگەیەندرا، کە لەلایەن دەسەڵاتە ئاینیەکانەوە ئاسانکاری بۆ دەکرا، لە رووکەشدا بەهۆی زۆری ژمارەی بێوەژنان لە عیراق IQ05). راپۆرتی هەندێ خانەوادە لە عیراق کراوە کە منداڵەکانی خۆیان بە بری ٣٠٠٠٠ دۆلار بۆ هاوسەرگیری بە زۆر فرۆشتووە (Goedert, 2011). هاوسەرگیری بە زۆر دەشێ وەك فۆرمێکی خزمەتکاری ناو ماڵ هەژماربکرێت، چونکە ئەو کچ و ژنانە زۆربەیجار داوایان لێ دەکرێت ساتانێکی درێژ بە چێشتلێنان و خاوێنکردنەوە بۆ خێزانێکی بەرفراوان خەریك بن (OWFI, 2010). هەرچەندە کەمترین تەمەنی هاوسەرگیری لە عیراق بۆ پیاوو ژن ١٨ ساڵیە، لەگەڵ ؟؟؟؟؟؟؟؟ ئەوانی تەمەن ١٥-١٧ ساڵی، هەروەك لە پێشەکی خراوەتەڕوو، یونیسیف لە ٢٠٠٦ رایگەیاند، ١٧٪ی ژنانی عیراقی تەمەن ٢٠ ـ ٢٤ پێش تەمەنی ١٨ ساڵی شویانکردووە (UNICEF, 2011).

لەلایەکی دیکەوە، لە لوبنان، هاوسەرگیری بە زۆری منداڵان بە دیاردەیەکی باو دانەدەنرا لەپێش قەیرانی سوریا، هەرچەندە کچانی فەلەستینی و لوبنانی لە هەندێ ناوچەی دیاریکراوی وڵات رووبەڕووی هاوسەرگیری زوو دەبوونەوە (Huda, 2006). ئەوە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناوچەکانی عەککارو دۆڵی بیقاع روویاندەدا. وەك باوبوو یان کوڕو کچەکە هەردووکیان لەژێر هەژدە ساڵیدابوون، یان کچەکە لە هەژدە کەمتر بووو پیاوەکەش زۆر گەورەتر نەبوو (LB17). هاوسەرگیری زوو لە کەمپەکانی پەنابەرانی فەلەستینی لە لوبنان هەبوو، زیاتر کاریگەری لەسەر

کچان هەبوو بەڵام ژمارەیەك كوڕیشی دەگرتەوە (Al- Hroub, 2011; Save the Children Sweden, 2011).

## ئیستغلال كردن لە کێشە چەکدارەکاندا

**منداڵان لە ماوەی قۆناغی سەرەتادا لە كێشە چەكداریەكان ئیستغلال كراون لەلایەن گروپە فەلەستینیەكان و حیزبوڵلا لە سوریاو لوبنان ، لەلایەن یاخیەكان لە عیراق و لەلایەن پارتی كرێكارانی كوردستان (پەكەكە) لە توركیا**. هیچ بەڵگەیەکی دیاریکراو نەبوو بۆ بازرگانی پێوەكردنی منداڵ بۆ ئیستغلال كردن لە كێشە چەكداریەكان لەلایەنی سوپای نیشتمانی لە سوریا لە پێش شەڕدا، سەرەڕای ئەوەی کە نێوەی دوایی ساڵانی ٢٠٠٠ دوودڵی هەبوو سەبارەت بەوەی کە هەندێ گروپی نا-دەوڵەتی كە لە سوریا هەبوون، بە حەماس و فەتح و حیزبوڵلاو بەعسیە عیراقیەكان، رەنگە منداڵانیان رەخساندبێت لە سوریان و مەشقیان پێكردبن بۆ كوشتارو ئەركی سەربازی نا كوشتاری لە ناوچەكەدا (Child Soldiers International, 2008).

لە لوبنان، منداڵانی فەلەستینی و لوبنانی لە كێشە چەكداریەكان ئیستغلال كراون لە هەندێ ناوچەی دیاریكراوی وڵاتەكەدا (Huda, 2006). هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ راگرتنی بەكارهێنانی سەربازانی منداڵ ئەوەی تێبینیكردووە كە مەشقی سەربازی لەلایەن هەندێ فەسیلی فەلەستینیەوە بە منداڵانی تەمەن ١٠ ساڵی كراوە، میلیشیا فەلەستینیەكان لە عەینولحولوە مەشقی سەبازیان پێكردوون، كە گەورەترین كەمپی پەنابەرانی فەلەستینیە لە لوبنان ، لە نیسانی ٢٠٠٧ (Save the Children Sweden, 2011). هەروەها لە كەمپێكی دیاریكراو لە تەرابلوس، كوڕان چەكیان هەڵگرتووە، لەبەر پەشێوی نێوان سونەو عەلەویەكان و گوشاری كۆمەڵگەو هاوشانەكانیان. لە چینگەیەكی تەواو بە سیاسی كراو، تەجنیدكردن بۆ ئیستغلال كردن لە كێشە چەكداریەكان هەندێجار لەلایەن خودی كۆمەڵگەی منداڵەكانەوە ئاسانكاری بۆ كراوە (LB42).

لەماوەی کێشەی نێوان سوپای ئیسرائیلی و حیزبوڵلا لە لوبنان لە تەموزی ٢٠٠٦، بەڵگە لەسەر منداڵانی بەشداربوو لە شەڕدا نەبوو، هەرچەندە راپۆرتەكان ئاماژەیان دا بە ئەنجامدانی مەشقی سەربازیان بۆ منداڵانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵیان لەلایەن حیزبوڵلاوە لە كەتیبەكانی مەهدی (Save the Children Sweden, 2011). لە عەككار رێكخراوە ناحكومیەكان مەترسیەكانی وروژاند سەبارەت بە قوتابخانەكانی خاوەن ئینتما ئایدیۆلۆجیە بەهێزەكان، كە پێشتر بەرلە قەیرانی سوریا هەبوون (LB37; LB39).

لە توركیا وا خەمڵێنراوە كە پەكەكە لە ساڵی ١٩٩٤وە نزیكەی ٣٠٠٠ منداڵی ئیستغلال كردووە، كە ١٠٪یان كچ بوون (Sever et al., 2012; Uslu, 29 April 2012; Child Soldiers International, 2008). هەروەها لە عیراقیش لە ماوەی ٢٠٠٣- ٢٠٠٨، میلیشیا چەكدارەكان و یاخیەكان زۆریان لە گەوران و منداڵان كرد بۆ تێوەگلان لە تاوان یان چالاكیە تیرۆریستیەكان، هەرچەندە داتای كەم لەوبارەیەوە تۆماركراون. ئەو كەیسانەی لەلایەن رێكخراوی ناحكومی Heartland Alliance راگەیەندرابوون ئەو ژنانە دەگرێتەوە كە لەلایەن مێردەكانیانەوە ناچاركراون بۆ تەقاندنەوەی پشتێنی تەقینەوە كاتێ كە لەبەریانەوە، ئەو ژن و كچانەش كە هەڕەشەی پیشاندانی دەركەوتنیان و زانیاری پەیوەندی گەرم یان ڤیدیۆ سێكسیەكانیان كراوە ئەگەر كاری تیرۆریستی ئەنجام نەدەن (Minwalla & Portman, 2007).

## بەکوڕکردنی نایاسایی

بەکوڕکردنی نایاسایی دیاردەیەکی دۆکیومێنتکراوبوو لە لوبنان، بە تایبەتی لە ماوەی شەڕی ناوخۆی لوبنانی (١٩٧٥ –١٩٩٠). وا دەخەمڵێنرێ ١٠٠٠٠ منداڵ بە نایاسایی تەبەنی کرابن لە لوبنان لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆوە (LB06). منداڵانی کرێکاری ناو ماڵی کۆچبەر لە لوبنانیش لە مەترسی بەکوڕکردنی نایاساییدا بوون (Huda, 2006). لەم ساڵانەی دوایی، هەروەها پێش قەیرانی سوریا، هەتیوخانەکان لە لوبنان نزیکەی بە تەواوی منداڵی کرێکاری ناو ماڵانی کۆچبەریان بەخێودەکرد (LB13).

پزیشکەکان لە لوبنان کە ڕەتی منداڵ لەباربردنیان دەکردەوە بۆ ژنێك یان کچێکی تەنیاو هەندێجار بەکوڕکردنیان ڕێکخستووە لە ڕێگەی دێر یا ڕێکخراوێکی کریستیانی دیکەو، دایکە تەبەنیکارەکەیان وەکو دایکی بایۆلۆجی تۆمارکردووە (LB06). هەروەها کاتێك دایکی بایۆلۆجی ناتوانێ تێچووی نەخۆشخانەی تایبەت بە منداڵبوون بدات، هەندێ نەخۆشخانە دایکێکی تەبەنیکاریان وا تۆمارکردووە کە خۆی منداڵەکەی بوو‌بێت.

دیدارێك بۆ ئەم توێژینەوەیە ئاماژەی بە بیستنی چرۆکێکی بەکوڕکردنی نایاسایی لە ساڵی ٢٠١٠ لە پزیشکێك کرد. هاوڕێیەکی ئەو پزیشکە کاری بە کرێکاری ناوماڵێك دەکرد کەزگی پڕبوو، بەڵام لە هێشتنەوەی منداڵەکە دەترسا، بۆیە خاوەن کارە تایبەتەکە لەنێو دۆستەکانی خێزانێکی ئەمریکی دەستنیشانکرد بۆ بەکوڕکردنی. دایکە تەبەنیکارەکە لە نەخۆشخانە مایەوەو دایکە بایۆلۆجیەکە بری ٢٢٠ – ٣٠٠ دۆلاری لە باتی کۆرپەکەی وەرگرت (LB06).

## دەرهێنانی ئەندامەکان

تاکە نیشاندەری بازرگانی پێوەکردنی ئەندامەکان و/ یان بازرگانی پێوەکردن بە مەبەستی دەرهێنانی ئەندامەکان لە ماوەی قۆناغی سەرەتادا لە لوبنان و عیراق دەرکەوتبوون. بەپێی وتارێك لە ڕۆژنامەیەکی لوبنانی The Daily Star، بازرگانی پێوەکردنی ئەندامەکان پێشتر سەرچاوەی مەترسی بوو لە ٢٠٠٣ (Raad,20 January 2003). سکرتێری گشتی لیژنەی نیشتمانی لە حازمیە ڕایگەیاند کە زۆر خەڵکی هەژار ئەندامەکانی خۆیان بۆ پارە فرۆشتووە، هەروەك ئاماژەی بە ڕیکلامی ڕۆژنامە ناوخۆییەکان کرد بۆ «بەخشینی» ئەندام. دیاریکردنی ئەوەی کە ئەو کەیسانە بازرگانی کردن بە مرۆڤ بووە بۆ لابردنی ئەندامەکان. کەیسێکی دیکە لە لوبنان بینرابوو پێش ٢٠١١ سەبارەت بەو هەتیوخانانەی کە منداڵیان گەورە دەکرد بە مەبەستی بازرگانی پێوەکردن بۆ دەرهێنانی ئەندامەکانیان. لانیکەم هەشت منداڵ تووشی ئەمە ببوون. هەتیوخانەکە ئێستا داخراوە (LB31). هەروەها میدیا ڕایگەیاند کە بازرگانی پێوەکردنی نایاسایی بە ئەندامەکان لە ماوەی قۆناغی سەرەتادا لە بەغدا ڕوویداوە، لەلایەن ئەو عیراقیانەی باری دارایان خراپ بوو کە گورچیلەو ئەندامی دیکەی خۆیان فرۆشتووە، بەڵام ئەوە ڕوون نیە کە بازرگانیکردن بە کەسەکان ڕوویدابێت (Al Jazeera, 20 July 2009).

## ١.٣ جێگۆڕکێ و کۆچی ناوخۆی سوریەکان

هەبوونی سوریا وەك کۆمارێکی پەرلەمانی سەربەخۆ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤٦، کاتێ ئینتیدابی فەرەنسی لە سوریاو لوبنان گەیشتە کۆتایی. کۆماری عەرەبی سوری لە ساڵی ١٩٦٣ لەسەر پێی کودەتای سەربازی بەعس دروستکراو، لەوکاتەوە تا ساڵی ٢٠١١ وڵات لەژێر حوکمی یاسای تەواری دابوو. حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست «شۆڕشی راستکردنەوە» لە تشرینی دووەمی ١٩٧٠ حافیز ئەسەدی هێنایە سەر حوکم. بەشار ئەسەد لە ساڵی ٢٠٠٠ چووە جێی حافیزی باوکی. لەماوەی دە ساڵی پێش دەستپێکردنی شەڕ لە ٢٠١١، سوریا بەدوای یەك کێشەی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەریدا هەبوو. هێزەکانی سوریا تا ساڵی ٢٠٠٥ لە لوبنان ئامادەییان هەبوو، عیراق و سوریا لە دوادواییەکانی ساڵی ٢٠٠٦ پەیوەندیە دیپلۆماسیەکانیان گەڕاندەوە دوای نزیکەی چارەگە سەدەیەك لە پچڕان، تا دووبارە توشی پچڕان بێتەوە لە ٢٠٠٩ـ ٢٠١٠.

یەکەمین نیشانەکانی کێشەکە لە پرۆتستۆکانی دیمەشقی پایەختی سوریاوە سەریهەڵداو، لەگەڵ شاری دەرعە لە باشور، لە ئازاری ٢٠١١. لە ئایاری هەمان ساڵدا، سوپای سوری هاتە چواردەوری پایەتخت، سەرەڕای شارەکانی دەرعەو بانیاس و حومس. لە کۆتایی ٢٠١١، بنکەیەکی سەربازی لە دیمەشق کەوتە بەر هێرش لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەکانی حکومەتی سوری، کە بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ. ئەمەش پێچێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی گروپی تیرۆریستی داعش دەست بەسەر خاکێك دا بگرێ لە حەلەبەوە لە باکوری رۆژئاوا تا دەگاتە دیالا لە رۆژهەڵاتی عیراق لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤.

ژمارەیەك کوشتنی دۆکیومێنتکراو لە سوریا لە ئەنجامی کێشەکە، لە ماوەی ئازاری ٢٠١١ تا نیسانی ٢٠١٤، گەیشتە ١٩١٣٦٩ کەس، بەپێی راپۆرتێکی گروپی شیکاری هیومەن رایتس ووچ (HRDAG) بۆ نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی باڵا بۆ کاروباری مافەکانی مرۆڤ، سەرەڕای ئەوەی کە (HRDAG) ئەمە بە کەمترین ژمارە دادەنێت، چونکە کوشتارێکی یەکجار زۆرتر بە دۆکیومێنت نەکراوی ماونەتەوە (Price, Gohdes & Ball, 2014).

لە ئەیلولی ٢٠١٥ەوە، نزیکەی ٦,٦ ملیۆن ئاوارەی ناوخۆ لە سوریا هەن (OCHA, 2015). کۆچی ناوخۆو ئاسانکاری کۆچی ناوخۆو رێگەکانی بازرگانی پێوەکردنی ناوخۆ لە ناوەوەی سوریا بەپێی گۆڕانی هێڵەکانی شەڕ دەگۆڕان؛ کۆنترۆڵکردنی ناوچەی دیاریکراو لەلایەن رژێمی ئەسەدو گروپە جیاجیاکانی ئۆپۆزسیۆنو؛ ناوچەکانی بنەماو شوێنە مەبەستەکانی خەڵکی ئاوارەی ناوخۆ.

> زۆر ئاوارەی ناوخۆو نیازخوازانی پەنابەری چەندینجار جێگۆڕکێیان کردوە لە سەرەتای شەڕەوە. زانیاریدەرێکی لێکۆڵینەوە قسەی لەبارەی ئەزمونی گروپێکی سوری کرد لە گوندێکی پارێزگای حەلەبەوە، کە بەمدواییە گەیشتبوونە کیریخان لە پارێزگای هاتای تورکیا:
>
> «ئەوان گوتیان،» لە حەلەبەوە چوونە ئەدلیب، ئینجا بەرەو حومس، پاشان بۆ قامیشلی. لە دەست پەیەدە[٣٠]، داعش، سوپای سوریای ئازاد، رژێمی ئەسەد رامانکرد. هێزمان نەما زیاتر رابکەین، نە نانمان هەبوو، نەهیچ»» (TR16).[٣١]

٣٠ پەیەدە یەکێتی پارتی دیموکرات، پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی کوردی سوریایە.
٣١ دیدارە رەسەنەکە بە تورکیە، لەلایەن لێکۆڵەری وڵات وەرگێردراوە.

بەچاوپۆشین لە کۆچی ناوخۆ، هەندێ ڕێگەی ناوخۆی دیاریکراو دەگیرێنەبەر لەلایەن ئەو سوریانەی نیازیان هەیە کە لە وڵات رابکەن و لە دەرەوە داوای پەنابەری بکەن (بڕوانە شێوە ٢ لە خوارەوە). ئەمە وایان لێدەخوازێ کە بە وڵاتێکدا تێپەڕن کە شەڕ لێکیهەڵوەشاندووە لە شوێنی نیشتەجێی پێشوویان بۆ سنوورەکانی تورکیا، لوبنان، ئوردن و عیراق. زۆر لە سوریەکان داوا لە گروپە سوریە بەدەویەکان دەکەن ئەمەیان بۆ ئاسان بکەن، لەبەر پێویستی خۆلادان لە بازگەکان. ئەو ئاسانکارانە خەڵك بە لۆری بە ڕێگە بیابانیەکاندا لە گوندێکی بەدوەکانەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگوازنەوە (JO11). هەرچەندە هێڵەکانی شەڕ گۆڕانکاریان بەسەر دابێ مەترسی بۆ شوفێران و سەرنشینەکان زیاتر دەبێت، شوفێرەکان و «دەلالە»کان (ئەو ڕێپیشاندەرانەی زانیاری لەبارەی سەلامەتترین ڕێگە ناپاساییەکانی کۆچ دەدەن) سوود لە رەوشەکە وەردەگرن بۆ وەرگرتنی کرێی زیاتر بۆ بە قاچاخبردن لە سوریاوە.

### نەخشەی ٣: پارێزگاکانی سوریاو سنووره نێودەوڵەتیەکان




سەرچاوە: *www.ezilon.com/maps/asia/syria-maps.html*، لە ٢٠١٥/١١/٠٣ سەیریکراوە

سوریەکان نزیکەی لە هەموو ناوچەکانی سوریاوە بۆ تورکیا دێن و لە نزیکترین سنورەوە دێنە ناوی، بە تایبەتی کاتێ توندوتیژی لە هەندێ ناوچەدا زیاددەکات (TR13; TR48). مەترسیدارترین ڕێگە بۆ تورکیا بە پێی دیدارکراوان، بەو

شوێنانەدا دەچن کە یەپەگە کۆنترۆڵی خاڵەکانی پەڕینەوەی سنورەکانی کردوون: لە کۆبانی (عەینلعەرەب) لە پارێزگای حەسەکەی سوری بۆ جەیلانپینەر لە شانلی ئورفە (SY01; SY07). یەکێك لە دیدارکراوان رایگەیاندووە کە لەوێ، سەربازانی تورکی تەقەیانکردووە لەو خەڵکەی هەوڵی پەڕینەوەیان داوە بۆ تورکیا، کوژراویش راگەیەندراوە (SY07). هەروەها، لەگەڵ ئەوەی ئەو سوریانەی کە لە تەلئەبیەز رایانکردو بە تەمابوون لە خاڵی سنوری ئاقچیقەڵاوە بچنە ناو تورکیا لە سەرەتای حوزەیرانی ٢٠١٥ رێگەیان لێگیرا کە بە خاڵە سوریەکان بگەن لەلایەن داعشەوە لە دووری ٤ کیلۆمەتر، کە لەبەرامبەر رێپێدانیان بۆ پەڕینەوە داوای پارەیان لێدەکردن (TR09).

زانیاریدەرێکی دیکەی لێکۆڵینەوە ئەوەی دووپاتکردەوە کە داعش بەرامبەر پارە یارمەتی خەڵکی دەدا بۆ پەڕینەوە لە سنورەکان، هەروەك سوپای ئازادی سوریاش وایدەکرد لەو ناوچانەی بەخۆیان کۆنترۆڵیان دەکرد (TR13). لە قۆناغە زووەکانی ململانێکەدا، جوڵەی ناوەکی بۆ سنورەکانی تورکیا بەزۆر لەلایەن سوپای ئازادەوە ئاسانکاری بۆ دەکرا، کە بەخۆڕایی گواستنەوەیان بە ئۆتومبیل و ڤانەکان دابین دەکرد، بەمدواییە، خەڵك هەوڵیاندا سەربەخۆ یان بە ئاسانکاری لەگەڵ هاوسەفەرانی دیکە بچنە تورکیا کە ئۆتۆمبیلیان هەبوو وەك راگەیەندراوە ١٥٠٠٠٠ – ٢٠٠٠٠٠ لیرەی سوری (نزیکەی ٨٠٠ – ١٠٦٠ دۆلار)یان بۆ سەفەرەکە وەردەگرت (SY12).

جوڵەو هاتوچۆ لەنێوان سوریاو تورکیاشەوە راگەیەندراوە، کە هەندێ سوری بۆ سوریا گەڕاونەتەوە، بە تایبەتی پارێزگاکانی حەلەب و حومس، بۆ دروێنەی زەویەکانیان. هەندێ سوری دیکە بەشێوەیەکی نایاسایی زۆر جار لە کیلیس سنور دەبڕن، بۆ یارمەتیدانی دارایی خزمانی پیریان کە هێشتا لە سوریا دەژین (TR17; TR18; TR28). هەندێکی دیکەش هێشتا قوتابی تۆمارکراون لە زانکۆکانی سوریا، کە دەچنەوە سوریا بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی زانکۆو پاشان بۆ تورکیا دەگەڕێنەوە (TR28).

تاکو سەرەتای ساڵی ٢٠١٥، خاڵە فەرمیەکانی سنوری نێوان سوریاو لوبنان – لەلای سوریاوە – کرابوونەوەو لەلایەن حیزبوڵڵاو رژێمی سوریەوە کۆنترۆڵدەکران، لەکاتێکدا لەلای لوبنانەوە، ئاسایشی گشتی کۆنترۆڵی خاڵەکانی پەڕینەوەی سنوری دەکرد. هەرچەندە لە ئاياری ٢٠١٥ەوە، تێکگیران کەوتوتە نێوان سوپای هاوپەیمانی سوری و میلیشیاکانی حیزبوڵڵا لەگەڵ داعش و میلیشیاکانی بەرەی نوسرە لە ناوچە سنورەکانی سوریا - لوبنان لە زەبەدانی، باکوری رۆژئاوای شاری دیمەشق، بۆ عەسال ئەلوەرد لە قەلەمەون لە پارێزگای ریفی دیمەشق، لە باشوری رۆژهەڵاتی بەعلەبەك لە لوبنان. هەروەك پێکدادان لە دەوروبەری خاڵەسنوریەکان لە قوسەیر و تەلکەلەخ لە باشوری رۆژهەڵات و باشوری رۆژئاوا بەدوای یەکدا دروستبووە، لە شاری حومس لە سوریا (Aziz, 11 May 2015). ئەمە ئاسانکاری کۆچی ناوخۆو رێگەکانی قاچاخچێتی کۆچبەرانی بەرەو باکوری تورکیا پاڵناوە، لە رێگەی جەبەل تورکمان لە پارێزگای لازقیەی سوری و ناوچەکانی ژێردەستی داعش لە نزیك شاری حەلەب.

گۆڕانکاریەکی هاوشێوە لە سەرەتای ٢٠١٥ەوە تێبینیکراوە، کاتێ ئوردن خاڵی پەڕینەوەی سنوری فەرمی خۆی لە جابیر لە پارێزگای مەرفەق و لە رەمثای پارێزگای ئیربید داخست لە باکوری رۆژئاوای وڵاتدا، لەگەڵ خاڵی پەڕینەوەی سنوری نافەرمی نزیك روەیشد لە رۆژهەڵات. سوریەکانی ئەو ناوچانەی لەژێر کۆنترۆڵی بەرەی نوسرەدا لە پارێزگا سوریەکانی دەرعە بە شێوەیەکی زیاتر هەوڵی جێهێشتنی سوریایان دا لە رێگەی ناوچەی تەدموری کۆنترۆڵکراوی داعش لە پارێزگای حومس و حەلەب لە باکور، کە خاڵی پەڕینەوەی سنوری نافەرمی لە ناوچە کشتوکاڵیەکان تێدابوو بەرەو تورکیاو، قاچاخچیانی کۆچ کاریان تیا دەکرد (SY12). خەڵکی هەرێمەکانی رۆژئاوای سوریا دەبوایە نرێکخراوی ناحکومیی بەرزتر بدەن بۆ گەیشتن بە رۆژهەڵات، چونکە گەشتەکە درێژتربوو و پێویستیان بەوە بوو ناسنامەی پێویستیان هەبێت بۆ پەڕینەوە بە بازگەکاندا لە پارێزگای سوەیدای باشوری رۆژهەڵاتی سوریا، کە لەلایەن هێزەکانی رژێمەوە کۆنترۆڵکرابوون (JO11;JO12). ئەمەش زۆر بە مەترسیدار دادەنرا، کە خەڵك ناچاربوون بە رێگە بیابانیەکاندا گەشت بکەن کە بەمدواییە ببوونە شانۆی کوشتار. هەندێ کەس لە سەفەری بیاباندا لەناوچوون، سەرەڕای ئەوەی نەدەکرا ژمارەی مردووان لەو رێگەیەدا تۆماربکرێت (JO12).

سوریەکانی گوندی تیپەی سنوری، لە ڕۆژهەڵاتی ڕەمثای ئوردن و، تەلشەهاب لە باکوری ڕەمثا – هەردووك نزیکەی ٣ کیلۆمەتر لە سنورەوە دوورن –ڕێبەری ئەو پەنابەرانەیان دەکرد کە بە پێ سنوریان دەبڕی. بەپێی زانیاریدەرێکی ئەم توێژینەوەیە، بڕە پارەی دراو بۆ پەڕاندنەوەی کەسێکی گەورە بە درێژایی سنوری ئوردن و، خۆلادان لە بازگەکان لەنێوان ٣٠٠٠٠و ٥٠٠٠٠ لیرەی سوریە (نزیکەی ١٥٠ بۆ ٢٥٠ دۆلار)، لە گەشتێك کە نزیکەی مانگێك دەخایەنێ چونکە ڕێپیشاندەرە بەدوەیە سوریەکان داوا لە خەڵك دەکەن لە گوندەکانیاندا بمێننەوە تا گروپێکی گەورە کۆدەکەنەوە بۆ گەشتەکە (JO11).

شیاوی ئاماژەیە، هەندێ سوری کە پێشتر لە هەرێمی کوردستانی عیراق بوون لە خاڵی پەڕینەوەی سنوری پێشخابوورەوە گەڕاونەتەوە سوریا، بەتێکڕای ٤١٧٣ کەس خۆبەخشانە و سەربەخۆ لە یەکەم چارەگی ساڵی ٢٠١٥ گەڕاونەتەوە. ئەو هۆیانەی UNHCR دیاریکردوون بریتی بوون لە «کۆبوونەوەی خێزان، هۆکاری پزیشکی، نەبوونی دەرفەتی کارو، تێچووی گرانی ژیان لە هەرێمی کوردستان».[٣٢]

نەخشەی ٤: ئاوارەبوونی ناوخۆ لە سوریا لە ٢١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤وە




سەرچاوە: www.internal-displacement.org/middle-east-and-north-africa/syria/2014/displacement-in-syria-as-of-october-2014 , لە ٢٠١٥/١١/٠٦ سەیریکراوە

٣٢ UNHCR (٢٦ی نیسانی ٢٠١٥). " تازەکردنەوەی ڕەوشی پەنابەرانی سوری لەنێو ئاژانسەکاندا." بەردەستە لە: http://reliefweb. int/sites/reliefweb.int/files/resources/Syrian%20refugee%20crisis%20Inter-Agency%20Regional%20Update%20 20150426.pdf، لە ٢٠١٥/١٠/١٦ سەیریکراوە.

## ٢.٣ جوڵەی پەنابەرانی سوری

هێڵکاری ٢: خاڵە فەرمیەکانی پەڕینەوە لە سنور کە لەلایەن پەنابەرانی سوریاوە بەکارهاتووە.



هێڵکاری ٣: خاڵە نافەرمیەکانی پەڕینەوە لە سنور کە لەلایەن پەنابەرانی سوریاوە بەکارهاتووە.




**خاڵی پەڕینەوەی سنوری نایاسایی بە یارمەتی قاچاخچیان راگەیەندراوە کە لە هەر چوار وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا روودەدەن.** رەیحانلی لە پارێزگای هەتای تورکیا (TR02; TR26)، نزیکی ئەلحەمدە لە سوریا، بە نافەرمی بە «رێگەی قاچاخچیان» ناسراوە، چونکە پێش شەڕیش بۆ قاچاخی نەوت، جگەرەو هەندێ بەرهەمی دیکە بەرەو تورکیا بەکاردەهات (TR26). خاڵی پەڕینەوەی سنوری نایاسایی دیکە هەن لە نێوان تورکیاو سوریا کە وەکو رێگەی بازرگانی بەقاچاخبردنی کەلوپەل بەکارهاتوون ووا پێدەچێ هەمان گروپی قاچاخچیان ئێستا لە بە قاچاخبردنی پەنابەرانەوە گلابن و، سود لە پەیوەندیەکانی پێشوو وەربگرن لەگەڵ رێبەرەکانی سنورو شارەزاییان لە ناوچەکەو رێگەوبانەکانی (TR02). ئەو سوریانەی دەیانەوێ لە رێگەی رەیحانلی – ئەلحەمدە بەرەو تورکیا بپەڕنەوە نزیکەی ٢٠ لیرەی تورکی (٦ -٧ دۆلار) دەدەن (TR26). لەکاتێکدا کرێی قاچاخچیان لە ناوچەکانی تر جیاوازە، لە نێوان ٢٠ بۆ ٢٠٠ لیرەی تورکی (٦- ٧٠ دۆلار) دەبێت (TR02). زانیاریدەرێکی لێکۆڵینەوە لە رێکخراوێکی نێودەوڵەتی لەو پەنابەرانە نزیك بۆوە کە هاتبوونە غازی عەنتاب لە تورکیا بە یارمەتی قاچاخچیانی تورکی کە لە سوریا چاویان پێکەوتبوون. هەندێ قاچاخچی بەڵێنیان پێدابوون بەرامبەر بە پارە بیانگەیەننە ئەستەمبوڵ بەڵام لە کیلیس بەجێیان هێشتبوون و بزربوون (TR32). کاری قاچاخی کۆچبەران لەکاتی مەترسیە ئەمنیە گەورەکان داوادەکرێت لەکاتێکدا کە دەسەڵاتەکانی تورکیا سنوورەکان دادەخەن (TR02).

٣٣ www.mapaction.org/component/mapcat/download/2965.html?fmt=pdf بینراوە لە ٢٠١٥/٠٩/١٦

لە کانونی یەکەمی ٢٠١٤و کانونی دووەمی ٢٠١٥، بڵاوکراوەی هەواڵی نەهارنێت (٢٩ی کانونی دووەمی ٢٠١٥)و ئەلئەخبار _١٦ی کانونی یەکەمی ٢٠١٤) رایانگەیاند کە باندێکی تاوان و تاکانێك لە هێزی ئەمنی بەرامبەر بەرتیل ئاسانکاری بۆ بەقاچاخبردنی پەنابەران دەکەن لە سوریاوە بۆ لوبنان. هەندێ پەنابەرانی سوری لە لوبنان رایانگەیاند کە هەندێ ئەندامانی خێزانی دیاریکراو بەسەر پاسی بچوکە «بزربوون» لە نزیك سنورداو، هیچ زانیاریەکیان لەبارەی شوێنی ئەوانەوە نیە (LB44).

هەروەکو رەیحانلی لە تورکیا، پێش شەڕ کەرستەی وەکو شەکر، گۆشت و جگەرە لە پارێزگای دەرعەی سوریەوە بە قاچاخ دەبرانە پارێزگای رەمثای ئوردنی لەلایەن کەسانی بەهەارە لەدەرعەوە، بۆ خۆدزینەوە لە باجی هاوردەکان. ئەوانە ئۆتۆمبیلی تایبەتیان بەکاردینا بۆ گواستنەوەی بەرهەمەکان لە رێگەی خاڵی پەڕینەوەی سنوریە نایاساییەکان لە بەری رۆژئاوای سنور، کە لەوەتەی دەسپێکی شەڕەوە بۆ بە قاچاخبردنی پەنابەرانیش بەکاردێ (Townsend & Oomen, 2015).

هەروەها پەنابەران خزمەتگوزاری قاچاخچێتی پەنابەرانیان بەکاردەهێنا بۆ پەڕینەوە لە خاڵی پەڕینەوەی سنوری رەبیعە (عیراق) ــیەعروبیە (سوریا) لە سوریاوە بۆ عیراق. خاڵی پەڕینەوەی سنوری نایاسایی ئاماژە بۆکراو بەرەو هەرێمی کوردستانەهەروەك رێگەی لەکەحیش لەلایەن قاچاخچیانی پەنابەرانەوە کۆنترۆڵکرابوو.

## پەنابەران لە وڵاتانی خانەخوێدا

لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٥وە، تێکڕای ٣٩٣٠٣٣٠ پەنابەری سوری لەلایەن UNHCRەوە تۆمارکران و چالاکبوون لە هەر چوار وڵاتی خانەخوێدا (لە تورکیا، UNHCR پشت بە ژمارەکانی حکومەتی تورکی دەبەستێت)[٣٤] و، زیاتر لە ٦,٦ ملیۆن کەس لە ناوخۆی سوریا ئاوارە بوون. تورکیا، لوبنان، ئوردن و عیراق پێکەوە ٨٦,٧٪ پەنابەرانی سوری لە دەرەوە میوانداری دەکەن. ٤٤١٢٤٦ سوری دیکەش هەوڵی پەناخوازیان داوە لە وڵاتانی ئەوروپا لە نێوان نیسانی ٢٠١١و ئابی ٢٠١٥و، ١٥٩١٤٧ پەنابەری سوری لە میسرو وڵاتانی باکوری ئەفریقیان،[٣٥] ئەمەش تێکڕای ژمارەی ٤٥٢٩٥٧٢ کەس دەداتە دەست کە لە سوریاوە بوونەتە پەناخواز لە دەرەوەی سنورەکانی وڵاتی خۆیان.

هێڵکاری ٤: پەنابەرانی تۆمارکراوی سوری




٣٤ http://data.unhcr.org/syrianrefugees/regional.php، بینراوە لە ٢٠١٥/١٠/٠١

٣٥ ٢٦٧٠٠ پەنابەری سوری لە وڵاتانی باکوری ئەفریقیان جگە لە میسر. http://data.unhcr.org/ syrianrefugees/regional.php، بینراوە لە: ٢٠١٥/١٠/٠١.

تا رادەیەکی زۆر بەشی هەرەزۆری ئەو سوریانەی لە دەرەوەی سنورەکانی وڵاتی خۆیان پەناخوازە لە تورکیان. تورکیا بەرزترین ژمارەی پەنابەرانی سوری لەخۆگرتوە – ولە راستیدا پەنابەران بە شێوەیەکی گشتی – لە جیهاندا؛ تەواوی ٤٨٪ی تێکڕای پەنابەرانی تۆمارکراوی سوری لە تورکیان. لە ٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ەوە تورکیا بە شێوەیەکی فەرمی ٢٠٧٢٢٩٠ پەنابەری تۆمارکراوی سوری تێدایە، کە ٢٦,٢٪یان کچن، ٢٨٪یان کوڕن، ٢٣٪ ژن و ٢٢,٩٪ پیاون.[٣٦]

لە ساڵی ٢٠١٤، بە هۆی هەڵڕژانی سوریەکانەوە، لوبنان بووە ئەو وڵاتەی کە خاوەن چڕترین ڕێژەی پەنابەرانە بە گوێرەی دانیشتوان لە سەرتاپای جیهاندا (UNHCR, 2014). لە کۆی ٢٤٠٨ پەنابەری تۆمارکراوی سوری لە لوبنان لە ناوەڕاستی ٢٠١١، ژمارەی فەرمی زیادیکرد بۆ ١١٤٠٥٨٥ لە ٢٠١٤دا، لەگەڵ بەهێزترین بەرزبوونەوە لە تەواوی ٢٠١٤,[٣٧] ژمارەی ئێستای پەنابەران لە ئەیلولی ٢٠١٥ بوتە ١١١٣٩٤١ پەنابەری سوری.[٣٨] سەرەڕای ئەوەش، بەپێی راپۆرتەکان و سیاسەتی حکومەت لە تۆمارکردن، واپێدەچێ ژمارەیەکی زۆری خەڵکی سوری لە لوبنان تۆمار نەکرابن. لە ٦ی ئایاری ٢٠١٥، UNHCR تۆمارکردنەکانی هەڵواسیوە بە پێی رێنماییەکانی حکومەتی لوبنانی و، ئەو خەڵکەی چاوەڕێی تۆمارکردنن لەوکاتەوە چیتر نەخراونەتە ریز ژمارەی پەنابەرانی سوری.

ئوردن، بە گەورەترین ژمارەی پەنابەرانی سوری بە ژمارەی رەها، تێکڕای ٦٢٨٨٨٧ پەنابەری سوری تۆمارکراو کە ٢٥,٢٪یان کچن، ٢٦,٦٪یان کوڕن، ٢٣,٥٪یان ژنن و، ٢١,٢٪یان پیاون. خەڵکی پارێزگای دەرعەی سوری، لەسەر سنوری ئوردن لەگەڵ دەستپێکی کێشەکەدا بەپێ و بە ئۆتۆمبیل دەستیان بە پەڕینەوەکرد لە سنور بەرەو ئوردن لە ٢٠١١و، نزیکەی نیوەی تەواوی پەنابەرە سوریە تۆمارکراوەکان لە ئوردن خەڵکی دەرعەن (٤٤,٧٪).[٣٩]

لە ئەیلولی ٢٠١٥، UNHCRی عیراق ٢٤٨٥٠٣ پەنابەری سوری تۆمارکردبوو، کە بەرەبەرە لە یەکەم مانگەکانی ٢٠١٢ەوە دەستیان پێکرد. ژمارەی فەرمی پەنابەران، کە لە تەموزی ٢٠١٢ گەیشتە ١٠٧٩٤، لەو ساتەوە بەخێرایی زیادبووو، لەبەر نزیکی و لێکچوونی زمان، زۆربەی پەنابەرانی سوری لە هەرێمی کوردستانن و، خەڵکی کوردی سورین لە باکورو باکوری رۆژ هەڵاتی سوریا. لە تێکڕای پەنابەرانی سوری تۆمارکراو لە عیراق، تەنیا ٦٦٣٦یان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانن، لە پارێزگا دراوسێکانی ئەنبار (٤٥١٢)و کەرکوك (٧٨١)و، (١٣٤٣) کەسی دیکەش بە بەشەکانی دیکەی عیراق پەرتبون.[٤٠]

٣٦ بەرسڤی ئیقلیمی سوری هاوبەش لە نێوان ئاژانسەکان و دەروازەکانی ئالوگۆڕی زانیاریەکان. بەردەستە لەسەر: Available at: http://data. unhcr. org/syrianrefugees/country.php?id=224، لە ٢٠١٥/١٠/١٥ بیراوە

٣٧ www.syrianrefugees.eu, accessed ٢٠١٥/٠٩/٠٩.

٣٨ دەروازەی بەرسڤی ئیقلیمی هاوبەشی پەنابەرانی سوری بۆ ئاژانسەکان کە بەردەستە لە: http://data. unhcr.org/syrianrefugees/country. php?id=224, بینراوە لە: ٢٠١٥/١٠/١٥

٣٩ UNHCR (30 ئەیلولی 2015). ”سوریانی تۆمارکراو لە ئوردن“. بەردەستە لە: http://data.unhcr.org/ syrianrefugees/country. php?id=107، لە ٢٠١٥/١٠/١٥ دیتراوە.

٤٠ UNHCR (30 ئەیلولی 2015). ”سوریانی تۆمارکراو لە ئوردن“. بەردەستە لە: http://data.unhcr.org/ syrianrefugees/country.php?id=103، لە ٢٠١٥/٠٩/٢٤ دیتراوە.

### خشتە ٥: پرۆفایلی پەنابەران و ئاوارەکان لە هەر وڵاتێك

| | سەرجەمی دانیشتووان | تێکڕای ڕووبەر (کم٢) | پەنابەر/ ئاوارەکانی سوریا لە کۆتایی ٢٠١٤ | وەکو ٪ی دانیشتووان | پەنابەر/ ئاوارەکانی سوریا لە ٣٠,٠٩,٢٠١٥[41] |
|---|---|---|---|---|---|
| سوریا | ٢٣٠٠٠٠٠٠ | ١٨٥١٨٠ | ٧٦٣٢٥٠٠ ئاوارەی ناوخۆ | ٪ ٣٠,٤ | ٦٦٠٠٠٠٠ ئاوارەی ناوخۆ [42] |
| | | | کەسانی دیکەی جیابایەخ: ٣١٥١٥٥ (کە ١٦٠٠٠٠یان بێ ڕەگەزنامەن) | | |
| تورکیا | ٧٦٦٦٧٨٦٤ [43] | ٧٨٣٥٦٢ | ١٧٠٠٠٠٠ | ٪٢,٢ | ١٩٣٨٩٩٩ |
| لوبنان | ٥٨٨٢٥٦٢ [44] | ١٠٤٥٢ | ١٢٠٠٠٠٠ | ٪٢٠,٤ | ١١١٣٩٤١ [45] |
| ئوردن | ٦٤٥٩٠٠٠ [46] | ٩٦١٨٨ | ٦٥٠٠٠٠ | ٪١٠,١ | ٦٢٨٨٨٧ |
| عیراق | ٣٣٠٠٠٠٠٠ | ٤٣٧٠٧٢ | ٢٢٥٠٠٠ | ٪٠,٧ | ٢٤٨٥٠٣ |
| هەرێمی کوردستانی عیراق | ٥٢٠٠٠٠٠ | | ٢٠٧٠٠٠ | ٪٤,٠ | |
| سەرجەم | | | | | ٣٩٣٠٣٣٠ پەنابەر |

نزیکەی ٢٦٠٠٠٠ سوری ئێستا لە ٢٥ «سەنتەری پاراستن» نیشتەجێن (ئۆردوگاکان) لە دە شارو شارۆچکەدا، کە نزیکەی ١٥٪ی تێکڕای پەنابەرانی سوری لە تورکیا لەخۆ دەگرێت.[47] بەمجۆرە زۆربەی هەرەزۆریان لە دەرەوەی کەمپەکان دەژین، زۆربەیان لە شارو شارۆچکەکانی باشوری ڕۆژهەڵات و باشوری تورکیا، نزیك لە سنوری سوریا – غازی عەنتاب، کیلیس، هاتای، شانلیئورف، ماردین، ئەدەنەو مێرسین -، لەکاتێکدا نزیکەی ٣٣٠٠٠٠ لە ئەستەمبوڵ دەژین (HUGO, 2014). بەمدواییە، جوڵەی پەنابەران وەکو کۆچی ناوخۆی پەنابەری خەڵکی تورکیای لێهاتووە، لەگەڵ جوڵەی هەندێ سوری بۆ شاری گەورەتر لە گەڕان بەدوای کاری باشترو دەرفەتی فێربوونی باشتردا (TR33; TR36; TR38). پارێزگای ئیزمیری خۆرئاوای تورکیاو شارەکانی سەر دەریای ئیجە، وەکو مێرسین، ئایدن، موغلە، بالیکەسیرو چاناکالی، ژمارەیەکی بەرچاوی ڕوو لە زیادەی پەنابەرانیان تیادا لە پەناگەی کاتی ، پارك و شوێنە کراوەکانی دیکە دەژین، لە چاوەڕوانی پەڕینەوە بۆ دورگەکانی یۆنان بە یارمەتی قاچاخچیان.

سەبارەت بە پەنابەرانی سوری لە تورکیا، وەزارەتی کارو سیاسەتە کۆمەڵایەتیەکان پەیڕەوێکی نەرمی هەیە بۆ پێدانی ڕێپێدانی کار، وازی لە مەرجی سەرمایەی دراوی ١٠٠٠٠٠ لیرەی تورکی (نزیکەی ٣٣٣٧٠ دۆلار) هێناوەو بەپێی

٤١ سەرچاوە: http://data.unhcr.org/syrianrefugees/regional.php، بینراوە لە: ٢٠١٥/١٠/٠١

٤٢ www.unocha.org، بینراوە لە ٢٠١٥/١٠/٠١

٤٣ ٢٠١٣، بەردەستە لە: www.turkstat.gov.tr/UstMenu.do?metod=temelist، بینراوە لە ٢٠١٥/٠٣/١٠

٤٤ خەمڵاندنی تەموزی ٢٠١٤، CIA World Factbook ٢٠١٥. بەردەستە لە: www.cia.gov/library/publications/the-worldfactbook/geos/le.html بینراوە لە ٢٠١٥/٠٤/٢٧

٤٥ "هەروەك لە ٦ی ئاياری ٢٠١٥، UNHCRی لوبنان بەپێی ڕێنمایی حکومەتی لوبنانی تۆمارکردنی تازەی هەڵپەسارد. بڕوانە: http://data.unhcr.org/syrianrefugees/country.php?id=122، بینراوە لە ٢٠١٥/٠٩/٣٠

٤٦ خەمڵاندنی ٢٠١٥ لە ماڵپەڕی بانکی جیهانیەوە، بینراوە لە ٢٠١٥/٠١/٢٠.

٤٧ AFAD ئەو زانیاریە تازەکردوەوە بەپێی بنەمای تایبەت، بەردەستە لە: www.afad.gov.tr/tr/IcerikDetay1. aspx?ID=16&IcerikID=848، بینراوە لە: ٢٠١٥/١٠/٠١

سیستەمەکانی دەستی کاری بیانی، کە لانی کەم بوونی پێنج فەرمانبەری بەکاتی تەواوی تورکی دەخوازێت لە شوێنی کاردا (TR42). مەرجی پێشینەی سەرەکی بۆ پەنابەرانی سوری ئەوەیە کە خاوەن پاسپۆرت بن لەگەڵ مۆری هاتنە ناو تورکیاو مۆڵەتی مانەوە بۆ ماوەی ٦ مانگ بەلای کەمی بۆ وەدەستهێنانی مۆڵەتی کارکردن (TR42).

هەروەك لە پێشەکی روونکراوەتەوە. ئەو خەڵکەی لە سوریاوە هەڵاتوون وەکو «پەنابەر» نەناسێنراون لە لوبنان، بەڵام زیاتر بە «ئاوارە» دەناسرێن (Pizzi, 6 January 2015). لوبنان هیچ کەمپێکی فەرمی رێکنەخستووە بۆ پەنابەرانی سوری، کە لە خێوەتگەی نافەرمیدا دەژین، یان ژوورو شتیان بەکرێگرتووە. زۆربەی پەنابەرانی سوری بەرەو ناوچەی تەرابلوس لە باکوری لوبنان، دۆڵی بیقاعی دراوسێی سوریا، یان بەیروت و ناوچەی جەبەل لوبنان هەڵاتوون، لە کاتێکدا ژمارەیەکی کەمتر لە بەشی باشوری وڵات نیشتەجێن.[48] وا باوە بە گوێرەی کەسانی هەمان گوند یان گەڕەك لە سوریا کە پێکەوە کۆچ بکەن و لە هەمان خێوەتگەی نا فەرمیدا نیشتەجێبن، کە یارمەتیدەرە بۆ پاراستنی تۆڕی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان.

ئەو سوریانەی کۆچی ناوخۆ دەکەن لە لوبنان لە ناوچە لادێنشینەکان دەجولێن وەکو دۆڵی بیقاع و عەککار بەرەو شارەکانی وەکو بەیروت، تەرابلوس یان سەیدا، لەکاتێکدا کۆچی شار بەرەو لادێ زۆر دەگمەنە. لەگەڵ ئەمەشدا، هەندێ کەیسی تاکوتەرا راگەیەنراون لە کۆچی شار بەرەو لادێ، کاتێ تەواوی دانیشتوانی کەمپێکی نافەرمی لە دۆڵی بیقاعەوە بەرەو ناوچەی عەککار کۆچیان کرد، کە زانیاریدەرێکی لێکۆڵینەوە وای دادەنێ بەپێی رێکەوتنێکی کارە لەنێوان خاوەن زەویەکانی هەردوو ناوچەدا (LB39).

١٧,٥٪ی پەنابەرانی سوری لە ئوردن لە کەمپی فەرمیدا دەژین، لەگەڵ زۆرینەی پەنابەران لە کەمپی زەعتەری لە پارێزگای مەفرەق، کە ژمارەی ئێستایان دەگاتە ٧٩٣١٧ کەس.[49] ئەو سوریانەی لە کەمپەکانی پەنابەران نیشتەجێن ناسنامەی کەمپیان بۆ کراوە، لەکاتێکدا ئەو سوریانەی لەناو کۆمەڵگەی خانەخوێدا دەژین ناسنامەی ئاسایشیان هەڵگرتووە، کە رێیانپێدەدا لەسەر بنەما مرۆییەکان لە ئوردن بمێننەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، لە ساڵی ٢٠١٣وە دەسەڵاتەکانی ئوردن کۆتوبەندیان خستوتە سەر هاتنی سوریەکان .(Sweis, 8 October 2014)

لە سەرەتای کێشەکەدا، ٩٠٪ی ئەو سوریانەی پەڕیبوونەوە ئوردن لە تیبەو تەلشیهابەوە خەڵکی دەرعە بوون، بەڵام پاشتر، کاتێ روەیشدبووە مەرزی سەرەکی، گروپەکانی پەنابەرانی سوریان تێدابوو لە حومس (ئێستا تێکڕای ١٦٪ی سوریەکان لە ئوردن)، ریفی دیمەشق (١٢,٣٪)، حەلەب (٨,٢٪)، شاری دیمەشق (٧,٨٪)و دێرزوور (٠,٦٪)، سەرەڕای دەرعە.[50] هاتووە تازەکان بە زۆری گلەیی لە چاوەڕوانی درێژ دەکەن بۆ هاتنە ناو ئوردن – هەندێ پەنابەر رایانگەیاندووە کە ٢٠ بۆ ٥٠ رۆژ چاوەڕێ بوون – لە پاڵ ئەو ناخۆشیانەی لەو ساتانەدا لە خاکی بێکەسی بەری سوریای سنوری رۆژهەڵاتەوە رووبەڕووی دەبنەوە (JO17).

٤٨ www.syrianrefugees.eu، لە ٢٠١٥/٠٩/٠٩

٤٩ UNHCR (٣٠ ئەیلولی ٢٠١٥). "سوریە تۆمارکراوەکان لە ئوردن". بەردەستە لە: Available at: http://data.unhcr.org/ syrianrefugees/ country.php?id=107، بینراوە لە: ٢٠١٥/١٠/١٥.

٥٠ UNHCR (٣٠ ئەیلولی ٢٠١٥). "سوریە تۆمارکراوەکان لە ئوردن". بەردەستە لە: Available at: http://data.unhcr.org/ syrianrefugees/ country.php?id=107، بینراوە لە: ٢٠١٥/١٠/١٥.

## بەدڕەفتاریەکان

هەروەك بەرپرسێك لە کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی لە وتارێکی بڵاوکراوەی لەمدواییە ئاماژەی پێداوە، ڕێگەکانی کۆچی گەڕان بەدوای پەناگە لە ململانێ زۆر ترسناکن:

«یەکێك لە دەرەنجامە هەرە مەترسیدارەکانی ڕەوشی ئێستای ناوچەی عەرەبی بریتیە لە گرتنەبەری ڕێگە خەتەرناکەکانی کۆچ لە هەوڵی گەیشتن بە ڕزگاربوون لە کێشەکان. چەند وڵاتێکی ناوچەی عەرەبی خاڵی گرنگن بۆ ڕێگەی ڕاگواستنی کۆچی نایاسایی کە لەلایەن کۆچبەرەکانەوە دەگیرێتەبەر، بە هاوەڵی ئەو نابالغانەی لەگەڵیاندان. {...} ئەوان زۆر جاران قاچاخچیەکان بەکرێ دەگرن و مل بە دەریایەکی یا وشکانیەکی خەتەرناکەوە دەنێن، کە زۆربەیان گیان لەدەستدەدەن» (El Fegary, July 2015: 5).

ئەمە بە ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دووپات دەکرێتەوە، بە تایبەتی بە پەیوەندی لەگەڵ ڕەوشی سەر سنور. دیدارکراوێك ئاماژەی بە هەندێ کەیسی بەدڕەفتاری و توندوتیژیدا لەلایەن ئاسانکاران و قاچاخچیان لە سوریا، کە لە فرتوفێڵ، دزینی پارەو موڵك، بەجێهێشتن پێش گەیشتن بە دوا شوێنی مەبەست (SY12).

ژنێك کە لە کەمپی عەتمە لە سوریا دەژیا بە ڕێکخراوە ناحکومیەکانی ڕاگەیاند کە دوای ئەوەی سەربازێك دەستدرێژی کردۆتە سەر توشی ئیفلیجی بووە (TR38). ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠١٣ی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی کێشەکانی پەڕینەوەی سنوری دۆکیومێنت کردوە وەکو ڕێگرتن لە چوونە ژوور، کردەکانی پاڵپێوەنان لە دواوەو بەکارهێنانی هێزی لە ڕادەبەدەر لە سنوری سوریاو تورکیا (٢٠١٤). هەروەها ڕێکخراوێکی ناحکومی لەم سنورەدا پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی ڕاپۆرت کردووە، لەوانەش ئەو کەیسانەی کە ژنان و کچانی پەنابەری سوری کێچەڵی سێکسیان پێکراوە لە لایەن سەربازەکانەوە بەرامبەر ڕێگەپێدانیان بۆ پەڕینەوە لە سنور. ڕێکخراوە ناحکومیەکە کەیسی پیاوێکی ڕێکخراوی ناحکومی ویستوە دۆکیومێنتی کردوە کە بە خراپی بریندار کراوە بە دەستی سەربازێکەوە لەکاتی هەوڵی پەڕینەوەی لە سنور لەگەڵ دوو منداڵی خۆی، کە ئەوانیش توشی بێزارکردن ببونەوە، وادەردەکەوێ کە سەربازەکە لەکاتی لێپرسینەوە ڕەتی ڕووداوەکەی کردۆتەوە. پەنابەرانی سوری بەرێکخراوە ناحکومیەکەیان ڕاگەیاندوە کە دەستدرێژی کردنەکان بوونەتە شتێکی باوو ئەوان لێیراهاتوون، چونکە هیچ تۆمەتبارکردنێك ئەنجام نادرێت. ژنان و کچان زۆر دەترسێن لەوەی دەستدرێژیە سێکسیەکان ڕابگەیەنن، بەپێی قسەی هەمان دیدارکراو (TR38).

هەندێ لە سوریەکان مەینەتیان بەدەست بەدڕەفتاریەوە هەیە کە لەلایەن ئاسانکاران و قاچاخچیانی کۆچبەرانەوە ئەنجام دەدرێت. لە یەك کەیس کە دیدارکراوێکی ئەو توێژینەوەیە ڕایگەیاندووە، پیاوانێکی چەکداری سەر بە FSA ئاسانکاریان بۆ جوڵەی ناوخۆی خێزانێك دەکرد کە گەورەی ئەو خانەوادەیە ژنێك بوو لە پارێزگای حومس بەرەو خوار دۆڵی ڕوباری ئوردن بە ئاراستەی سنوری ئوردن. ئەوان داوای برە پارەیەکی زۆریان کرد بۆ بەردەوامبوون لە گەشتەکە و، کاتێك خێزانەکە ڕەتیانکردەوە پارەکە بدەن، یەکێك لە کچەکان لەلایەن ئاسانکارەکانەوە دەستدرێژی کرایە سەرو، ئینجا خێزانەکەیان بەجێهێشت. کە گەڕانەوە پارێزگای دەرعا، ئەمەیان بە سەرکردایەتی سوپای ئازاد FSA ڕاگەیاندو دوو پیاو سزادران ، هەرچەندە سزاکە لەلایەن دیدارکراوەکەوە بە سزایەکی سوك دانرا (SY12).

لەکۆتایی ٢٠١٤، کاتێك حکومەتی ئوردنی بووە ئەندامی هاوپەیمانێتی دژ بە داعش لە سوریاو عیراق، ژمارەیەکی کەمتری پەنابەران لە پارێزگاکانی رەققە، دێر ئەلزورو حەسەکەی سوریاوە رێی هاتنەژوورەوەیان پێدرا. ئوردن هۆکاری ئەمنی کردە بیانوو، لە ترسی ئەوەی کە رەنگە ئەندامانی داعش لەناو پەنابەرانی ئەو ناوچانەدابن (JO06; JO17). گەڕانەوە بۆ سنوری سوریاو ئوردن بووە مایەی دڵەڕاوکێ لەنێو ستافی نێودەوڵەتی بواری مافەکانی مرۆڤ چونکە خەڵکی رەققە، دێر ئەلزورو حەسەکە لە سنوری رۆژهەڵاتەوە هاتبوون، بەڵام لە رێگەی سنوری رۆژئاوا لەگەڵ پارێزگای دەرعەی سوری رەوان کرانەوە کە پەیوەندی خێزانیان لەوێ کەمبووو بۆیەهبوو دووچاری توندوتیژی ببنەوە بە دەستی گروپی ئاسانکارانی جوڵەی ناوخۆو گروپە چەکدارەکانی کە کۆنترۆڵی ناوچەکەیان دەکرد (JO17; JO02).

## ٣.٣ ئاوارەبوونی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی عیراقی

دوای شەڕی ساڵی ٢٠٠٣ بە سەرکردایەتی ئەمریکا لە عیراق و توندوتیژی تایفەگەری دوای ئەوە، **زۆر لە عیراقیان ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ بوون**، سوریاش زۆرترین ژمارەی لەخۆگرت. پەشێوی درێژخایەنی رەوشی ئەمنی لە عیراق بووەهۆی وشکبوونی بەرەبەرەی پاشەکەوت و شێوازەکانیدیکەی پارە دابینکردن لە عیراق کە پەنابەران پشتیان پێدەبەست (Weiss, 2007).

لە بەرواری قۆناغی سەرەتادا، حکومەتی سوری وایدەخەملاند کە نزیکەی ٤٧١٤٠٠ پەنابەری عیراقی لە سوریا دەژین هەرچەندە کە UNHCR تەنیا یارمەتی ١٠١٩٠٠ پەنابەری عیراقی دەدا لە کانونی دووەمی ٢٠١٢. لە کۆتایی ٢٠١٢، ژمارەکانی UNHCRبۆ ٦٢٧٠٠ کەمبووەوە.[٥١] ئەوانە تەنانەت لە کارکردنی فەرمی بێبەش دەکران، بەومانایەی کە زۆربەیان هیچ سەرچاوەیەکی داراییان نەبو تا لە شەڕی سوریا رابکەن. ئەوانەی دەشیانتوانی، دەبوایە لەنێوان گەڕانەوەیان بۆ عیراق یان هەوڵی پەرینەوەی سنوری وڵاتێکی دراوسێی دیکە هەڵبژێرن. نزیکەی ٧٠٠٠٠ گەڕانەوە بۆ عیراقی نائارام کە بۆیەهبوو رووبەڕووی مەترسی ببنەوە، لەکاتێك ئەوانی دیکە دووچاری دووجار ئاوارەبوون، جیاکاری و لاوازی بوونەوە لە وڵاتە دراوسێکاندا.

عیراقیانی هەڵاتو لە جەنگ لە سوریاوە بەرەو لوبنانیش بە قاچاخ بردران، ژمارەی ڤیزەی لوبنانیش کەم دەستدەکەوت. هۆکاری سەرەکی کە بۆ ئەو گروپە بەرەو لوبنان بەردەوام بوون و لە سوریا نەمانەوە، سەرەڕای بوونی مەترسی دەسگیرکردن، بریتی بوو لە نەبوونی دەرفەتی کار لە سوریاو، بۆ کریستیانە عیراقیەکان هەبوونی کۆمەڵگەیەکی بەرچاوی کریستیانی لە لوبنان بوو (Save the Children Sweden, 2011). لە ٢٠١٥، نزیکەی ٦١٠٠ پەنابەری عیراقی لە لوبنان لەلایەن UNHCR تۆمارکرابوون و چالاك بوون،[٥٢] هەرچەندە ژمارەی راستەقینەی پەنابەران لە وڵات بە زۆر زیاتر دەخەمڵێنرا. ئاوارەکانی ناوخۆ لە باکوری عیراقەوە، بە زۆری تورکمانی عیراقی و یەزیدی بوون، کە بە مەبەستی گەیشتن بە تورکیا بە سوریا تێپەڕین (TR12; TR13).

سروشتی جوڵەی ناوخۆ لە عیراق لە ٢٠١١ەوە گۆڕاوە بەپێی ناوچەکەو گروپی ئێتنی و ئاینی پەیوەندیدار. سونەی موسڵمانی عیراقی، کریستیانەکان، کوردو یەزیدیەکان دەیانویست بەرەو باکورو هەرێمی کوردستان بچن لە کاتێکدا موسڵمانی شیعەی عیراقی بەرەو باشوری عیراق دەچوون، کە زۆربەی دانیشتوانەکانی شیعەی نەریتگەران (IQ13). لە کۆتایی ٢٠١٤، داعش کۆنترۆڵی پارێزگاکانی رۆژئاواو باکوری رۆژئاوای عیراقی کرد لە ئەنبارو نەینەوا، بە

٥١ بڕوانە : www.unhcr.org/51b1d63cb.html، بینراوە لە ٢٠١٥/١١/٠٤

٥٢ www.unhcr.org/pages/49e486676.html. بینراوە لە ٢٠١٥/٠٩/١٦

شاری موسڵیشەوە، لە بنکەکانیان لە باکورو باکوری رۆژهەڵاتی سوریا. ئەمە بوو بە هۆی شەپۆلێك ئاوارەبوونی ناوخۆ، کە خەڵکی ئەو ناوچانە بەرەو پارێزگا عیراقیەکانی تر دەچوون. شاری موسڵ لە هاوینی ٢٠١٤ کەوتە دەست داعش و، دواتر پارچەی دیکە لە نەینەوا بەشەکانی دیکەی پارێزگای ئەنباریش داگیرکران. ئەو هەڵرژانەی ئاوارە ناوخۆکانی عیراق بۆ هەرێمی کوردستان و پارێزگا عیراقیەکانی تر گوشاری دارایی خستە سەر هەردوو حکومەتی فیدرالی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بەهۆی رەوشی ئەمنیەوە رووی لە هەڵکشان بوو (IQ13).

لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٥ەوە، **٣١٨٢٧٣٦ ئاوارەی ناوخۆی عیراقی هەیە**، کە بەسەر ١٠٢ ناوچەو ٣٤٣٠ شوێنی دیار لە عیراق دابەش بوون. حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی ٢٧٪ی ئاوارە تۆمارکراوەکانی گرتۆتەخۆ (٨٥٢٦٦٠ کەس) (IOM Iraq, September 2015). زۆربەیان لە پارێزگا نزیکەکانی ئەنبار، نەینەوا سەلاحەدینەوە هاتوون. هەندێ رێکخراو کە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە دیداریان لەگەڵ کراوە جەختیان کردۆتە سەر دوودڵی خۆیان لەبارەی رەوشی ئاوارەکانی ناوخۆ لە سنورە نێوخۆکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عیراقی فیدرال. هەزاران ئاوارە لە ئایاری ٢٠١٥ەوە لە ناوچە بیابانیەکانی پارێزگای کەرکوك ماونەتەوە (IQ13).

## ٤.٣ پەنابەرانی دیکە، کۆچبەران و هاوڵاتیانی بێرەگەزنامە

هێڵکاری ٤: پەنابەرانی فەلەستینی لە سوریا، لوبنان، ئوردن و عیراق



خشتەی ٦: پەنابەرانی فەلەستینی لە سوریا، لوبنان، ئوردن و عیراق

| | سوریا | لوبنان | ئوردن | عیراق |
|---|---|---|---|---|
| بەرواری قۆناغی سەرەتا | ٤٨٦٩٤٦ | ٤٣٦١٥٤ | ١٩٧٩٥٨٠ | ١١٥٠٠ |
| ٢٠١٥ | ٤٨٠٠٠٠ | ٤٤٩٩٥٧(+٥٣٠٧٠ ئاوارەی فەلەستینی لە سوریاوە) | ٢٠٩٧٣٣٨ | ٢٠٠٠٠ |
| کەمپەکانی ئونروا | ١٢ | ١٢ | ١٠ | - |

سەرچاوە: www.unrwa.org/syria-crisis, accessed ١٣,١٠,٢٠١٥ ;www.unhcr.org/4fc880ae13.html، بینراوە لە ٢٠١٥/١١/١٢؛ نەتەوە یەکگرتووەکان، ٢٠١٢.

ژمارەیەکی زۆری پەنابەرانی فەلەستینی پێشتر لە هەموو وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا هەبوون جگە لە تورکیا، پێش دەسپێکی شەڕ لە سوریا. دوازدە کەمپی پەنابەرانی فەلەستینی دانپیانراوی ئونروا لە سوریا هەبووو، کەمپی یەرموك کەوتبووە دەوروبەری دیمەشق، کە جێگەی گەورەترین کۆمەڵگەی پەنابەرانی فەلەستینی بوو لە وڵاتدا. یاسای ژمارە ٢٦٠ی تەموزی ١٩٥٦یەکسانی لەگەڵ هاوڵاتیانی سوری بە **پەنابەرانی فەلەستینی** دەبەخشی کە ئەوکات لە وڵات نیشتەجێبوون لەو شتانەی کە پەیوەستە بە کارکردن، بازرگانی و خزمەتی سەربازی، بەبێ پێدانی مافی سیاسی یان مافی خاوەندارێتی خانوبەرە. ئەمانە لەگەڵ «بەڵگەنامەی سەفەر» دەردەچوون، بەڵام وەکو هاوڵاتیانی وڵاتانی عەرەبی دیکە مافی وەدەستهێنانی ڕەگەزنامەیان نەبوو:ئونروا لە سوریا وادادەنێ: «هەڵکشانی توندوتیژی وادەکات جوڵانەوە گەیشتن زەحمەتتربن و دەبێتە هۆی مەینەتی زیاتر بۆ پەنابەرانی فەلەستینی».[٥٣] سەرجەم نزیکەی ٨٠٠٠٠ پەنابەری فەلەستینی لە سوریا خەملێنراون کە لە دوو ساڵی ٢٠١١ەوە وڵاتیان جێهێشتبێ. لەنێو ئەوانەدا نزیکەی ٥٣٠٠٠یان بەرەو لوبنان هەڵاتوون و، زۆربەیان لە دوازدە کەمپی پەنابەرانی فەلەستینی لە لوبنان دەژین (UNRWA, 1 July 2014).

فەلەستینیەکان لە لوبنان بەوانەشەوە کە لەوێ لەدایکبوون و ماوەیەکی درێژە لەو وڵاتە نیشتەجێن، وەکو بیانی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و لە بازاری کاردا جیاوازیان لە دژ دەکرێت، لەبەر ئەوەی یاسای کاری لوبنانی لەسەر پرەنسیپی مامەڵەی هاوشێوە دامەزراوەو فەلەستینیەکانیش وڵاتێکی دانپیانراویان نیە کە بتوانن مافەکانی کرێکارو سودیان بۆ کرێکارانی لوبنانی هەبێت. پێش ساڵی ٢٠٠٥ فەلەستینیەکان دەستیان نەدەگەیشت بە زیاتر لە حەفتا جۆر کار، لەکاتێکدا لە ناوەراستی ٢٠١٥ تەنیا دەیانتوانی مۆڵەتی کار بۆ ئەو جۆرە کارانە وەرگرن کە ئاستی کارامەییان نزمە (The Daily Star, 30 April 2015). نزیکەی ٥٣ لە سەدی پەنابەرانی فەلەستینی لە لوبنان لە ١٢ کەمپی دانپیانراوی فەلەستینیەکان دەژین (UNRWA, 1 July 2014).

لەکاتی دەسپێکی شەڕ نزیکەی ٣٠٠٠٠٠ **کوردی بێرەگەزنامە لە سوریا** هەبوون. بریاری ژمارە ٩٣ی ئابی ١٩٦٢ داوای ئامارێکی هەڵاوێردەی کرد کە رەگەزنامەی سوری لە نزیکەی ١٢٠٠٠٠ کورد (٢٠٪ی تەواوی کوردانی سوریا لەو کاتە) وەرگرتەوەو، ناسنامەی «بێگانە»ی پێدان. کوردانی بێرەگەزنامەخاوەندارێتی زەوی، نیشتەجێ و کاریان لێ قەدەغەیە، لە کاری کەرتی گشتی و پیشەی وەکو پزیشکی یان ئەندازیاری و، رەنگە نەگەن بە چاودێری

٥٣ www.unrwa.org/syria-crisis، بینراوە لە ٢٠١٥/١٠/١٣

تەندروستی گشتی، ڕەنگە بە فەرمی نەتوانن هاوسەرگیری لەگەڵ هاوڵاتیەکی سوری بکەن و هیچ بەڵگەنامەیەکی سەفەریان پێنەدراوە.

هەندێ کوردانی بێڕەگەزنامەی لە دایکبووی سوریا بەڵگەنامەی «مەکتومین» («تۆمارنەکراو» یان «دەرنەکەوتوو لە تۆمارەکان»)یان بۆ کراوە، نە ناسنامەیان هەیە نە لە تۆماری فەرمی دانیشتواندا هەن.

بەپێی ئەو زانیاریانەی هیومەن ڕایتس وۆچی سوری لە تەموزی ١٩٩٦، نزیکەی ٧٥٠٠٠ کوردی داماڵراو لە ڕەگەزنامە هەبوون لەو پۆلەدا. منداڵ بە مەکتومین دادەنران ئەگەر: منداڵی پیاوێکی کوردی لەدایکبووی سوریا «بێگانە» بن لەگەڵ ژنێکی هاوڵاتی سوری؛ یەکێك لە دایبابانیان «بێگانە» بێت و ئەویدیکە مەکتوم بێت؛ یان هەردوو دایبابیان لە مەکتومین بن. لەگەڵ ئەوەشدا، بڕیارێکی سەرۆکایەتی لە نیسانی ٢٠١١ هاوڵاتیبوونی بەخشیە زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ کوردی بێڕەگەزنامە وەك هەوڵێك بۆ ڕێگرتن لە کوردان بۆ چوونە ریز ڕاپەڕین.

لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٠دا، نزیکەی ٤٠٠٠ کەسی **سودانیش** داوای پەنابەری و دەرفەتی کاریان کرد لە سوریا (Kahale, 2003). سەرەڕای ئەوەش نزیکەی ٢٤٠٠ **پەنابەری سۆمالی** و ١٧٤٠ **پەنابەری ئەفغانی** لەلایەن UNHCR لە سوریا تۆمارکراون لەوەتەی دەسپێکردنی شەڕەوە. لە ٢٠١٢ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ڕایگەیاند کە پتر لە ١٠٠٠٠٠ کرێکاری کۆچبەر لە سوریای بەر قەیراندا هەن، کە بە زۆری هی **ئیندۆنیسیاو فلیپین و ئەسیوبیان** و، ژمارەیان دەگاتە ١٥٠٠٠ کۆچبەر کە وەکو وا دادەنران کە پێویستیان بە خاڵیکردنەوە بێت، چونکە لەلایەن خاوەن کارەکانیانەوە دەستیان لێ بەردرابوو لە گەرمەی توندوتیژیەکاندا، تەنانەت زۆرجار بەبێ ناسنامەو بەڵگەنامەی سەفەر (IRIN, 20 September 2012). لە ٢٠١٤، زیاتر لە ٢٠٠٠ کرێگاری فلیپینی لە سوریا بەرەو لوبنان خاڵیکران (LB04). لەپاڵ ئەمەش، هەندێ خانەوادەی دەوڵەمەندی سوریش لەگەڵ کرێکارە کۆچبەرەکانەوە چوونە سوریا، کە هەندێکیان وەکو خزمەتکاری ماڵان بازرگانیان پێوە کرا (LB04).

بە هەمان شێوە، ڕەوشی ژنانی ئیندۆنیسی، کرێکارانی ناوماڵ کە لەلایەن خاوەنکارە سوریەکانیانەوە برابوون بۆ ئوردن، یەکجار ترسناك بوو لەبەرئەوەی بە کۆچبەری نایاسایی دادەنران، بەتایبەتی ئەوانەی بەبێ ڤیزە بە ڕێی نافەرمی خاڵی پەڕینەوەی سنوریان بڕیبوو (JO23). شەش ژنی ئیندۆنیسی کە لەلایەن خاوەنکارە سوریەکانیانەوە برابوون ئێستا لە ئوردن، لە باڵیۆزخانەی ئیندۆنیسیان و، ناتوانن جێبێڵن چونکە یان بە نایاسایی هاتوون یا لە ماوەی ڤیزەکانیان پتر ماونەتەوە،بۆ ئەوەی بگەڕێندرێنەوە پێویستیان بەوە هەیە کە ڕەوشی کۆچبەری خۆیان ڕاست بکەنەوە لەگەڵ دەسەڵاتە ئوردنیەکان. لە ٢٠١٢، سەدان ژنی ئیندۆنیسی بێ بەڵگەنامە بەرەو ئوردن پەڕینەوە لە سوریاوە تا لە ململانێکە ڕابکەن و حکومەتی ئیندۆنیسی فڕۆکەیەکی دابینکرد بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ ئیندۆنیسیا (IRIN, 20 September 2012).

ئەو توندوتیژیەی کە لە ٢٠١١ەوە گەلێك بەشی سوریای گرتەوە، لەگەڵ هەندێناوچەی عیراق لە ناوەڕاستی ٢٠١٤ەوە، **کاریگەری بەسەر خەڵکی ئەو ناوچانەدا هەبوو لەگەڵ ئەوانەی بە زۆر شێوازی جیا بەرەو دەرەوە هەڵاتن. ئاڵۆزی رەوشەکانیان کەوتە بەر کاریگەری شەڕو خودی توندوتیژی، بەڵام کەوتە بەر کاریگەری سیستەمە یاسایی و دامەزراوەییەکانیش کە دەبێ لە ناو سوریاو هەر چوار وڵاتی خانەخوێ پێی بجوڵێنەوە بۆ ئەوەی بارێکی یاسایی وەربگرن. بە دوای کاردا بگەڕێن و داهات دیاریبکەن، بگەنە یارمەتیە مرۆییەکان و خزمەتگوزاریە گشتیەکان و، هەوڵی قەرەبووی یاسایی بدەن ئەگەر تووشی بەدڕەفتاری هاتبن.** بە گوێرەی هەندێ گرووپی تایبەت، ئەو ناخۆشیانە بەهۆی جیاکاری رەگەزی و توندوتیژیەوە زیاتر بوون (لە باری ژنان و کچان)و دۆزەکانی پاراستنی منداڵان (لە باری منداڵاندا)، وەکو دابڕین لە دایباب و بەخێوکاران و نەبوونی تۆماری لەدایکبوون. نەبوونی پاراستنی منداڵ بۆیەهیە لە بەرامبەردا بەشداربێت لە بڵاوبوونەوەی هاوسەرگیری پێشوەختە، کارکردنی منداڵ و سواڵکردنیان. ئەو کەسانەی بەپێی ئەو بارودۆخانە، پێیانوایە بەربژاری چاك بریتیە لە هەوڵی دەرچوون لە ناوچەکەو، دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە، رووبەڕووی کۆچی نایاسایی ببنەوەو پشت بە قاچاخچیانی کۆچ دەبەستن کە رەنگە زیاتر دووچاری ئیستغلال کردنیان بکات.

بێهیوابوونی هەندێ لەو کەسانە، کە سەرچاوەی یارمەتی، شوێنی مانەوەو گەیشتن بە خزمەتگوزاریە پێوستەکانیان نیە بۆ خۆیان و خانەوادەکانیان، بۆیەهیە بەرەو ئیستغلال کردنی ئەندامانی خودی خێزانەکانیان بیانبات. لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو ئیستغلالکارو بازرگانیکاران لەم پێڤاژۆیەدا هەمان ئەو کەسانە نین لە دۆخەکانی لاوازیدا، کەسانی تریش لە ئیستغلال کردن و بازرگانی پێوەکردنی کەسانی لاوازەوە تێوەگلاون بە مەبەستی قازانجکردن و، وەکو فۆرمێکی تایبەتی سوود وەرگرتن لە شەڕ، بە قۆزتنەوەی ئەو رەوشی لاوازیەی لە شەڕەوە سەرهەڵدەدات.

هەموو ئەو هۆکارانە، لە هەندێ باردا، هەروەك لە بەندی ٥ روونکراوەتەوە لە خوارەوە، بەشداردەبێت لە حاڵەتەکانی بازرگانیکردن بە کەسەکان لە هەر پێنج وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا، وەکو یەکێك لەزۆر شوێنەواری نادیاری شەڕو قەیرانی پەنابەران. بەمجۆرە ئەم رەوشەی لاوازی بریتیە لە تەوەری سەرەکی ئەم بەندە. پەیوەندی نێوان رەوشی لاوازی، لاوازی بەرامبەر بازرگانی پێوەکردن، لە هێڵکاری ٥ لە خوارەوە خراوەتە بەرچاو.

هێڵكاری ٥: لاوازی گشتی، لاوازی بەرامبەر بازرگانی پێوەكردن و كەیسەكانی بازرگانی پێوەكردن




حالەتەكانی لاوازی بۆ بازرگانیكردن بە كەسەكان لە وڵاتانی ژێر توێژینەوە لە ٢٠١١ەوە بۆیەهیە وابەستەبێت بە پێڤاژۆی گشتی مرۆیی پەنابەران و ئاوارە ناوخۆكانی سوریا، كە بۆتەهۆی كەیسەكانی **هەژاربوونی سەخت و ئەستەمی لە وەدەستهێنانی پێویستیە سەرەكیەكانی ژیان**، هەروەها ڕێگرتن و سنورداركردنی گەیشتن بە خزمەتگوزاری پێویست وەكو شوێنی نیشتەجێبوون، چاودێری تەندروستی و فێركردن. هەروەها ڕەوشی لەمجۆرە سەرهەڵدەدا لە **نەبوونی باری یاسایی، كۆتوبەندی سەپێنراو بەسەر تازەكردنەوەی باری یاسایی، هەروەها بەرەنگاریەكانی كارو دەرفەتەكانی وەدەستهێنانی داهات** لە هەر چوار وڵاتی خانەخوێدا. **دۆزەكانی پاراستنی منداڵ** وەكو گەیشتن بە فێركردن، تۆماری لەدایكبوون و كۆچی منداڵانی دابڕاویش بۆیەهیە منداڵان زیاتر بخاتە بەر مەترسیەوە، بەشداربێت لە ڕودانی هاوسەرگیری زوو، كاری منداڵ و سواڵكردنی منداڵ. هەروەها مەترسی بازرگانی پێوەكردنی ژنان و كچانیش كەوتۆتە بەر كاریگەری **توندوتیژی بەپێی سێكس و جێندەر**. نەبوونی پاراستن بۆ خەڵكی بازرگانی پێكراو بەهۆی **كەموكوڕی بەرسڤی دژە بازرگانی پێوەكردن**– پاراستن، و بەدواداچوونی دادگایی -، پێكەوە لەگەڵ **نەبوونی دەرفەتی كۆچی یاسایی و ئارام لەبەردەمدا**، بە تایبەتی بەرەو ئەوروپا، ئەوش وایكردووە خەڵك زیاتر بكەونە بەر لاوازی لە ئاست بازرگانی كردن بە مرۆڤەوە.

بە چاوپۆشین لە ئەو سوری و عیراقیانەی زیانمەند بوون لە ئاوارەبوونی ناوخۆو كۆچی بە زۆر، **كۆمەڵگە خانەخوێكان** لە هەر چوار وڵاتانی ژێر توێژینەوە و ئەو كۆچبەرانەی لە سوریا بوون كاتێك شەڕ هەڵگیرسا

ئەوانیش کەوتبوبوونە بەر لاوازی بازرگانی پێوەکردن بەهۆی شەڕەوە، هەروەها لەبەر ڕەوشی پێشتری هەژاری و دووریکخراوی ناحکومییاسایی و کۆمەڵایەتی.

## ١.٤ بارودۆخی مرۆیی گشتی

**ڕەوشەکانی هەژاری سەخت لە نێو ئاوارەکانی ناوخۆو پەنابەرانلە** هەر پێنج وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا دۆزێکی بنچینەییە کە دەیانخاتە بەر جۆری جیاوازی ئیستغلال کردن و بازرگانی پێوەکردن. یارمەتیدانی لایەنە بەخشەرەنێودەوڵەتی و نیشتمانیەکان هەمیشە بەپێی پێویست نین، لەبەر کەمی دارایی و کۆتی سەپێنراو بەسەر گەیشتنی بەو پەنابەرانەی کە تۆمارنەکراون. هەروەها ئاستەنگەکانی دابەشکردنی یەکسانی یارمەتیەکان لەناو سوریا. هەروەها مەترسیەکی گشتی هەیە کە بایەخ بە ئەوە دراوە کە یارمەتیەکان دراونەتە کەمینەی ئاوارەکانی ناوخۆو پەنابەران کە لە کەمپە فەرمیەکاندان (بڕوانە بەشی ١,٥ لە سەرەوە). لە سورياو لەناو کۆمەڵگە خانەخوێکاندا، **ئاوارەکانی ناوخۆو پەنابەران ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە وەدەستهێنانی پارەی کرێ، کەرەستە بنچینەییەکانی ماڵ، ئاو، ئاوەڕۆو خۆراك، هەروەها گەیشتن بە چاودێری تەندروستی و فێرکردن و ژیان**. هەروەها لە ناوەوەی سوریا، فاکتەرێکی یەکلاکەرەوەی لاوازی بریتیە لە نەبوونی وەدەستهێنانی دەرفەتی دەستخستنی داهات و چەتری ئابوری پێویست، پێکەوە لەگەڵ، لە باری ژناندا، نەبوونی دەسکەوتنی کاری قبوڵکراو لە ڕووی کلتوریەوە (SY02).

کارلێك لەنێوان هەژاری سەختو نەبوونی سەرچاوەکانی دارایی لەنێوان زۆر لە ئاوارەکانی ناوخۆو پەنابەرەکان و، کورتهێنانی دابینکردنی یارمەتی مرۆیی نیشتمانی و نێودەوڵەتی، چ دارایی بێت چ عەینی، لە لایەکی دیکەوە، دانانی خەڵکێکی زۆر لە بارێکی بێهیواییدا، لە هەر پێنج وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا. ئەمە وا دەگەیەنێ کە بۆیەهیە توشی قەرزبن، یان بکەونە نێو ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوە مەترسیدارەکان، بەناپاسایی کاربکەن یان لە کاری منداڵان و داهات پەیداکردنیان بگلێن. ڕێ لە خەڵکێکی زۆریش دەگرێ کە خزمەتگوزاریە بنچینەییەکانیان دەستکەوێ وەك شوێنی نیشتەجێبوون و چاودێری تەندروستی.

### هەژارکردن

لەسەرەتای ململانێکەوە لە ٢٠١١، ژمارەیەکی ڕوولە زیادەی خەڵکی سوریا ماڵ و ژیانی خۆیان لەدەستداوەو زۆر هەژار کەوتوون. ئاوارە ناخۆییەکانی سورياو گروپە لاوازەکانیدیکە لە سوریا ڕووبەڕووی شوێنەواری توندوتیژی و شۆکبوونەوەکە لە ماوەی شەڕ مەینەتیان بە دەستەوە دیوەو دووچاری لاوازی زیاترو بەدڕەفتاری بوون کە لە دەربەدەرکردنی بەزۆرو بارودۆخی پڕسوکایەتی ژیان لە کۆمەڵگە خانەخوێکان لە سوریا توشی بوون.

زۆر خانەوادە موڵکی خۆیان لە سوریا بۆ ژیان فرۆشتووە، ئەگەر لیبیان خاپور نەکرابێت (LB14). بەپێی خەمڵاندنی لاوازی کە لەلایەن UNHCRەوە لە ٢٠١٣و ٢٠١٤ ئەنجامدراوە، **ڕێژەیەکی ڕوولەزیادەی خێزانە . پارەی قەرزکراو بۆ کرینی خۆراك و دانی کرێ بەکاردێت** (UNHCR, 2013; 2014). لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ خاڵی لاوازی (نەبوونی خۆراك، یان نەبوونی پارە بۆ کرینی خۆراك) بەرەو نزمبوونەوە دەچێت لەوکاتەوە کە بەسەر تۆمارکردنی پەنابەران لەلای ئاژانسی پەنابەرانەوە تێپەڕیوە (UNHCR, 2013)، کە ئاماژەیە بۆ ئاستێکی بەرزتری لاوازی لە نێوان ئەو پەنابەرانەی تازە دەگەنە جێ و لەنێوان ئەوانەی هێشتا تۆمار نەکراون.

زۆربەی پەنابەرانی سوری لە ئوردن لەپاشخانی شارستانی و لادێنشینی هەژارەوە هاتوون و، بۆ مانەوە لە ئوردن،

بۆیەهیە پشت بە یارمەتی عەینی و دارایی لایەنە بەخشەرەکانی یارمەتی مرۆیی، پارەی وەدەستهاتوو لە فرۆشتنی موڵکەکانیان لە سوریاو داهاتەکانیان لە کاری نافەرمی لە ئوردن دەبەستن. خێزانە سوریەکان لە کەمپەکانی پەنابەران یان کۆمەڵگە خانەخوێکاندا لە باری زۆر ناجێگیری ئابوریدان، بەجۆرێك تا ئێستا زۆربەیان هەموو پاشەکەوتی خۆیان خەرجکردووە بەهۆی سروشتی درێژخایەنی ململانێکە (Ajluni & Kawar, 2014; Stave & Hillesund, 2015; NRC & IRC, 2014).

هەروەك ئوردن و لوبنان، رەوشی پڕ ئاستەنگی ئابوری لە عیراق و تورکیاش رووبەرووی پەنابەران دەبێتەوە کە پەیوەستە بەو فاکتەرەی کە ئەوان هەموو پاشەکەوتی خۆیان خەرجکردووەو موڵك وماڵیان وێرانکراوە، واتا ئەوان بە تەواوی پشت دەبەستن بەوەی لە کۆمەڵگە خانەخوێکاندا بەردەستە. شاری کۆبانی سوری بۆ نموونە، لەسەر سنووری سوریاو تورکیا، بەفیرۆچوو. زانیاریدەران بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە وەسفی رەوشی ناهەمواری نیشتەجێیانی پێشووی ئەم شارە دەکەن کە بەرەو عیراق و تورکیا هەڵاتوون لەبەرئەوەی خانووەکانیان خاپوورکراوە (IQ06; IQ02).

## دابینکردنی یارمەتیە مرۆییەکان

دۆزە پەیوەستەکان بە دابینکردنی یارمەتیە مرۆییەکان بۆ ئاوارەکانی ناوخۆو پەنابەران لە کەمی دارایی تەواو بۆ دابینکردنی پێویستیەکان و نایەکسانی لە دابەشکردنی یارمەتیەکانەوە سەرهەڵدەدات. لەهەندێ کەمپی ئاواران لە سوریا، وەدەستهێنانی یارمەتیە مرۆییەکان وەکو شێوازێك بەکارهێنراوە بۆ کۆنترۆڵکردن و ستراتیژەکانی بەکارخستن.

بەشداربوویەکی دیکە لە لێکۆڵینەوە لە سوریا رونیکردەوە کە، لە کاتێکدا ئاوارەکان لە حەلەب و خێزانی سەربازەکان رێژەیەکی زۆری ئەو یارمەتیانە وەردەگرن کە ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەیبەخشن، ئاوارەکانی لادێی حومس جیادەکرێنەوە لەبەرئەوەی بە دژە رژێم ناسراون. لەئەنجامدا خێزانە ئاوارەکان وەکو ئۆپۆزسیۆنی رژێم سەیردەکرێن و یارمەتی کەمتر وەردەگرن تا بە موحتاجی بمێننەوە (SY08).

دەستکەوتنی یارمەتیە مرۆییەکان لە هەندێ شاری تورکیا نارێك دەرکەوتووە لەبەر نەگەیشتنی رێکخراوە ناحکومیەکان بە ئاژانسی یارمەتی حکومی AFAD بۆ سیستەمی تۆمارکردنی پەنابەران (TR02). لەگەڵ ئەوەشدا، کە AFADپرۆسەی تۆمارکردنی بۆ DGMM گواستۆتەوەو «سیستەمی ئەلیکترۆنی دابەشکردنی یارمەتیەکان»ی داناوە کە رێکخراوە ناحکومیە نیشتمانی و نێودەوڵەتیەکان دەیگەنێ، بەئامانجی چارەسەری کێشەکانی هەماهەنگی (TR48). لەراستیدا، لەوشارە تورکیانەی کە زۆرترین ژمارەی پەنابەرانی سوریایان تێدایە، ئاڵوگۆڕی زانیاری و دابەشکردنی یارمەتی پێدەچێ رێکوپێکتربێت، لەگەڵ دامەزراندنی سەنتەرەکانی کۆمەڵگە لەلایەن رێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکانەوە، ئەو کۆمەڵانەی کە پێکەوە لەلایەن

بۆ نموونە، یەکێك لە بەشدارانی لێکۆڵینەوە روونیکردەوە کە لەکاتی بوونی لەناو دوما، کە شارۆچکەیەکی لادێیە لە لای باکوری رۆژهەڵاتی شاری دیمەشق، لەژێر گەمارۆدابوو لەلایەن هێزە چەکدارەکانی رژێمەوە. بەهۆی گەمارۆکەوە، نرخی کەلوپەلی پێویست بەرزبۆوەو لە بازگەکاندا، سەربازەکانی رژێم رێگەیان بە هیچکەس نەدەدا کاڵا بهێننە ناو دوما. لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٣، گەمارۆیەکی تەواو لە هەر چوار دەوری شار هەبوو، رێگە بەکەس نەدەدرا بێتە ناوەوە یان دەربچێ. کاڵایەکی کەم لە بازاڕدا هەبوو کە نرخیان یەکجار بەرزببۆوە. دانیشتوانی دوما زانیان کە بازرگانەکان پەیوەندیان لەگەڵ سوپای ئیسلام هەیە (کە ئەندامی بەرەی ئیسلامی بوو)، ئەو هێزە سەربازیەی کۆنترۆڵی دومای کردبوو، کەلوپەلیان کۆگە دەکردو بە نرخی زۆر بەرز دەیانفرۆشتە خەڵکی سیڤیل. پیاوان و کورانی گەنج دەستیان بە چوونە ریزی سوپای ئیسلام کرد بە رامبەر موچەو یارمەتی عەینی بۆ خێزانەکانیان (SY06).

تورکەکان و پەنابەرە سورییەکان یان تەنیا لەلایەن سوریەکانەوە بەڕێوە دەبرێن (TR09، TR11، TR13). لە شانلیئورفە، بۆنمونە ٢٩ ڕێکخراوی نافەرمی مرۆیی هەیە کە لەلایەن پەنابەرە سوریەکانەوە دامەزرێنراون لەگەڵ پەیوەندیەکی چەترئاسا، کە سەکۆیەك بۆ هەموو کۆمەڵەکان پێکدەهێنێ و هەماهەنگی نێوانیان بەهێزدەکات (TR08; TR11; TR09).

لەیەکی دیکەوە، دیدارکراوێك لە غازی عەنتاب لێدوانێکی دا کە ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان بە تایبەتی، هەموو هەوڵی خۆیان خستە گەڕ لە شارێکی دیاریکراو، وەکو غازی عەنتاب، لەکاتێکدا خزمەتگوزاریەکانی کە لە شارەکانی دیکە پێشکەش دەکران لە ئاستی پێویست نەبوون (TR36). تێچووی یارمەتیەکان بۆ حکومەتی تورکی، کە گەیشتە نزیکەی ٨.٧ ملیار دۆلار تا ئێستا، لە تێکڕای بودجەی هەشت وەزارەتی تورکیا تێپەڕی.[٥٤] لە ٢٠١٢، تورکیا داوای یارمەتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، کە بووە هۆی ئەوەی وڵات بکەوێتە ژێر پلانەکانی بەرسڤی نەتەوە یەکگرتووەکانی ڕێکخراو بۆ وڵاتە خانەخوێ سەرەکیەکان.

لە لوبنان، لەگەڵ ئەوەی کەمکردنەوەی یارمەتیە دراوی و خۆراکیەکان بووە هۆی دارمانی بارودۆخی مرۆیی (LB36; LB39). زۆر لە دیدارکراوان بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ئوردن ئەوە جێبایەخیانە کە کەمکردنەوەی یارمەتی مرۆیی نێودەوڵەتی بۆتە هۆی زیادبوونی دووچاربوونی پەنابەرانی سوری بە کێبەرکێکانی ئەمنی بەڕێوەچوونی ژیان (JO06; JO17; JO05). هەروەك یەکێك لە بەخشەرانی یارمەتی مرۆیی دیدارکراو ڕوونیکردەوە (JO12)، یارمەتیەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بەس نین بۆ پێداویستیەکانی خێزانە پەنابەرە سوریەکان، لەسەر بنچینەی تێچووی ژیان لە ئوردن.

## وەدەستهێنانی خزمەتگوزاریە بنچینەییەکان

لە تورکیا، گەیشتن بە خزمەتگوزاریە بنچینەییەکان بۆ پەنابەرە سوریە تۆمارکراوەکان دەستەبەرکراوە، بەڵام هەروەك دیدارکراوێك دەریخستووە، «ئاستی لاوازی یەکجار بەرزەکە هەموو پێویستیەك دەستەبەر ناکات» (TR30). سەرەڕای ئەوەش خزمەتگوزاریە گشتیەکان سەرەڕای سەپاندنی یاسا، بۆ هاوڵاتیانی تورکی داڕێژراون و بەپێی پێویستیەکانی پەنابەرانی نیشتەجێ دانەنراون، لەگەڵ بوونی فۆرمانیتورك زمان و ئەو فەرمانبەرانەی کە زمانی عەرەبی نازانن (TR28).

دۆزەکانی نیشتەجێبوون لە لوبنان لە مۆلەقەدایە. هەندێ لە سوریەکان لە شوقەی بچوکی وا دەژین کە یەك ژووری نوستنی هەیە لەگەڵ بوونی ژمارەیەکی زۆر خەڵك کە ئارامی، شوێنی تایبەتی تێدانیەو، ژنان و کچان بۆیەهەیە لەلایەن پیاوانی خێزانەکانی دیکە هەراسان بکرێن کە لە هەمان تەلاردا دەژین. هەروەها ڕەنگە توالێتەکان لە نێوان ژمارە خەڵکێکی زۆردا هاوبەش بێت (LB08). بەتایبەتی لە دۆڵی بیقاع و عەککار، سوریەکان لە خێوەتی نافەرمیدا دەژین، لەوناوچانەی کە پێشتر یەکێك بوون لە هەژارترین ناوچەکانی وڵات لەپێش ٢٠١١ (UNDP in Lebanon, 2012). لە ٢٠١٤ بە پێی خەمڵاندنی UNHCR **نزیکەی ٢٤٠ نیشتەجێی نافەرمی لە دۆڵی بیقاع هەبوون**، بە قەبارەی جیاجیا، لە دەروبەری دە خێوەتەوە تا زیاتر لە سەد LB27 ;Loveless, 2014). لە حوزەیرانی ٢٠١٥، **زیاتر لە ٦٠٠ خێوەتنشینی نافەرمی لە عەککار هەبوون**، ئەو ژمارەیەش لە ساڵی پارەوە دوو هێندە بۆتەوە (LB38).

٥٤ www.afad.gov.tr/TR/Index.aspx، بیراوە لە ٢٠١٥/١١/٢٧

دەرکردنی بە کۆمەڵ لە نیشتەجێکانی نێو خێوەت ئاساییە لە کێشەی نێوان خاوەن زەوی و کۆمەڵگەکە روودەدات، زۆرجار لەبەرئەوەی ئەو کۆمەڵگەیە ناتوانێ کرێ بدات، زۆرترین ژمارەی دەرکردن کە لەلای خاوەن زەویەکانەوە ئەنجامدراوە بۆیەهیە کەوتبێتە بەر باری ئابوری خراپی پەنابەران. دەرکردن رەنگە بە فەرمانی هێزە چەکدارەکانی لوبنان ئەنجامبدرێت، ئەگەر خێوەتگاکە نزیك دامەزراوێکی سەربازی بێت، یان لەلایەن شارەوانیەوە ئەنجامبدرێت. **ژمارەی دەرکردنەکان رووی لە زیادیکرد** لە ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٥ (LB43). حالەتی نا ئاسایشی کە بەسەر پەنابەران داهات بەهۆی مەترسیەکانی دەرکردنوا راگەیەنرا کە ژمارەی هاوسەرگیری بەزۆرو زووی زیاد کردبێت، چونکە بۆیەهیە پەنابەران وا دابنێن کە بەشودانی کچیان بە ئەندامێکی کۆمەڵگەی خۆجێ لە حالەتی دەرکردن دەیانپارێزێ (LB25). لەمەش زیاتر، زیادبوونی لە هێکرای کرێی زەویەکان لەوەتەی دەسپێکی قەیرانەکەوە، ژیان بۆ پەنابەران زۆر ئەستەمترە لەوەی لە خێوەتگەی نایاساییدا دانوستان لەگەڵ خاوەن زەویدا بکات،  کە دەتوانێ بۆ سوخرەکێشی ئیستغلالیان بکات (LB42).

هەروەها دەشێ بارودۆخە لاوازەکان لەناو دوازدە کەمپی فەرمی پەنابەرانی فەلەستینی بکەوێتە بەرچاو لە لوبنان و لە نیشتەجێکانی نزیك لە کەمپەکان، کە **هەڵرژانی بەرچاوی فەلەستینیەکانی لە سوریاوە** بەخۆوە بینیوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ژمارەیەك دیدارکراو بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە دووپاتی دەکەنەوە کە ئەو فەلەستینیانەی لە سوریا رایانکردووە زۆربەی جار توانیویانە لەگەڵ ئەندامانی خێزانە فەلەستینیەکان لە لوبنان پێبگەنەوە بەمجۆرەبەهۆی تۆڕی خێزانی و کۆمەڵگەیی بەهێزترلە زۆربەی سوریەکان پارێزراوترین (LB10; LB18).

**دەسکەوتنی چاودێری تەندروستیش رکابەریەکە، چونکە سیستەمی تەندروستی لوبنانی زۆر تایبەتگیر کراوە.** ئەو سوریانەی لای UNHCR تۆمارنەکراون یان دەبێ بگەڕێنەوە سوریا بۆ وەرگرتنی چاودێری تەندروستی، بکەونە ژێر قەرز، یان بەبێ هیچ چاودێریەکی پزیشکیەوە بەڕێوەبچن (LB26; LB38). لەوەش زیاتر، هەندێ ناوچەی لادێی لە لوبنان، هەروەها چەند بەشێکی شارستانیش، تۆڕی ئاوی حکومی نەیگرتۆتەوەو بەمجۆرە **دەبێ ئاو لە سەرچاوە تایبەتیەکانەوە بکڕدرێت**، یان، لە نیشتەجێ نافەرمیەکاندا، لەلایەن خاوەن زەویەوە دابینبکرێت. هەندێ خاوەن زەویەکان پەنابەرانیان ئیستغلالکردووە لە کاری بەزۆر یا لە رووی سێکسیەوە وەکو مەرجێك بۆ پێدانی ئاو. سەرەڕای بوونی کێشەی کەمی ئاو کە کاریگەری هەبووە بۆ گەلی لوبنانی، خەڵکی لوبنان دەتوانن میکانیزمی کەمتر ترسناك، سوپاس بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیان (LB42).

لە عیراق، لەنێو کۆمەڵگەکانی ئاوارەو پەنابەران توندوتیژی راگەیەندراوە لەبەر نەبوونی تایبەتمەندی لە شوێنی نیشتەجێبوونی نەشیاودا. لەو پرسە تایبەتیانەی ئاماژەیان پێکراوە مەترسی توندوتیژیە لە کەمپەکان لەبەرئەوەی گەرماوەکان دەکەوتنە شوێنی دوور لە دانیشتوان و ناوچە مەترسیدارەکانەوە (IQ12).

## ٢.٤   باری یاسایی

هەروەك لە پێشەکیدا روونکراوەتەوە، برگە یاساییە نیشتمانیەکان بەسەر ئەو دانیشتوانانەدا پیادە دەکرێ کە لە شەڕی سوریا هەڵاتوون لە وڵاتە خانەخوێکاندا. **ئەو حوکمە نیشتمانیانە سروشتێکی کاتییان هەیە، بە واتای ئەوەی لە ماوەیەکی کورتدا، پەنابەران رووبەڕووی ئاستەنگەکان دەبنەوە لە تازەکردنەوەی باری خۆیان، لەکاتێکدا لە ماوەیەکی درێژ، زامنی مانەوەی بەردەوام ناکات و رێ بە پەنابەران نادات پلان دابنێن بۆ وەبەرهێنان لە ئایندەی خۆیاندا**. باری یاسایی پەنابەرانی سوریا بڕیاردەدات لەسەر گەیشتنیان بە یارمەتی مرۆیی، خزمەتی پێویست — بە فێرکردن بۆ منداڵەکانیان — و، دەرفەتی رێك و یاسایی کارو رێگەکانی وەدەستهێنانی داهات. لە واقیعدا، کەم لە پەنابەرانی سوری لە هەر چوار وڵاتدا مۆڵەتی یاساییان هەیە بۆ کارکردن. راستی ئەوەیە کە گەورەکان لە بازاڕی

کاری نافەرمیدا کاردەکەن، لەبەر هەبوونی کار، قەبارەی بازارە نافەرمیەکان و نەبوونی مۆڵەتی یاسایی بۆ کار، وایان لێدەکات کە زیاتر دووچاری لاوازی ئیستغلال کردن وبازرگانی پێوەکردن ببنەوە. لە هەندێ کەیسدا، کرێی کارکردن شێوەی موچە وەرناگرێت، بەڵکو دەبێتە مامەڵەیەکی عەینی، وەکو کارکردن لە جیاتی کرێ، یان شوکردنی کچەکان لە هەر تەمەنێکی بچوك بەرامبەر پاراستن لە دەرکردن لە زەویەکەدا.

پەنابەرانی سوری لە لوبنان، کە پێدەچێ ڕێژەیەکی زۆری تۆمارنەکرابێت، ڕووبەڕووی پرسەکانی وەدەستهێنان و تازەکردنەوەی مانەوەی یاساییان دەبنەوە. تازەکردنەوە بۆ هەندێ تاك و خێزانەکان لە توانا بەدەرە.[٥٥] **نەبوونی تۆمارکردن دەبێتەهۆی سنوربەندی ئازادی جوڵانەوە** وەدەستهێنانی چاودێری تەندروستی، لەنێو پرسەکانی تردا (NRC, 2014). لە ڕاستیدا لەبەر تێچووی بەڵگەنامەکانی مانەوە، زۆر لە خێزانەکان ئەولەویەت دەدەنە تۆمارکردنی هەندێ ئەندامانی خێزانەکە بەسەر ئەوانی تردا (LB43). بازگە ئەمنیەکان کۆت دەخەنە بەردەم ئازادی جوڵانەوەی پیاوانی گەورە بەبێ باری یاسایی یان باری یاسایی دیاریکراو. لە ءەککار، هەڵکشانی ڕاگیرکردن لە بازگە کاتیەکاندا ئاستەنگ دەخاتە نێو ئەو سوریانە (LB40). ئاستەنگی لە گەیشتن بە خزمەتگوزاریەکان بەهۆی سنورداری باری یاسایی بۆیەهیە پەنابەران بخاتە مەترسی ئیستغلال کردن لەلایەن پەنابەرانی دیکە کە دەتوانن لە بازگەکان بپەڕنەوە بەمجۆرە بگەنە خزمەتگوزاریەکان (LB07).

ڕێنماییەکانی هاتنە ناوەوەی سوریەکان و تازەکردنەوەی باری یاساییان لە لوبنان لە کانونی دووەمی ٢٠١٥ گۆڕان و، حکومەت ئاماژەی بە UNHCR کردتا بە شێوەیەکی کاتی تۆمارکردنی تازە هەڵبواسێ بۆ ئەو پەنابەرانەی لە ٦ی ئایاری ٢٠١٥ەوە دێنە ناو لوبنان (UNHCR, 25 August 2015). ئێستا سوریەکان داوایان لێکراوە ڕێك بکەون لەگەڵ یەکێك لە تویژەکان، وەکو گەشتوگوزار، خوێندن یان چارەسەری تەندروستی، بۆ ئەوەی بێنە لوبنان، بە نەبوونی هیچ تویژێك بۆ ئەوانەی لە ململانێکەوە هەڵاتوون و، بە چاوپۆشین لە تویژی «ئاواران» و تویژی هەڵاوێردراوان (NRC, April 2015a). وتارە هەواڵێك لە سەرەتای تشرینی دووەمی ٢٠١٥ دەریخستووە کە وا دەخەمڵێنرێ دوو لە سێی پەنابەرانی سوری دانیشتووی لوبنان ئێستا باری یاسایی چالاکیان نەبێت (Kullab, 2 November 2015).

**پەنابەرانی فەلەستینی لە سوریا کە بەرەو لوبنان هەڵاتن تەنانەت ئاستەنگی گەورەتریشیان لەبەردەمدایە لە باری یاساییدا** (Amnesty International, 2014). بەپێی هەڵسەنگاندنی پێداویستیە هەنوکەییەکانی پەنابەرانی فەلەستینی سوری لە لوبنان، لە کۆتایی ئاداری ٢٠١٥، زۆربەی هەرە زۆری (٨٦٪) ڕێپێدانی مانەوەی بەرکاریان نەبوو. پێوەری قۆناغبەند بۆ ڕێگەدان بە تازەکردنەوە لە چێوەکانی خۆیاندا زۆر جیاوازن، زۆربەیجار تەنیا بۆ ماوەیەکی کاتی سنوردارن، نەبوونی میکانیزمی شیاو بۆ ئاگادارکردنەوەی جەماوەری جێبایەخ و بە گشتی، تەنانەت ئەگەر تازەکردنەوەش مەحاڵ نەبێت، ئەوا لە توانای زۆربەی پەنابەراندا نیە (LB45; Tatwir, 2015).

هەروەکو لوبنان، پەنابەرانی سوری لە ئوردن وا ڕاگەیەنراوە کە ڕکابەری دێتەپێش لە پاراستنی باری کۆچی ئاسایی خۆیان، لە پرۆسەی تازەکردنەوەی تۆمارکردنی یاسایی لە ٢٠١٣-٢٠١٤. **نەبوونی تۆمارکردن کاریگەری هەبووە بەسەر گەیشتنی پەنابەران بە خزمەتگوزاری گشتی پێشکەشکراو لەلایەن دەسەڵاتەکانی حکومەتی خۆجێیی و، خزمەت و یارمەتیە پێشکەشکراوەکان لە لایەن UNHCR و ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان**، چونکە ئەمە تەنیا بۆ ئەو پەنابەرانەیە کە هەڵگری بەڵگەنامەی بەسەرنەچووی تۆمارکردنن کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی ئوردنیەوە دەرچوبێت، وەك بەشێك لە ڕێکەوتنی نێوان ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان و وەزارەتی پلاندان و هەماهەنگی نێودەوڵەتی (JO08; JO10). لەوەتەی ١٤ی تەمووزی ٢٠١٤، UNHCR ڕێنمایی پێدرا کە نامەی

٥٥ هەر تازەکردنەوەیەك بۆ کەسێکی گەورە ٢٠٠ دۆلاری تێدەچێت

پاراستنی پەناخوازی نەداتە سوریەکان کە بەڵگەی تۆمارکردنیان نیەو کەفالەتێکی دروستی تۆمارکراویان نیە لەلای دەسەڵاتە ئوردنیەکانەوە. ئەوە روون نیە کە ژمارەی ئەو سوریانە چەندە کە لەو رێکارە تازە زیانمەندبوون (JO10). بەبێ تۆمارکردن، پەنابەران دەکەونە بەر زنجیرەیەك مەترسی، لەوانەش گیران، دوورخستنەوە، گەڕاندنەوەی بەزۆر بۆ کەمپەکانی پەنابەران و دیپۆرتکردنەوە (JO08).

**سیستەمی کەفالە بۆ پەنابەرانی سوری لە لوبنان و ئوردن بە تایبەتی بۆ ئیستغلال کردن کراوەیە**، لە لوبنان. سیستەمەکە مەترسی ئەوەی وروژاندووە کە بۆیهەیە خەڵکی لوبنانی بتوانن سوریەکان ئیستغلال بکەن بەرامبەر کەفالەت کردنیان. هەندێ کەیسی ژنانی سوری راپۆرتکراون کە شویان بە پیاوانی لوبنانی کردووە بۆ بوونی کەفالەت و پاشان باری یاسایی لە وڵات بەبێ تۆمارکردن لە UNHCR (LB28). ئەنجومەنی پەنابەرانی نەرویجیش کەیسەکانی ئەگەری بوونی کەفیلی لوبنانی راگەیاندووە کە داوایان لە سوریەکان کردووە تا پارە بەرامبەر ئەو خزمەتە بدەن (NRC, April 2015b). رێکخراوێکی ناحکومی لە عەککار بەدڕەفتاری سێکسی بەرامبەر ژنان راگەیاندووە بەرامبەر یارمەتیدان لە وەدەستهێنانی باری یاسایی لە لوبناندا (LB36).

لە ٢٠١٢، دەسەڵاتە ئوردنیەکان رێکاری کەفالەتیان دانا کە دەرچوونی پەنابەران لە کەمپی زەعتەری و نیشتەجێکردنیان لە کۆمەڵگە خانەخوێکان رێکدەخات. ئەمەش وا لە پەنابەر دەخوازێ کە کەفیلێکی ئوردنی بدۆزێتەوە بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی مانەوەی پەنابەرو چالاکیەکانی لەسەر خاکی ئوردندا. تێچووی کەفالەتکردن دەگاتە ١٥ دیناری ئوردنی (نزیکەی ٢١ دۆلار) بۆ هەر کەسێك (JO05; JO12; JO17). تا تەموزی ٢٠١٣، هەر کەسێك دەیتوانی سوریەکان لە کەمپی پەنابەران دەربێنێ و هەندێ ئوردنی قازانجیان لەوە دەکرد کە داوایان لە سوریەکان دەکرد بڕە پارەیەکی زۆر بدەن بۆ ئەمە. لە هەندێ کەیسدا، ئوردنیەکان خێزانی پەنابەری سوریان لە کەمپ دەردەهێنا بەرامبەر بە هاوسەرگیری لەگەڵ یەك یا زیاتر لە کچە سوریەکان یا ئەنجامدانی پەیوەندی گەرم لەگەڵیاندا (JO03; JO05;  JO12; JO13; JO22). لە ٢٠١٥ سیستەمی کەفالەت نزیکەی بە تەواوی هەڵواسرا، لە کەمپی ئەزرەق بە تەواوی راگیراو تەنیا لە چەند کەیسێکی کەمدا لە کەمپی زەعتەری نەبێت کە لەلایەن UNHCRەوە رێپێدرابوو (JO05; JO12; JO17).

## بەکارخستن

لە تورکیا، ئەو پەنابەرە سووریيانەی پاسپۆرتی ماوە بەسەر نەچوویان نییە لەگەڵ مۆری هاتنە ژوور **مافی یاسایی کارکردنیان نەبوو** تاوەکو دەرچوونی بڕیاری رێکارەکانی پاراستن لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ و، تەنیا بەشێکی بچووکی پەنابەرانی دەرەوەی کەمپ دەیانتوانی بەشێوەیەکی فەرمی کاربکەن. لە ٢٠١١ەوە تا تەمموزی ٢٠١٥، تەنیا ٥١٤٨ سووری مۆڵەتی کارکردنیان لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی وەرگرتبوو (TR42)، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە زۆربەی پەنابەرە سوریەکان بەشێوەیەکی نافەرمی کاردەکەن (TR32; TR50; TR51). لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٥، جێبەجێکردنی هەر یاسایەك کە ئاسانکاری بۆ سوریەکان  دەکات لە بواری گەیشتن بە بازاری کار هێشتا چاوەڕێی پەسەندکردنە لەلایەن پەرلەمانی تورکیەوە (TR44; TR50). میکانیزمێك لەئارادا نییە بۆ چاودێری ئەوەی کە سوریەکان بەشێوەیەکی دادوەرانە پارەیان پێبدرێت (TR02; TR50; TR51) و رێ بەخاوەنکارەکانیش نادرێت ئەو سوریانە دامەزرێنن کە هێشتا مۆڵەتی کاریان نییە (International Crisis Group, 2014).

لە یەکی کانونی دووەمی ٢٠١٥ەوە، پەنابەرانی تۆمارکراوی سوری لەلایەن UNHCRەوە لە لوبنان دەبێ بەڵێننامەیەك واژۆ بکەن **بە مەبەستی کارنەکردن لە لوبنان**، ئەوەش وایکردووە پەنابەران بڕواننە بژاردەی لەکارخستنی تۆمارکردنی خۆیان بۆ ئەوەی بتوانن بەبێ دووچاربوون بە سزا تاوانکاریەکان کاربکەن (NRC, April 2015a).

وەزارەتی کاری ئوردن لە ٢٠١٣ وایخەملاندووە کە **نزیکەی ١٦٠٠٠٠ سوورییە نایاسایی لە ئوردن کاردەکەن** (Hazaimeh, 17 March 2013). ژمارەیەکی کەمی کرێکارانی پەنابەر گرێبەستی یاسایی کارکردنیان هەیە لەبەر ئەوەی زۆر لەوانە مۆڵەتی مانەوە مۆڵەتی کاریان بەسەرچووە. سەرەڕای ئەمەش، پەنابەران پێیانوایە تێچووی مۆڵەتی کار زۆر بەرزە و تەنیا دەتوانن بۆ کارکردن لە کەرتە ئابوریە دیاریکراوەکان بەدەستی بێنن (Iaria, 2014). هەندێ لە پەنابەرانی سوری دەستگیرکراون و دیپۆرتکراونەتەوە لەلایەن دەسەڵاتەکانی ئوردن بەهۆی کارکردن بەبێ ڕێپێدان، هەرچەندە بەمدواییە، ئەو پەنابەرانەی لە کارکردن گیراون هەناردەی کەمپی ئەزرەق کراون لەجیاتی دیپۆرتکردنەوەیان (JO02). لەوەش زیاتر، بەپێی پلانی بەرسڤی قەیرانی سوریا (٢٠١٥)، ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان ڕێگەیان پێنەدراوە چالاکیەکانی ژیانکردن و دەرفەتەکانی وەدەستهێنانی داهات بۆ پەنابەرە سوریەکان پیادەبکەن، چونکە تێوەگلانیان لەکاری نایاسایی بۆیهەیە زیانی هەبێت بۆ دەرفەتەکانی کارو وەدەستهێنانی داهات بۆ ئوردنیەکان (ILO, 2014; 2015; JO02; JO05; JO10).

لەزۆر حاڵەتدا، بەپێی زانیاری جۆری وەدەستهاتوو لەرێگەی لێکۆڵینەوەی مەیدانی بۆ ئەم توێژینەوەیە، مەحاڵ بوو ئەوە دەستنیشان بکرێت کە ئەگەر ئیستغلال کردن یان بازرگانی پێوەکردن بەمەبەستی ئیستغلال کردن لە کاردا ڕوویدابێت ئەوەی لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا ڕاگەیەنراوە وەکو دیاردەیەکی بەربڵاو بریتی بووە لە **بارودۆخی خراپی کار، نزمی کرێکان و پێشێلکاری دیکە سەبارەت بە کارکردن**. سەرەڕای ئەوەش، هەموو وڵاتە خانەخوێکانی ژێر توێژینەوە بە ئابوری نافەرمی گەورە دەناسرێنەوە وەکو ڕێژەی سەدی تێکڕای بەرهەمی خۆماڵی GDP. ئابوری نافەرمی واخەمڵێنراوە کە تەنانەت لە کەرتی لادێیی گەورەتر بێت لە کەرتی شارستانی لە سوریا، لوبنان و عیراق، هەرچەندە لە ئوردن وانیە (Angel-Urdinola & Tanabe, January 2012).

خشتەی ٧: قەبارەی خەمڵێنراوی ئابوری نافەرمی لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا

| سوریا[٥٦] | تورکیا[٥٧] | لوبنان[٥٨] | ئوردن[٥٩] | عیراق[٦٠] |
|---|---|---|---|---|
| ٧١٪ | ٣١-٤٥ ٪ | ٥٦ ٪ | ٤٤ ٪ | ٦٧ ٪ |

**پارەپێدانی نادادوەرانە**، لەخوار کەمترین ڕادەی یاسایی کرێ، ڕاپۆرتکراوە بۆ کرێکارانی سوری لە هەر چوار وڵاتی خانەخوێی ژێر توێژینەوە، بەجیاوازی ڕێژەی کرێی پێدراو بە هاونیشتمانیان و سوریەکان Amnesty International, 2014; Çelik, 3 September 2012; Kirişçi, 2014; Orhan, 2014; Öztürkler & Göksel, 2015; Today's Zaman, 28 October 2014; TR07; TR22; TR29; TR35; TR36; TR51; JO11; IQ06; IQ12). هەروەها سوریەکان دوچاری **کاتژمێری زیادەی کارو بارودۆخی کاری پڕ سوکایەتی و ئیستغلال کردنبوونەتەوە**. (Amnesty International, 2014; Çelik, 3 September 2012; Kirişçi, 2014; Orhan, 2014; TR29; JO10). سوریەکان لە وڵاتانی خانەخوێدا زۆربەیجار **بەبێ مافی گرێبەست کاردەکەن** لەبەر نەبوونی گرێبەستی کاری یاسایی (JO10; Iaria, 2014; US Department of State, 2015).

٥٦ Angel-Urdinola & Tanabe, January 2012
٥٧ Schneider & Savaşan, 2005; Today's Zaman، ٥ی ئایاری ٢٠١٥.
٥٨ Angel-Urdinola & Tanabe, January 2012
٥٩ UNDP, Ministry of Planning & Economic and Social Council، لە ئابی ٢٠١٢
٦٠ Angel-Urdinola & Tanabe, January 2012

ئەو کەرتانەی ئەو پێشێلکاریانەی مافەکانی کاریان تێدا روودەدات، بیناسازی، کشتوکاڵ، پیشەسازی، خزمەتگوزاری، خاوێنکردنەوە، تاکفرۆشی، میوانخانەکان و خواردنگەکان، رستن و چنین و کەرتەکانی پێڵاو دروستکردن دەگرێتەوە، لەپاڵ کارەکانی وەکو کارەباچییەتی و بۆڕیچییەتی و دارتاشی (TR29; LB07; IQ06).

هەندێ دیدارکراو بۆ ئەم توێژینەوەیە **راستەوخۆ ئاستەنگەکانیان لەباری یاسایی و مۆڵەتی کارکردنی سوریەکانیان بەستاوەتەوە بە حاڵەتەکانی ئیستغلال کردن و بازرگانی پێوەکردن**. نەبوونی مۆڵەتی کار لە وڵاتە خانەخوێکاندا زۆرجار وا دەگەیەنێ، بۆ دابینکردنی ئامرازەکانی ژیان، پەنابەرانی سوری لاوازتربوون لەئاست ئیستغلال کردن لەکاردا، چونکە بۆیهەیە هەر جۆرە کارێك قبوڵبکەن (TR01; TR25; TR32; TR36). بۆ نمونە، پێش رێنماییە نوێکان لە لوبنان لە کانونی دووەمی ٢٠١٥ پسپۆرانی کۆمەڵایەتی رایانگەیاندووە کە گەیشتن بە رێککەوتنێکی هاوبەش لەگەڵ خێزانەکان لەبارەی پرسی کارکردنی منداڵ ئاسانتر بووە (LB40). باری یاسایی سنووردارێش دەشێ کاریگەری لەسەر ویستی سوریەکان هەبێت بۆ راپۆرتکردنی کەیسەکانی بەدرەفتاری. رێکخراوی ناحکومی مۆزایك تێبینی کردووە کە یەکێك لە رکابرییە سەرەکیەکانی پاراستنی قوربانیانی سوری لە ئیستغلال کردنی سێکسی بریتیە لەوەی کە رەتیدەکەنەوە چاویان بە پارێزەر بکەوێت، چونکە مافی مانەوەی یاساییان لە لوبنان نیە (LB17). هەندێ لە راپۆرتەکان لە ئوردن راستەوخۆ نەبوونی بەڵگەنامەی یاسایی، دەستکەوتنی داهاتێکی بەردەوام، پەناگە، خۆراك و چاودێری پزیشکی شیاو دەبەستنەوە بە لاوازی پەنابەرانی سوری و ئەو راستییەی کە هەندێ خێزانی سوری وادادەنێن «هاوسەرگیری زوو» رێگەیەکە بۆ دەستەبەری پاراستنی کچەکانیان (Greenwood, 25 July 2013; UNICEF, 2014).

دیدارکراوەکان زانیاریان داوە سەبارەت بە خاڵە نافەرمیەکانی بەکارخستن بۆ رۆژەکانی کارکردنی کرێکاران لە ئەدەنە، شانلیئورفا و عوسمانیە لە تورکیا، سنوری باکوری سوریا، کەوا کرێکاران بەیانی زوو کۆدەبنەوە (TR07; TR09; TR12). لە شانلیئورفا، بۆ نمونە، تێکرای کرێی رۆژانە لە خاڵێکی بەکارخستنی فەرمیدا ١٠٠ – ١٥٠ (٣٠ – ٥٠ دۆلار) لیرەی تورکیە، بەڵام ئەمە بۆ ٣٠ لیرەی تورکی (١٠ دۆلار) کەمکرایەوە لەوەتەی گەیشتنی پەنابەرانی سوری (TR32). پەنابەرانی سوری زۆربەی جار کار لە کەرتی کشتوکاڵی دەدۆزنەوە لە ئاندی ئورفاو، لە هەندێ کەیسدا تەنیا بۆ ٥ لیرەی تورکی (نزیکەی ٢ دۆلار) لە رۆژێکدا کاردەکەن (TR08).

**لەسوریا، سیستەمی کەفالە تەبەنیکردووە کارو کۆچبەرانی کاری ناوماڵ** رێکبخات کە بریتیە لە فاکتەرێك لاوازیەکانی ئەو گروپانە لە لاوازی بۆ بازرگانی پێوەکردن و ئیستغلال کردن لە پێڤاژۆی شەڕدا بەرز دەکاتەوە، چونکە ئەمە کۆنترۆڵی تەواو دەداتە دەست خاوەنکارەکانیان بەسەر کرێکاران لەو شتانەی بەکارەوە پەیوەستن؛ وەك رێپێدانی مانەوە تازەکردنەوەی و ؛ کۆنترۆڵکردنی کۆتاییپێهێنانی گرێبەستەکان. بۆ گۆڕینی خاوەنکار کرێکارانی کۆچبەر پێویستیان بە رەزامەندی خاوەنکاری ئێستا هەیەو **ناتوانێ بەبێ رێپێدانی دەرچوون لە خاوەنکارەوە وڵات بەجێبێڵێ**. ئەگەر خاوەنکار رازی نەبێت هیچ لەو رێپێدان و رەزامەندیانەی سەرەوە بداتە کۆچبەری کرێکاری ناوماڵان، کۆچبەرەکە دەستی ناگاتە ئامرازە یاساییەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی بریارەکانی خاوەنکار (SY13).

## ٣.٤ پرسەکانی پاراستنی منداڵ

بەپێی یونیسێف:

> «زیاتر لە 2 ملیۆن منداڵی سوری لە سنوور پەڕینەتەوە ئێستا وەکو پەنابەر لە لوبنان، تورکیا، ئوردن، میسرو عیراق دەژین» (UNICEF, September 2015).

منداڵانی سوری کەوتوونەتە بەر کاریگەری ترسی جیاجیا لە وڵاتانی خانەخوێدا  کە کاری کردۆتە سەر لاوازبوونیان بەرامبەر بازرگانی پێوەکردن و ئیستغلال کردن، لەوانەش کە پەیوەندیان هەیە بە گەیشتن بە فێرکردن، تۆماری لەدایکبوون و کۆچی بەتەنیا، کە هەریەکەیان بەنۆرەی خۆی لێرەدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. ئەمە ڕەنگە ببێتە هۆی ڕەوشی مەترسیدار بۆ منداڵان، وەکو کارکردنی منداڵ و هاوسەرگیری زوو، کە لە بەشەکانی خوارەوە دێنە بەرباس. سەرەڕای ئەمەش، بەوشێوەیەی لە دوو بەشی سەرەوە خراوەتە ڕوو، ڕەوشی مرۆیی و مانەوەی یاسایی و بارەکانی کارکردنی دایبابانیان کاریگەری هەیە بەسەر لاوازی منداڵەکاندا.

### گەیشتن بە فێرکردن

**ئەو منداڵانەی کە لە قوتابخانە نین زیاتر دەکەونە بەر لاوازی ئیستغلال کردن**، بە تایبەتی ئیستغلال کردن بۆ کارو ئیستغلال کردن لەرێگەی سواڵکردنەوە، هەروەها دووچاری پێشێلکارییەکانی مافەکانی منداڵ دەبنەوە. لەهەردوو ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی ڕژێم و ژێر کۆنترۆڵی ئۆپۆزیسیۆن لە سوریا، کەمی و ناتەواوی لە ژمارەی قوتابخانە بەرکارەکاندا هەیە. بۆیە زۆربەی منداڵانی سوریا خوێندنیان دەستناکەوێ (SY01). لە ڕەوشی درێژخایەنی ململانێدا، ئەولەویەتی زۆر خێزانی سوری بۆتە مانەوە لە ژیان نەك فێربوون و پەروەردەو بۆیە منداڵەکانیان بۆ کارکردن و پەیداکردنی پارە دەنێرن لە جیاتی ناردنیان بۆ قوتابخانە (SY02).

ئەگەر زۆر بە توندیش نەبێ، خوێندنیش کێشەیەکی گەورەیە بۆ سوریەکان لە تورکیا، بەتایبەتی بۆ ئەو منداڵە سوریانەی لە کەمپەکاندا نین (TR02; TR04; TR10; TR12; TR32; TR50; TR52). تەنیا ١٤ لەسەدی منداڵانی دەرەوەی کەمپەکان دەچنە قوتابخانە، لەکاتێکدا ٦٠ لە سەدی تێکڕای منداڵانی تەمەنی قوتابخانە لە کەمپەکان فێرکردن بەدەستدەهێنن (International Crisis Group, 2014). وەزارەتی پەروەردەی تورکی گشتگیریەکی لە ئەیلوولی ٢٠١٤ بڵاوکردەوە بۆ ئاسانکردنی وەرگیرانی منداڵانی پەنابەری سوری لە قوتابخانە گشتیەکان و کردنەوەی بنکەی فێرکردنی کاتی. دوا ژمارەکانی منداڵانی پەنابەری سوری لە دەرەوەی کەمپەکان کە پەیوەندیان بەو قوتابخانانەوە کردووە لە تەمەنی ٦ – ١٢ساڵیدا لە نێوان ١١٠٠٠٠و ١٥٠٠٠٠ بەپێی سەرچاوە جیاوازەکان، لەکاتێکدا نزیکەی ٤٠٠٠٠٠ لە ٦٤٠٠٠٠ منداڵانی پەنابەری سوری لە دەرەوەی قوتابخانەکانن (Afanasieva & Bektaş, 02.10.2015; Hürriyet, 29.09.2015).

لە بنکە کاتیەکانی فێرکردن کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگاکانەوە دروستکراوە، **سیستەمی «شەفتی دووەم»** ڕەچاوکراوە، کە قوتابیە تورکەکان پێش نیوەڕۆ دەچنە پۆلەکان و، قوتابیە پەنابەرەکانیش دوای نیوەڕۆ. کلاسەکان بە زمانی عەرەبین و کلاسی زمانی تورکیش هەیە (TR52). لە شارەکانی دیکەدا، وەکو هاتای، مێرسین و شانلیئورفەش قوتابخانەی تایبەت و بنکەکانی فێرکردن هەن کە زۆربەیان لەلایەن خودی پەنابەرانی سوریەوە بەڕێوە دەبرێن. لەنێو ئەو قوتابخانانەدا هەندێکیان لەسەر بنەمای ئاینین و لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و حکومەتی قەتەر و عەرەبستانی سعودی دارایان بۆ دابیندەکرێت (TR12).

فاکتەری دیکە جیا لە هەبوونی شوێنی قوتابخانە وای لە خێزانە پەنابەرە سوریەکان کردووە کە منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە نەنێرن، وەکو: بەربەستی زمان؛ تێنەگەیشتن لە ڕێکارەکانی چوونە قوتابخانە؛ هاوسەرگیری زووو؛ کارکردنی منداڵ؛ لاوازییە ئابورییەکانی دیکەو؛ ڕێگیری لە تۆمارکردنیان وەکو پەنابەر لە تورکیا لەبەر ئەوەی نایانەوێ تورکیا ببێتە دوا شوێنی مانەوەیان (TR30). هەروەها تێبینیکراوە کە لە دەرەوەی سیستەمی فێرکردنی نیشتمانی تورکی، تەنیا ژمارەیەکی کەم قوتابخانەی بەربژارهەن کە فێرکردنی عەلمانی پێشکەشبکەن کە ئەوەش بۆتە فاکتەرێکی دیکە کە وای لە دایبابان کردووە منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە نەنێرن (TR26).

لە لوبنان لە ساڵی ٢٠١٣، وا دەخەمڵێنرا کە نزیکەی ٣٠٠٠٠٠ منداڵی پەنابەر لە دەرەوەی قوتابخانەکان بن (Watkins, 2013). ئاستەنگەکان لە هەماهەنگی لە نێوان بەخشەران و وەزارەتی پەروەردەی لوبنانیش بەشداربوو لە دواکەوتنی چوونە قوتابخانەی **منداڵانی سوری لە «شەفتی دووەم» لە لوبنان**. هەروەها منداڵانی سوری دەتوانن لەگەڵ منداڵە لوبنانیەکان بچن بۆ شەفتی یەکەم، بەڵام ژمارەیان دیاریکراوەو قوتابخانەکان تەنیا دەتوانن وەریان بگرن ئەگەر شوێنی بەتاڵیان هەبێت دوای تۆمارکردنی هەموو منداڵە لوبنانیەکان. لە پایزی ٢٠١٤ بەڵگەنامەیەك لەلایەن وەزارەتی پەروەردە بڵاوکرایەوە کە داوای لە قوتابخانەکان کرد داوای بەڵگەنامەکانی مانەوە لە منداڵانی سوری بکەن لەکاتی تۆمارکردنیان لە شیفتی یەکەمدا. ئاسانکاری گواستنەوە لە قوتابخانەو بۆ قوتابخانە پێویستە تەنانەت ئەگەر ماوەی ڕێگاکە کورتیش بێت چونکە بۆ منداڵانی سوری باش نیە کە بەتەنیا بگەڕێنەوە ماڵەوە دوای چوونە قوتابخانە لە «شەفتی دووەم»دا LB26).

لەبەر ئەوەی زۆر قوتابی سوری بەڵگەنامەی شیاویان نیە بۆ تۆمارکردن لە تاقیکردنەوە نیشتمانیەکان لە لوبنان، ڕێکخراوێك لە دۆڵی بیقاع منداڵەکانی گواستەوە بۆ سوریا بەمەبەستی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە نیشتمانیەکان و لەوێش هێنایانیەوە. هەرچەندە نیازەکانی ئەو ڕێکخراوە ڕەنگە پۆزەتیڤ بێت، جێی دوودڵیە کە ڕێکخراوی هاوشێوەی دیکە ڕەنگە پەیمانی لەوشێوەیە بدەن بە نیازی ئیستغلال کردنی منداڵان (LB26).

بەهەمانشێوە لە تورکیا، هۆکاری سەرەکی کەمی چوون بۆ قوتابخانە یا هەڵاتن لە قوتابخانە ئەمانە دەگرێتەوە: تێچووی گواستنەوە؛ پێویستیە ئابوریەکانی خێزان و کاری منداڵی پەیوەست؛ ترسان لە هەراسانکردنی کچەکانیان لەرێگەی چوونیان بۆ قوتابخانە یان لەناو قوتابخانە؛ نەبوونی تێڕوانینی قوتابخانە وەکو شتێکی گرنگ یان بەسوود لەلایەن دایبابانەوە؛ ئاستەنگ لە تۆمارکردنی منداڵانی سوری لە قوتابخانە لوبنانیەکان و؛ بەرنامەی خوێندنی جیاواز؛ فێرکردنی زمانە جیاوازەکان (منداڵانی سوری ڕانەهاتوون لە کلاسی ئینگلیزی یان فەرەنسی) و جیاکاری (LB26; LB40).

لە ئوردن، ماوەی دابڕانی منداڵانی پەنابەری سوری لە قوتابخانەکان لەنێوان ٣ تا ٥ ساڵدایە، بەپێی ناوچە جوگرافیە ڕەسەنەکانیان لە سوریاو بەرواری گەیشتنیان بە ئوردن. بەشێکی زۆری منداڵانی سوری لە ئوردن لە پارێزگای دەرعەوە هاتوون لە باشوری سوریاو، پێش دۆزینەوەی پەناگە لە ئوردن، چەندین مانگ و ساڵیان لە ناوچەکانی ژێر کاریگەری ململانێکە لە سوریا بەسەر بردووەو لەوێ لە خوێندن دابڕاون. بۆیە کاتێك گەیشتنە ئوردن لەچاو منداڵانی هاوتەمەنی خۆیان لە خوێندن بەپاش کەوتبوون (JO06; JO15).

هەروەها لە هەرێمی کوردستانی عیراق، شوێنی قوتابخانە کەمن بۆ پێشکەشکردنی خوێندن بە منداڵانی پەنابەران و ئاوارەی ناوخۆ (IQ12). زمانیش بۆیەهیە لەوێ ببێتە بەربەست، چونکە ڕێنماییەکان بەشێوەیەکی گشتی بەکوردی سۆرانین، لەکاتێکدا سوریەکان بە عەرەبی یان کوردی کرمانجی دەدوێن.

## تۆماری لەدایکبوون

شانبەشانی دابڕان لە خوێندن، هۆکارێکی دیکە کە مافی منداڵان پێشێل دەکات و لاوازتریان دەکات بەرامبەر ئیستغلال کردن بریتیە لە نەبوونی تۆماری لەدایکبوون. ئەمە پرسێکە کە دەبێ بە تایبەت رەچاوبکرێت لەوەی پەیوەستە بە خۆراگری منداڵانی لە دایکبوو لە سوریاو لە وڵاتانی خانەخوێدا لەوەتەی دەسپێکردنی شەڕ بەرامبەر ئیستغلال کردن و بازرگانی پێوەکردن لە دوارۆژدا. لە داتابێسی UNHCR لە ناوەڕاستی ٢٠١٥، **نزیکەی ٣٧٠٠٠ منداڵ وەکو لە دایکبوو لەناوسوریا** تۆمارکران **بەبێ هەبوونی تۆماری لەدایکبوون**. رەنگە ئەوانە لە نامیلکەی خێزان تۆمارکرابن، کە بەڵگەنامەی ناسنامەی کەسییان نیە (JO17).

هەروەك سەرۆکی تورکیا بەمدواییە لە پرێس کۆنفراسێك رایگەیاند، نزیکەی ٦٠٠٠٠ کۆرپەی سوری لەوەتەی دەسپێکی جوڵەی هاوڵاتیان لە سوریاوە لە تورکیا لەدایکبوون (Haberler, 05 October 2015). مەترسی نەبوونی تۆماریلەدایکبوون و نەبوونی رەگەزنامە بۆ هەندێك لەو کۆرپە تازە لەدایکبووانە لاوازیان دەکات و رەنگە کێشە بنێتەوە، بە تایبەتی بۆ دایکانی تەنیا، لە پرۆسەی تۆمارکردن بۆ دەسکەوتنی باری پاراستنی کاتی لە تورکیا (Reynolds & Grisgraber, 2015).

ژمارەی زۆر منداڵانی لەدایکبووی سوریەکان لە لوبنان، کە تۆماری لەدایکبوونیان نەکراوە، لەوێش مەترسی دروستکردووە. لە راستیدا، کاتێ منداڵێك تۆمارناکرێت، زۆر ئەستەمترە کە داوای پاراستنی نێودەوڵەتی بۆ بکەیت، بۆ دەسکەوتنی خزمەتگوزاریەکان و دوورکەوتنەوە لە مەترسی بێرەگەزنامەیی. لە ٢٠١٤، ئەنجومەنی نەرویجی بۆ پەنابەران (NRC) وای خەمڵاندووە کە ٩٢٪ی پەنابەرانی دیدارکراو نەیانتوانیوە قۆناغە پێویستەکان تەواو بکەن بۆ تۆمارکردنی منداڵە لەدایکبووەکانیان لە لوبنان (NRC, 2015)، لە کاتێدا UNHCR وای خەمڵاندووە کە نزیکەی ٧٥٪ی منداڵانی لەدایکبووی دایبابە سوریەکان لە لوبنان تۆماری لەدایکبوونیان نیە (Gatten, 23 May 2014). خەمڵاندنەکەی NRCیش دەریخستووە کە کۆسپی گەورە لەبەردەم بوونی تۆمارکردنی لەدایکبووان بریتی بووە لە نەبوونی مانەوەی یاسایی لە لوبنان، هەروەك لە بەشی پێشوودا خراوەتەڕوو، ئەمەش وایکردووە پەنابەران لە سەفەرو پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتەکان بترسێن. یەکێك لە میکانیزمەکانی خۆگونجاندنی بەکارهاتوو بریتیە لە گەڕانەوە بۆ سوریا بۆ تۆمارکردنی لەدایکبووان لەوێ (NRC, 2015). راستیەکە ئەوەیە کە زۆر منداڵی سوری و منداڵانی فەلەستینی لە سوریاوە تۆماری لەدایکبوونیان لە لوبنان نیەمەترسی ئەوە هەیە کە ساختەکاری لە تۆماری لەدایکبوونیان بکرێت بۆ بەکوڕکردنی نایاسایی (LB13)، لەپاڵ بەرزترین مەترسی کاری منداڵ، ئیستغلال کردنی سێکسی و بازرگانی پێوەکردن (Gatten, 23 May 2014).

هەروەها لەنێو منداڵانی لەدایکبوو لە ئوردن، نزیکەی ٤٧٠٠ کۆرپە بڕوانامەو ئاگادارکردنەوەی لەدایکبوونیان نیە، بۆیە UNHCR هەوڵدەدات پەیوەندی بە دایبابانیانەوە بکات بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەی ئەم کێشەیە. لەدایکبوونی منداڵ بەبێ تۆماری لەدایکبوون کە لە سوریا لەدایکبوون و براونەتە ئوردن تەنیا دەکرێ لەلایەن دەسەڵاتەکانی سوریاوە **راستێنە** بکرێت. کە لە دەرەوەی سوریان، پەنابەران ناتوانن کەناڵی گەیشتن و پەیوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ ئەو دەسەڵاتانەدا نیە. هەروەك لە لوبنان، لە ئوردنیش مەترسی ئەوە هەیە کە ژمارەیەکی زۆر لەدایکبووی تۆمارنەکراو لەناو پەنابەرانی سوری بۆیەهیە ببنە فاکتەری بازرگانی پێوەکردن بە منداڵ بە مەبەستی بەکوڕکردنی نایاسایی (JO17; JO13)، لەنێو فۆرمەکانی دیکەی بازرگانی پێوەکردن بە منداڵ.

## منداڵە دابڕاوەکان

ئەو منداڵە پەنابەرانەی وەکو منداڵی بێیاوەر لە تورکیا ناسێنراون ئاماژەیان پێکراوە بۆ وەزارەتی خێزان و سیاسەتە کۆمەڵایەتیەکان و، نێردراون بۆ بەشێکی تایبەت لە کەمپی سارچیم لە ئەدەنە (TR46). بۆ ئەو منداڵانەی کە باریان نادیارە، پرۆسەی گەڕان بەدوای خێزان و پێکگەیاندنیان لەکاتی بوونی منداڵەکان لە کەمپەکەدا ئەنجام دەدرێت (TR46; TR47). لەگەڵ ئەوەی کە ئێستا ئامار بۆ ئەو پرسە لە ئارادا نیە.

ڕێژەی سەدی خێزانە کۆکراوەکان لە پێڤاژۆی پانابەرانی سوری گەلێك بەرزە بە بەراورد لەگەڵ قەیرانەکانی دیکەی پەنابەران. لە ساڵی ٢٠١٣، ڕێژەی کۆکردنەوەی خێزانەکان ٨٩٪ بوو، بە واتای ئەوەی کە ژمارەیەکی کەم منداڵی بێ یاوەر هەر وا بێ یاوەر مانەوە. ژمارەی کورانی بێ یاوەر بەرزترە لە ژمارەی کچانی بێ یاوەر، چونکە کچان مەیلی ئەوەیان هەیە لەگەڵ خێزانەکانیان یان کەسوکارایاندا سەفەر بکەن (JO17).

قەیرانی سوریا ڕەوشێکی کتوپڕی لە لوبنان دروستکرد سەبارەت بە منداڵانی بێیاوەرو دابڕاو کە لە سوریاوە پەڕیونەتەوە لوبنان. مەترسیەکی دیکە پەیوەستە بە کۆنترۆڵی سنور بۆ پەیوەندیە خێزانیەکان، لەو کەسیانەی کە منداڵ لەگەڵ کەسێکی گەورە لە سنور دەپەڕێتەوە (LB39). بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵانی دابڕاو کە دەگەنە لوبنان، ڕێکخراوو ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان گفتوگۆی ئەگەری ئەوەیان ڕەچاوکردووە کە ئەوان لەگەڵ خێزانەکانی هەمان کۆمەڵگا دانانێن ، ئەمەش لەلایەن هەندێ ڕێکخراوی ناحکومیەوە زۆر بە ترسناك دادەنرێت. حیمایە، بۆ نمونە، کە ڕێکخراوێکی ناحکومی مافەکانی منداڵە، ئاگاداری داوە لەوەی کە ئەو منداڵانەی خراونەتە بەر دایەنیکردن لەلایەن خێزانی دیکە ڕەنگە بە شێوەیەکی جیا لە منداڵە بایۆلۆجیەکانی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و، لە هەندێ کەیسدا خێزانە دایەنەکان ئیستغلالی منداڵە دایەنکراوەکانیان کردووە (LB22). هەروەك بەدیل لە دیدارێك بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە دووپاتیکردۆتەوە کە بوون بە منداڵێکی دایەنیکراو لە حاڵەتی دەگمەنیسەرچاوەکان بۆیەهیە ببێتە مایەی مەترسی بۆ منداڵ لە کایەی ئیستغلال کردندا (LB06). سەرەڕای بوونی ژمارەیەکی کەم لە منداڵانی بێیاوەری فەلەستینی دەستنیشانکراو لە سوریاوە لە لوبنان، ژمارەی زۆرتری منداڵانی دابڕاو لەگەڵ ئەندامانی خێزانێکدا دەژین و، دوودڵی دیکەش لەبارەی ئەوەوەیە کە ئەو منداڵانە ڕووبەڕووی مەترسی کارپێکردنی منداڵ، دابڕان لە قوتابخانەو هاوسەرگیری زوو دەبنەوە (LB45).

لە ساڵی ٢٠١٤، دوودڵیەك هەبوو سەبارەت بە ژمارەیەکی زۆری کچانی سوری کە بە تەنیا گەیشتبوونە ئوردن یان بە یاوەری خانەوادەی دەزگیرانەکانیان (JO17). فەرمانبەری پێشینەی پاراستنی UNHCR لە ئوردن ڕوونیکردەوە کە منداڵانی بێیاوەر یان لەلایەن دەسەڵاتەکانی ئوردن لە سنورەوە دەستنیشانکرابوون یان لە ڕابیعە ئەلسەرحان کە بە هاوبەشی لەلایەن UNHCRو دەسەڵاتە ئوردنیەکانەوە بەڕێوەدەبرا. ئینجا ئەوانە بە منداڵی دابڕاو یان بێیاوەر تۆماردەکران و لە پێشوازیەکی جیا لە کەمپی پەنابەرانی زەعتەری و ئەزرەق دادەنران، کە لەلایەن لیژنەی ڕزگارکردنی نێودەوڵەتیەوە بەڕێوەدەبران. منداڵەکان لەو ناوچانەدا دەمانەوە تا UNHCRو هاوبەشەکانی ئەندامانی خێزانی ئەو منداڵانە یان خێزانی دایەنکاری بەدیلی بۆ دەدۆزینەوە. سەرەڕای ئەو ڕاستیەی کە لە ئوردن بەپێی شەریعەت، بەکورکردنی یاسایی ڕێپێنەدراوە، لە تەموزی ٢٠١٤، ڕێکارەکانی دایەنکاری بەدیل ڕێکخراو لەلایەن وەزارەتی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتیەوە پشتگیری کرا (JO17).

هەروەها ڕاپۆرت هەبوو لەبارەی منداڵی دابڕاوی سوری کە گەیشتبوونە ئوردن و کەمپەکانی پەنابەران بە یاوەری خزم، دراوسێ و دۆستانی خێزانەکانیان کە پەیوەندیان بە منداڵەکانەوە نەبوو. ئەمە ستراتیژی مامەڵەکردنە کە تەنیا بۆ خێزانەکان نەبوو، بەڵکو بۆ تەواوی کۆمەڵگە بوو، بەجۆرێك لە حالەتەکانی ئاوارەبوونی پەنابەران لە هەمان

کۆمەڵگە وا حەزدەکەن لە نزیك یەکتر بمێننەوە وەکو ڕێگەیەکی پاراستنی هاوبەش و چاودێریکردنی یەکتر (JO10; JO02). لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە ئەوە ببێتە کێشە کە پێویست دەبێ بەڵگەنامەی فەرمی پێشکەش بکرێت بۆ منداڵەکە بە مەبەستی چوونە قوتابخانەو وەدەستهێنانی خزمەتگوزارییەکان (JO10; JO13)و، لە هەندێ کەیسی دیاریکراو بۆیهەیە ڕەوشەکە بە تەواوی لە بەرژەوەندی منداڵەکەدا نەبێت.

## ٤.٤ کارکردنی منداڵ

بەپێی UN Women، تا ڕەوشی ئاوارەیی زیاتر بخایەنێ، ئەگەری ڕوودانی کارپێکردنی منداڵی کوڕ و شوکردنی زووی کچان پتر دەبێت (UN Women, 2013)، هەروەك لە بەشەکانی دادێ دەیبینین. UNICEF وا دەخەمڵێنێ **کە یەك لە دەی منداڵانی پەنابەر لە وڵاتانی دەوروبەری سوریا لە کاری منداڵانەوە گلاون**، کە هەندێکیان بۆ هەمان مەبەست کەوتونەتە بەر بازرگانی پێوەکردن (UNICEF, March 2014). هۆکاری سەرەکی تێوەگلانی منداڵانی سوری لە کارکردن لە کۆمەڵگە خانەخوێکانی ژێر توێژینەوەدا، لەلایەن زانیاریدەرانی لێکۆڵینەوەی ئەو وڵاتانە وا دانراوە کە بریتی بووە **لە کۆتوبەندی سەر کارکردنی گەورە سوریەکان، هەروەها کۆتوبەندکردنی جوڵەی کەسانی گەورەی سوری لە جوڵانەوە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەو جیاکاری لە کارکردنی کەسانی گەورەی سوریدا**.

وا ڕاگەیەندراوە کە بۆ منداڵانی پەنابەری سوری ئاسانترە کە کاری سەیر بکەن لە سوریا، لە کاتێکدا کە بۆ ئەندامە گەورەو پێگەیشتووەکانی خێزان قورسترە کارێك بدۆزنەوە لەبەر لایەنگیری دژ بەوان و ئەستەمی وەدەستهێنانی ڕێپێدانی کارکردنی فەرمی (TR26; TR27; TR32). بە هەمانشێوە، لە لوبنان، ڕێگری لە جوڵە کە گەورەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە لەبەر نەبوون یا سنورداری باری یاساییان لە لوبنان، وا لە خێزانەکان دەکات منداڵەکانیان بۆ کار بنێرن لە کاری ئیستغلالکەر کە پەڕینەوە لە هەندێ شوێن دەخوازێ کە مەترسیداردەبێت بۆ گەورەکان کە بە بازگەکاند تێپەڕن (LB21). هەروەها لە ئوردن، پەنابەرە سوریە گەورەکان لە زۆربەی پیشەکاندا ڕێگەی کارکردنیان پێنەدراوە. بۆ دوورکەوتنەوە لە گیران و دەسگیرکردن، دایبابان ، بەخێوکەرانی یاسایی و خزمەتگوزارانی منداڵان دەیاننێرنە سەرکار بۆ پارە پەیداکردن و پشتگیری خێزانەکان، چونکە ئەوان دەزانن پشکنەرانی کاری ئوردنی و دەسەڵاتەکانی دیکە وا ئارەزوو دەکەن لەگەڵ منداڵان و ژنانی پەنابەری سوری نەرمتر بن کاتێ لەکاتی کارکردنی نایاساییدا دەسگیر دەکرێن (JO02; JO03; JO06; JO11; JO22).

**منداڵانی سوری کار لە زۆر کەرتی جیاواز دەکەن لە وڵاتە خانەخوێکاندا، بەڵام بە تایبەتی لە کشتوکاڵ** (TR04; TR18; TR28; LB27; ILO Jordan, February 2014). لەگەڵ ئەوەشدا، دیدارکراوێك پێیوابوو بۆ منداڵ ئارامترە لە کشتوکاڵ کاربکات نەك کاری دیکە، چونکە ئەو منداڵانەی لە کشتوکاڵ کاردەکەن ئاسایی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکانیاندا دەبن (LB38). هەروەها منداڵانی پەنابەری سوری لەسەر شەقام کاردەکەن و دەسماڵ و کەرەستەی بچوکی تر دەفرۆشن، وەکو فیتەر، لە پیشەسازی و، لە خواردنگەو نانەوایی کاردەکەن (TR04; TR07; TR13; TR18; TR28; TR32; TR33; LB07; LB09; LB11; LB19; LB21; LB36; LB37; JO15). لە دۆڵی بیقاع لە لوبنان، منداڵان دیتراون کە کۆنە ئاسن یان پلاستیك لە زبڵدانان کۆبکەنەوە (LB09). منداڵانی پەنابەری سوری لەناو کەمپی ئەزرەق دامەزراون بۆ کۆمپانیاکانی بیناسازی ئوردنی کە خانووی ئامادە دروست دەکەن، کە گرێبەستی لەلایەن پێشکەشکارانی نێودەوڵەتی خزمەتگوزاری کراوەو دارایی لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دابینکراوە (JO٠٥)، لە کاتێکدا منداڵانی سوری لە تورکیاش هەر لە بیناسازیدا کاردەکەن (TR13; TR32). لە لوبنان و ئوردن، منداڵانی سوری لە دوکانەکان و شوشتنگەکانی ئۆتۆمبیل وبازاڕە دەرەکیەکاندا کاردەکەن (LB07; LB09; LB11; LB19; LB21; LB36; LB37; JO15). کەرتە ئاماژەپێکراوەکانی دیکە بریتیبوون لە دوکانەکانی بەرگ

دورین لە تورکیا، بۆیاغچێتی و، خاوێنکردنەوەو پیشەی وەکو کارەباچێتی، بۆیاغچێتی، بۆریچیەتی، یان دارتاشی لە لوبنان (TR13;  TR32;  LB07; LB09; LB11; LB19; LB21; LB36; LB37).

ئەو جۆرە کارەی منداڵانی پەنابەری سوری لە کەمپی ئەزرەق لە ئوردن پێیەوە خەریکن یارمەتیدان لە کاروباری خێزان و، کارکردن بۆ کەسانیدی، ئەنجامدانی کۆمەڵە چالاکیەکی دیکە وەکو گواستنەوە بە عارەبانەی دەست، بارکردن و هەڵگرتنی کاڵاو ئاو، ئامادەکردنی خۆراك و خواردنەوە بۆ فرۆشتنیان لە بازاری ناوخۆی کەمپدا (بەزۆری کچەکان)و فرۆشتن لە شەقام (UNICEF & Save the Children, 2015). بە سوود وەرگرتن لەو راستیەی کە منداڵان بە کرێی کەمتر رازی دەبن، هەندێ خاوەنکاران لە ئوردن راپۆرتکراون کە چەندین منداڵی کارگەریان بەکرێ گرتوەو ئیستغلالیان کردوون بەهەمان برە پارەی کە دەیدەنە کرێی یەك کرێکاری گەورە (JO15; JO06; JO12).

**کوڕان بەتایبەتی کاریگەربوون لە کارپێکردنی منداڵان**. لە ئەدەنەی تورکیا، بۆنمونە، کچان رێژەیەکی زیاتری قوتابیانی تۆمارکراو پێکدەهێنن لە سەنتەرە کاتیەکانی خوێندن بۆ پەنابەرانی سوری، لەبەرئەوەی کوڕانی تەمەنی قوتابخانە زۆربەیان وەکو شاگرد یان لە کێڵگەکان کاردەکەن و، تەنانەت ئەوکوڕانەی لە قوتابخانەش دانراون بە رێکوپێکی ناچن. کاتێ مامۆستایان پرسیار لە هەندێك لە کوڕان دەکەن کە بۆچی دەستیان سورو شین بۆتەوە، دەڵێن کە دوای قوتابخانە کاردەکەن، کە هەندێکیان ١٢-١٣ ساڵن (TR52). دیدارکراوی دیکە دوپاتیانکردۆتەوە کە بەشێکی بەرچاوی کوڕانی سوری تەمەن سەروی ١٢ ساڵ لە تورکیا کاردەکەن (TR12; TR18). تێبینیەکی گرنگی هاوبەش لەنێوان چەند دیدارکراوێك بریتیە لەوەی کە کاری منداڵان لەلایەن کۆمەڵگەی خانەخوێ چاوپۆشی لێدەکرێت (TR04; TR12; Meeting TR24). هەروەها لە ئوردن، کوڕان زیاتر لە کچان کاردەکەن. سەرەڕای ئەوەی زۆربەی کورەکان لە تەمەنی ٩-١٤ ساڵیدان و زۆربەی کچەکانیش یاوەری خێزانەکانیانن، لەکاتێکدا کوڕانی گەورەتری تەمەن ١٤-١٧ بۆیەهیە لە کارکردنی بێباوەریش بکەونە بەرچاو (JO07; JO15). هەڵسەنگاندنێکی ئەمدواییەی کاری منداڵان لە کەمپی زەعتەری دەریخستوە کە منداڵانی کارگەر لەوێ زۆربەیان کوڕانی تەمەن ٧-١٧ ساڵین (UNICEF & Save the Children, 2015).

لە ٢٠٠٧، رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی روماڵێکی نیشتمانی ئەنجامدا بۆ کارپێکردنی منداڵان لە ئوردن و وایخەمڵاند کە لەسەر ئاستی نیشتمانی ٣٣١٩٠ منداڵی کارگەر هەبوون (JO07). **لەوەتەی قەیرانی پەنابەرانی سوری، بەپێی دیدارکراوێك لە رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، حاڵەتەکانی کارکردنی منداڵان لە ئوردن زۆر بەرزترە**. لەوەش زیاتر، لەکاتێکدا لە ساڵانی پێشوو بەشێوەیەکی ئاسایی تەمەنی منداڵانی کارگەر ١٤-١٧ ساڵ بوو، ئێستا بۆیەهیە منداڵانی کارگەری تەمەن ١٢ ساڵی بدۆزیەوە (JO07).

**هەروەها راپۆرتەکان وادەردەخەن کە کاری منداڵان لە هەرێمی کوردستانی عیراق** لەنێو منداڵانی پەنابەری سوری بەربڵاوە، ٦٣٪ی ئەو منداڵانەی لە پێڤاژۆیەکی شارستانیدا دەژین کاردەکەن و ٣٠٪ی منداڵانی کەمپەکان لە کارپێکردنی منداڵانەوە گلاون. ئەو روونکردنەوەیەی لەلایەن زانیاریدەرێکی لێکۆڵینەوە پێشکەش کراوە بریتیبوو لە نەگەیشتن بەو قوتابخانانەی بەزمانی عەرەبی دەخوێنن و ئەو راستیەی کە خێزانەکان ناتوانن پارەی پێداویستیەکانی منداڵەکانیان و تێچووەکانی قوتابخانە بدەن، وازیان لە منداڵەکانیان هێناوە لە دەرەوەی خوێندن و لاوازتر بۆ دوچاربوون بە کاری منداڵان و خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵان، هەروەها بازرگانی پێوەکردنی منداڵانیش (IQ15).

## سواڵکردنی منداڵ

دیاردەی **سواڵکردن لەنێوان گەوران و منداڵان لە زۆر بەشی سوریاو وڵاتانی خانەخوێی ژێر توێژینەوە زیادیکردووە**، کە پەیوەستە بە ئاوارەبوونی ناوخۆو سنووربەزێن. ڕاپۆرتەکان لە سوریا دەریانخستوە کە سواڵکردن لە وڵات بەتایبەتی سەبارەت بە منداڵانی تەمەن ٦ ساڵ بەرەوسەر، لە سەرەتای دەستپێکردنی ململانێکەوە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە (Al Souria Net, 14 April 2015; UN News Centre, 2 July 2015). بەپێی بەڵگە سنوردارەکانی بەردەست، بەشێوەیەکی سەرەکی منداڵی ئاوارەکانی ناوخۆ کە لە کەمپەکانی ژێر کۆنترۆڵی ڕژێمدا دەژین کاریگەربوون، لەبەر ئەوەی خێزانەکانیان یارمەتی تەواو وەرناگرن لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەڕێگەی خاچی سووری عەرەبی سوری و ڕێکخراوە ناحکومیە لۆکاڵەکانی دیکە کە لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ڕژێم کاردەکەن (SY08)، هەروەك لە سەرەوە لە بەشی ٤,١ خراوەتەڕوو.

لە پارێزگای دەرعا لە سوریا، خەڵکی ناوخۆی دەرعاو ئاوارەکانی ناوخۆ لە بەشەکانی دیکەی وڵاتەوە بە منداڵانیشەوە سواڵدەکەن. بەزۆری لە شارۆچکەکان و گوندە گەورەکان دەکەونە بەرچاو، کە لە شەقامەکان، بازارە ناوخۆییەکان و لەبەردەمی مزگەوتەکان خەریکی سواڵن، بەتایبەتی لە ڕۆژانی هەینیدا.[٦١] لەبەرئەوەی لەسەر شەقامەکانن، منداڵانی سواڵکەر دوچاری سوکایەتی پێکردن، هەراسان کردن و بەدڕەفتاری دەبنەوە لەلایەن پیاوانی چەکدارو مەدەنیشدا. ئەم جۆرە سواڵکردنە لەلایەن تۆڕێکی تاوانەوە ڕێکنەخراوە، بەڵام بریتیە لە میکانزمێکی ڕەفتاری سلبی بۆ وەدەستهێنانی داهات بۆ ژیان و مانەوە لە ڕەوشی توندوتیژو، نەبوونی دەرفەتەکانی کارو هەژاری سەختدا (SY12).

هەروەها لە تورکیا، زیادبوونی بەرچاوکەوتنی منداڵانی سواڵکەر چەندینجار لە دەرەوەی پێڤاژۆی کەمپدا ڕاپۆرت کراوە، بەتایبەتی لە غازی عەنتاب و ئەستەمبوڵ و، ئەوانەی تیوگلاون واپێدەچێ سوری بن (TR30). لەگەڵ ئەوەشدا، ئاماژە بەوەشکراوە کە سواڵکردن لەنێو خەڵکی تورك لەگەڵ هاتنی پەنابەرانی سوری رووی لە زیادی کردووە، کە خۆیان وەکو سوریەکان دەردەخەن (TR09; TR17). سەبارەت بە منداڵەکان عادەتەن لەگەڵ گەورەکان و منداڵانی دیکەن، یان کۆمەڵە منداڵێك و، کەمجار وایە بەتەنیابن (TR07).

لە لوبنان، ئەلئەباستەرو سەکەر (٢٠١٢) ڕاپۆرتیان کردووە کە **پێش کێشەی سوریا، منداڵانی سوری لە لوبنان لە وەرزی هاویندا سواڵیان دەکردو لە پایزدا دەگەڕانەوە قوتابخانە لە سوریا، ئێستا لە لوبنان دەمێننەوەو بە درێژایی ساڵ سواڵدەکەن**. لێکۆڵینەوەیەك کە لە ٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە دەریخستووە ٦١٪ی منداڵانی سەرشەقام لەماوەی قەیرانی سوریادا هاتوونەتە لوبنان، زۆربەی هەرەزۆریان (٩٦٪)یان سورین. تەنیا نزیکەی ١٨٪ی منداڵانی سەرشەقامی سوری پێش ٢٠١١ لە لوبنان دەژیان. بەپێی هەمان لێکۆڵینەوە، زۆربەی منداڵانی سەرشەقام کوڕن (نزیکەی ٧٠٪) (Save the Children, ILO & UNICEF, 2015). دیدارکراوێك بۆ ئەم توێژینەوەیە دووپاتیکردۆتەوە کە زۆربەی منداڵانی کارکردوو لە شەقامەکان لە بەیروت سورین؛ کەمێکیان، ئەگەر هەبێ، کەیسی منداڵانی لوبنانین کە لەم ڕەوشەدا ڕاگەیەنرابێت (LB11; LB38).

هەروەك باسکرا سواڵکردن لە ئوردن روو لە زیادیە، بە تایبەتی لەنێو منداڵان، هەروەها ژنان و خەڵکی کەمئەندام (JO20; JO19). هەروەك کەیسەکانی کاری منداڵ، بەهۆی نەگەیشتنی گەورە سوریەکان بە بازاڕی کاری ئاسایی لە ئوردن و ترسانیان لە دەسگیرکردن، گیران و دیپۆرتکردنەویان لەلایەن دەسەڵاتەکانی ئوردنەوە، هەندێ دایبابی سوری منداڵەکانیان بۆ سواڵکردن دەنێرن بە مەبەستی لە ژیان مانەوەی ئەندامەکانی دیکەی خێزان. هۆشیاریەکی گشتی هەیە کە دەسەڵاتە ئوردنیەکان ئارەزویان وایە بەرامبەر ئەو منداڵانە نەرم و نیانتربن کە لەکاتی کار یا

٦١ بەخشینی خێر بە خەڵکی لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا وەکو زەکات و سەدەقە ڕاڤە دەکرێت، خەرجکردنی بەشێك لە سەروەت و سامان بۆ بەرژەوەندی خەڵکی هەژارو پێویست، کە ئەمەش یەکێکە لە پێنج پایەکەی ئیسلام .

سوالْكردندا دەدۆزرێنەوە (JO12). سەرەڕای سوالْكردن، هەندێ منداڵی سوری كاڵای بچوكی وەكو بنێشت لە نزیك مزگەوتەكان، لە ترافیكلایتەكان و لەبەردەم دوكانەكان و لەسەر شەقامە گشتیەكان دەفرۆشن، بنێشتەكان بە نرخێكی چەندجار بەرزتر لە نرخی بازاڕ دەفرۆشن (JO20; JO12).

لە ئوردن گروپی دیكەی سواڵكەران راپۆرتكراوە كە پەنابەری سوری كەمئەندام بوون، لە پیاوان و ژنان، كە ئەندامێكیان لە ئەنجامی پێكان لە سوریا بەهۆی مین، موشەك یان ناپاڵم لەدەستداوە. زۆرجار ئەوانە بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەری پزیشكی لە رێكخراوەكانی فریاكەوتنی نێودەوڵەتی دەچنە ئوردن، بەڵام یارمەتیەكان وەكو پێویست نین (JO11). ئەمجۆرە سواڵكردنە بەرێكخراو دانانرێت و بەشێك نین لە تۆڕێكی گەورەی تاوان، زۆربەیجار بەتەنیا یان وەك یەكەكانی خێزان سوالْدەكەن (JO20).

## ٥.٤ هاوسەرگیری زوو

هەروەك لە پێشەكیدا روونكراوەتەوە، هاوسەرگیری منداڵان لە سوریا، لوبنان، ئوردن و عیراق بۆ هەندێ گروپی دیاریكراوی تەمەن یاساییەو رێكخراوە، بەپێی یاسای باری كەسایەتی هەریەك لە تایفە ئاینیە جیاجیاكان. رێژەی هاوسەرگیری منداڵان لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا وەكو رێژەی سەدی تەواوی منداڵان، لە خوارەوە لە خشتەی ٨ خراوەتەڕوو.

خشتەی ٨: رێژەكانی هاوسەرگیری منداڵان

| | سوریا | توركیا | لوبنان | ئوردن | عیراق |
|---|---|---|---|---|---|
| منداڵانی خوار ١٥ | ٪ ٣ | ٪ ٣ | ٪١ | ٪١ | ٪٣ |
| سەرجەم منداڵان | ٪١٣ | ٪١٤ | ٪٦ | ٪١٠ | ٪١٧ |

سەرچاوە: یونیسیف (٢٠١٣). باری منداڵانی جیهان.

لەكاتێكدا هەندێ دیداركراوی لێكۆڵینەوەدەڵێن كە پێشتریش هاوسەرگیری زوو لە هەندێ ناوچەی سوریا پێش كۆچپێكردن هەبووە، لێكۆڵینەوە دەیخستووە كە رەوكردنیش كاریگەری بەسەر ئەم دیاردەیە هەبووە. پەیوەستترین كاریگەری رەو بریتی بوو لە كەمبوونەوەی تەمەنی منداڵان – بە زۆری كچ - لە تەمەنی نزیك هەژدە ساڵیەوە بۆ تەمەنی بچوكتر.

لە هەندێ كۆمەڵگەدا لە سوریا، هاوسەرگیری زوو لە رووی كلتووری و ئاینیەوە مەقبولە. زۆربەی هاوسەرگیری زووەكان لە خێزانە گەورە، هەژارو موحافیزكارەكانی لادێ دێنە بەرچاو، ئەوانەی كچەكانیان بەشودەدەن وەكو رێگەیەك بۆ سوككردنی بەرپرسیارێتی خێزان لە دابینكردن بۆ ئەندامێكی دیكەی خێزان. بە تایبەتی لەبەرئەوەی بوونی كچێكی شوو نەكردوو لەو تەمەنەی كە بە كاتی شووكردن دادەنرێت لە ماڵەوە لە رووی كۆمەڵایەتیەوە مەقبول نیە (SY12). هەروەكو لە پێشەكی بینیمان، سەرەڕای ئەوەی كە قازی شەرعی توانای ئەوەی هەیە رێ بە هاوسەرگیری نەدات لە سوریا ئەگەر كچەكە تەمەنی لە ١٥ ساڵ كەمتر بوو، زۆربەی كات لەبەر ویستی خێزان، دەسەڵاتە ئاینییەكان رێ بەو جۆرە هاوسەرگیریە دەدەن بە چاوپۆشین لە ویستی ئەو بوكە منداڵە (SY08). كچان و ژنانی گەنج كە مێردەكانیان لەو ململانێیەدا لەدەستداوە زیاتر دوچاری لاوازی دەبنەوە لەبەر نەبوونی نێرینەی

بەخێوکار ناچار دەبن بەخۆیان بچنە دەرەوەو دەرفەتی بەدیلی داهات پەیداکردن بدۆزنەوە (SY12).

داتای ئاماری فەرمی قەبارەی دیاردەی هاوسەرگیری زوو لە تورکیا بەردەست نیە، لەبەر ئەوەی ئەوە زیاتر بە هاوسەرگیری ئاینی حساب دەکرێت لەوەی کە مەدەنی بێت (UNICEF, 2011; UNFPA, 2014). توێژینەوە بەردەستەکان ئاماژە دەکەن کە هاوسەرگیری زوو لە تورکیا بەهۆی فاکتەری جیاوازەوە دێتە ئارا، لەوانەش فشاری هەژاری، «شەرەف»، توندوتیژی ناوماڵ، نەخوێندەواری، کۆمەڵایەتی، ئاینی و کلتوری (Özcebe & Biçer, 2013; UNICEF, 2011a). شارەزایان لە وەزارەتی خێزان و سیاسەتە کۆمەڵایەتیەکان لێدوانیان داوە کە هاوسەرگیری بە زۆرو زوو زۆربەی جار ڕاناگەیەنرێت، لەبەر نەبوونی هۆشیاری گشتی و قبوڵکردنی کلتوری (TR46; TR47). هاوسەرگیری زوو زۆرجار لە نێوان پەنابەرانی سوری لە تورکیا ڕوودەدات، لەبەر هەردوو هۆکاری کلتووری و ئابوری (TR02; TR08; TR13; TR14; TR16; TR17; TR32; TR33; TR43; TR48). بە ئاماژەیەکی تایبەت بۆ شانلیئورفا، هاوسەرگیری زوو تەنیا لەناو پەنابەرانی سوریدا ڕوونادات، بەڵکو لەناو خەڵکی تورکیش بەتایبەتی لەناوچە لادێ نشینەکاندا (TR08).

ڕاپۆرتێکی AFAD دەریخستووە کە **١٤٪ی کچانی سوری تەمەن ١٥ – ١٨ لە تورکیا شوویان کردووە** (AFAD, 2014). ئەمە هانی دەسەڵاتەکانی تورکیاو UNHCRی داوە تا بەشدار بن لە هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە سەبارەت بە هاوسەرگیری زوو، لەوانەش کۆبوونەوەی گشتی لەگەڵ پەنابەران و دابەشکردنی نامیلکەکان (TR28). هەروەك تێبینی کراوە لە پلاتفۆرمی کچەکان نەك بووکەکان، ڕوماڵێکی ئەنجامدراو لەلایەن UNHCR لە ٢٠١٤ دەریخستووە کە ڕێژەی تەمەنی هاوسەرگیری کچانی پەنابەری سوری لە تورکیا لە نێوان ١٣ بۆ ٢٠ ساڵیدایەو، زۆر لە تاکەکانی سامپڵەکە دەڵێن «ئەگەر پارەیان هەبێت، پەنا نابەنە بەر بەشوودانی کچەکانیان لەو تەمەنە بچووکەدا».[٦٢] هەروەها ، لەڕێگەی هاوسەرگیریە نافەرمیەکان، ژنان و کچانی پەنابەری سوری هەندێجار بوونەتە ژنی دووەم یان سێیەمی پیاوان (TR13; TR32; TR08; TR43; TR47; TR49; TR50; TR51). زانیاریدەرێکی دیکەی لێکۆڵینەوەش دوپاتیکردۆتەوە کە چەندژنهێنان لەدوای گەیشتنی پەنابەرانی سوری زیادیکردووە – کە ژنان یان کچانی سوری بوونەتە دووەم ژنی پیاوی تورك – بەتایبەتی لە ساڵانی سەرەتای شەڕدا، هەرچەندە ئێستا ڕوو لە کەمبوونەوەیە (TR08; TR21).

سەرەڕای ئەو ڕاستیەی کە ئامارە فەرمیەکان تۆماری زیادبونی هاوسەرگیری زوویان لە لوبنان نەکردووە (Hartlaub, 22 September 2014). تەواوی زانیاریدەرە دیدارکراوەکان کە لە وڵات لەم پرسەدا کاردەکەن دوپاتی زیادبوونێکی زۆری هاوسەرگیری زوو دەکەنەوە لەوەتەی دەستپێکردنی قەیرانی سوریا. هەروەها تێبینی فراوان بوونیان کردووە لەو ناوچە جوگرافیانەی کە ئەم دیاردەیان تێدا ڕوودەدات. لەراستیدا پێش قەیرانی سوریا هاوسەرگیری زوو لە ناوچە لادێیەکان چڕببوەوە لەوانەش دۆڵی بیقاع و ناوچەی عەککار (LB07)و کەمپەکانی پەنابەرانی فەلەستینی (LB18)و، زۆربەیجار کچەکانیش لوبنانی و فەلەستینی بوون لە لوبنانەوە. لەگەڵ نیشتەجێکردنی سوریەکان لە بەشی جیاجیای خاکی لوبنان، ئەم دیاردەیە فراوان بوو بۆ دەرەوەی ناوچە دیاریکراوەکانی عەککارو دۆڵی بیقاع بەتایبەتی لەو شوێنانە زۆرە کە چڕی سوریەکانی تێدا بەرزە.

کەفا، کە ڕێکخراوێکی ناحکومیە بەتایبەت لەسەر پرسەکانی هاوسەرگیری بەزۆرو زوو کاردەکات لە دۆڵی بیقاع، لەڕێگەی وتوێژ لەگەڵ دایکەکانی بوکانی منداڵ تێبینی کردووە کە ئەوان لە سوریا وا زوو کچەکانیان بەشوو نادەن، بەڵام پێویستی ئابووری ناچاری کردوون لە لوبنان ئەمە بکەن. زۆر لە دایکانی بوکانی منداڵ خۆشیان لە سوریا بوکی منداڵ بوون و، ڕەخنە لەم پراکتیسە دەگرن، بەڵام دانیان بەوەداناوە کە بۆ کچەکانیان هیچ بەربژارێکی دیکەیان

٦٢ پلاتفۆرمی کچەکان نەك بووکەکان. بەردەستە لە : www.girlsnotbrides.org/child-marriage/turkey، بینراوە لە ٢٠١٥/٠٨/٢٨

لەبەردەمدا نیە (LB25). ئەو لێکۆڵینەوەیەی لەلایەن زانکۆی هارڤارد ئەنجامدراوە گەیشتۆتە هەمان دەرەنجام، کە کۆمەڵگەکانی پەنابەران دەریانخستووە لەکاتێکدا هاوسەرگیری زوو لە ناوچە لادێیەکانی سوریا باوە، لە لوبنان تەنانەت زووتر لەوەی کۆمەڵگەکانی خۆیان هاوسەرگیری ئەنجامدەدرێت و ڕێژەی هاوسەرگیری لەنێوان دانیشتوانی سوری لە لوبنان بەرزترە لە ڕێژەی هاوسەرگیری لەنێو تێکڕای دانیشتوان لە سوریا (Harvard School of Public Health, 2014). وا باوە کە کچێکی سوری شووی بە پیاوێکی سوری کردبێت لەناو هەمان کۆمەڵگە (LB25). لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە هۆکارە ئابوریەکان پاڵ بە خێزانەکانەوە بنێن کچەکانیان بەشوو بدەنە دەرەوەی کۆمەڵگاکەیان، هەروەها ڕەنگە واهەست بکەن کە پیاوی لوبنانی بتوانێ باشتر کچەکە بپارێزێ لەو سوریەی کە هێشتا خۆی لەژێر مەینەتی ئاوارەبووندایە (LB08).

هەروەها بەڵگە هەن وا دەردەخەن کە شەڕی سوریاو ئاوارەبوونی پەنابەران بۆتە هۆی زیادبوونی فشارەکانی ئێستا لەسەر کچان سەبارەت بە هاوسەرگیری زوو لە ئوردن (UNICEF, 2014).بەپێی ئەو داتایانەی UNICEF لە ئوردن کۆیکردبوونەوە (٢٠١٤)، هاوسەرگیری زووی کچانی سوری، بە بەراورد لەگەڵ هاوسەرگیری زووی کچانی ئوردنی و کچانی فەلەستینی لە ئوردن، ڕوو لە بەرزبوونەوەیە. لەهەمان قۆناغدا داتاکانی UNICEF دەریدەخەن کە زیادبونێکی بەرچاو لە پشکی کچانی خوار تەمەن ١٨ ساڵیدا هەیە لەنێو بوکانی سوری، لە ١٢٪ لە ٢٠١١، بۆ ١٨٪ لە ٢٠١٢، کە بەرزبۆتەوە بۆ ٢٥٪ لە ٢٠١٣و ٣٢٪ لە چارەکی یەکەمی ٢٠١٤ (UNICEF, 2014).

پسپۆڕێکی دیدارکراوی پاراستنی منداڵ لە UNICEF بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ئوردن جەختی کردۆتەوە کە پێڤاژۆی یاسایی سەبارەت بە هاوسەرگیری و تۆمارەکانی لەدایکبوون بوارێکی بۆ ئەگەری ئیستغلال کردن و بەدڕەفتاری بەرامبەر مافەکانی پەنابەران هێناوەتە کایەوە (JO22). UNHCR ڕووبەڕووی تەنگژە بۆتەوە لەکاتی داکۆکی لە تۆمارکردنی هاوسەرگیری زوو، بەڵام لەبەرئەوەی هەندێك لەم هاوسەرگیریانە منداڵبوونی تازەیان لێدەکەوێتەوە لە هەندێ حاڵەتدا دۆکیومێنت کردنی هاوسەرگیری زوو بە باشترین بەربژار دادەنرێت بۆ دوورکەوتنەوە لە باری لاوازی منداڵەکانی ئەو هاوسەرانە، کە ئەگەر وانەبوایە لە پێڤاژۆی یاسایی ئوردنی بەبێ باری یاسایی دەمانەوە (JO17).

هەروەها لە عیراق، تێڕوانینێك هەیە کە هاوسەرگیری زوو کچانی سوریا لە بارودۆخە ئەستەمەکانی ژیان دەپارێزێت (IQ05). لە شوباتی ٢٠١٤، پەرلەمانی عیراقی هەوڵی پەسندکردنی «یاسای جەعفەری»دا، کە ڕێی بە هاوسەرگیری تەمەنی هەشت ساڵی دەدا. ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و نیشتمانیەکان ئەم یاسا پێشنیازکراوەیان بە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی منداڵ داناو پەسەند نەکرا (IQ05). لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە ئاماژەیە بۆ بەرزی ئاستی چاوپۆشین لە هاوسەرگیری بەزۆری کچانی زۆر بچوك.

## ٦.٤ جیاکاری لەسەر بنچینەی جێندەرو توندوتیژی

جیاکاری لەسەر بنچینەی جێندەرو، توندوتیژی بەپێی جێندەرو سێکس (SGBV)، پرسێکی جێبایەخە بۆ ژنان و کچانی پەنابەری سوری لە هەموو وڵاتانی ژێر توێژینەوەی خانەخوێدا، هەروەها لە خودی سوریاش. ئەمە لەو کەیسانەدا بەهۆی بە **خۆ لێ بێدەنگ کردن لە داواکردنی یارمەتی لە دەسەڵاتەکان زیاددەبێت**. هەروەها لە سوریا، هەر کاتێ ژن یان کچ لە لەشفرۆشیەوە تێوەگلا بە تایبەتی، ئەستەمە بتوانێ جێبێڵێ چونکە لە کۆمەڵگەی لۆکەڵی خۆیاندا ناتوانن کارو دەرفەتی داهات پەیداکردنی بەدیل بدۆزنەوە، بە تایبەتی ئەگەر خەڵك لە تێوەگلانیان لە لەشفرۆشی ئاگاداربن (SY02).

لە رومانڵێك كە لە توركیا ئەنجامدرا، زۆربەی بەرسڤكاران نەیاندەویست بە كراوەیی گفتوگۆی ئەم پرسە بكەن (Mazlumder, 2014). لە راستیدا، ئەو دیداركراوانەی لە لێكۆڵینەوە بۆ ئەو توێژینەوەیە بەشداربوون دوودڵی دیكەیان راگەیاند بە ئاماژە بە ئیستغلال كردنی سێكسی ژنان و كچانی پەنابەری سوری (TR02).

رەوشەكەش لە لوبنان هاوشێوەیە، لەوێ كە رێكخراوێكی ناحكومی پەناگەیەك بۆ قوربانیانی SGBV تێبینیكردووە كە ژنان بەردەوام داوای یارمەتیان لێدەكەن لەبەر توندوتیژی جەستەیی و، ئەمەش تەنیا دوای بەسەربردنی چەند مانگێك لە پەناگەكە كە هەندێكیان رەنگە دەستدرێژی سێكسیشیان راگەیاندبێت (LB29). بۆیەهیە ئەمە پەیوەستبێت بەو راستیەی كە ئەنجامدەران زۆربەیجار لە ئەندامانی خێزانەكە بن و، رێكخراوێكی ناحكومی دیكە زۆر بە زەحمەتی داناوە بۆ ژنان و كچان كە گفتوگۆی ئەندامانی خێزان بكەن وەكو ئەگەری «مەترسی» بۆ سەریان (LB37).

زانیاریدەرێكی لێكۆڵینەوە لە عیراقیش وا دادەنێ كەوا كەیسەكانی SGBV بەشێوەیەكی گشتی رانەگەیەندراون بەگشتی لەبەر بەربەستە كۆمەڵایەتیەكان و لاوازی ژنانی بەر كاریگەری (IQ12). سەرەڕای ئەوەش، لە عیراق، ئەو ژنانەی كێشەی هەراسانكردنی سێكسی و لاقەكردنیان هەیە ئەو تاوانانە راناگەیەنن بە دەسەڵات یان رێكخراوەكان چونكە دەترسن لە كوشتنی لەسەر شەرەف لەلایەن خودی خێزانەكانی خۆیانەوە. دەركەوتووە دوای مردن بە هۆكاری سروشتی، كوشتن لەسەر شەرەف یەكێكە لە هۆكارە سەرەكیەكانی مردنی ژنان لە كوردستانی عیراق (Dosky, 17 March 2013).

سەرەڕای ئەو خۆگرتنە لە قسەكردن، **توندوتیژی لەسەر بنچینەی سێكس و جێندەر لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەلەلایەن** زۆر لە دیداركراوان بۆ ئەم توێژینەوەیە وەكو هۆكاری زیادبوونی لاوازی كچان و ژنان دانراوە بەرامبەر بە بازرگانی پێوەكردن (SY12). گروپێكی دیداریكراوی پێكهاتوو لە حەوت ژنی سوری، كە پێكهاتبوو لە دەرچووان و قوتابیانی زانكۆ، لە سوریا دیل كران و بەدرەفتاری سێكسیان لەگەڵ كرا یان لاقەكران لەلایەن سەربازانی رژێمەوە. لە راستیدا، **لاوازی سەرباری ژنان و كچان كە لاقەكراون یان بەدرەفتاری سێكسیان لەگەڵ كراوە بەر لەوەی سوریا جێبێڵن** دەبێ ئاماژەی بۆ بكرێت. لەگەڵ گەیشتنیان بە توركیا، ژنان و كچان پێشنیازی سێكسی پیاوانیان لە توركیا راپۆرتكردووە، كە وایلێكردوون هەست بە نائارامی و دابڕان بكەن (TR23). هەروەها زۆرجار توندوتیژی ناوماڵ بینراوە لە ناو پەنابەرانی ناوەوەو دەرەوەی كەمپ لە توركیا (AFAD, 2014: 26).

لەگەڵ ئاماژەیەكی تایبەت بە پەنابەرە مێینەكانی دەرەوەی كەمپ لە توركیا، ئەو ژنانەی شیاویی پیشەیی یان ئەزمون و ئاستی خوێندەواریان دیاریكراوە رەنگە زیاتر دووچاری مامەڵەی خراپ ببنەوە لەو كاتەی تووشی ئاستەنگی دارایی دێن، لەبەرئەوەی كۆچ و ململانێ مەترسیەكانیان زیادكردووەو باری لاوازی ئەو ژنانەیان زیاتر كردووە. راپۆرتێكی ئەمدواییەی AFAD پێشكەشكردنی پشتگیری دارایی بۆ پەنابەرە مێینەكانی دەرەوەی كەمپ رادەسپێرێ و هانی بەشداری مێینە پەنابەرەكانی ناو كەمپ دەدات بۆ چوون بۆ خولەكانی مەشقی پیشەیی بەردەست لە بارەگای كەمپەكاندا (AFAD, 2014).

دیداركراوێك لە لوبنان سەبارەت بە كەیسە پەیوەستەكان بە SGBVكە لە نێو فاكتەرەكانی تردا لە ئەنجامی كێشەی دارایی سەخت دروستبووە (LB29)، كە ئەمە رەوشێكە زۆرجار دووبارە دەبێتەوە لەنێو پەنابەرانی سوری لە كۆمەڵگە خانەخوێكاندا، هەروەك لە بەشی ٤،١ خراوەتە روو. شوێنی مانەوەی نەشیاو و زۆر قەرەباڵغیش ژنان و كچان دەخەنە بەر هەراسانكردنی سێكسی (LB08). فاكتەرێكی دیكەی كاریگەر بەسەر SGBV لە ئاوارەبووندا بریتیە لە نەخۆشی عەقڵی كە تووشی شەڕكەرانی پێشوو دێت و، بۆیەهیە لە هەندێ كەیسدا توندوتیژی ناوماڵی لێبكەوێتەوە (LB10).

نەبوونی نێرینەی پێگەیشتوو لە خێزان یا لە خزماندا لاوازی ژنانی سوری لە ئوردن زیاد دەکات. بەتایبەتی لەو خانەوادانەی کە مێینەیەك سەرۆکایەتیان دەکات، چونکە ئەوان ناتوانن کارێك لە کۆمەڵگەی خانەخوێدا بدۆزنەوە لەبەر نۆرمی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە کارکردنی ژنان. نزیکەی سێیەکی سەرجەم خێزانە پەنابەرە سوریەکان لە ئوردن لەلایەن مێینانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن و زۆربەشیان خێزانی گەورەن، بە تێکڕای پێنج منداڵ بۆ هەر خانەوادەیەك (UNICEF & Save the Children, 2015).

٦٨٪ ژنانی پەنابەری سوری کە لەلایەن UN Womenەوە رووماڵکراون لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا وا راپۆرتکراوە کە یەکێك دەناسن بەدڕەفتاری بەرامبەر کرابێت، لەکاتێکدا ٨٢٪یان لە ترسێکی رۆژانە دەژین لە ئاستت بەدڕەفتاری و توندوتیژیدا، لەبەر ئەوەش، ٣٥٪یان راپۆرتکراون کە رێگە نادرێ بە بێیاوەر ماڵ بەجێبێڵن. پەنابەرانی سوری دەربازبوو لە SGBV دەتوانن هەناردەی ئەو پەناگانە بکرێن کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوە دەبرێن. لەگەڵ ئەوەشدا، تەنیا دەتوانن دوای یەکەم راپۆرتکردنی کەیسەکانیان بۆ پۆلیس بگەنە پەناگە (UN Women, 2014).

رێکخراوی ناحکومی لۆکاڵ سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ (DHRD) لە هەرێمی کوردستانی عیراق رایگەیاندووە کە لە سەرەتای دەستپێکی قەیرانی سوریا مامەڵەیان لەگەڵ تێکڕای ٢٢ کەیسی لاقەکردن کردووە، سەرەڕای ئەوەش، مامەڵەیان لەگەڵ ٢٨ کەیسی هەراسانکردنی سێکسیدا کردووە (IQ04). کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانیش کە بۆ ئەم توێژینەوەیە دیداریان لەگەڵکراوە، ٢٨ کەیسی ئەو خێزانانەیان دەستنیشانکردووە کە توشی توندوتیژی هاتوون، کە ٢٠یان سەبارەت بەو کچانەیە کە تووشی هەراسانکردنی سێکسی هاتوون. هەروەها زۆر کەیسی دیکە هەبوون کە مێردەکان دەستدرێژیان کردۆتە سەر ژنەکانیان لەڕێگەی دەستدرێژی هاوسەرێتی و ئازاردانی جەستەیی (IQ12). هەروەها کێشەی دیکە دەستنیشانکراون لەبارەی مامەڵەکردنی پەنابەرانی سوری لەلایەن کۆمەڵگەی ناوخۆ، بەتایبەتی بۆ ژنانی سوری کە هەراسانکردن و بەدڕەفتاری زارەکیان راپۆرتکردووە (UN Women, 2014).

سەرەڕای برگە دەستووریەکانی پەیوەست بە نەهێشتنی جیاکاری، یەکێ لە دیدارکراوان لە تورکیا رایگەیاندووە **کەژنان و پیاوانی هاوڕەگەزباز یان رەگەزگۆڕیەوە پەنابەرە سوریەکان لە رەوشێکی لاوازدان**، لەبەر نەبوونی چوارچێوەیەکی یاسایی گشتگیر بۆ نەهێشتنی جیاکاری و زامنکردنی مافەکانی هاوڕەگەزبازانLGBT لە تورکیا. رێکخراوە دیدارکراوەکە یارمەتی پێشکەش بە چەند پەنابەرێکی هاوڕەگەزباز کردووە و پەیوەندی بۆ دروستکردوون لەگەڵ کۆمەڵگە ناوخۆکانی هاوڕەگەزبازان (TR32). هەروەها لە لوبنان، زانیاریدەرێکی لێکۆڵینەوە وایداناوە کە خەڵکانی سەر بە کۆمەڵگەی هاوڕەگەزبازان و ئەو کەسانەی رەگەزی خۆیان گۆڕیوە، دەکەونە بەر دورخستنەوەو وەدەرنانی کۆمەڵایەتی، ئەمەش دۆزینەوەی کارو بەکرێگرتنیماڵیان لەپێش زەحمەت دەکات، کە بۆیەهیە ناچاریان بکات تووشی لەشفرۆشی ببن (LB29). هەروەها بۆیەهیە لەلایەن خێزانەکانی خۆیان دەربکرێن و بکەونە بەردەم کەڵەگاکانەوە (LB17).

لە لوبنان و عیراق، **کەسانی کەم عەقڵیش بە خەڵکی لاواز بەرامبەر بەدڕەفتاری سێکسی دەژمێردرێن ، چ نێر بن چ مێ، چونکە زۆربەی کات ناتوانن قسە لەبارەی بەدڕەفتارەیەکەوە بکەن.** پەنابەرانی کەمئەندامی سوری جێی تێشکۆی بەرنامەکانی یارمەتیدان نەبوون تا ساڵی ٢٠١٥، کە ئەوانی خستە چوارچێوەی رەوشێکی کۆمەڵایەتی ئابوری خراپتر لە هەموو سوریەکانی دیکە (LB41; IQ05; IQ06).

## ٧.٤ بەرسڤی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن

هەروەك لە بەندی پێشوو باسكرا، چەند كەیسێكی كەمی بازرگانی پێوەكردنی ئاوارەكانی ناوخۆو پەنابەرانی سوریا لەلایەن دەسەڵاتە تایبەتمەندەكان لە هەر پێنج وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا دەستنیشانكراوە. بەتایبەتی لە بواری **دەستنیشانكردنی كەسانی بازرگانی پێكراو**، میكانیزمی پێویستی هەناردەكردن لە ئاستی نیشتمانیدا هێشتا لەژێر پەرەپێداندایە. سەرەڕای ئەوەش، زۆر لە پەنابەرانی سوری دوودڵن لە سكاڵاكردن لەو تاوانانەی دووچاریبوون، وەكو بازرگانی پێوەكردن، بۆ لای پۆلیس، لەبەر هۆكاری كۆمەڵایەتی و كلتووری. ئەو دوودڵیە پەیوەستە بەو راستیەی كە زۆربەی شێوەكانی بازرگانی پێوەكردن، **ئەو قوربانیەی سكاڵا لای دەسەڵاتەكان دەكا ڕەنگە لەرووی تاوانكاریەوە بەرپرس بێت، لەجیاتی ئەوەی وەكو كەسێكی بازرگانیپێكراو پارێزگاری لێبكرێت**. هەروەك بۆیەهیە خۆیان تووشی ریكاری سزایی بكەن لەبەر كاركردن بەبێ رێپێدانی دروست، هەروەك لە بەشی ٤,٢ لە سەرەوە باسكرا ئەمەش رەوشێكی بەربڵاوە. هەروەكو Nasri & Harroff-Tavel (٢٠١٣) دووپاتیدەكەنەوە، یاساو رێكارەكانی ئێستا لە سوریاو وڵاتانی دراوسێ تەنیا قەرەبوویەكی سنورداری كەسانی بازرگانیپێكراو دەكەنەوەو دەبێ زۆر شتی دیكە ئەنجام بدرێ بۆ دەستنیشانكردن و تاوانباركردنی بازرگانیكاران و دڵنیاكردنەوەی قوربانیان بۆ گەیشتن بە پاراستنی تەواو و یارمەتیدان.

لەلایەكی دیكەوە لە توركیا، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەڕێوەبردنی كۆچ رێكخراوێكی ناحكومی هاوبەش، وەرگێڕ و دەروونزانانی داناوە لە پرۆسەی دەستنیشانكردنی كەسانی بازرگانیپێكراو، كەبە هەنگاوێكی ئیجابی دادەنرێت بەرەو پاراستن (TR41; TR49). وا چاوەڕوان دەكرێ كە هەوڵەكانی نەهێشتنی بازرگانی پێوەكردن توانستێك وەربگرێ لە رێگەی رۆڵێكی چالاكتر لەلایەن رێكخراوەكانی سەنتەرو پارێزگاكانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەڕێوەبردنی كۆچ و پەسەندكردنی چاوەڕوانكراوی ئەوروپا لەسەر رێكەوتننامەی بازرگانی پێوەكردن، كە پەسەندكردنی پلانی كاری بەدوادادێت (TR47; TR49).

هەرچەندە لە لوبنان ستراتیجێكی پاراستنی نیشتمانی بۆ قوربانیان لە ئارادا نییە، سەرەڕای ئەو دەستپێشخەریانەی رێكخراوە ناحكومیەكان ئەنجامی دەدەن و، ئاستەنگە تایبەتیەكانی دۆزینەوەی پەناگە بۆ قوربانیان. لەگەڵ دەستنیشانكردنی قوربانی، دابینكردنی شوێن لە پەناگەیەكدا ئۆتۆماتیكی نیە، چونكە پەناگەكان پێوەری جیاوازیان هەیەو هەندێجار شوێنی بەتاڵیان نیە. ئەگەر شوێن لە پەناگەیەكدا نەبوو، قوربانیەكان بەدەستگیركراوی دەمێننەوە تا یەكلاكردنەوەی كەیسەكە (LB35; LB48). رێكخراوێكی ناحكومی لۆكاڵ لە عەككار داوای ژمارەیەكی زیاتری پەناگە لە ناوچەكەدا دەكات (LB36).

بەهەمانشێوە، دیداركراوێك لە یەكەی دژە سواڵكردنی ئوردنی روونیكردەوە كە سەرەڕای ئەوەی یاسای نەهێشتنی بازرگانی پێوەكردن بەركارە، سەپاندنی ئەو یاسایە هێشتا لاوازەو كەیسەكانی سواڵكردن بە تایبەتی بەشێوەیەكی گشتی بە كەیسی بازرگانی پێوەكردن دانانرێن. هەروەها گوتی كە تیمەكانی دژە سواڵكردن ئاستەنگیان لەبەردەمە لە جیاكردنەوەی كەیسە ساكارەكانی سواڵ و ئەو كەیسانەی سواڵكردن كە رەگەزەكانی بازرگانی پێوەكردنی مرۆڤیان تێدایە (JO20). سەرەڕای ئەوەش، پشكنەرانی كاری ئوردنی لایان ئەستەمە كە بگەنە كێڵگە گەورەكان بۆ چاودێری ئیستغلال كردن لە كاركردن، لەبەر سیاسەتی ئاڵۆزی جیاكەرەوەی كۆمەڵگەی لادێیی ئوردنی، كە پشت دەبەستێ بە پەیوەندیەكانی نێوان كۆمەڵگەو هۆز. ئەگەر خاوەنەكانی كێڵگە تایبەتیەكان سەر بە هۆزە گرنگەكان بن، پشكنەرانی كار دوودڵ دەبن لە پشكنینی كێڵگەكان بۆ ئیستغلال كردن لە كاركردن یان كاری منداڵان. وەزارەتی كار بەردەوامە لە هاندانی پشكنەران بۆ پشكنینی هەموو كێڵگەكان، بەڵام نەبونی توانای مرۆییش كارەكان ئاڵۆز دەكات (JO07).

هەروەها لە هەرێمی كوردستانی عیراق، لە راستدا كەرەستەی دەستنیشانكردن و چاودێری سیستەماتیك نیە بۆ كەیسەكانی بازرگانی پێوەكردنی مرۆڤ، شانبەشانی نەبوونی یاسای بازرگانی پێوەكردنی مرۆڤ لە حكومەتی

هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش خەڵکەکە ڕووبەڕووی لاوازی دەهێڵێتەوە. هەرچەندە عیراق لەساڵی ٢٠١٢ یاسای نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردنی تێپەڕاندووە، هەروەك لە پێشەکیدا خراوەتەروو، هێشتا هەرێمی کوردستانی عیراق ڕەزامەندی لەسەر دەرنەبڕیوە تا ساتەوەختی ئەم نووسینە. سەرەڕای ئەوەش، هێشتا عیراق بە گشتی کەمی توانای هەیە بۆ سەپاندنی یاسای نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن و، بەشێوەیەکی تایبەت پێویستی بە ڕاهێنان و وێرکشۆپ هەیە بۆ پێشکەشکردنی بە ئاستە جیاوازەکانی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و دادوەری بە مەبەستی دەستنیشانکردن، چاودێری و نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن (IQ12).

هەرچەندە مەحاڵە دەستنیشان بکرێت تا چ ئاستێك، **ڕەنگە زۆر لە کەیسەکانی بازرگانی پێوەکردن بە یاساکانی پێشێلکاری کار یان کۆچ، لەشفرۆشی یان سواڵکردن بەدواداچوونیان بۆ بکرێت**. لەم جۆرە کەیسانەدا، مەترسی زۆری ئەوە هەیە کە کەسی بازرگانی پێوەکراو وەك تاوانبار بەرپرس بکرێت بەرامبەر شتێك کە بۆ ئەنجامدانی ناچارکراون یان خەڵەتێنراون، پێشێلکاری پرەنسیپەکانی سزانەدانی یاسای نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن.[٦٣]

لەبەر ئەوەی لەشفرۆشی لە سوریا نایاساییە، ژنان و کچانی بازرگانی پێکراو بە مەبەستی ئیستغلال کردن لە لەشفرۆشیدا زۆربەیجار وەکو تاوانکار مامەڵەیان لەگەڵکراوەو کەوتونەتە بەر مەترسی دەستگیرکردن، گیراون و / یان دیپۆرت کراونەتەوە، لە کەیسی هاوڵاتیانی بێگانە، لەجیاتی پاراستن وەکو قوربانیانی بازرگانی پێوەکردن. دەستگیرکردن و هەڕەشەی دیپۆرتکردنەوە یان ناردنی منداڵانی بێیاوەر بۆ کەمپەکانی پەنابەران لەلایەن ئەفسەرەکانی پۆلیس لە هاتای، ئەدەنەو غازی عەنتاب لە تورکیا بەکاردێن بۆ ڕێگرتن لەو سوریانەی سواڵ دەکەن (TR17; Meeting TR24; TR29).

بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ناحکومی یارمەتی یاسایی ARRD لە ئوردن ڕوونیکردەوە کە ژنان و کچانی پەنابەری تیوەگلاو لە لەشفرۆشی عادەتەن لەلایەن دەسەڵاتە ئوردنیەکانەوە وەکو کەسانێکی تاوانکار دەستنیشاندەکرێن، نەك وەکو قوربانی گریمانکراوی بازرگانی پێوەکردن. لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا، هەرکاتێك یارمەتی یاسایی کەیسێکی پەنابەری ئیستغلالکراو لە لەشفرۆشی بێتە پێش، هەوڵ نادەن داکۆکی لە پەنابەرەکە بکەن بە پیادەکردنی ماددەی بازرگانی پێوەکردن، چونکە جێبەجێکردن و یاسای نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن هێشتا لەوپەڕی نزمیدایەو چانسێکی زۆری دۆڕاندنی کەیسەکەیان لەبەردەمە. لە جیاتی ناردنیان بۆ یەکەی یاسایی UNHCR، زامنکردنی پلەی بەرزی پاراستنی تۆمەتباران. ئەوەی بەڕێوەبەرەکە لێی ئاگادارە، هیچ حاڵەتێکی ئاماژە بۆکراوی بازرگانی پێوەکردن ڕەوانەی UNHCR نەکراوە کە هاتبێتە بەردەم دادگا وەکو کەیسی بازرگانی پێوەکردنی مرۆڤ (JO24).

هەروەکسوریاو ئوردن، ژنان و کچان لە لەشفرۆشی بە شێوەیەکی گشتی بەپێی برگەی لەشفرۆشی یاسای سزاکانی عیراقی بەدوداچوونیان بۆ کراوە، چونکە دادوەران و ئەفسەرانی پۆلیس ئاگادارنین لەوەی کە بۆیەهیە مامەڵە لەگەڵ کەسانی بازرگانیپێکراو بکەن (IQ17). دیدارکراوێکی دیکە لە عیراق ئاماژەیداوە کە کێشەکان لەبەر نەبوونی سیستەمی هەناردەکردن بۆ کەیسەکانی بازرگانی پێوەکردن، کە زۆربەیجار کەسێك بە نایاسایی کاردەکات و ڕووبەڕووی ئیستغلال کردن لە کار دەبێتەوەو غەرامە دەکرێت بە پێی یاسای ئیقامەی ژمارە ٢٨، لەجیاتی دەستنیشانکردنی ئەو کەسە وەکو قوربانیەکی ئیستغلال کردن. یاسای بازرگانی پێوەکردن پێشبینی ڕێپێدانی مانەوەی کاتی و یارمەتی دیکەی لێدەکرێت بۆ کەسانی بازرگانیپێکراو، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە پیادە ناکرێت (IQ16). بەپێی گفتوگۆکانی گروپی تیشکۆ لەگەڵ ژنانی پەنابەری سوری لە هەرێمی کوردستان، UN Women دەریخستووە کە ئەوانەی باسی ڕوودانی ئیستغلال کردنی سێکسیان کردووە نەیانویستووە وردەکاری زیاتر بدەن، وەك ئەوەی « ئەو خێزانانەیان دەناسی کە گازاندەیان لە پرسی دیکە هەبووەو دیپۆرتی سوریا کراونەتەوە» (UN Women, 2014: 6-7).

٦٣ بڕوانە، بۆ نمونە: ئۆفیسی ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری بۆ نوێنەرایەتی و هەماهەنگی تایبەت بە بازرگانی کردن بە مرۆڤ (٢٠١٣). سیاسەت و یاسا ڕاسپێردراوەکان بەرەو جێبەجێکردنی کارای بڕگەکانی سزانەدان سەبارەت بە قوربانیانی بازرگانی پێوەکردن. ڤیەننا: OSCE. SEC.GAL/73/13.

## ٨.٤ نەبوونی بەدیلی کۆچ

ڕێگە یاساییە توندەکانی هاتنە ناوەوەی یەکێتی ئەوروپا بریتیە لە فاکتەرێك بۆ زیاترکردنی لاوازی پەنابەرانی سوری بەرامبەر بە بازرگانی پێوەکردن، هەروەك لاوازیان لە ئاست پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ زیاد دەکات کە قاچاخچیانی کۆچ ئەنجامی دەدەن و، مەترسی دیکەش لە ڕێگەکانی دەرەوەی ناوچەکە. لەلایەن دیدارکراوێکەوە تیشکی خراوەتەسەر کە «لەجیاتی پێدانی مافی پەنابەری و مانەوە ، ئەوان پێوەری توندتر پیادەدەکەن بۆ پاراستنی سنورەکانیان» (TR38). لەبەرئەوەی پەنابەرانی سوری مافی ئەوەیان هەیە دانیان پیا بنرێت بەپێی ڕێکەوتننامەی یەکێتی ئەوروپا، بەڵام بە ڕێگەی ئاسایی سەفەری یەکێتی ئەوروپا ناکەن، **ئەوان پشت بە قاچاخچیانی کۆچ دەبەستن بۆ ئاسانکردنی گەشتەکە**.

هەندێ پەنابەرانی سوری لە تورکیا، بەتایبەتی ئەو سوریانەی خاوەن پسپۆری باڵان و ناتوانن لەوێ لە بواری خۆیاندا کاربکەن، بڕیاردەدەن بۆ پەناخوازی بەرەو ئەوروپا سەفەر بکەن (TR38; TR50)، مەترسی هەڕەشەکردن لە ژیان بگرنە بەر بۆ سەفەر. دیدارکراوێك وا دادەنێ کە بازرگانیکارەکان بەشێکن لە پرۆسەی بە قاچاخبردن، چونکە بۆیەهەیە ئەو خەڵکەی دەبرێنە ئەوروپا بە مەبەستی ئیستغلال کردنی بازرگانی سێکسی بێت، یان شێوەی دیکەی بازرگانی پێوەکردن، لەژێر چەتری بەقاچاخبردنی کۆچبەران (TR38). نزیکەی ١٠٠٠ – ٢٠٠٠ دۆلار دەدەنە قاچاخچیەکان بۆ گەیشتن بە ئەوروپا لە ڕێگەی دەریا یان وشکانیەوە (Oruç, 5 August 2015).

لەوەتەی ئابی ٢٠١٥، دەسەڵاتەکانی تورکیا پێوەری تریان گرتۆتە بەر بۆ سنوردانان بۆ پەڕینەوە نایاساییەکان لە دەریای ئیجە. پارێزگای ئیزمیر، بۆ نمونە، بازگەی لە دەروازەی شار داناوە بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتی پەنابەرانی سوری کە پلانی جێهێشتنی تورکیایان هەیە بە ڕێگە نایاساییەکان و، بۆ ئەوەی بیاننێرنە کەمپەکان پێشئەوەی ئەو کارە ئەنجام بدەن (Yıldırım, 12 August 2015). پارێزگای مێرسینی کەناری باشور بەمدواییە بۆتە بنکەیەکی پەڕینەوەی نایاسایی سنور بۆ قاچاخچیەکانی دەریا (Meeting TR40; TR38).

بەپێی شیکردنەوەی ساڵانەی مەترسیەکانی فرۆنتێکس ٢٠١٥، کەشتی بارهەڵگر بە شێوەیەکی ڕوو لە زیاد بەکارهاتووە بۆ بە قاچاخبردنی خەڵك لە تورکیاوە بۆ ئیتالیا لەوەی ئەیلولی ٢٠١٤ەوە. هەروەها شیکردنەوەکە دوپاتی دەکاتەوە کە مێرسین بۆتە خاڵی سەرەکی گەشتی ئەو سوریانەی بۆ یەکێتی ئەوروپا کۆچ دەکەن:

> «کەشتی دار {...} لە خاڵی جیاجیاوە بەڕێکەوتوون بەدرێژایی کەنارەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا وەکو پارێزگاکانی مێرسین، ئەدەنەو هاتای بۆ گەیشتن بە کەشتیە بارهەڵگرەکان کە لە کەناردا چاوەڕێن {...} ئەمە واتا تۆڕە تاوانکاریەکان دەشێ دارایی بۆ چالاکی تاوانکاری دیکە دەستەبەر بکەن بە ئیستغلال کردن و خستنە بەر مەترسی گروپی لاوازان و خێزانە ئاوارەکان لە سوریاوە» (Frontex, 2015: 21).

هەروەها بۆیەهەیە لوبنانیش ببێتە وڵاتی ترانزیت بۆ هەوڵی سوریەکان بۆ گەیشتن بە ئەوروپا Sherlock & Malouf, 14 November 2013). وا باوە، ڕێگەی کۆچ لە لوبنانەوە بۆ ئەوروپا بە تورکیا ڕەت دەبێ بۆ هاوڵاتیانی سوری و بە ڕێگەی ئاسمانیش بۆ سودان، کە بە وشکانی بەرەو لیبیا دەچن بۆ فەلەستینیەکان لە سوریاوە، چونکە ئەستەمە ڤیزا لە تورکیا وەربگرن.

لاوازی ئاوارەکانی ناوخۆ لە عیراق، بەپێی یەکێك لە دیدارکراوانی لێکۆڵینەوە، دەکەوێتە بەر کاریگەری ئارەزووی ئەوان بۆ کۆچ بەرەو دەرەوەی ناوچەکە، بۆ نمونە، بە یەکێتی ئەوروپا، ئەمریکا یان کەنەدا. ئەمە ڕەنگە بەرەو

ئارەزووی کۆچی نایاسایی بچێت. تۆڕەکانی قاچاخ سود لە رەوشەکە وەردەگرن بە بەقاچاخبردنی خەڵکی عیراق بۆ دەرەوەی ناوچەکە بەرامبەر برە پارەیەکی زۆر، کە وەك دەڵێن بۆیهەیە بگاتە ٥-١٠٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی. زانیاریدەرێکی لێکۆڵینەوە رایگەیاندووە کە زۆر لەو عیراقیانە لەوێ لە وڵاتی مەبەستدا لەلایەن قاچاخچیەکان یان خاوەن کارەکان ئیستغلال دەکرێن (IQ12).

## ٩.٤ کاریگەری بەسەر کۆمەڵگا خانەخوێکاندا

وەك دیارە ئەگەری کەم هەیە بۆ گەیشتن بە چارەسەری ئاشتیانە بۆ ململانێ لە سوریا، پێناچێ پەنابەران بتوانن لە ئایندەیەکی نزیکدا بگەڕێنەوە. ئەمەش کاریگەری هەیە بەسەر کۆمەڵگە خانەخوێکاندا لە تورکیا، ئوردن و عیراق. **لوبنان بە شێوەیەکی تایبەت کەوتۆتە بەر کاریگەری**، لەبەر بەرزی رێژەی دانیشتوانی ئێستای کە لە سوریەکان و پەنابەرە فەلەستینیەکانی سوریا پێك دێت، سەرەڕای ئەوەی هەندێ ناوچەی دیاریکراو لە باشورو باشوری رۆژهەڵاتی تورکیاو هەرێمی کوردستانی عیراق، هەروەها باکوری ئوردن، ژمارەیەکی زۆری سوریەکانیان لەخۆگرتووە لە چاو دانیشتوانی خۆیان. **ئەمەش کاریگەری هەیە بەسەر بازاڕەکانی کاری ناوخۆ، نرخی کاڵا بەکارهاتووەکان و، پرسە سیاسی و ئەمنیەکان و، پارەتیەکان**، کە بۆیهەیە کاریگەری هەبێت بەسەر لاوازی دانیشتوان لە تورکیا، لوبنان، ئوردن و عیراقی و، پەنابەران و کۆچبەرانی دیکە، لە بەرامبەر بە بازرگانیکردن بە کەسەکان. بەپێی وتارێك کە لە Forced Migration Review (٢٠١٤: ١٩) بڵاوکراوەتەوە، کۆمەڵگە خانەخوێکانی پەنابەرانی سوری لە وڵاتانی دراوسێدا ئەگەری سودوەرگرتنیان هەیە لە هەبوونی کۆمەڵگە سوریەکان و، بۆیهەیە لە ئەنجامدا رووبەڕووی هەندێ خاڵی لاوازی ببنەوە .

بە تێڕوانینی رێژەکانی **گەشەی دانیشتوان** لەناو سوریەکان لەوەتەی گەیشتنیان بە تورکیا کە لە رێژەی گەشەی تێکڕای دانیشتوانی تورکیا بەرزتر بووە، بازاڕەکانی کارو تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتیەکانی شارو شارۆچکە خانەخوێکان بەشێوەیەکی بەرچاو کەوتۆتە بەر کاریگەری. کیلیس بۆ نمونە، لە ٢٠١٣ زیادبوونی دانیشتوانی بە رێژەی ٣٠٪ بەخۆوە بینیوە، لەکاتێکدا شارە قەرەباڵغترەکانی وەکو غازی عەنتاب و شانلیئورفا رێژەی زیادبوونیان گەیشتۆتە ٦٪ (AFAD, 2013). لەوەش زیاتر، گوشارێکی زیاتر کەوتۆتە سەر دەزگاکانی چاودێری تەندروستی بەردەست لە کۆمەڵگە خانەخوێکان لە باشوری تورکیا کە بۆتە هۆی باری زیاتری نەخۆش بە رێژەی ٣٠-٤٠ لە سەد (UNCHR, 2014b).

کۆمەڵگە ناوخۆکان لە لوبنانیش **بەرزبوونەوەی نرخی خۆراکی** راپۆرت کردووە، لەبەر بەرزبوونەوەی ئاستی داواکاری و دارمانی ئابوری ناوخۆ بەهۆی کاڵای بەقاچاخ هێنراو لە سوریاوە. زیادبوونی داخوازی لەسەر خانوو بۆتە هۆی زیادبوونی کرێکان (World Vision, 2013). گروپەکانی تیشکوو ئەو دیدارانەی لەلایەن World Vision (٢٠١٣) ئەنجامدران لەنێوان کۆمەڵگە لۆکەڵەکانی خانەخوێی پەنابەرانی سوری دەریخستووە کە کاتێك ژنان و کچانی لوبنانی سۆز پیشاندەدەن بەرامبەر ئەو سوریانەی دەکەونە بەر بەدڕەفتاری و هاوسەرگیری زوو لەبەر رەوشی لاوازیان، بایەخیش دەدەن بە «داڕوخانی ئەخلاقی» نێو کۆمەڵگە خانەخوێکان، کە لە رێگەی بوونی ژمارەیەکی زۆری پەنابەرانی لاواز پاڵنراوە.

**کرێکاری هەرزان** بۆتە پرسی پەشێوی لەو شوێنانەی ژمارەی دانیشتوانی سوریایان تیا چڕبۆتەوە لە تورکیا، وەکو ئاکچەکەڵا، ڤیرانشەهر و ناوەندی ئورفا، چونکە چاوەڕوان دەکرێ ببێتە هۆی ئەوەی خەڵکی تورك کەمتریان پێ بدرێت، کارەکانیان لەدەست بدەن و نەتوانن کار بدۆزنەوە (TR08; TR22). راپۆرتێك لەبارەی پەنابەرانی سوریا

لەلایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی ORSAM دووپاتی ئەگەری دابەزینی بەرچاوی کرێ دەکاتەوە، بە تایبەتی لە کەرتی نافەرمیدا، لەبەر بەرچاوخستنی دەستی کار لەوەتەی گەیشتنی پەنابەرانی سوری (Öztürkler & Göksel, 2015).

هەروەکو رەوشی تورکیا، پەنابەرانی سوری لە هەندێ لە هەژارترین ناوچەکانی لوبنان کۆبوونەتەوە. زێدە پڕبوونی لە هیکرای بازاڕی کار کرێکانی بۆ لوبنانی یان سوریەکانیش دابەزاندووە. خزمەتگوزاریەکانی فێرکردن و پەروەردە کە پێشتر تەواو نەبوون ئێستا زیاتر راکشاون. بەپێی Loveless، پەشێوی نێوان پەنابەران و کۆمەڵگە خانەخوێکان روو لە زیادیە چونکە، لەنێوانی شتەکانی دیکەدا، **زۆر لە لوبنانیەکان پێیانوایە کە هەموو یارمەتیەك بۆ سوریەکان دابینکراوە** (Loveless, 2014). راپۆرتێك کە لەلایەن World Vision (٢٠١٣) بڵاوکراوەتەوە ئەوە بەرجەستە دەکات کە، بەپێی ئەندامانی کۆمەڵگە، سوریەکان باج نادەن و، پسوولەی خۆراك و پشتگیری نیشتەجێبوونیان پێدەدرێت، بۆیە ئەوان دەتوانن بە کرێی کەمتر کاربکەن لە لوبنانیەکان. ژمارەیەك دیدارکراو دووپاتیان کردۆتەوە ئەگەری ئیستغلال کردنی خاوەنکاران بۆ سوریەکان لەگەڵ ئەگەری دەربازبوونیان لە سزا دۆزینەوەی کاری بۆ لوبنانیەکان زەحمەتترکردووە بەهۆی پێشبرکێی سوریەکان، ئەوش رێژەی بێکاری لەناو لوبنانیەکاندا زیاد کردووە، لەگەڵئەوەشدا. رێژەی فەرمی بێکاری لە واقیعدا تەنیا لە ٦,٢٪ لە ٢٠١٢ بەرزبۆتەوە بۆ ٦,٥٪ لە ٢٠١٣.[٦٤]

دەستکەوتنی کار لەناوچە خانەخوێکانی پەنابەران پێش قەیرانی پەنابەران زەحمەت بوو، ئێستا هەبوونی دەستی کاری هەرزان گەران بەدوای کاری زەحمەتتریش کردووە (Loveless, 2014). لەناوچەکانی وەکو عەککارو تەرابلوس، کە پێشتر بەر لە قەیرانی سوریا هەژاربوون (LB36) و لەوساتەوە پێشوازیان لە ژمارەیەکی زۆری پەنابەران کردووە، کێبڕکێی کار لەگەڵ سوریەکان بۆتە کێشە و، ترسی ئەوەی هەیە کارپێکردنی منداڵانی لوبنانی لە ئەنجامدا روو لە زیادی بکات. لەگەڵ ئەوەشدا کەموکوڕی هەیە لە ئاماری بەڵگەیی سەبارەت بە کارکردن و بازاڕی کار بۆ پشتگیری ئەمە. سەرەڕای ئەوە کاریگەریەکان بەسەر کۆمەڵگە خانەخوێکاندا، هەرچەندە Thibos (٢٠١٤) جەختی کردۆتەوە کە کرێکارانی لوبنانی لە بیقاع هێشتا دوو هێندەی داهاتی سوریە هاوکارەکانیان وەردەگرن، سەرەڕای ئەوەی کە موچەکان لەژێر نزمترین ئاستی کرێدان. سەرەڕای ئەوەی کە دیدارکراوان بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە لەهەندێك کەیسی بازرگانی پێوەکردنی خەڵکی لوبنانی نزیککەوتوونەتەوە کە بەهۆی داروخانی باری ئابوریانەوە روویداوە، دەبێ لاوازی ئەوان بایەخەکان بەرزبکاتەوە لەئاست کەیسەکانی بازرگانی پێوەکردن لە ئایندەدا.

دیدارکراوێك لە ئەدەنەی تورکیا رایدەگەیەنێ، سوریەکان لەوێ نەبوونەتە مایەی بێزاری چونکە ئەوێ پارێزگایەکە زۆر کەوتوتە بەر جوڵەی کۆچی ناوخۆ، بۆیە ئەوان بە ئاسانی لەگەڵ کۆمەڵگاکە تێکەڵ بوون (TR07). لەهەمانکاتدا، پێدەچێ گەیشتنی سوریەکان **پرسی تایفەگەری** وروژاندبێ لەنێوان هەندێ کۆمەڵگەی خانەخوێی دیکە، هەروەك لە پارێزگای هاتای، کە زیاتر لە سێیەکی دانیشتووانی لۆکاڵ سەر بە تایفەی عەرەبی عەلەوین (Memişoğlu & Ilgıt, 2015). لە ئابی ٢٠١٤، رووداوی توندوتیژی و پڕۆتستۆ بەرامبەر پەنابەرانی سوریا لە غازی عەنتاب راپۆرتکرا، ئەمەش بەدوای کوشتنی خاوەن زەویەکی تورك لەلایەن کرێگرتە پەنابەرە سوریەکانیەوە.[٦٥] دوو زانیاریدەری لێکۆڵینەوە ئاماژەیان داوە بە هەندێ بانگەشەی دوای کوشتنەکە کە کرێگرتەکە بۆیە خاوەن زەویەکەی کوشتووە لەبەر پێشنیازی کاری نەشیاو بۆ ژن و کچی کرێگرتەکە (TR32; TR36).

بە تێڕوانین لە پەیوەندی سیاسی نێوان سوریاو لوبنان، قەیرانی سوریا بۆتە هۆی زیادبوونی دابەشبوونی تایفی کە پێشتر لە لوبناندا هەبوو. کێشەی سوننی/ عەرەبی بەتایبەتی لە باکور توندوتیژە، لەکاتێکدا پێکدادان لەنێوان گروپی سوننەو شیعەکانیش لە دۆڵی بیقاع روویداوە (Van Vliet & Hourani, 2012). لە تەموزی ٢٠١٣ بۆ نیسانی

٦٤ بڕوانە: www.tradingeconomics.com/lebanon/unemployment-rate، بینراوە لە ٢٠١٥/١١/١١

٦٥ بڕوانە: Kütahyalı (14.08.2015). 'Syrian refugees are under attack in Turkey', Al-Monitor. Available at: www.almonitor.com/pulse/tr/originals/2014/08/kutahyali-syrian-refugees-under-attack-turkey-gaziantep.html، بینراوە لە ٢٠١٥/٠٩/٠١.

٢٠١٤، لوبنان نزیکەی سێزدە تەقینەوەی ئۆتۆمبێل یا خۆتەقاندنەوەی بەخۆوە بینی (Thibos, 2014)، خراپترین توندوتیژیش لەوەتەی کۆتاییهاتنی شەڕی ناوخۆ لە تشرینی دووەمی ٢٠١٥ روویدا کە ئۆتۆمبێلێك داعش خۆی بە خاوەنی دادەنا تەقیەوەو زیاتر لە ٤٠ کەسی لە بەیروت کوشت. بەتایبەتی لەناوچە کەنارەکانی عەککار، کە دانیشتوانی سوننەو عەلەوی پێکەوە تێدا دەژین، راپۆرت هەبووە لەبارەی حاڵەتی رفاندنەوە، لە هەندێ کەیس بەهۆکاری سیاسی. لەسایەی پەیوەندیەکانی خاڵەکانی پەڕینەوە لە سنور، بۆیەیە تا راددەیەك بۆ میلیشیاکانی خاوەن پەیوەندی بەهێز بە رژێمی ئەسەدەوە تا لە سنور بپەڕنەوەو خەڵکی رفێنراو بە قاچاغ ببەنە ناو سوریا (LB39).

لەپاڵ پەشێویە تایفیەکان کە بەهۆی قەیرانی سوریاوە پەرەدەسێنێ، پەشێویەکان لەنێوان کۆمەڵگەکانی لوبنان و سوریاش بەهۆی سیاسی و ئابوریەوە گەشە دەکەن. راپۆرتەکانی هیومەن رایتس وۆچ دەریدەخەن کە زیادبوون لە توندوتیژی لەلایەن هاوڵاتیە لوبنانیە تایبەتەکان روویداوە لەدوای تێکگیرانەکانی لە شاری عەرسال لە دۆڵی بیقاع روویدا لە ئابی ٢٠١٤، دوای ئەوەی چەند سەربازێکی لوبنانی لەسێدارەدران لەلایەن میلیشیاکانی بەرەی نوسرەوە (Human Rights Watch, 2014b). ترسێکی گشتی هەیە لەنێو پەنابەرەکان کە بیروڕای سیاسی خۆیان لە باشور دەرببڕن، کە حیزبوڵڵا، دەسەڵاتە لوبنایەکان و گروپەکانی دیکە بە تەواوی کۆنترۆڵی پەنابەرانی کردووە (LB19).

لەگەڵئەوەشدا، دیدارکراوێك تێبینی کردووە کە رەوشەکە باشتر بووە لەوەتەی حکومەتی لوبنانی یەکەم پلانی بەرسڤی قەیرانی دارشتووە، کە دانیشتوانی لوبنان هەستیان کردووە کەمتر لەلایەن حکومەتەوە «لەبیرکراون»و، **بەتایبەتیش گۆڕانی ستراتیجی یارمەتیدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرنگ بوو، کە دەستیان کرد بە تیشکۆ خستنەسەر خەڵکی لوبنانی لاوازیش لە بەرنامەکانی خۆیاندا** (LB42). لەگەڵئەوەشدا OCHAو REACH وای دەخەمڵێنن کە لەنێوان ١٧٠٠٠٠و ٢٠٠٠٠٠ خێزانی لوبنانی کەوتوونەتە ژێر هێڵی هەژاری لە کۆتایی ٢٠١٤ لە ئەنجامی هەڵرژانی پەنابەرانی سوریەوە (OCHA & REACH, 2014).

# ٥ كاریگەری سەر بازرگانی پێوە كردنی مرۆڤ لە سوریا، توركیا، لوبنان، ئوردن و عیراق

هەروەك لە بەندی پێشوو شیكراوە، كاریگەریەكانی شەڕو قەیرانی پەنابەران، كە خەڵكی خستە بەر كاریگەری ڕەوشی ڕوو لە زیادەی لاوازی بۆ بازرگانیكردن بە كەسەكان، لە ڕاستیدا، هەروەك لە بەشی ٥,٢ لە خوارەوەدا خراوەتەڕوو خۆی ڕانواندووە لە زیادبوونی بەرچاوی دەستنیشانكردنی بازرگانی پێوەكردنی پەیوەست بە شەڕو قەیرانی پەنابەران لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەكانەوە لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا سروشتی پەیڕەوی لێكۆڵینەوە بۆ ئەم توێژینەوەیەو، كۆتە سەپاوەكانی سەر ئەوەی دەكرێ توێژینەوەی لەسەر بكرێت، ڕێگەی نەدا بە پۆلێنكردنی كۆتایی هەموو كەیسە گریمانكراوەكانی بازرگانی پێوەكردن وەك پێكهێنەری بازرگانیكردن بە كەسەكان، كە لەهەر كەیسێكدا، بۆیەهیە تەنیا لەلایەن دەسەڵاتەكانی دەوڵەتەوە بێتەدانان. بۆیە، **ئەم بەندە نیشاندەرەكان دەخاتەڕوو و شییان دەكاتەوە، كە بەهۆی ئەگەری بەهێزی ڕودانی بازرگانی پێوەكردن، ئەو كەیسانەی شایانی لێكۆڵینەوەی زیاترن لە پێناو پاراستنی خەڵكی بازرگانیپێكراو و دەستگیركردنی بازرگانیكارانی بەرپرس،** ئەگەر كردەی بازرگانی پێوەكردن و مەرجەكانی ، لە كەیسی منداڵان و، لە كەیسی پێگەیشتووانیش كردارەكەو كەرستەكان هاتبنەدی.

شیكردنەوەكە لەم بەندەدا بەهۆی كۆمەڵە نیشاندەرێكی شێوەی جیاجیای بازرگانیكردن بە كەسەكان ڕاگەیەندراوە كە لەلایەن نوسینگەی نەتەوە یەكگرتووەكانی تلیاك و تاوان (UNODC, 2013) و ڕێكخراوی كاری نێودەوڵەتی (ILO, 2009) دانراوە، پێكەوە لەگەڵ چوارچێوە یاساییە نێودەوڵەتیەكان لەڕووی پیادەبوونیان بەسەر هەندێ شێوەی بازرگانی پێوەكردن، وەكو هاوسەرگیری بەزۆر (بەشی ٥,٣,٢)، ئیستغلال كردنی كاری منداڵان (بەشی ٥,٣,٤) و ئیستغلال كردن لە كێشە چەكدارەكان (بەشی ٥,٣,٧). هەروەك UNODC لە نامیلكەی نیشاندەرەكانی بازرگانی كردن بە مرۆڤ دەریخستووە:

> «هەموو نیشاندەرەكان {...} لە هەموو ئەو ڕەوشانەدا بەردەست نین كە پەیوەستن بە بازرگانی كردن بە مرۆڤ. سەرەڕای بوون یا نەبوونی هەریەك لە نیشاندەرەكان نە ڕوودانی بازرگانی پێوەكردن دەسەلمێنن و نە ڕەتیدەكەنەوە، هەبوونیان دەبێ ببێتە مایەی لێكۆڵینەوە» (UNODC, 2013).

ئەم چوارچێوە چەمك ئامێزە لە هێڵكاری ٦ لە خوارەوە پیشاندراوە. دەبێ هێڵكاری ٦ بە هاوكاتی لەگەڵ هێڵكاری ٥ لەسەرەتای بەندی پێشوودا تێبگەین ، بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی هەندێ كەیسی تایبەت، ڕەوشەكانی بازرگانیكردن بە كەسەكان بۆیەهیە نیشاندەرەكان بخاتە بەردەست بۆ كەیسە كرداریەكانی بازرگانی پێوەكردن، كە ئەمەش بە دەوری خۆی، لە لێكۆڵینەوەی زیاتر لەلایەن ئەكتەرە پەیوەستەكان لەهەر وڵاتێك لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا، كە بۆیەهیە پێكهاتەی تاوانی بازرگانیكردن بە كەسەكان دیاریبكەن. بەهۆی لاوازی ڕاپۆرت و لێكۆڵینەوە لەزۆر لەو ڕەوشانەدا كە نیشاندەرەكانی بازرگانی پێوەكردن پێشكەش دەكەن، هەندێ زانیاری كە لەم بەندەدا شیكراونەتەوە لەبەر پێویستی چیرۆك ئامێزیدایە. كاتێ زانیاری سروشتێكی فەرمی و دوپاتكراوەی هەیە، ئەمەش ئاماژەی بۆ كراوە.

هێڵکاری ٥: نیشاندەرەکانی کەیسەکانی بازرگانی پێوەکردن




تێبینی : بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە نیشاندەرە پیادەکراوەکان، بڕوانە UNODC (2013). Human Trafficking Indicators and ILO (2009). Operational Indicators of Trafficking in Persons.

## ١.٥ ڕێگەکانی بازرگانی پێوەکردن

**ئەو خەڵکەی کە بەشێوەیەکی فەرمی بە بازرگانیپێکراو ناسێنراون لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا لەساڵی ٢٠١١ەوە زۆربەیان لە سوریا، باکوری ئەفریقیا، باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاوەن،** هەرچەندە لە لوبنان، ئوردن و عیراق، هەروەها سوریاش، **هاوڵاتی نیشتیمانیش وەکو بازرگانیپێکراوی ناوخۆ دەستنیشانکراون. پەنابەرانی سوری لە وڵاتانی خانەخوێدا زۆرجار لە ناوەخۆ بازرگانیان پێوەکراوە بەبێ جوڵەی جوگرافی بەرچاو، بە دەستپێکردن لە وڵاتانی خانەخوێ زیاتر لەپێش جێهێشتنی سوریا**. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە حەقیقەتی ئاوارەبوون ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێ لە لاوازی بەرامبەر بازرگانی پێوەکردن، هەروەك لە بەندی ٤ خراوەتەروو.ژمارەیەکی زۆر کەمتر لە کەیسەکان لەلایەن دیدارکراوانی ئەم توێژینەوەیە ڕاپۆرتکراون کە پرۆسەی بازرگانی پێوەکردن لە سوریاوە دەستی پێکرد، بەمەبەستی گواستنەوەی کەسێك بۆ وڵاتێکی خانەخوێ تاکو ئیستغلالیان بکەن. هەروەها لەناوەوەی سوریا،خەڵکانی ئاوارەی ناوخۆو خەڵکی ژێر کاریگەری ململانێ بەشێوەیەکی گشتی لەناوخۆدا بازرگانیان پێکراوە. لەلایەکی دیکەوە زۆربەی ڕێگەکانی بازرگانی پێوەکردن کە لە دەرەوەی ناوچەکە سەرهەڵدەدەن بەزۆری دوور لە کاریگەری شەڕی سوریا بەردەوامبوون.

زۆربەی کەیسەکانی بازرگانی پێوەکردن لەلایەن دەسەڵاتەکان لە تورکیا دەستنیشانکراون بەردەوام بوون بۆ پەڕینەوە لە سنوور، بەمەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی، لە وڵاتە سەرەکیەکانی سەرچاوە لەساڵانی ٢٠٠٩ – ٢٠١٣ کە لە وڵاتانی CIS بوون: تورکمانستان، ئۆزبەکستان، قرغیزستان، ئازەربایجان و ڕووسیا، لە ٢٠١٤ تورکیا دەستنیشانی قوربانیانی گریمانکراوی بازرگانی پێوەکردنی کرد – زۆربەی بەمەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی- لە ناوەڕاستی ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاو، هەروەها سوریاوە (US Department of State, 2015).

ڕێژەیەکی گەورەی قوربانیانی دەستنیشانکراو بەشێوەیەکی فەرمی لە لوبنان، لە سوریاوەن. هەروەك لە بەندی ٢دا خراوەتەڕوو، لەنێوان ٢٠١٠ بۆ ٢٠١٢، وڵاتانی سەرچاوەی قوربانیانی دەستنیشانکراو لە لوبنان بریتی بوو لە : ٤٠ لە سوریاوە، شەش لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاوە، شەش لە لوبنان، شەش لە وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و باکوری ئەفریقیاو سێ لە وڵاتانی دیکەوە (UNODC, 2014a). لەماوەی ساڵانی ٢٠١١و ٢٠١٢، تێکڕای ٥٤ قوربانی بازرگانی پێوەکردن لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە دەستنیشانکران کە ڕێژەی زۆریان – ٣٥ قوربانی – لە سوریاوەبوون. ڕەگەزنامە سەرەکیەکانی دیکەی قوربانیان لوبنانی (بازرگانی پێوەکردنی ناوخۆ)، ئۆکراینی و مۆڵدۆڤی بوون (ISF data cited in: ICMPD, 2013a). چەند کەیسێك بوونە جێی سەرنجی دەسەڵاتەکان لە لوبنان کە هی ئەو کچە سوریانە بوون لە سوریاوە بۆ لوبنان بازرگانیان پێوەکرابوو، لەڕێگەی خەڵەتاندن یا شوکردنی بەزۆر بە پیاوانی سوری، تا لە ئیستغلال کردنی سێکسی لە لەشفرۆشیدا بەکاربێن (LB05; LB48). ژنان و کچانی سوری لە حەلەبەوە بۆ لوبنان بازرگانیان پێوەکرابوو بەمەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی، لەپێش و لەوەتەی شەڕ (LB23) و، کچێك لە سوریاوە ڕفێنرابوو و لەڕووی سێکسیەوە ئیستغلال کرابوو لە لەشفرۆشیدا لە لوبنان لەڕێگەی هاوسەرگیری کاتیەوە (LB45). کەیسێك ڕاپۆرتکرا کە هەرچەند نەدەتوانرا لەزیاتر لە سەرچاوەیەك دڵنیایی لێبکرێتەوە، کە کچێك زۆری لێکرابوو کە لەنێوان سوریاو لوبنان بێت و بچێت بەمەبەستی ئاڵوگۆڕی نامەو پەیامەکان لەنێوان گروپە چەکدارە هاوپەیمانەکان لە سوریاو لوبناندا (LB29)، کە شێوازێکی ئیستغلال کردنە لە ململانێ چەکدارەکاندا .

قوربانیانی بازرگانی پێوەکردن لە ئوردن لەلایەن یەکێتی ئافرەتانی ئوردن ٢٠٠٩ – ٢٠١٣ کە زۆربەیان لە دەرەوەی ناوچەکەبوون یارمەتیدران: لە بەنگلادیشەوە (٢٠)، ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (٧) و وڵاتانی دیکەی باشوری ئاسیا (٦)، هەروەها ٩ کەس لە پارچەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست (٩) (UNODC, 2014a). لەگەڵئەوەشدا، زیادبوونێکی بەرچاو هەبوو لە قوربانیانی بازرگانی پێوەکردن لە سوریاوە کە بەشێوەیەکی فەرمی لە ئوردن دەستنیشانکران لەماوەی ٢٠١٣ بۆ ٢٠١٤، هەروەها لە میسریشەوە، لە پێڤاژۆی زیادبوونێك لە ژمارەی خەڵکانی بازرگانیپێکراو بە گشتی، بەجۆرێك کە یەکەی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن کەوتە واری ئۆپەراسیۆنەوە. زۆربەی دەستنیشانکراوەکان لە میسر، بەنگلادیش، سوریا و ئوردن (بازرگانی پێوەکردنی ناوخۆ) بوون، لەکاتێکدا قوربانیانی دیکە لە وڵاتانی باشوری ئاسیا، باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، باشوری ئەفریقیا، یەمەن و تونس بوون (بڕوانە هێڵکاری ٧ لەخوارەوە). لەڕووی ڕەگەزنامەوە، قوربانیانی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ بریتیبوون لە: ٦٩ پیاوی میسری، ٣٨ ژنی بەنگلادیشی، ٢٤ ژنی سوری و ١ پیاوی سوری، ١٥ پیاوی ئوردنی و ١٠ ژنی ئوردنی، ١٤ ژنی فلیپینی و ٤ پیاوی فلیپینی، ١٣ ژنی ئەندۆنیسی، ١٢ ژنی سریلانکی، ١٠ ژنی ئەسیوبی، ٨ ژنی کینی، ٥ پیاوی هیندی، ٤ پیاوی یەمەنی و، پیاوێکی تونسی – هەروەها تەماشای هێڵکاری ٧ بکە لەخوارەوە (Counter-Trafficking Unit, Department of Studies and Statistics, Government of Jordan, June 2015).

### هێڵکاری ٧: قوربانیە دەستنیشانکراوەکان لە ئوردن، ٢٠١٣ – ٢٠١٤




سەرچاوە: بە پشتبەستن بە ژمارەکانی پێشکەشکراو لەلایەن Counter-Trafficking Unit: Department of Studies and Statistics, Government of Jordan, June 2015.

**هەروەها کەیسی دیکە راپۆرتکراون کەوا کەسانی پەیوەست بە قاچاخچیەتی کۆچبەران لە سوریاوە بۆ وڵاتانی خانەخوێ لە بازرگانی پێوەکردن گلاون.** زانیاریدەرێکی لێکۆڵینەوە ژمارەیەك راپۆرتی بەدڕەفتاری و ئیستغلال کردنی بەدەستگەیشتوە لەلایەن ئاسانکارانی جوڵەی ناوخۆو قاچاخچیانی کۆچ لە سوریا، کە ئەو قاچاخچیانەی ئاسانکاری پەرینەوەیان کردووە لە خاڵی پەرینەوەی سنوری نافەرمی لە تەلشیهاب و تیبا لە بەشی رۆژئاوای سنور لەگەڵ ئوردن لەماوەی ساڵانی پێش شەڕدا، لەگەڵ گروپە بەدەویە سوریەکان کە دواتر خەڵکیان گواستۆتەوە لە بیابانی رۆژهەڵاتی سوریاوە بۆ روەیشد لەکاتی ململانێدا. هەندێ پەنابەرانی سوری رایانگەیاندووە کە لەکاتی رەتکردنەوەی پارەدان بە قاچاخچیان یان گواستنەوە هەڕەشەی گولەبارانکردنیان لێکراوە لەلایەن ئاسانکارە بەدەوی سوریەکان کە ناچاریان کردوون هەموو پارەکانیان بدەن بۆ بردنیان بۆ روەیشد. گروپە بەدەویە سوریە کێبەرکێکارەکان وەك راگەیەنراوە ململانێیانە لەسەر رێگە بەرەو روەیشد و دەستیان کردووە بە رفاندنی پەنابەرە گریمانکراوەکان لەپێناو پارەو بۆ رێگرتن لە گروپە بەدەویەکانی دیکە کە کاریان لەگەڵ ئەنجام بدەن (JO11).

لە یەك کەیسدا، ژنێکی سوری راستەوخۆ رایگەیاند بۆ دیدارکراوێکی ئەم توێژینەوەیە لە ئوردن کە بەزۆر سێکسی لەگەڵکراوە لەلایەن قاچاخچیەکی کۆچ لە تەلشیهاب لە سوریا، بەرامبەر یارمەتیدانی لە پەرینەوە بەرەو ئوردن. ئەو ژنە لە ناوەڕاستی ٢٠١٣ بە قاچاغ برایە ئوردن، ئەو برە پارەی تەواوی نەبوو کە بۆ سەفەرە قاچاخەکە بیدات و قاچاخچیەکە ئیستغلالی پێویستیەکەی ئەوی کرد بۆ گەیشتن بە ئوردن بۆ رازیکردنی بە ئەنجامدانی سێکس لەگەڵی وەکو بەرامبەر. دیدارکراوەکە پێیوایە کە کەیسی زیاتری لەمشێوەیە هەبووە، بەڵام ژنان و کچانی پەنابەری سوری دوودڵن لە راپۆرتکردنی ئەو بەدڕەفتاریانەی بەدەستیانەوە ناڵاندوویانە بۆ دەسەڵاتەکان لە ترسی شەرمەزاربوون لە کۆمەڵگاکانی خۆیاندا (JO11).

دیدارکراوێك بۆ ئەم لێکۆڵینەوە راستەوخۆ بینی کە چۆن خێزانێك سنوری سوریا – لوبنانیان بە سواری لۆریەك بڕی بە یارمەتی قاچاخچیانی کۆچبەران، کە پاسەپۆرتەکانی ئەو خێزانەیان لە سوریاوە زەوت کردبوو. هەر کە گەیشتنە لوبنانیش بەشێوازی کۆیلایەتی بەرامبەر قەرز ئیستغلال کران. بۆ دانەوەی ئەو قەرزانەی کە لەسەری رێککەوتبوون لەگەڵ قاچاخچیەکان. دیدارکراوەکە ئەمە بە «دیاردەیەکی باو» وەسف دەکات، بۆ مەبەستەکانی ئیستغلال کردنی کارو سێکسی (LB33). رێگەی کۆچی نایاسایی بەرەو وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا لەڕێی فڕین بەرەو سودان و

بەردەوامبوون بە وشكایی بەرەو لیبیا، كە بەزۆری لەلایەن فەڵەستینیەكانی سوریاو لوبنانەوە بەكاردێت، ئەمیش بریتیە لە رێگەیەك بۆ بازرگانی پێوەكردن بەمەبەستی دەرهێنانی ئەندامەكان، هەروەك ژمارەیەك لەمە لە بیابانی خۆرئاوای نێوان سودان و لیبیا روودەدات (LB18).

## ٢.٥ ئاستی بازرگانی پێوەكردن

پرسی ئاستی بڵاوبوونەوەی بازرگانی پێوەكردن لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا لەوەتەی سەرەتاكانی ٢٠١١ بایەخێكی سەرەكی ئەم توێژینەوەیە. **ئامارە فەرمیەكان سەبارەت بە كەیسەكانی بازرگانی پێوەكردن كە لەلایەن دەسەڵاتەكانەوە دەستنیشانكراون ئاماژەدەكەن بە كاریگەری كەم یا هەژمارنەكراوی شەڕی سوریا بەسەر بازرگانی پێوەكردن لەهەر ٥ وڵاتدا. لەگەڵئەوەشدا لێكۆڵینەوە ئەنجامدراوە مەیدانی و نووسینگەییەكان وێنەیەكی تەواو جیاواز دەكێشن.** ئاگاداركردنەوەكە لێرەدا ئەوەیە كە هەموو كەیسە گریمانكراوەكانی بازرگانی پێوەكردن بەدرێژایی ئەم لێكۆڵینەوەیە، جیا لەداتاكانی ئامارە فەرمیەكان، دەستنیشان نەكراون لە لایەن راسپێردراوان بە سەپاندنی یاسا یا خزمەتگوزاریە كۆمەڵایەتیەكانی دەوڵەت تا ببنە كەیسی راستینەی بازرگانی پێوەكردن. لەگەڵ ئەمەشدا، بەپێی پەیرەوی لێكۆڵینەوەی بازرگانی پێوەكردن، نیشاندەرەكان و رەگەزەكانی تاوانەكانی بازرگانی پێوەكردن بە گەوران و منداڵان شیكراونەتەوە بەمەبەستی رۆشنایی خستنەسەر بەشێكی بەرچاوی كەیسەكانی بازرگانی پێوەكردن كە هەرگیز نەدەكەوتنە بەر سەرنجی دەسەڵاتە بەرپرسەكان.

زۆر هۆكار هەن كە بۆ دەسەڵاتەكان بەشدارنەبوون. لە سوریا و تا رادەیەكی كەمتر لە عیراق، پێداویستیەكانی جەنگ، شانبەشانی لێكترازانی دەوڵەتی سوری و سەپاندنی یاسا لەو وڵاتە، وایكردووە كە كۆكردنەوەی داتا باوەڕپێكراوەكان كێشەیەكی گەورەبێت. لەكاتێكدا كۆكردنەوەی داتاو دەستنیشانكردنی خەڵكی بازرگانیپێكراو لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا لە هەندێك كەیسدا باشتر بووە لەوەتەی قۆناغی سەرەتا، بەتایبەتی بەهۆی دەرچوواندنی یاساكانی نەهێشتنی بازرگانی پێوەكردن و چاكسازیە یاسایی و دامەزراوەییەكانی دیكە، هێشتاكەش گرفتەكان لە ئارادان. زۆر هۆكار بۆتە مایەی داتای بەشەكی و ناتەواو و زانیاری سەبارەت بە ئاستی بەربڵاوی بازرگانی پێوەكردن كە لە بەشی ٢,٣ بەسەرەوە دەرێكخراوی ناحكومیهێشتا پیادە دەكرێت .

لەوەش زیاتر، زۆر لە زانیاریدەرانی لێكۆڵینەوە ئاماژەیان داوە بە هۆكارەكانی ئەوەی كە لەبەرچی خەڵكی بازرگانیپێكراو كەیسەكانیان بە دەسەڵاتەكان راناگەیەنن یان داوای یارمەتی لە دامەزراوە حكومیەكان ناكەن، لەوانەش:




سەرەڕای ئەوەش، هەروەك ناوچەکانی دیکە لە جیهان ئامارە فەرمیەکان لەبارەی تاوان و، بەتایبەتیش لەبارەی بازرگانیکردن بە کەسەکان، ڕەنگدانەوەی ڕاستی تەواوی دیاردەکە نین هەروەك لە واقیعدا ڕوودەدات.

ڕاپۆرتی جیهانی سەبارەت بە بازرگانیکردن بە کەسەکان لە ٢٠١٢ی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تلیاك و تاوان (UNODC) داتاکان دەخاتە بەردەست سەبارەت بە بازرگانی پێوەکردن لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا بۆ ساڵانی ٢٠١٠ – ٢٠١٢، تێڕوانینێکی ورد دەبەخشێ لەسەر ڕێگەو شێوازەکانی بازرگانی پێوەکردن، لەسەر بنچینەی دەستنیشانکردنی فەرمی لەلایەن دەسەڵاتەکان، هەروەکو لە بەشی ٢,٢ باسکراوە. شایانی ئاماژەیە کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی بازرگانی پێوەکردنی نێوناوچەیی و ناوخۆ لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باکوری ئەفریقیا دیاریکراون. هەروەها دەسەڵاتەکان ژمارەیەکی کەم منداڵانی بازرگانیپێکراوو ژمارەیەکی کەم تاوانکارانیان دەستنیشانکردووە کە هاوڵاتی هەمان ئەو وڵاتانەن کە تێیدا دەستنیشانکراون:

> «تەنیا ١١ لەسەدی کەسانی تاوانبارکراو لەم ناوچە لاوەکیە لەو وڵاتانەوە هاتوون کە تیایدا تاوانبار کراون؛ ئەو بەشەی کە زۆری پێکهاتووە لە خەڵکانی باکوری ئەفریقیا ، زیاتر لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوین» (UNODC, 2014: 82).

ئەمە ئاماژەیە کە دەسەڵاتەکان تیشکۆ دەخەنە سەر دەستنیشانکردنی ئەنجامدەرانی بیانی تاوانەکان و قوربانیانی گەورە. تەنیا ٥ لەسەدی تێکڕای قوربانیە دەستنیشانکراوەکان منداڵبوون و، پشکێکی زۆر زیاتر (٣٧,٥ ٪) نێرینەی

پێگەیشتووبوون لەهەموو ناوچەکانی دیکەکە راپۆرتەکەی UNODC دەیانگرێتەوە (UNODC, 2014).

لەکاتێکدا پێش هەڵگیرسانی ململانێکە، دەسەڵاتەکانی سوریا دەستیان بە پیادەکردنی ستراتیجی نیشتمانی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن کردبوو (US Department of State, 2009; 2010)، رژێم ژمارەی فەرمی سەبارەت بە بازرگانیکردن بە کەسەکان بڵاونەکردبۆوە. بەردەوامی شەڕو کاتە سەپێنراوەکان بەسەر گەیشتنی رێکخراوە مرۆییەکانیش وایکردووە کە چاودێری ژمارەو پێویستیە مرۆییەکانی ئاوارە ناوخۆکانی سوریا زۆر ئەستەم بێت (Charron, 2014) و کۆکردنەوەی داتاو زانیاریەکانیش لەبارەی بازرگانیکردن بە کەسەکان بەهەمان شێوە.

زانیاریدەرانی لێکۆڵینەوە لە تورکیا دەریانخستووە کە سەرەڕای بونی ئەو فاکتەرانەی کە وا لە پەنابەرە سوریەکان دەکات بەرامبەر بازرگانی پێوەکردن لاوازبن (سەیری بەندی ٤ بکە). ژمارەیەکی کەم کەیسی بازرگانی پێوەکردنی پەیوەست بە سوریەکان بەشێوەیەکی فەرمی تۆمارکراوەو پەناگەکان یارمەتی خەڵکی سوری بازرگانیپێکراویان نەداوە لەوەتەی دەستپێکی قەیرانی پەنابەران (TR01; TR49; TR50; TR51).  بەپێی رێکخراوی ناحکومی HRDF، لەبەرئەوەی هیچ کەیسێکی بازرگانی پێوەکردن لەنێو سوریەکاندا هەناردەی رێکخراوەکە نەکراوە لەکاتی راوێژپێکردنیان بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە لە کانوونی دووەمی ٢٠١٥، بۆ ئەوان ئەستەمە کە هەڵسەنگاندنی رووداوی بازرگانی پێوەکردن بکەن لەنێو ئەو گروپەدا (TR37). شارەزایان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەڕێوەبردنی کۆچ دەریانخستوە کە تێبینی زیادبوونی بازرگانی پێوەکردنیان نەکردووە لەوەتەی گەیشتنی پەنابەرانی سوری. فەرمانبەرانی پارێزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەڕێوەبردنی کۆچ و ئاژانسەکانی سەپاندنی یاسا لێکۆڵینەوەیان کردووە لەو رووداوانەی کەگومانی بازرگانی پێوەکردنی پەنابەرانی سوری لێدەکرێت و لە میدیاکان راگەیەنران یان لە راپۆرتەکانی رێکخراوە ناحکومیەکان، بەڵام لێکۆڵینەوەکانیان هیچ کەیسێکی دیاریکراوی بازرگانی پێوەکردنیان دەستنیشان نەکرد (TR41).

لەراستیدا، بەپێی ژمارەیەك دیدارکراوان بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە لە تورکیا، دابەزینێکی زۆری ژمارەی قوربانیە دەستنیشانکراوەکانی بازرگانی پێوەکردن هەبوو لە ٢٠١٠ەوە (TR01; TR37; TR45; TR46; TR49; TR50). بەشێوەیەکی گشتی نەبوونی هۆشیاری سەبارەت بە شێوەکانی بازرگانی پێوەکردن جگە لە ئیستغلال کردنی سێکسی، بەتایبەتی ئیستغلال کردنی کاری گەورەکان و منداڵان، لەپاڵ هاوسەرگیری بەزۆر سەبارەت بە منداڵان ، ئەمانەش بەشدارن لە دابەزینی ژمارەی قوربانیە دەستنیشانکراوەکان (TR37; TR44; TR45; TR46; TR47; TR49; TR50; TR51). هیچ داتایەك بەردەست نییە کە خەڵکی تورکیا وەك بازرگانیپێکراو دەستنیشانکرابن (ICMPD, 2013). دادگاییکردنی شێوازەکانی بازرگانی پێوەکردن وەکو ئیستغلال کردنی کاری گەوران و منداڵان، ئیستغلال کردن لەرێگەی سواڵپێکردن و بەکورکردنی نایاسایی زۆر دەگمەنەو، ناهۆشیاریەکی گشتی لە ئارادایە سەبارەت بە بازرگانی پێوەکردنی ناوخۆ لە تورکیا (TR45;  TR46;  TR47). دادوەران و داواکارە گشتیەکانی تورکیا کە ئاگاداری تاوانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ نین دوودڵدەبن لە بەدواداچون بەپێی ماددەی ٨٠ (بازرگانی پێوەکردن) ی یاسای تاوانەکان و، بۆیە ئەگەر کەیسەکە رەگەزەکانی لەشفرۆشی بەزۆر یان ئیستغلال کردنی منداڵانی تێدابێت، زۆربەی جار دادوەران حوکمی ئەنجامدەر(ەکان) دەکەن بەپێی ماددەی ٢٢٧ (لەشفرۆشی) و ماددەی ١٠٣ (هەراسانکردنی منداڵان)، لەجیاتی ئەوەی لێکۆڵینەوە بۆ ئەو بەڵگانە بکەن کە پێشێلکردنی ماددەی ٨٠یان لێدەکەوێتەوە (TR45; TR46; TR47).

رەنگە نەبوونی دەزگاکانی پاراستنیش فاکتەرێکی کاریگەر بێت بۆ کەمی بڕیارەکانی دادگا سەبارەت بە بازرگانیکردن بە کەسەکان لەناوچەی باکوری لوبناندا. ئەمەش ئاماژەیە بۆ گرنگی بەرزکردنەوەی هۆشیاری، بەتایبەتی بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی. سەرەڕای ئەوەی، مەشقی بەردەوام بۆ دەسەڵاتی دادوەری بەتایبەتی زۆر گرنگە، هەروەها – ئەوەش دەداتە دەست کە یاسای نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن تارادەیەك تازەیە (LB47). –

لە ساڵی ٢٠١٠وە، داتای تایبەت بە بازرگانیکردن بە کەسەکان لە ئوردن بەشێوەیەکی سیستەماتیکتر کۆکراوەتەوە، کۆمیتەی نیشتمانی نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ لەکاردایە بۆ دانانی میکانیزمی هەناردەکردنی نێوان ئاژانسەکان بەمەبەستی دیاریکردنی رۆڵی لایەنە پەیوەندیدارە حکومی و ناحکومیەکان لە دەستنیشانکردن، لێکۆڵینەوە، دادگاییکردن و تاوانبارکردنی تاوانەکانی بازرگانیکردن بە کەسەکان (JO19; JO21). لەگەڵئەوەشدا، حکومەتی ئوردنی « دان بەوەدا دەنێ کە ئاستەنگی لەبەردەمدایە بۆ بەدواداچوونی کەیسەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ چونکە لەلایەن پۆلیس و پشکنەرانی کار تێدەپەڕێنرێ بۆ سیستەمی دادگاو خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان» (US Department of State, 2014: 1).

لە عیراق، دەستنیشانکردنی بازرگانی پێوەکردن، بەتایبەتی بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی، لەلایەن زانیاریدەرانەوە وادانراوە کە لە ئاستێکی نزمدایە، ئەوش بەهۆی نۆرمە کۆمەڵایەتیەکانی پەیوەست بە قسەکردن لەبارەی توندوتیژی لەسەر بنچینەی سێکس و جێندەر بەشێویەکی گشتی. بەپێی یەکێك لە دیدارکراوان، خەڵکی هەرێمی کوردستانی عیراق زۆرجار راگەیاندنی کەیسەکە نابێتەهۆی باشترکردنی رەوشەکەیان و، لە کەیسی تایبەت بە سوریەکان، کەسێك یارمەتیان نادات چونکە ئەوان پەنابەرن (IQ15). بەپێی UN Women:

> «لە هەرێمی کوردستانی عیراق، راپۆرتکردنی توندوتیژی بەرامبەر ژنان و کچان، ناکاریگەری کۆکردنەوەو بەڕێوەبردنی داتاە، لەپاڵ ناوبەدکردنی رزگاربووانی توندوتیژی سێکسی و، نەبوونی خزمەتگوزاری تەواوی رزگاربووان و وەدەستهێنانی زانیاری ورد لەبارەی بڵاوبوونەوەی تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی دەکاتە کارێکی مەحاڵ» (UN Women, 2014: 3).

تێروانینی ئاستی بەرفراوانبوونی بازرگانی پێوەکردن لەسوریا لەوەتەی هەڵگیرسانی شەڕ بەردەستە. لەنیسانی ٢٠١٥، پرێس کۆنفرانسێك لەماوەی وێرکشۆپێك سەبارەت بە بازرگانی پێوەکردن کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی سوریا لە دیمەشق بەڕێوەچوو، وەزیری ناوخۆ، حەسەن مەعروف، رایگەیاند کە بازرگانیکردن بە کەسەکان روو لە زیادبوونە لەوەتەی ململانێ دەستیپێکردووە، بەتایبەتی رۆشنایی ختەسەر سوریا وەکو وڵاتی رەسەن بۆ خەڵکی بازرگانیپێکراو. وەزیر خەمڵاندنێکی پێشکەشکرد کە نزیکەی ١٠٠٠ کەیس لە ٢٠١٤ دەستنیشانکراون، کە تایبەتن بە لاوازی ئاوارەکانی ناوخۆو پەنابەران کە ئیستغلال کراون لەلایەن تۆڕەکانی تاوانکاری لەگەڵ سوریەکان بە هاوبەشی کاردەکەن لەناوەوەی سوریا (Qiblan & Hammoud, 2 October 2015). بۆیە حکومەتی سوری دانی بە بازرگانی پێوەکردن داناوە، هەرچەندە ئەوە روون نیە چۆن وەزیر گەیشتۆتە ژمارەی ١٠٠٠ – لە ٢٠١١وە زۆربەی توانا سوریەکانی نەهێشتنی قاچاخچێتی و نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن تیشکۆیان ختسوتە سەر بازرگانی پێوەکردنی ململانێ چەکداریەکان لەجیاتی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و، دەوڵەت کۆنترۆڵی ناوچەیەکی زۆری خاکو نیشتمانی و زۆر لە خاڵی پەڕینەوەی سنورە فەرمی و نافەرمیەکانی لەدەستداوە (Torres, 2012; Charron, 2014; Al-Abed, 17 July 2014). لەلێدوان ئاشکرایەکەیدا، وەزیر ئاماژەی نەدا بەهیچ کەیسێکی بازرگانی کردن بە مرۆڤ کە لەلایەن رەگەزەکانی هێزە چەکدارەکانی رژێمەوە یان میلیشیاکانی سەر بە رژێم لە ململانێکەدا ئەنجامدرابن

**هەندێ لە بازرگانی پێوەکردنەکان کە لەناوەوەی سوریا رویانداوە راستەوخۆ بە ململانێکەوە پەیوەستن**. بەڵگە هەیە کە چەند سەد منداڵێکی سوری و غەیرە سوری («شەڕکەرانی بیانی») ئەندامن لە گروپە چەکدارەکان لە سوریا تەجنیدکراون و وەکو سەربازی منداڵ مەشقیان پێکراوە لەلایەن گروپە چەکدارە جیاجیا تێوەگلاوەکان لە ململانێکەدا، بە یان بەبێ ئاگاداری و /یان رەزامەندی ئەندامانی خێزانەکانیان (Avaneesh, 16 July 2015; Human Rights Watch, 15 July 2015). لەماوەی نیوەی دووەمی ٢٠١٤، لەنێوان ٣٥٠٠و ٥٥٠٠ ژنان و کچانی یەزیدی لەلایەن میلیشیاکانی داعش لە سوریاو عیراقەوە رفێنراون و بازرگانیان پێوەکراوە بەمەبەستی کۆیلایەتی سێکسی،

هەروەها هاوسەرگیری بەزۆر و دەستکەوتنی فدیەی بارمتەکان (The Guardian, 9 June 2015; Callimachi, 3 August 2015). هەروەها، راپۆرتێکی لێکۆڵینەوە دەریخستووە کە نزیکەی ٦٢٠٠٠ مەدەنی و سەربازانی سوری بەمەبەستی چارەسەری لە سنور پەڕێنراونەتەوە بۆ نەخۆشخانەکانی تورکیا، لەوێش ئەندامەکانی ١٥٦٠٠ کەس دەرهێنراون و تەرمەکانیان رەوانەی سوریا کراونەتەوە (Blough, 8 February 2014; Beri, 6 April 2015; Qiblan & Hammoud, 4 April 2015).

**تێکڕای ژمارەی ٢٩٢ تاوانبار لە تورکیابەپێی مادەی ٨٠ (بازرگانیکردن بە کەسەکان)**ی یاسای تاوانەکان لەماوەی ٢٠١١ – ٢٠١٣ زۆر کەمترە لەوەی کە لەهەردوو مادەی ٢٢٧ی لەشفرۆشی (٥٠٦٦٥)و ١٠٣ی هەراسانکردنی منداڵ (٥٨٤٥٠)، هەروەکو هەمان حاڵەت لەماوەی ٢٠٠٩ – ٢٠١٠. لەسەر بنچینەی تاوانبارکردن بەپێی مادەی ٨٠ لەماوەی ٢٠٠٩ – ٢٠١٣، پێکهاتەی بازرگانی پێوەکردن بریتی بوو لە ٧٤٪ بیانی و ٢٦٪ تورکی (TR45). لەکاتێکدا مەحاڵ نییە کە بزانی رێژەی کەیسەکانی لەشفرۆشی و هەراسانکردنی منداڵ چەند کە رەگەزەکانی بازرگانی پێوەکردنیان تێدایە، بەپێی زانیاریەکانی لەزۆر زانیاریدەری لێکۆڵینەوە لە تورکیا، واپێدەچێ کە هەندێکیان ئەو رەگەزانەیان تێدابێت.

ژمارەی ئەو کەسە بیانیانەی کە بەشێوەیەکی فەرمی وەکو بازرگانپێکراو لە تورکیا دەستنیشانکراون لە ٨٢ لە ٢٠١١ کەمبۆتەوە بۆ ٥٥ لە ٢٠١٢ و ١١ لە ٢٠١٣ (ICMPD, 2013). لەکاتێکدا داتاکان سەبارەت بە قوربانیانی دەستنیشانکراوی فەرمی بەپێی جێندەر دابەش ناکرێن داتاکان لەبارەی قوربانیە گریمانکراوەکانی بازرگانی پێوەکردن دەریدەخەن کە زۆربەی هەرە زۆریان مێینەن. هیچ پیاوێك یان کوڕێك وەکو قوربانی بیانی گریمانکراوی بازرگانی پێوەکردن لە ٢٠١٣ دانەنراوە (ICMPD, 2013). لەگەڵ ئەوەشدا، ژمارەی کەسانی بازرگانپێکراوی دەستنیشانکراو زیادیکردووە (TR49).

**لەماوەی ساڵانی ٢٠١١و ٢٠١٢، تێکڕای ٥٤ قوربانی بازرگانی پێوەکردن لەلایەن دەسەڵاتە لوبنانیەکانەوەدەستنیشانکراوە** (ISF data cited in: ICMPD, 2013a)، لەکاتێکدا بەپێیUNODC، لەنێوان ٢٠١٠ و ٢٠١٢، ٦١ قوربانی بازرگانی پێوەکردن لە لوبنان دیاریکراون. UNODC ژمارەیەك لێکۆڵینەوەی بازرگانی پێوەکردن دەداتە دەست بە ٦ لە ٢٠١١ و ١٠ لە ٢٠١ و، ژمارەی قوربانیانی بازرگانی پێوەکردنی دەستنیشانکراو بریتی بوو لە ٢٣ ژن و ٥ کچ لە ٢٠١١و، ٢٣ ژن و ٥ کچ لە ٢٠١٢، کە هەموویان بەمەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی بازرگانیان پێوەکراوە (UNODC, 2014a).

**لە ٢٠١٤، زیادبوونێکی دراماتیکی لە ژمارەی لێکۆڵینەوە، دادگاییکردن و تاوانبارکردنی بازرگانی پێوەکردن لە ئوردن** هەبوو، هەروەك لە خوارەوە لە خشتەی ٩ خراوەتەڕوو. پێش ئەو ساڵە ، UNODC دەریخستووە کە ژمارەکانی کۆمیتەی نیشتیمانی نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤی ئوردنی، ژمارەی لێکۆڵینەوەکانی بازرگانی پێوەکردن لە ئوردن دەداتەدەست لەماوەی ٢٠١١ – ٢٠١٣ کە ٥٨ە و، ئەو کەسانەی لەو ماوەیەدا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵکراوە بریتین لە ٧٦ نێرو ١٩ مێ. ژمارەی قوربانیانی دەستنیشانکراوی بازرگانی پێوەکردن بریتی بوو لە ٧٦ مێینەو ٧٨ نێرینە (UNODC, 2014a). ئەم ژمارەی دوایی نائاساییە، ئەوە دەردەخات کە نێرینە زیاتر لە مێینە وەکو بازرگانپێکراو لە ئوردن لە ٢٠١١ – ٢٠١٣ دەستنیشانکراون، بە پێچەوانەی ئاراستەی نێودەوڵەتی کە قوربانیانی مێینەی بازرگانی پێوەکردن زاڵن. بۆ ٢٠١٢ لە ئوردن، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەریخستووە کە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی جەماوەر ٢١ لێکۆڵینەوەی بازرگانی پێوەکردنی تۆمارکردووە: ١٩ بۆ کارپێکردنی بەزۆر – ٣ بۆ خزمەتکاری ناوماڵ – و ٢ بۆ ئیستغلالکردنی سێکسی. وەزارەتی دادی ئوردنی ٨ دادوەریکردنی بازرگانی پێوەکردنی لە ٢٠١٢ تۆمارکردووە لەگەڵ هیچ جۆرە تاوانبارکردنێك (US Department of State, 2014).

خشتەی ٩: ئامارەکانی بازرگانی پێوەکردن: ئوردن، ٢٠١٤

| لێکۆڵینەوە | داواکاری گشتی | گومانلێکراو | تاوانبارکردن |
|---|---|---|---|
| ٣١١ | ٥٣ | ١٥٥(٩١ نێر، ٢٤ مێ) | ٢٨ |

سەرچاوە: وەزارەتی دەرووەی ئەمریکا، ٢٠١٥

یەکەی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردنی ئوردنی (CTU) ئاماری وردی کۆکردۆتەوە لەسەر کەیسەکانی بازرگانیکردن بە کەسەکان کە لەماوەی ١ی کانونی دووەمی ٢٠١٣ – ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٥ دەستنیانکراون لێکۆڵینەوەیان لەسەرکراوە. **جێی سەرنجە کە هیچ قوربانیەك یان گومانلێکراوێك لە سوریا دەستنیسان نەکراون لە ماوەی نیوەی یەکەمی ٢٠١٥، بە بەراورد لەگەڵ ٢١ قوربانی سوری و ١١ گومانلێکراوی سوری دەستنیشانکراو لە ٢٠١٤و، چوار قوربانی سوری و چوار جێگومانی سوری لە ٢٠١٣**. لەگەڵ ئەوەش، ئەو کەیسانە بەڵگەی تەواو دابین ناکەن بۆ دەستنیشانی سروشتی کاریگەری قەیرانی پەنابەران بەسەر بازرگانیکردن بە کەسەکان لە ئوردن (٢٠١٢)، هەروەها لە سایەی نەبوونی ئامارو دەستنیشانکردنی چالاك لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە لە پێش ٢٠١٣.

سەرۆکی بەشی لێکۆڵینەوەو ئامارەکان لە CTU روونیکردەوە کە بەدواداچوونە دادوەریەکان لەلایەن دادگەی تایبەت تێکڕای دوو ساڵی وەرگرتووە، بەواتا کە ژمارەیەکی بەرچاوی کەیسە هەناردەکراوەکان بۆ دادگا لە کانونی دووەمی ٢٠١٣وە، کە بریتیە لە بەرواری دەستبەکاربوونی CTU، هێشتا لە دۆخی بەدواداچووندان. **لە کانونی دووەمی ٢٠١٣ بۆ حوزەیرانی ٢٠١٥، بریکاری گشتی ئوردنی دادگایی ٩٤ کەیسی کردووە وەکو بازرگانی پێوەکردن، کە بە ٢٧٢ قوربانیەوە پەیوەست بوون (١٧٤ مێینەو ٩٨ نێرینە)و ١٩١ گومانلێکراو (١٤٩ نێرو ٤٢ مێ)**. لەماوەی ٢٠١٣ – حوزەیرانی ٢٠١٥، هیچ منداڵێکی بازرگانپێکراو دیاریکراوە (یەکەی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردنی ئوردنی، بەشی توێژینەوە ئامارەکان، حکومەتی ئوردن، حوزەیرانی ٢٠١٥). سەرۆکی پێشووی یەکەی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن، دەستنیشان، لێکۆڵینەوەو هەناردەی کەیسەکانی بازرگانی پێوەکردنی کردووە بۆ بریکاری گشتی و، لە ئەنجامدا، ژمارەی کەیسە دەستنیشانکراوەکان بەرەبەرە زیادبوو بە جۆرێك کە لەگەڵ توانای یەکەکە بۆ فراوانکردنی ئۆپەراسیۆنەکان لە ئاستێکی نیشتمانیدا ڕێککەوێ، سەرەڕای زیادبوونی هۆشیاری کۆمەڵگەیی لەبارەی بازرگانی پێوەکردن (JO21; JO18).

لە ٢٠١٤وە، لەبەر هەڵمەتی چڕی زیاتری هۆشیارکردنەوە، وەزارەتی ناوخۆی فیدراڵی عیراق دەستیکردووە بە وەرگرتنی هەناردەی کەیسەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ بۆ دادگاکان، کەوا کەیسەکانی ئیستغلال کردنی سێکسی، بازرگانی پێوەکردن بۆ ئیستغلال کردنی کاری هێندی و بەنگالیەکان دەگرێتەوە، هەروەکو لە تورکیا، **هیچ تۆمارێکی فەرمی کەیسەکانی بازرگانی پێوەکردن سەبارەت بە پونابەرانی سوری لە ئارادا نیە (IQ17). لەگەڵ ئەوەشدا، لە ماوەی ٢٠١٤، ڕێکخراوی ناحکومی نێودەوڵەتی Heartland Alliance تێکڕای ٣٩ کەیسی بازرگانی پێوەکردنی تۆمارکردووە لەنێو پەنابەران و ئاوارەکان لە عیراق**. لەو ٢٩ کەیسە، ٢٤یان بازرگانی پێوەکردنی منداڵ بوون بۆ ئیستغلال کردنی کار، زۆربەیان لە ڕێگەی سوالکردنەوە، لەگاتێکدا کەیسەکانی دیکە بریتی بوون لە بازرگانی پێوەکردنی سێکسی (IQ13).

بەپێی کاری مەیدانی ئەنجامدراو لە ماوەی نیوەی دووەمی ٢٠١٣ لەسەر پەنابەرانی سوری لە هەرێمی کوردستان، UN Women گەیشتۆتە ئەوەی کە کچانی هەرزەکار بەدەست ترس و هاوسەرگیری زوو دەناڵێنن و، ژنانی دەرەوەی کەمپەکانیش کێشەیاستی بەرزی هەراسانکردنی سێکسیان هەبووە لەلایەن خاوەنکارەکانەوە لەلایەن

شوفێرانی تەکسی لە ڕێگە بۆ کارو لە کارەوە، هۆشیاریەك لای ژنان و کچانی تێوەگلاو لە لەشفرۆشی و ئیستغلال کردنی سێکسی هەیە لە ناوەوە دەرەوەی کەمپەکان (UN Women, 2014). ئەمەش لەلایەن UNHCRی عیراق دووپاتکراوەتەوە:

> «سەردانە مەیدانیەکان و وتوێژ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەوە دووپات دەکاتەوە کە SGBV بابەخێکی سەرەکی پاراستنە لە نێوان پەنابەرانی سوریدا. بە تایبەتیش تیشکی خستە سەر توندوتیژی ناوماڵ، هاوسەرگیری بەزۆر / منداڵ، کوشتن لەسەر شەرەف، لەشفرۆشی و سێکس بۆ مانەوە بازرگانی پێوەکردن» (UNHCR, 2014a).

سەرەڕای ئەوە، یەك ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، کە داوایکرد بە نەناسراوی بمێنێتەوە، نزیکەی ۱۰۰۰ کەیسی SGBV دەستنیشانکردووە، کە ئیستغلال کردنی سێکسی، هەراسانکردنی سێکسی، توندوتیژی ناوماڵ و هاوسەرگیری زوو دەگریتەوە (IQ15)، هەرچەندە ڕوون نیە ڕێژەی تێوەگلاوان لە بازرگانی پێوەکردن چەندە. لە ڕێگەی دیدار لەگەڵ زانیاریدەرانی لێکۆڵینەوە کە لەسەر بەرنامەکانی SGBVو پاراستن کاردەکەن لە هەرێمی کوردستانی عیارق، ئەوە ڕوون بووە کە ئەوان پێشبینی بەردەوامبوونی دیاردەی بازرگانی پێوەکردنیان کردووە، لەبەر زیادبوونەوە خەڵکانی لاواز لە هەرێمی کوردستان (IQ07; IQ13).

## ٣.٥ شێوەکانی بازرگانی پێوەکردن

لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا، **زۆربەی ئەو کەسانەی بە فەرمی وەکو بازرگانی پێکراو دەستنیشانکراون لە ماوەی ٢٠١١ – ٢٠١٥ بەمەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی و خزمەتکاری ناوماڵ – بە تایبەتی ئیستغلال کردنی سێکسی لە تورکیاو عیراق؛ خزمەتکاری ناوماڵیش لە لوبنان و ئوردن**. وەك لەسەرەوە خرایە ڕوو، ئەوانەی وەکو بازرگانی پێکراو دەستنیشانکران زۆربەیان لە سوریا، باکوری ئەفریقیا، باشورو باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاوە بوون، هەرچەندە لە لوبنان، ئوردن و عیراق، هاونیشتمانیانیش وەکو بازرگانی پێکراو دەستنیشانکران لە ناوەوەی وڵاتدا. ژنان بە تایبەتی بەمەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی و خزمەتکاری ناوماڵ بازرگانیان پێوەکراوە. لەکاتێکدا واباوترە پیاوان بۆ ئیستغلال کردنی کار بازرگانیان پێوەبکرێت. ژمارەیکی زۆر کەم منداڵیش بە فەرمی بە بازرگانی پێکراو دەستنیشانکران لەماوەی قۆناغی کاریگەر لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا.

لە ۱۰۰۰ کەیسی خەمڵێنراوی بازرگانی پێوەکردن لە سوریا لە ٢٠١٤ کە لەلایەن وەزیری ناوخۆ ئاماژەی بۆ کرا، نزیکەی ٤٠٠یان بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی بوون. شێوەکانی دیکەی بازرگانی پێوەکردن کە لەلایەن وەزیرەوە ئاماژەی پێکرا بریتی بوو لە: هاوسەرگیری زووی ژنان و کچانی ئاوارەو پەنابەری سوری، کە کەوتبوونە بەر ئیستغلال کردنی سێکسیش ؛ ئیستغلال کردنی منداڵ لە کێشە چەکدارەکان لەلایەن گروپە چەکدارە نادەوڵەتیەکان؛ کۆیلایەتی سێکسی لەو ناوچانەی لەلایەن داعشەوە کۆنترۆڵکرابوون لەناوەوەی سوریاو؛ بازرگانی پێوەکردن بۆ دەرهێنانی ئەندامەکان بە ترانزێت لەرێگەی تورکیاوە، بەرەو ئیرائیل وەکو دوا قۆناغ (Qiblan & Hammoud, 2 October 2015). لەگەڵ ئەوەشدا، هەروەك لەسەرەوە ئاماژەی بۆکرا، ئەوە ئاشکرایە کە ئەو ڕونکردنەوە هەڵبژاردەو سیاسیەی بازرگانی پێوەکردن لە سوریا، بە بەراورد لەگەڵ بازرگانی پێوەکردنی دەستنیشانکراو لەمیانەی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم توێژینەوەیەدا.

داتاکانی حکومەت بۆ ساڵانی ٢٠١١ – ٢٠١٣ لە تورکیا دەریدەخەن کە زۆربەی هەرەزۆری قوربانیانی بازرگانی پێوەکردنی دەستنیشانکراو بەمەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی بازرگانیان پێوەکراوە، هەرچەندە هەندێ کەیسی

کەمی ئیستغلال کردنی کاریش لە ئارادابوو. لە ١٤٨ قوربانی بازرگانی پێوەکردنی دەستنیشنکراو لەماوەی ٢٠١١ – ٢٠١٣، ١٤٥یان بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی بازرگانیان پێوەکراوەو، ٣ش بۆ ئیستغلال کردنی کار. هیچ قوربانیەکی دەستنیشانکراو نەبووە بۆ شێوەیەکی دیکەی بازرگانی پێوەکردن (داتاکان لە بەشی بێگانەکان و پۆلیسی نیشتمانی خرانەڕوو: ICMPD, 2013).

پەناگەی سەنتەری کۆچی کاریتاس لە لوبنان بۆ کەسانی بازرگانی پێکراو دوپاتیدەکاتەوە کە زۆربەی قوربانیەکان لەماوەی ٢٠١١ – ٢٠١٢دا بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی بوون (٦٠ کەس)، هەروەها ٤٠ کەس بۆ خزمەتکاری ناوماڵ و ٣٧ کەس بۆ کارپێکردنی بەزۆر بازرگانیان پێوەکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئاماره فەرمیەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بۆ ٢٠١١ – ٢٠١٢ تەنیا کەیسی بازرگانی پێوەکردنیان بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی تۆمارکردووە، بۆ گەوران و بۆ منداڵانیش (ICMPD، 2013a). بۆ یەکەمجار لە ٢٠١٣، راپۆرتی بازرگانیکردن بە کەسەکانی ئەمریکا ئاماژەی بە بازرگانی پێوەکردنی سوریەکان کردووە بە مەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی کە بەرەو لوبنان هەڵاتوون (US Department of State, 2013). لە ٢٠١٤، بەپێی وەزارەتی دادی لوبنان، بازرگانی پێوەکردن بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی لە لەشفرۆشیدا دووەم باوترین فۆرمی بازرگانی کردن بە مرۆڤ بوو لەرووی ژمارەی قوربانیانی دەستنیشانکراو، دوای بازرگانی پێوەکردنی منداڵان بەمەبەستی ئیستغلال کردنی کار (LB47).

یەکەی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردنی ئوردنی وردەکاری پێشکەشکردووە، ئامارە وردەکانی بازرگانی پێوەکردن بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە، روانینێکی ورد دەدات لەسەر شێوازەکانی بازرگانی پێوەکردن و پرۆفایلی قوربانیەکان. هەر نۆ کەیسی هەژمارکراو وەکو بازرگانی پێوەکردن لەلایەن داواکاری گشتی ئوردنی لە نیوەی یەکەمی ٢٠١٥ بۆ خزمەتکاری ناوماڵان بوون. ٥٣ کەیسی بازرگانی پێوەکردن لە ٢٠١٤ هەناردەی دادگا کران، پێکهاتبوو لە ٣٤ کەیسی خزمەتکاری ناوماڵ، ١٠ بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی و ٩ بۆ کاری بەزۆر. لە ماوەی ٢٠١٣، ١٧ کەیسی بازرگانی پێوەکردن هەبوو بۆ خزمەتکاری ناوماڵ؛ ٤ بۆ ئیستغلال کردنی کار؛ ٣ بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی و ٣ بۆ دەرهێنانی ئەندامەکان (یەکەی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن، بەشی توێژینەوەو ئامارەکان، حکومەتی ئوردن، حوزەیرانی ٢٠١٥). سەرۆکی پێشووی یەکەی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن روونیکردەوە کە ئەو شێوازانەی بازرگانی پێوەکردن کە یەکەکە زیاتر کاری تیا کردوون لەوەتەی دامەزراندنی لە کانونی دووەمی ٢٠١٣ بریتی بوون لە خزمەتکاری ناوماڵ و ئیستغلال کردنی کار، چ ئەوانەی پەیوەستن بە کرێکاری ناوماڵی کۆچبەر یان کرێکارانی کۆچبەری دیکە کە لە کارگەکاندا کاردەکەن (JO21).

لە داتا ئاماریەکانی CTU، وا دەردەکەوێ کە هەموو قوربانیان و ئەنجامدەرانی بازرگانی پێوەکردن کە لە لایەن CTUەوە دەستنیشانکراون و بۆ داواکاری گشتی هەناردەکراون لەماوەی ٢٠١٣و ٢٠١٤ گەورەو پێگەیشتووبوون، پۆلێنکردنی رەگەزەکانی قوربانیانی دەستنیشانکراو لە ئوردن لەماوەی ٢٠١٣و ٢٠١٤ بەمشێوەیە بوون: بۆ خزمەتکاری ناوماڵ ١٠٤ ژن و ٣٢ پیاو؛ بۆ ئیستغلال کردنی کار ٥٨ پیاوو ٧ ژن؛ قوربانیانی ئیستغلال کردنی سێکسی ٤٨ ژن و پیاوێك بوون و؛ بۆ دەرهێنانی ئەندامەکان ٧ پیاو (یەکەی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن، بەشی توێژینەوەو ئامارەکان، حکومەتی ئوردن، حوزەیرانی ٢٠١٥).

روانینێکی گشتی بۆ کەیسە هەناردەکراوەکانی بازرگانی پێوەکردن بۆ لیژنەی ناوەندی عیراقی بۆ نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن لەماوەی نێوان نیسان- ئەیلولی ٢٠١٥کە دراوە بەم توێژینەوەیە بەلای کەیسەکانی بازرگانی پێوەکردن بۆ فرۆشتنی منداڵ دەشکێتەوە، هەروەها کەیسەکانی بازرگانیکردن بە ئەندامەکان، کە هەندێکیان رەنگە لە بازرگانی کردن بە مرۆڤ تێوەگلابن بە مەبەستی دەرهێنانی ئەندامەکان – سەیری بەشی ٥,٣,١٠ بکە لە خوارەوە. لەهەندێ کەیسی بازرگانی پێوەکردن بە ئەندامەکان ئەوە روونبۆتەوە کە بازرگانیکردن بە کەسەکان لە ئارادابووە (IQ17).

**تایبەتمەندی و سیماکانی بازرگانیکاران، وەکو رەگەزنامە، جێندەر، پیشە و ئاستی خوێندەواری، بەپێی جۆرەکانی بازرگانی پێوەکردن جیاوازە، کە لە هەندێ کەیسدا پەیوەستە بە هەندێ پیشە، جێندەر یان رەگەزنامەوە.** زۆر ئەستەم بوو کە دەستنیشانی ئەمجۆرە زانیاریە بکرێت بۆ توێژینەوە بۆ دەستنیشانکردنی پرۆفایلی قوربانیەکانی شێوە جیاوازەکانی بازرگانی پێوەکردن.

لە کاتێکدا هیچ زانیاریەکی دیاریکراو لەبارەی ئەنجامدەران لە تورکیا بەردەست نیە، زانیاریدەرانی لێکۆڵینەوە تێبینیان کردووە کە گۆرانی پرۆفایلی بازرگانیکاران و پەیرەوی ئۆپەراسیۆنەکە پرۆسەی دەستنیشانکردنی بازرگانیکارو قوربانی ئەستەمتر دەکات (TR01; TR37; TR49; TR51). لەکاتێکدا شێکردنەوەو ئامرازەکان و رێگە بەکارهێنراوەکانی بازرگانی پێوەکردن کە لە خوارەوە شیکراونەتەوە، بە گشتی، ئەو رەگەزانە پێدەچێ لە سەرەتای ٢٠١١ەوە گۆرابن، لەگەڵ توندوتیژی جەستەیی کەمترو دەروونی زیاتر، وەکو پێدانی کرێی زیاتر لە سەرەتادا یان پارەدان بە قوربانیان بۆ رێلێگرتنیان لە سکاڵاکردن؛ بوونی بازرگانیکاری جیاجیا بە یاوەری قوربانیان لە هەموو کاتێکدا؛ گواستنەوەی بەردەوامی قوربانیان لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە؛ هەروەها هەرەشەی کوشتن یان رفاندنی ئەندامانی خێزانەکانیان. دەرکەوتووە بازرگانان کەمتر پەنادەبەنە بەر گلدانەوەی پاسپۆرت و بێبەشکردن لە ئازادی (TR01; TR37; TR49; TR50; TR51).

لەگەڵ ئەوەشدا، بەپێی کۆمەڵناسێك لە کۆمەڵەی راوێژان و کچانی خێزان لە ئەنتالیا (AFCA)، بازرگانیکاران بەهێزترو دەوڵەمەندتر بوون و لە رێگەی دروستکردنی تۆری رێکخراوی ئاڵۆز، کە نزیکەی لە هەموو کەیسەکاندا پەیوەستە بە بازرگانیکاران لە تورکیا، بازرگانیکان لە وڵاتانی رەسەنی کەسانی بازرگانی پێکراو و، زۆر لەو نێوانگیرانەی قوربانیان دەگروازنەوە، وەکو نێوانگیر لە نێوان بازرگانیکاران و قوربانیان کاردەکەن. هەندێ بازرگانیکاران خاوەنی ئەو ئوتێلانەن کە بازرگانی پێوەکردنیان تیا روودەدات. بەپێی هەندێ دیدارکراو، بازرگانیکاران خۆیان راهێناوە لەگەڵ چوارچێوەی یاسایی لەبارەی بازرگانی پێوەکردن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە خۆیان لە بەدواداچوونی دادگا بدزنەوە (TR51).

سەبارەت بە ئەنجامدەرانی لوبنانیش، UNODC ژمارەی ئەو کەسانە دەداتە دەست کە بۆ بازرگانی پێوەکردن کە بە مەبەستی بازرگانی پێوەکردن لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە بە ١١ نێرینەو ٨ رەگەز نەزانراو لە ٢٠١١و، ٧ نێرینە، ٩ رەگەز نەزانراو و ١ مێینە لە ٢٠١٢ (UNODC, 2014a).

کە سەرجەم دەکاتە ١٦٨ جێگومان بازرگانی پێکراو لەلایەن CTUی ئوردنی لە ٢٠١٣و ٢٠١٤، ١٠٦یان پیاوی ئوردنی و، ١٢ ژنی ئوردنی، ٨ ژنی بەنگلادیشی، ٧ پیاوی بەنگلادیشی، ٦ پیاوی میسری، ٤ ژنی سوری، ٤ پیاوی سودانی، ٣ ژنی سریلانکی، ٢ پیاوی هیندی، ١ پیاوی عەرەبی سعودی، ١ ژنی فەلەستینی، ١ ژنی کینی، ١ ژنی ئیندۆنیسی و ١ ژنی فلیپینی. ٦٤یان تەمەنیان سەرووی ٤١ ساڵ، ٥٨یان لە تەمەنی ٣١ – ٤٠ ساڵ و، ٤٦یان لە تەمەنی ١٨ – ٣٠ ساڵی (یەکەی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن، بەشی توێژینەوەو ئامارەکان، حکومەتی ئوردن، حوزەیرانی ٢٠١٥).

لەگەڵ ئەوەشدا، لەودیو ئامارەکان لەبارەی بازرگانی پێوەکردنی خەڵك و بازرگانیکاری گومانلێکراو لەلایەن دەسەڵاتەکان کە زانیاری و داتای وەرگیراون و بۆ ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بە ئیستغلال کردن و بازرگانی پێوەکردنی منداڵان و گەوران، کە نەکەوتوونەتە بەر سەرنجی دەسەڵاتە حکومیەکانی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن. لەسەر بنچینەی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە، شێوازەکانی خوارەوەی بازرگانیپێوەکردن لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا دەستنیشانکراون و، هەریەکیان لێرەدا بە نۆرە باسی لێوە دەکرێت.

- ئیستغلال کردنی سێکسی لە لەشفرۆشیدا
- هاوسەرگیری بەزۆر
- ئیستغلال کردنی کار
- ئیستغلال کردنی کاری منداڵان
- خزمەتکاری ماڵان
- ئیستغلال کردن لەرێگەی سواڵکردن
- ئیستغلال کردن لە کێشە چەکدارەکاندا
- کۆیلایەتی سێکسی و هاوسەرگیری بەزۆر لەلایەن داعشەوە
- بەکورکردنی نایاسایی
- دەرهێنانی ئەندامەکان
- ئیستغلال کردن لە چالاکیە تاوانکاریەکاندا

ئەو ریزبەندیەی کە باسکردنەکەی لێرە پێ ئەنجامدەدرێت مەرج نیە واتای بڵاوبوونەوەی رێژەیی بگەیەنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، رەنگدانەوەی ئاستی بەردەست بوونی داتاو زانیاریەکانە لە میانەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا سەبارەت بە هەر شێوازێکی دەستنیشانکراوی بازرگانی پێوەکردن

هێڵکاری ٨: شێوازەکانی بازرگانی پێوەکردن لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا، ٢٠١١-٢٠١٥



### ١.٣.٥ ئیستغلال کردنی سێکسی لە لەشفرۆشیدا

**ژنان و کچانی سوری بەمەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا بازرگانیان پێوەکراوە.** هەروەك لە وڵاتانیدیکەی ژێر توێژینەوە، لەشفرۆشی لە سوریا نایاساییەو ژنان و کچانی ئیستغلالکراو لە لەشفرۆشی رووبەرووی مەترسی گیران و/ یان دیپۆرتکردنەوە دەبنەوە لەلایەن دەسەڵاتەکانی سوریاوە (Harroff-Tavel & Nasri, 2013). ژنانی سوری بەبنەچە لە ناوچە لادێیەکانی پارێزگای سوەیدە، ناوچەی قامیشلی لە پارێزگای حەسەکەو ریفی دیمەشق، وەکو تیوەگلاو لە لەشفرۆشی راپۆرتکراون، هەرچەندە دیدارکراوان نەیانتوانیوە زانیاری زیاتر لەبارەی پرۆفایلی ئەو ژنانە بدەنە دەست ، نەشیانتوانیوە ئەوە رونکەنەوە ئەگەر بەخواستی خۆیان لەبواری سێکس کاربکەن یان لەلایەن بازرگانیکاران و ئیستغلالکارانەوە ناچارکرابن (SY05; SY08; SY09). لەگەڵ ئەوەشدا، زانیاریدەرێکی لێکۆڵینەوە بۆ سوریا، ئیستغلال کردنی سێکسیی ژنانی گەنجی سوری تەمەن ١٨-٢٥ساڵی لە خانەوادەی لۆکەڵی هەژار یان کۆمەڵگەکانی ئاواران و لە پارێزگای دەرعا کە لە لایەن دوو هاوسەرەوە کەبۆتە هاوڕێیان و رازی کردوون بۆ تیوەگلان لە لەشفرۆشی لە ماڵی هاوسەرەکاندا، ژنانی گەنج و خانەوادەکانیان لەگەڵ ئاوارە سوریەکانی دیکە لە قوتابخانەکانی دەرعا نیشتەجێ کراون (SY12).

بازرگانی پێوەکردن بۆ ئیستغلال کردنی سێکسیی ژنان و کچانی سوری لە تورکیای دراوسێشدا راپۆرتکراوە، لە پارێزگا باشوریەکانی هاتای و شانلیئورفە، کە کۆمەڵگەکانی پەنابەرانی سوری تێدا گردبوونەتەوە. رووداوی بازرگانی پێوەکردن بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی بەزۆری لەناو پەنابەرانی سوری ناو کەمپ و دەرەوەی کەمپەکان لە میدیاکانی تورکیا دەردەکەون (Acarer, 18.01.2015; 04.05.2015; Alp, 10.04.2014; Evin, 27.01.2014; 28.01.2014)، هەرچەندە ئەمانە لەلایەن دەسەڵاتەکانی تورکیا یەکلانەکراونەتەوە .

پیشەسازی سێکس لە هاتای لە دەسپێکی قەیرانی پەنابەرانی سوریەوە گەشەیسەندووەو، شوێنە تازەکراوەکانی قاوەو نێرگەلە کە لەلایەن سوریەکانەوە بەڕێوەدەبرێت لە شوێنە لاچەپەکانی هاتای، وەکو ناوچەی یەنیشەهر، بوونەتە جێگەی مامەڵەی رێکخراوی ناحکومیی سێکس کردن لەگەڵ ژنانی سوری (و رەنگە کچانیش) لەنێوان بازرگانیکاران و دەلالەکانی لەشفرۆشی– کە زۆربەیان سورین – و کڕیارانی سێکس. رەنگە کرێ لە هاتای گران بێت و، بەپێی زانیاریدەرێکی لێکۆڵینەوە، **هەندێ خاوەن موڵکی خۆجێی خانوەکانیان بە خۆڕایی دەدەنە ئەو ژنانەی بە لەشفرۆشی قایل دەبن، خاوەن موڵکەکەش دەسکەوتی دارایی لە بەرامبەر ئەوەدا وەردەگرێت** (TR21). کارگەرێکی مەیدانی رێکخراوێکی ناحکومی، لە دیدارێك بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە، باسی پیاوێکی پەنابەری سوری دەکات کە بەزۆر لەشفرۆشی بە ژنەکەی دەکات (TR26)و، سکاڵای هاوشێوەش کراوە بە ئاماژە بەوە «پیاوانەی ژنەکانیان دەفرۆشن»، ئەوانەی کە پێدەچێ لەگەڵ ژنەکانیان لە سوریا سێکس فرۆشیان کردبێت (TR11; TR13).

لە شاری شانلیئورفە، بەپێی ئەفسەرێکی مەیدانی رێکخراوێکی ناحکومی، لەسەر بنچینەی سەرنجدانی لە تاکە یانەی شەوانەی ئەو شارەدا، کە چەند ساڵێکی کەم پێشتر سێکسکاران و ژنانی ئیستغلالکراو بۆ لەشفرۆشی زۆربەیان روسی و ئوکراینی بوون، ئێستا ئەوانە نزیکەی هەموویان بە تەنیا ژنانی سورین لە سەرەتای ٢٠ەکانی تەمەنیان. هەرچەندە زانیاری دەستی یەك لەبارەی بازرگانی پێوەکردن بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی لە کەمپەکانی پەنابەران لە تورکیا لە رێگەی دیداری ئەنجامدراو بۆ ئەم توێژینەوەیە دەستناکەوێ، زانیاریدەرێك رایگەیاند کە لە ئەنجامی دەنگۆکانی بازرگانی پێوەکردن و ئیستغلال کردنی سێکسی، خەڵکی سوری نایانەوێ بچنە هەندێ کەمپی پەنابەران، بە تایبەتی بۆ ئاکچەکالە لە پارێزگای شانلیئورفە، کە یەکێکە لە کۆنترین و ئێستاش گەورەترین خێوەتگەی کەمپی پەنابەران لە تورکیا (TR12).

هەروەك تێبینی چەند ژنهێنان کراوە لە نێوان پیاوانی تورك و ژنان و کچانی سوری (TR21)و رەنگە هاوسەرگیری بەزۆر بێت/ یان رێگەیەك بێت بۆ ئیستغلال کردنی ژنان و کچان. یەکێ لە دیدارکراوان تێبینی بوونی ئەمەی کردووە

> تورکەکانی خەڵکی نیازخراپ بە سوریەکان دەڵێن کە هاوسەرگیریەکی شیاویان بۆ دەدۆزنەوە – بێگومان، بۆ مەبەستی باش نیە –و وەکو رێگەیەك بەکاردێن بۆ ئیستغلال کردنی ژنان و کچان بە یەکێك لە شێوەکانی ئیستغلال کردن» (TR08).

ئەو دیدارکراوە باسی باوکێکی پەنابەری سوری کردووە، کە رەزامەندی خۆی داوەتە ئەو پیاوەی بە تەمای خوازبێنی کچەکەی بووە، بیری لەوە کردۆتەوە کە دەرفەتی لە ئایندە بۆ زامن بکات. چەند رۆژێك پاش هاوسەرگیریەکە، کچەکە ماڵی مێردەکەی جێهێشت و گەڕایەوە ماڵی باوکی. چونکە مێردەکەی پێشنیازی هەندێ شتی بۆ کردبوو کە پەیوەست بوو بە هەندێ شێوەی ئیستغلالکردنی سێکسی بازرگانی (TR08).

کچانی سوری کەوتنە بەر سەرنجی دەسەڵاتەکانی لوبنان، کە لە سوریا مێردیان بە پیاوی سوری کردبوو، ئینجا هێنرابوونە لوبنان تا لە لەشفرۆشیدا ئیستغلال بکرێن. پیاوەکان هەڕەشەیان دەکرد کە چالاکیەکانیان بۆ کەس و کاریان ئاشکرابکەن لە سوریا ئەگەر هەوڵبدەن داخوازی بەدەستبێنن (LB05; LB48). **لە کاتێکدا هاوسەرگیری چ ئاسایی بێت یان بەزۆررەنگە لەم کەیسانەدا ئامادەییان هەبێت، مەبەستی سەرەکی لە ئیستغلال کردن بریتی بوو لە ئیستغلال کردنی سێکسی لە لەشفرۆشیدا** (بڕوانە بەشی هاوسەرگیری بەزۆر لە خوارەوە). کچانی سوری لە حەلەبەوە بەرەو لوبنان بازرگانیان پێوەکراوە بەمەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی لەپێش و لەوەتەی ٢٠٠١ەوە (LB23)و، کەیسی کچێکی رفێنراو لە سوریاو بەزۆر لەشفرۆشی پێ کراو لە لوبنان لە رێگەی هاوسەرگیری کاتیەوە راگەیەنراوە (LB45). ژنان و کچانی سوری کە پێشتر لە لوبنان بوون، لەسەرەتای ئیستغلال کردنیان، لە هەندێ باردا ، لە ناوچەکانی نیشتەجێی خۆیان دوورخراونەتەوەکە ناچاری لەشفرۆشی کراون (LB23).

کەیسی دیکەی بازرگانی پێوەکردنی سوریەکان بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی لە لوبنان ئەو پیاوە سوریانە دەگرێتەوە کە بازرگانیان بە کچان دەکرد بەرامبەر ٥٠٠٠ لیرەی لوبنانی (نزیکەی ٣ دۆلاری ئەمریکی) بۆ هەر دیدارێك، رێکخراوی ناحکومیی حیمایەی لوبنانی (LB22)و راپۆرتیکردووەو، سالح، کە لە ٢٠١٤ ئەمەی راگەیاندووە، دوو تۆڕی تاوان ئیستغلالی ژنان و کچانی سوریان کردووە لە هاوینەهەوارەکانی کەنار دەریا لە وادی ئەلزەینە لە جەبەل لوبنان و کەفر عەبیدە لە باکوری وڵات کە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەڵوەشێنرانەوە. لە جەبەل لوبنان، پیاوێکی سوری و ژنە لوبنانیەکەی ئیستغلال کردنی سێکسیی چوار ژنیان کردبوو، لە کاتێکدا لە کەیسی کەفر عەبیدە، شەش قوربانی هەبوون، کە هەندێکیان کچ بوون (Saleh, 13 March 2014). راپۆرتی نادڵنیا ئاماژەیان بەوە کرد کە ژنانی سوری بێیاوەرو ژنانی فەلەستینی لە سوریا شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابینکراوە بەرامبەر ئیستغلال کردنی سێکسی لە کەمپی ئاوارە فەلەستینیەکان لە عەککارو عەینولحولوە (LB34; LB37). هەرچەندە نەکرا ئەمە لە سەرچاوەی دیکەوە بسەلمێنرێت.

هەروەك لە شانلیئورفە لە تورکیا، هەندێ ژنانی سوری بۆ لەشفرۆشی ئیستغلال کراون کە ئێستا لە یانە شەوانەکان و ناوچە گەشتیاریەکانی لوبنان دەبینرێن، کە پێش شەڕ ژنانی ئەورووپی و باکوری ئەفریقی لە کاری سێکسیەوە گلابوون و بۆ سێکس ئیستغلالکرابوون. لەگەڵ ئەوەشدا ، جیاوازیەك هەیە کە ژنانی سوری بۆ لەشفرۆشی لە یانە شەوانەکان ڤیزای «هونەرمەند» هەڵناگرن، بۆیەش ناکەونە بەر چاودێری ئاسایش گشتی. خزمەتگوزاری سێکسی ئەو ژنانە وا راپۆرتکراوە کە کەمتر لە ژنانی ئەورووپای رۆژهەڵاتی تێدەچێت (LB32). ئیستغلال کردنی سێکسیی بازرگانی

لەو یانە شەوانە روودەدات کە دەکەونە جونیە لە باکوری بەیروت. هەروەها دیدارکراوان ئاماژەیان بە خانەکانی لەشفرۆشی کردووە لە تەرابلوس (LB17)، بەڵام سەلماندنی ئەو زانیاریانە مومکین نەبووە. هەوارگە گەشتیاریەکانی ناوچە کەناریەکان زیاتر سەرنجی سێکسی بازرگانی رادەکێشن لە وەرزی هاویندا، کەوا زۆر گەشتیار لە وڵاتانی کەنداو کاتی پشوویان لە لوبنان بەسەر دەبەن (LB23). لە راستیدا پیشەی لەشفرۆشی لە لوبنان ئەوەندە بە ئاسانی دەگاتە دەستان کە زۆر کەس بە هەڵە وا تێدەگەن کە لەشفرۆشی یاساییە، سەرەرای ئەوەش، هەروەك لە پێشەکیدا روونکراوەتەوە، لەشفرۆشی وەك دیفاکتۆیە لە لوبنان نایاساییە لەبەر دەرنەکردنی رێپێدانی خانەکانی لەشفرۆشی (Jabbour, 2014).

**هەندێك پیاوان و کوڕانی سوریش ئیستغلال کردنی سێکسی کراون بۆ لەشفرۆشی لە لوبنان.** رێکخراوی مۆزایکی ناحکومی لوبنانی کە لە بواری کۆمەڵگەی هاورەگەزبازیدا کاردەکات، راپۆرتی کردوە کە لە ٢٠١١ەوە، ٨٠٪ی کەیسەکانی ئیستغلال کردنی سێکسی کە کاریان لەسەر کردوە لەبارەی سوریەکانەوە بوەو، ٩٠٪یان بە کوردانی سوریاوە پەیوەست بوون. پیاوان و کوڕانی تێوەگلاوی سوریا لە لەشفرۆشی بەپێی هەمان رێکخراوی ناحکومی زۆربەیجار بەخۆیان هاورەگەزبازنین (LB17).

ژمارەی کوڕان و پیاوانی ئیستغلال کراوی سێکسی بۆ لەشفرۆشی لە لوبنان زیادیکردووە؛ ئەو رێکخراوە ناحکومیانەی کار لەسەر پیاوان و کوڕانی تێوەگلاو یان ئیستغلالکراو لە لەشفرۆشی کاردەکەن وادەخەمڵێنن کە «هەزاران پیاو» ئێستا تێوەگلاون (Du Verdie, 14 February 2014). سەرەرای ئەوەش، ئەوانەی ئێستا لە لەشفرۆشی کاردەکەن یان ئیستغلالکراون لە پاشخانێکی هەژارترن لەوەی پێش ساڵی ٢٠١١. ژمارەیەکی زۆر کەمتری هاورەگەزبازانی سوری پێش شەڕ لە لوبنان هەبوون و دۆزینەوەی کار لایان ئاسانتربوو، بۆیە کەمتر دووچاری لەشفرۆشی دەبوون (LB32). هەروەك گەشتیارە نێرینەکان لە وڵاتانی کەنداوەوە پێکهێنەری ژمارەیەکی زۆری ئەوانەن کە بۆ کڕینی سێکسی هاورەگەز دەچنە لوبنان، زیادبوون و دابەزینی ئەمجۆرە ئیستغلال کردنی سێکسیە رەنگە کاریگەربێت بە پەشێوی سیاسی لە لوبنان و، بەمجۆرەش باڵکێش کردنی رێژەیی ئەوجۆرە گروپەی گەشتیاری سێکسی (Du Verdie, 14 February 2014).

لە راستیدا، راپۆرتەکانی ٢٠١١ ، ٢٠١٢و ٢٠١٣ ئەمریکا سەبارەت بە بازرگانیکردن بە کەسەکان ئاماژەی بەوەداوە کە ژنان و کچانی بازرگانی پێکراو بەرەو لوبنان بەمەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی، لەرێگەی هاوسەرگیری بەزۆر یا زوو، هەروەها بازرگانی پێوەکردنی سێکسی سوریەکان لە ناوەوەی لوبنان (US Department of State, 2011; 2012; 2013). نوێترین راپۆرتی ٢٠١٥ی بازرگانیکردن بە کەسەکان ئاماژە بە بازرگانی پێوەکردنی منداڵانی سوریەکان و، لوبنانیەکانیش دەکات بەمەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسیی بازرگانی؛ هەروەها ژنانی سوری بۆ ئیستغلال کردنی سێکسیی بازرگانی و؛ پەنابەرانی هاورەگەزبازیش بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی (US Department of State, 2015). دەبێ تێبینی بکرێت کە لەپاڵ ئەوەشدا راپۆرتەکانی بازرگانیکردن بە کەسەکان هەموو شێوەکانی لەشفرۆشی و ئیستغلال کردنی سێکسی پۆلێن دەکەن.

لە حوزەیرانی ٢٠١٥، لەکاتی کاری مەیدانی بۆ ئەم توێژینەوەیە، CTUی ئوردنی داتای دیاریکراوی هەبوو لەبارەی ئاست و دینامیکەکانی بازرگانی پێوەکردنی منداڵان بەمەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی، هەرچەندە کە هەندێك لە کەیسەکانی بازرگانی پێوەکردنی کچانی سوریا بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی دەستنیشانکرابوون و بۆ داواکاری گشتی هەنارده کرابوون (JO21; JO18). زانیاریدەرانی دیدارکراو بۆ ئەم توێژینەوەیەش رایانگەیاندووە کە مامەڵەیان لەگەڵ ژمارەیەك کەیسی کچان و ژنانی گەنجی سوری کردووە لە ئوردن کە توشی ئیستغلال کردنی سێکسی هاتبوون لە لەشفرۆشیدا چ لە رێی هاوسەرگیری موتعەی کاتی (JO26; JO17; JO21; JO18، هەروەها بڕوانە بەشی هاوسەرگیری بەزۆر لە خوارەوە) یان لە رێگەی لەشفرۆشی لە یانە شەوانەکان و خانەکانی لەشفرۆشیدا (JO12;

(JO17). له کەیسە راپۆرتکراوەکانی بازرگانی پێوەکردن بەمەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی، قوربانیەکان بریتیبوون لە کچانی ١٦-١٧ ساڵی سوری و ژنانی گەنجی ١٨-٣٥ ساڵی، کە لە ناوەوەو دەرەوەی کەمپەکانی پەنابەراندا نیشتەجێبوون. هەندێ لە کچەکان لەگەڵ خێزانەکانیاندا دەژیان، بەتایبەتی دایك و خوشك و براکانیان لە ناوچەکانی ناوەوەو دەوروبەری عەممان، ئیربیدو مەفرەق. ژنانی بازرگانی پێکراو بە شێوەیەکی گشتی تەنیا یان لە گەورەو بەخێوکەری خێزانێك بوون، لەبەرئەوەی یان مێردەکانیان مردون یان لە سوریان و ناتوانن بچنە ئوردن، یان تەڵاقیانداون (UNICEF & Save the Children, 2015).

هەندێ کچ لەلایەن دەلالێکی لەشفرۆشیەوەئیستغلالکراون، کە ناچاری هاوسەرگیری کاتیان کردوون بۆ کرداری پێگەیشتوو، لە شێوازێکی بازرگانی پێوەکردن بۆ ئیستغلال کردنی جۆراوجۆر. کەیسێك لەلایەن دیدارکراوێکەوە بە وردەکاریەوە راپۆرتکراو، لە خوارەوە لە بەشی هاوسەرگیری بەزۆر باسی دەکرێت (JO26). قوربانی دەستنیشانکراوی دیکە ناچارکراون بۆ ئەنجامدانی سێکسی بازرگانی لەسەر بنچینەی زۆربەی مامەڵەکان لە ماڵی تایبەتدا کە لەلایەن دەلالەکانەوە بەکرێ گیرابوون. لە سوریا پێش ئاوارەبوون، هەندێ لە ژنەکان پێشتر لە بواری سێکسی بازرگانی کاریان دەکردو، هەندێ لە ژنان و کچان پێشتر ئیستغلال کردنی سێکسی کرابوون. هەندێ ژنان و کچانی دیکەش بۆ یەکەمجار لە سێکسی بازرگانی یان لە ئیستغلال کردنی سێکسیی بازرگانیەوە گلابوون (JO13; JO17).

بە شێوەیەکی گشتی لەشفرۆشی لەوەتەی دەسپێکردنی ململانێ لە سوریاوە زیادیکردووە، هەرچەندە زۆربەی کەیسەکان بەپێی پەرەگرافی لەشفرۆشی لە یاسای سزاکان دادگاییکراون، لەبەرئەوەی دادوەران و ئەفسەرانی پۆلیس لەوە ئاگادارنین کە بۆیەهیە مامەڵە لەگەڵ کەسانی بازرگانی پێکراو بکەن لە هەندێ لەو کەیسانەدا (IQ17). ئیستغلالکردنی سیکسی و لەشفرۆشی لەنێو سوریەکان بە تایبەتی وا راگەیەنراوە کە لە هەرێمی کوردستانیش زیادی کردبێت. وەك وڵاتانی ژێر توێژینەوەی دیکە، دیدارکراوانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاماژەیان بەوەشداوە کە زۆر لەو تۆڕانەی کە پێشتر خەڵکیان لە لەشفرۆشی ئیستغلال دەکرد لە سوریا کارەکانی خۆیان بۆ وڵاتانی دراوسێ گواستوتەوە (IQ04; IQ12).

بەپشتبەستن بەو کارە مەیدانیانەی لە ماوەی نیوەی دووەمی ٢٠١٣ سەبارەت بە پەنابەرانی سوری لە هەرێمی کوردستانی عیراق ئەنجامدران، UN Women گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هۆشیاریەك هەیە ژنان و کچانی تێوەگلاو لە لەشفرۆشی و ئیستغلال کردنی سێکسی لە ناوەوەو دەرەوەی کەمپەکان (UN Women, 2014). ئەمەش لەلایەن UNHCR دووپاتکراوەتەوە لە ڕێگەی سەردانی مەیدانی و گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا، کە تیشکیان خستۆتە سەر مەترسی توندوتیژی سێکسی، لەشفرۆشی، «سێکس بۆ ژیان»، و بازرگانی پێوەکردن، لەنێو فۆرمەکانی دیکەی توندوتیژی لەسەر بنچینەی سێکس و جێندەر SGBV، بۆ پەنابەرانی سوری (UNHCR, 2014a). لە حەوت لە گروپەکانی تیشکۆ گفتوگۆ بۆ لێکۆڵینەوەی UN Women بەڕێوەچووە، ژنانی سوری:

> «دەریخستووە کە ئەو ژنان و کچانە دەناسن کە بازرگانی بە سێکس و سێکس بۆ ژیانەوە گلاون لە ناوەوەو دەرەوەی کەمپەکان. {...} دەنگۆی نادڵنیا گومانی بازرگانی پێوەکردن بۆ کاری سێکسیش ئاماژەی پێکراوە» (UN Women, 2014: 6-7).

راپۆرتی بازرگانی پێوەکردنی ٢٠١٥ ئاماژە بە ژنان و کچانی سوری دەکات، سەرەڕای ئاوارە ناوخۆکانی عیراق، کە بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی بازرگانیان پێوەکراوە لە عیراق لەلایەن بەرپرسانی حکومی و گروپەکانی تاوان و ئەندامانی خودی خانەوادەکانی خۆیان. راپۆرتی بازرگانی پێوەکردن بە تایبەت ئاماژەی داوە بە تۆڕی ئیستغلال کردنی سێکسی ژنانی پەنابەری سوری و ژنانی ئاوارەی عیراقی لە هوتێلەکان و لەشفرۆخانەکان لە بەغدا، بەسرە و شارەکانی دیکەی باشوری عیراق، دوای نیشتەجێکردنەوەیان لە هەرێمی کوردستانەوە: «هەندێ بەرپرسی سەپاندنی

یاسای عیراقی خۆیان لە نیشانەکان گێل دەکەن یان بەرتیل وەردەگرن بۆ ڕێپێدان بە بازرگانی پێوەکردنی سێکسی لەو شوێنانەی بە ئاشکرا لەشفرۆشیان تیا دەکرێت» (US Department of State, 2015). لەگەڵ ئەوەی، بەپێی دیدارێك بۆ ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ بەرپرسێکی حکومەتی فیدراڵی عیراق، گرووپێکی دیاریکراو بۆ لێکۆڵینەوە ڕێکخرا، هەروەك لەگەڵ پۆلیسی گەشتوگوزاریش کاریانکرد کە بەرپرسن لە چاودێری هوتێلەکان و گەشتیاران لە وڵاتدا. ئەو لێکۆڵینەوانە پەنابەرانی سوریان دەستنیشان نەکرد وەکو ئیستغلالکراوی سێکسی یان تێوەگلاو لە کاری سێکسی لە هوتێلەکانی بەسرە (IQ16).

**ژنان و کچانی عیراقیش وەکو بازرگانیپێکراو و بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی ڕاپۆرتکراون** لە خودی عیراق و لە سوریا، لەکاتێکدا لەلایەکیدیکەوە، ئیستغلال کردنی سێکسی کوڕان و پیاوانی عیراقی بۆلەشفرۆشی هەمان ڕەگەز چیدی لە لوبنان بە دیاردەیەکی بەرچاو دانانرێت. ئیستغلال کردنی سێکسی پیاوان و کوڕان پێناچێ چیدی پرسێکی پەیوەست بێ چونکە زۆربەی هاورەگەزبازانی عیراقی لەلایەن UNHCRەوە لە وڵاتێکی ئارامی سێیەمدا نیشتەجێکراون (LB17). لەپێش و لە پاش دەستپێکی شەڕ لە سوریا، ژنان و کچانی پەنابەری عیراقی کە لەدوای داگیرکردنی ئەمریکا بۆ عیراق لە ٢٠٠٣ بەرەو سوریا هەڵاتبوون بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی بازرگانیان پێوەکراوە.

بەپێی بەشدارێك لە لێکۆڵینەوەکە هەندێك لەو ژنان و کچانە لە خانەوادەی موسوڵمانی سوننەن کە لە کێشەی گشتگیری عیراق یان لە چەوساندنەوە لەلایەن میلیشیا شیعەکان لە بەغدا هەڵاتوون، لەکاتێکدا هەندێکیان بۆیە هەڵاتوون چونکە بەسیفەتێکی کەسی لەلایەن ڕژێمی نوری مالیکی (سەرۆك وەزیرانی عیراق، ٢٠٠٦-٢٠١٤) داواکرابوون. ژنان و کچانی دیکە هەبوون کە ئەندامی کەمینەکانی وەك کریستیانەکانی عیراق، سابیئەکان (لقێکن لە مەندایيەکان کە شوێن ڕێنماییەکانی یوحەننای مەعمەدان کەوتوون)، کلدانیەکان (شوێنکەوتە ئاشوریەکانی کڵێسای کلدانی کاسۆلیکی)و یەزیدیەکان بوون، کە هەڕەشە لەسەر ژیانیان هەبوو لەلایەن گروپە نیمچە سەربازی و تیرۆریستیە ئیسلامیە جیاوازەکان لە عیراق (SY09). بەپێی ڕاپۆرتی بازرگانیکردن بە کەسەکانی ئەمریکی ٢٠١٥، بەڕێوەبەری فەرمی هەواڵگری لە بەسرە لە ساڵی ٢٠١٤ تاوانبارکرا بە تێوەگلانی لە ڕفاندن و هەوڵی بەقاچاخبردنی کچێکی عیراقی بۆ دەرەوەی عیراق بە مەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی (US Department of State, 2015).

کەیسێکی نێودەوڵەتی بازرگانیپێکراو بە وردەکاریەوە لەلایەن دیدارکراوێك بۆ ئەم توێژینەوەیە باسکراوە کە پەیوەستە بە حکومەتی فیدراڵی عیراقی لە بازرگانیپێوەکردن بۆ ئیستغلالکردنی سێکسی بەرەو دوبەی لە شانشینی عەرەبی یەکگرتوو بۆ ژنێکی عیراقی و دوو کچەکەی. ژنەکەو کچەکانی توانیان لەشفرۆشخانەکە بەجێبێڵن کە تیایدا ئیستغلالکردنی سێکسی ڕوویداوەو بچنەلای پۆلیسی خۆجیی، کە ئەوانیش لە پەناگەیەکیان دانان. ئینجا دەسەڵاتەکان لەوێ پەیوەندیان بە زانیاریدەری لێکۆڵینەوە کرد بەمەبەستی ڕێکخستنی گەڕاندنەوەیان و دانانیان لە پەناگەیەك لە عیراق. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەتیانکردەوە بچنە پەناگەیەکی عیراقی، کاتێك بەڕێوەبەری پەناگەکە ئاماژەی بەوەدا کە دامەزراوەکە، لەبەر کێشەکانی دابینکردنی دارایی، لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە ئاسایشی بۆ دابین نەکراوە (IQ17).

لەگەڵ نەمانی پاشەکەوتەکانیان و بەبێ وەدەستهێنانی ڕێپێدانی کار لە سوریا، پەنابەرە مێینە عیراقیەکان بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە یارمەتیە دارایی و عەینیەکانی ڕێکخراوە مرۆییەکانی فریاکەوتن دەبەستن. ئەم لاوازیە ڕێگەی بۆ ئیستغلال کردنی کچانی عیراقی خۆشکردووە، کە هەندێکیان تەمەنیان لە ١٢ ساڵی تێپەڕنابێ و، کچانی گەنجی تەمەن ١٨و ٣٥ ساڵی، لەلایەن ئەندامانی خێزانەکانیان و خاوەن یانە شەوانەکان لە سوریا. دیدارکراوێك ئاماژەی بە تێوەگلانی ڕوو لە زیادەی ژنان و کچانی عیراقی کردووە لە پیشەسازی سێکسی سوریدا (SY09).

سەرەڕای بازرگانی پێوەکردنی ناوخۆی عێراقیەکان، زانیاریدەران بۆئەم لێکۆڵینەوەیە تێبینی ئەوەشیان کردووە کە **ژنانی لوبنانیش بۆ لەشفرۆشی ئیستغلال کردنی سێکسی دەکرێن لەلایەن ئەندامانی خێزان لە ناوەوەی لوبنان.** سەرەڕای تێوەگلان لە لەشفرۆشی بەهۆی هەژاری و توندوتیژی ناوماڵ، لەوەتەی قۆناغی سەرەتاوە (LB30). کچێکی لوبنانی بۆ وێنەی بەدڕەفتاری سێکسی (ڤیدیۆی پۆرنۆگرافی) ئیستغلالکراوەو کوڕێك بەدڕەفتاری سێکسی لەگەڵ کراوە لەلایەن دوو پیاوەوە لەجیاتی کرێی خانووی خێزانەکەیان (LB31). سەرەڕای ئەوەش، لە سەبرا، کە گەڕەکێکی باشوری بەیروتە نزیك لە کەمپی شاتیلا بۆ پەنابەرانی فەلەستینی، دوو هەوڵی ڕفاندنی منداڵان ڕاپۆرتکراوە (LB11).

دوور لە سوریەکان و عێراقیەکان، **قوربانیان لە ڕەگەزی دیکەش بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی بازرگانیان پێوەکراوە لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا لە ٢٠١١ەوە**، لەگەڵ ئەوەی ئەم دیاردەیە تا ڕادەیەکی زۆر لە سەرەتای شەڕەوە بێگۆڕان بەردەوامە. لە سوریا ، هەروەکو لوبنان و تورکیا، ژنانی گەنج، عادەتەن لە ساڵانی ٢٠ی تەمەن و، زۆربەیان لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، بە تایبەتی روسیا، ئۆکراین، بێلاروس و، مۆڵدۆڤا، لە ڕێی خەڵەتاندنەوە باڵكێش کراون، بەناوی دەرفەتی کار لە پیشەسازی کاتبەسەربردن و، تووشی بازرگانی پێوەکردن بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی لە لەشفرۆشی بوون. هەندێکیان تا ئێستا لەبەرئیستغلال کردنی سێکسین لە سوریا (Harroff-Tavel & Nasri, 2013). هەروەك لە سەرەوە روونکراوەتەوە، زۆربەی قوربانیانی بازرگانی پێوەکردن کە لە تورکیا لە ماوەی قۆناغی سەرتادا ٢٠٠٩ – ٢٠١٣ دەستنیشانکراون بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی بازرگانیان پێکراوەو بریتی بوون لە ژنانی تورکمانستان، ئۆزبەگستان، قرغیزستان، ئازربایجان، جۆرجیاو روسیا. سەرەڕای ئەوە، لە ماوەی ٢٠١٠ – ٢٠١٤، ژمارەیەك منداڵ وەکو بازرگانی پێکراو بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی لە لەشفرۆشی دەستنیشانکران، هەرچەندە تەمەن، جێندەرو ڕەگەزنامەیان دیارییکرێت (ICMPD, 2013; TR01; TR41; TR51).

لە ٢٠١١وە، ژمارەی ڤیزەی «هونەرمەند»ی لوبنانی بۆ ژنە بێگانەکان (جگە لە سوریەکان) کەمبۆتەوە،[٦٦] کە ڕەنگە ئەمەش بەڵگە بێت بۆ بوونی کاریگەری شوێن گرتنەوەی ژنانی سوری بۆ ئەو ژنە بیانیانەی بە ڤیزەی «هونەرمەند»ەوە کاریان دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە ئەو کەمبوونەوەیە پەیوەست بێت بە فاکتەری دیکە جگە لە زیادبوونی بەکارهێنانی ژنانی سوری بۆ ئیستغلال کردنی سێکسیی بازرگانی، وەکو زیادبوونی هۆشیاری مەترسیەکانی ئیستغلال کردن لە نێوان ئەو ژنانەی بیریان لە کۆچکردن بۆ لوبنان دەکردەوە بە ڤیزەی «هونەرمەند»، لە پاڵ زیادبوونی نا ئارامی لە هەندێ ناوچەی لوبنانو دەرفەتەکانی پیشەسازی کاتبەسەربردن بۆ ژنانی کۆچبەر لە وڵاتانی دیکەوە، وەکو وڵاتانی کەنداو. قەیرانی سوریا کاری نەکردۆتە سەر ئیستغلال کردنی سێکسیی کرێکارانی کۆچبەری ناوماڵ کە لە دەست خاوەنکارەکانیان ڕادەکەن و سیستەمی کەفالە بەجێدێڵن (بڕوانە بەشی خزمەتکاری ناوماڵ لە خوارەوە)و دەبنە دانیشتووی نایاسایی لە لوبنان. کەیسە ڕاپۆرتکراوەکان لە ٢٠١١وە ژنانی ئەسیوبیش دەگرێتەوە کە ببوونە دەلالی ژنانی ئەسیوبی و فلیپینی لە تۆڕێکی بازرگانی پێوەکردنی دەلالە فلیپینیەکاندا (LB33).

لە دوو کەیسی ڕاپۆرتکراو لەلایەن دیدارکراوێك لە عیراق، ژنانی بیانی غەیرە سوری لە لەشفرۆشی ئیستغلالکراون لە هەرێمی کوردستاندا (IQ12). بەپێی ڕاپۆرتی ئەمریکی ٢٠١٥ی بازرگانی پێوەکردن، ژنان لە ئێران، چین و فلیپینەوە بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی بازرگانیان پێکراوە لە عیراق (US Department of State, 2015).

٦٦ داتاکان ڕاستەوخۆ دراونەتە لێکۆڵەری وڵات لە لوبنان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش

## پرۆفایلی ئەنجامدەران

زانیاریدەرێکی لێکۆڵینەوە لە **سوریا** پێیوابوو کە ژنان و کچانی سوری بە دەگمەن لە لەشفرۆشیەوە دەگلێن بە ویستی ئازادانەی خۆیان، دەڵێ کە ئەوان عادەتەن لەلایەن باوك یا مێردەکانیانەوە ئیستغلال دەکرێن (SY09). هەروەها، وەك وڵاتانی دیکەی ژێر توێژینەوە، لە **تورکیاوا باوە کە ئیستغلالکار ئەندامێکی خێزان بێت**. ڕێکخراوێکی ناحکومی مەیدانی لە تورکیا لەبارەی کەیسی پیاوێکی پەنابەری سوری دوا کە ژنەکەی ناچاری لەشفرۆشی کردو، ناچارکران شوقەکەیان جێبێڵن کە دراوسێکان ئەوەیان زانی (TR26). لەگەڵ ئەوەشدا، زانیاریدەرێکی لێکۆڵینەوە لە تورکیا دەریخست کە دەلالە تێوەگلاوەکان لە ئیستغلال کردنی سێکسی ڕەنگە پرۆفایلی جیایان هەبێت، بۆ نمونە، ئاماژەی بەوەکرد کە بۆیاخچیەکی پێڵاو لە ناوەڕاستی هاتای جارێك لێینزیك کەوتوتەوە،

> «وێنەی ژنان و کچانی سوری پێشاندام. گوتی: «ئەوانە هەموویان سورین، هیچ یەکێکیانت دەوێت؟» (TR25).[٦٧]

هەندێ دەلالی لەشفرۆشی لوبنانی لەگەڵ نێوانگیری سوری کاردەکەن بۆ بازرگانی پێوەکردنی ژنان و کچان بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی، لەبەر ئەو ڕاستیەی کە نێوانگیریەکە کۆمەڵگەی سوری باش دەناسێت و پەیوەندیکردن ئاسان دەکات (LB31; LB32). هەروەها هەندێ دیدارکراو پێشنیازیان کردووە کە هەندێ شاویش (سەرپەرشتیاری کێڵگە) ڕەنگە ڕۆڵیان هەبێت لە ئیستغلال کردنی سێکسیی ژنان و کچانی سوری، لە ڕێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ کڕیاران و گلدانەوەی بڕێك لە قەرەبووە داراییەکە (LB22; LB18). لە کەیسەکانی ئیستغلال کردنی سێکسی، بازرگانیکارە سوریەکان زۆرجار ئەوەیان لا بەسودە کە کار لەگەڵ بازرگانیکارە لوبنانیەکاندا بکەن، چونکە لوبنانیەکە وا لە بازرگانیکارەکە دەکات ڕێکخراوی ناحکومی بەرزتر داوا بکات (LB48). لە کەیسی دیکەدا، وەگو ئەو ژنە کۆچبەرانەی ڤیزەی «هونەرمەند»یان هەبوو لەگەڵ کۆچبەرە «هەڵاتووەکان» لە کارگەرانی خزمەتکاری ناوماڵ، ئەوانە لە لایەن دەلالێك لە هەمان ڕەگەزنامەی خۆیانەوە دووچاری لەشفرۆشی دەکرێن.

لە لوبنان وا تێبینی کراوە کە هەندێ پیاوی سوری و لوبنانی کە پێش قەیران لە لەشفرۆشی هەمان ڕەگەز کاریان کردووە ئێستا بوونەتە دەلال بۆ پیاوان و کورانی لوبنانی (LB17; LB32). ئیستغلالکارانی لوبنانی بۆ پیاوان و کوڕان زۆربەیجار هەر بەخۆیان کڕیارانی سێکسن لە بەیروت و جەبەل لوبنان و، بەمجۆرە دەتوانن بە ئاسانی ببنە سەرچاوەی کاری کڕیارانی سێکسەکەی تر. وا باوە بۆ پیاوانی هاورەگەزباز و ژنانی ڕەگەزگۆڕاو لە لەشفرۆشیدا کەوا لە ژوورێك یا شوقەیەکی هاوبەشدا کاربکەن، کە بۆ دەلالەکان ئاسانتر دەکات لەگەڵ زۆر لە پیاوان و ژنانی ڕەگەزگۆڕاو لە یەك کاتدا پەیوەندیان هەبێت، بۆ ئەگەری ئیستغلال کردنیان (LB32).

لە ئوردن، ئاماری وردتر سەبارەت بە پرۆفایلی بازرگانیکاران پێشکەشکراوە. تێکڕای ٣٣ گومانلێکراو لە ١٠ کەیسی بازرگانی پێوەکردن بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی تۆمارکراون لەلایەن CTU ئوردنی لە ماوەی ٢٠١٤، ٢٦یان پیاو بوون، لەکاتێکدا ٧یان ژن بوون (یەکەی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن، بەشی توێژینەوەو ئامارەکان، حکومەتی ئوردن، حوزەیرانی ٢٠١٥). لە کەیسێکی ڕاگەیەنراوی بازرگانی پێوەکردنی کچان و ژنانی گەنجی سوری بە مەبەستی سێکسی بازرگانی لە ئیربید، بازرگانیکارەکە ژنێکی سوری بوو لە تەمەنی چل ساڵەکاندا، کە کچان و ژنانی گەنجی سوری لاوازی لە لەشفرۆشیدا ئیستغلال دەکرد (JO12).

زانیاریدەرێکی لێکۆڵینەوە لە عیراق ئاماژەیان کردووە کە لەوەتەی دەسپێکی قەیرانی سوریا، مێردەکان و ئەندامەکانی دیکەی خێزانی ئیستغلالکراو لە لەشفرۆشی زۆرجار ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی نێوانگیرانەوە تێوەگلاون (IQ15).

٦٧ لەلایەن لێکۆڵەری وڵات لە تورکیاوە وەرگێردراوە

## شێوازی کار

بازرگانی پێکردنی ژنان و کچانی سوری، عیراقی و بیانی دیکەو ئیستغلال کردنیان لە لەشفرۆشی لە سوریا **لەلایەن تۆڕی رێکخراوی لەشفرۆشیەوە** ئەنجامدراوە، کە شوفێری تەکسی، بۆدی گارد، خاوەنی لەشفرۆشخانەو هەندێجار یەکێك یان زیاتر لە ئەفسەرانی موخابەراتیان تێدایە. خانەکانی لەشفرۆشی زۆربەی جار خانوی تایبەتین لە لادێی دیمەشق، لە ناوچەی وەکو حەرەستا یان جەرەمانا، کە ٣-٥ کچ یان ژن ئیستغلال کردنی سێکسی کراون یان کاردەکەن. شوفێرانی تەکسی لە ناوەندی شاردا بەدوای کڕیارانی سێکس دەگەڕێن، عادەتەن لە دەوروبەری گۆڕەپانی مەرجە لە دیمەشق و، کاتێ کڕیارێکیان دەستدەکەوێ، مامەڵەی رێکخراوی ناحکومییان لەگەڵ دەکەن و کڕیارەکان دەبەنە خانووەکەو رادەستی بۆدی گاردەکەی دەکەن. ئینجا بۆدی گاردەکە پارەکە لە کڕیارەکە وەردەگرێت و رێیدەدات بچێتە ژوورەوە (SY09). رۆڵی شوفێرانی تەکسی وەکو نێوانگیر لە نێوان کڕیارانی سێکس و دەلالەکانلە لوبنانیش تێبینیکراوە، کە گەشتیارانی بیانی زۆربەیجار لە شوفێری تەکسی دەپرسێ کە لە کوێ دەتوانن لەشفرۆشێکیان دەستکەوێ (Nashed, 17 May 2014). وا باوە کە خاوەن لەشفرۆشخانەکان لەژێر پاراستنی دەزگا ئەمنیەکانی سورین، پارە دەدەنە ئەفسەرەکانی موخابەرات بۆ ئاسانکاری بەربوونی ژن و کچەکان ئەگەر دەسگیربکرێن و زیندانی بکرێن. ئەگەر کچێك یان ژنێك سکی پڕبوو، بازرگانیکارەکە دەیباتە لای دکتۆر کە ئەویش لەباربردنی نایاسایی ئەنجام دەدات – زۆربەی کڕیارەکانی لە کچان و ژنانی عیراقین (SY09).

بەشدارێکی دیکە لە لێکۆڵینەوە باسی ئەگەری **بەدڕەفتاری دیکەی کردووە لەگەڵ لاوازیەکان** سەبارەت بە دەلالیکردنی ژنانی گەنجی ئاوارەی ناوخۆی سوری لە شارۆچکەی دائیل، کە راستەخۆ دەکەوێتە باکوری شاری دەرعا. سێ ژنی ئاوارەی ١٨-٢٥ ساڵی چاویان بە جووتە هاوسەرێك کەوت لە دائیل، کە بانگهێشتی ماڵی خۆیانیان کردن و ئینجا تەلەفۆنیان بۆ کڕیارە گریمانکراوەکانی سێکس کرد لە دائیل بۆ بانگهێشتکردنیان بۆ ماڵی خۆیان. پیاوەکە پارەی دا بۆ سێکس لەگەڵ ژنەکان و، قازانجەکەی دابەشکرا لە نێوان ژنەکان و جووتە هاوسەرەکە. هەرچەندە بەڵگە نەبوو لەسەر بەکارهێنانی توندوتیژی یان هەڕەشە، دیدارکراوەکە پێیوایە ئەمە یەکێکە لە زۆر کەیسی ئیستغلال کردنی سێکسیی بازرگانی بۆ ژنان و کچانی ئاوارەی هەژار لەلایەن ئەندامانی لۆکەڵی کۆمەڵگە خانەخوێکانی سوریان لە رێگەی بەدڕەفتاری بەرامبەر رەوشە لاوازەکانیان (SY12).

کڕیارێکی سێکس کە لە لوبنان لە لایەن KAFA دیداریکراوە روونیکردەوە کە چۆن پەیوەندی لەگەڵ ژنان و کچان بۆ لەشفرۆشی دروستکردووە:

> «من پەیوەندی دەکەم بە «دەلالەکە» لە رێگەی تەلەفۆنەوە پێی دەڵێم کچێکی جوانم دەوێ و ئەویش پێم دەڵێ: «من پێنج کچم هەیە، بۆتیان دێنم و تۆ دەتوانێ کامەی دەتەوێ هەڵیبژێری.» {…} ئەو بە ئۆتۆمبیلی خۆی دێت، لایتەکە هەڵدەکات و کیها کچ بوێ هەڵیدەبژێرم. بۆ نمونە، بۆ ماوەی سەعاتێك ئەو کچەم دەوێ، ئەو داوای 150 دۆلار دەکات، پارەکەی دەدەمێ و کچەکە دەبەمە {…} کچە پارەی خۆی لەو وەردەگرێ.» (Jabbour, 2014: 27).

زۆربەی جار ژنان و کچانی سوری بازرگانی پێکراو بۆ لوبنان بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی دەکەونە بەر **هاوسەرگیری بە زۆر یان خەڵەتێن لەگەڵ ئیستغلالکارانی دوارۆژیان پێش بەڕێکەوتن**، هەندێجار گڵدانەوەی ناسنامەکانی ژنان و کچان لەخۆدەگرێت (LB48; LB05). هەرچەندە بەردەوام پیاوان لەو کەیسانەدا گلاون وەکو «مێرد»، رەنگە هاوکاری ژنیشیان هەبێت. دیدارکراوان راپۆرتیانکردووە کە ژنانی سوری وەسفی پەیوەندی خۆیان لەگەڵ دەلالەکان دەکەن بە « نائیجابی» (LB30). ئەمە لەلایەن رێکخراوێکی ناحکومی دووپاتکراوەتەوە کە کار لەگەڵ قوربانیانی ئیستغلال کردنی سێکسی دەکات، کە دەریدەخات کە زۆربەیجار ژنەکان زۆر لە دەلالەکان دەترسن، کە رێژەیەکی

زۆری داهاتەکانیان دەبەن (LB46). ڕێگەیەکی دیکەی کۆنترۆڵکردن کە لەلایەن زانیاریدەرێکی لێکۆڵینەوەلە لوبنان ئاماژەی پێکراوە کەوا کار لەگەڵ قوربانیانی ئیستغلال کردنی سێکسی دەکات بریتی بوو لە خۆ شارەزاکردنی دەلالەکان لە ژیانی تایبەتی قوربانیەکانیان، تا باشتر لاوازیەکانیان ئیستغلالبکەن (LB32).

تۆڕێکی دیاریکراو لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵکرا بەمشێوەیە: پیاوێکی سوری کچێك یان ژنێکی سوری هێنا لە سوریا، بردیە لوبنان و ئینجا لەوێ لە ماڵی ناسیاوانی جێهێشت، پێیگوت کە بەهۆی کارەوە دەبێ بڕوا. ئینجا خەڵکی ناو ماڵەکە کچەکە یا ژنەکەیان ناچاری لەشفرۆشی کرد، بەڵێنیان پێدا بە مێردەکەی نەڵێن. کە مێردەکە گەڕایەوە، هەڕەشەی لێکرد هەموو شتێك بە خێزانەکەی بڵێ لە سوریا و تەڵاقی بدات. زۆرجار دەلالەکەش ناسنامەی کچەکە یا ژنەکە گلدەداتەوە (LB05; LB48).

ڕێگەیەکی دیکە کە ژنان و کچان ناچاری لەشفرۆشی دەکرێن بۆ پەیوەندی لەگەڵ کڕیارانی سێکس لە ڕێگەی خۆ بە سواڵکەر پیشاندانە لە شەقامەکان (LB31)، هەرچەندە ڕەنگە ئەمە مەترسی سزای یاسایی لێبکەوێتەوە وەکو سواڵی نایاسایی لە لوبنان (بڕوانە بەشی ئیستغلال کردن لە ڕێگەی سواڵکردن لە خوارەوە). لەو کەیسەدا، سەرەڕای بوون بە قوربانی ئیستغلال کردنی سێکسی، ڕەنگە ژنان و کچان بە زۆر تاوانی سواڵیشیان پێ بکرێت (LB46). ڕاپۆرتی ڕێکخراوی کەفای ناحکومی لوبنانی لەبارەی کڕیارانی سێکس زانیاری وردی داوە سەبارەت بە ئامرازەکانی کۆنترۆڵکردن لەلایەن بازرگانیکارانەوە، لە تێڕوانینی کڕیارانەوە. پیاوێك باسی ئەوەدەکات کە چۆن دەلالەکانی لەشفرۆشی هەڕەشە دەکەن کە ژنان یان کچان بدەنە دەست پۆلیس و، بەرتیلیش دەدەنە پۆلیس هەتا پشتگیریان بکەن، لەپاڵ هەڕەشەی توندوتیژی (Jabbour, 2014).

ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی ناحکومی مۆزایکی لوبنانی دەریدەخەن کە **کوڕان و پیاوانی ئیستغلالکراو ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبنەوە ئەگەر هەوڵدەن «کار»ەکە جێبێڵن**، وەکو هەڕەشەی ئاشکراکردنی ئەو سوریانەی بەڵگەنامەیان نیە بۆ ئاسایشی گشتی. لە کەیسێکدا، دەلالێك بە پیاوێکی سوری٥ گوت کە بە زۆر لەشفرۆشی هاوڕەگەزی پێدەکرا کە ئەوەیان بۆ ڕێکدەخا بە نایاسایی بچنە ئەوروپاو،بە رووکەش پاسپۆرتەکانیانی بۆ ئەو مەبەستە وەرگرتبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، پاشان هەڕەشەی لە سوریەکان کردبوو کە پاسپۆرتەکانیان ناداتەوە ئەگەر خواستەکانی جێبەجێنەکەن (LB17). تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، وەکو واتسەپ و فەیسبوك، لەلایەن ژمارەیەك دیدارکراو ڕاگەیەنراوە وەکو ئامرازی گرنگ بۆ ڕێکخستنی ئیستغلال کردنی سێکسی، چونکە خزمەتی سێکسی زۆرجار لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ڕێکلامی بۆ کراوەو یەکەم پەیوەندی لەگەڵ کڕیاران دەشێ هەر لە ڕێی ئینتەرنێتەوە بێت. ئەو سایتانەش کە لوبنانی و غەیرە لوبنانیەکان سێکسی تێدا نمایش دەکەن بەکاردێن بۆ پەیوەندی لەگەڵ کڕیاران (LB23; LB25). دیدارکراوێك کە لەگەڵ سێکسکارانی نێرینە و پیاوان و کوڕانی ئیستغلالکراوی سێکسەوە کاردەکات ئاشکرایکرد کە ئەوان بە تێکڕای حەوت بۆ هەشت جار هەفتانە دەچنە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆ دۆزینەوەی کڕیاران (LB30).

لە کەیسی بازرگانی پێوەکردنی کچان و ژنانی گەنجی سوری بە مەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسیی بازرگانی لە ئیربید لە ئوردن، بازرگانیکارێك کە ژنێکی سوریە، لە شەقامی زانکۆ ڕاوەستاوە، لەبەردەم ATMی بانك و، ژنان و کچان بە کرێیانی گریمانکراوی سێکس لە ئوردن ، سوریاو وڵاتانی کەنداو پێشکەشدەکات. دانوستانیش لەبارەی ڕێکخراوی ناحکومی لە کافییەکی نزیکدا ئەنجامدەدرێت و، خزمەتگوزاری سێکسیش زۆربەیجار لە شوقەیەکی ڕاخراو دەبێت (JO12).

لە عیراق، زۆر کەیسی SGBV کە لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە دەستنیشانکراون لەناو خێزانەکان چونکە ژنەکان و خێزانەکان **ترسی ئەوەیان هەیە ئەگەر دەسەڵاتەکان ئاگاداربکەنەوە دەربکرێن و ناچاری گەڕانەوە بۆ سوریا بکرێن** (IQ15).

لە کەیسی ژنە سوریە ئاوارەکان لە لەشفرۆشی لە شارۆچکەی دائیل لە پارێزگای دەرعای سوری، دەگوترێ کرێیارانی سێکس ٢٠٠٠ – ٣٠٠٠ لیرەی سوری (نزیکەی ١٠ – ١٥ دۆلار) بۆ هەر دیدارێك دەدەن (SY12). لە تورکیا، لەلایەکی دیکەوە، راگەیاندنەکان دەریانخستوە کە رێکخراوە ناحکومیەکان لەنێوان ٢٠٠- ٢٥٠ لیرەی تورکین (نزیکەی ٧٥ – ٩٥ دۆلار)، «بەپێی تەمەن و جوانی» (Evin, 27.01.2014). لەگەڵ ئەوەشدا، زانیاریدەرێکی لێکۆڵینەوە لە پارێزگای هاتای رایگەیاندوە کە دیداری سێکسی لەگەڵ ژنێکی سوری رەنگە بە کەمتربفرۆشرێت بە نزیکەی ٥٠ لیرەی تورکی (نزیکەی ١٩- ٢٠ دۆلار) (TR25).

لە لوبنان، قەیرانی سوریا بۆتە هۆی دابەزینی رێکخراوی ناحکومی لە پیشەسازی سێکسدا، هەندێجار رێکخراوە ناحکومیەکان ئەوەندە کەمن دەگاتە چەند دۆلارێك، یان بە ژەمێك یان کارتێکی مۆبایل ئاڵوگۆڕ دەکرێت (LB32). KAFA ئاشکرایکردووە کە رێکخراوە ناحکومیەکان بۆ مامەڵە کراوەن و، رادەوەستێتە سەر شوێن و کاتی رۆژەکە، جۆری کردارە سێکسیەکەو بوونی نێوانگیر لەنێوان سێکسکار/قوربانیەکەو کڕیارەکەدا. دەرکەوتووە کڕیارەکان لەنێوان ٤٠٠٠و ٦٧٥٠٠٠ لیرەی سوریان داوە (نزیکەی ٢٦ – ٤٥٠ دۆلار)، بۆ نێوانگیریش نزیکەی ١٥٠٠٠٠ لیرەی سوری (١٠٠ دۆلار) بۆ دوایین دیدار پێش چاوپێکەوتن لە رێکخراوی KAFA، سەرەرای ئەوەی کە رێکخراوە ناحکومیەکان تێچووی دانوستان لەسەر خزمەتگوزاری زیاتر دەگرێتەوە. KAFA چاوی کەوتوە بە ژنانی لەشفرۆشی سەر شەقام و، ئەوانیش باسی رێکخراوی ناحکومیی هاوشێوەیان کردووە لە ٢٠٠٠٠ لیرەی سوریەوە بۆ زیاتر لە ١٥٠٠٠٠ لیرەی سوری (نزیکەی ١٣ – ١٠٠ دۆلار) (Jabbour, 2014).

## کاری سێکس و «سێکس بۆ ژیان»

بەچاوپۆشین لەو کەیسانەی لە سەرەوە باسکران دەکرا رەگەزەکان و نیشاندەرەکانی بازرگانی پێوەکردن بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی پوخت بکەینەوە، هەروەك زانیاریەکان لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا بەردەستبوون سەبارەت بە **ژنانی پەنابەری سوری تێوەگلاو لە لەشفرۆشی کە هێشتا روون نەبۆتەوە ئەگەر رەگەزەکانی ئیستغلال کردن بوونیان هەبێت**، سەرەرای ئەوەی کە لە بەڵگەکاندا لاوازی بە روونی دەرکەوتووە. زانیاریدەرێکی لێکۆڵینەوە ئاشکرایکردووە کە ژنانی سوری لە لەشفرۆشی تێوەگلابوون لە پارێزگای هاتای لە تورکیا، بەتایبەتی بێوەژنان و، هەندێ شوققە لە ناوەندی هاتای لەلایەن سوریەکانەوە بەکرێ گیرابوون کە بۆ مەبەستی لەشفرۆشی بەکاردەهاتن، لەگەڵ ئەو ئاسانکارانەی کڕیارانی سێکسی بۆ ئەوێ دەبرد (TR25). لە دۆڵی بیقاع لە لوبنان چەند «ئەڵقەیەکی سێکس»، ژمارەی تەلەفۆن هەبوون بە مەبەستی رێکخستنی دیدار لەگەڵ ژنانی سوری، راپۆرتکراوە (Harvard School of Public Health, 2014).

لە کەیسێکی دیاریکراودا کە رێکخراوی ناحکومی ARRDی ئوردنی بۆ هاوکاری یاسایی بەدواداچوونی بۆ کردووە،، ژنێکی سوری کە رابەرایەتی خێزانێکی گەورەی دەکرد، لە یانەیەکی شەوانە لە عەممان دەستگیر کراو، بە لەشفرۆشی تۆمەتبارکرا. کەیسی ئەو ژنە ئاڵۆزبوو بەو راستیەی کە خاوەن موڵك ژنەکەی لەبەر لەشفرۆشی بەگرتن دابوو تەواوی خێزانەکەشی دەرکردبوو. ARRD بۆ هاوکاری یاسایی دەستنیشانکرا بۆ دانوستان لەگەڵ خاوەن موڵکەکەو، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە منداڵانی ژنەکە لە شوققە بەکرێگیراوەکە دەرنەکرێن لە کاتێکدا کە ژنەکە هێشتا دەستگیرکرابوو (JO24). ئەوە روون نەبوو لە وردەکاریە پێشکەشکراوەکانی کەیسەکە کە ژنەکە بازرگانیپێکرابوو و/یان لەرووی سێکسیەوە ئیستغلال کرابوو لە لەشفرۆشیدا، یان بە رەزامەندی خۆی لە سێکسکاریەوە گلابوو.

سەرەرای ئەوەش زانیاریدەرانی ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لەگەڵ کۆمەڵگە ئاوارەکانی سوریا لە لوبنان کاردەکەن زۆرجار تێبینی ئەوەیان کردووە کە بە «سێکس بۆ ژیان» ناوی دەبەن، کە بەهۆی ناهەمواری باری ئابوری، یان بەدرەفتاری

سێکسی سوریەکانەوە دروستبووە (LB28). کەیسی دیکەش لە لوبنان راپۆرتکراون سەبارەت بەو خێزانانەی کە مێینەیەك سەرۆکایەتیان دەکات و ژنانی بێیاوەر کە شوێنی مانەوەی تەنیایان بۆ دابینکراوە، مەترسی لەبارەی خزمەتگوزاری سێکسی بەرامبەر شوێنی مانەوە زیاد کردوە. لە عەککار، ڕێکخراوێکی ناحکومی تێبینی کردووە کە پیاوان هاتوچۆی ئەو باڵەخانانە دەکەن کە ژنانی بێیاوەری تێدا نیشتەجێن (LB37). لە کەمپی پەنابەرانی فەلەستینی تێبینی کراوە ژنان شوێنی مانەوەی باشتریان لەو پیرو نەخۆشانە پێشکەش دەکرێت، کە لە خێوەتەکاندا نیشتەجێکراون (LB34).

نیشاندەرەکانی ئیستغلال کردنی سێکسی و/یان «سێکس بۆ ژیان» ڕەنگە بەرچاوبێت لە سکاڵاکانی کۆمەڵگەی پەنابەران کە **ژنێکی دیاریکراو لەکاتی پرۆسە مرۆییەکانی دابەشکردنی خۆراك و پارە باشتر دادەنرێن** (LB37) یان کە ژنێك بانگهێشت دەکرێت بۆئەوەی بەتەنیا بچێتە شارێکیدیکە (بۆنموونە لە عەککارەوە بۆ تەرابلوس) بە مەبەستی دەستکەوتنی هەرجۆرێك لە جۆرەکانی هاوکاری (LB39). هەروەها ڕاگەیەنراوە کە ژنان و کچانبوونەتە قوربانی بەدڕەفتاری سێکسی لە لوبنان چونکە ناتوانن قەرزەکانیان بدەنەوە بە دوکانەکان، یان خاوەن موڵکێك بەدڕەفتاری سێکسی لەگەڵ ژنێك یان کچێك دەکات چونکە ناتوانن کە لە کێڵگە کشتوکاڵیەکەیدا کاربکەن (LB28). بەدڕەفتاری سێکسی لە ئیستغلال کردنی سێکسی زیاتر دادەنرێت لە کەیسی ژنان و کچانی کەمئەندام، لەگەڵ ژنان و کچانی کەم عەقڵ کە بە شێوەیەکی زیاتر دەکەونە بەر مەترسی (LB41). بازرگانیکارانی بواری ئیستغلال کردنی سێکسی ڕەنگە قازانجیدیکەش لە قوربانیەکانیان بکەن سەرەرای قازانجە داراییەکان، کە بۆیەهیە خۆیان بەدرڕفتاری سێکسیان لەگەڵ ئەنجامبدەن (LB17).

## ٢.٣.٥ هاوسەرگیری بە زۆر

لە ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، دەشێ **سێ جۆری جیاوازی هاوسەرگیری بەزۆر دەستنیشانبکرێت:**

| | |
|---|---|
| ١. | بازرگانی پێوەکردن بەمەبەستی هاوسەرگیری بە زۆر (بۆ نمونە مەبەستی سەرەکی وەدەستهێنانی قازانج بێ لە خودی هاوسەرگیریەکە) |
| ٢. | بازرگانی پێوەکردن بەمەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی، کە هاوسەرگیری بەکاربێت بۆ ئاسانکاری ئیستغلال کردنی سێکسی |
| ٣. | هاوسەرگیری زوو |

**خاڵی دووەم** لەسەرەوە لەبەشی تایبەت بە بازرگانی پێوەکردن بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی باسکراوە، ئیستغلال کردنی سێکسی لە لەشفرۆشی بریتیە لە مەبەستە سەرەکیەکەی، هەروەها هاوسەرگیری بە زۆر وەکو ئامرازێك بەکاردێت بۆ بازرگانی پێوەکردنی ژنان و وەکو دۆخێکی توند لە کەیسی کچاندا. بۆ **خاڵی سێیەم**، کەیسەکانی هاوسەرگیری زوو کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتوون مەرج نیە هەمووی بریتی بێت لە بازرگانی پێوەکردنی منداڵان و، پێویستە هەر کەیسێك بەتەنیا دیراسەبکرێت بۆ دیاریکردنی تەواوی ڕاستیەکان لە دیدی داوەری تاوانکاری.

**خاڵی یەکەم، بازرگانی پێوەکردن بۆ هاوسەرگیری بە زۆر، لە لوبنان و وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا زۆر دەکەونە بەرچاو و پراکتیسە نایاسایی و نافەرمیەکانی شێوەکانی هاوسەرگیری دەگرێتەوە وەکو هاوسەرگیری کاتی (موتعە) یان هاوسەرگیری گەشتیاری (میسیار).** دوایین بڵاوکراوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لەبارەی «هاوسەرگیری

گەشتیاری» لە یەمەن، کە تایبەتمەندی ویکچووی هەیە لەگەڵ ئەو دیاردەیە لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا، بەمشێوەیە پێناسەکراوە:

> «یەکگرتنێکی یاساییە لەنێوان ژنێکی یەمەنی و پیاوێك لە وڵاتانی کەندوی عەرەبی مەبەستی زاوا ئەوەیە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بێ – ئەمەش راستیەکە بەشێوەیەکی روون نەگەیەنراوەتە دایبابان، بووك یان بەرپرسانی یەمەنی. زۆربەی جار ئەو جۆرە هاوسەرگیریە لە مانگەکانی هاویندا روودەدەن کە ژمارەیەکی بەرچاوی گەشتیارانی وڵاتانی کەنداو {هەروەها} وڵاتانی (ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو) سەردانی یەمەن دەکەن» (IOM, 2014: V).

ئەم جۆرە هاوسەرگیریە «گەشتیاری» یان «کاتی»ە لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا کچان و ژنانی گەنج دەگرێتەوە، هەرگیز مەبەستی درێژخایەنی تێدا نیە، بەڵکو بریتیە لە ئامرازێکی **گەشتیاری سێکسی**. زۆر لە «زاواکان» لەم کەیسانەدا، هەروەکو یەمەن لە وڵاتانی کەنداوەوە هاتوون، هەرچەندە رەنگە لە خودی وڵاتەکانیشەوە بن. توێژینەوەکەی IOM ئاماژە بە هاوسەرگیری کاتی دەکات وەکو پراکتیسێك کە بۆ سەردەمی پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە، لەوکاتەوە هەیە کە «دژە رای ئاینی و کۆمەڵایەتی گەرم بەرامبەر شەرعیەت لە چوارچێوەی یاسای ئیسلامی و کاریگەریە کلتوریەکانی» (IOM, 2014: VIII).

ئەم توێژینەوەیە دەریخستووە کە پیاوانی وڵاتانی ژێر توێژینەوە و وڵاتانی کەنداو خزمەتگوزاری «بەربووکەکان» بەکاردێنن بۆ رێکخستنی هاوسەرگیری کاتی و هاوسەرگیری گەشتیاری لەگەڵ ژنان و کچانی پەنابەری سوری (Abu Shama, 5 September 2013; Kamal, 15 December 2015)، بەمەبەستی بوونی پەیوەندی سێکسی لەگەڵیاندا. ئەوەی کە پەیوەستە بەو پرسەی کە، بە گشتی هاوسەرگیری گەشتیاری بەوشێوەیەی کە لە یەمەندا هەیە دەشێ لە سەرەتادا وەکو بازرگانیکردن بە کەسەکان سەیری بکرێت، توێژینەوەی IOM دەریخستووە کە هەڵخەڵەتاندن لەلایەن زاواو رێکخەری هاوسەرگیریەکە –هەندێجاریش باوکەکە، سەرپەرشتیاری نێرینەو ئەندامانی دیکەی خێزانی «بووك»- هەیە، لەگەڵ بوونی مەبەستی بەدڕەفتاری سێکسی،لەبەر سروشتی کاتی ئەم «هاوسەرگیریە». توێژینەوەکە گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە هەرچەندە:

> «هەر حاڵەتێك پێویستە بەجیا باسی لێبکرێت بۆ دیاریکردنی هاریکاران لە هەڵخەڵەتاندن ئەگەر ئیستغلال کردنی سێکسی روویدابێ. دەرەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە کە هاوسەرگیری گەشتیاری دەبێ بە بازرگانی کردن بە مرۆڤ دابنرێ وەکو دیفاکتۆ لە زۆر ئاستی کۆمەڵگەی یەمەندا دانی پیانراوە» (IOM, 2014: IX).

کە هەروەك لە پێشەکیدا روونکراوەتەوە، بەپێی یاسای سوری، قازی شەرعی دەسەڵاتی رەتکردنەوەی پێکهێنانی هاوسەرگیری هەیە ئەگەر کچە لەخوار ١٥ ساڵی دابوو، لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەیجار ئەمە بۆ خواستی خێزانەکە دەگەڕێتەوە، کە قازیەکە رەزامەندی دەدات لەسەر هاوسەرگیری زوو. لەسوریا، «هاوسەرگیری بە وەکالەت» یاساییە، **لەپێش ٢٠١١شەوە ئەنجامدراوە**، بەتایبەتی کە زاوا پیاوێکی سوری بێت لە دەرەوەی وڵات کاربکات و ویستبێتی ژنێك یان کچێکی سوری بخوازێت کە هێشتا لەناو سوریابێت. ئێستا، لەرێگەی باڵیۆزخانەکانی سوریاوە، پیاوان لە وڵاتانی کەنداوەوە نوێنەرێکی یاسایی لە سوریا دەستنیشان دەکەن کە هەموو پرۆسەکانی دادگایان بۆ تەواوبکەن و لایەنی یاسایی هاوسەرگیریەکە رێکبخەن. کاتێك پرۆسە یاساییەکان تەواو دەبن ژنەکە یان کچەکە دەچێتە ئەو وڵاتەی مێردە تازەکەی تێدا دەژی (SY08).

لە هەندێ هاوسەرگیری زوو، جیاوازیەکی کەم لەنێوان تەمەنی بووك و زاوا هەیە: رەنگە هەردووکیان لەخوار

تەمەنی هەژدە ساڵیەوەبن، یان بووکەکە هەژدە ساڵ کەمتر بێت و زاوا تەمەنی نزیك هەژدە ساڵی بێت. لە هەندێکی دیکەدا، جیاوازی بەرچاو لەنێوان تەمەنی بووك و زاوادا هەیە، کە بووك لەژێر هەژدە ساڵیدایەو زاوا زۆر گەورترە. گرنگە کە ئەو جیاوازیە پیشان بدرێت چونکە ئەو هۆکارانەی وا لە خێزانەکان دەکەن کچەکانیان لە تەمەنێکی بچووك بەشوو بدەن بەپێی «جۆر»ی هاوسەرگیریەکە دەگۆڕێت (LB17; LB25; Harvard School of Public Health, 2014). **کاتێ جیاوازیەکی بەرچاو لەنێوان تەمەنی بووك و زاوادا هەیە، وا باوترە کە مامەڵەیەکی دارایی گەورە لەنێوان زاواو خێزانی بووکە منداڵەکە لە ئارادایە** (LB25).

لەناوەوەی سوریا، کچانی تێوەگلاو لە هاوسەرگیری زوو و بازرگانی پێوەکردن بۆ هاوسەرگیری بە زۆر، هێندێکیان تەمەنیان لە ١٣ و ١٤ ساڵیدا تێناپەڕێ، کە بەشێوەیەکی گشتی سەر بە خانەوادەی هەژارن لە ناوچە لادێ نشینەکاندا. دایبابان کچەکانیان بەشوو دەدەن بۆ ئەوەی نەختەکەی وەربگرن و کەسێکیان لێ کەم بێتەوە کە چاودێری بکەن (SY07). هەندێ بەشدارانی لێکۆڵینەوە کە بۆ ئەم توێژینەوەیە دیداریانکراوە رایانگەیاندووە کە لە هەندێ کۆمەڵگەی لادێیی لە سوریا، رێکخستنی هاوسەرگیری زوو لە رووی کلتوری و ئاینیەوە قبوڵکراوە، **لەنێوان زاوا و ئەندامێکی نێرینەی خێزانی کچەکە دانوستانی لەسەردەکرێت، نەك لەلایەن تۆڕەکانی تاوانەوە رێکخرابێت** (SY03; SY08).

ئەو کچانەی تەمەنیان ١٣ ساڵ بەرەو سەرە، لەناوچە جیاجیاکانی سوریا، بەشوودراونەتە پیاوانی بەتەمەنتر لە وڵاتانی کەنداوەوە. هەندێ لە ژنان و کچان رەنگە دووچاری فۆرمی جیاوازی ئیستغلال کردن بووبنەوە، کە بۆیەهیە لە سەرەتادا بۆ هاوسەرگیری بە زۆرناچارکرابن لەلایەن خێزانەکانیانەوە، پاشان بۆ لەشفرۆشی ئیستغلالی سێکسی کرابن لەلایەن مێردەکانیانەوە، لە رەوشێکی لاواز لە وڵاتێکی بێگانەدا (SY08).

بەهەمانشێوە، لێکۆڵینەوەیەك لە ٢٠١١ لەلایەن Batman Bar Association لەباشوری تورکیا ئەنجامدرا، دوای سکاڵا لەبارەی هاوسەرگیری بە زۆری پەیوەست بە «بووکانی سوری» کە تەمەنیان ١٢ – ١٣ ساڵ بوون، لە سوریاوە هێنرابوونە تورکیا بەرامبەر «رێکخراوی ناحکومیی بووك».[٦٨] بەپێی دیدارکراوێك لە رێکخراوەکە، لەبەرئەوەی ئەمە پێش شەڕیش روویدەدا، دەبێ بەردەوام بێ و ژمارەی زیادبووبێ و پێویستە لێکۆڵینەوەی لێبکرێت (TR49).

هەروەها لە لوبنان، کۆمەڵگاکانی سوریان رایانگەیاندووە کە مەترسیان هەیە لە پیاوانی وڵاتانی کەنداو کە دێنە لوبنان بۆ خواستنی کچانی سوری. گوایە ئەم دیاردەیە لە ٢٠١٤ کەمبۆتەوە بەهۆی خراپتربوونی رەوشی ئەمنی لە عەککار کە هاندەر نیە بۆ گەشتکردنی پیاوان لە کەنداوەوە (LB36).

فۆرمی هاوشێوەی هاوسەرگیری «گەشتیاری» لەگەڵ ژنان و کچانی سوری لەوەتەی دەستپێکردنی شەڕی سوریا کەوتوتە بەرچاو لە پارێزگا ئوردنیەکانی عەممان، ئیربید و مەفرەق، لەناوەوەو دەرەوەی کەمپەکانی پەنابەراندا کە لەلایەن گروپی رێکخراوی بازرگانیکارانی ئوردنی و سوری رێکخراوە. ئەو دەڵاڵانە سوود لە هەستی نائارامی

لە لوبنان، رێکخراوە ناحکومیە لۆکەڵەکان بینیویانە کە پیاوانی وڵاتانی کەنداو (عەرەبستانی سعودی، کوێت و قەتەر) دەچنە ناوچەی عەکارو کچانی وسوری دەخوازن لەرێگەی هاوسەرگیری ناپاساییەوە، کە شێخێك (سەرکردەیەکی ئاینی موسڵمانی سوری یان لوبنانی) واژۆی گرێبەستەکە دەکات کە بە فەرمی لەلایەن دەوڵەتی لوبنانیەوە ئەو دەسەڵاتەی نییە کە گرێبەستەکانی هاوسەرگیری واژۆ بکات. لەهیچ یەکێك لەو کەیسانەدا، کچەکان نەبراونەتە وڵاتانی کەنداو، چونکە هاوسەرگیریەکە یاسایی نیە بۆیە مەحاڵە بۆ کچەکە کە ڤیزە وەربگرێت. چەند هەفتەیەك یان چەند مانگێك دوای هاوسەرگیریەکە جیابونەوە روودەدات و، وەدەستهێنانی تەڵاقیش بۆ پیاوەکە ئاسانە، چونکە هەروەکو هاوسەرگیریەکە یاسایی نیە (LB36).

٦٨ ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بڵاونەکراونەتەوە

ئابوری و جەستەیی خێزانە پەنابەرە سوریەکان وەردەگرن بۆ رازیکردنی هەندێك لە دایبابان بۆ فرۆشتنی کچەکانیان بۆ هاوسەرگیری، زۆربەی جار بەبێ گرێبەستی یاسایی، بۆ پیاوانی بەتەمەنتر لە ئوردن و وڵاتانی کەنداو یان وڵاتانی دیکەهەندێ لەو هاوسەرگیریە نایاساییە رێکخراوانە رەنگە دواتر رێکاری یاساییان بۆ ئەنجامبدرێت (Abu Shama, 5 September 2013). هەندێکی دیکە ، لەگەڵ ئەوەشدا کە لە دەرەوەی سیستەمی دادوەری روودەدەن و لە کۆتاییدا پاش چەند مانگێکی کەم «مێرد»ەکە وندەبێت و دایکە گەنجە تەنیاکان هەوڵ دەدەن کە رەگەزنامەی منداڵە لەدایکبووەکانیان لەنەبوونی باوکێك و بەڵگەنامەی دروستی هاوسەرگیر بەدەستبێنن (Kamal, 15 December 2015).

لە کەیسێك کە بە وردی وەسفکراوە لەلایەن زانیاریدەرێکی لێکۆڵینەوە لە ئوردن، قوربانیەکە کچێکی تەمەن ١٧ ساڵی سوری بوو کە بۆ هاوسەرگیری بەزۆر بازرگانی پێوەکرابوو و رووبەرووی توندترین شێوەی بەدڕەفتاری سێکسی بیبووەوە. لە ساڵی ٢٠١٣ لەگەڵ دایکو خوشکەکانی گەیشتە پارێزگای دەرعای سوری. باوکی بزر ببوو و، دایکی لە ئوردنەوە بەرەو لوبنان چووبوو لەگەڵ خوشك و براکانی، کچەکەشی لەژێر چاودێری ژنێکی سوری دیکە بەجێهێشتبوو، کە ناسیاوی دایکی بوو و لە ناوچەیەکی دەوڵەمەندی عەممان دەژیا. ئەو ژنە، پێدەچوو بە رەزامەندی دایکی کچەکە، کچەکەی ناچاری هاوسەرگیری بەزۆر کردبێتەوە لەگەڵ پیاوێکی سووروی تەمەن ٥٠ ساڵی لە عەرەبستانی سعودیەوە، بەرامبەر پارە.

سێ رۆژ دوای «گواستنەوە»، پیاوە سعودیەکە لەو شوقەیە بزر بوو کە جووتە هاوسەرە تازەکەی تێدا دەژیا و ژنە سوریەکەش بە کچەکەی گوت کە مێردەکەی تەڵاقی داوە. دوای چەند رۆژێك بە زۆر درایەوە بە پیاوێکی دیکەو، بەمجۆرە رووبەرووی هاوسەرگیری بەزۆربووەوە لەگەڵ نزیکەی سێزدە پیاوی دیکە لە ئوردن و وڵاتانی کەنداو لەماوەی دوو ساڵدا. هەر «هاوسەرگیرییەك» لەنێوان رۆژێك بۆ سێ رۆژی خایاندبوو، درێژترین «هاوسەرگیری» لەگەڵ پیاوێکی ئوردنی بوو، کە نزیکەی مانگێکی لەگەڵ کچەکە بەسەر بردو پاشان «تەڵاق»ی دا (JO26). هەموو هاوسەرگیریەکان یاسایی نەبوون: گرێبەستی هاوسەرگیریەکە لەسەر پارچە کاغەزێك لەلایەن شێخێك و لە بەردەمی شایەتان و، نێوانگیرەکەو زاواکە دەنوسرا، لەگەڵ تەڵاقدانی کچەکەش لەلایەن مێردەکەیەوە، پارچە کاغەزەکە لەبەرچاوی کچەکە لەلایەن نێوانگیرەکەوە لەنێودەبرا (JO26; JO19; JO21).

هەرجارێك یەکێك لە کڕیارەکان داوای کچێکی پاکیزەی بکردبا، کچەکە ناچاری ئەنجامدانی نەشتەرگەری دەکرا لە سەردانگەیەکی تایبەتی لە عەممان. هاوسەرگیریەکان و تەڵاقەکان نایاسایی بوون: لەبەردەمی شایەتحاڵەکان، گرێبەستێکی بێکەڵکی هاوسەرگیری لەسەر پارچە کاغەزێك دەنوسراو، کاتێك پیاوەکە دەیویست کچەکە تەڵاق بدات، زۆر بە ساکاری پارچە کاغەزەکە لەلایەن بازرگانیکارەکەوە دەدڕێنرا. قوربانیەکە لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٤ دەستنیشانکراو بردرا بۆ پەناگەیەکی کەسانی بازرگانییێکراو لە عەممان، نزیکەی دوو مانگ لەوێ مایەوەو چارەسەری تەندروستی ژنان و دەروونی وەرگرت. هەردوو ژن سوریەکەو دکتۆرە ئوردنیەکە دەستگیرکران و لەلایەن دەسەڵاتە ئوردنیەکانەوە دادگاییکران و، دایکی کچەکەش بە بازرگانی پێکردن تۆمەتبارکرا، چونکە بەرپرس بوو لە رێکخستنی یەکەم هاوسەرگیری بەزۆر(JO26).

زانیاریدەرێکی لێکۆڵینەوە لە عیراق ئاماژەی کردووە کە پیاوەکان دەگەنە ئەو شوێنانەی پەنابەرە سوریەکانیان تێدا نیشتەجێیە بەدوای بووکێکی گەنجدا دەگەڕێن، گرووپێکی نزیکەی ١٤ کچی لە ژوورێك کۆدەکرێنەوە و پیاوەکە یەکێکیان لەناو هەڵدەبژێرێت. ئینجا خێزانی کچەکە پارە وەردەگرن. زۆر لەو پیاوانە لەوڵاتانی کەنداون. راپۆرتکراوە کە هەندێ لەو کچانە لەرێی خواردنی دەرمانی زیادەوە خۆیان کوشتووە بۆ رزگاربوون لەو هاوسەرگیریە. ئەو دیدارکراوە ئەزموونی راستەوخۆی هەبوو لەگەڵ کچێکی ١٤ ساڵان کە ببوە قوربانی هاوسەرگیری بە زۆری لەم جۆرە (IQ05).

**کەیسەکانی تایبەت بە هاوسەرگیری بە زۆری کچانی سوری بۆ هاوڵاتیانی خانەخوێی ژێر توێژینەوەش لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەکەونە بەرچاو.** لەراستیدا، لەنێو زۆر پرسی دیکەدا، گەیشتنی پەنابەرانی سوری بە تورکیا مشتومڕێکی زۆری سەبارەت بە هاوسەرگیری زوو و هاوسەرگیری بە زۆر هێناوەتە ئارا (TR33; TR35; TR46; TR47; TR49; TR50; TR51). لەکاتێکدا نێوانگیرانی هاوسەرگیری بەشێوەیەکی تایبەت لە پارێزگاکانی عەنتاب، کیلیس، هاتای، ئورفەو باتمانن لە باشوری رۆژهەڵات و باشوری تورکیا، ئەوان توێژیکیان دامەزراندووەو لەسەرتاپای وڵات «کڕیار» دەدۆزنەوە. ئەو توێژە تەمەنەی کە زیاتر داواکراوە لە ژنان و کچانی سوری بۆ هاوسەرگیری بە زۆر تەمەنی ١٥ ــ ٢٠ ساڵیە. لە وێستگەی سوتەمەنی ناوچەی نسێبین لە ماردین، بەپێی راپۆرتی لێکۆڵینەوە، کەتەلۆگێکی ژنان و کچانی تەنیا بەردەستە بۆ کڕیاران. لە زۆر کەیسدا، هەروەك لەلایەن ژنان و کچانی پەنابەری سوریەوە راگەیەنراوە، هاوسەرگیریەکان زۆر ناخایەنن و تەنانەت ئەگەر بەردەوامیش بێ، رەنگە هاوسەرگیریەکە ئاسانکاریەك بێ بۆ رەوشی خزمەتکاری ناوماڵ (Mazlumder, 2014)، سەرەڕای ئەوەی کە ئەمە لەلایەن دەسەڵاتە تورکیەکانەوە نەسەلمێنراوە.

دوو لەو حاڵەتانە راستەوخۆ لەلایەن دەسەڵاتە لۆکەڵەکانەوە کاریان لەسەرکراوە، بەپێی هەمان راپۆرت. لە کەیسێکیان، «ژنێك» (تەمەنی دیاری نەکراوە) لەو وێستگە سوتەمەنیە فرۆشراوە، بەڵام پاشان هەڵاتووەو داوای یارمەتی کردووە لە دەسەڵاتەکان ئەوانیش لە پەناگەیەکیان داناوە. کەیسەکەی دیکە تایبەتە بە کچێکی ١٦ ساڵان کە فرۆشراوەتە پیاوێکی تەمەن ٦٠ ساڵی؛ ئەو رووداوە لەلایەن دراوسێکانەوە بە پۆلیس راگەیەنراوە کە چوون و کچەیان بردۆتە پەناگەیەك (Mazlumder, 2014). دیدارکراوێك لە رێکخراوێکی مرۆیی نێودەوڵەتیش قسەی لەبارەی کەیسی کچە سوریە پەنابەرە ١٦ ساڵانەکە کردووە کە بەشوودرابووە پیاوێکی تورك و، تەنیا پاش چەند مانگێك، پیاوەکە هەناردیەوە بۆ کەمپی پەنابەران کە خێزانەکەی لەوێ دەژیان. کچەکە لەماوەی چەند مانگێکدا دووبارە مێردی کردەوە (TR28).

وەزارەتی خێزان و سیاسەتە کۆمەڵایەتیەکانی تورکیا بەمدواییە کچێکی پەنابەری سوری خستە ژێر پارێزگاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاریەکانی پاراستنی منداڵ. دایك و مامی کچەکە بەزەر بەشویان دابوو و لەشاری سینۆپی باکورەوە ناردبوویانە مێردین لە باشور (TR46; TR47). کەیسی کچێکی ١٣ ساڵانی سوریش بۆ رێکخراوێکی ناحکومی نێودەوڵەتی لە غازی عەنتابراپۆرتکراوە، کە خاوەن موڵکێك داوای لە دایکی کچەکە کردووە تا کچەکەی مێردی پێبکات بەرامبەر ئەو کرێیەی دایکەکە نەیدەتوانی بیدات. بەپێی ئەم دیدارکراوە، کەیسەکانی لەمشێوەیە راستەوخۆ هەناردەی وەزارەتی خێزان و سیاسەتە کۆمەڵایەتیەکانی تورکیا دەکرێن، سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی خێزانەکان نایانەوێ راپۆرتی ئەو پرسانە بکەن لەبەر گوشاری کۆمەڵایەتی و کلتووری (TR32).

زانیاریدەرێکی لێکۆڵینەوە لە تورکیا سەرنج بۆ ئەو دیاردەیە رادەکێشێ کە ناوی ناوە « ئیستغلال کردنی پیاوانی لۆکاڵ لەلایەن ژنانی سوریەوە». کە بەهۆی بەلای کەمی چوار کەیسی ژنانی سوری بینیوە کە مێردیان بە پیاوی تورك کردووەو، دوای هەفتەیەك، ژنەکە رۆیشتووە، هەموو ئەو شتە بەهادارەشیان لەگەڵ خۆیان بردووە کە لە ئاهەنگی گواستنەوە پێشکەشیانکراوە. دەڵێن مێردە سوریەکانی ئەو ژنانە وەکو «خوشك» ژنەکانیان ناساندووە، پیاوێکی تورکیان دۆزیوەتەوەو هاوسەرگیریەکەیان رێکخستووە (TR09). کە ئەو رووداوانە وەکو «ئیستغلال کردنی پیاوانی لوکاڵ» دەگێڕدرێنەوە، دەشێ ئاماژە بە ئیستغلال کردنی ژنەکانیش بکەن لەلایەن ئەو پیاوانەی کە خۆیان بە برای ئەو ژنانە ناساندووە، هەرچەندە هیچ بەڵگەیەك بۆ ئەمە دەستنەکەوت.

چەند زانیاریدەرێکی لێکۆڵینەوە لە لوبنان کە شارەزان لە هاوسەرگیری بە زۆرو هاوسەرگیری زوو کۆکن لەسەر ئەوەی ئەمە شێوازێکی بازرگانی پێوەکردنە کە زیاتر کاریگەری بەسەر کچانی سوریدا هەیە (LB27; LB07; LB10)، - لەکاتێکدا کوڕانی سوری زیاتر دەکەونە بەر بازرگانی پێوەکردن بۆ سوخرەو کارپێکردنی بەزۆر (LB27; LB31)، سەیری بەشی ئیستغلال کردنی منداڵ بۆ کار بکە لە خوارەوە. قازانجەکان لە هاوسەرگیری بە زۆر لە

لوبنان بۆ خێزان یان بەشێوەی پارەیە یان، وەکو کەیسەکەی غازی عەنتاب لە تورکیا، بۆ قازانجی نا نەقدیە وەکو شوێنی حەوانەوە. بۆ نمونە، راگەیاندنەکان رووماڵی کەسانێکیان کردووە کە خاوەن موڵك و خاوەن زەوی خێزانی سوریان ناچارکردووە کچەکەیان پێی بدەن تا شوێنی مانەوەیان بپارێزێ (Tomlinson, 15 January 2014).

ئەمجۆرە **هاوسەرگیریە بە مەبەستی قازانج** کەوتوتە ژێر کاریگەری ئاوارەبوونی ئەو سوریانەی دووچاری دەبنەوە، هەروەك زۆربەی هاوسەرگیریە زووەکانی لە پێش شەڕ لە سوریا ئەنجامدراون بە بێ قازانج دانراون (Luca, 15 November 2013). هاوسەرگیری بە زۆر لەوەتەی دەسپێکی شەڕ لە سوریا زیاتر بڵاوبۆتەوە لەنێو فەلەستینیەکان لە سوریاوە لەوەی کە پێشتر لەنێو فەلەستینیەکانی لوبناندا هەبوو (LB18). راپۆرتی بازرگانیکردن بە کەسەکانی ٢٠١٤ ئاماژە بە زیادبوونی منداڵانی سوری دەکات لە لوبنان کە لە هاوسەرگیری زوو گلاون کە رەنگە ببێتەهۆی کاری بەزۆر و ئیستغلال کردنی سێکسی، لەکاتێکدا راپۆرتی بازرگانیکردن بە کەسەکانی ٢٠١٥ ئاماژە بە بازرگانی پێوەکردنی منداڵانی سوری یا هاوسەرگیری بە زۆردەکات لە لوبنان (US Department of State, 2014; 2015).

لە سەرەتای قەیرانی پەنابەرانی سوری، UNHCR لە ئوردن دوودڵی هەبوو لە بارەی ئەگەری مەترسی بازرگانی پێوەکردنی پەنابەران لە کەمپەکانەوە، بە تایبەتی بەرەو وڵاتانی کەنداو، لە رێگەی **سیستەمی «رزگارکردن»** (JO17). پێش تەموزی ٢٠١٣، چەند کەیسێك راگەیەنرابوون بۆ ئەو ئوردنیانەی خێزانی پەنابەری سوریان رزگاردەکرد بەرامبەر پێدانی یەك کچ یان زیاتری سوری بۆ هاوسەرگیری (JO03; JO05; JO22). پێشکەشکارانی یارمەتی مرۆیی کە بۆ ئەم توێژینەوەیەی دیداریان کراوە لە ئوردن راپۆرتیان کردووە کە بەڵگەی تەواو هەیە بۆ دەستنیشانکردنی کەیسە دیاریکراوەکانی هاوسەرگیری زووی کچانی پەنابەری سوری وەکو شێوەیەکی بازرگانی پێوەکردنی منداڵ بۆ هاوسەرگیری بە زۆر. بۆیەهیە ئەمە ئەوەش بگرێتەوە کە خێزانە سوریەکان کچە بچوکەکانیان دەدەنە شوو بەرامبەر پارە یان رزگارکردن لە کەمپی پەنابەران لەلایەن سپۆنسەرە ئوردنیەکانەوە (JO07; JO05; JO12; JO22). رێکخراوێکی نێودەوڵەتی کە لە کەمپەکانی پەنابەرانی سوری کاردەکات ژمارەیەك کچ و ژنی گەنجی سوری لێ نزیك کەوتنەوە کە بەزۆر بەشوو دراون و پاشان داوای یارمەتی ئەو رێکخراوەیان کردووە بە مەبەستی جیابوونەوە (JO05).

یەکێك لە کەیسە راپۆرتکراوەکان پەیوەستە بەکچێکی سوری ١٥ساڵی، کە پێشتر دوو جار شوویکردبوو کە لە رێکخراوێکی نێودەوڵەتی نزیکبۆوە بۆ داواکردنی پاراستن. کچەکە لە کەمپی زەعتەری دەژیا لەگەڵ دایکو باوك و ژمارەیەك خوشك و برای. یەکێك لە خوشکە گەورەکانیشی مێردی کردبوو، لەکاتێکدا دوو خوشکی بچووکتری لەلایەن باوکیانەوە رێنەدرابوو کاروان بەجێبێڵن، کە پێی وابوو ئەوە بریتیە لە پاراستنی شەرەفی خێزانەکەو رێگرتن لە کچانی «تەمەنی شووکردن»، - ١٢ و ١٣ ساڵی-، کە لەلایەن پیاوانی دیکەوە هەراسان بکرێن. لەبەرئەوەی ئەو دوو کچە لە کاروانەکەدا حەسرکرابوون، باوکیان بە چالاکی بۆیان بەدوای هاوسەرگیریدا دەگەڕا. لە جیاتی ئەوە دوو کچی دیکەی تەمەن ٨ و ٩ ساڵی رێیان دەدرا بچنە قوتابخانە چونکە هێشتا ئەوان بە تەمەنی هاوسەرگیری دانەدەنران.

باوکی ئەو کچە بەرپرس بوو لە بەشوودانی ئەو کچە ١٥ ساڵانە بە هەردوو مێردی، کە یەکێکیان پیاوێکی سوری بو ئەویدیکەیان پیاوێکی ئوردنی بوو لە دوادوای چلەکانی تەمەنیدا کە لە کەمپەکە رزگاریکرد. مێردی دووەم کچەکەی ناچارکرد کە لەگەڵ پیاوانی ئوردنی دیکە کاری سێکسی بکات، بەمجۆرە توشی ئیستغلال کردنی سێکسیو بازرگانیکرد. چەندین جار لەلایەن پیاوانی جیاجیاوە دەستدرێژی دەکرایەسەر، کە «مێرد»ەکەی خۆشی یەکێك بوو لەوان. توانی بۆ کەمپەکە رابکات و لە رێکخراوی دیدارکراو بۆ ئەم توێژینەوەیە نزیك بکەوێتەوە بە مەبەستی یارمەتی. لەلایەن دایکیەوە پشتگیری دەکرا، بەڵام باوکی توندوتیژ بوو و هەوڵیدەدا رێگری لێبکات لە داواکردنی یارمەتی، ئێستا دایکەکەو منداڵەکان لە باوکەکە جوداکراونەتەوەو چوونەتە شوێنێکی دیکە. روون نیە کە هیچ کردارێك دژ بە باوکەکە ئەنجامدرابێ (JO05).

بە هەمان شیوە، UN Women ڕایگەیاندووە کە لەنێوان پەنابەرە سوریەکان لە هەرێمی کوردستان:

> «هاوسەرگیری زوو هاوسەرگیری ژنان بەو پیاوانەی کە بەشێوەیەکی ئاسایی بە «شیاو» ڕوو لەزیادبوونە لەوەتەی گەیشتوونەتە هەرێمی کوردستان» (UN Women, 2014: 7-8).

ڕاپۆرت هەبوون لەبارەی کەیسەکانی هاوسەرگیری بە زۆر، لەگەڵ قوربانیانی پەنابەری سوری، لە پارێزگای کەرکوک لە عیراق، لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن نێوانگرانەوە ڕێکخرابوو، کە بەرپرس بوو لە هێنانی پیاوەکان. ئەو هاوسەرگیریانە لە داگە تۆمارنەکرابوون، بەڵام بە نافەرمی لەلایەن مەلایەکەوە شایەدی لەسەردرابوو (IQ08). ڕاپۆرتی ٢٠١٥ی بازرگانیکردن بە کەسەکان ئاماژە دەکات بە کچانی پەنابەری سوری کە لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستاندا دەژین وەکو حاڵەتی ملکەچ بۆ هاوسەرگیری زوو و / یان هاوسەرگیری بە زۆری کاتی لەگەڵ پیاوانی عیراقی و سوری (US Department of State, 2015). زانیاریدەرێکی لێکۆڵینەوە لە عیراق، سەبارەت بە سەردانی کەمپەکانی ئاوارەکانی سوریا لە ٢٠١٣، ڕایگەیاندبوو کە ئەوکچانەی لە کەمپەکاندادەژین دووچاری هاوسەرگیری بە زۆر دەبنەوە، بە خەمڵاندنی بە چەند سەد کەیسێك (IQ17).

**هەندێ ژنان و کچانی سوری ناچارکراون شوو بە ئەندامانی گروپە ئیسلامیەکان بکەن کە لە کێشەی سوریا تێوەگلاون، وەکو داعش و بەرەی نوسرە،** لە بەرامبەر شێوازێکی پاراستن یان پارەپێدانی خێزانە هەژارەکانیان (SY01; Qiblan & Hammoud, 2 October 2015). قوربانیەکان زۆربەیان ژنان و کچانی ئاوارەی ناوخۆو پەنابەربوون لە تەمەنی نزیك ١٢ ساڵیدا، کە بەتەنیا یان لەگەڵ خێزانەکانیان لە کەمپەکانی ئاواران لەناو سوریا یان وەکو پەنابەر لە تورکیا، لوبنان و ئوردن دەژیان. زانیاریدەرێکی لێکۆڵینەوە لە دەرەوەی سوریا ڕوونیکردەوە کە لەو پارێزگایەدا چەند کەیسێکی کچانی تەمەن ١٥ – ١٧ ساڵی ئەوێ هەیە کە بەزۆر بەشوودراونەتە جەنگاوەرانی بەرەی نوسرە. کچەکان لە ناوچە لادێیە جیاجیاکانی پارێزگاکەوە هاتوون و، زۆربەیجار قوتابخانەیان تەواو نەکردووە لەبەر ئەوەی خێزانەکانیان ئەولەویەت نادەنە فێربوونی کچانی خانەوادەکە. زۆربەیجار زاواکە جەنگاوەرێکی بەرەی نوسرەیەو ئەویش لە کۆمەڵگەی لوکاڵی دەرعایە. لە دەرعا زۆر خێزان شێوازێکی پارێزکارانەیان هەیە لە هاوسەرگیری و، زۆر لە کچان ڕێیان پێنادرێ ڕکابەری بڕیارەکانی ئەندامە نێرینەکانی خێزان بکەن. زاواکەو باوکی کچە یان ژنە گەنجەکە قسە لە گرێبەستی هاوسەرگیریەکە دەکەن کاتێك خۆی لەوێ نیەو لەبەردەم دەسەڵاتێکی ئاینیدا واژۆی ڕێکەوتنەکە دەکەن (SY12).

کەیسی هاوشێوەی هاوسەرگیری کاتی و یاسایی بە ئەندامانی گروپە چەکدارەکان – لە هەندێ کەیسدا تەنانەت بۆ چەند سەعاتێك – لە دۆڵی بیقاع لە لوبنان کەوتوتە بەرچاو، کە میلیشیا لوبنانی یان سوریەکان لە هاوسەرگیری بە زۆر تێوەگلاون بە مەبەستی بەدڕەفتاری سێکسی لەگەڵ کچێك. خێزانی کچەکە و شاویشی خێوەتگاکە بەرامبەر ئەمە پارە وەردەگرن (LB22).

دیدارکراوێکی دیکە گوێ لە چەندین پەنابەری دیکە بووە لە ئوردن لەبارەی دیاردە پەیوەستەکان بە سوپای سوریای ئازاد کە ژنانی گەنج و کچانی خێزانە سوریەکانیان کردۆتە ئامانج کە هەوڵی پەڕینەوە دەدەن لە پارێزگای دەرعای سوری بۆ گەیشتن بە سنوری ئوردن. بۆ ئەوەی بگەنە سنور، هەندێ خێزانی سوری دەبووایە داوای پارمەتی ئەندامانی سوپای سوریای ئازاد بکەن کە ناوچە سنوریەکانیان لەگەڵ سوریا کۆنترۆڵ کردبوو. لە هەندێ کەیسدا، بەپێی دیدارکراوێك، ئەندامانی سوپای سوریای ئازاد کچان یا ژنانیان دەکەوتە بەردڵ و خێزانەکانیان ناچاردەکرد کە پێیان بدەن لە بەرامبەر یارمەتیدانیان بۆ گەیشتن بە سنوری ئوردن. ئینجا خێزانەکە لە گەشتەکەیان بەرەو ئوردن بەردەوام دەبوون، لە کاتێکدا کچەکان یان چنەکان لەناو سوریا لەگەڵ جەنگاوەرەکان دەمانەوە (JO١٣).

### ئەنجامدەران

**ئەنجامدەرانی بازرگانی پێوەکردن بۆ هاوسەرگیری بە زۆر لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا زۆربەی جار ئەندامانی خێزانن – مێرد، باوك و براكان.** هەندێ پەنابەری سوری كە لەلایەن UN Womenەوە رایانگەیاندووە كە رەنگە ئەنجامدەرانی هەندێ لەو كەیسانە فەرمانبەرانی ئاژانسە مرۆیەكانیش بگرێتەوە (UN Women, 2014). لە هەندێ رەوشدا، هاوسەرگیری بە زۆر زۆربەی جار لەلایەن ژنانی بەتەمەن لە كەمپەكانەوە رێكدەخرێت كە رۆڵی نێوانگیری هاوسەرگیری دەبینن لەنێوان ئەو پیاوانەی بەدوای بوكێكدا دەگەڕێن لەگەڵ باوكی بوكەكان.

هەروەك لە سەرەوە ئاماژەپێكرا، بەپێی زانیاریدەرێكی لێكۆڵینەوە، لەزۆر كۆمەڵگەی لادێی سوریا، زۆربەی هاوسەرگیرەكان لەنێوان زاواو برایەكانی كچەكە یان ژنەكە قسەی لێدەكرێت و لەلایەن تۆرێكی تاوانكارەیەوە رێكناخرێت (SY03; SY08; SY12). ئەندامانی نێرینەی خێزان لە سوریا رازیدەبن كە كچەكانی خۆیان بەرامبەر پارە، بەشووبدەنە بێگانەكان و، لە هەندێ كەیسدا، زاواكان بازرگانی پێوەكردن بە كچەكان یان ژنە گەنجەكان بۆ ئیستغلال كردنی سێكسی لە لەشفرۆشیدا.

رێكخراوی كۆچی نێودەوڵەتی بەهۆی لێكۆڵینەوەیەك لە یەمەن گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی كە:

> «بۆ ژنانی گەنج و نەخوێندەواری خێزانە هەژارەكانی لادێ، هاوسەرگیری گەشتیاری {...} زۆرجار وەكو چارەسەر بۆ ژمارەیەك كێشەی ئابوری و كۆمەڵایەتی سەیری دەكرێت، كە نزیكترینیان پاراستنی شەرەفی ژنە جاحێڵەكەو خێزانەكەیەتی لەگەڵ بەرەنگاربوونەوەی هەژاری. ئامانجی دووری لۆجیكیش بە هاوسەرگیریەكی لەو شێوەیە بوونی خزم و كەس دەگرێتەوە كە مافی مانەوەی یاساییان هەیە (بە ئاواتی هاولاتیبوون) لە دەرەوەی یەمەن، لەپاڵ دروستكردنی میراتگری یاسایی» (IOM, 2014: VIII).

بەهەمانشێوە، لە ئوردن، ئەو خێزانە سوریانە گەیشتوونەتە وڵات و هەندێ پاشەكەوتیان هەبووە، بەڵام بە تێپەڕبوونی كات هیچیان نەماوەو هەژاركەوتوون. كچەكانیان بەشوودەدەن وەكو رێگەیەكی دڵنیابوون لەوەی كچەكانیان بە ئارامی دەژین و بارێكی ژیانی باشتریانپێشكەش دەكەن، لەكاتێكدا كەمبوونەوەی باری ئەوان یارمەتیدەرە بۆ پاراستنی ئەندامانی خێزانەكە. لە ژمارەیەك كەیسی دەستنیشانكراوی بازرگانی پێوەكردنی كچانی پەنابەری سوری بەمەبەستی هاوسەرگیری بە زۆر لە ئوردن، بازرگانیكارەكان بەخێوكاری یاسایی و چاودێریكران و دایبابان بوون لە بنەماڵەكە كە كچەكانیان دەدا بەشوو (JO03).

چالاكوانێكی كۆمەڵایەتی لە ئیزمیری توركیا رایگەیاند كە كچێكی ١٣ ساڵی پەنابەری سوری بەڵگەنامەكانی خۆی بە زمانی عەرەبی خستە بەردەست، كە دەریدەخست «بەشێوەیەكی یاسایی مێردی كردووە». بەپێی دیداركراوەكە، رەنگە ئەو بەڵگەنامەیە لەلایەن ئاسانكاران / بازرگانیكاران چاپكرابێت وەكو رێگەیەكی هەڵاتن لە داواكاری گشتی (TR51).

لە كەیسەكانی هاوسەرگیری بە زۆر لە لوبنان، پیاوانی سوری كچانی سوری دەخوازن و دەیانبەنە لوبنان، كە لەوێ هاوبەشی لۆكاڵیان هەیە، تاكو بۆ ئیستغلال كردنی سێكسیی بازرگانی بەكاریان بێنن (LB48). لەگەڵئەوەشدا، لە كەیسی پیاوانی وڵاتانی كەنداو كە بەدڕەفتاری سێكسی بەرامبەر كچانی سوری لە لوبنان دەكەن لەرێگەی هاوسەرگیری بە زۆری كاتی، هاوبەشە لۆكەڵەكان لە لوبنان رەنگە لوبنانی یان سوری بن كە لەو رێكخراوە ئاینیانە كاردەكەن كە لەلایەن وڵاتانی ئەنجومەنی هاریكاری كەنداوەوە دارایان بۆ دابیندەكرێت تا یارمەتی پێشكەش بە سوریەكان بكەن (LB36).

ئەو نەختەی پیاوانی غەیرە سوری دەیدەن هاندەرێكی دارایی گەورەیە بۆ خێزانی كچەكان، **بە بڕی ١٠٠٠٠ دۆلاری**

ئەمریکی رادەستدەکرێت (UN Women, 2014). بەپێی لێکۆڵینەوەیەك كە لە كەمپەكانی پەنابەرانی سوری لە كۆتاییەكانی ٢٠١٣ ئەنجامدراوە، UN Women باسی ئەم سیناریۆیە دەكات:

> «دەنگۆی ئەوەی كە پیاوانی غەیرە سوری دێنە كەمپەكان و «بازاڕكردن» بۆ یەك دەكەن ڕاپۆرتكراوە كە لە دوو لە چوار كەمپی سەردانكراو ڕوویداوە. ئەو جۆرە ڕێكارانە وا ڕاگەیەنراوە كە زۆربەیجار لەلایەن ژنانی بەتەمەن لە كەمپەكان ڕێكبخرێت كە ڕۆڵی جۆرێك ئاژانسی پێك ناساندن دەگێڕن لە نێوان پیاوەكەو باوكەكان. لە كەمپێكدا، ژنانێك {بەو شێوەیە} ڕاپۆرتكراون كە لەلایەن ژنانی دیكەوە {بەو شێوەیە} لەگەڵ پیاوێك (كە ئەو پێیوایە سوری نیە) لە سێ بۆنەی جیاوازدا سەردانی دەكرێن و پرسیاریان لێدەكرێت كە ئەگەر بیەوێ «یەكێك لە دوو كچەكانی بەشوو بدات»» (UN Women, 2014: 8).

لەناو سوریا، ڕاپۆرتكراوە كە لانیكەم ٣٠٠٠٠٠ لیرەی سوری (نزیكەی ١٥٨٩ دۆلار) بە نەختی دەدرێت، سەرەڕای جلوبەرگ و خشڵی زێڕ كە وەكو دیاری پێشكەش دەكرێت، ئەمەش هاندەرێكی دارایی گەورەیە. لەلایەكی دیكەوە، هەندێ خێزان داوای نەختی ناكەن، چونكە زۆر بە ساكاری ئەوان دەیانەوێ كچەكەیان شوو بكات و ماڵی خێزانەكەی جێبێڵێت، لەبەر ئاستەنگە داراییەكانی دابینكردنی پێویستیەكان یان نۆرمی كۆمەڵایەتی پەیوەست بە كچانی تەمەنی شووكردن كە لە ماڵە باوانیان دەژین (SY07; SY12).

بەپێی ڕاپۆرتێكی لێكۆڵینەوە، لە وێستگەیەكی پەترۆل لە ناوچەی نوسەیبینی ماردین لە توركیا، ژنێكی تەنیاو كچێك فرۆشران بۆ هاوسەرگیری بە زۆر بەرامبەر ٢٠٠٠ لیرەی توركی (نزیكەی ٧٥٠ دۆلار). بۆ هەر هاوسەرگیریەكیش ٢٠٠٠ – ١٠٠٠٠ لیرەی توركی (٧٥٠ – ٣٧٥٠ دۆلار) لەلایەن دەڵاڵەكانەوە دەسەپێنرێ بەسەر ژنان و كچانی پەنابەری سوری، كە بەزۆری ڕادەوەستێتە سەر تەمەنیان (Mazlumder, 2014).

ڕێكخراوێكی ناحكومی كە بارەگاكەی لە عەككارە لە لوبنان ڕاپۆرتی كردووە كە پیاوان لە وڵاتانی كەنداوەوە كچانی سوری دەخوازن «هاوسەرگیری كاتی» و تا بڕی ٥٠٠٠ دۆلار دەدەن بۆ هاوسەرگیریەكە (LB36). لە كەیسەكانی بازرگانی پێوەكردن بۆ هاوسەرگیری بە زۆری پەنابەرانی سوری لە عیراق ڕاگەیەندراوە، خێزانەكانی كچانی سوری نزیكەی ٢٠٠٠ – ٣٠٠٠ دۆلار وەردەگرن (IQ08).

كەیسێكی دیاریكراو لە عەكار هەیە لە لوبنان كە پەیوەستە بە ڕێكخراوێكی ناحكومی ئاینی كە لەلایەن ئەنجومەنی هاریكاری كەنداو دارایی بۆ دابین دەكرێت. پیاوان لەو وڵاتانەوە پەیوەندییان بەو ڕێكخراوەوە كردووەو پەیوەستبوون بە سەركردە ئاینیەكان و چوونەتە عەكار بۆ بینینی كچانی سوری و خێزانەكانیان لە كاتی دابەشكردنی یارمەتیەكاندا. دوای گەیشتن بەڕێككەوتن لەنێوان پیاوەكەو خێزانی كچەكە، هاوسەرگیری مسیاری نایاساییان كردووە كە لەلایەن شێخێكی ڕێپێنەدراو لە حكومەتی لوبنانیەوە ڕێكخراوە. بەمجۆرە پیاوەكە توانیویەتی دەستدرێژی سێكسی بكاتە سەر كچەكە لەژێر پەردەی هاوسەرگیری، وەكو باوە بۆ چەند هەفتە یان چەند مانگێك، پێش «جیابوونەوە» لێی و گەڕانەوە بۆ وڵاتی ڕەسەنی خۆی لە كەنداوی عەرەبیدا (LB36).

### ٣.٣.٥   ئیستغلال کردن لە کاردا (پێگەیشتووان)

**ململانێی بەڕێوەچووو لە سوریاو قەیرانی پەنابەران بۆتە هۆی زیادبوونی کەیسەکانی بازرگانی پێوەکردن بەمەبەستی ئیستغلال کردن لە کاردا**، سەرەڕای رەوشی ئیستغلالکارانەی کار، کە پیاوانی ئاوارەی ناوخۆو پەنابەر، ژنان و منالانی لە هەر پێنج وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا تێوەگلاوە. لەهەندێ حالەتدا منداڵان ئیستغلال کراون یان کەوتوونەتە بەر بارودۆخی ئیستغلال کردن شانبەشانی گەورەکان، کە زۆربەیجار ئەندامانی پێگەیشتووی خێزانن. ئەو کەیسانەی تەنیا پەیوەستن بە بازرگانی پێوەکردنی منداڵان بۆ ئیستغلال کردن لەکارداو خراپترین فۆرمی کارپێکردنی منداڵانن لە بەشی (٥,٣,٤) لە خوارەوە باسیانکراوە، لەکاتێکدا پرسە پەیوەستەکان بە باری کارکردنی یاسایی و رەوشەکانی کارکردن لەسەرەوە لە بەشی ٤,٢ باسکراوە.

#### کەرتەکانی ئیستغلال کردن

کشتوکاڵ

لە ئەنتاڵیا، هەندێ دانیشتووانی ناوخۆی تورك زیاتر لە ٣٠ پەنابەری سوریان لە خانووەکانی خۆیان داڵدەداوە بەرامبەر کارکردن لە کێڵگەی مزرەمەنیەکانیان (TR51)، هەرچەندە ئەوە لەلایەن دسەڵاتەکانەوە نەسەلمێنراوە . ئیستغلال کردن لەکاردا لە کشتوکاڵ بەشێوازێکی بەربڵاو لە لوبنان هەیە، بە یەکێك لە کەرتە سەرەکیەکان دادەنرێت کە ئیستغلالی کاری تێدا روودەدات، کە پەیوەستە بە گەورەکان و منداڵانیش. ئیستغلال کردن لە کشتوکاڵدا لە لوبنان هەمان تایبەتمەندیەکانی پێش دستپێکی قەیرانی سوریای هەیە، کاتێ کرێکارانی سوری کاری کشتوکاڵیان پێدەکرا و لە پاراستن بەپێی یاسای کار دووردەخرانەوە. سەرەڕای ئەوەش، پێش قەیرانی سوریا کرێکارە سوریەکان بەشێوەیەکی گشتی بە ویستی خۆیان کۆچیان بۆ لوبنان کردبوو، بەبێ زۆرلێکردن و هەڵخەڵەتاندن سەبارەت بە سروشتی کارەکە، ئێستا سوریەکان ئاوارەی خاکی لوبنانن بەهۆی شەڕەوە، بەبێ بوونی هیچ ئەگەرێکی دەمودەستی گەڕانەوەیان بۆ سوریا. جیاوازیەکی دیکە ئەوەیە کە **پێش ٢٠١١، زۆربەیحار کۆچبەرانی سوریا پیاوی پێگەیشتوو بوون، لەکاتێکدا لە سەرەتای ئەو قەیرانەوە زیادبوون هەبووە لە ژمارەی ژنان و منداڵان، کە ئەوانیش لە کاری کشتوکاڵیدا ئیستغلال کراون** (LB23).

> دیدارکراوێك لە دەرعای سوریا باسی خاوەن کێڵگەکانی ئەو پارێزگایەی کردووە کە ئیستغلالی دەستی کاری هەرزانی بەردەست دەکەن. کرێکارانی رۆژانە زۆربەیان پیاوی گەنج، ژن و منداڵن لە خێزانە لۆکاڵە هەژارەکان، کە بەهۆی شەڕەوە تووشی ئەو جۆرە کارەبوون و، پیاوانی ئاوارەو ژنان و منداڵەکان، تەمەنیان لەنێوان ٨ ــ ٤٠ ساڵیدایە، لە دیمەشق، حومس و ناوچەکانی دیکەی وڵاتەوەن. کۆمەڵگاکانی ئاواران لە قوتابخانەکان و کۆمەڵگە نیشتەجێ حکومیەکان یان ماڵی تایبەتی هەرزان لە ناوچە جیاجیاکانی پارێزگای دەرعا دەژین. هەرچەندە زۆربەیان خوێندەواریان هەیە، زۆر لە منداڵەکان و پێگەیشتووە گەنجەکان خوێندنی دواناوەندیان تەواونەکردووە و خوێندنێکی کەمیان لەو ساڵانەی دواییدا بەدەستهێناوە، لەبەر نەبوونی شوێنی تەواو بۆ هەموو منداڵەکانی تەمەنی قوتابخانە لە قوتابخانەکانی پارێزگای دەرعا. کاری کێڵگەکان ماندووکەرەو کرێکانیش کەمن، بەڵام ئاوارەکان رێگەیەکی بەدیلیان نیە بۆ بەدەستهێنانی داهات. ئەوان تەماتە، باینجان، برۆکۆلی و سەوزەی دیکە دەچێنن، رۆژانە نزیکەی ٨ کاتژمێر لە رەوشێکی ناهەمواردا کاردەکەن تەنیا بۆ ٥٠٠ لیرەی سوری (نزیکەی ٢,٦٥ دۆلار) لە رۆژێکدا. هەندێجار کرێکارەکان بەتەنیان، لەکاتێکدا هەندێجاریش تەواوی خێزانەکە لەهەمان کێڵگەدا کاردەکەن. (SY12).

هەندێ خێزانی پەنابەری سوری و منداڵی بێیاوەر یان داپراویش رووبەرووی ئیستغلال کردنی کار بونەتەوە لە کێڵگەکانی ئوردن لە پاریزگای مەفرەق و دۆڵی لوبنان (ناوچەی ئەغوار) (JO07; JO23). یەك جار لە هەر وەرزێکدا یان لەگەڵ تەواوبوونی کاری کێڵگەکان، تەواوی خێزانەکان بەخۆیان و خێوەتەکانیان دەچنە کێڵگەیەکی دیکە کە پێویستی بە کرێکار بێت. خێزانە سوریەکان کە کاری وەرزی کشتوکاڵی دەکەن بەشێوەیەکی سەرەکی لە دەرعاو ریفی دیمەشقەوە هاتوون و، زۆربەیان لەلایەن UNHCRەوە تۆمارکراون و ناسنامەی ئاسایشیان هەڵگرتووە کە لەلایەنوەزارەتی ناوخۆی ئوردنەوە دەرچووە، کە رێگەیان پێدەدات لە کۆمەڵگای خانەخوێی ناوخۆدا نیشتەجێ بن (JO07). هەندێ خێزانی سوری کەلە کێڵگەکان دامەزراون پێشتر لە سوریا جوتیاربون و وەکو کرێکاری وەرزی کشتوکاڵ لە کێڵگە ئوردنیەکان پێش قۆناغی سەرەتا دەستیان بەکار کردووە لە کۆتایی ٢٠١٠. هەندێکی دیکە لە پیشەو کەرتی دیکە لە سوریا کاریانکردووەو تەنیا دوای ئاوارەبوونیان لە ئوردن دەستیان بەکاری کشتوکاڵی کردووە.

کارگەکان و خزمەتگوزاریەکان

**ئیستغلال کردن لەکاری کێڵگەکان بۆ پیاوانی ئاوارەی سوری** لە پاریزگاکانی حەلەب و حومسەوە، کە نیشتەجێی کەمپەکانی ئاوارانن لە پاریزگای لازقیە راپۆرتکراوە. زۆر لە خاوەن کارگەکانی خەڵکی حەلەب کارگەو ئامێرەکانیان گواستۆتەوە لازقیە لە سەرەتای دەستپێکردنی شەرەوە. ئەو پیاوە ئاوارانە کرێی یەکجار زۆر بەرامبەر کارکردنیان وەردەگرن، لەناوچە کۆنترۆڵکراوەکان لەلایەن هێزە چەکدارەکانی رژێمی سوریا. نزیکەی ٢٠٠ لیرەی سوری (نزیکەی ١ دۆلار)یان لە رۆژێکدا پێدەدرێت لە پێڤاژۆیەکی وادا کە بەهۆی هەڵاوسان، تێچووی رۆژانەی خۆراکی هەر کەسێکی گەورە نزیکەی ١٠٠٠ لیرەی سوری (نزیکەی ٥ دۆلار)ە (SY05).

هەندێ پەنابەرانی سوری، بە گەورەو منداڵەوە، رووبەرووی ئیستغلال کردن و پێشێلکاری مافەکان بوونەتەوە لەلایەن خاوەنکارە ئوردنیەکان لە خزمەتگوزاری و کاری خواردنگەکان لە سەنتەری شارەکاندا وەکو شارەکانی عەممان و ئیربید. پیاوە سوریەکان کە تەمەنیان لە ١٨ – ٥٠ ساڵیە، لەناوچە جیاجیاکانی سوریاوە، وەکو شێف و گارسۆن لە خواردنگەکان، نانەواخانەکان و، وەك شاگرد لە سوپەرمارکێتەکان و دوکانەکان و، شوشتنگەی ئۆتۆمبێلەکان کاردەکەن. لەبەرئەوەی بەبێ رێپێدان کاردەکەن، زۆربەیجار رووبەرووی ئیستغلال کردن دەبنەوە لەلایەن خاوەنکارەکانەوە، کەناچاریان دەکەن کاتژمێری زیاد کاربکەن و سێیەکی ئەو کرێیانەیان دەدەنێ کە کرێکارانی ئوردنی وەریدەگرن. لە هەندێ کەیسدا خاوەنکاران پێش کۆتایی مانگ کرێکارە سوریەکان دەردەکەن و کرێیەکانیان نادەنێ. ئەگەر کرێکارەکان گلەیی بکەن، خاوەنکارەکان هەرەشەی ئەوەیان لێدەکەن کە بیادەنە دەست پۆلیس لەبەر ئەوەی بێ رێپێدان کاریان کردووە. بۆ دوورکەوتنەوە لە ئیستغلال کردن، هەندێ پیاوی سوری دەستیان بەوەکردووە کەداوای کرێی رۆژانە لە خاوەنکارەکانیان بکەن، بەمەبەستی دڵنیابوون لەوەی کە فێڵیان لێنەکرێت و ئیستغلال نەکرێن (JO12).

کەرتی دیارینەکراو

دیدارکراوێك لە **تورکیا** باسی نزیکەی ٥٥ ژنان و کچانی سوری کردووە کە بۆ رێکخراوێکی ناحکومی راگەیەنراون کە کێشەی ئیستغلال کردنی کاریان هەبووە، سەرەرای بەدرەفتاری سێکسی، لەلایەن خاوەنکارەکانیانەوە لە غازی عەنتاب لە باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا، **کە ژنان و کچانیان ناچارکردووە بۆ کاری سێکسی لەگەڵیاندا بەمەبەستی پارێزگاری کردن لە کارەکانیان**. هەندێك لەو ژنان و کچانە – هەندێکیان تەمەنیان ١٣ – ١٤ ساڵە –توشی دووگیانبوونی نەخوازاو بوون لەئەنجامدا زگەکانیان لە کلینیکی تایبەتدا لەباربردووە. لەجیاتی چوون بۆ نەخۆشخانە گشتیەکان، وایان پێباشترە بچنە لای پزیشکێکی ژنانی سوری کە بەبێ رێپێدانی شیاوی کار لە غازی عەنتاب کاردەکەن (TR38).

دیدارکراوان لە تورکیا ڕاپۆرتیان کردووە کە هەندێ پەنابەری پێگەیشتووی سوری چوونەتە ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ ئەوەی ئیستغلال کردنی کاریان پێ ڕابگەیەنن، چونکە هیچ پارەیەکیان وەرنەگرتووە بەرامبەر کارەکانیان (TR02; TR32). لەگەڵ ئەوەشدا، نە ڕێکخراوەکان و نە پەنابەرەکان ئەمەیان بۆ دەسەڵاتەکان ڕاپۆرتکردووە چونکە بەبێ مۆڵەت کاردەکەن (TR02). ئەمە ڕەنگە ئەوە دەربخا کە تەنیا سێ قوربانی بیانی بازرگانی پێوەکردنی ئیستغلال کردن لە کار بە فەرمی دەستنیشانکراون لە تورکیا لەماوەی ساڵانی ٢٠١١ و ٢٠١٢و، لە ٢٠١٣شدا نەبووە (ICMPD, 2013).

پیاوان و کورانی پەنابەر بازرگانیان بۆ ئیستغلال کردن لە کار پێوەکراوە بە تایبەتی لە بواری کارگەیی، کشتوکاڵ و خزمەتگوزاریەکان لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا (IQ05). دیدارکراوێکی تر ڕاستەوخۆ باسی حەوت کەیسی ئیستغلال کردنی کاری کردووە بە گلدانەوەی ناسنامە، نەبوون یان کەمی کرێ، خراپی هەڵسوکەوت یان هەڕەشەی ڕاگەیاندن بە دەسەڵاتەکان (IQ06).

**بەچاوپۆشین لە ئیستغلال کردنی کاری پەنابەرانی سوری، کۆچبەران لە دەرەوەی ناوچەکە بەردەوام ئیستغلال دەکرێن لەگەڵ بوونی زۆر لە هەمان تایبەتمەندیەکانی ماوەی قۆناغی سەرتادا**. قوربانیەکی نێرینەی ئەفغانی ئیستغلال کردن لەکار (تەمەنی دیارینەکراوە) هەناردەکرا بۆ وەزارەتی خێزان و سیاسەتە کۆمەڵایەتیەکانی تورکیا بۆ یارمەتیدانی لە پەناگەی پیاواندا (TR47).

کەیسی ڕاپۆرتکراوی بازرگانی پێوەکردن بۆ ئیستغلال کردنی کار لە کێڵگەکانی ئوردن پەیوەستیشە بە کۆچبەرانی میسری و پاکستانی. هەندێ کرێکاران کشتوکاڵی میسری بازرگانیان پێوەکراوەو ئیستغلال کراون، کاتژمێری زیاد کاریان پێکراوەو، پاسەپۆرتەکانیان لەلایەن خاوەنکارەکانەوە گلدراوەتەوە. هەندێجار کرێکانیان وەنەگرتووە یان دوای سێ یان چوار مانگ لە دەستپێکردنی کارەکانیان کرێیان پێدراوە (Tamkeen, 2014; JO23). هەندێ کەیسی دیکەش دەستنیشانکراون دەربارەی پیاو و ژنانی وڵاتانی باشورو باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (فلیپین، هیند و بەنگلادیش) کە بازرگانیان پێوەکراوە بە مەبەستی ئیستغلال کردنی گار لە کارگەکانی ناوچە پیشەسازیەکانی ئوردن ((QIZs (JO18; JO23)). زۆربەی کەیسەکان پێشێلکاری ئازادی جوڵانەوەی کرێکارەکان، گلدانەوەی پاسەپۆرتەکان، پێنەدانی کرێ و کاتژمێری زیادەی کار لە ژینگەیەکی کاری نائارام و نەشیاودا. لە هەندێ کەیسدا، کرێکارەکان بوونەتە قوربانی توندوتیژی جەستەیی و / یان سێکسی کە لەلایەن خاوەنکارەکانەوە ئەنجامدراوە (JO21; JO23).

بەهەمانشێوە، کەیسێك لە عیراق ڕاپۆرتکراوە کە تایبەتە بە کۆچبەرانی بەنگلادیشی، کە بۆ ئیستغلال کردنی کار لە وێستگەکانی سوتەمەنیدا بازرگانیان پێوەکراوە، کە پێنەدانی کرێ و باری خراپی ژیانی لەخۆگرتووە. کە لە ئەنجامدا یارمەتی دراون و ڕەوانەی نیشتیمانکراونەتەوە (IQ17). کەیسێکی دیکەش سەبارەت بە کۆچبەرانی هیندی کە بۆ ئیستغلال کردنی کار لە بیناسازیدا بازرگانیان پێوەکراوە، کە لە ئەنجامدا یارمەتی دراون و ڕەوانەی نیشتیمانکراونەتەوە. کەیسەکان پەیوەستن بە پێنەدانی کرێ و باری خراپی ژیان (IQ17). گروپێك لەلایەن دیدارکراوی حکومەتی عیراقی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕاپۆرتکراوە کە پیاوانی کۆچبەری نایاسای بوون لە وڵاتانی باشورو باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (مالیزیا، سریلانکاو بەنگلادیش) کە لە پارێزگای بەسرای باشوری عیراق کاریان دەکرد، لەڕووی جستەییەوە بەدڕەفتاریان لەگەڵکراوەو، موچەکانیان وەرنەگرتووەو پاسپۆرتەکانیان گلدراوەتەوە (IQ16).

لەنێو ئەوانەی کە ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی دەستنیشانی کردوون و یارمەتیداون لە عیراق گروپێکی پێکهاتوو لە ٨٠ پیاوی هیندی و بەنگلادیشی هەبوون کە بۆ ئیستغلال کردن لەکار بازرگانیان پێوەکرابوو لەلایەن کۆنتراکتەرە تورکەکانیانەوە. کە لە دوادوای ٢٠١١ کەوتنە بەر بایەخی ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی. ئەوان دوچاری سنووردانانی ئازادی جوڵانەوە، دەستنەکەوتنی چاودێری پزیشکی و، گلدانەوەی تەواوی کرێ و موچەکانیان بوونەتەوە. لە دەوروبەری هەمان کاتدا، ١٧ کەس لە بۆسنا و هەرزەگۆڤینا بەمەبەستی ئیستغلال کردنی کار

بەرەو عیراق بازرگانیان پێوەکراوەو لەلایەن باڵیۆزخانەکانیانەوە هەناردەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ کراون، کە پاسپۆرتەکانیان بۆ تازەکردوونەتەوەو تیکیتی پاسیان بۆ دابینکراوە بۆ گەڕانەوە بۆ بۆسناو هەرزەگۆڤینا (Smith, March 2012). یەك پیاوی فلیپینیش ڕاپۆرتکراوە کە بەڵێنی کاریان لە تورکیا پێدابوو، بەڵام لەجیاتی ئەوە بردرابوو بۆ هەرێمی کوردستانی عیراق تا لەوێ کاربکات (IQ12).

## ئەنجامدەران

خێزانە ئاوارە سوریەکانی ناوخۆو تاکەکانی لە کێڵگەکانی پارێزگای دەرعای سوری کاردەکەن **لەلایەن خاوەن کێڵگەکان و ئەو شاویشانەوە ئیستغلال کراون کە سەرپەرشتیاری کرێکارانی کێڵگەکان و شوێنی کارەکان دەکەن**. نێوانگیرەکان زۆربەیجار پیاوان یان ژنانی هەمان کۆمەڵگەی قوربانیەکانن، کە دەزانن لە کوێ کرێکاریان دەستدەکەوێ بۆ خستنە بەرکار. نوێنەرانی خاوەن کێڵگەکانیش دەچنە قوتابخانەکان و کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون کە ئاوارەکانی تێدا دەژین لە ناوچە کشتوکاڵیەکانی پارێزگای دەرعا بۆ هێنانی کرێکاری ڕۆژانە. کاتێك تەواوی خێزانەکان لە هەمان کێڵگە دادەمەزرێن، زۆربەی جار خاوەن کێڵگەکان تەنیا کرێی گەورەکان دەدەن. منداڵانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵی لەگەڵ خێزانەکانیان لە کێڵگەکان کاردەکەن بەبێ ئەوەی کرێیان پێبدرێت، چونکە خاوەن کێڵگە دەڵێ ئەو منداڵانە لەوە بچوکترن کە بتوانن کاری خۆیان وەکو پێویست ئەنجامبدەن (SY12).

لە لوبنان، بازرگانی پێوەکردن بۆ ئیستغلال کردن لە کشتوکاڵدا خاوەن کێڵگەکان دەگرێتەوەو لە زۆر حالەتدا بەپێی ڕێکەوتنێك لە نێوان خاوەن زەویە لوبنانیەکەو شاویشە سوریەکەی خێوەتگە ناپاساییەکە ڕوودەدات (LB21). لە زۆر کەیسدا، شاویشەکە بەرپرسیارە لە ڕێکەوتنی ئیستغلالکارانەی کار کە خەڵکی خودی کۆمەڵگاکەی خۆی دوچاری دەبن و، زۆربەیجاریش هەر شاویشەکەیە بڕیاردەدات ئەگەر ڕێکخراوەکانی فریاکەوتن بتوانن بچنە ناو خێوەتگاکەوە. مەرج و ڕەوشەکانی کار عادەتەن ئەنجامی ڕێکەوتنی نێوان خاوەن زەوی ئەو کێڵگەیەیە کە خێوەتگەی سوریەکانی تێدایە لەگەڵ شاویشەکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆڵی شاویش لە ئیستغلال کردنی سوریەکان ناکرێ گشتگیر بکرێت، چونکە ئەوان لە خێوەتگەیەکەوە بۆ یەکێکیدیکە زۆر جیاوازن و هەمویان هەڵوێستی ئیستغلالکارانەیان بەرامبەر کۆمەڵگە نیە. بۆیەهیە یان سوری یان لوبنانی بن و، هەندێجار ئەو سوریانەن کە پێش ٢٠١١ لە لوبنان کاریانکردووە و، پێشتر لەلایەن خاوەن زەویە کشتوکاڵیەکەوە ناسراون (LB21). هەروەها هەندێ کەیس ڕاپۆرتکراون کە ژنانی خوێندەواری سوری وەکو شاویش لە کۆمەڵگا کاریان کردووە (LB23).

**خاوەن کێڵگەکان کە زەویش بۆ حەوانەوە بە کرێدەدەنە کۆمەڵگە سوریەکان کە بۆیەهیە لە ئیستغلال کردنی کار تێوەبگلێن بە بەکارهێنانی هەڕەشەی دەرکردن بۆ ناچارکردنی کۆمەڵگەکە بۆ کارکردن لەژێر ڕەوشە ئیستغلالکارەکاندا**. خاوەنەکانی زەویە کشتوکاڵیەکان ڕەنگە کۆمەڵگە سوریەکان ناچاربکەن کە لە زەویەکەی ئەوان دەژین و کاری تیادەکەن کە بۆ زەویەکی دی لە لوبنان کۆچ بکەن و کاربکەن لە کێڵگەیەکی دیکە کە هەمان کەس خاوەنیەتی، بەپێی خواستەکانی کاری کشتوکاڵی و وەرزەکان (LB39). زۆر جار شاویشەکە ڕێژەیەك لە موچەکان وەردەگرێت کە دەدرێت بە کۆمەڵگەکە بەرامبەر کارەکانیان لە زەوی کشتوکاڵیدا (LB21; LB27; LB39)، ئەمەش ڕەنگە وا لە شاویشەکە بکات کۆمەڵگەکە بخاتە ژێر باری قەرزەوە، چونکە لەباتی ئەوان پێشوەختە کرێکەیان دەدات (LB27). لەکاتێکدا ئەمە هەمیشە ناکرێ بزانرێ چ ڕێژەیەکی موچەی کرێکارانی کشتوکاڵ بۆ شاویشەکە دەچێتە دیدارکراوێك ڕاپۆرتی کردووە کە کرێکارانی سوری نزیکەی ٨٠٠٠ لیرەی لوبنانیان (٥,٣٠ دۆلار) پێدەدرێت بۆ هەر پێنج سەعات کار، کە تەنیا ٥-٦٠٠٠ی بۆ کرێکارەکە دەچێت و ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ شاویشەکە دەبێت (LB21).

تێکڕای ١٦ گومانلێکراو لە ٩ کەیسی بازرگانی پێوەکردن بۆ ئیستغلال کردن لە کار لەلایەن CTUی ئوردنی لە ٢٠١٤ تۆمارکراوە، ١٥یان پیاو بوون ویەکێکیان ژن بوو (یەکەی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردنی ئوردنی، بەشی توێژینەوەو ئامارەکان، حکومەتی ئوردن، حوزەیرانی ٢٠١٥). هەروەك سوریاو لوبنان، بازرگانیکاران بە سوریەکان بۆ ئیستغلال کردنی کار لە کشتوکاڵدا لە ئوردن بریتین لە خاوەن کێڵگە گەورەکان و نێوانگیرەکان («شاویش» یان «چاودێر»)، کە پیاوان و ژنانی ئوردنی و سورین.

ڕێکخەری بەرسڤی قەیرانی پەنابەرانی سوری لە ئۆفیسی ILO لە عەممان باسی شاوێشێکی مێینەی سوری دەکا لە سی ساڵانی تەمەنی کە لە گوندی مەفرەق دەژیا، لە هەمان کۆمەڵگان کە پەنابەرانی تێدا دەخاتە بەر کار لە کێڵگەکانی ئوردن. ئەو ژنە بەوە بەناوبانگ بوو لە کۆمەڵگەکەدا چونکە لە جوتیاران نزیکدەبووە لەسەر بنچینەی ڕێکوپێکی ئەوەی کە ئایا پێویستیان بە کرێکار هەیەو پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەندێ خێزانی کەمی سوری گوندەکە دروستکردبوو بۆ ئەوەی کاریان لە کێڵگەکە بۆ دابین بکات. ئەو سوریانەی لە کێڵگەکان کاریان دەکرد ئەوەیان بڵاوکردبۆوە کە نێوانگیرە سوریەکە لە خەڵکی دەگەڕا تا کار لە کێڵگەکاندا بکەن و خەڵکی سوری زیاتریش پەیوەندی پێوەدەکەن بۆ گەڕان بەدوای دەرفەتەکانی کارکردن. ئەو بریکارە سوریە دەلاڵیەك وەردەگرێ بۆ هەر کرێکارێکی سوری کە بەخۆی دەیخاتە بەر کار. شاویشەکە سیستەمێکیشی بەکاردەهێنا کە لە دەرعای سوریا هەبوو: ڕێکەوتنێکی بۆ بەکارخستنی خێزانە پەنابەرە سوریەکان کردبوو تا لە کێڵگە کار بکەن بەرامبەر ئەوەی کە داوای کردبو تەواوی کرێ بەو منداڵانەش بدرێ کە لە کێڵگەکان کار دەکەن لە هەر خێزانێکدا. کاتێ لێکۆڵەرانی ILO پرسیاریان لە خاوەن کێڵگە ئوردنیەکان کرد کە بۆچی کار بە منداڵان دەکەن لە کێڵگەکانیاندا، خاوەن کێڵگەکان گوتیان ئەو بریکارە مێینە سوریە بەکارخستنی منداڵانی بەسەردا سەپاندوون. بەڕێژەی ئەوەی کە بۆ هەر خێزانێکی سوری دوویان منداڵی کارگەر هەبوو لە کێڵگەکاندا بەبێ ئەوەی کرێیان پێبدرێ. کرێی ئەو منداڵە کرێکارانە لە کێڵگەکان لەنێوان ٣ بۆ ٧ دیناری ئوردنی بوو لە ڕۆژێکدا (٤,٢٥ – ١٠,٠٠ دۆلار) (JO07).

## ٤.٣.٥ ئیستغلال کردنی کاری منداڵان

بازرگانی پێوەکردنی منداڵان، هەروەك لەلایەن پرۆتوکۆلی بازرگانی پێوەکردنی ٢٠٠٠ی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەقە یاساییە نێودەوڵەتی و نیشتیمانیەکان دەستنیشانکراوە، دوو ڕەگەز لەخۆدەگرێت کردار (خستنە بەر کار، گواستنەوە، ڕاگواستن، گلدانەوە یان ڕادەستکردن بە کەسەکان) و مەبەستی ئیستغلال کردن.

بەمجۆرە، تێکەڵبوونێکی گەورە لەنێوان پێناسە یاساییەکانی ئەم دوو دیاردەیە هەیە. وەکو لە مادەی ٣(أ)ی ڕێکەوتننامەی WFCLدا هاتووە، **بازرگانی پێوەکردنی منداڵ خۆی لە خۆیدا بریتیە لە خراپترین فۆرمی کاری منداڵان، لەکاتێکدا ٣(د)یش ئەو ڕەوشانەی پێناسەکردووە کە بۆیەهیە بەشدار بێت لە بازرگانی پێوەکردنی منداڵ و ئیستغلال کردنی کار**. پەیرەوی ئەم توێژینەوەیە چەند وڵاتیە شیکردنەوەی وردی کەیس بە کەیسی ڕەوشەکانی پەیوەست بەکاری منداڵان لەخۆناگرێت کە لە پێداچوونەوەی ئەدەبیات، کۆکردنەوەی داتاو دیدارە جۆریەکاندا هاتۆتە پێش، بۆ جیاکردنەوەی خراپترین فۆرمەکانی کاری منداڵان و بازرگانی پێوەکردنی منداڵان. بۆیە، ئەم بەشە تیشکۆ دەخاتە سەر ئەو ڕەوشانەی نیشاندەرەکانی خراپترین فۆرمی کاری منداڵان و بازرگانی پێوەکردن دەخەنە بەردەست، لەکاتێکدا کارکردنی منداڵان لە سەرەوە لە بەشی ٤،٤دا باسی لێوەکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە ڕوونە کە لێکۆڵینەوەی زیاتر، بۆیەهیە هەندێ لە ڕەوشەکانی کاری منداڵان دەستنیشان بکرێن وەکو خراپترین فۆرمەکانی کاری منداڵان و / یان بازرگانی پێوەکردنی منداڵ. ڕەوشەکانی بازرگانی پێوەکردنی منداڵان بۆ خراپترین فۆرمەکانی دیکەی کاری

منداڵ وەکو، بەکارهێنانیان لە کێشە چەکدارەکان، ئیستغلال کردنی سێکسی بازرگانی منداڵان و بەدڕەفتاری سێکسی پۆرنۆگرافی منداڵان و، ئیستغلال کردنی منداڵان لە چالاکیە نایاساییەکان، لە بەشێکی پەیوەندیداری ئەم بەندەدا باسی لێوەکراوە.

## خراپترین فۆرمەکانی کاری منداڵ و بازرگانی پێوەکردنی منداڵ بۆ ئیستغلال کردنی کار

توێژینەوەیەکی تازە لەبارەی خراپترین فۆرمەکانی کاری منداڵ لە سوریا دەریخستووە کە ململانێکە بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەری هەبووە لەسەر ستراتیجەکان بەڕێوەچوونی خێزان، ئەمەش بۆتە هۆی زیادبوونی ژمارەی ئەو منداڵانەی کاری ترسناك دەکەن بەمەبەستی دابینکردنی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان. لە ناوەوەی سوریا، بەزۆری کوڕان، بەڵام هەندێك کچیش، لەکاری دەستی مەترسیدار بۆ کاتانێکی درێژ ئیستغلال کراون، کارکردن لە **کارگەکان** و **فیتەری** و **کارخانەکان**، هەڵگرتنی باری قورس، کەوتنە بەر لەناوبەری مێروو و کەرەستەی کیمیایی ژەهراوی لە کێڵگەکاندا، بۆتە هۆی گەیاندنی زیانی زۆر بە تەندروستی و خۆشگوزەرانی و گەشەیان (UNICEF, 2014). دیدارکراوێك لە سوریاوە دەریخستووە کە کاری منداڵ لەلایەن خەڵکێکی زۆرەوە پێش شەڕ لە سوریا بە دیاردەیەکی سلبی هەژمار نەدەکرا، زۆر لە خێزانەکان منداڵەکانی خۆیان لەکاتی پشووی هاوین و قوتابخانەکان دەنارده بەرکار. لەگەڵ ئەوەشدا، **لەوەتەی هەڵگیرسانی شەڕو خراپتربوونی قەیرانی ئابوری، خراپترین فۆرمەکانی کاری منداڵ، ئیستغلال کردنیکاری منداڵ و ئیستغلالکردنی منداڵ لە ڕێگەی سواڵکردنەوە بۆتە کێشەیەکی بەرچاو لە دیمەشق و ناوچەکانی دیکەی وڵاتدا** (SY04).

کوڕانی سوری ئاوارەی تەمەن ١٣ – ١٧ ساڵی خەڵکی حەلەب، کە بە تەنیا یان لەگەڵ خێزانەکانیان لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ڕژێم لە پارێزگاکانی تورتووس لەسەر لێوارەکانی دەیای سپی ناوەڕاست بوونەتە ئاوارەی ناوخۆ. زۆر کرێکاری لۆکاڵ لە تەرتووسەوە بەگەڵ شەبیحەکان (هێزە میلیشیا عەلەویەکان) کەوتوون، بۆیە هێزێکی کاری تازە پێویست بوو بۆ جێگرتنەوەیان لە کارگەو کاری ڕێکخراوە ناحکومیانەکاندا، کە لەنێو ئاوارە سوریەکان دەخرانە بەر کار. لەکاتێکدا زۆربەی منداڵانی تەمەن ١٣ – ١٤ ساڵی لە تەرتووسەوە دەچوونە قوتابخانە، کوڕانی حەلەبیش لە کارگەو کاری ڕێکخراوە ناحکومیانەکاندا کاریان دەکرد (SY08). تێوەگلانی منداڵانی نۆ ساڵی لەکاری دەستی مەترسیداریش مایەی دوودڵیەکی تایبەتە لەپارێزگای دێرئەلزوور لە ڕۆژهەڵاتی سوریا، کە زۆربەی منداڵانی دەرەوەی قوتابخانەکان ڕاپۆرتکراون کە کار لە **پاککردنەوەی نەوتی خاو و بەکارخستنی مولیدەکاندا دەکەن**(Save the Children & UNICEF, July 2015).

لە تورکیا، نیشاندەرە دیاریکاوەکانی ئیستغلال کردنی کاری منداڵان لەکاری مەیدانی لەلایەن کۆچبەرانی لەلایەن کۆمەڵەی برایەتی کۆمەڵگەی خانەخوێی تورکی – کۆچبەرانی سوری لە شانلیئورفا دەستنیشانکراوە. ئەو کۆمەڵەیە لانیکەم دەستنیشانی ٠٠ منداڵی پەنابەری سوری کردووە (جێندەریان دیارینەکراوە؛ گرووپی تەمەنیان ١٠ – ١٥ ساڵیە) **لە شەقامەکان کاردەکەن، زۆربەیان بە کۆکردنەوەی کاغەز، پلاستیکی فڕێدراو و خاشاکی دیکەوە خەریکن**، کە تێبینیکراوە پاشان ئەو کەرەستە کۆکراوانە دەدەنە پیاوێکی تورکی. کە ٥٠ لیرەی تورکی (١٩ – ٢٠ دۆلار) بۆ هەر ڕۆژێك لەو کارە دەداتە هەر منداڵێك. هەرچەندە کۆمەڵەکە پشتگیری بۆ ئەوانە خستۆتە ڕوو بەڵام دایکوبابی ئەو منداڵانە بەردەوامن لە ناردنیان بۆ سەرکار، لەبەرئەوەی ئەو برە پارەیە زیاترە لەوەی پێگەیشتووێکی پەنابەری سوری بە تێکڕا لە ڕۆژێکدا دەستی دەکەوێت. هەروەها کۆمەڵەکە منداڵانی خوار ١٥ ساڵی دەستنیشانکردووە کە کار لە بارودۆخی مەترسیداردا دەکەن لە نانەواخانەکان «نانی سوری» و ١٠ لیرەی تورکی (نزیکەی ٤ دۆلار) لە ڕۆژێکدا وەردەگرن لە شانلیئورفا (TR11).

ساڵی ٢٠١٤ لە لوبنان، لە بواری بەدواداچوونی دادگاییدا، بازرگانی پێوەکردنی منداڵان بۆ کاری منداڵان و سواڵکردنی منداڵان فۆرمێکی بازرگانییپێوەکردن بوو لەگەڵ بوونی بەرزترین ژمارەی قوربانیەکان (LB47). راپۆرتی ساڵی ٢٠١٣ سەبارەت بە خراپترین فۆرمەکانی کارکردنی منداڵان لە لوبنان بەڵگەکانی ئەوە دەردەخات کە منداڵانی **کارگەری سەرشەقام** رەنگە ببنە قوربانی بازرگانیپێوەکردن و ئەوە دوپات دەکاتەوە کە هەڵرژانی پەنابەرانی سوریا کاریگەری هەبووە بەسەر تیوەگلانی منداڵان لە خراپترین فۆرمەکانی کاری منداڵاندا لەبەر باری ئابوری ناهەمواری خێزانەکانیان (US Department of Labor, 2013). لەگەڵ ئەوەشدا رێکخراوێکی ناحکومی پارمەتیدەری منداڵانی کارکردوو لە شەقامەکان لە بەیروت ئاگاداری دەدات لە دیدارێك بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە کە زۆر ئەستەمە رەگەزەکانی کارکردنی منداڵان، ئیستیغلالکردنی کارکردنی منداڵان و / یان بازرگانیپێوەکردنی منداڵان لەلایەن دایبابان یان خاوەنکارەکانەوە بگشتێندرێت، لەبەر رەوشی تاکەکان کە هەموویان لە یەکتر جیاوازن (LB11)، ئەمەش وا دەخوازێ کە پەیرەوی لێکۆڵینەوەی یەکە یەکەی کەیسەکان بکرێت. راپۆرتی TIP ٢٠١٥ سەبارەت بە بازرگانیکردن بە کەسەکانیش ئاماژە بەوە دەدات کە بازرگانیپێوەکردنی منداڵە لوبنانیەکان و سوریەکان بۆ کارپێکردنی بەزۆر لە لوبناندا هەیە (US Department of State, 2015).

راوێژنان و کچانی کاروباری مرۆیی یونیسێف لە ئوردن روونی کردوەوە کە دیدارێك بۆ ئەم لێکۆلینەوەیە کە لەنێوان ئاداری ٢٠١٣ و ئابی ٢٠١٤دا بووە، ئاستی تیوەگلانی منداڵانی پەنابەری سوری لە قاچاخچێتی کاڵاکان و خەڵك لە کەمپی زەعتەری زۆر بەرچاوبووەوە، لە دەروازەی سەرەکی کەمپەکەدا، دەیان منداڵ دەبینرێن کە کاڵا دەفرۆشن لە سەر رێگا سەرەکیەکەدا؛ زۆربەیجار ئەو کەرەستانە لەلایەن خێزانەکانیانەوە پێیان دەدرێت بریتین لە بەستەکانی ناخۆراکی رێکخراوەکانی فریاکەوتن. دەسەڵاتەکانی ئوردن بە هەماهەنگی لەگەڵ یونیسێف، UNHCRو رێکخراوەکانی دیکە کە کار لە کەمپەکەدا دەکەن، چارەسەری ئەم کێشانەیان کردووە بە دەستنیشانکردنی ئەو منداڵانەی لە کاری منداڵان و قاچاخچێتی کاڵان تیوەگلاون لەگەڵ خێزانەکانیان، بە جێبەجێکردنی چالاکیەکان بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بۆ رێگرتن لە ئیستیغلالکردنی منداڵانی پەنابەر.

لە لوبنان، تێبینیکراوە کە منداڵان لە**کاری مەترسیداری کشتوکاڵیەوە تیوەگلاون، وەکو رشاندنی کەرەستەی کیمیاوی زیانبەخش بە میوەو سەوزەکاندا** (LB09)، کە ئەمەش خراپترین شێوازەکانی کاری منداڵان پێکدەهێنێ. تێبینیەکان ئەوە دەردەخەن کە منداڵانی کارکردوو لە کشتوکاڵدا بۆیهەیە تەنانەت ١ دۆلار لە رۆژێکدا یان ١٥ دۆلار لە هەفتەیەکدا وەربگرن (LB22; LB21) لە دۆڵی بیقاع و ٥٠٠ -١٠٠٠ لیرەی لوبنانی وەربگرن کە دەگاتە (نزیکەی نیو دۆلار) لە رۆژێکدا لە عەککار. لە هەندێ کەیسی دیاریکراودا، کارکردنیان لە کشتوکاڵ وایان لێدەکات کە لە کرێیەکانیان خۆش ببن ئەگەر لەناو ئەو خێوەتانەدا بژین کە لەسەر زەوی کشتوکاڵی هەڵیانداوە. منداڵانی بچووکی تەمەن شەش ساڵان تێبینیکراوە کە لە کێڵگەکانی کشتوکاڵدا کاردەکەن (LB24). کارگەرێکی رێکخراوێکی ناحکومی NGO بە چاوی خۆی کەیسێکی دیوە کە کورێك لەناو شوێنی کارەکەیدا بۆ ماوەی ٢٤ سەعات لە رۆژێکدا دەرگای لەسەر داخراوە، کرێکانیشی راستەوخۆ دەدرانە خێزانی منداڵەکە. منداڵەکە بەرپرس بوو لە **رشاندنی وارنیش بە کەرەستەکانی ناوماڵدا** (LB27)، رەنگە ئەمەش ببێتە هۆی دروستبوونی کارێکی مەترسیدار بەهۆی دوکەڵەکانەوە.

هەروەها لە ئوردن، بە سوودوەرگرتن لەو راستیەی کە منداڵان بە کرێیەکی کەمتر رازی دەبن، خاوەنکارەکان چەند کرێکارێکی منداڵ دەگرن و ئیستیغلالیان دەکەن بە هەمان ئەو بڕە پارەیەی کە رۆژانە دەیدەنە یەك کرێکاری پێگەیشتوو. هەندێك منداڵ بە تێکڕای ١٠کاتژمێر لە رۆژێکدا کاردەکەن، بەرامبەر ٥٠ دیناری ئوردنی لە مانگێکدا (٧٠ دۆلار) (Gharaibeh & Hoeman, 2003; UNICEF & Save the Children, 2014). هەروەکو تورکیاو لوبنان، منداڵانی کرێکاری سوری لە **کێڵگەکان** لە ئوردن بۆیهەیە لە بارودۆخی کاری

زۆر ناهەمواردا کاربکەن، هەروەها دووچاری کاتژمێری زیادی کارو، لەناوبەری مێروو و مادەی کیمیاوی دیکە ببنەوە بەبێ ڕێکاری تایبەت سەبارەت بە تەندروستی و سەلامەتی منداڵەکان. ٣٠٪ منداڵانی رووماڵکراو لە هەڵسەنگاندنی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ILO لە ٨ سەعات زیاتر لە ڕۆژێکدا کاریان کردووە. هەروەها کرێی زۆر کەمیان وەرگرتووەو کاری زۆر ناخۆشیان ئەنجامداوە کە بە خراپترین فۆرمەکانی کارکردنی منداڵان دادەنرێت (ILO Jordan, 2014). هەندێکیان ڕووبەڕووی بەدرەفتاری بوونەتەوە، زۆربەیان بەدرەفتاری زارەکین، بەڵام هەندێکجار کچان تووشی هەراسانکردنی سێکسی و ژینگەیەکی تێکەڵی کرێکارانی نێرینەو مێینە بوونەتەوە (JO07; JO15).

منداڵانی کرێکاری سوری لە ژمارەیەك چالاکی کاری مەترسیدارەوە گلاون لەپاڵ خراپترین فۆرمەکانی کاری منداڵان لە کەمپی زەعتەری، کە گەورەترین کەمپی پەنابەرانە لە ئوردن، لەوانش گواستنەوەی ناوخۆی کاڵاکان، بارکردن و گواستنەوەی بەرد بۆ مەبەستی بیناسازی و، فرۆشتن لەسەر شەقامەکان و کاری هاوشێوە لە بەرامبەر کرێیەکی زۆر کەمدا و لە بارودۆخێکی کاری یەکجار خراپدا (unicef & save the children, 2015). لە مانگەکانی یەکەمی دوای دامەزراندنی کەمپەکە، کاتێ کە هێشتا ئاسایشی کەمپ دانەمەزرابوو ڕاپۆرتی وا هەبوو کە منداڵەکان بەکاردەهێنرێن بۆ بەقاچاخ هێنانی کاڵاکان و هێنانە ژوورەوەو بردنە دەرەوەی خەڵك بۆ کەمپەکە (JO06; JO12). بە تێروانین لەوەی کە ئەو منداڵانە بەشێوەیەکی تیبینی نەکراو بەمجۆرەش ئازادانەتر، دەتوانن بێن و بچن، ژمارەیەك پێگەیشتووی سوری و ئوردنی منداڵەکانیان بەکاردەهێنا بۆ بەقاچاخ بردن و هێنانی کاڵاکان و کەرەستەکان لەناو سنورەکانی کەمپدا.

کەیسی دیکە ڕاپۆرتکرابوون سەبارەت بە ئیستیغلالکردنی کاری کچانی سوری تەمەن ١٥ – ١٧ ساڵ، هەروەها ژنانی گەنجی تەمەن ١٨ – ٣٠ ساڵ، لە کافیتێریایەکان لە ئیربید لە ئوردن. خاوەنی کافیتێریایەکان پێیان چاکترە کە کچان وژنانی سوری دابمەزرێنن لەبەرئەوەی سەرنجراکێشن بۆ کڕیارە نێرینەکان کە سەردانی کافێکان دەکەن بەشێوەیەکی بەردەوام بە مەبەستی سەرنجراکێشانیان بۆ لای ئەو ژن و کچانە. کچان و ژنانی سوری کە لە کافێکاندا کاردەکەن دوچاری ئیستیغلالکردن لەکاردەبنەوە، بەرامبەر کرێیەکی کەم و بارودۆخێکی نائارامی کارکردن هەروەها دەکەونە بەر هەراسانکردنی زارەکی و سێکسی لەلایەن کڕیارە نێرینەکانەوە (JO15; JO11). سەرەڕای ئەوەش کەیسی ئیستیغلالکردنی کاری منداڵان لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان ومانەوە دەستنیشانکراوە لەوەتەی دەستپێکی شەڕی سوریا سەبارەت بە ئوردن، منداڵانی فەڵەستینیەکانی ئوردن و سوریەکان لە تەمەنی ٦ – ١٦ ساڵی، کە زۆربەیان لە قوتابخانە دابڕاون و لە خێزانگەڵێکی هەژار، گەورەو لێکجیاو ئەو خانەوادانەی کە لەلایەن مێینەوە سەرپەرشتیان دەکرێت، هاتوون منداڵانی پەنابەری

لە کەیسێکی ڕاپۆرتکراوی بازرگانیپێکردنی منداڵێکی کوڕی سوری ٨ ساڵان بەمەبەستی ئیستیغلالکردنی کار، منداڵەکە بەدرەفتاری سێکسی لەگەڵکرابوو لەلایەن کوڕێکی هەرزەکاری خاوەنکارە ئوردنیەکە، کە خاوەنی دوکانێکی سەوزەومیوە فرۆشی بوو لە سەنتەرێکی شارستانی لە ئوردن. بۆ دڵنیابوون لەوەی کە منداڵەکە ڕاپۆرتی بەدرەفتاری سێکسی ناکا کە بەدەستیەوە دەناڵێنێ، خاوەنکار و کوڕەکەی هەرەشەی ئەوەیان لە منداڵەکە کردبوو کە هەواڵی پۆلیسی لێدەدەن و بە خۆی و بە خێزانەکیەوە دیپۆرتی سوریای دەکەنەوە. کاتێك کە چارەسازانی دەروونی و ڕێکخراوە دیدارکراوەکان بۆ ئەم توێژینەوەیە دەستیان بە چارەسەری کرد لەگەڵیدا، منداڵەکە سەردانگەکەی بەجێهێشت و چارەسەرەکەی تەواو نەکرد. هەروەها دیدارکراوەکە ڕەچاوی ئەوەی کردووە کە خێزانی منداڵەکە خستوویانەتە بارێکی لاواز و، بەرپرسیارێتیان خستوتە ئەستۆ بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی خێزانەکە. وا پێدەچێ کە دایکی کوڕەکە ئاگاداربێ لەوەی کە منداڵەکەی بۆتە قوربانی ئیستیغلالکردن و بەدرەفتاری سێکسی و، نەیتوانی بێ هیچ کارێك بکات بۆ پاراستنی منداڵەکەی (JO12).

بێیاوەر و دابڕاو بەشێوەیەکی تایبەت کەوتوونەتە بەر مەترسی ئیستیغلالکردن و بەدڕەفتاری (UN Women, 2013). زۆربەی منداڵانی کارکردووی سوری لە ئوردن کوڕن و، لەکاتێکدا هەندێکیان خوێندنی سەرەتاییان تەواوکردووە و دەتوانن بخوێننەوە و بنووسن، ئەوانی دیکە هەرگیز نەچوونەتە قوتابخانەو نەخوێندەوارن. کاری هەندێك منداڵانی سوری زۆر زیانبەخشە بۆ منداڵەکان چ لەڕووی جەستەییەوە بێت یا لەڕووی دەروونیەوە، چونکە سەرەڕای ماندووبوونی زۆریان، لەکاتی کارکردندا، منداڵەکان زۆربەیجار تووشی لێدان، جوێنپێدان لە هەندێك کەیسیشدا هەراسانکردنی سێکسی دەبنەوە لەلایەن خاوەنکارەکان یان ئەوانەی کار لەوێ دەکەن. **لە هەندێ ژینگەی کاردا، منداڵان نەریتی زیانبەخش بە تەندروستیان وەردەگرن، وەکو جگەرەکێشان و بەکارهێنانی دەرمانی نایاسایی و ئەلکهول** (JO15; JO06; JO12).

سەرۆکی بەشی پشکنینی کار لە CTU لە دیدارێکدا بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەی بەرجەستە کردووە کە لەپێش و لەوەتەی ساڵی ٢٠١١ تەنیا چەند کەیسێکی یەکجار کەمی بازرگانیپێکردنی منداڵان بە مەبەستی ئیستغلالکردنی کار لە ئوردن راپۆرتکراون (JO18). دیدارکراوێکی دیکە رایگەیاندووە کە ئەو شێوازانەی ئیستیغلالکردنی منداڵان حیسابی بۆ ناکرێت و، بەمشێوەیە راپۆرت نەکراون، وەکو فۆرمێکی بازرگانیپێوەکردن، بەڵام بریتین لە خراپترین فۆرمەکانی کاری منداڵان (JO13; JO23). بەپێی راپۆرتێکی رێکخراوێکی ناحکومی، سەرەڕای ئەوەی کە یاسای کاری ئوردنی رێ لە بەکارخستنی منداڵان و ئیستغلالکردنیان لە پیشە مەترسیدارەکان دەگرێ، نە یاسای کارو نە مادە پەیوەستەکان باسی سزای رێگری تێدایە کە بگونجێت لەگەڵ مەترسیەکانی خستنە بەرکاری منداڵان لە پیشە ترسناکەکان و ئیستغلالکردنیان بە کرێی کەم لە بارودۆخی کارکردنی نەشیاودا (Tamkeen, 2015).

### ٥.٣.٥ خزمەتکاری ناوماڵ

لەپێش و لەوەتەی دەستپێکی ململانێی سوریا، **رەخنەیەکی زۆر ئاراستەی سیستەمی کەفالە کراوە کە کارو کۆچی خزمەتکارانی ناوماڵی بێگانە لە سوریا، لوبنان و ئوردن**، وە هەروەها وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بەڕێوەدەبات. بۆ نمونە توێژینەوەی ساڵی ٢٠١٣ی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی کە لوبنان و ئوردن، هەروەها کوێت و میرنشینی عەرەبی یەکگرتووی گرتوتەوە، ئەمەی خوارەوە دەردەخات:

> «تەنیا پشتبەستن بە سیستەمی کەفالە خۆی لە خۆیدا گیروگرفتە، چونکە هێزێکی داینەمیکی نایەکسان دێنێتە ئارا لەنێوان خاوەنکارو کرێکارەکەدا» (Harroff-Tavel & Nasri, 2013).

وتارێك کە بەمدواییە لە گۆڤاری Anti-Trafficking Review بڵاوکراوەتەوە گەیشتوتە دەرەنجامی هاوشێوە، سیستەمی کەفالەی واداناوە کە « زۆر زیانبەخشە بە کرێکارانی خزمەتی ناوماڵی کۆچبەر. [...] کەفالە بۆیەهیە کە ببێتە هۆی کارپێکردنی بەزۆر» (Demetriou, 2015). پرسی هاوشێوە سەبارەت بە سیستەمی بەڕێوەبردنی کرێکارانی کاری ناوماڵ لە عیراق دەستنیشانکراوە، کە ئەوانەی لەباری کۆچدان دەخاتەبەر بەرپرسیارێتی و پێبژاردن و زیندانیکردن، لەجیاتی پاراستنیان لەو ئیستغلالکردنەی کە بۆیەهیە روویدابێ. بەمدواییە وەزارەتی ناوخۆی عیراقی رێنمایی دەرکردووە بۆ بەشداریکردن لە چارەسەری ئەم کێشەیەدا (IQ17).

کاریگەری شەڕی سوریاو قەیرانی پەنابەران بەسەر ئەم فۆرمەی بازرگانیپێوەکردن لە ئەوپەڕی کەمیدا بوو، چونکە هێشتا بەردەوامە، بەتایبەتمەندی هاوشێوەو پرۆفایلی هاوشێوەی خەڵکی بازرگانیپێکراو. خەڵکی بازرگانیپێکراو بۆ ئەم مەبەستە بەردەوامن لە وڵاتانی دەرەوەی ناوچەکەدا، لەجیاتی سوریان و هاوڵاتیانی وڵاتانی خانەخوێی ژێر

تویژینەوە. لەتورکیا، لەلایەکیدیکەوە، بازرگانپێکردن بەمەبەستی خزمەتکاری ناوماڵ وەکو دۆزێکی پەیوەندیدار دەستنیشان نەکراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، **لەکاتێکدا بازرگانپێکردن بە کرێکارانی کۆچبەری خزمەتکاری ناوماڵ لەناوەوەی سوریا بەردەوامە لەوەتەی دەستپێکردنی شەڕەوە** (Lutz, 18 May 2013)، لەبەر ڕەوشی ئەمنی لەو وڵاتەی کە شەڕ پارچە پارچەی کردووە، ئێستا زەحمەترە کە چاودێری ڕەوشەکەیان بکرێت. خەڵکی بازرگانپێکراو بۆ خزمەتکاری ناوماڵ لە سوریا بەزۆری ژنانی گەنجی تەمەن ١٨ – ٤٥ ساڵی لە وڵاتانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە (فلیپین، ئیندۆنیسیا، تایلەندو مالیزیا) و ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا (ئەسیوبیاو سودان) (Harroff-Tavel & Nasri, 2013). ئەمانە لەناو ئەو گروپەدان کە لەناوەوەی سوریا بازرگانیان پێوەکراوەو بەڵگەنامەیان نیە، هەروەها بۆیەهیە ڕێگە نایاساییەکانیان گرتبێتەبەر بەهۆی قەدەغەکردنی هەندێك لە وڵاتەکانیان بۆ کۆچکردن بەرەو سوریا بۆ کاری ناوماڵ، هەروەکو لە بەندی ٢دا خراوەتەڕوو (Kane, 2011).

مەرجی دەرهێنانی ڕێپێدان لە حکومەتی سوریەوە یەکێکە لە ڕەگەزەکانی سیستەمی کەفالە لە سوریا کە کۆنترۆڵی تەواوی کرێکارانی کۆچبەر دەداتە دەست خاوەنکارەکان، بێبەشیان دەکات لە مافی کۆتایی پێهێنانی گرێبەستی نێوانیان ئەمەش دەیانخاتە بەر بارودۆخی زۆر خراپی ئیستیغلال لە کارو بەدڕەفتاری (SY13). بەمدواییە ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی داوای زانیاری کردووە لە بوون و بارودۆخی کرێکارانی کۆچبەری ئاسیێوی ناوماڵ لە وەزارەتی کاری سوری. وەزارەت بە نوێنەرانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ڕاگەیاندووە کە هەموو کرێکارانی ناوماڵی کۆچبەر کە لە سوریادابوون لەکاتی دەستپێکی کێشەکەدا ڕەوانەی وڵاتانی خۆیان کراونەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕەچاوکردنی کۆت و بەندی سەپێنراو کە زۆربەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لەسوریا ڕووبەڕووی بوونەتەوە ڕێگەیەك نەبووە لەبەردەم ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە (SY13).

> کۆنفیدراسیۆنی یەکێتی بازرگانی نێودەوڵەتی (ITUC)ڕاپۆرتی کردووە کە خێزانە دەوڵەمەندە سوریەکان لە پارێزگای لازقیە لە سوریا کە ژنێکی فلیپینیان وەکو کرێکاری ناوماڵ بەکرێگرتووە. خاوەنکارەکانی ئەو ژنە مۆبایل و پاسپۆرتەکەیان گلدابۆوە، ڕێگەی پێنەدەدرا کە ڕۆژێکی ئۆف وەربگرێت و مانگانەش ٢٠٠ دۆلار کرێی پێدەدرا، کە دەکاتە نیوەی ئەوەی لەلایەن کرێگرتەکەی لە مانێلا بەڵێنی پێدرابوو. کاتێ کێشەکە سەریهەڵدا، خاوەنکارەکانی لەگەڵ منداڵەکانیان هەڵاتن و دەستبەرداری ژنە فلیپینیەکە بوون ژنە فلیپینیەکەش چووە ڤیلایەك لەگەڵ دوو کۆچبەری فلیپینی دیکە. نەیاندەتوانی پەیوەندی بە باڵیۆزخانەی فلیپین لە دیمەشقەوە بکەن و داوای یارمەتی هەناردنەوەیان بکەن، بەمەبەستی ڕاکردن، هەرسێ ژنەکە دەبوایە بەسەر دیوارەکانی ڤیلاکەدا بێنە خوارێ، کە بووە هۆی شکانی ئێکی یەکێك لە ژنەکان. جارێك لە شەقامدا، هەرسێ ژنەکە هەوڵیاندا تەکسیەك بەرەو باڵیۆزخانە بگرن، بەڵام شوفێری تەکسیەکە بەرەو بنکەی پۆلیسی بردن لەوێش دەستگیرکران و وەکو کۆچبەری نایاسایی خرانە زیندانەوە(Torres, 5 August 2012).

لەراستیدا، **زۆر لە ژنانی کۆچبەر لە وڵاتانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا کە ڕەوانەی وڵاتی خۆیان نەکرابوونەوەو هێڵرابوونەوە لەلایەن باڵیۆزخانەکان لەناوەوەی سوریا جێمابوون**، زۆریشیان لێدەستگیرکرابوون و خرابوونەوە زیندانەوە لەلایەن دەسەڵاتەکانی سوریاوە وەکو کۆچبەری بێ بەڵگەنامەو لە زینداندا مابوونەوە بۆ چەند مانگێك. هەندێکیان نەیانتوانی پەیوەندی بە باڵیۆزخانەکانی خۆیانەوە بکەن، یان نەیانتوانی بەبێ پاسپۆرت بچنەوە وڵات، لەبەرئەوەی لەلایەن خاوەنکارەکان یان ئاژانسەکانی بەکارخستنەوە لێیان گلدرابۆوە (SY03).

لە دیدارێك لەگەڵ یەکێتی نێودەوڵەتی سەندیکاکان، وەزیری کاروباری دەرەوەی فلیپینی ئەلبێرت دێل رۆزاریۆ روونی کردەوە کە ئەستەمە شوێنی فلیپینیەکان لە سوریاو لە چوارچێوەی هەڵکشانی توندوتیژیدا دەستنیشانبکرێت و بگێڕدرێنەوە، هەروەها گوتی کە گەڕاندنەوەی فلیپینیە دەستەوەستانەکان لە سوریا کارێکی ئاڵۆزە بەهۆی داخوازیەکانی خاوەنکارە سوریەکان کە داوای پێدانی تێچووی بەکارخستنی کرێکارە کۆچبەرەکان دەکەن، لەبەرامبەر واژۆکردنیان بۆ رێپێدانی دەرچوون لە وڵات کە کۆچبەرەکان بۆ جێهێشتنی سوریا پێویستیانە (Torres, 5 August 2012).

لە لوبنان، بەشێوەیەکی گشتی قەیرانی سوری وادانانرێت کەکاریگەریەکی بەرچاوی بەسەر بازرگانیکردن هەبێت بۆ خزمەتکاری ناوماڵ، چونکە هێشتا سیستەمی کەفالە کاری پێدەکرێت و سوریەکان کرێکارە بێگانەکانیان بە کەسانی دیکە لەم توێژەدا نەگۆڕیوە (LB03). زۆربەیجار ژنانی سوری دەچنە لوبنان بەیاوەری خێزانەکانیان و، بەمجۆرە وەکو خزمەتکاری ناوماڵ شیاو نین، کە زۆربەی جار داوایان لێدەکرێت بە دەوامێکی تەواو لەناو ئەو خێزانانەدا بمێننەوە کە کاریان بۆ دەکەن. هەڵاوێردە بەرچاوەکان بریتین لە **کرێکارانی ناوماڵ لە ژنانی غەیرە سوری کە لەلایەن خێزانە هەڵاتوە سوریەکانەوە براونەتە لوبنان** و، لەپاڵ کۆچبەرەکانی پێشتری کارکردنی ناوماڵ – «هەڵاتووەکان» – کە بە نایاسایی لە لوبنانن و بە سەربەخۆیی کاردەکەن، بەتایبەتی لەبواری پاککردنەوەدا. هەروەها زۆربەی خێزانە لوبنانیەکان وایان پێباشترە سوریەکان بۆ پاککردنەوە دابمەزرێنن، لەبەر نزیکی زمان و، ئەمەش کاریگەری هەبوە بۆ ئەگەری وەدەستهێنانی داهات بۆ ئەم گروپە (LB04). کەیسێکی کۆیلەگەری خزمەتکاری ناوماڵ سەبارەت بە کچانی فەڵەستینی لە سوریاوە راپۆرتکراوە لەلایەن رێکخراوێکی ناحکومی لوبنانی کە کار لەگەڵ فەڵەستینیەکاندا دەکات. ئەو کچانە لە خزمەتکاری ناوماڵ ئیستغلالکرابوون لەلایەن خێزانێکی لوبنانی و رێگەیان پێنەدرابوو کە ماڵەکە بەجێبهێڵن (LB18).

چالاکوانێکی سوری دیدارکراو بۆ ئەم توێژینەوەیە کە لە ساڵی ٢٠١٢ لە گرتووخانەیەکی سوریدا زیندانی کرابوو بە شێوەیەکی راستەوخۆش پاسەوانێکی زیندانە سوریەکەی بینیبوو کە ئیستغلالی سێکسی ژنێکی کۆچبەری کردبوو کە پێشتر کرێکاری ناوماڵ بوو، لەبەرامبەر ئەو برە پارەیەی کە ئەوان پێویستیان بوو بۆ مانەوە لەناو زیندانەکەدا. لە دیدارەکەدا، ئاماژەی بە ئیستغلالکردنی جنسی سەدان ژنی کۆچبەری کردبوو کە لەگەڵ ئەودا دەستگیرکرابوون:

« کاتێ کە دەستگیرکرابووم و لە زیندان هاوێشترابووم، سێ ژووری پڕ کرێکاری ناوماڵی بیانی هەبوون. کە زۆربەیان لە ئەسیوبیاو سودان و مالیزیاو تایلەندەوە بوون. بازرگانی بە هەموویانەوە کرابوو: ئەوان وایانزانی بوو کە بەرەو وڵاتانی کەنداو دەچن، بەڵام بەرەو سوریا بازرگانیان پێوەکرابوو و پاسەپۆرتەکانیشیان لەدەستدابوو. کاتێ توندوتیژی لە سوریا دەستی پێکرد، رژێم باڵیۆزخانەکانی ئەوانی ئاگادارکردەوە و داوای لە باڵیۆزەکان کرد تا لە وڵات بیانباتە دەرو بیانگەڕێنێتەوە وڵاتەکانی خۆیان. لەگەڵ ئەوەشدا، باڵیۆزخانەکان نەیانویست کە تێچووی فڕین و دەربازکردنیان بۆ دەرەوەی سوریا بدەن و پارەی ئەوەشیان نەدا کە لە هوتێلێکدا نیشتەجێیان بکەن، بۆیە ئەوانیش لەلایەن بنکەکانی پۆلیسەوە دەستگیردەکران و دەهێڵرانەوە. باڵیۆزخانەکانیان دەیانزانی کە ئەوان لە بنکەکانی پۆلیس وزینداندان و هەندێکجار باڵیۆزخانەکان خۆراکیان بۆ دەناردن لە زیندانەکانیاندا. هەندێك لەوانە بۆ ماوەی ساڵێك لە بنکەی پۆلیسدا دەمایەوە. لە گرتووخانەدا، دەبوونە لەشفرۆش بۆ ئەوەی خۆراك و جلوبەرگ بکڕن. تەنیا ئاو بەخۆڕایی بوو؛ دەبێ پارەی هەموو شتێکی دیکە بدەی لە زینداندا. ئەفسەرە پلە بەرزەکانی پۆلیس ببونە ئەو دەلالانەی کە کڕیارەکانیان دەهێنا. ژنەکان و کڕیارەکان دەبرانە ژوورێکی جیاواز...» (SY03)[69].

[69] لە عەرەبیەوە وەرگێردراوە لەلایەن لێکۆڵەری وڵات، س. ئۆزدەن

لەماوەی ٢٠٠٩ – ٢٠١٣ لە ئوردن، **شێوازی هەرە بەربڵاوی بازرگانیپێکردن کە بەشێوەیەکی فەرمی دەستنیشانکرابوو لەلایەن لیژنەی نیشتمانی نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ بریتی بوو لە خزمەتکاری ناوماڵ**، کە تێکرای ٣٨ کەیسی دەستنیشانکراوی لەخۆگرتبوو، بە بەراورد لەگەڵ ٢٩ کەیسی دیارینەکراو، ١٨ کارپێکردنی بەزۆر، ٥ ئیستغلالکردنی سێکسی و ٢ بازرگانیکردن بە منداڵ (cited in: UNODC, 2014a). سەرەڕای ئەوەش، تێکرای ٩ کەیسە دانپیانراوەکە لەلایەن داواکاری گشتی ئوردنیەوە وەکو کەیسەکانی بازرگانیپێوەکردن لەماوەی نیوەی یەکەمی ٢٠١٥ بەمەبەستی خزمەتکاری ناوماڵ، کە پازدە ژن تێوەگلابوون – نۆیان لە بەنگلادیش، سێ لە فلیپین و، یەك لە سریلانکا، یەك ژنی ئەسیوبی و یەك ئوردنی (JO21). کەسانی بازرگانیپێوەکراو بەردەوام زۆربەیان ژنن – و هەندێکجاریش کچن – لە باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا (فلیپین و ئیندۆنیسیا)، باشوری ئاسیا (سریلانکاو بەنگلادیش)و، رۆژهەڵاتی ئەفریقیا (کینیاو ئەسیوبیا)، (JO18; JO19; JO23) هەربۆیە، هاوشێوەی لوبنان، ئەمە فۆرمێکی ئیستغلالکردنە کە بەشێوەیەکی بەرچاو نەکەوتۆتە بەر کاریگەری شەڕی سوریاو هەڵڕژانی پەنابەرانی سوری بۆ ئوردن.

ئەوژنانەی لە سوریا بوون لەگەڵ خاوەنکارە سوریەکانیانەوە بەرەو ئوردن هاتن، کە بەدوای باری پەنابەریدا دەگەڕان و کرێکارانی ناوماڵیان لەگەڵ خۆیاندا بردبوو، هاوشێوەی ئەوەبوو کە لە لوبنان روویدا، لەگەڵ گەیشتنیان بە ئوردن لەرێگەی خاڵە سنوریەکانەوە، خاوەنکارە ئوردنیەکان دەستبەرداری ژنە ئیندۆنیسیەکان بوون بەبێ ئەوەی پاسەپۆرتەکانیان پێبدەنەوە، یان دایانە دەست خاوەنکاری دیکە، جا ئەوانە چ نێوانگیربن یان خاوەنی ماڵی تایبەت بن. ژنێکی ئیندۆنیسی لەگەڵ خاوەنکارەکەیدا هاتبوە ئوردن و کاتێك خاوەنکارەکە ئوردنی جێهێشتبوو، ئەو ژنەی خستبووە بەرکار لەماڵی برایەکەیدا بەبێ ئەوەی پارەی پێبدات و بەبێ ئەوەی پاسەپۆرتەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە. بەڕێوەبەری تەمکین پێیوایە کە کەیسی زیاتری هاوشێوەی ئەو ژنە ئیندۆنیسیانە هەیە کە بازرگانیان پێکراوەبەمەبەستی خزمەتکاری ناوماڵ لە وڵاتانی بەر کاریگەری ململانێ و قەیرانەکە، بەڵام ئەوانە دەستنیشان نەکراون.

لەگەڵ ئەوەشدا، رێکخراوی ناحکومی تەمکین بۆ یارمەتیدان ئەوە دوویپاتدەکاتەوە کە ٦ ژنی ئیندۆنیسی کە لە قەتەرەوە هاتبوونە ئوردن ، عیراق و سوریا لەنێوان ٢٠٠٥ و ٢٠١٤دا (JO23).

هەروەها لە عیراق، دیدارکراوەکانی رێکخراوە ناحکومیەکان و دەوڵەت کاریگەریەکی ئەو سێکتەرەیان نەبینیبوو لەوەتەی ماوەی سەرەتاوە، لەگەڵ بەردەوامی بوونی قوربانیانی هاتوو لە باشورو باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا، کە دوچاری دەستگیرکردن دەبوونەوە بەهۆی باری نایاسایی کۆچ (IQ17). یەك کەیسی تایبەتی ئاماژەپێکراو هەبوو سەبارەت بە بازرگانیپێکردنی ٢٠ ژنی غانی کە بەڵێنی ئەوەیان پێدرابوو لە هوتێلەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق کاربکەن. بەڵام لەکۆتاییدا لە ماڵی تایبەت وەکو کرێکاری ناوماڵ خرابوونە سەرکار، کە رووبەڕووی رەوشی ئیستغلالکرانەی کارو هەراسانکردنی سێکسی ببوونەوە. لە هەندێ کەیسدا، لە خواردن بێبەشکرابوون، ئەو کۆمپانیایانەش کە گرێبەستی لەگەڵکردبوون پاسپۆرتەکانیان گلدابوونەوە (IQ13).

**لەوەتەی هەڵگیرسانی شەڕ لە سوریا، هەروەکو پێش قۆناغی سەرەتا، زۆربەیجار ژنانی کۆچبەر لەلایەن ئاژانسەکانی بەکارخستن و نێوانگیرەکانیان لە وڵاتانی رەسەنی خۆیاندا خەڵەتێنرابون** لەبارەی ئاراستەو شوێن، سروشتی پیشەو کارکردنیان و باری ژیانیان لە سوریا، لوبنان، ئوردن و عیراق (Hamill, 2011; Harroff-Tavel & Nasri, 2013; JO23; IQ13). بازرگانیکارێکی دیکە لەو کەیسانەدا بریتی بوو لە خانەوادەی تایبەت یان ئاژانسەکانی کار کە ژنانی کۆچبەر دادەمەزرێنن. خێزانە تایبەتەکان لە سوریا، لوبنان، ئوردن و عیراق راپۆرتکرابوون کە پاسەپۆرتەکان و بەڵگەنامەکانی دیکەی سەفەر گلدەدەنەوە، سەرەڕای پێشێلکردنی ئاستێکی

زۆری مافەکانی کارکردن: کاتژمێری زیادەی کارو نەبوونی ماوەی حەسانەوە؛ بارودۆخی ژیانی پڕ سوکایەتی؛ دەستنەکەوتنی جلوبەرگی شیاو، بڕە خۆراکی تەواو و ئاوو چاودێری تەندروستی؛ ئازادی سنورداری جوڵانەوەو پەیوەندیکردن لەدەرەوەی شوێنی کاردا؛ هەڕەشەی دەروونی، جەستەیی و دەستدرێژیکردنی کرداری سێکسی؛ هەڕەشەی راپۆرتکردن بۆ دەسەڵاتەکان؛ گلدانەوەی کرێکانیان و؛ لە سوریاش، دەستبەرداربوون لە ژنانی کۆچبەردا لەناوەڕاستی ململانێکەدا (Harroff-Tavel & Nasri, 2013; JO23; IQ13).

### ٦.٣.٥ ئیستغلالکردن لەڕێگەی سواڵکردنەوە

ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە تلیاك و تاوان (UNODC) لە راپۆرتی جیهانی سەبارەت بە بازرگانیپێکردنی کەسەکان ئیستغلالکردن لەڕێگەی سواڵکردنەوە پۆلێن دەکات وەکو فۆرمێکی بازرگانیپێکردن لەژێر توێژێکی بەرفراوانتری «فۆرمەکانی ئیستغلالکردن جیا لە کارکردنی بەزۆر، ئیسغلالکردنی سێکسی یان دەرهێنانی ئەندامەکان» (UNODC, 2014). لەگەڵ ئەوەشدا ئیستغلالکردن لەڕێگەی سواڵکردنەوە وەکو توێژێکی لاوەکی کارکردنی بەزۆر دادەنرێت کە کاریگەی هەیە بەسەر پێگەیشتوواندا[٧٠]. لە حاڵەتی بوونی منداڵیشدا، دەشێ کەیسێکی سواڵکردن بە بازرگانیپێکردن دابنرێت ئەگەر یەکێك لەم کردارانە ئەنجامدران (بەکارخستن، گواستنەوە، راگواستن، داڵدەدان یان پێشوازیکردنی کەسەکان) لەگەڵ هەبوونی مەبەستی ئیستغلالکردن لەڕێگەی سوڵکردنەوە (Healy & Piotrowicz, 2013).

بەشێوەیەکی گشتی لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا، **هۆشیاریەکی کەم هەبوو سەبارەت بە ئیستغلالکردن لەڕێگەی سواڵکردنەوە وەکو فۆرمێکی بازرگانیپێوەکردن.** هەروەك لە پێشەکیدا دەرکەوتووە، خودی کرداری سواڵکردن سەرپێچیە لەزۆربەی وڵاتانی ژێر توێژینەوەو، تیشکۆی سەپاندنی یاساکان و دەسەڵاتەکانی دیکەی دەوڵەت لەسەر دەستگیرکردنی خەڵکی سواڵکەرە، لەجیاتی لێکۆڵینەوە لە بەڵگەکانی ئیستغلالکردن. وتارەکانی رۆژنامە لە تورکیا راپۆرتیان هەیە سەبارەت بە ژمارەی خەڵکی سواڵکەری دەستگیرکراو لەلایەن پۆلیسەوە، وەکو «٢٣ منداڵی سواڵکەری سوری لە تەمەنی نێوان ٨ و ١٣ ساڵیدا کە لەلایەن پۆلیس دەستگیرکراون» (Milliyet, 22.02.2013) و «٥ منالی سوالکەری سوری کە لەدەست پۆلیس هەڵاتوون» (AktifAdana, 22.12. 2014). لە شانلیئورفا، کۆمەڵەی برایەتی کۆمەڵگەی خانەخوێی تورکی و کۆچبەرانی سوری هەماهەنگی لەگەڵ پۆلیسی شارەوانی دەکات بۆ «رێگرتن لە منداڵەکان لە سواڵکردن». کاتێك کە پۆلیس دەستنیشانی منداڵێکی پەنابەری سوری سواڵکەر دەکات لە شەقامدا، دەیانهێننە کۆمەڵەکەو داوا لە منداڵەکە دەکرێت پارچە کاغەزێك واژۆ بکات، هەروەها مۆری پەنجەکانی وەردەگیرێت و، بە تورکی لە پارچە کاغەزەکە نوسراوە: « بەڵێن دەدەم کە جارێکی دیکە سواڵ نەکەم. ئەگەر وامکرد، ئەوا لە تورکیا دەردەکرێم» . { ئەم پارچە کاغەزە بە لێکۆڵەری وڵات نیشاندراوە}. بەپێی دیدارکراوان لە هەمان کۆمەڵەدا، ئەمە بەشداربووە لە «چارەسەری» کێشەکە (TR10; TR11).

بەهەمان شێوە لە ئوردن، مێردەکان و دایبابەکان دەچنە دادگا بۆ رزگارکردنی ژن و منداڵەکانیان کە لەبەر سواڵکردن دەستگیرکراون، لەبەرئەوەی ئەوان چاودێری یاسایین و، بەڵێن دەدەن کە ئەندامانی خێزانەکانیان لە سواڵکردن بەردەوام نابن. کاری یەکەی نەهێشتنی سواڵکردن بریتیە لە دەستنیشانکردنی و رێگرتن لە سواڵکردنی منداڵان و پێگەیشتووان، بەمجۆرە یاسای ئوردنیش سزای هەیە بۆ ناچارکردنی کەسێکی دیکە بۆ سواڵکردن، لەگەڵ ئەوەشدا،

٧٠ رێکەوتننامەی ١٩٣٠ی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ژمارە ٢٩کارپێکردنی بەزۆر پێناسە دەکات وەك " هەموو کار یا خزمەتگوزاریەك کە لەژێر هەڕەشەی هەر سزایەك بەسەر کەسێکدا دەسەپێنرێت کە بەخۆی خۆبەخشانە ئەنجامی نەدات

لەم بڕگەیەدا دەبێ ناچارکردن هەبێت، دەبێ بەڵگەی تەواو بەدەستەوە هەبێت و لە زۆربەی کەیسەکان، منداڵەکان ناڵێن کە لەلایەن دایکوباوکانیانەوە یان کەسانی گەورەی دیکە ناچاری سواڵکردن کراون (JO20). هەروەها لە عیراق، ڕەوشەکانی سواڵکردن بەشێوەیەکی گشتی وەکو فۆرمی بازرگانیپێوەکردن دانانرێن و، زۆربەیجار بەپێی یاسای سزاکانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. منداڵانی دەستگیرکراو لەکاتی سواڵکردندا زۆربەیجار لە پەناگەی منداڵاندا دەهێڵرێنەوە، کە واباوە لەو شوێنەش ڕادەکەن (IQ17).

لەبەر بوونی ژمارەیەکی یەکجار کەمی بەڵگەو زانیاری سەبارەت بە سواڵکردن لەناوەوەی سوریا، زەحمەتە ئەوە دەستنیشانبکرێ کە ژمارەیەکی ڕوو لەزیادەی ژنان، منداڵان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەکاتی سواڵکردن لە ناوچەکانی ژێرکۆنترۆڵی ڕژێم و ئۆپۆزسیۆن لەناوەوەی سوریا تێبینیکراون کە بازرگانیان پێوەکرابێ بۆ ئیستغلالکردن یان لە سواڵکردنەوە گلابن وەکو میکانیزمێکی بەرپەرچدانەوەی سلبی لەسەر بنچینەی تاك یان خێزاندا. Save the Children و UNICEF بەمدواییە ڕاپۆرتێکیان بڵاوکردەوە کە دەریدەخات سەدان لە هەزاران منداڵی ئاوارەی ناوخۆی سوری و منداڵی پەنابەر لە وڵاتانی دراوسێ ناچنە قوتابخانەکان و لە خراپترین فۆرمەکانی کاری منداڵان و سواڵکردنەوە تێوەگلاون (July 2015)، کە زۆر لەوانە بۆیهەیە بەو مەبەستە بازرگانیان پێوەکرابێت.

بەپێی ماڵپەڕی پشتگیریکاری ئۆپۆزسیۆنی السوریە نێت، ڕژێم ئەو ئامارانەی داوەتە دەست کە کەیسەکانی سواڵکردن دەستنیشان دەکەن سەبارەت بەوەی کە زۆربەیان ژن و منداڵانن لە سوریاو ژمارەیان ڕوو لە زیادەیە لە نزیکەی ٢٠٠٠ لە ٢٠١٠ بۆ نزیکەی ٥٠٠٠ لە ٢٠١٥. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە ڕوون نیە کە چۆن ئەو ژمارانەیان دەستکەوتووە ئایا ئەو جۆرە دەستنیشانکراوانەی سواڵکردن لەلایەن گروپەکانی تاوانەوە ڕێکخراون، لەئاستی نزمی ئیستغلالکردنەوە گلاون، یاخود چالاکی تاکەکەسی بوون یان لە چوارچێوەی خێزاندابوون. بەپێی وتارەکە، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی سوری دانی بە زیادبوونێکی زۆری سواڵکردن لە وڵاتەکەداناوە لەسەرەتای دەستپێکردنی ململانێوە. بۆ بەرسڤدانەوە، یەکەیەکی تایبەتی هێزەکانی پۆلیس دامەزراوە، کە پێیدەوترێ «پۆلیسی مەدەنی» بۆ دەستنیشانکردن، دەستگیرکردن و سزادانی ئەو تاك و گروپانەی کە منداڵان، ژنان و خەڵکانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەڕێگەی سواڵکردنەوە ئیستغلال دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو مادەیە هیچ زانیاریەکی زیاتر ناداتە دەست سەبارەت بەم کەیسانە (Al Souria Net, 14 April 2014).

لە تورکیا هیچ قوربانیەکی بازرگانیپێکردن بۆ ئیستغلالکردن لە ڕێگەی سواڵکردنەوە دەستنیشان نەکراوە لەماوەی قۆناغی ٢٠٠٩ - ٢٠١٣ (ICMPD, 2013). سەرەڕای ئەوەی کە ئیستغلالکردن لەڕێگەی سواڵکردنەوە بەشێوەیەکی ڕاشکاو پێناسە نەکراوە وەکو فۆرمێکی بازرگانیپێکردن بەپێی مادەی ٨٠ی یاسای تاوانەکانی تورکیا، دیدارکراوێك لە وەزارەتی داد پێیوایە کە زۆر لە کەیسەکانی سواڵکردن لە سوریا ڕەنگە بازرگانیپێوەکردنیان لەخۆ گرتبێت ئەگەر بە تەواوی لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەنجامبدرێت (TR45). هەروەها ڕێندراوە کە زانیاری ورد سەبارەت بە ئیستغلالکردن لەڕێگەی سواڵکردنەوە لە تورکیا دەستبکەوێت. ئەوەی ڕووبەڕوو بۆتەوە لەمیانەی لیکۆڵینەوە بۆ ئەم توێژینەوەیە لە تورکیا زیاتر ئاماژەی گشتی بوون بۆ سواڵکردنی ئیستغلالکارانە. دیدارکراون ئاماژەیان کردووە بۆ هەبوونی مافیا لە ئیستەمبوڵ کە خەڵکی ناچاری سواڵکردن دەکەن (TR12)، هەروەها هەبوونی تۆڕی دیکەی هاوشێوە لە باشورو باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا (TR08).

سەرەڕای ئەوەش، ڕووداوێك لە نیسانی ٢٠١٥ لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە باسیکرا، کە چەند لەقتەیەکی ڤیدیۆیی تێدابوو منداڵانی دەرۆزەکەری پیشان دەدا کە لە دەرەوەی شار لە شوێنێکی زیندان ئاسا لەچوارچێوەی شارەوانی شانلیئورفا دەهێڵرانەوە (Altun, 21.04.2015). لە وەڵامی پرسیاریش سەبارەت بەو ڕووداوە لەماوەی دیدارێك بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە، پۆلیسی شارەوانی شانلیئورفا ئاماژەی بە ڕەوشەکانی سواڵکردنی ئیستغلالکارانە کرد:

> « تۆ پێویستت بە پێوەری رادیکاڵی هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم گیروگرفتەدا. چونکە بۆتە پرسێکی رێکخراوی لەو جۆرە، تۆرێك لە خەڵك، هەندێك سوریان لە غازی عەنتابەوە بۆ ناوەراستی ئورفا (شانلیئورفا) دێنن، وایان لێدەکەن بە درێژایی رۆژ لێرە سواڵبکەن» (TR09).

یەك کەیس لە لوبنان رپیۆرتکراوە سەبارەت بە پیاوێکی سوری کە لە سوریا نیشتەجێیە، کە نۆ منداڵی خۆی رەوانەی دۆڵی بیقاع کردووە لە لوبنان بۆ سواڵکردن، **ناچاری کردوون کە لایەنی کەم هەریەکەیان ١٠٠٠ لیرەی لوبانی (نزیکەی٧ دۆلار) بهێننەوە، لەژێر هەرەشەی لێدان لەلایەن پێگەیشتووەکانی خێزانەکەیدا**. گەورەترین منداڵی راپۆرتی کردووە  کە پارەکە بۆ دروستکردنی تەلارێك لە سوریا بەکاردەهات (LB09)، منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتیش ئاماژەیان پێکراوە وەکو بەکرێگیراو بۆ مەبەستی سواڵپێکردن، لە بەیروت لە تەرابلوس، بەڵام ئەمە نەسەلمێنراوە (LB11; LB41). راپۆرتێك کە لەساڵی ٢٠١٥ دەرچووە دەریخستووە کە دەرۆزەکردن لە دەرەوەی ناوچە شارنشینە سەرەکیەکان لە لوبنان چربۆتەوەو، بەتایبەتیش لە دۆڵی بیقاع و عەککار (Save the Children, UNICEF & ILO, 2015). ئەمە لەلایەن دیدارکراوێك بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە دووپاتکراوەتەوە (LB09; LB36). راپۆتی بازرگانیکردن بە کەسەکانی ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ ئاماژە دەکەن کە منداڵانی سوری ناچاری سواڵکردن لە شەقامەکان کراون، لەکاتێکدا راپۆرتی ٢٠١٥ش ئاماژەی بە منداڵانی لوبانی کردووە لەم رەوشەدا (US Department of State, 2014; 2015).

سواڵی منداڵان، وەکو کارکردنی منداڵان، ریزکراوەو وەکو خراپترین فۆرمەکانی کاری منداڵان حیسابی بۆ کراوە نەك وەکو بازرگانیپێکردنی منداڵان لە ئوردن، سەرەرای ئەوەی کە زۆر لە حاڵەتەکانی سواڵکردنی منداڵان رەگەزەکانی بازرگانیپێکردنیان تێدایە، هەروەها منداڵەکان خراونەتە بەرکارو لە سواڵکردن ئیستیغلال کراون بۆ بەرژەوەندی کەسانی دیکە. بۆیەیە منداڵانی سواڵکەر ساتانێکی درێژ لەدەرەوەی ماڵ بەسەر ببەن و هەندێجار **منداڵان رێگەیان پێنادرێت بگەرێنەوە ماڵەوە لەو رۆژەدا تاوەکو برە پارەی داواکراو پەیدانەکەن** (JO19; JO20). سەرەرای ئەوەی کە UN Woman و سەرچاوەی دیکەش ئاماژەیان بەوە داوە کە بازرگانیپێکردنی منداڵان بەمەبستی ئیستغلالکردن لە کارو ئیستغلال لە سواڵکردن  لە ئوردن بەرزەو روو لە زیادیە لە ئەنجامی هەڵرژانی پەنابەرانی سوری (UN Women, 2013)، ئەو داتایانەی لەلایەن یەکەی نەهێشتنی بازرگانیپێکردنی ئوردنی پێشکەشکراون (CTU) زانیاریان تێدانیە سەبارەت بە قوربانیە دەستنیشانکراوەکان لە منداڵانی بازرگانیپێکراو بۆ مەبەستی ئیستغلالکردن لە کارو ئیستغلال لە سواڵکردندا.

بەرێوەبەری یەکەی نەهێشتنی سواڵکردنی ئوردنی و ستافەکەی رایانگەیاندووە کە هەندێ لە کەیسەکانی سواڵکردن رەگەزەکانی ئیستغلالکردن دەدەنە دەست و رەنگە وەکو بازرگانیکردن بە کەسەکان هەژماربکرێن، هەرچەندە کە حاڵەتەکان لەماوەی قۆناغی سەرەتادا هەموو وا باسکراون کە پەیوەستن بە منداڵان و ژنانی دۆم لەکەسانی ئوردنی و رەگەزنامەکانی دیکە، زیاتر لەوەی سوریەکان بن. ئیستغلالکاران کەسانی ئوردنین، بەڵام سوری و، میسری و، عیراقی و یەمەنی، دۆم و قەرەج لە خودی ئەندامانی خێزانەکانیانەوە سواڵدەکەن، یان تۆرێکی گواستنەوەی پەنابەرانی ئوردنی و فەڵەستینی لە ئوردن بەهۆی ئۆتۆمبێلەوە بۆ شوێنەکانی دەروزەکردن (JO19; JO20). سەرۆکی یەکێك لە تۆرەکانی سواڵکردن لە کەمپی حصن لە پارێزگای ئیربد پەنابەرێکی فەڵەستینیە لە ئوردن، پیاوێکە لە کۆتایی ٤٠ ساڵانی تەمەنی کە گروپێکی نزیکەی ١٥ منداڵی سواڵکەر بەرێوەدەبات کەکاری بۆدەکەن. ئەو پیاوە بە ئۆتۆمبێل منداڵەکان لە بەیانیاندا دەباتە سەر شوێنی کاری دەستنیشانکراو و شەوان هەڵیاندەگرێ و دەیانباتەوە (JO11; JO12; JO15). بازرگانیکارەکە نزیکەی ٢ دیناری ئوردنی دەداتەهەر منداڵێکی سواڵکەر (نزیکەی ٢،٨٠ دۆلار) لە رۆژێکدا (JO11). قازانجی رۆژانەی دەستکەوتوو لەلایەن منداڵێك یان پێگەیشتوویکی سواڵکەرەوە جیاوازە لەنێوان ٥٠ تا ٢٠٠ دیناری ئوردنی (٧٠ تا ٢٨٢ دۆلار) لەرۆژێکدا (JO20; JO19).

**له حاڵەتی ئەو سوریانەی کە لە ئوردن سواڵدەکەن، بەشێوەیەکی گشتی وا گریمان دەکرێ کە ئەمە ئیستغلال نیە بەڵام بەهۆی پێویستی ئابوری سوریەکانەوە هاتۆتە ئارا.** لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ دیدارکراوان هێشتا وادانێن کە بازرگانیپێکردن وئیستغلالکردنی ژنانی سوری، منداڵان و کەسانی خاوەن پێداویستی بۆ بردنیان بۆ شوێنی کار لە هەندێ کەیسدا، لەلایەن مێردەکانیان، باوکان وکەسوکارانی نێرینەی دیکە. لەکاتێکدا سواڵکردن لە شەقامەکان، گەورەکان و منداڵەکان دەخاتە بەر مەترسی ترسناکەوە، لەوانەش لێدانی ئۆتۆمبێل و هەراسانکردن (JO15; JO20; JO19).

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هیچ زانیاریەکی دیاریکراو لەبارەی بازرگانیپێوەکردن بۆ ئیستغلالکردن لەرێگەی سواڵکردن لەعیراق دەستنەکەوتووە، هەرچەندە راپۆرتی بازرگانیکردن بە کەسەکان لە ٢٠١٥ ئاماژەی بە چەتەی تاوانکار کردووە کە منداڵان لەنێو خێزانە ئاوارە عیراقیەکان ناچاری سواڵکردن دەکەن لەپاڵ جۆرەکانی دیکەی کاری بەزۆر (US Department of State, 2015). زیادبوونێك لە سواڵکەرانەوە تێبینی کراوە لەلایەن رێکخراوە نیشتمانی و نێودەوڵەتیەکان لەهەرێمی کوردستانی عیراق لەوەتەی دەستپێکی قەیرانی سوریاو ئەم ئاوارانەی بەمدواییە گەیشتوون لە ناوەراستی ٢٠١٤دا. لەگەڵ ئەوەشدا، **هیچ لێکۆڵینەوەیەکی بەردەست نیە کە دیراسەی رەوشەکانی سواڵکردنی کردبێ بە وردەکاریەکی زیاترەوە کە ئاخۆ ئەوانە رەگەزی ئیستغلکردنیان لەخۆگرتووە یان نا** (IQ12).

### ٧.٣.٥ ئیستیغلالکردن لە کێشە چەکدارەکاندا

ئەم بەشە باسی ئیستیغلالکردن لە کێشە چەکدارەکاندا دەکات، تایبەت بە کوڕان. زۆربەی ئەو کەیسانە واپێدەچێ کە بازرگانیکردن بە منداڵ پێکبهێنن لەبەر **هەبوونی تەجنیدکردنی منداڵان بەمەبەستی ئیستیغلالکردن لە کێشە چەکدارەکاندا**. ئەم بەشە بەپێی تێوەگلانی گروپە چەکدارەکانەوە رێکخراوە، لەگەڵ دوا تێبینی لەسەر فۆرمەکانی ئیستیغلالکردن لە کێشە چەکدارەکاندا کە پەیوەست نین بە شەڕ و کوشتارەوە.

ژمارەیەك دۆکیومێنتی فەرمی و راپۆرت لە رێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ بەڵگە پێشکەشدەکەن بۆ بازرگانیپێوەکردنی منداڵان بەمەبەستی ئیستیغلالکردن لە کێشە چەکدارەکان لەلایەن ئەو لایەنە چەکدارە جیاوازانەی کە لە ململانێی سوریاوە گلاون لە پارێزگاکانی حەلەب، حومس، حەماء، رەقەو دەرعا، لەوانەش بەرەی نوسرە، داعش (ISIS/ISIL/IS) و یەکینەکانی پاراستنی گەلی کورد (YPG) (Human Rights Council, 16 June 2014; Human Rights Watch, 15 July 2015; Avaneesh, 16 July 2015; UN General Assembly, 5 February 2015). لە پێداچوونەوەیەکی بەردەستی دۆکیومێنتەکان و دیدارەکان بۆ ئەم توێژینەوەیە، وا دەردەکەوێ کە **هێزە چەکدارەکانی رژێم و لایەنە میلیشیا هاوپەیمانەکانی؛ بەرەی نوسرەو داعش نزیکەی بەتەواوی کوڕان لە کێشە چەکدارەکان ئیستغلال دەکەن لەکاتێکدا یەپەگە هەردوو کوڕان و کچان ئیستغلال دەکات** (SY07; SY08; SY12; UN General Assembly, 5 February 2015; Human Rights Watch, 15 July 2015; Pandey, 16 July 2015). منداڵان وەکو سەرباز ئیستغلال کراون هەروەها وەکو زانیاریدەر، جەلاد، زرێی مرۆیی، خۆتەقێنەوەی بۆمبی و بۆ رۆڵی پشتگیری دیکە لە ململانێی ئێستا لە هەردوو وڵاتی سوریاو عیراقدا (UN General Assembly, 5 February 2015; Human Rights Council, 16 June 2014).

## هێزە حکومیەکان

هێزە چەکدارەکانی رژێمی سوریا منداڵانی رەخساندوون و هێزە چەکدارە شۆڕشگێڕەکانیش لاوان و تازە پێگەیشتووەکانی کەمپەکان بەرپرسی راستەوخۆن لە رەخساندن و مەشقکردن بە منداڵان و دامەزراندنیان لە بەتالیۆنە جیاوازەکانی دژ بە رژێم (National Coalition of Syrian Revolution and Opposition Forces, 5 August 2015). کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان راپۆرتی کردووە کە لەگەڵ هەڵکشانی کێشەی چەکدار، هێزەکانی حکومەت منداڵیان لە ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان وەکو زانیاریدەر بەکارهێناوە بۆ دەستنیشانکردنی شوێنی شەرکەرەکانی ئۆپۆزسیۆن، یان بۆ ئەوەی وەکو پاسەوان لە بازگەکاندا کاربکەن ئەمەش رووبەڕوی تۆڵەکردنەوە ئەشکەنجەیەکی زۆری کردوونەتەوە (UN General Assembly, 5 February 2015). میلیشیا شیعە چەکدارەکانی سەر بە رژێم ئینتیمای تایفەگەری و پەیوەندیەکانی خزمایەتی هەروەها هاندەری دارایی و هێزی بەکارهێناوە لەپێناو خستنە بەرکاری پێگەیشتووان؛ واپێدەچێت پەیرەوی هاوشێوەش گیرابێتەبەر لە رەخساندن و بەرکارخستنی سەربازانی منداڵ (US Department of State, 2014). دەسەڵاتە حکومیە عیراقیەکان، کە بۆ ئەم توێژینەوەیە دیداریان لەگەڵکرابوو، دەریانخستووە کە یاسای قەدەغەکردنی بەکارخستنی سەربازی منداڵان لەلایەن هێزە چەکدارەکانی عیراقیەوە وایدادەنێ کە هەرکەیسێکی ئاماژەپێکراو لە راپۆرتەکانی کەناڵی راگەیاندن سەبارەت بە منداڵانی پشتگیریکار لە خێزانەکانیان لە شەڕەکانیان دژ بەداعش و، لە هەندێ کەیسێشدا داکۆکیکردن لە ژیانی خۆیان لەناو ماڵ بەرامبەر شەڕو جەنگەکانی داعش (IQ16).

## گروپە ئیسلامیەکان

**کوڕان لە سوریا خراونەتە بەر سەربازی لەلایەن بەرنامەی «بەچکەشێرانی خیلافەت»**ی داعشەوە، کە زۆربەیان تەمەنیان لە ١٤-١٧ساڵیدایە، لە هەندێ باریشدا کوڕی بچوکی تەمەن ١٠ ساڵانی لەخۆگرتووە، لە سوریا، عیراق و وڵاتانی دیکەوە کە زۆرینەیان موسڵمانن. ئەو کوڕانە لە مەدرەسەکانی داعش لە باکوری سوریاو عیراقدا فێری توندڕەوی کراون و، بەڵێنی پارەو عەینی زۆریان پێدراوە، بەرامبەر مەشقپێکردنیان بۆ شەڕکردن، لەسێدارەدانی زیندانیان و خۆتەقاندنەوە (Human Rights Council, 16 June 2014; UN General Assembly, 5 February 2015; Avaneesh, 16 July 2015).

لە رەققە، داعش بەشێوەیەکی سەرەکی کوڕانی ئەندامە بیانیەکانی گروپەکەی لە وڵاتانی ناوەڕاستی ئاسیاوە ئیستغلالکردووە لە کێشە چەکداریەکاندا، هەروەك منداڵە سوریەکانی خەڵکی رەققەش لە قوتابخانەکانی داعشدا تەلقین دراون. ئەو شەڕکەرە بیانیانەی بە خێزانەوە دەگەنە رەققە خانوو موچەیان پێدەدرێت وەکو بەکرێگیراو یان نیشتەجێبووی تازە. پیاوە چەکدارەکانی داعش دانیشتوانی پێشووی رەققەیان دەربەدەرکردووە کە بوونەتە ئاوارەی ناوخۆ لە ناوچەکانی دیکەی سوریا یان بۆ دەرەوەی وڵات هەڵاتوون .خانوەکانیشیان دراوەتە شەڕکەرە بیانیەکان و خێزانەکانیان لەپاڵ پاداشتی مادی بەرامبەر خزمەتەکانیان لە میلیشیاکانی داعشدا (SY04). لە هەندێ باردا، بە تایبەتی کاتێ کوڕانی ناوەڕاستی ئاسیا لەلایەن داعشەوە لە ململانێی چەکداری ئیستغلال دەکرێن، موچەی مانگانەیان بە بڕی ٤٠٠ دۆلار پێدەدرێت، کە ئەمە دەبێتە هاندەرێك بۆ منداڵان و دایبابانیان (Avaneesh, 16 July 2015).

لەو ناوچانای کەوتوونەتە ژێر کۆنترۆڵی داعش لە رەققە، دێل ئەلزور و کۆبانی، **بەکارهێنانی قوتابخانەکان بریتیە لە ستراتیجی سەرەکی بە سەربازگرتن**، کە سەدان کوڕانی کوردی سوریاو بێگانە لەتەمەنی سێزدە ساڵی لە خوێندن بێبەش کراون. دامەزراوەکانی قوتابخانە کراونەتە سەنتەری بە سەربازگرتن و مەشقپێکردن، کە کوڕەکان لە بارودۆخی بارمتە ئاسا منداڵەکان دەستبەرسەردەکرێن و تیرۆانین و بنەمای توندی ئاینیان فێردەکرێت و،ئامادە

دەکرێن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کرداری ڕۆڵی شەڕکەر بگێڕن. سەرکردە پلەدارەکانی داعش و شەڕکەرەکان کە مەشق بە منداڵەکان دەکەن بەرپرسن لە ڕفاندن و کردنە سەربازی منداڵەکان، زۆربەیجاریش بەبێ ڕەزامەندی خێزانەکانیان و، بەمەبەستی ئیستغلال کردنیان وەکو سەرباز (UN General Assembly, 5 February 2015).

هەروەها لە عیراق، داعش و گرووپە توندڕەوە چالاکەکانی دیکە لە هەردوو وڵات ئامادەسازیان کردووە بۆ بازرگانی پێوەکردن و ئیستغلال کردنی کوڕان و پیاوانی گەنج لە کێشە چەکدارەکاندا، پیاوە گەنجەکان و منداڵەکان فێری توندڕەوی دەکەن بۆ بەکارهێنانیان لە کردارە تیرۆریستەکاندا، وەکو خۆتەقاندنەوە. ئەو گرووپانە خەڵەتاندن، توندڕەوی و بەڵێنی پارەپێدان بەکاردەهێنن بۆ بەسەربازگرتنی کوڕان و پیاوانی گەنج و گواستنەوەیان بۆ شوێنی تازە بە مەبەستی مەشقپێکردن. دەسەڵاتەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرووپێکی هاریکاری داعشیان دەستگیرکردووە کە منداڵانیان لە هەرێمی کوردستان تەجنید دەکرد بۆ هێرشکردنە سەر قونسوڵگەری ئەمریکا لە هەولێر لە ١٨ی نیسانی ٢٠١٥ (IQ12). کوڕان و پیاوانی گەنجی یەزیدی عیراقی لەکاتی هێرشی داعش بۆ ناوچەی سنجار لە باکوری ڕۆژئاوای عیراق ڕفێنران بۆ ڕاهێنانیان و تەلقینی ئایدیۆلۆجیای داعش بۆ ئیستغلال کردن لە هێرشە چەکدارەکاندا، لەژێر هەڕەشەی کوشتن (IQ14; IQ17).

دیدارکراوێك وایخەمڵاندووە کە تەنیا لە پارێزگای دەرعا، **بەرەی نوسرە نزیکەی ٢٠٠٠ کوڕی تەجنیدکردووە بۆ ئیستغلال کردن لە ململانێی چەکداردا لە هەر ساڵێك.** کوڕەکان تەمەنیان ١٠ -١٧ ساڵەو بەهۆی بەڵێنی بڕە پارەی زۆر سەرنجیان ڕاکێشراوە ئەگەر لە یەکێك لە لقەکانی بەرەی نوسرەدا شەڕبکەن. بەزۆری ئەو کوڕانە منداڵی لۆکاڵی سورین لە دەرعاو منداڵی ئاوارە ناوخۆکانن لە دیمەشق، حومس و شارەوانی دیکە کە لە پارێزگای دەرعاوە ئاوارەبوون و خێزانەکانیان تووشی هەژاری هاتوون دوای چوار ساڵ و نیو لە ململانێکە، بەتایبەتی لەناوچەکانی ژێر گەمارۆو کەمپەکانی ئاوارەکاندا. زۆر لە کوڕانی دەرعا کە لە کێشە چەکدارەکان ئیستغلال کراون تەنیا خەڵکی سوریان، چونکە زۆربەی ئەندامانی خێزانەکانیان بۆ وڵاتانی دراوسێ هەڵاتون، لەکاتێکدا کوڕەکان لە دەرعا ماونەتەوە بۆ پارێزگاری لەماڵی خێزانەکە لە تاڵانکردن و وێرانکردن. قوربانیانی منداڵی دیکەی ئەم شێوازەی بازرگانی پێوەکردنیش هێشتا لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکانیان ماونەتەوەو لە نیشتەجێکانی ئاوارەکاندا دەژین (SY12).

سەرکردەکانی بەرەی نوسرە فەرمان دەدەنە ئەفسەرە بچووکەکان و ڕاهێنەرانی سەربازی کە پەیوەندیان لەگەڵ هەندێ تەجنیدکراوی مەدەنی هەیە لە ناوچە لادێیەکاندا، وەکو شەجەرە لە دەرعا، بۆ بەسەربازگرتنی کوڕانی سوری بەمەبەستی ئیستغلال کردنیان لە کێشە چەکداریەکاندا. سەربازگیرەکان لەپێش ماڵ، قوتابخانە یان کۆمەڵگا حکومیەکانی نیشتەجێبوون کە ئاوارەکانیان تێدا دەژین لە کوڕەکان نزیکدەبنەوەو، ڕازیان دەکەن بەوەی پەیوەندی بە چەکدارەکانەوە بکەن بەرامبەر بە پارە. قسەی سەرزاری نێوان کوڕان و پیاوانی گەنجی هەمان گەڕەکیش بەکاردێ بۆ ڕازیکردنیان بە پەیوەندیکردن بە گرووپی چەکدارەوە، کە کوڕەکان پێیان دەگوترێ ئەگەر دژ بە هێزەکانی ڕژێم شەڕبکەن، کرێی باشیان پێدەدرێت. ئینجا کوڕەکان دەچنە بنکە سەربازیەکان کە منداڵانیان تێدادەهێنرێ، وەکو سەربازگەی شەهیدانی یەرموك، کە گەورەترین کەمپی ڕاهێنانی سەربازی منداڵانە لەو ناوچەیەی کەوتوتە ژێر کۆنترۆڵی بەرەی نوسرە لەپارێزگای دەرعا. کوڕانی تەمەن ١٢ ساڵی بۆ ماوەی دوو مانگ مەشقیان پێدەکرێت بۆ بەکارهێنانی چەك و پاشان دەنێردرێن بۆ شەڕکردن شانبەشانی پیاوانی گەورە لە هێڵەکانی پێشەوە، هەروەها وەکو چێشتلێنەرو لە گواستنەوەی بریندارەکان و پێداویستی وەکو ئاو کاردەکەن (SY12).

لەکاتی شەڕکردندا زۆر لە کوڕان کوژراون یان بریندارکراون. یەکسەر لەگەڵ بەسەربازگرتن و مەشق پێکردنیان، ناتوانن بگەڕێنەوە ناو خێزانەکانیان، چونکە زانیاری نهێنی سەربازی دەزانن کە نابێ بچێتە دەرەوەی لقە چەکدارەکان. بەمجۆرە، ئەو کوڕانەیلقەکانیان جێدێڵن دەستنیشان دەکرێن و لەلایەن سەرکردەکانی بەرەی نوسرەوە دەکوژرێن. کرێی منداڵێکی سەربازی شەڕکەر لە یەکێك لە لقەکانی بەرەی نوسرە لە دەرعا لەنێوان ٢٥٠٠٠ و ٧٥٠٠٠ لیرەی سوریدایە ( نزیکەی ١٣٢ – ٣٩٧ دۆلار) (SY12).

## گروپە کوردیەکان

هەروەها کەیسەکانی بەسەربازگرتنی منداڵان و ئیستغلال کردنیان وەکو سەربازی منداڵ دۆکیومێنتکراوە لەو ناوچانەی سوریا کە لەلایەن یەکینەکانی پاراستنی گەلی کوردی (یەپەگە)و پارتە سیاسیە هاوپەیمانەکەی، پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە) کۆنترۆڵکراون، کە بوونیان لە پارێزگای حەسەکە، بەشێك لە پارێزگای حەلەب و ئەوناوچانە هەیە کە کوردەکان بەرێوەی دەبەن لە باکوری سوریا (Human Rights Watch, 15 July 2015). شایەتی دراوەتە ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (٥ی شوباتی ٢٠١٥) سەبارەت بە منداڵانی کوردی سوری تەمەن ١٤ ــ ١٧ ساڵ، بە کوران و کچانەوە، کە لەلایەن یەپەگەوە تەجنیدکراون لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەری بۆ داکۆکیکردن لە کۆبانی بەرامبەر داعش لە ٢٠١٤ و ٢٠١٥.

بەشەکانی بەسەربازکردنی نیرومێ لە یەپەگە ئەو منداڵانەی تەجنیدکردووەو ئیستغلالی کردوون. هەندێجار بە بێ ئاگاداری و رەزامەندی خێزانەکانیان و، ژمارەیەکی زۆر بەڵام نەزانراوی سەربازانی منداڵیش بریندار بوون یان کوژراون (UN General Assembly, 5 February 2015). سەرەرای پابەندبوونی راگەیەنراویان بە بەرێکردنی سەربازانی منداڵ، فەرماندەکانی یەپەگە بەردەوامن لە تەجنیدکردن و ئیستغلال کردنی منداڵان لە ئەرکی سەربازی لە چوارچێوەی سیاسەتی بەسەربازگرتنی منداڵانی گەورەتری تەمەن ١٦ ــ ١٧ ساڵی و راهێنانیان بۆ «رۆڵی ناجەنگاوەری» وەکو دێدەوان، چاودێرو پاسەوانی چەکداری بازگەکان. ئەو منداڵانە دەکەونە بەر مەترسی دەستگیرکردن و لەسێدارەدان لەلایەن لایەنە چەکدارە ناکۆکەکان، چونکە وەکو سیخوڕ هەژمار دەکرێن (Human Rights Watch, 15 July 2015).

لە تورکیا، راپۆرت هەبووە سەبارەت بە بەکارهێنانی کوران لە کێشە چەکداریەکاندا لەلایەن ئەو گروپە چەکدارانەی پەیوەندیان بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) هەبووە (Sever et al., 2012). بەپێی سەرچاوەکان لە هێزەکانی ئاسایشی تورکیاوە کە بەمدواییە لەمیدیاکانی تورکیا بڵاوکرایەوە، پەکەکە نزیکەی ٢٠٠٠ منداڵی تەمەن ١٢ ــ ١٧ ساڵی لە ئابی ٢٠١٣ تا ئابی ٢٠١٥ رفاندووەو بە سەربازیگرتوون. لەنێوان ٢-١٣ و ٢٠١٥، راگەیەنراوە کە بەلای کەمی ٤١٠ منداڵ هەڵاتوون و خۆیان رادەستی هێزەکانی ئاسایشی تورکیا کردووە. وا دەخەمڵێنرێ کە نزیکەی ١٠٠٠٠ منداڵی سەرباز بە تێکرایی شەڕ بۆ پەکەکە دەکەن (Çakmak & Bulur, 20 February 2015). لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ زانیاریدەرێکی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم توێژینەوەیە لە تورکیا راپۆرتی کەیسەکانی بازرگانی پێوەکردن و ئیستغلال کردنی نەکردووە لە کێشە چەکداریەکان یان چالاکیە تیرۆریستیەکاندا.

## گروپەکانی دیکە

لە لوبنان، لەکاتێکدا وادەرناکەوێ کە قەیرانی سوریا تۆری نوێی هێنابێتە ئارا سەبارەت بە تێوەگلانی منداڵان لە کێشە چەکداریەکاندا، ژمارەی قوربانیان ئەم جۆرە بازرگانی پێوەکردنە بەهۆی قەیرانەکەوە بەرزبۆتەوە. بە هەمان شێوەی پێش شەڕی سوریا، تەجنیدکردنی منداڵان بۆ ناو گروپە چەکدارەکانبەهۆی تێوەگلانی پێشتری ئەندامانی خێزان یان هاورێکان لەو گروپە چەکدارانە هاندەدرێت، بەتایبەتی لەناوچەکانی ژێر کاریگەری هەژموونی تایفەگەری لە تەرابلوس (LB42)و عەرسال لە دۆڵی بیقاع (LB24).

کەمپی پەنابەرانی فەڵەستینی لە عەینولحولوە لە لوبنان، کە پەشێوەیەکان روو لە هەڵکشانن لەسەر بنچینەی پشتگیریکردن و دژایەتی حیزبوڵڵا، سەرهەڵدانی گروپی تازە بەخۆوە نەدیوە، چونکە گروپەکان پێشتر رێگربوون لە ئەگەری هەر جۆرە کێبڕکێیەك . فەڵەستینیەکانی سوریاو ئەو سوریانەی کە پەنایان بردۆتە بەر کەمپەکە کەوتوونەتە بەر مەترسی

تەجنیدکردن، لەبەر لاوازیان و لەبەر ئەوەی سەر بە هیچ گروپێك نەبوون کاتێك گەیشتوونەتە لوبنان، کە ئەمەش بەشێوەیەکی رێژەیی لای منداڵان باوە کە بخرێنە ریزی گروپە چەکدارەکان لە عەینولحلوە. سەرکردەی یەکێك لە گروپە چەکدارەکان کە تەمەنی لە سەرەتاکانی ٢٠ ساڵیدایەو، هەموو شەڕکەرەکانیشی لەخۆی گەنجترن. وێنەکانی یادکردنەوەی «شەهیدان» لە عەینولحلوە ئەوە دەردەخات کە زۆریان ١٨ ساڵ کەمترن. وەکو باوە خێزانەکان پارە وەردەگرن بەرامبەر بەشداری کوڕەکانیان لە گرووپە چەکدارەکاندا، هەرچەندە بڕی ئەو پارانە نەزانراون. بۆیەهیە گرووپەکان تەجنیدکردنەکانیان پەردەپۆش بکەن وەکو «بەرنامەکانی فێرکردن»، هەرچەندە کوڕەکان دەبینرێن کە چەکیان هەڵگرتووە (LB34).

زیادبوون لە ئیستغلال کردنی کوڕان لە کێشە چەکداریەکان راپۆرتکراوە لە کەمپەکانی پەنابەرانی فەلەستینی لە دەوروبەری شاری سور لە باشوری لوبنان، بەهۆی گەشەسەندنی پەشێویەکانی نێوان گرووپەکان لەناو کەمپەکەدا. لە باشوری لوبنان، زیادبوون لە تەجنیدکردن بۆ گرووپەکانی دیکەی دەرەوەی کەمپەکان، وەکو حیزبوڵڵا تێبینی نەکراوە، هەرچەندە حیزبەکە وەکو گرووپە چەکدارەکانی دیکە سیستەمێکی تەجنیدکردنی هەیە کە بۆیەهیە منداڵانی گەورەتر بکاتە ئامانج (LB19).

بەپێی راپۆرتێکی ئەم دواییەی یونیسێف و Save the Children، **هەریەکێك لە سێ منداڵ لە هەرێمی کوردستانی عیراق لە تەجنیدکردن بۆ کێشە چەکداریەکان نزیککەوتۆتەوە** (UNICEF & Save the Children, 2015). وا راگەیەنراوە کە منداڵان رووبەڕووی رفاندن و ئیستغلال کردن لە کێشە چەکدارەکان دەبنەوە، «لەوانەش وەکو زرێی مرۆیی، هەواڵدەر، بۆمب دروستکەر، خۆتەقێنەوە»، کە هەندێك لەو منداڵانە تەنیا تەمەنیان هەشت ساڵەو هەندێکیان کێشەی کەم عەقڵیان هەیە (US Department of State, 2015).

## شێوازە ناجەنگاوەریەکانی ئیستغلال کردن لە کێشە چەکداریەکاندا

فۆرمەکانی دیکەی ئیستغلال کردن کە پەیوەستن بە کێشە چەکداریەکان **رفاندن و بارمتەگرتن و، کارکردنی سەربازی بەزۆر دەگرێتەوە**، لە هەردوو ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی رژێم لە دەوروبەری شارەکانی لازقیەو تەرتووس، لەو ناوچانەش کە لەژێر کۆنترۆڵی گرووپە ئۆپۆزسیۆنە چەکدارەکاندان و، لەسەر رێگەی سەرەکی لە حومسەوە بۆ دیمەشق. قوربانیەکان زۆربەیجار جەنگاوەری نێرینەی پێگەیشتووی گەنجی سورین لە سوپای رژێمدا، بەڵام راپۆرتیش هەن کە خێزان هەیە بەتەواوی بارمتەی سیڤیلن، بە ژنان و منداڵان و پیرەکانیشەوە، کە رفێنراون بە مەبەستی داواکردنی فیدیە یان بۆ بەرەڵاکردنی شەڕکەرانی ئۆپۆزسیۆن (SY08; SY06; UN General Assembly, 5 February 2015). ئەستەمە ئەوە بزانرێت کە تاوانکاران لایەنەکانی ململانێکە بنکە داراییان دەستکەوێ لەڕێگەی ئۆپەراسیۆنەکانی رفاندن یان گرووپە تاوانکارەکان بن کە سوود لە نەبوونی ئاسایش و رۆڵی یاسا وەربگرن لە وڵاتێك کە شەڕ پارچە پارچەی کردووە بۆ قازانجکردن (UN General Assembly, 5 February 2015).

لە ٢٠١٣، راپۆت هەبوو سەبارەت بە ژمارەی کەیسەکانی منداڵان و ژنانی سوری پەیوەست بە شەڕکەرانی ئۆپۆزسیۆن کە لە حومس، ئیدلیب و پارێزگای دەرعا لەلایەن هێزە چەکدارەکانی رژێمەوە ئەنجامدرابوون بۆ گوشار خستنسەر کەسوکارە نێرینەکانیان بۆ خۆڕادەستکردن یان ناچارکردنیان تا لەکاتی گۆڕینەوەکاندا دیلەکان بەرەڵا بکەن. لە حومس، ئۆفیسە ساختەکانی عەقارات لەلایەن چالاکوانەکانی مافی مرۆڤی سوری راپۆرتکرابوون کە لایەنە چەکدارەکانی سەر بە حکومەت و دژی حکومەت وەکو شوێنی ئاڵوگۆڕی ژنانی رفێنراو یان دانی فیدیە بەکاردەهێنران. کە ئەوەش لە Nasar (٢٠١٣: ٢١) ناوی هاتووە کە باسی خزمەتی ئەو نووسینگانە دەکات کە تایبەت بووە بە:

سەرەڕای ئەوەش، ڕاپۆرتێك بەمدواییە کە لەلایەن دیدارکراوێك بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە دووپاتکراوەتەوە، باسی ئەو دەکات کە چۆن سەربازەکانی ڕژێم بە هاوکاری شەرکەرە غەیرە سوریەکان لە ناوچە جیاجیاکانی ڕیفی دیمەشق، لەوانەش سەیدە زەینەب، پاسی گشتیان لە بازگەکان ڕادەگرت و ژمارەیەك سەرنشینیان ناچار دەکرد بێنە خوارەوە بۆ ئەنجامدانی خزمەتی سەربازی، لەوانەش هەڵکەندنی چاڵ و تونێل و خەندەق لە زەویدا، دروستکردنی بەربەستی لم، پڕکردنی تورەگەی لم و ئەرکی قورسی مەترسیداری هاوشێوە. لەهەمان کات قوربانیەکان دەکەوتنە بەر مەترسی مردن یان بریندابوون لەکاتی شەڕەکان یان ڕووداودا، ئەو کارپێکردنە بەزۆرە چەند ڕۆژێکی دەخایاند، تا تەواو دەبوو سوخرەکێشەکان ئازاد دەکران (SY10; Ittani, 1 April 2015).

«دەستەبەرکردنی ئاڵوگۆڕی پارەو خەڵك. هەر ژنێکی ڕفێنراو بەرامبەر پێنج دیلی نێرینە ئاڵوگۆڕ دەکراو، هەر دیلێك بەرامبەر 70000 لیرەی سوری بەرەڵا دەکرا. پێش هەبوونی ئەم نووسینگانە، زۆربەی کەیسەکانی ڕفاندن بە کوشتنی قوربانیەکە کۆتایی پێدەهات لەکاتی ئاڵوگۆڕکردنەکەدا».

هێزە چەکدارەکانی ڕژێم و ئەندامانی گروپە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆنی بەرەی نوسرەو داعش لەو جۆرە ڕفاندنانە تێوەگلابوون، لە هەردوو ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ڕژێم و ئەو گروپە چەکدارانەی سەر بە دەوڵەت نەبوون (Nasar 2013; UN General Assembly, 5 February 2015).

هەروەك داواکردنی فیدیە بە بڕی ٥ ملیۆن لیرەی سوری (٢٦٥٠٠ دۆلار) ڕاپۆرتکراوە لە کەیسێکی ڕفاندن لە ناوەڕاستی ٢٠١٤ لە دیمەشق، سەرەڕای ئەوەی کە ئەوفیدیەیەی کە لەڕاستیدا بۆ ئازادکردنی قوربانیە ڕفێنراوەکە، کە نێرینەیەکی پێگەیشتووی شوفێری تەکسی بوو، بریتی بوو لە ١،٥ ملیۆن لیرەی سوری (نزیکەی **٨٠٠٠ دۆلار**) (UN General Assembly, 5 February 2015). داواکردنی فیدیەکە وا پێدەچێ بە تێڕامانی سەروەت و سامانی خێزانی قوربانیەکە بێت و، لە هەندێ کەیسدا بۆیهەیە بەرز بێتەوە و بگاتە ١٥ ملیۆن لیرەی سوری (نزیکەی ٧٩٤٥٥ دۆلار) (SY08). بەپێی داتا کۆکراوەکان لەلایەن گەنجینەی ئەمریکیەوە، تەنیا لەماوەی ساڵی ٢٠١٤، داعش بەلای کەمی ٢٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لە پارەی فیدیە دەستکەوتووە لە خێزانەکانی قوربانیە ڕفێنراوەکان کە بەو ناوچانەدا تێپەڕیون یان تێیدا ژیاون کە بەتەواوی یان بە شێوەیەکی بەشەکی لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندان (BBC, 8 October 2015).

شێوازی کاری هەندێ لەو ڕفێنەرانە بەمشێوەیەی خوارەوە باسکراوە:

«لەدواواییەکانی حوزەیران، دوو سەرباز ڕفێنران کە بە مۆڵەت گەڕابوونەوە ماڵ لە بازگەی تەلبەراك (حەسەکە). زۆری پێنەچوو، گروپێك کە خۆی بە بەرەی ئیسلامی دەناساندپەیوەندی بە خێزانەکەوە کرد، بەڵگەی ژیانی ئەوانی پێ پیشاندان و، داوای فیدیەیەکی زۆریان کرد. کە خێزانەکە لە توانایاندا نەبوو برە پارەی پێویست بۆ خواستنی گروپەکە کۆبکەنەوە، لە تەموزی 2014، گروپەکە هەواڵیاندا خێزانەکە کە سەربازەکانیان بە داعش فرۆشتووە لە ڕەققە، دواتر داعش ڤیدیۆیەکی بڵاوکردەوە کە لەسێدارەدانی دوو سەربازەکەی پیشان دەدا» (UN General Assembly, 5 February 2015).

کەیسێکی دیاریکراو لە لوبنان ڕاپۆرتکراوە، کە**کچێك ناچارکراوە لەنێوان سوریاو لوبنان هاتوچۆ بکات بەمەبەستی هێنان و بردنی نامە لەنێوان گروپە چەکدارە هاوپەیمانەکان** لە سوریاو لوبناندا، سەرەڕای ئەوەی کە نەدەکرا لە

زیاتر لە یەك سەرچاوە لەمە دڵنیابین (LB29). سەرەڕای ئەوەی کە ڕاپۆرتی بازرگانی کردن بە کەسەکانی ئەمریکی ئاماژەدەکات بە «زانیاری چیرۆکئامێز» لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە سەبارەت بە تەجنیدکردنی منداڵان بۆ ئیستغلال کردن لە کێشە چەکدارەکاندا «لە ڕۆڵی پشتگیری» لە عیراق، وەزراەتی دەرەوەی ئەمریکا نەیتوانیوە ئەمە بسەلمێنێت (US Department of State, 2015).

## ٨.٣.٥ کۆیلەکردنی سێکسی و هاوسەرگیری بە زۆر (لەلایەن داعشەوە)

«کۆیلایەتی یان پراکتیسی هاوشێوەی کۆیلایەتی» لەنێو فۆرمەکانی ئیستغلال کردنن کە بە ڕاشکاوی لەمادەی ٣ی پرۆتۆکۆڵی بازرگانی پێوەکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان باسکراوە، کە بازرگانی کردن بە کەسەکان پێناسە دەکات بەوشێوەیەی کە لە بەندی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا هاتووە. کۆیلایەتی سێکسی بۆیهەیە وایتیبگەین کە ڕاگرتنی کەسێك بە دیلی بەمەبەستی ناچارکردنیان بۆ ئەنجامدانی کرداری سێکسی. لەماوەی ٢٠١٤ ٢٠١٥، داعش فۆرمی جیاجیای بازرگانی پێوەکردنی ئەنجامداوە، کە کۆیلایەتی، هاوسەرگیری بە زۆرو ئیستغلال کردن لە کێشە چەکدارەکان دەگرێتەوە، بەتایبەتی بە ئامانجگرتنی خەڵکی یەزیدی عیراقی. ئەمەش بەدوای بەرفراوانبوون سەربازی گروپەکەیە لە پارچەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریاو، باکوری ڕۆژئاوای عیراق. کەسیەکانی ئیستغلال کردن لە کێشە چەکداریەکاندا لە بەشی ڕابردوو باسی لێوەکراوە، لەکاتێکدا ئەم بەشە تیشکۆ دەخاتە سەر بازرگانی پێوەکردن بۆ هاوسەرگیری بە زۆر و کۆیلایەتی سێکسی لەلایەن داعشەوە. یەکێك لە دیدارکاوان بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە لە عیراق، کە بەخۆی ئەندامی کۆمەڵگەی یەزیدی عیراقیە، زانیاری وردی داوە سەبارەت بە **بازرگانی پێوەکردنی داعش بە یەزیدیەکانی عیراق**، هەروەك بە وردی دۆکیومێنتی ڕووداوەکانی کردووە (IQ14). خەڵکی یەزیدی پابەندی بیروباوەڕی ئاینین کە لە فەلسەفەی زەردەشتی فارسیەوە هاتووە (Jalabi, 11 August 2014).

> داعش، بریتیە لە گروپێکی میلیشیایی سوننی سەلەفی توندڕەو کە لە نیسانی ٢٠١٣ دروستبووە وەکو لقێکی دابڕاو لە گروپی ئەلقاعیدەی ئیسلامی جیهادی لە عیراق . ئەندامەکانی شوێنکەوتەی ڕاڕەوی وەهابین و، بەشێوەیەکی سەرەکی دارایی لە ڕێگەی بە قاچاخبردنی نەوتی خاوی دزراو لە بیرە نەوتە عیراقیەکانەوە بۆ تورکیاو، فرۆشتنی پارچە شوێنەواری دزراو، لەپاڵ فیدیەی کەسانی ڕفێنراو دابین دەکەن (IQ17; BBC, 8 October 2015).قەبارەی ڕاستەقینەی گروپەکە نەزانراوە، بەڵام وا ڕاگەیەنراوە کە نزیکەی ٢٠٠٠٠ — ٣٢٠٠٠ ئەندامی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و دوورتریش هەیە. لەماوەی ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥، داعش کۆنترۆڵی ڕووبەری بەرفراوانی عیراق و سوریای کرد، لە بەغدای پایتەختی عیراقەوە تا تەدمور لەناوەڕاستی سوریا (BBC, 8 October 2015).

لە سەرەتاکانی ئابی ٢٠١٤، نزیکەی ٢٥٠٠ — ٣٠٠٠ خەڵکی یەزیدی عیراقی ڕایانکردە شاخی شنگال بەدوای ڕزگاربوون لە هێرشی داعش. چیای شنگال دەکەوێتە نزیك سنوری عیراق لەگەڵ سوریا، لەپارێزگای نەینەوا لە باکوری ڕۆژئاوای عیراق (IQ14; SY01; Callimachi, 13 August 2015; US Department of State, 2015). چەکدارەکانی داعش گەمارۆی چیایەکیاندا، لەوێ خەڵکەکەیان دوور لە خۆراك و دەرمان هێشتەوە. گەمارۆکە کوشتنی ژمارەیەکی زۆر پیاوانی بەدواداهات لەپاڵ بازرگانی پێوەکردن بە مەبەستی هاوسەرگیری بە زۆرو کۆیلایەتی سێکسی، لەڕێگەی ڕفاندنی، ژنانی بێمێرد و کچانی تەمەن ١١ — ٣٥ ساڵی بەشێوەیەکی سەرەکی، لە کەمینەی ئاینی یەزیدیەوە. بەپێی تۆماری وردی دیدارکراوان، تێکڕای ١٦٢٩ کەس لە داعش ڕزگارکران

داعش تەبەنی تەفسیرێکی قورئان و هەندێ حوکمی ئاینی کردووە کە شەرعیەت دەداتە ئەو توندوتیژیەی ئەنجامی دەدەن، تەنانەت بە توندوتیژی جنسی ئاهەنگدەگێڕن وا تێدەگەن سوودی رۆحی هەیەو بەهاکان بەرزدەکاتەوە. بەمەبەستی ئەنجامدانی بازرگانی پێوەکردن و فرۆشتنی ژنان و کچان بۆ کۆیلایەتی سێکسی، بەڕێوەبەرایەتی داعش پەیکەرێکی بیرۆکراتی سیاسەتەکانی ناوخۆی داناوە، لەوانەش : گۆڤاری بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی دابیق؛ ڕێکارە ئاراستەکارە دوورودرێژەکان و نامیلکەکانی ڕێنمایی کە لەلایەن بەشی فەتوای داعشەوە بڵاودەکرێنەوە؛ ڕێکارەکانی راستی نەکردنی پسولەی فرۆشتن لەلایەن دادگای شەرعی داعش و، هەروەها ژێرخانێکی ئاڵۆز لە کۆگاو «پیشانگا»ی کە ژنان و کچانی تێدا بەدەستگیرکراوی دەهێڵرێتەوە تا فرۆشتنیان (Callimachi, 13 August 2015).

کە پێکهاتبوو لە ٢٦٧ کچ و ٢٦٢ کوڕ و ٧٦٠ ژن و ٣٤٠ پیاو. سەرجەم ١١٣٧ کەس کوژران و، تێکڕای ٣٣١٤ کەس رفێنران (IQ14). دیدارکراوێکی حکومەتی فیدڕالی عیراق ئاماژەی بە ئامارەکانی جکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە کە ٧٧٣ یەزیدی عیراقی رگاربووی لە هێرشەکانی داعش تۆمارکردووە، کە لەناو ئەوانەدا رێژەیەکی زۆر بازرگانیان پێکراوە (IQ17).

گروپێکی ٩٩ کەسی یەزیدی عیراقی و ٣١ شەبەکی عیراقی کە لە دەست داعش هەڵاتبوون راپۆرتیان کرد کە ئەشکەنجەدراون و، لە حاڵەتی هەندێك ژن و کچاندا، دووچاری توندوتیژی سایکۆلۆجی و سێکسی سەخت بوون، لەوانەش لاقەکردن (IQ14; Callimachi, 13 August 2015; The Guardian, 9 June 2015). سەرەڕای ئەوەش، پیاوو کورە رزگارکراوەکان لە کێشە چەکداریەکاندا ئیستغلال کراون، هەروەك لە بەشی پێشوو باسیکراو، زۆر لە ژنان و کچان ڕووبەڕووی هاوسەرگیری بە زۆر بوونەوە بە ئەندامانی داعش.

چەکدارەکان ژنان و منداڵانیان لە گروپی نزیکەی ١٠٠ کەسیدا بە پشتەوەی لۆریەکان دەگواستەوە، هەندێکیان دەبردنە تەلەعفەر لە نەینەوا، ئەوانیدیکەشیان دەبردە زیندانی بادووش لە موسڵ. هەندێك لە ژنان و کچان ڕووبەڕووی کۆیلایەتی سێکسی دەبوونەوە لەلایەن سەرکردەکانی داعش لە موسڵ، لەکاتێکدا ئەوانیدی بۆ ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعش لە عیراق و سوریا دەگوازرانەوە بۆ ئەوەی بکرێنە کۆیلەی سێکسی (IQ14). ژنان و کچان بە غەنیمەتی شەڕ دادەنران، وەکو «سەبایا» (کۆیلە) ئاماژەیان پێدەکراو لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش لە بازاڕی کۆیلەکاندا دەفرۆشران. هەندێ ژنان و کچان وا اگەیەنرا کە لەلایەن جەنگاوەرێکەوە فرۆشرابنە یەکێکی دیکە بە نرخی جیاواز لە چەند هەزار دۆلارێکەوە تا دەگاتە پاکەتە جگەرەیەك (The Guardian, 9 June 2015).

لە کۆتایدا، گروپە کوردیەکان، بە پەیگەی سوریشەوە، ڕارەوێکیان کردەوە لەنێوان چیای شەنگال و سنووری سوریا، ڕێیان بە هەندێك خەڵکی یەزیدی عیراقیدا تا رابکەنە خاکی سوریاو پاشان بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستانی عیراق لەرێگەی خاڵی پەڕینەوەی سنووری پیشخابوور (عیراق) - خانیك (سوریا)وە (IQ14). ژمارەیەك ژنان

کەیسێکی دیاریکراوی بازرگانی پێوەکردنی سووربەزێن بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی لەلایەن دیدارکراوێکی یەزیدی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە باسکراوە. کچێکی ١٤ ساڵی یەزیدی عیراقی چەندجارێك لەنێو ئەندامانی داعش بە مەبەستی ئیستغلال کردنی سێکسی و بەدرەفتاری فرۆشراوە، دوای دەرهێنانی لەدەست خێزانەکەی لە ناوچەی شنگال. ئەندامانی داعش باوکوبرایان کوشتبوو، لەدایك و خوشکەکانی جیایان کردبووەوە، پێشئەوەی بە لۆریەك بیگوازنەوە رەققە لە سوریا، لەگەڵ نزیکەی ١٠٠ کچ و ژنی دیکە. دوای سێ مانگ لە بەدرەفتاری و ئیستغلال کردنی سەخت، لە کاتی بۆردوومانی هێزە هاوپەیمانەکان بۆ سەر داعش لە رەققە هەڵات و توانی پەیوەندی بە ئەندامە رزگاربووەکانی خێزانەکەی بکاتەوە لە هەرێمی کوردستانی عیراق (IQ14).

و کچانی هەڵاتوو لە دەست داعش خۆیان کوشت، لەکاتێکدا هەندێك ڕێگەیان لێگیرا بگەڕێنەوە ناو خێزانەکانیان. زۆریان کێشەی تەندروستیان هەبوو وەکو خوێنبەربوونی سەخت، پەتای سێکسی و سکپڕی نەویستراو. زۆربەی ژنان و کچان کێشەی زەبرێکی سەختیان هەبوو، هەرچەندە چارەسەری دەروونی یان یارمەتی دیکەیان لە حکومەتەوە پێنەگەیشتبوو (IQ14; IQ17; Callimachi, 13 August 2015; The Guardian, 9 June 2015). زانیاریدەرێکی لێکۆڵینەوە ئاماژەی بە پێویستی لێکۆڵینەوەی کەیسەکانی قوربانیانی بازرگانی پێوەکردنی نێودەوڵەت کردووە لە عیراقەوە بۆ وڵاتانی دیکە لەلایەن داعشەوە (IQ17).

### ٩.٣.٥ بە کوڕکردنی نایاسایی

لە ئامادەکاریەکان ب ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە تاوانی ڕێکخراوی نێو نەتەوەیی و پرۆتۆکۆڵە تەواوکارەکانی ئەوە دەسەلمێنێ کە بەکوڕکردنی نایاسایی بریتیە لە فۆرمێکی ئیستغلال کردنکە پرۆتۆکۆلی بازرگانی پێوەکردن دەیگرێتەوە، ئەگەر پراکتیزەکردنی شێوازێکی کۆیلایەتی لەخۆبگرێت، هەروەکو لەمادەی ١(د)ی ڕێکەوتننامەی تەواوکاری نەهێشتنی کۆیلایەتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە :

> «هەر دامەزراوێك یان پراکتیزێك کە بەپێی ئەوە منداڵێك یان گەنجێکی ژێر تەمەنی 18 ساڵی، لەلایەن یەکێك یان هەردوو دایبابیەوە یان بەخێوکارەکەی ڕادەستی کەسێکی دیکە بکرێت، بەرامبەر پاداشتێك بێت یان نا، بە ئامانجی ئیستغلال کردنی منداڵەکە یان کەسە گەنجەکە یان کارکردنی.»

دەبێ ئەوە روونبکرێتەوە کە نەکراوە زانیاری تەواو سەبارەت بە کەیسەکانی باسکراو لەم بەشەدا دەستبکەوێت بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا ئیستغلال کردنی کاری منداڵ مەبەست بووە لە بەکوڕکردنی نایاسایی. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆیە لێرە باسدەکرێت لەبەر ئەگەری ڕوودانی ئەمە، شانبەشانی ئەو فاکتەی **کە بەکوڕکردنی نایاسایی بۆ قازانجکردن** دەکەوێتە ژێر پرۆتۆکۆڵی بەربژاری ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی مافەکانی منداڵ سەبارەت بە فرۆشتنی منداڵان، لەشفرۆشی منداڵان و پۆرنۆگرافی منداڵان، کە فرۆشتنی منداڵ بەمجۆرە پێناسە دەکات:

> «هەر کردارێك یان هەڵسوکەوتێك کە منداڵێکی پێ دەگوازرێتەوە لەلایەن هەر کەسێك یان چەند کەسێك بۆ یەکێکی دیکە بەرامبەر پاداشتێك یان هەر ڕەچاوکردنێکی دیکە».

هەروەك پرۆتۆکۆلی بازرگانی پێوەکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان لیستێکی نا گشتگیر لە فۆرمەکانی ئیستغلال کردن پێشکەش دەکات، وا دادەنێ کە فرۆشتنی منداڵ لە فۆرمی بەکوڕکردنی نایاسایی لێرە بە پەیوەندیدار دادەنرێ.

زۆربەی ئەو زانیاریدەرانەی دیداریان لەگەڵکراوە لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا باسی کەیسەکانی بازرگانی پێوەکردنی منداڵانیان بەمەبستی بەکوڕکردنی نایاسایی نەکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ژمارەیەکی بەرچاوی منداڵانی پەنابەری بێیاوەرو تازە لەدایکبووانی تۆمارنەکراو لەناو سوریەکان بە نیشانەی لاوازی ئەو جۆرەی بازرگانی پێوەکردنی منداڵان دادەنرێت بەمەبەستی بەکوڕکردنی نایاسایی. ڕەوشی ئەم گروپە لاوازانە لەسەرەوە لە بەشی ٤،٣ بە وردەکاریەك زیاترەوە گفتوگۆ کراوە.

بەڵگەکانی بازرگانی پێوەکردن بۆ بەکوڕکردنی نایاسایی، بەتایبەتی بەکوڕکردن لە وڵاتێکی دیکە، لە لوبنان لەمیانەی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم توێژینەوەیەدا بەرچاوکەوتووە. نزیکەی هەموو دیدارکراوەکان لە تورکیا ڕایانگەیاندووە کە نە هیچ

كەیسێكی بەكوڕكردنی نایاساییان بیستووە و نە بەچاوی خۆیان دیویانە. بەپێی دیداركراوێك لە وەزارەتی دادەوە، **ئەم شێوازەی بازرگانی پێوەكردن یەكێكە لەو بابەتانەی كە زیاترین لێكۆڵینەوەی لەسەر دەكرێت لە توركیا** (TR45). هەروەك دەبێ ئاماژەی پێبكرێت كە بەشێوەیەكی گشتی **بەكوڕكردن لە دەرەوەی خێزانی گەورەدا لە وڵاتانی ژێر توێژینەوە**وله‌ دەرەوەی كۆمەڵگەكانی كریستیانی لە لوبنان باو نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێكارە یاساییەكان كە ڕێگرن لەبەردەم بەكوڕكردن بوونەتە هۆی ئەوەی بەكوڕكردن لە هەندێ كۆمەڵگەی ئیسلامیدا ببێتە بەكوڕكردنی نایاسایی یان نافەرمی (Stoughton, 2013).

لەلایەكیدیكەوە، لوبنان مێژوویەكی هەیە لە بازرگانی پێوەكردن بۆ بەكوڕكردنی نایاسایی لە سەردەمی شەڕی ناوخۆوە، هەروەك لە بەندی ٢ لە سەرەوە باسكراوە. لە كۆمەڵگە كریستیانەكانی لوبنان بەكوڕكردن ڕێگە پێدراوە. لەكاتێكدا تەنیا چەند كەیسێكی كەمی بەكوڕكردنی نایاسایی لە لوبنان لە سەرەتاكانی ٢٠١١ەوە ڕاپۆرتكراوە، **زانیاریدەران بۆ ئەم لێكۆڵینەوەیە مەترسیان وروژاندووە سەبارەت بەوەی كە بۆیهەیە دیاردەكە ڕوو لە هەڵكشان بێت بەهۆی قەیرانی سوریاوە**. پێدەچێ هەندێ لە ڕەگەزەكانی سیستەمی بكوڕكردنی نایاسایی كە لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا هەبوون تا ئەمڕۆش لە ئارادابن كە ئەمەش لەبارەی ڕەوشی ئێستا مەترسی دروستدەكات.

لە سەرەتاكانی ٢٠١٥، میدیاكان ڕاپۆرتیان كردووە سەبارەت بە تۆڕێكی تاوانكاری فرۆشتنی منداڵان لە دۆڵی بیقاع. ژنان و كچان نزیكەی ١٠٠٠٠ دۆلاریان پێدەدرێت بۆ سكپڕبوون و فرۆشتنی منداڵەكانیان دوای لەدایكبوون (LB22). لە ٢٠١٣ و ٢٠١٤ لە عەككار، **ڕاگەیەنراوە كە چەند كەسێك لە پەنابەران نزیكدەكەونەوە بۆ قایلكردنیان بەمەبەستی فرۆشتنی منداڵەكانیان** (LB38).

بەڵگە هەبووە لەسەر بوونی **داواكاری دیاریكراو بۆ بەكوڕكردنی نایاسایی** لە لوبنان لەمیانەی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا. ڕێكخراوی ناحكومی بەدیل كە لە بورای بەكوڕكردنی نایاساییدا كاردەكات، ڕایگەیاندووە كە لەنێوان ٢٠١٢ و ٢٠١٥، حەوت ژن و مێردی غەیرە لوبنانی پەیوەندیان بە ڕێكخراوە ناحكومیەكە كردووە بەهیوای ئاسانكاری بۆ بەكوڕكردنی نێونیشتمانی لە لوبنانەوە (LB06). لە ٢٠١٥، ڕێكخراوێكی ناحكومی لۆكاڵ كە لە دۆڵی بیقاع كاردەكات چوار كەیسی ڕاگەیاندووە كە پیاوانی بێوەمێرد یان جیابووەوە لەگەڵ منداڵەكانیان داوایان لێكراوە كە منداڵە تازە لەدایكبووەكانیان یان منداڵە بچوكەكانیان بە بڕە پارەی زۆر بفرۆشن (LB09). ڕێكخراوێكی ناحكومی دیكە كە كار لەگەڵ قوربانیانی ئیستغلال كردنی سێكسی دەكات، چەند كەیسێكی ژن و مێردی لوبنانی و بیگانەی ڕاپۆرتكردووە كە داوایان كردووە ڕێكخراوەكە لەڕێگەی پرۆسەیەكی نافەرمیەوە بەكوڕكردنیان بۆ دەستەبەر بكات (LB46). بەهەمان شێوە، دیداركراوێك لە ڕێكخراوێكی فریاكەوتنی مرۆیی لۆكاڵ لە ئەدەنە لە توركیا ئاماژەی داوە كە هەندێك خێزانی توركی لەو ڕێكخراوە نزیكبوونەتەوە وەك هەوڵێك بۆ بەكوڕكردنی منداڵانی سوری، بەڵام ڕێكخراوەكە تێوەنەگلاوە (TR02).

دەزگاكانی ڕاگەیاندنیش كە لە سەرەتاكانی ٢٠١٥ سەبارەت بە ئاژانسێكی بەكوڕكردنی نایاسایی لە لوبنان ڕاپۆرتیانكردووە كە كرێكاری ناوماڵی كۆچبەریان ڕازیكردووە كە دەستبەرداری منداڵەكانیان بن بۆ بەكوڕكردنی نایاسایی بەرامبەر ئاسانكاری گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان یان بەرامبەر قەرەبوویەكی دارایی. دوو دكتۆری لوبنانیش لە كەیسەكە تێوەگلابوون (Osseiran, 28 January 2015)، سەرەڕای ئەوەش، ڕێكخراوێكی ناحكومی لوبنانی كەیسی ئەو ژنانەی ڕاگەیاندووە كە ناچاری لەشفرۆشی كراون و نەیانویستووە منداڵەكانیان بمێنێتەوە بۆیە فرۆشتوویانن (LB46).

دیداركراوان كەكار لەم پرسە دەكەن كۆدەنگن لەسەر ئەوەی كە ئەو سیستەمەی ئێسا بكاردێت بۆ زۆربەی بەكوڕكردنە نایاساییەكان لە لوبنان نەخۆشخانەكان، یان مامانەكان تێوەگلاون ئەگەر منداڵەكە لەماڵەوە لەدایك بووبێت (LB13; LB31). نەخۆشخانە ناوی دایكی بایۆلۆجی لەژێر ناوی دایكی تەبەنیكار دەنوسێت، كە لە نەخۆشخانەكە دەمێنێتەوە

وەك ئەوەی بەخۆی منداڵەكەی ببێت. تاكەكان و دەزگا بەشدارەكان لەم پرۆسەیەدا ئەمانە دەگرێتەوە: پزیشكەكان، پەرستارەكان، مامانەكان و موختارەكان (چونكە ئەمان واژۆی تۆماری لەدایكبوون دەكەن). ئەگەر ژن و مێردە تەبەننیكارەكە لوبنانی نەبن و منداڵەكە پێویستی بە پاسپۆرت بێت بۆ ئەوەی لەگەڵیان بچێتە دەرەوە ئەوا لەلاین ئاسایشی گشتیەوە دەردەچێت (LB06). شێوازی دیكەی كاری پەیوەست بە بەكورِكردنی نایاسایی سەبارەت بە چەتە تاوانكارەكانە كە كرین و فرۆشتن بە منداڵانەوە دەكەن. هەندێ كەیسی جۆری دووەم لەلایەن سوریەكانەوە بە رێكخراوە ناحكومیەكانەوە راگەیەنراوە، هەرچەندە نەزانراوە كە ئەگەر بازرگانیكاران گرنگیان دابێت بە كرینی منداڵان بەمەبەستی بەكورِكردنی نایاسایی یان بەمەبەستی دیكە، وەكو بازرگانیكردن بە ئەندامەكانی جەستە.

زانیاری كەم لەبەردەستە سەبارەت بە قازانجە تایبەتەكانی بازرگانیكاران كە لە فرۆشتنی منداڵان و بەكورِكردنی نایاسایی دەستیاندەكەوێت. راپۆرتێكی راگەیاندن كە نرخی منداڵی لوبنانی بۆ بەكورِكردن لە وڵاتێكی دیكە دەگاتە نزیكەی ٧٥٠٠٠ دۆلاری ئەمریكی (Stoughton, 9 September 2013). بەپێی رێكخراوێكی ناحكومی پەیوەندیدار، هەرچەندە دەنگۆ لەناو سوریەكان لە لوبنان وا دەردەخەن كە نرخی منداڵێكی سوری نزیكەی **١٥٠٠ دۆلارە**. منداڵانی سوری لە ریزی هەرە هەرزانەكانن، لەنێو منداڵانی كرێكاری ناوماڵی كۆچبەری دیكە. وا راگەیەنراوە كە نرخی كوران لە كچان زیاترببێت (LB06).

هەرچەندە ئەوە روون نیە كە بەكورِكردنی نایاسایی لە ئارادابێت، لە ٢٠١٥، كۆمیتەی ناوەندی نەهێشتنی بازرگانی پێوەكردنی عیراقی كەیسی فرۆشتنی منداڵانی تۆماركردووە. پێنج گەورەی عیراقی، كە ژن و پیاو بوون و تەمەنیان دەوربەری ٣٠ ساڵی بوو، بە بازرگانی پێوەكردن بۆ فرۆشتنی منداڵ تۆمەتباركرابوون. لە كەیسێكی دیكەدا، دوو ژنی عیراقی، كە تەمەنیان ٥٨و ٤٠ ساڵ بوو، بە هەوڵی فرۆشتنی منداڵێكی ٣ ساڵان تۆمەتباركران. ژنێكی عیراقی بە هەوڵی فرۆشتنی منداڵی خۆی تاوانبار كرا، كە لە دەرەوەی هاوسەرگیری لە دایك بووبوو (IQ17).

### ١٠.٣.٥ دەرهێنانی ئەندام

**بەڵگەیەكی كەم هەیە لەسەر بازرگانی پێوەكردن بۆ دەرهێنانی ئەندام لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا.**

لە لوبنان مەترسیەكانی پەیوەست بە بازرگانی پێوەكردنی ئەندامەكان بەرزبووە كە بەزۆری لەسەر بنچینەی دەنگۆو راپۆرتە میدیایەكانەوە بوون. دیداركراوێك رایگەیاند دەنگۆكانی خەڵكی سوری كە دەخوازن گورچیلەی خۆیان بفرۆشن بۆ دەستەبەری پارەی پێداویستی پزیشكی ئەندامانی خێزانەكانیان كە لە UNHCR تۆمارنەكرابوون و نەیاندەتوانی بۆ نەشتەرگەری بچنەوە سوریا (LB07). دیداركراوێكی دیكە چەند كەیسێكی تری راگەیاند كە ژنانی تەنیای خاوەن منداڵ یان ئەو خێزانانەی باری داراییان سەختە پارەیان بۆ خراوەتەروو بەرامبەر گورچیلەی منداڵیان (LB09).

لەلایەكی دیكەوە، بازرگانی پێوەكردن بۆ دەرهێنانی ئەندامەكان سەرچاوەی دڵەراوكێیە بۆ **خەڵك، كە زۆربەیان فەلەستینیەكانی سوریان، كە قاچاخچیەكانی كۆچبەران بەكاردەهێنن بۆ كۆچكردن بەرەو ئەوروپا لە رێگەی سودان و لیبیاوە**، كە بۆیهەیە لە بیابانی رۆژئاوا لە سودان و لیبیا برفێنرێن. ئەگەر فدیەكەیان نەدرا، بۆیهەیە ببنە قوربانی بازرگانی پێوەكردن بۆ دەرهێنانی ئەندامەكان. كەیسی ژنێكی فەلەستینی لە سوریاوە راپۆرتكراوە كە لەگەڵ منداڵەكەی سەفەری دەكرد، بزركرا چونكە نەیتوانی ٣٥٠٠ دۆلار فدیەی داواكرو بدات (LB18)، هەرچەندە وردەكاری زیاتر لەبارەی ئەم كەیسە لەبەردەست نیە.

لە ئوردن، هەرچەندە بازرگانی پێوەکردن بۆ دەرهێنانی ئەندامەکان لە ئامارەکانی CTU دەردەکەوێت، هیچ زانیاریەك لە سەرچاوەی دیکە یان زانیاریدەرانی لێکۆڵینەوە دەستناکەوێ. ئامارەکان کە لە لایەن CTU ی ئوردنی دراوەتە ئەم توێژینەوەیە وادەردەخەن کە هیچ کەیسێکی بازرگانی پێوەکردن بۆ دەرهێنانی ئەندامەکان لە نیوەی یەکەمی ٢٠١٥ نەبووە، بەڵام لەماوەی ٢٠١٤، CTU پێنج کەیسی تۆمارکردووە، کە پەیوەستن بە چوار قوربانی نێرو هەشت ئەنجامدەری نێرو، لەماوەی ٢٠١٣، CTU سێ کەیسی تۆمارکردووە سەبارەت بە سێ قوربانی نێرو شەش ئەنجامدەری نێر. هەموو ئەو قوربانیانەی لەنێو ئەو ئامارانەدا هاتوون کەسانی پێگەیشتوو بوون (یەکەی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردنی ئوردنی، بەشی توێژینەوە ئامارەکان، حکومەتی ئوردن، حوزەیرانی ٢٠١٥).

بەپێی راپۆرتێکی لێکۆڵینەوە، کە لەلایەن دەسەڵاتەکانی تورکیاوە نەسەلمێنراوە، بریندارانی سوری لە سنوورەوە براون بۆ نەخۆشخانەکانی تورکیا لە شارەکانی ئەنتاکیەو ئیسکەندەروون لە پارێزگای هاتای، بە رووکەش بۆ ئەو چارەسەرە پزیشکیانەی لە سوریا دەستناکەون. لە نەخۆشخانەکان، ئەندامەکانیان لەلایەن پزیشکانی دەرهێنراون، بە یارمەتی نێوانگیرە سوریەکان، نەخۆشەکانیش بۆ مردن جێهێڵراون، بەرلەوەی بگەڕێنەوە سوریا (Blough, 8 February 2014). ئەندامەکان، جەرگ، گورچیلەو دڵ بوون، کە وەك راپۆرتکراوە لە تورکیا فرۆشراونەتە ئەو نەخۆشانەی چاوەڕێی نەشتەرگەری چاندنی ئەندامەکان بوون. راپۆرتە بەردەستەکان ئەوە دیاریناکەن کە بریندارە سوریەکان ئاگایان لەو مەترسیانە بێ کە رووبەڕووی بوونەتەوە یان پارەیان قبوڵکردبێ بەرامبەر دەرهێنانی ئەندامەکانیان (Blough, 8 February 2014; Beri, 6 April 2015).

تێڕوانینێکی گشتی کەیسەکانی بازرگانی پێوەکردنی ئاماژەپێکراو لەلایەن لیژنەی ناوەندی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردنی عیراقی لە ماوەی نیسان – ئەیلولی ٢٠١٥ کە دراوەتە ئەم توێژینەوەیە کەیسەکانی بازرگانی پێوەکردنی ئەندامەکان دووپات دەکاتەوە، کە هەندێکیان بازرگانی پێوەکردن بۆ دەرهێنانی ئەندامەکانیان لەخۆگرتووە. لەماوەی ٢٠١٤ و ٢٠١٥، بەپێی کۆمسیۆنی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤی کوردستان، **دوو کەیسی بازرگانی پێوەکردنی ناوخۆ بۆ دەرهێنانی ئەندامەکان لە هەرێمی کوردستانی عیراق راگەیەنراوە**. یەکەمیان پەیوەست بوو بە کوڕێکی عیراقی کە لە لایەن برا گەورەکەیەوە لە کەرکوکەوە برابوو بۆ هەولێرو، لەوێ برایەکەی و ئەندامێکی چەتەکان کە برایەکەی کاری لەگەڵ دەکردن گورچیلەیان دەرهێنا. کەیسەکەیدیکە سەبارەت بە پیاوێکی گەورەی عیراقیە کە لە بەغداوە چووە هەرێمی کوردستان بۆ فرۆشتنی گورچیلەی خۆی بەهۆی سەختی باری دارایی. ئینجا چەتەکان گورچیلەکەیان دەرهێناو، بەپێدانی برە پارەیەکی زۆر کە لەسەری رێکەوتبوون هەڵیانخەڵەتاند (IQ12).

لە هەندێ کەیسەکانی بازرگانی پێوەکردنی ئەندامەکان، ئەوە روون نیە کە بازرگانی کردن بە کەسەکان رویدابێت. دووپیاوی عیراقی، کە تەمەنیان ٢٤ و ٢٠ ساڵ بوو، رایانگەیاند کە مامیان بازرگانی دەرهێنانی ئەندامەکانە و یەکێکیانی بۆ ئەم مەبەستە بردۆتە ئێران، بە بیانووی بەسەربردنی پشوو. چوار پیاوی دیکەی عیراقی، کە پزیشکێك، شیکەرەوەیەکی تاقیگە و بازرگانێکیان تێدابوو، گومان دەکرێت لە تێوەگلانیان لە گروپێکی تاوانکاری بازرگانی پێوەکردن بە ئەندامەکان و نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەی کەرامەی فێرکاری لە بەغدا لایەنی کەم بۆماوەی دوو ساڵی رابردوو. بەهەمان شێوە، پیاوێکی ٢٧ ساڵی عیراقی گومانی ئەوەی لێدەکرا کە نێوانگیربێت بۆ بازرگانی بە ئەندامەکان لە نەخۆشخانەی تایبەتی ئەلخەیال لە بەغدا، کە گورچیلەکانیشی دەگرتەوە. کەیسی دیکە باسکراون کە تایبەتە بەو کەسانەی گومانی فرۆشتنی ئەندامەکانی خۆیان لێدەکرا؛ دوو پیاوی عیراقی، تەمەن ٣٦و ٢٦ ساڵ، کە گورچیلەکانی خۆیان فرۆشتبوو، لە حالەتێکیان بە بری ٧ ملیۆن دیناری عیراقی (نزیکەی ٦٣٠٠ دۆلار)و ؛ پیاوێکی عیراقی ٢٢ ساڵی و پیاوێکی فەلەستینیش کە گومانی فرۆشتنی گورچیلەیان لێدەکرا (IQ17).

## ١١.٣.٥ ئیستغلال کردن لە چالاکیەکانی تاوانکاریدا

بە هەمان شێوە، **زانیاری کەم دەستکەوتووە لەبارەی بازرگانی پێوەکردن بۆ ئیستغلال کردن لە چالاکیەکانی تاوانکاریدا، جگە لە ئیستغلال کردن لە کێشە چەکدارییەکان**، لەوڵاتانی ژێر توێژینەوەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت کە لەشفرۆشی لەهەر پێنج وڵاتدا نایاسایییە (لە لوبنان دیفاکتۆیە)و، جگە لە تورکیا، هەروەك سواڵکردنیش بە تاوان دادەنرێت. ئەو بەڵگانەی دەستکەوتوون سەبارەت بە گروپی دیاریکراوی دیکەن جگە لە پەنابەرو ئاوارە سورییەکان. هەرچەندە هەندێ کەیس هەبوون کە سورییەکان لە چالاکی تاوانکارییەوە گلابوون، ئەوە دیارینەکراوە کە ئیستغلال کردن لە ئارادا هەبێت.

یەك هەڵاوێردن هەیە کە بریتیبوو لە ڕووداوی **منداڵانی بازرگانی پێ کراو بۆ فرۆشتنی تلیاك** کە لە راگەیاندنەکانی لوبنان باسکرا، کە زۆر ڕەگەزنامەی دەگرتەوە لەوانەش منداڵانی سوری (LB07). لەگەڵئەوەشدا، داتاکانی وەزارەتی دادی لوبنانی دەریدەخەن کە دزیکردن بەربڵاوترین هۆکاری حوکمی زیندانیکردنە لەنێو زیندانیە سورییەکاندا (LB50). دیدارکراوێك بۆ ئەم توێژینەوەیە لە لوبنان، کە پەناگەیەکی منداڵانی بەرمەترسی بەڕێوەدەبات، ژمارەیەك کەیسی دەستنیشانکردووە کە منداڵان بۆ فرۆشتنی تلیاك ئیستغلال کراون، لەلایەن بازرگانانی تلیاك لە لوبنان، چ لوبنانی بن یا فەلەستینی (LB31).

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەنابەرانی سوری لە حکومەتی ئوردنی لێکۆڵینەوەی ئەنجامداوە لە **بازرگانی پێوەکردنی تلیاك لەکەمپی پەنابەرانی زەعتەری** (JO06)و، هەندێ زانیاریدەرانی لێکۆڵینەوە ئاماژەیان بە ژمارەیەك پەنابەری سوری کردووە کە لە دەستگا ئەمنیەکانی ئوردن دەسگیرکراون لەبەرئەوەی لە قاچاخچێتی ڕێکخراوی تلیاك و چەکەوە تێوەگلابوون لە ئوردن و / یان لە سوریا (JO17; JO13). لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ زانیاریەك سەبارەت بە پرۆفایلی ئەوپەنابەرانە نیەو ئەوە روون نیە کە ئەندامی گروپە چەکدارەکان بن کە لە ململانێی سوریاوە گلاون، تاوانباران لە چوارچێوەی تەسکدا یان خەڵکی بازرگانی پێکراو کە لە گروپەکانی تاوانی گواستنەوە تەجنید کرابوون بەمەبەستی بەقاچاخبردنی چەك و تلیاك لەنێوان سوریاو ئوردندا.

زیاتر لە چوار ساڵە ململانێی سوریا دەستیپێکردووە، هەروەکو سوریاو عیراقیش توندوتیژی زیاتریان بەهۆی جەنگەوە بینیوە لەلایەن گروپە جیاوازەکانەوە بەرامبەر داعش. دەرەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی ئەم توێژینەوەیە بنیاتنراون لەسەر گەیشتن بە دەرەنجامەکان سەبارەت بە کاریگەریەکانی شەڕی سوریاو ڕەوشی پەنابەران بەسەر بازرگانی کردن بە کەسەکانی لە هەر پێنج وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا: سوریا، تورکیا، لوبنان، ئوردن و عیراق. ئەم توێژینەوەیە دەریخستوە کە پێنج وڵات زیاتر کەوتوونەتە بەر کاریگەری ململانێکەو، جوڵەی پەنابەران کە هەوڵێکی زۆریان خەرجکردووە بۆ بەرسڤی دەربەدەربوونی ئاوارەکانی ناوخۆو پەنابەران. لەگەڵ ئەوەشدا، حاڵەتەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و، سروشت و قەبارەی لاوازیەکان لە ئاست بازرگانی پێوەکردن ، بەچەند ڕێگەیەك کاریگەریان هەبووە. ئەم کاریگەریانەش بەشێوەیەکی بەشەکی پەیوەستن بە قەبارەی گەورەی ئاوارەبوون ــ ٦،٦ ملیۆن کەس لەناوەوەی سوریا ئاوارەبوون و نزیکەی ٤ ملیۆن پەنابەری تۆمارکراوی سوری لەوڵاتانی دراوسێدا ــو بەشێکیشی پەیوەندی هەیە بە پێشاژۆی یاسایی، سیاسی ، ژێرخان، ئەمنی و کۆمەڵایەتی ئابوری لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا.

هەندێ لە لاوازیەکان و کەیسەکانی بازرگانی پێوەکردن  کە لەم توێژینەوەیەدا شیکراونەتەوە تایبەتن بە پێشاژۆی جەنگی سوریاو جولەی پەنابەران لە ٢٠١١وەوە، لەکاتێکدا ئەوانیدیکەش پەیوەندیان بە زۆر شەڕو ڕەوشی دیکەی پەنابەرانەوە هەیە، یان، لەراستیدا، لەو وڵات و هەرێمانەوەش تێبینی دەکرێن کە نەکەوتوونەتە بەر کاریگەری شەڕەکان و ئاوارەبوونی زۆر. بە ڕەچاوکردنی ئەو گفتوگۆیانەی بەڕێوەدەچن و لێکۆڵینەوەو دانانی سیاسەتەکان سەبارەت بە پەنابەران، بازرگانی پێوەکردن ، کۆچ لە پێشاژۆی قەیران و بابەتە پەیوەندیدارەکانی دیکەوە، ئەو دەرەنجامانەی لێرە خراونەتە ڕوو بەتایبەتی لە لێکۆڵینەوەی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە هاتوونەتە ئارا.

**شوێنەوارەکانی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە بۆ بەرسڤی بازرگانی پێوەکردن  و لاوازیەکان بەرامبەر بازرگانی پێوەکردن ، لەوانەش ڕاسپاردە دیاریکراوەکان، لە قۆناغی بڵاوکردنەوەی ئەم پرۆژەیەدا زیاتر گفتوگۆدەکرێن و شیکردنەوەیان بۆدەکرێت** (the first half of 2016)، لەپێناو سوود وەرگرتن لە شارەزایی تایبەت بە ئەو پرسانە لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەداو، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا.

دەرەنجامەکانی لێکۆڵینەوە ئاماژە دەکەن بە سروشتی بازرگانی پێوەکردن و ئیستغلال کردن کە لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا ڕوودەدەن، لەپاڵ ئەو فاکتەرانەی کاریگەریان هەیە بەسەر لاوازیەکان بەرامبەر بازرگانی کردن بە کەسەکان. لە بەرامبەردا، ئەم دەرەنجامانە بنچینەیەك بۆ ڕاسپاردەکانی بەندی دواتر پێکدەهێنن. خستنەڕووی دەرەنجامەکان لەدوای پەیکەری توێژینەوەکەوە دێن.

## ئیستغلال کردن و بازرگانی کردن بە کەسەکان

- یەکێك لە دەرەنجامە سەرەکیەکان ئەوەیە کە نمونەی کلاسیکی تاوانی ڕێکخراو کە بە زۆری بۆ تێگەیشتن لە بازرگانی پێوەکردن  بەکاردێ بەوردی بەسەر ڕەوشی ڕاستەقینەی کەسانی بازرگانی پێکراو یان لاواز بەرامبەر بازرگانی پێوەکردن  لە پێشاژۆی ململانێی سوریا پیادە نابێت. لەراستیدا شێوازی زۆر سەختی ئیستغلال کردن و بازرگانی پێوەکردن  ڕوودەدەن، کە لە لایەن تۆڕە زۆر ڕێکخراوەکانی تاوانکاریەوە ئەنجام دەدرێن، **بەڵام جۆری هەرەباوی ئیستغلال کردن لە ئاستی نزمدا، پەیوەستن بە باوکان، دایکان، مێردەکان، کەسوکار، ناسیاوەکان و دراوسێکان**. ئەمەش بەشێوەیەکی تایبەت بەرچاو دەکەوێت لە کەیسەکانی:

- هاوسەرگیری بە زۆر؛
- ئیستغلال کردنی سێکسی لەرێگەی هاوسەرگیری بە زۆر؛
- ئیستغلال کردنی کاری منداڵ لە کشتوکاڵداو؛
- ئیستغلال کردنی منداڵ لە رێگەی سواڵکردنەوە.

سەرەرای ئەوەی کە ئەندامانی خێزان بەزۆری لەم فۆرمانەی ئیستغلال کردن و بازرگانی پێوەکردن تێوەدەگلێن، دەبێ وریاییەکی زۆر هەبێ بەرلەوەی خێزانێك بە بازرگانیکار بناسێنرێ. لەراستیدا، **زۆربەیجار هۆکارهەن کە هیچ بەدیلێك بۆ خێزان ناهێڵنەوە کە بۆ مانەوە لە ژیان ئەنجامیبدەن زیاتر لەو حالەتانەی کە دەشێ وەکو ئیستغلال کردن و بازرگانی پێوەکردن دەستنیشان بکرێن** بە پێی یاسای نیشتمانی و نێودەوڵەتی.

زۆر لە فۆرمەکانی بازرگانی پێوەکردن کە لە پێڤاژۆی شەرو رەوشی پەنابەراندا باون پێش ٢٠١١ش هەبوون، هەروەك لە بەندی ٢ی ئەم توێژینەوەیەدا روونکراوەتەوە. مومارەسەی هاوسەرگیری موتعەو مسیار یەکێکبوون لە سیماکانی بازرگانی پێوەکردن بۆ هاوسەرگیری بە زۆر، هاوسەرگیری بە زۆرو، بازرگانی پێوەکردن بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی لەرێگەی هاوسەرگیری بە زۆر لەپێش شەڕدا، **بەڵام ئەوە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە.**

---

خراپترین جۆرەکانی کارکردنی منداڵان، بازرگانی پێوەکردنی منداڵان و ئیستغلال کردن لە رێگەی سواڵکردنەوە و بازرگانی پێوەکردن بۆ ئیستغلال کردنی سێکسی بریتیبوون لەو فۆرمانەی بازرگانی پێوەکردن کەوا کاریگەریان بەسەر خەڵکی وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا هەبووە لە پێش شەڕدا، بەڵام ئێستا لەنێو سوریەکاندا زیادبوونە، زۆربەیجار بە ساکاری لەبەر ژمارەی یەکجار زۆرتری دانیشتووانی سوری لەوڵاتە خانەخوێکاندا لەوەتەی ٢٠١١. بەتایبەتیش لە کەیسی ئیستغلال کردنی سێکسیدا، **کاریگەری جێگۆڕکێی دیاریکراو تێبینیکراوە، لەگەڵ ژنان و کچانی سوری کە بۆ لەشفرۆشی ئیستغلالکراون، کە پێشتر خەڵکی بازرگانیپێکراو بۆ ئەم مەبەستە سەر بە رەگەزنامەی دیکەی دەرەوەی ناوچەکە بوون.**

کاری منداڵان و سواڵکردنی منداڵان بەو مانایە کاریگەر بوون کە **بارودۆخ سەختتربووە، لەگەڵ پێشێلکاری جدی مافەکانی منداڵ**، بە تایبەتی کەوا کارو سواڵ تەنیا لەکاتی پشووی قوتابخانەکان نەبوون کە منداڵان لەگەڵ چوون بۆ قوتابخانە ئاساییەکاندا رێك بکەون. بڵاوبوونەوەی ئەو دیاردانە بە شێوەیەکی گشتی زیادیکردووە.

---

**هەندێ شێوازی بازرگانی پێوەکردن دەرکەوتن کە راستەوخۆ پەیوەندیان هەیەبە شەڕەوە**. وەك لە حالەتی بازرگانی پێوەکردن لەلایەن داعشەوە بە مەبەستی کۆیلایەتی سێکسی، هاوسەرگیری بە زۆرو ئیستغلال کردن لە کێشە چەکدارەکان، بە تایبەتی بۆ خەڵکی یەزیدی، بەڵام بۆ کۆمەڵانی دیکەی خەڵکیش؛ کە ئەویش کەیسێکە بۆ هاوسەرگیری بە زۆرو ئیستغلال کردن لە کێشە چەکدارەکان لەلایەن لایەنەکانی دیکە لە شەڕی سوریادا. شێوازەکانی دیکە بەشێوەیەکی تایبەت کە پەیوەستن بە ململانێ: بریتین لە رفاندن بۆ فدیە وەرگرتن و کاری بە زۆری سەربازی. لەوەش زیاتر، بێوەژنەکانی شەڕو ژنان و منداڵانی دیکەش کە بەهۆی شەڕەوە چیدی بە یاوەری پێگەیشتوویەکی گەورەی خێزانەکانیان نین، بەشێوەیەکی تایبەت دووچاری لاوازی بوون. ئەو لاوازیەش رێژەکانی توندوتیژی بەپێی سێکس وجێندەر بەرزکردۆتەوە بەهۆی شەڕەوە، لەپاڵ جیاکاری بەرامبەر ژنان، بە تایبەتیش لە بازاڕەکانی کاردا.

---

لەزۆربەی ئەو کەیسانەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاشکرابوون، **بازرگانی پێوەکردن دیاردەیەکی سنووربەزێنە کە پەیوەندی بەخودی جوڵەی کۆچکردنەوە هەبێت**، سەرەڕای ئەوەی کە بازرگانی پێوەکردن لە سنورەکاندا لە هەندێ کەیسدا هەیە. شێوازەکانی بازرگانی پێوەکردن و بەئامانجگرتنی لاوازیەکان تێبینیکراوە بەهۆی پۆستفاکتۆی ئاوارەبوونەوە، کە پرۆسەی بازرگانی پێوەکردن دەستپێدەکات کاتێك ئاوارەو پەنابەران کە لە سنوری یەك وڵاتدان – لەو ناوچەیەی کە ئاوارەکانی تێدا کۆبۆتەوە، یان لەنێوان هەرێمەکانی هەمان وڵاتدا. بەمشێوەیە، بازرگانیکاران هەمیشە لە دەرەوەی وڵاتەوە نین؛ بۆیەهیە لە هەمان ئەو وڵاتە بن کە کەسی بازرگانیپێکراو ئیستغلال کراوە، یان لە وڵاتانی رەسەنی کەسی بازرگانیپێکراوەوە بن، هەرچەندە ئەگەر پرۆسەی بازرگانیپێکردن لە وڵاتی ئامانجەوە سەرهەڵبدات.

---

سەرەڕای ئەوەش، **هەموو فۆرمەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ کەوتوونەتە بەر کاریگەری قەیرانی سوریا**. لەراستیدا بازرگانی پێوەکردن بە کۆچبەران – کە زۆربەیان ژنن – بەمەبەستی ئیستغلال کردن لە خزمەتکاری ناو ماڵ بەردەوامەو ، تەنیا بەشێوەیەکی کەم کەوتوتە بەر کاریگەری قەیرانی پەنابەران لە وڵاتانی خانەخوێدا، بە گەیشتنی کرێکاری ناو ماڵی کۆچبەر بۆ هەندێ وڵاتی خانەخوێ بە یاوەری تەوژمی پەنابەرانی سوری. لەگەڵ ئەوەشدا، لەناوەوەی سوریا، لەوەتەی دەستپێکردنی ململانێ لە ٢٠١١، هەندێ کرێکاری ناو ماڵی کۆچبەر بەردەوام لە خزمەتکاری ناوماڵ ئیستغلالکراون، لەجیاتی ئەوەی لەلایەن باڵیۆزخانەکانی وڵاتانی خۆیانەوە بگەڕێنرێنەوە، هەندێك لە ژنەکان دوچاری توندوتیژی و ئیستغلال کردن بوونەتەوە لە زیندانەکانی سوریادا.

---

ئەو سودانەی بازرگانیکاران یان ئیستغلالکاران دەستیان دەکەوێت هەمیشە پارە نیە. لە راستیدا لە ژمارەیەك کەیسدا تێبینیکراوە کە منداڵێك یا گەورەیەك **بەرامبەر مامەڵەی عەینی ئیستغلالکراوە**، وەکو:

- چاودێری؛
- مۆڵەتپێدان بۆ چوونە دەرەوەی کەمپ؛
- پارێزگاری جەستەیی؛
- یارمەتیدانی عەینی؛
- بەقاچاخبردنی کۆچبەران بۆ ئەوبەری سنور؛
- ئاسانکردنی جوڵەی ناوخۆ؛
- پەڕینەوە بە بازگەی ئاسایش؛ یان
- جێگەی مانەوە.

ئەم رەوشە لەناکاوە مرۆییە بۆتە هۆی تێوەگلانی ژنان و کچان لە «سێکس بۆ مانەوە»، کە لەلایەن کەسێکەوە، بە زۆری پیاوێك، کۆنترۆڵی گەیشتن بە شتێك دەکرێت کە ژنەکە یان کچەکە پێویستیەتی، ژنەکە یا کچەکە ناچاردەکرێت سێکسی لەگەڵدا بکات بۆ دەسکەوتنی ئەو شتە. سەرەڕای ئەوەش، جیاکاری و دابەشکردنی سیاسیکراوی یارمەتیە مرۆییەکان لە هەندێ ناوچەی ناوەوەی سوریا گروپەکانی ئاواران و گروپەکان رووبەڕووی بەدڕەفتاری و ئیستغلال کردن دەبنەوە، ناچاردەکرێن کچەکانیان بە شوو بدەنە شەڕکەران یان بچنە ریزی چەکدارەکان بۆ دەستکەوتنی پارێزگاری و یارمەتی دارایی و مادی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی خۆیان و خێزانەکانیان.

---

سەرەڕای ئەوەی کە ئەنجامە ئەزمونیەکانی ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات کە ژمارەیەکی بەرچاوی شێوە جیاوازەکانی بازرگانی پێوەکردن لە ئەنجامی شەڕەکەوە روودەدەن، **سوریەکان لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە وەکو قوربانی بازرگانی پێوەکردن دەستنیشانەکراون** لە هەر پێنج وڵاتی ژێر توێژینەوەدا، تەنیا لە کەمترین ئاستدا نەبێت. لە راستیدا، ئەگەر یەکێك تەنیا پشت بە شیکردنەوەی ئامارە فەرمیەکانی بازرگانی پێوەکردن ببەستێ، ئەوا وا دەردەکەوێ کە کاریگەری شەڕو قەیرانی پەنابەران بەسەر بازرگانی کردن بە کەسەکان شتێکی وا نیە. هەروەك ئەمەش پەیوەست نیە بە دەستنیشانکردنی یاسایی بە گشتی بۆ فۆرمێکی دیاریکراوی بازرگانی پێوەکردن ، وەکو هاوسەرگیری بە زۆر، ئیستغلال کردن لە کێشە چەکدارەکان و ئیستغلال کردن لە رێگەی سواڵەوە، بازرگانی پێوەکردن بە شێوەیەکی گشتی، لەنێو هەندێ لایەنی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن و رێکخراوە پەیوەندیدارەکانی دیکە، زانین و توانا بەسەر بازرگانی کردن بە کەسەکان ئەو کەلەبەرانە دەردەخات کە رێگرن لەبەردەم دەستنیشانکردنی کاری کەسانی بازرگانی پێکراو، بە تایبەتی ئەوانەی لە شەڕی سوریاوە هەڵاتوون.

لەگەڵ ئەوەشدا، هۆکاری دیکە هەن بۆ کەموکوڕی ئەو راپۆرتانە سوریەکان لەزۆر کەیسدا دەترسن لە راپۆرتکردنی تاوان بۆ دەسەڵاتەکان لەبەر باری یاسایی خۆیان و، بە شێوەیەکی گشتی کێشەکە رووبەڕووی کچان، ژنان و هاوڕەگەزبازان دەبێتەوە، کە نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان هاندەرنین بۆ قسەکردن لەبارەی ئیستغلال کردنی سێکسی و فۆرمەکانی دیکەی توندوتیژی بەپێی سێکس و جێندەر. زۆرجار سوریەکان هۆشیاریان لەبارەی ماف و ئەرکەکانی خۆیان نیە لە وڵاتی خانەخوێدا. سەرەڕای ئەوەش ، داواکارانی گشتی لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا رەنگە کەیسێك بوروژێنن دژ بە کەسێکی بازرگانیپێکراو بۆ لەشفرۆشی، سواڵکردن یان عەسکەرتاری، لەجیاتی دادگاییکردنی کەسانی بازرگانیکار بە بازرگانی کردن بە کەسەکان.

---

## رەوشەکانی لاوازی بەرامبەر بازرگانی کردن بە کەسەکان

هیچ یەکێك لە وڵاتانی خانەخوێ سیفەتی پەنابەر نادەنە سوریەکان، چونکە یان رێککەوتنامەی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکانیان پەسند نەکردووە، یان ئەو سنورە جوگرافیانە پیادە دەکەن کە سوریەکان دووردەخاتەوە. لەئەنجامدا، شێوازی ئەو بارانەی لە ٢٠١١وە دەدرێتە سوریەکان لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا هێشتا بە شێوەیەکی گشتی رێ بە گەورەکان نادات بەیاسایی کاربکەن، کە ئەمەش رکابەریەکی گەورەیە سەبارەت بە خۆراگری ئەوان و منداڵەکانیان بەرامبەر ئیستغلال کردن و بازرگانی پێوەکردن . رەوشی بنچینەیی کە بەشداردەبێت لە کەیسەکانی بازرگانی پێوەکردن ، هەروەها لاوازی لە ئاست بازرگانی پێوەکردن ، بەمجۆرە **کەموکوڕی پەیوەست بە باری یاسایی لە وڵاتانی خانەخوێی ژێر توێژینەوەداو، بە پەیوەندی بە رێپێدانی یاسایی کارکردن**. زۆربەی جار ئەمەش وابەستە دەبێت بە نەبوونی کارو ئەگەری وەدەستهێنانی داهات بۆ مانەوە لە وڵاتانی خانەخوێداو، لە سوریا ئەم مەترسیە ئامانجی هەرە سەرەکیە.

باری یاساییشی کاردەکاتە سەر دەستکەوتنی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان لە هەندێ وڵاتانی ژێر توێژینەوەداو، لە هەندێ کەیسدا کاریگەری هەیە بۆ سەر جوڵە لەناو وڵاتی خانەخوێدا، بەهۆی بوونی بازگەی ئاسایش و بازگە لە دەروازەی کەمپەکانی پەنابەران. بەرنامەکانی سپۆنسەرکردنیش کە رێپێدانەکانی مانەوەی پەنابەرانی سوری بەڕێوەدەبات لە هەندێ وڵاتی خانەخوێدا کاریگەری بەسەر باری یاساییدا هەیەو، بۆیەهیە لاوازی بەرامبەر بەدرەفتاری بێنێتەکایەوە. ئەو پەنابەرانەی کە لە بارێکدان شوێنی مانەوەیان یان حەقیقەتی کارکردنیان لە وڵاتێکی خانەخوێدا رێپێنەدراوە دەترسن لە راپۆرتکردنی هەر بەدرەفتاریەك بۆ دەسەڵاتەکان، چونکە رەنگە بکەونە بەر مەترسی دەستگیرکردن و سزای دیکە.

---

زۆربەی هەرە زۆری سوریەکان **لەناو کەمپە فەرمیەکانی ئاوارە پەنابەراندا ناژین، ئەمەش کاریگەری هەیە بەسەر دەسکەوتنی یارمەتی مرۆیی و خزمەتگوزاری دیکەی وەك پەروەردە، شوێنی مانەوە، مەشقی پیشەیی و چاودێری تەندروستی**. ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە دەریدەخەن کە دانیشتوانی سوری دەرەوەی کەمپەکان رووبەڕووی لاوازی زیاتر دەبنەوە بۆ بازرگانی پێوەکردن لەبەر دەستنەکەوتنی یارمەتی مرۆیی و خزمەتگوزاریە بنچینەییەکان و، بەشێوەیەکی گشتی لە بواری یارمەتیە نێودەوڵەتیەکان بایەخێکی کەمتریان پێدەدرێت.

**هەروەها کۆمەڵگە خانەخوێکانیش دووچاری زیان بوون بەهۆی شەڕو ئاوارەبوون لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا**، بە تایبەتی ئەو شوێنانەی هەر یەك لەو وڵاتانەی کە زۆرترین رێژەی خەڵکی ئاوارەی ناوخۆو پەنابەریان گرتۆتە خۆ: باکوری سوریا؛ باشورو باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا؛ عەککار، دۆڵی بیقاع و بەیروت و جەبەل لوبنان لە لوبنان؛ باکوری ئوردن و هەرێمی کوردستانی عیراق، هەروەك لە خوارەوە لە نەخشەی ٥ خراوەتەڕوو. هەرچەند زیادبوونی رووداوی بازرگانی پێوەکردن هێشتا بەڵگەی لەسەر نیە، بۆیە رەنگە ئەمە خەڵکی ئەو ناوچانە زیاتر بخاتە بەر لاوازی لە بەرامبەر بازرگانی پێوەکردندا.

شوێنەوارەکان بەسەر دانیشتوانی لۆکەڵی رەنگە بەشداربێت لە پەشێوی کۆمەڵگە خانەخوێکان و پەنابەرانی سوری یان کۆمەڵگەکانی ئاواران، ئەوەش بۆتە هۆی زیادبوونی لاوازی ئەمەی دوواییان لەبەر ئەگەری جیاکاری لە بازاڕی کار و دەسکەوتنی خزمەتگوزاری بنچینەیی لە وڵاتە خانەخوێکاندا، ئەم رەوشە دانیپیانراوەو، هەوڵەکان لەگەڕدان بۆ ئەوەی بەرنامەکان کۆمەڵگە خانەخوێکان بگرێتەوە بۆ سووککردنی سەختی باری مرۆیی لەو ناوچانەدا.

نەخشەی ٥: ئەو ناوچانەی ژمارەی دانیشتوانیان بەرزە لە ئاوارەکانی سوریا لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا



گەلێک **پرسی پەیوەست هەن بە پاراستنی منداڵ** کە لە پێڤاژۆی ململانێ و قەیرانی پەنابەران سەرهەڵدەدات، بەتایبەتی کە منداڵان لە دەرەوەی قوتابخانەکان دەمێننەوە تۆماری لەدایکبوونیان نیە، دەیانخاتە بەر مەترسی بازرگانی پێوەکردن و، خۆی لە خۆیدا پێشێلکردنی مافە بنچینەییەکانی منداڵیشە.

هەندێ **قوتابخانە** لەو ناوچانەی کە چڕی دانیشتوانی سوری تێدا بەرزە رۆژانە دوو شیفت دەوام دەکەن بۆ دابینکردنی شوێنی پێویستی زیاتر لە قوتابخانەکەدا، بەڵام تواناکانی فێرکردن لە زۆر ناوچەی هەر پێنج وڵاتدا لە توانا دەرچوە، لەگەڵ کێشەی چوونی منداڵان بۆ قوتابخانە. نەبوونی باری یاسایی بۆ گەورەکانیش کاریگەری هەیە بەسەر گەیشتنی منداڵەکانیان بە پەروەردەو فێرکردن. لەوش زیاتر، لەسوریا هەندێ قوتابخانە لەلایەن گروپە چەکدارەکانەوە داگیرکراوەو کراونەتە گۆڕەپانی کردنە سەربازی منداڵان و مەشق پێکردنیان، ئاسانکاری بازرگانی پێوەکردنی منداڵان بۆ ئیستغلال کردن لە کێشە چەکدارەکان لەلایەن تاقمە شەڕکەرەکاندا.

رێکاری ئیداری پێویست بۆ **تۆمارکردنی تازە لەدایکبووان** لەنێو خێزانە سوریەکان لە ناوەوەی سوریاو لە وڵاتانی خانەخوێ بۆ زۆر لەو خێزانانە گران دەوەستێ، لە رووی لۆجستی و/یان تێچووەوە. منداڵانی دەرەوەی قوتابخانەکان و منداڵانی بێ تۆماری لەدایکبوون زیاتر دەکەونە بەر بازرگانی پێوەکردن ، ئیستغلال کردن و پێشێلکاری دیکەی مافەکانی منداڵ.

لە پێڤاژۆی هەڵاتنی خەڵك لە سوریا، رەنگە منداڵان لە دایبابان و بەخێوکارانیان دابڕێن. بۆیە هەندێ **منداڵ بە دابڕاوی یان بەبێیاوەر**لە سوریاوە دەگەنە وڵاتانی خانەخوێ. هەندێ رێکار بۆ چارەسەری ئەم رەوشە دانراون، لەوانەش بەشوێنداچوونی خێزان، یەکگرتنەوەی خێزان و دایەنیکردن، بەڵام تا گەیشتن بە چارەسەری بەردەوام بۆ هەر منداڵێك لە هەر کەیسێکدا، ئەم منداڵانە زیاتر بۆیەهیە دووچاری ئیستغلال کردن و پێشێلکاریەکانی دیکەی مافی منداڵ ببنەوە، لەوانەش – هەرچەند تەنیا ئەمانەش نین – کاری منداڵان، بە تایبەتی بۆ کوڕان و، هاوسەرگیری زوو، بە تایبەتی بۆ کچان.

---

لەبەر رەوشی ئێستای ئاوارەو پەنابەرانی سوری لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا، هەروەها نەبوونی ئاسۆی چاککردنی بارودۆخەکەیان لە ئایندەیەکی نزیکدا، هەندێ خەڵکی پەنابەرو ئاوارە دەستیانپێکردووە بەرەو وڵاتانی دەرەوەی ناوچەکە، بەتایبەتی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا. لەکاتێکدا هێشتا لەناو ئەو پێنج وڵاتەدان، **پێویستی دانی برە پارەیەکی زۆر – رەنگە بیانخاتە ژێر قەرزەوە – بە ئاسانکارانی سەفەرکردن و قاچاخچیانی کۆچ بۆ چونیان بۆ شوێنێکی دوورتر بۆتە هۆی ئەوەی کە هەندێ کەس شێوازی مەترسیدار بگرنە بەر بۆ دەستکەوتنی ئەو پارەیە**، ئەمەش دەیانخاتە بەر بازرگانی پێوەکردن . بۆ ئەو کەسانەی کە وڵاتانی ژێر توێژینەوە بەجێدێڵن بۆ پەناخوازی لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، هیچ رێگەیەکی سەلامەت و یاسایی سەفەرکردن نیە.

---

رێگە ناوخۆییەکانی کۆچ نیزامی نین و رێگەکانی کۆچیش لە ناوەوەو لەنێوان وڵاتانی ژێر توێژینەوە و، رێگە نایاساییەکانی کۆچ بەرەو یەکێتی ئەوروپا، هەموو جێگەی مەترسین بۆ سەلامەتی و ئاسایشی پەنابەرانی سوری و عیراقی و، منداڵان، ژنان و پیاوانی رەگەزەکانیدیکەش، کە دەیانەوێ لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا ببنە پەنابەر. **یەکێك لە مەترسیە سەرەکیەکان بریتیە لە ئاسانکاری جوڵەی ناوخۆ یان قاچاخچێتی کۆچبەران کە بۆیەهەیە بگۆڕێت بۆ بازرگانی کردن بە کەسەکان.**

---

شەڕو ئاوارەبوون **لاوازبوونێکی زیاتری خستۆتە سەر گروپەکانی پەنابەران و کۆچبەران کە پێشتر بەر لە ٢٠١١ لە رەوشێکی مەترسیداردا دەژیان و لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕدا لە سوریابوون**، لەوانەش:

- پەنابەرانی فەلەستینی لە سوریا؛
- پەنابەرانی عیراقی؛
- خەڵکی بێرەگەزنامە؛
- پەنابەران لە رەسەنی دیکە، بەتایبەتی لە ئەفغانستان، سودان و سۆماڵ؛
- کۆچبەرانی کرێکاری ناو ماڵ لە باشوورو باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیاو رۆژهەڵاتی ئەفریقیا.

لەبەرئەوەی رێکارە مرۆیی و برگە یاساییەکانی پاراستنی پەنابەران و ئاواران زۆربەیجار پاراستنی هاوڵاتیانی سوری دەکەنە ئامانج چاوپۆشی لە گروپەکانیدیکە کراوە. ئەمە سەرەرای ئەو راستیەی کە ئەوانیش بەهۆی شەڕەوە ئاوارەبوون و کەوتوونەتە بەر کاریگەری لاوازیە هاوشێوەکانی پەنابەران و ئاوارە سوریەکان.

---

دەرەنجامی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە **کەوا کاریگەری شەڕ و رەوشی پەنابەران بەسەر بازرگانی کردن بە کەسەکان بەهۆی ئەوەیە کە کەسانی زیانلێکەوتووئامرازی گەیشتنیان نیە بە پێداویستیە بنچینەییەکانیان،** وەکو رەگەزێکی سەرەکی نەبوونی چارەسەری هەمیشەیی بۆ پەنابەرانی سوری. ئەوانە ماڵ، کارو قوتابخانەی خۆیان جێهێشتووە لەناوچەکانی خۆیان لە سوریا. زۆریان پێویست بە دۆزینەوەی ماڵی تازە، سەرچاوەی تازەی داهات و پەروەردەی منداڵەکانیان هەیە. وایێدەچێ کەوتبنە بەر زەبری توندوتیژی و لەدەستدانی ئەندامانی خێزانەکانیان و هاوڕێکانیان و، بەخێرایی پێویستیان بە چاودێری تەندروستی جەستەیی و مێشکی هەیە. لە زۆر کەیسدا، تەنانەت ئەگەر مافی یاساییشیان هەبێت، هیچ کارێك، ماڵێك، یا شوێنێك لە قوتابخانە بەردەست نیەو، خزمەتگوزاریە گشتیەکانی وەکو چاودێری تەندروستی لەتوانا دەرچووە. زۆریان لە ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی گروپە چەکدارەکان لە عیراق و سوریا دەژین و، وڵات و هەرێمەکانیش تووشی کێشەی جدی بوونەتەوە لە دابینکردنی پێداویستیە بنچینەییەکانیان، سەرەرای پاراستنی خەڵکەکە لە بازرگانی پێوەکردن .

---

هەروەها پێویستیە بنچینەییەکان مافی سەلامەت ژیان و، بوونی توانای پلاندانان بۆ دوارۆژ دەگرێتەوە. هیچ یەکێك لەو شتانە لە سوریا مومکین نین تاکو شەڕ بەردەوام بێت و، هەردووکیش لە وڵاتانی خانەخوێدا بەرەنگارین. هەموو ئەو لایەنانە بەشدارن لە رەوشی لاوازی خەڵك بەرامبەر بازرگانی کردن بە کەسەکان – پێشێلکردنی توندی مافەکانی مرۆڤ -، هەروەها لەخۆیانەوە پێکهێنەری پێشێلکاری مافی دیکەشن.

دانانی دەسپێشخەری بەهێزو یەکلاکەرەوە بە ئامانجی کۆتاییهێنانی شەڕ هێشتا پێویستترین و یەکلاکەرەوەترین راسپاردەیە، بەڵام بەجێگەیاندنیشی لە هەمووان ئاڵۆزترە. لەگەڵ ئەوەشدا، سیاسەتوانان و پیادەکاران و تەنانەت خودی سوریەکانیش، دەبێ ئەوە قبول بکەن کە ئەو شەڕە وا زوو کۆتایی پێ نایێ. لەو ماوەیەدا، ئەو فاکتەرانەی بەشدارن لە بڵاوبوونەوەی بازرگانی پێوەکردن لەنێو ئەو زیانلێکەوتووانە پێشوەختە بەڵگەکانی روونن. سەرەرای ئەوەش، کاریگەریەکی چەندی هەیە لەوەی کە تا شەڕەکە درێژتربێتەوە، پاشەکەوت یان داهاتی خەڵك لە فرۆشتنی کەلوپەلەکانیان کەمتردەبێتەوە، لەکاتێکدا کە «هەوڵەکانی بەخشین» بۆتەهۆی دابینکردنی دارایی ناتەواو بۆ یارمەتیە مرۆییەکان و، بەمجۆرەش بەرەبەرە لاوازیان زیاد دەکات لە ئاست بازرگانی پێوەکردن و پێشێلکردنەکانی دیکەی مافەکان. تەنیا بە بەکارهێنانی ئەم زانیاریە لە چارەسەرکردنی ئەم پرۆژەیەدا ئێمە دەتوانین ئەگەری کەیسەکانی بازرگانی پێوەکردن لە ئایندەدا کەمتر بکەینەوە.

**پێویستیمان بە گۆڕانکاریەکی جۆری هەیە لە چۆنیەتی تێروانینی سیاسەتەکانی بازرگانی پێوەکردن ، پەنابەر، کۆچ و پاراستنی منداڵ لەوەی کە پەیوەندی بە پارێزگاری لێکردنەوە هەیە. لەکاتێکدا کە داڕێژەرانی سیاسەت و پیادەکاران ڕەنگە خۆیان وەك کەسانێك ببینن کە لەبورای جیاجیادا کاردەکەن، لەسەر بابەتی دیاریکراو، ئەو مرۆڤانەی دەکەونە بەر کاریگەری ئەو سیاسەتانە هەمیشە ناکەونە بەر تاکە توێژێکی دیاریکراوەوە.** ئەوان دەکەونە نێو کەلەبەرەکانی ئەو جیاوازیانە، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر دەستکەوتنی پارێزگاری. دەبێ هەوڵەکان پێکەوە گرێ بدرێت و جەخت بکاتە سەر دابینکردنی گەیشتن بە پێداویستیە بنچینەییەکان و سەلامەتی بۆ خەڵکانی ئاوارە لە سوریاوەو لە ناوەوەی سوریا. لە مەودای ناوەڕاستیشدا، چارەسەرە کاتییەکان شیاونین و دەبێ ئەو خەڵکەی لە سوریاوە هەڵاتوون بخرێنە ژێر ناونیشانی ئامرازەکانی پەیداکردنی داهات و گەیشتن بە خزمەتگوزاریە پێویستەکان بەمجۆرە ئەوان دەتوانن ژیانێکی تازە بۆ خۆیان بنیاتبنێن دوور لە شەڕو ئاژاوەو، دوور لە بازرگانی پێوەکردن و ئیستغلال کردن.

هەروەك لە خوارەوە لە ڕاسپاردەکان خراوەتەڕوو، **وەکو کە بازرگانیکاران و ئیستغلال کاران ئەو لاوازیانە دەکەنە ئامانج بەمەبەستی سوود وەرگرتن و قازانجکردن لە پێشێلکردنی مافەکانی خەڵك، بۆیە داڕێژەرانی سیاسەت و پیادەکاران دەتوانن بەشێوازێکی پۆزەتیڤ** ئەو لاوازیانە بکەنە ئامانج و، سووکیان بکەن لەپێناو ڕێگرتن لە بازرگانی پێوەکردن و ئیستغلال کردن و پێشێلکاریەکانی دیکە. بۆیەهیە ئەمە بەشداربێت لە زیادبوونی خۆڕاگری کەسانی زیانپێکەوتوو، ئەو بەدیلانەیان بداتە دەست کە تەنیا «بژاردە کەمتر خراپەکان» نین و، ئەوەی پێویستیانە بۆیان دابین بکەن بەمەبەستی مامەڵەیەکی باشتر لەگەڵ ناخۆشیەکانی توندوتیژی و ئاوارەبوون.

# ٧ ڕاسپاردەکان

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە بۆ برسقی بازرگانی پێوەکردن لاوازی بەرامبەر بازرگانی پێوەکردن لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا. هەندێکیشیان پەیوەندیان هەیە بە پەنابەرانی سوری لە وڵاتانی خانەخوێی دیکەداو، بە بازرگانی کردن بە مرۆڤ لە ڕەوشەکانی ململانێدا بەشێوەیەکی گشتی. **هەتابکرێ، سوریەکان و کۆمەڵگا زیان لێکەوتووەکانی دیکە دەبێ ڕاستەوخۆ لە جێبەجێکردنی ئەم ڕاسپاردانەدا بەشداربن. لەکاتی پێویستدا، کۆمەڵگە خانەخوێکان لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا دەبێ تیشکۆ بخەنە سەر ئەو دەستپێشخەری و سیاسەتانە، چونکە ئەوانیش کەوتوونەتە بەر کاریگەری هەندێك لەو لاوازیانەی کە باسیان لێوەکراوە.**

چونکە تواناکانی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن بەشێوەیەکی بەرچاو دەکەونە بەر کاریگەری شەڕو ململانێ پەیوەندیدارەکان لە سوریاو عیراق و، لەبەر ئەوەی وڵاتانی خانەخوێ ئاپۆرایان تێکەوتووە بەهۆی گەیشتنی زمارەی زۆری خەڵکی هەڵاتوو لە سوریاوە، ئەم ڕاسپاردانە بە پلەی یەك چارەسەری لاوازی بەرامبەر بازرگانی پێوەکردن دەکەن و پێشنیاز دەکەن **کە لە مەودای کورت و ناوەڕاست بۆ مەدوای درێژ ڕێکارەکان بگرنەبەر** بۆ دەستەبەریی پێداویستیەکانی قوربانیە دەستنیشانکراوەکانی بازرگانی پێوەکردن ، هەروەها خەڵکانی لاوازی دیکە لەبەرامبەر بازرگانی پێوەکردن لە وڵاتانی ژێر توێژینەوە و دەرەوەی ئەو وڵاتانەشدا.

تیشکۆی بنچینەیی ئەم ڕاسپاردانە بەمجۆرە **بریتیە لە ڕێگری لە بازرگانی پێوەکردن و چارەسەری لاوازیەکان بۆ بازرگانی پێوەکردن**. ئەم پێداویستیانەش جەخت دەکاتەسەر **بنیاتنانی خۆراگری گەسانی زیان لێکەوتوو بەرامبەر ئیستغلال کردن و بازرگانی پێوەکردن** و، پێشێلکاریەکانی دیکە. لەگەڵ ئەوەشدا، پاراستن لە بازرگانی کردن بە کەسەکان و شوێنکەوتنی ئەنجامدەرانیش جێبایەخێکی سەرەکیەو ڕاسپاردەی لەم بابەتەش خراوەتەڕوو.

ئەو ڕاسپاردانەی لە خوارەوە خراونەتەڕوو **مەبەست وانیە گشتگیربن** سەبارەت بە بەرسقی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە. دوای بڵاوکردنەوەی ئەم توێژینەوەیە، ئەنجام و ڕاسپاردەکانی لێکۆڵینەوە بڵاودەکرێنەوەو لەگەڵ بەشدارانی لێکۆڵینەوەو لایەنە پەیوەندیدارەکان لە وڵاتانی ژێر توێژینەوە و دەرەوەدا گفتوگۆ دەکرێن. ڕاوێژبە پسپۆرانی بابەتە تایبەتەکان دەکرێت و ئەو ڕاسپاردانە تەبەنی دەکرێن و بۆیان زیاد دەکرێت، بەپێی شارەزاییەکان و زانیاریە پێشکەشکراوەکان لەماوەی بڵاوکردنەوەی زنجیرە وێرکشۆپەکان. بەمجۆرە دەبێ ڕاسپاردەکان وەکو کارێکی بەر جێبەجێکردن سەیربکرێن، کە لەناوەڕاستی ٢٠١٦دا تەواوبن.

| راسپاردەکان | جێبەجێدەکرێن لەلایەن: |
|---|---|
| **١. چارەسەری بازرگانی پێوەکردن لە ئاستێکی نزمدا** | |
| **کورت مەودا:** دەبێ سەرەتا خێزانەکان پشتگیریان بکرێت بۆ دەرچوون لە حالەتەکانی لاوازی زۆرو بێهیوایی، بەر لە هەژمارکردنی ئەندامانی خێزان وەکو ئەنجامدەری تاوانی ترسناکی بازرگانی کردن بە کەسەکان. خەڵکی بەر کاریگەری شەڕ دەبێ بەدیلی شیاو بۆ جێبەجێکردنیان پێشکەش بکرێت بەرامبەر بە ئیستیغلال کردن یان ئیستیغلال کران، لەوانش بۆ مانەوە، دەستەبەرکردنی داهات، شوێنی حەوانەوە، دەستکەوتنی چاودێری تەندروستی و فێرکردن. ئەندامانی دەرەوەی خێزان کە لە ئیستیغلال کردنەوە گلاون، وەکو خاوەن زەوی و خاوەن موڵکەکان و، پێشکەشکارانی خزمەتگوزاریەکانی دیکە، دەبێ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و سزابدرێن، هەروەك چۆن لە خوارەوە لە راسپاردەی ١١ خراوەتە روو. | دەسەڵاتە نیشتمانیەکان؛ رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان؛ لایەنە بەخشەرەکان |
| **ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** دەبێ لە کاتی دارشتنی ستراتیژەکان و سیاسەتەکانی نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ تیشکۆ بخرێتە سەر لاوازی، لەپاڵ دەستپێشخەری بە ئامانجگیراو بۆ بنیاتنانی دانیشتوانی خۆراگر بەرامبەر دووچاربوون بە مەترسی. ئەمەش لە هەر پێڤاژۆیەکدا پێویستی بە هەڵسەنگاندنی فاکتەرەکانی لاوازی هەیە لەسەر بنەمای بەڵگەکان، بۆ بنیاتنانی بنچینەی زانین بۆ یارمەتیدان و پاراستنی دانیشتوانی بەر مەترسی توندوتیژی، بەدڕەفتاری و ئیستغلالکردن. | دەسەڵاتە نیشتمانیەکان؛ رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان؛ لایەنە بەخشەرەکان؛ کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوە |
| **٢. دەستنیشانکردنی بازرگانی بە پەنابەران** | |
| **کورت مەودا:** دەستنیشانکردنی حالەتە گریمان کراوەکانی بازرگانی پێوەکردن دەبێ لەگەڵ رێکارەکانی تۆمارکردنی پەنابەران تێکەڵ بکرێت لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەو وڵاتانی دیکەی خانەخوێ لە دەرەوەی ناوچەکەدا. هەموو دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان و رێکخراوە نا حکومیەکان بە ئەو رێکخراوانەشەوە کە راستەوخۆ کار لەگەڵ پەنابەران و ئاوارەکانی ناوخۆ دەکەن، دەبێ مەشقیان پێبکرێت بۆ ناسینەوەو ئاماژەکردن بە حاڵەتە گریمانکراوەکانی بازرگانیپێکردن . هەروەك دەبێ تواناکانی راوەدوونانی بازرگانی پێوەکردن بەهێزبکرێت لە نێوان داواکاری گشتی و دادگا پەیوەندیدارەکاندا. | دەسەڵاتە نیشتمانیەکان؛ رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان؛ رێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتی و نیشتمانیەکان؛ حکومەتەکانی دەرەوەی ناوچەکە |
| **ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** نیشاندەری دیاریکراوی بازرگانیکردن بە کەسەکان و، دووچاربوون بە بازرگانی پێوەکردن، لەوانش لاوازی درێژ مەودا لەودیو ئاوارەبوونی سەرەتایی، دەبێ پەرەپێبدرێ بۆ بەکارهێنان لە حالەتە مرۆڤایەتیە لەناکاوەکان.ستافی نیشتمانی و نێودەوڵەتی کاری مرۆڤایەتی دەبێ مەشقیان پێبکرێت بۆ بەکارهێنانی ئەم نیشاندەرو میکانیزمانە بە مەبەستی هەنارەدی کەیسە گریمانکراوەکانی بازرگانی پێوەکردن لەو قەیرانانەی سەرهەڵدەدەن. بنیاتنانی تواناکان بۆ راوەدوونانی حاڵەتی لەم جۆرە دەبێ بە هەماهەنگی بێت لەگەڵ بەرسڤی دادوەری تاوانناسی. | دەسەڵاتە نیشتمانیەکان؛ رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان؛ رێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان؛ بەخشەران |

## ٣. دابینکردنی پاراستنی ئەو پەنابەرانەی کە بازرگانیان پێوەدەکرێت

| | |
|---|---|
| **کورت مەودا:** لایەنە کاراکانی بەگژداچوونەوەی بازرگانی پێوەکردن دەبێ مەشقیان پێبکرێت بۆ تێگەیشتن لە پرسەکانی پەنابەران و دەستنیشانکردنی قوربانیە گریمانکراوەکانی بازرگانی پێوەکردن لەناو پەنابەرانداو گرووپە لاوازەکانی دیکە. پێویستە پێداچوونەوە بۆ ستراتیژیە نیشتمانیەکانی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن، میکانیزمەکانی هەناردەکردن و دەستپێشخەریەکان ئەگەر هەبێت و بەرکاربێت، دەبێ پێداچوونەوەی بۆ بکرێت بۆ رەچاوکردنی خەڵکی بازرگانی پێوەکراو کە رەنگە پەنابەر، ئاوارە یان کۆچبەری بێ بەڵگەنامە بن. | دەسەڵاتە نیشتمانیەکان؛ رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان؛ رێکخراوەە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان و نیشتمانیەکمان؛ حکومەتەکانی دەرەوەی ناوچەکە |
| **ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** تێگەیشتنە یاسایی و کارپێکراوە بەردەستەکانی بازرگانی کردن، پەنابەران، کۆچ و پاراستنی منداڵ وەکو بواری سیاسەتی جیاواز دەبێ بگۆڕدرێن. پێویستە ئەولەویەت بە پاراستن بدرێت لە دەستنیشانکردنی باری یاسایی کەسەکاندا. | دەسەڵاتە نیشتمانیەکان؛ رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان؛ رێکخراوەە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان؛ بەخشەران |

## ٤. دابینکردنی دەرفەتی وەدەستهێنانی کاری رێکوپێك و سائیستغلال کردنردنەوەی باری یاسایی

| | |
|---|---|
| **کورت مەودا:** دەبێ سوریەکان و خەڵکانی دیکەی زیان لێکەوتوو مۆڵەتی یاسایی کارکردنیان هەبێت، تیشکۆ بخریتە سەر رێگەکانی ژیان و مەشقی پیشەیی و، ئاسانکاریان بۆ بکرێت بۆ هاتوچۆ لەناو وڵات بەبێ ترسی دەستگیرکردن یان دەرکردن. سیاسەت و پراکتیسەکان دەبێ پێداویستی پاراستنی کچ، کوڕ، ژن یان پیاوی لاواز بخاتە پێشەوە، تەنیا دوای ئەوە پشکنین بۆ سەرپێچیە بچوکەکان بکرێت کە پەیوەندیان بە باری یاساییەوە هەبێت. دەبێ ئاسانکاری بۆ قوربانیانی بەدڕەفتاری ئیستیغلال کردن و بازرگانی پێوەکردن هەبێ لە راپۆرتکردنی رەوشەکانیان و داخوازی دادگەری یاساییدا. | دەسەڵاتە نیشتمانیەکان |
| **ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** ئەگەری بوونی رەوشی ناوەراست –یان درێژ مەودای زیاتری باری پەنابەری لە وڵاتە خانەخوێکاندا رێ بە پەنابەران دەدات کە پلان بۆ ئایندەی خۆیان دابنێن، بە مەبەستی پەرەپێدانی تێگەیشتنێك بۆ مافەکانیان و ئەرکەکانیان و تا وایان لێبێت بەرەبەرە بکەونە ریز خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیە بەردەستەکان و بازاری کار. لەگەڵ ئەوەشدا، هەروەك لە خوارەوە لە راسپاردەی ٨١دا هاتووە، ئەمە تەنیا لەتوانادادەبێت لەگەڵ: وەبەرهێنانە نێودەوڵەتیەکان لە وڵات و کۆمەڵگە خانەخوێکاندا؛ لە پاڵ نیشتەجێکردنەوەی هەندێ لە پەنابەران لە دەرەوەی ناوچەکەدا، چونکە تواناکانی چوار وڵاتە خانەخوێکەی ژێر توێژینەوە لە وزە بەدەرە. | دەسەڵاتە نیشتمانیەکان؛ رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان؛ حکومەتەکانی دەرەوەی ناوچەکە |

## ٥. زامنکردنی دەستەبەری سەرمایەی تەواوو دابەشکردنی دادگەرانەی یارمەتیەکان

| | |
|---|---|
| **کورت مەودا:** دەبێ دەسەڵاتەکان، ڕێکخراوەکان و ئاژانسەکان زامنی دابەشکردنی یەکسانی یارمەتیە خۆراکی و ناخۆراکیەکان بکەن لە سوریاو لە وڵاتانی دراوسێدا، لەناوەوە دەرەوەی خێوەتگاکان و دڵنیابوون لەوەی کە ئەو دابەشکردنانە خراپ بەکارناهێنرێن بە مەبەستی سوودوەرگرتنی کەسانی لاواز. | ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان؛ ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتی و نیشتمانییەکان؛ دەسەڵاتە نیشتمانیەکان |
| **ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** دەبێ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و حکومەتەکانی دەرەوەی ناوچەکە زامنی بەردەوامی بەخشینی یارمەتیەکان بن بەدرێژایی ماوەی شەڕەکە و هەڵمەتەکانی بەرزکردنەوەی دارایی ئەنجام بدەن و واز لە "ماندووبوونی بەخشەر" بێنن و، ئەگەری وەبەرهێنانی بەرفراوان لە وڵاتانی خانەخوێ لەڕێگەی بازارەکانی دراوەوە. بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی پێویست و بەرەوپێشبردنی کارکردنی پەنابەران و کۆمەڵگە خانەخوێکان. | ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان؛ بەخشەران |

## ٦. دڵنیابوون لە تۆمارکردنی منداڵانی لەدایکبوو

| | |
|---|---|
| **کورت مەودا:** ئەو منداڵانەی لە دەمی دەستپێکردنی شەڕەوە لە سوریا لەدایك بوون، منداڵانی لەدایك بووی پەنابەرانی سوری لە وڵاتە خانەخوێکاندا؛ لەگەڵ هەر منداڵێکی کە تۆماری لەدایکبوونی نەبێت، دەبێ بن بە ئامانجی پرۆگرامی ئامادەکراو بۆئەوەی ئەگەر بکرێت تۆماری لەدایکبونیان لە سوریاوە بۆ دابین بکرێت، بەڵام ئەگەر ئەوە مەیسەر نەبوو، دەبێ لەدایکبوونەکان لە وڵاتانی خانەخوێ تۆمار بکرێن. | دەسەڵات نیشتمانیەکان؛ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان |
| **ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** لەکاتی کۆتایی پێهاتنی توندوتیژی و گەڕانەوەی پەنابەرانی سوری بۆ وڵات، دەبێ ئەولەویەت بدرێتە تۆماری لەدایکبوونی هەر منداڵێك کە تۆمار نەکرابێت. | دەسەڵات نیشتمانیەکان؛ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان |

## ٧. دڵنیابوون لە چوونی منداڵان بۆ قوتابخانە

| | |
|---|---|
| **کورت مەودا:** دەبێ گەیشتنی منداڵ بە قوتابخانەی نیزامی بە زووترین کات ئاسانکاری بۆ بکرێت، بۆ پێدانی مافی بنچینەیی خوێندن و کەمکردنەوەی ئەگەری تێوەگلانیان بە کارکردنی منداڵان یان سواڵکردنەوە. دەبێ دایبابیش پشتگیری بکرێن لە دەستەبەرکردنی داهات بێ تێوەگلاندنی منداڵەکانیان و، بۆ دابینکردنی هاتوچۆی منداڵان لە قوتابخانەو بۆ قوتابخانە. | ڕێکخراوە نێودەوڵەمکان؛ ڕێکخاوە ناحکومیە نێودەوڵەتی و نیشتمانییەکان؛ دەسەڵاتە نیشتمانیەکان |
| **ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** ئەو منداڵانەی لە قوتابخانە دابڕاون و، لە کارپێکردنی منداڵان، هاوسەرگیری زوو یان سواڵکردنەوە گلاون، بۆیهیە لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ قوتابخانە کێشەیان هەبێت، کە دەبێ لە چوارچێوەی سیستەمی خوێندندا ڕەچاوبکرێت. دەبێ بەرنامەی قوتابخانەیی تایبەت دابڕێژرێت و پیادە بکرێت بە مەبەستی تێگەیشتن و پێگەیشتنیان. | دەسەڵاتە نیشتمانیەکان؛ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان؛ بەخشەران |

## ٨. دڵنیابوون لە چوونی منداڵان بۆ قوتابخانە

| | |
|---|---|
| **کورت مەودا:** هەروەها فۆرمەکانی بازرگانی پێوەکردن ی پەیوەست بە شەڕ دەبێ لە پلانی بەرسڤی مرۆیی رەچاو بکرێت، مەترسی روو لە زیادبوونی ئیستیغلالکردن لە کێشە چەکدارەکان کەمبکرێتەوە لە رێگەی سەپاندنی کارای قەدەغەکردنی بە سەربازکردنی منداڵان لەلایەن هەموو بەشدارانی شەڕ. ئەوانەی لەماوەی شەڕدا بریندار بوون دەبێ چاودێری تەندروستی شیاویان بۆ دابین بکرێت بۆ چاکبوونەوەی دەروونی و جەستەییان، بێئەوەی رووبەرووی ترسی بازرگانی پێوەکردن ببنەوە. پێویستە دان بە پێشێلکردنی زۆری مافەکانی یەزیدیەکانی عیراق دا بنرێت. ئەو زیانلێکەوتوانە دەبێ بە خێرایی خزمەتگوزاری پاراستن و شیاندنەوەی پێویستیان بۆ دابین بکرێت بۆ چاکبوونەوە لە زەبری سەخت. کەیسەکانی لەوجۆرەی بازرگانی پێوەکردنیش دەبێ بدرێنە دادگا لەلایەن دەسەڵاتەکانی دادوەری تاوانەوە. | رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان؛ دەسەڵاتە نیشتمانیەکان؛ لایەنەکانی شەڕ |
| **ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** دەبێ بەرنامەکانی تێکەڵکردنەوە جێبەجێ بکرێن بۆ سوریەکان و منداڵانی دیکەی ئیستیغلالکراو لە کێشە چەکداریەکان لەلایەن گرووپە چەکدارە جۆراو جۆرەکان لە کێشەی بەردەوام لە سوریاو عیراق. | رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان؛ بەخشەران |

## ٩. چاککردنی یارمەتی و خزمەتگوزاریەکانی بۆ ئاوارەو پەنابەرانی دەرەوەی خێوەتگاکان

| | |
|---|---|
| **کورت مەودا:** زۆربەی سوریەکان لە کەمپە فەرمیەکانی ئاوارەو پەنابەراندا ناژین لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا، کەوا کاریگەری هەیە بۆ دەستکەوتنی یارمەتیە مرۆییە پێویستەکان و خزمەتگوزاری دیکەی وەك پەروەردە، چاودێری تەندروستی، بۆیە یارمەتی خۆراك، کەرستەی ناخۆراکی، یارمەتی دارایی، چاودێری تەندروستی، شوێنی نیشتەجێبوون و دەرفەتەکانی دروستکردنی داهات دەبێ لە ژینگەکانی دەرەوەی کەمپەکان و، کەمپەکانی ئاوارە و پەنابەرانیش چاك بکرێن . | رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان؛ دەسەڵاتە نیشتمانیەکان |
| **ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** پێویستیەکانی خەڵکی ئاوارە کە لە کەمپە فەرمیەکانی ئاوارە و پەنابەراندا ناژین پێویستە بخرێتە ریز پلانی قەیرانە مرۆڤایەتیەکان و دەستەبەرکردنی یارمەتی و خزمەتگوزاریەکانی دیکە. | رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان؛ رێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان؛ بەخشەران |

## ١٠. تێکەڵکردنی بازرگانی پێکردنی ناوخۆ بە سیاسەت و دەستپێشخەریەکانی دژ بە بازرگانی پێوەکردن

| | |
|---|---|
| **کورت مەودا:** دەستپێشخەریەکانی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن لە وڵاتانی ژێر توێژینەوە دەبێ بە رێگەیەك دابڕێژرێن و پیادە بکرێن کە رێگربن لە بازرگانی پێکردنی ناوخۆو دەستنیشانی بکەن و بەرسڤی بدەنەوە سەرەرای بازرگانی پێوەکردنی سنووربەزێن. پرۆسەکانی دیاریکردن و وەدەستهێنانی زانیاری و، رێکخستنی باری کۆچبەری و شیاندنەوەو تێکەڵکردنەوە دەبێ بەپێی پێداویستیەکانی قوربانیانی ناوخۆو سنووربەزێنی بازرگانی پێوەکردن دارێژرابێت. رێکارەکانی دادوەری تاوان پێویستە بریکاری گشتی و پاراستنی شایەتحاڵەکان لەخۆبگرێت بۆ کەیسەکانی بازرگانی پێکردنی ناوخۆ. | دەسەڵاتە نیشتمانیەکان؛ رێکخراوە ناحکومیە نیشتمانی و نێودەوڵەتیەکان |
| **ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** پێوەرەکانی سیاسەتی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن، وەکو میکانیزمەکانی هەناردەکردنی نیشتمانی، هەڵمەتی بەرزکردنەوەی هۆشیاری، ستراتیژو پلانەکانی کارو، بریکاری گشتی دەبێ زامنی ئەوەبن کە بازرگانی پێوەکردنی ناوخۆ پشتگوێ نەخرێت. | دەسەڵاتە نیشتمانیەکان |

## ١١. سەپاندنی سزا بۆ بەرەنگاربوونەوەی پراکتیسە خراپەکان

| | |
|---|---|
| **کورت مەودا:** سزای کاریگەرو رێنماییە ئاکاریە وابەستەکان دەبێ رەچاوی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و مومارەسە خراپەکان بکەن لەناو بەرپرسانی سەپاندنی یاساو سنوور، فەرمانبەرانی کاری مرۆڤایەتی، خاوەن زەوی و موڵکەکان، کەسە سەربازیەکان، پێشکەشکاری خزمەتگوزاریەکان و هیدیکە، ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی "سێکس بۆ ژیان" و فۆرمەکانی تری بەدڕەفتاری بەرامبەر شتومەك و خزمەتگوزاری پێویست . | دەسەڵاتە نیشتمانیەکان؛ رێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتی و نیشتمانیەکان؛ رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان |
| **ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** دەبێ نەبوونی سەپاندنی یاساو هەندێ پراکتیسی گەندەڵی راستبکرێنەوە بۆ دوورکەوتنەوە لەو رەوشانەی کە خەڵکی خاوەن دەسەڵات بتوانن ئیستغلالی خەڵکی لاواز بکەن. دەبێ دادگایی کەیسەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ بکرێت لە نێو ئەو پراکتیسە خراپانەی ئەنجامدراون. | دەسەڵاتە نیشتمانیەکان؛ رێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتی و نیشتمانیەکان؛ رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان |

## ١٢. دەستنیشانکردن و بەرسڤدانەوەی ئیستیغلال کردن لە کاردا

| | |
|---|---|
| **کورت مەودا:** پیشێلکردنی مافەکانی کرێکاران دەبێ بە شێوەیەکی کارا دیارییکرێت و بەرپرسیارێتی بخرێتە ئەستۆی ئەنجامدەران لەلایەن دەزگاکانی سەپاندنی یاساوە، ئەمەش پێویستی بە دانان و بەکارهێنانی نیشاندەرەکانە، لەگەڵ پرۆگرامەکانی مەشق بۆ پشکنەرانی کار و ئاژانسەکانی سەپاندنی یاسا بەرامبەر بازرگانی پێوەکردن بە مەبەستی ئیستیغلال کردن لە کاردا. دەبێ پشکنەران سەرچاوەی تەواویان هەبێت بۆ ئەنجامدانی پشکنینی شوێنەکانی کار، بە تایبەتی لەو کەرتانەی نیشاندەری ئیستغلال کردنی کارو بازرگانی پێوەکردن هەن | دەسەڵاتە نیشتمانیەکان؛ رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان |
| **ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** بەرنامەکانی بنیاتنانی تواناکان و پەیڕەوەکانی راهێنانی پشکنەرانی کار و بریکاری گشتی و دادوەران و لایەنەکانی دیکەی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن دەبێ ناوەڕۆکەکانیان تێکەڵبکرێت بۆ دیاریکردن و راوەدوونانی پێشێلکارانی مافەکانی کرێکاران، ئیستیغلال کردن بۆ کارو بازرگانی پێوەکردن بە مەبەستی ئیستیغلالکردن لە کارو، پاراستنی قوربانیەکان. | دەسەڵاتە نیشتمانیەکان؛ رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان |

## ١٣. نەهێشتنی جیاکاری بەپێی جێندەر و کەمکردنەوەی مەترسیەکانی توندوتیژی سێکسی بەپێی جێندەر

| | |
|---|---|
| **کورت مەودا:** راهێنان و پرۆگرامەکانی دیکە دەبێ رەچاوی ئاسانکاری و بەهێزکردنی گەیشتنی ژنان بکەن بە بازاری کار. بە تایبەتی لەو حالەتانەی کە ژنان سەرۆك خێزانن. دەبێ ئەوە زامن بکرێت کە شوێنی نیشتەجێبوونی پەنابەر و ئاوارەکانی ناوخۆ ساخلەمی تەواوو تایبەتمەندی بۆ منداڵان و ژنان دەستەبەر دەکەن. دەبێ سزای جیاکاری و بێزارکردنی سێکسی بدرێت لە شوێنی کاردا، هەروەك دەبێ لە بەرنامەکانی توندوتیژی سێکسی بەپێی جێندەر رەچاوی ئەوە بکرێت کە کوڕان، پیاوان و هاورەگەزبازانیش رەنگە ببنە قوربانی جیاکاری و توندوتیژی سێکسی بەپێی جێندەر، هەروەکو ژنان و کچان. | دەسەڵاتە نیشتمانیەکان؛ رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان |
| **ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** پرۆگرامەکانی راهێنان و بەرزکردنەوەی هۆشیاری دەبێ رەچاوی جیاکاری بەپێی جێندەر و توندوتیژی سێکسی بەپێی جێندەر بکەن بۆ پیاوان، ژنان و منداڵان و، لە بەرنامەکانی خوێندن و مەشقی پیشەییدا دایانبنێن. دەبێ فێرکردنی کچان و مەشقی پیشەیی ژنان هانبدرێت. هەروەك پێویستە سەرکردە تەقلیدی و ئاینیەکان لە خولەکانی زانیاری سەبارەت بە جیاکاری بەپیی جێندەر و توندوتیژی سێکسی بەپێی جێندەر بەشداریان پێبکرێت، لەبەر کاریگەری ئەوان بەسەر رای گشت لە زۆر لە کۆمەڵگاکاندا. | دەسەڵاتە نیشتمانیەکان؛ رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان؛ بەخشەران |

## ١٤. چارەسەری خاڵە لاوازەکانی کۆمەڵگا خانەخوێکان

| | |
|---|---|
| **کورت مەودا:** کۆمەڵگا خانەخوێکانیش کاریگەربوون بە شورو ئاوارەبوون لەو وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا. یارمەتی مرۆڤایەتی و خزمەتگوزاریەکانی دیکەو دەستپێشخەریەکان بۆ پەنابەران و ئاوارەکانی ناوخۆ دەبێ ئەندامە لاوازەکانی کۆمەڵگە خانەخوێکانیش بگرێتەخۆ، بەتایبەتی لەوناوچانەی کە ئاستی ئاوارەکانیان تێدا بەرزە. هەروەها ئەمە بەشدار دەبێت لە چاکردنی پەیوەندی لەنێوان خەڵکی ئاوارەو هاوڵاتیانی لۆکاڵی نیشتەجێی ئەم ناوچانەدا. | ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان؛ ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتی و نیشتمانیەکان |
| **ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** دەبێ هەر لە سەرەتاوە کۆمەڵگە خانەخوێکان بخرێنە ناو پلانی قەیرانەکان و پێویستە زانیاریان پێبدرێت لەبارەی تەوژمی ئاوارەکان و ئەو مافانەی هەیانە، بۆ ڕێگری لە گرژی و کردەوەی دوژمنکارانە لەبەر ئەو بۆچوونانەی کە پێیان وایە خەڵکی ئاوارە پلەو پایەی بەرزتریان هەیە لە کۆمەڵگە خانەخوێکان. | ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان؛ ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتی و نیشتمانیەکان |

## ١٥. جێبەجێکردنی بەرنامەی پاراستن لەسەر ئاستی کۆمەڵگادا

| | |
|---|---|
| **کورت مەودا:** بەرنامەکانی پاراستن و هەڵمەتەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لەنێو گروپە لاوازەکاندا سەبارەت بە شێوازی جیاوازی بازرگانی پێوەکردن و خراپ ڕەفتاریە پەیوەستەکان دەبێ پێکەوە جێبەجێ بکرێن لەگەڵ کۆمەڵگەی خانەخوێی خۆجێی و کۆمەڵگەکانی پەنابەران. کاتێك کە بەربەستی زمان هەبێت، بەبێ پەنابرێتە بەر نێوانگیری کلتوری لە هەردوو کۆمەڵگەدا. | دەسەڵاتە نیشتمانیەکان؛ دەسەڵاتە خۆجێیەکان؛ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان |
| **ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** دەبێ بەرنامەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری وا داڕێژرێن کە هەردوو کۆمەڵگەی خانەخوێ و پەنابەران بکەنە ئامانج، هەروەها دوای گەیشتنی پەنابەران، هەستی خەمە هاوبەشەکان پەرەی پێبدرێت، بە ڕەچاوکردنی جیاوازیە زمانەوانی، کلتوری و ئاینیەکانی دانیشتوانی بەر پرسەکە. | ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان؛ ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتی و نیشتمانیەکان؛ دەسەڵاتە نیشتمانیەکان |

## ١٦. چاکسازی لە سیستەمی کەفالەت بۆ کۆچ و کارپێکردنی کرێکارانی کۆچبەری ناوماڵ

| | |
|---|---|
| **کورت مەودا:** ڕەوشی کرێکارانی ناوماڵ کە هێشتا لەناو سوریا ماونەتەوە دەبێ بەخێرایی چارەسەر بکرێت. دەبێ پرۆسەکان ئەنجامبدرێن بۆ ئەوەی بۆ وڵاتی خۆیان بگەڕێندرێنەوە یان لە وڵاتێکی ئارامی سێیەمدا نیشتەجێبکرێن، بەپێی بەرژەوەندی ئەوان. کۆچبەرانی بازرگانی پێوەکراوی کرێکاری ناوماڵ دەبێ زانیاریان بەدەست بگات لەبارەی مافە یاساییەکان و مافوەرگرتنەوەو دەبێ ئەنجامدەرانیش دادگایی بکرێن. | ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان؛ ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان؛ حکومەتەکانی وڵاتانی ناوچەکە |
| **ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** دەبێ سیستەمی کەفالە لە سوریا، لوبنان و ئوردن هەمواربکرێت بۆ کەمکردنەوەی مەترسی ئیستیغلالکردن و بازرگانی پێوەکردن لە سیستەمی کەفالە کە وا لە کۆچبەران دەکات بۆ پرسێی جیاجیا پشت بە خاوەنکارەکانیانەوە ببەستن. | دەسەڵاتە نیشتمانیەکان |

## ١٧. دانانی پێوەری تایبەت بە توێژە لاوازەکان

| | |
|---|---|
| **کورت مەودا:** پەنابەرانی فەلەستینی و عیراقی لە سوریا، سەرەرای گروپەکانی دیکەی پەنابەران دەبێ بە خێرایی بخرێنە بەر هەر رێکارو سیاسەتێکی تایبەت بەو پەنابەرانەی کە هاولاَتی سورین، بۆ دڵنیابوون لە چارەسەری یەکسان. بەتایبەتی لە فەرمانە جیاوازەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی بۆ پەنابەرانی فەلەستینی لە لوبنان و ئوردن پێویستە زیان بە مافە بنچینەییەکانیان نەگەیەنێت. | رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان؛ حکومەتە نیشتمانیەکان |
| **ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** پلانە مرۆڤایەتیەکان و سیاسەتەکانی پەنابەران دەبێ ئەوە رەچاو بکەن کە هەموو هەلاَتوانی شەڕ هەڵگری رەگەزنامەی ئەو وڵاتە نین کە لێیەوە رایانکردووە. پێویستە رێکاری یاسایی و مرۆیی تایبەت ئەمە چارەسەر بکات. | رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان؛ رێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان؛ دەسەڵاتە نیشتمانیەکان |

## ١٨. فراوانکردنی بەرچاوی کەناڵە یاساییەکان بۆ نیشتەجێبوون لە دەرەوەی ناوچەکە

| | |
|---|---|
| **کورت مەودا:** وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپاو وڵاتانی ئارامی دیکە لە دەرەوەی ناوچەکە دەبێ بە شێوەیەکی بەرچاو ژمارەی سوریەکان و کەسانی زیانپێکەوتوو زیادبکەن لە پێشکەشکردنی پەنابەری و نیشتەجێ کردنەوە. کەناڵە یاساییەکانی تری چوون بەرەو دەرەوەی ناوچەکە دەبێ پێشکەش بکرێت بە کەسانی ئاتاج بە پاراستنی نێودەوڵەتی لەوانەی کە لە UNHCR تۆمارنەکراون. نیشتەجێ کردنەوە و کەناڵە یاساییەکانی دیکە بۆ پەنابەران سوودیشی دەبێت بۆ ژێرخانی بار قورس و بازاری کاری وڵاتانی خانەخوێ و، رەچاوی ئەوەش دەکات کە، لە ئەنجامی شەڕی سوریا، تورکیا بەرزترین ژمارەی رەهای پەنابەرانی هەیە لە جیهان و، لوبنان لەچاو خۆی چڕترین ئاستی پەنابەرانی تێدایە لە جیهاندا. | حکومەتەکانی دەرەوەی ناوچەکە؛ رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان |
| **ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** پێویستە چاودێری دینامیکیەتی شەڕی سوریاو رەوشی پەنابەران بکرێت لە وڵاتانی دراوسێدا بۆ بەردەوامی لە زیادبوونی پشکەکانی نیشتەجێ کردنەوەو فراوان کردنی کەناڵە یاساییەکان بۆ نیشتەجێ کردنەوە بە پێی پێویست لە دەرەوەی هەرێمەکەدا. بەپێی توانای میوانداری وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی دەرەوەی ناوچەکە. | حکومەتەکانی دەرەوەی ناوچەکە؛ رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان |

## ١٩. بڵاوکردنەوە، گفتوگۆو بەرسڤ بۆ ئەنجام و راسپاردەکانی توێژینەوەکە

| | |
|---|---|
| **کورت مەودا:** پێویستە وێرکشۆپ و ئیڤێنتی دیکە بەرێوەبچێت لە وڵاتانی ژێر توێژینەوە و ، وڵاتانی دیکەی پێداپەڕینەوەو مەبەست بۆ پەنابەرانی سوریا کە بەرەو یەکێتی ئەوروپاو ناوچەی دیکە دەچن، بۆ بڵاوکردنەوە ی دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە، گفتوگۆو تەبەنی کردنی راسپاردەکان، دانانی راسپاردەی تازە. دەبێ ئەو ئیڤێنتانە هەموو لایەنە کارا پەیوەندیدارەکان لەخۆبگرێت، لەوانەش پیشەگەرانی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن، پەنابەران و کۆچ، هەروەها شارەزایان و چالاکانی بواری پاراستنی منداڵ و مافەکانی ژنان. رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، رێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان و بەخشەران دەبێ گرووپی فشار دروست بکەن بۆ بەرسڤی دەرەنجامەکان و جێبەجێ کردنی راسپاردەکان. | رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان؛ حکومەتە نیشتمانیەکان؛ کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوە؛ رێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتی و نیشتمانیەکان؛ شارەزایانی دیکە |
| **ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** بە ئاگاداری لە خاڵە لاوازەکانی بازرگانی پێوەکردن کە لە میانەی ئەم توێژینەوەیەدا دەستنیشان کراون، هەرچوار وڵاتی خانەخوێی ژێر توێژینەوە و، وڵاتانی دیکەی پێداپەڕینەوەو وڵاتانی مەبەست بۆ پەنابەرانی سوری دەبێ بە هاوبەشی کاربکەن بۆ رێ لێگرتن و نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ لە نێو ئەم گروپەدا، لەناو بەرنامەو دەستپێشخەریەکانی دیکە ، بەهۆی دامەزراندن و/یان تواناپێدانی میکانیزمەکانی هەناردە کردنی نیشتمانی بۆ خەڵکانی بازرگانی پێکراوو، راوەدونانی کەیسەکانی بازرگانی پێوەکردن لە ناوخۆو ئەودیوی سنوور. | رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان؛ رێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان؛ دەسەڵاتە نیشتمانیەکان |

## پاشكۆی ١: لێكۆڵینەوەی مەیدانی

### لیستی دیداری سوریا

| كۆدی دیدار | ناوی ڕێكخراو | پۆست | بەروار | شوێن |
|---|---|---|---|---|
| SY01 | نەناسراو | - | 13/03/2015 | ئیستەمبوڵ |
| SY02 | نەناسراو | - | 11/03/2015 | ئیستەمبوڵ |
| SY03 | نەناسراو | - | 12/03/2015 | ئیستەمبوڵ |
| SY04 | نەناسراو | - | 12/03/2015 | ئیستەمبوڵ |
| SY05 | نەناسراو | - | 14/03/2015 | ئیستەمبوڵ |
| SY06 | نەناسراو | - | 14/03/2015 | ئیستەمبوڵ |
| SY07 | نەناسراو | - | 15/03/2015 | ئیستەمبوڵ |
| SY08 | نەناسراو | - | 30/03/2015 | بەیروت |
| SY09 | نەناسراو | - | 31/03/2015 | ئیستەمبوڵ |
| SY10 | نەناسراو | - | 01/04/2015 | بەیروت |
| SY11 | نەناسراو | - | 02/04/2015 | بەیروت |
| SY12 | نەناسراو | - | 12/10/2015 | عەممان |
| SY13 | هانز ڤان دوگلیند، ئۆفیسی هەرێمایەتی، ڕێكخراوی نێودەوڵەتی كار | گەورە پسپۆڕی كۆچی تایبەت بە وڵاتانی عەرەبی | 12/10/2015 | سكایپ |
| SY14 | نەناسراو | - | 03/08/2015 | غازی عەنتاب |
| SY15 | نەناسراو | - | 04/08/2015 | غازی عەنتاب |
| SY16 | نەناسراو | - | 05/08/2015 | غازی عەنتاب |
| SY17 | نەناسراو | - | 06/08/2015 | غازی عەنتاب |
| SY18 | نەناسراو | - | 07/08/2015 | غازی عەنتاب |
| SY19 | نەناسراو | - | 08/08/2015 | غازی عەنتاب |
| SY20 | نەناسراو | - | 09/08/2015 | غازی عەنتاب |
| SY21 | نەناسراو | - | 05/08/2015 | غازی عەنتاب |
| SY22 | نەناسراو | - | 06/08/2015 | غازی عەنتاب |

## لیستی دیدارەکانی تورکیا

| کۆدی دیدار | ناوی ڕێکخراو | پۆست | بەروار | شوێن |
|---|---|---|---|---|
| **TR01** | نەناسراو (کۆبوونەوەکانی گرووپی تیشکۆ) IOM لە تورکیا | شارەزایانی بازرگانی کردن بە کەسەکان و کۆچ | 02/06/2015 | لە ڕێگەی سکایپ |
| **TR02** | نەناسراو، کۆمەڵەی یارمەتی مرۆیی ئەدەنە (Adana İnsani Yardım Derneği-ADYAR) | ئەندام | 27/02/2015 | ئەدەنە |
| **TR03** | نەناسراو(کۆبوونەوەکانی گرووپی تیشکۆ)، سەنتەرە کاتیەکانی فێرکردن بۆ منداڵانی پەنبەری سوری | مامۆستایان | 27/02/2015 | ئەدەنە |
| **TR04** | فەزیلەت ئاکسو، کۆمەڵەی Flying Balloon Children and Youth (Uçan BalonGençlik ve Çocuk Derneği) | سەرۆک | 12/03/2015 | ئەدەنە |
| **TR05** | چیکدەم ئاکچا، کۆمەڵەی مافەکانی ژنان و منداڵان (Adana Kadın ve Çocuk Hakları Derneği) | سەرۆک | 12/03/2015 | ئەدەنە |
| **TR06** | نەناسراو ، کۆمەڵەی باڕی ئەدەنە (Adana Barosu) | پارێزەر | 18/03/2015 | ئەدەنە |
| **TR07** | نەناسراو، کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ و هاریکاری چەوساوان (MAZLUMDER) | ئەندام | 19/03/2015 | ئەدەنە |
| **TR08** | نەناسراو، شانلیئورفا (Eyyübiye District) بەڕێوەبەرایەتی خێزان و سیاسەتە کۆمەڵایەتیەکانی پارێزگا | فەرمانبەر | 10/06/2015 | شانلی ئورفە |
| **TR09** | عوسمان گەرەن، پلاتفۆرمی ڕێکخراوە ناحکومیە مرۆییەکانی شانلیئورفا (Şanlıurfa Sivil Toplum Kuruluşları InsaniYardım Platformu) | سەرۆکی پلاتفۆرم | 10/06/2015 | شانلی ئورفە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **TR10** | نەناسراو، کۆمەڵەی برایەتی کۆمەڵگەی خانەخۆیی تورکیا – کۆچبەرانی سوری (Suriye-Türkiye MuhacirEn-sar Kardeşliği Derneği) | ئەندام | 10/06/2015 | شانلی ئورفە |
| **TR11** | نەناسراو، کۆمەڵەی برایەتی کۆمەڵگەی خانەخۆیی تورکیا – کۆچبەرانی سوری | ئەندام | 10/06/2015 | شانلی ئورفە |
| **TR12** | نەناسراو، ئۆفیسی شانلیئورفای پشتگیری بۆ ژیان (Destek Hayata) | هەماهەنگکاری مەیدانی | 11/06/2015 | شانلی ئورفە |
| **TR13** | نەناسراو، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئاشتی خۆرهەڵاتی ناوەراستی نێودەوڵەتی (Uluslararası Ortadoğu Barış Araştırmaları Merkezi)، سەنتەری کۆمەڵگەی مرۆیی شانلیئورفا | هەماهەنگکاری مەیدانی | 12/06/2015 | شانلی ئورفە |
| **TR14** | نەناسراو، رێکخراوی فریاکەوتنی مرۆیی IHH (IHH İnsani Yardım Vakfı)، ئۆفیسی شانلیئورفا | فەرمانبەری مەیدانی | 12/06/2015 | شانلی ئورفە |
| **TR15** | نەناسراو (چاودێری) Şanlıurfa Akçakaleand Harran AFAD Accommodation Centres | - | 11/06/2015 | شانلی ئورفە |
| **TR16** | نەناسراو، کۆمەڵەی هاریکاری هاتای Hatay Yardımlaşma Derneği-(HAYAD) | سەرۆک | 27/05/2015 | هاتای |
| **TR17** | نەناسراو، کۆمەڵەی هاریکاری هاتای | ئەندام | 27/05/2015 | هاتای |
| **TR18** | نەناسراو، کۆمەڵەی هاریکاری هایاد | وەرگێر | 27/05/2015 | هاتای |
| **TR19** | نەناسراو، کۆمەڵەی برایەتی کۆمەڵگەی خانەخۆیی تورکیا – کۆچبەرانی سوری (Suriye-Türkiye MuhacirEnsar Kardeşliği Derneği) | ئەندام | 28/05/2015 | هاتای |
| **TR20** | نەناسراو، شارەوانی ناوچەی رەیحانلی – هاتای | فەرمانبەر | 28/05/2015 | هاتای |
| **TR21** | نەناسراو، رۆژنامەی ئۆنجوی لۆکاڵ لە هاتای | رۆژنامەنووس/ وەرگێر | 28/05/2015 | هاتای |
| **TR22** | نەناسراو، ، رێکخراوی فریاکەوتنی مرۆیی HHI، ئۆفیسی هاتای | هەماهەنگکاری هەرێمی | 28/05/2015 | هاتای |
| **TR23** | نەناسراو، ، رێکخراوی فریاکەوتنی مرۆیی HHI، ئۆفیسی هاتای | دەروونناس | 28/05/2015 | هاتای |
| **TR24** | نەناسراو (کۆبوونەوە)، بەڕێوەبەرایەتی خێزان و سیاسەتە کۆمەڵایەتیەکانی پارێزگا | فەرمانبەر | 29/05/2015 | هاتای |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| TR25 | نەناسراو، کۆمەڵەی بزنسمان و پیشەسازانی هاتای | ئەندام | 29/05/2015 | هاتای |
| TR26 | نەناسراو، ڕێکخراوە ناحکومیەکان | فەرمانبەری مەیدانی | 29/05/2015 | هاتای |
| TR27 | نەناسراو (کۆبوونەوە)، شارەوانی میترۆپۆلیتانی غازی عەنتاب | فەرمانبەر | 03/08/2015 | غازی عەنتاب |
| TR28 | نەناسراو، ڕێکخراوی خاچی شینی فریاکەوتن و پەرەپێدانی نێودەوڵەتی | فەرمانبەری مەیدانی | 03/08/2015 | غازی عەنتاب |
| TR29 | نەناسراو، مێرسی کۆرپس، سەنتەری کۆمەڵگەی مەعلوماتی غازی عەنتاب | هەماهەنگکاری پرۆژە | 04/08/2015 | غازی عەنتاب |
| TR30 | نەناسراو، مێرسی کۆرپس، سەنتەری کۆمەڵگەی مەعلوماتی غازی عەنتاب | هەماهەنگکاری پرۆژە | 04/08/2015 | غازی عەنتاب |
| TR31 | نەناسراو (کۆبوونەوە)، بەڕێوەبەرایەتی خێزان و سیاسەتە کۆمەڵایەتیەکانی پارێزگا | فەرمانبەر | 05/08/2015 | غازی عەنتاب |
| TR32 | نەناسراو، International Medical Corps | بەڕێوەبەری پرۆژە | 05/08/2015 | غازی عەنتاب |
| TR33 | نەناسراو، ئاژانسی ڕێگەی ئاوریشمی پەرەپێدانی غازی عەنتاب | فەرمانبەر | 05/08/2015 | غازی عەنتاب |
| TR34 | نەناسراو، کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ و فریاکەوتنی چەوساوان، ئۆفیسی غازی عەنتاب | پارێزەر | 06/08/2015 | غازی عەنتاب |
| TR35 | ئیسرا ئەرکان، کۆمەڵەی ژنان و دیموکراسی، ئۆفیسی غازی عەنتاب | سەرۆک | 06/08/2015 | غازی عەنتاب |
| TR36 | نەناسراو، کۆمەڵەی هاریکاری پەناخوازان و کۆچبەران، ئۆفیسی غازی عەنتاب | فەرمانبەر | 06/08/2015 | غازی عەنتاب |
| TR37 | ئەلیف ئۆزێر، ڕێکخراوی پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان | شارەزای بازرگانی کردن بە کەسەکان | 11/02/2015 | ئیستەمبۆڵ |
| TR38 | نەناسراو، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی مافەکانی پەنابەران | پارێزەر | 13/02/2015 | ئیستەمبۆڵ |
| TR39 | نەناسراو (کۆبوونەوە)، کاریتاس | شارەزای کۆچ | 12/02/2015 | ئیستەمبۆڵ |
| TR40 | نەناسراو (کۆبوونەوە) | بەڕێوەبەری قوتابخانەی تایبەتی پەنابەرانی سوری | 11/03/2015 | مێرسین |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| TR41 | نەناسراو، وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەڕێوەبردنی کۆچ، بەشی پاراستنی قوربانیەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ | شارەزایانی بازرگانی کردن بە کەسەکان و کۆچ | 01/10/2015 | ئەنکەرە |
| TR42 | نەناسراو، وەزارەتی کار | فەرمانبەر | 01/10/2015 | ئەنکەرە |
| TR43 | نەناسراو، وەزارەتی کار | فەرمانبەر | 01/10/2015 | ئەنکەرە |
| TR44 | نەناسراو (کۆبوونەوە)، وەزارەتی کار | فەرمانبەر | 01/10/2015 | ئەنکەرە |
| TR45 | نەناسراو، وەزارەتی داد | دادوەر | 01/10/2015 | ئەنکەرە |
| TR46 | نەناسراو، وەزارەتی خێزان و سیاسەتە کۆمەڵایەتیەکان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاریەکانی پاراستنی منداڵ | فەرمانبەر | 01/10/2015 | ئەنکەرە |
| TR47 | نەناسراو، وەزارەتی خێزان و سیاسەتە کۆمەڵایەتیەکان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی باری ژنان | فەرمانبەر | 01/10/2015 | ئەنکەرە |
| TR48 | نەناسراو، بەڕێوەبەرایەتی دەسەڵاتی کارەسات و باری کتوپڕ (AFAD) | فەرمانبەر | 02/10/2015 | ئەنکەرە |
| TR49 | نەناسراو، ڕێکخراوی هاریکاری ژنان | کۆمەڵناس | 02/10/2015 | ئەنکەرە |
| TR50 | عومەر ئۆگوزهان دەمیر، پەیمانگای سیاسەت و ستراتیجی جیهانی، سەنتەری توێژینەوەکانی کۆچ | بەڕێوەبەر | 02/10/2015 | ئەنکەرە |
| TR51 | گۆنگور چوباك، کۆمەڵەی ڕاوێژنان و کچانارانی خێزانی ئەنتالیا | کۆمەڵناس | 03/10/2015 | بە تەلەفۆن |
| TR52 | نەناسراو، سەنتەری کاتی فێرکردنی منداڵانی پەنابەری سوری | هەماهەنگکار | 27/02/2015 | ئەدەنە |

## لیستی دیدارەکانی لوبنان

| کۆدی | ناوی ڕێکخراو | پۆست | بەروار | شوێن |
|---|---|---|---|---|
| LB01 | نەناسراو، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی | - | 23/02/2015 | بەیروت |
| LB02 | غادە جەبوور، کەفا | سەرۆکی یەکەی ئیستغلال کردن و بازرگانی پێوەکردن ی ژنان | 25/02/2015 | بەیروت |
| LB03 | روولا حەماتی، ڕێکخراوی ناحکومی نیشتمانی | فەرمانبەری لێکۆڵینەوەو داکۆکی | 02/03/2015 | بەیروت |
| LB04 | دێنیز بریۆنیز، باڵیۆزخانەی فلیپین | سکرتێری دووەم و قونسوڵ | 11/03/2015 | بەیروت |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بەیروت | 10/04/2015 | صحفي | نەناسراو | LB05 |
| بەیروت | 15/04/2015 | - | ئەڵتەرناتیف | LB06 |
| بەیروت | 15/04/2015 | مسؤول برنامج المراقبة والتأييد | جۆرج غالى - ALEF- Act for Human Rights | LB07 |
| بەیروت | 23/04/2015 | معاون مشروع الوقاية من العنف الجنسي والاستجابة في حالات الطوارئ | سەجا میشێل، عەبباد | LB08 |
| بە ئیمەیل | 24/05/2015 | عاملات اجتماعيات ومساعدات | رەنا عۆن و كریستاڵ جاروج | LB09 |
| بەیروت | 29/04/2015 | رئيس البعثة | Tamam Mroue, Handicap International | LB10 |
| بەیروت | 04/05/2015 | - | نەناسراو، رێكخراوی ناحكومی | LB11 |
| بەیروت | 04/05/2015 | - | World Vision International | LB12 |
| بەیروت | 06/05/2015 | باحث مستقل | نەناسراو | LB13 |
| بەیروت | 12/05/2015 | - | نەناسراو، رێكخراوی ناحكومی | LB14 |
| بە تەلەفۆن | 18/05/2015 | - | World Vision International 2 | LB15 |
| بەیروت | 14/05/2015 | - | نەناسراو، رێكخراوی ناحكومی | LB16 |
| بەیروت | 20/05/2015 | مدير | شەربەل مەیدا، مۆزایك | LB17 |
| بەیروت | 20/05/2015 | | راجی عەبدولسەلام، رێكخراوی ناحكومی | LB18 |
| بەیروت | 21/05/2015 | عامل اجتماعي ومساعدات | نەناسراو | LB19 |
| بەیروت | 21/05/2015 | - | كۆمیسیۆنی نیشتمانی ژنانی لوبنانی | LB20 |
| زەحلە | 25/05/2015 | عامل اجتماعي ومساعدات | نەناسراو | LB21 |
| زەحلە | 26/05/2015 | - | حیمایە | LB22 |
| زەحلە | 26/05/2015 | عامل اجتماعي ومساعدات | نەناسراو | LB23 |
| زەحلە | 26/05/2015 | عامل اجتماعي ومساعدات | نەناسراو | LB24 |
| زەحلە | 27/05/2015 | - | كەفا | LB25 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| LB26 | نەناسراو | کرێکاری یارمەتی / کۆمەڵایەتی | 27/05/2015 | زەحلە |
| LB27 | ئەلێساندرۆ ئاباتێ | کرێکاری یارمەتی / کۆمەڵایەتی | 28/05/2015 | زەحلە |
| LB28 | نەناسراو | کرێکاری یارمەتی / کۆمەڵایەتی | 28/05/2015 | زەحلە |
| LB29 | ABAAD | - | 28/05/2015 | زەحلە |
| LB30 | نادیە بەدران، Soins Infirmiers etDéveloppement Communautaire | هەماهەنگکاری بەنامە | 01/06/2015 | بەیروت |
| LB31 | ماهیر تەبەرانی، Home of Hope | بەڕێوەبەر | 02/06/2015 | بەیروت |
| LB32 | نەناسراو | چالاکوانی هەماهەنگکاری بەرنامەی هۆشیارکردنەوە | 03/06/2015 | بەیروت |
| LB33 | نوها رۆکۆس، ڕێکخراوی ناحکومی نێودەوڵەتی | - | 08/06/2015 | بەیروت |
| LB34 | نەناسراو | - | 10/06/2015 | لوبنان |
| LB35 | نەناسراو، ڕێکخراوی ناحکومی لۆکاڵ | - | 15/06/2015 | بەیروت |
| LB36 | نەناسراو، ڕێکخراوی ناحکومی لۆکاڵ | - | 22/06/2015 | عەککار |
| LB37 | نەناسراو، ڕێکخراوی ناحکومی لۆکاڵ | - | 22/06/2015 | عەککار |
| LB39 | نەناسراو | کرێکاری یارمەتی / کۆمەڵایەتی | 23/06/2015 | عەککار |
| LB40 | نەناسراو | کرێکاری یارمەتی / کۆمەڵایەتی | 23/06/2015 | عەککار |
| LB41 | نەناسراو، ڕێکخراوی ناحکومی لۆکاڵ | - | 24/06/2015 | تەرابلوس |
| LB42 | ئەنجومەنی فریاکەوتنی لوبنانی | - | 24/06/2015 | تەرابلوس |
| LB43 | نەناسراو | کرێکاری یارمەتی | 24/06/2015 | تەرابلوس |
| LB44 | سیلیڤیا تورەیت، فریاکەوتن و ئاشتەوایی بۆ سوریا | مامۆستاو کۆمەڵناس | 07/07/2015 | بەیروت |
| LB45 | نەناسراو | کرێکاری یارمەتی / کۆمەڵایەتی | 08/07/2015 | بەیروت |
| LB46 | نەناسراو | کرێکاری یارمەتی | 09/07/2015 | بەیروت |
| LB47 | وەزارەتی داد | - | 03/08/2015 | بەیروت |
| LB48 | نەناسراو | - | 04/08/2015 | بەیروت |
| LB49 | نەناسراو | - | 14/08/2015 | بەیروت |
| LB50 | وەزارەتی داد | - | 14/08/2015 | بەیروت |

## لیستی دیدارەکانی ئوردن

| شوێن | بەروار | پۆست | ناوو رێکخراو | کۆدی دیدار |
|---|---|---|---|---|
| عەممان | 20/03/2015 | ئەکادیمیەك لە ئەورووپاوە | نەناسراو | JO01 |
| عەممان | 08/04/2015 | پێشکەشکاری بارمەتی نێودەوڵەتی کە بارەگاکەی لە ئوردنە | نەناسراو | JO02 |
| عەممان | 09/04/2015 | پێشکەشکاری یارمەتی نێودەوڵەتی کە بارەگاکەی لە کەمپی پەنابەرانە لە ئوردن | نەناسراو | JO03 |
| عەممان | 08/04/2015 | خوێنەر لە سیاسەتە نێودەوڵەتیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست | دکتور نیکۆلا پرات، زانکۆی واروپك | JO04 |
| عەممان | 19/04/2015 | - | نەناسراو، رێکخراوێکی ناحکومی نێودەوڵەتی | JO05 |
| عەممان | 21/04/2015 | راوێژنان و کچانارى کاروباری مرۆیی | لوچیۆ مێلاندری، یونیسێف | JO06 |
| عەممان | 20/04/2015 | هەماهەنگکاری بەرسف، قەیرانی پەنابەرانی سوری | مەها کەتنا، رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی | JO07 |
| عەممان | 22/04/2015 | پێشکەشکاری یارمەتی نێودەوڵەتی کە بارەگاکەی لە ئوردنە | نەناسراو | JO08 |
| عەممان | 23/04/2015 | لێکۆڵەری سەربەخۆ ئوردنی | نەناسراو | JO09 |
| عەممان | 29/04/2015 | پێشکەشکاری یارمەتی نێودەوڵەتی | نەناسراو | JO10 |
| ئیربید | 02/05/2015 | پێشکەشکاری یارمەتی نێودەوڵەتی | نەناسراو | JO11 |
| ئیربید | 02/05/2015 | - | نەناسراو، رێکخراوێکی ناحکومی نیشتمانی | JO12 |
| ئیربید | 03/05/2015 | - | نەناسراو، رێکخراوێکی نێودەوڵەتی | JO13 |
| ئیربید | 03/05/2015 | - | نەناسراو، رێکخراوێکی ناحکومی نیشتمانی | JO14 |
| ئیربید | 04/05/2015 | - | نەناسراو، رێکخراوێکی ناحکومی لە کەمپی پەنابەران | JO15 |
| ئیربید | 05/05/2015 | ئەکادیمی ئوردنی | نەناسراو | JO16 |
| عەممان | 11/05/2015 | فەرمانبەری پێشکەوتووی پاراستن | کارین ویتینگ، UNHCR | JO17 |
| عەممان | 13/05/2015 | بەڕێوەبری بەشی پشکنینی کار | حەسەن فەرەجات، یەکەی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن ، وەزارەتی کار | JO18 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| JO19 | فیراز ئەبولوحە، بەڕێوەبەری داکۆکی کۆمەڵایەتی وەزارەتی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی | سەرۆکی بەشی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن | 14/05/2015 | عەممان |
| JO20 | مەعن ئەحمەد ئەلقادە، وەزارەتی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی | بەڕێوەبەری یەکەی نەهێشتنی سواڵ | 19/05/2015 | عەممان |
| JO21 | د. عیماد زوعبی، بەڕیوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی، وەزارەتی ناوخۆ | سەرۆکی یەکەی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن | 26/05/2015 | عەممان |
| JO22 | مایکا ڤان ئادریچەم، یونیسێف | پشپۆری پاراستنی منداڵ | 26/05/2015 | عەممان |
| JO23 | لیندا ئەلکەلاش، تەمکین بۆ هاوکاری | بەڕێوەبەری جێبەجێکار | 03/06/2015 | عەممان |
| JO24 | سەمەر موحاریب، ARDD- Legal Aid | بەڕێوەبەر | 03/06/2015 | عەممان |
| JO25 | ئەمجەد ئەلدەربا، UNODC Jordan | بەڕێوەبەری پرۆژە، سەرۆکی ئۆفیسی ئوردن | 23/06/2015 | عەممان |
| JO26 | زێن ئەلعەبادی، سەنتەری دادوەری خێزانی و پەناگەی کاتی قوربانیانی بازرگانی کردن بە کەسەکان، وەزارەتی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی | بەڕێوەبەر | 02/06/2015 | عەممان |

## لیستی دیدارەکانی عیراق

| کۆدی دیدار | ناوی ڕێکخراو | پۆست | بەروار | شوێن |
|---|---|---|---|---|
| IQ01 | نەناسراو، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی | - | 08/03/2015 | هەولێر |
| IQ02 | شوکر یاسین یاسین، وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان | سەرۆکی نوسینگەی کۆچ و ئاوارەکان | 09/03/2015 | هەولێر |
| IQ03 | محمد باسم نەساری و ئەلڤینا سامجۆن، IOM Iraq | فەرمانبەری پرۆژە و بەڕێوەبەری بەرنامەی پرۆژەی کۆچی ئەمینە | 09/03/2015 | هەولێر |
| IQ04 | تەلار کەمال و کارزان عەبدول فەزڵ، سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ | پارێزەرو راوێژنان و کچانی یاسایی | 10/03/2015 | هەولێر |
| IQ05 | سۆزان عارف، ڕێکخراوی پەرەپێدانی تواناکانی ژنان | بەڕێوەبەر | 10/03/2015 | هەولێر |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| IQ06 | سەلاح سدیق، USAID's Accessto Justice program in Iraq | بەڕێوەبەری هەرێمی باکور | 10/03/2015 | هەولێر |
| IQ07 | ڕێکخراوی نێودەوڵەتی | - | 11/03/2015 | هەولێر |
| IQ08 | زەید شەمۆ، ڕێکخراوی یەزدا – دهۆك هەرێمی کوردستان | خۆبەخش | 11/03/2015 | هەولێر |
| IQ09 | عەفاف موسەوی، وەزارەتی کۆچ و ئاوارەکانی عیراق | بەڕێوەبەر و کەسی پەیوەندی CCCT | 20/05/2015 | لە ڕێگەی سکایپ |
| IQ10 | سارا حوسێن حەسەن، Family Health International FHI 360 | فەرمانبەری پرۆگرام | 31/05/2015 | هەولێر |
| IQ11 | مەریوان ڕەحمان، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان | - | 31/05/2015 | هەولێر |
| IQ12 | تاڤگە ڕەشید، کۆمیسیۆنی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤی کوردستان | بەڕێوەبەری بەشی یاسایی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ | 01/06/2015 | هەولێر |
| IQ13 | هێیدی دیدریخ، Heartland Alliance | نوێنەری وڵات | 02/06/2015 | سلێمانی |
| IQ14 | حاکم قاسم | دادوەرو لێکۆڵەری سەربەخۆ | 02/06/2015 | سلێمانی |
| IQ15 | نەناسراو، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی | منظمة دولية | 03/06/2015 | هەولێر |
| IQ16 | کامیل هاشم، بەڕێوەبەری گشتی ئەداو چاودێری و پاراستنی مافەمکان، وەزارەتی مافەکانی مرۆڤی حکومەتی فیدراڵی عیراقی | - | 30/09/2015 | لە ڕێگەی سکایپ |
| IQ17 | بوشرا عوبەیدی، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤی عیراقی | ئەندام | 29/10/2015 | بە تەلەفۆن |
| IQ18 | ئان هاگود، UNDP | شیکەرەوەی پرۆگرام | 08/03/2015 | هەولێر |

**Abu Shama**, Maha (**5 September 2013**). “Early marriage and harassment of Syrian refugee women and girls in Jordan” *LIVEWIRE.* Amnesty’s global human rights blog. Available at: http://livewire.amnesty.org/2013/09/05/early-marriage-and-harassment-of-syrian-refugee-women-and-girls-in-jordan/, accessed 10/02/2015.

**Acarer**, Erk (**4 May 2015**). “En çok kadın o astsubaya gider*”, Cumhuriyet*. Available at: www.cumhuriyet.com.tr/haber/turkiye/226679/_En_cok_kadin_o_astsubaya_gider_.html, accessed 15/09/2015.

**Acarer**, Erk (**18 January 2015**). “Kamplardaki kadın ticareti”, *Cumhuriyet*. Available at: www.cumhuriyet.com.tr/haber/turkiye/188373/Kamplardaki_kadin_ticareti.html, accessed 15/09/2015.

**AFAD** (**2013**). *Syrian Refugees in Turkey 2013: Field Survey Results*. Ankara: AFAD.

**AFAD** (**2014**). *Turkiye’deki Suriyeli Kadınlar*. Ankara: AFAD.

**Afanasieva**, Dasha & Umit **Bektas** (**2 October 2015**). “No school for 400,000 Syrian refugee children in Turkey - official*”, Reuters*. Available at: http://uk.reuters.com/article/2015/10/02/uk-mideast-crisis-turkey-education-idUKKCN0RW1WK20151002, accessed 03/10/2015.

**Afanasieva**, Dasha & Seda **Sezer** (**21 July 2014**). “Turkey hatching plan to clear Syrian beggars off Istanbul streets”. *Reuters*. Available at: www.reuters.com/article/2014/07/21/us-syria-crisis-turkey-refugees-idUSKBN0FQ15Q20140721, accessed 15/09/2015.

**Ajluni**, Salem & Mary **Kawar** (**2014**). *The impact of the Syrian refugee crisis on the labour market in Jordan: A preliminary analysis*. Beirut: ILO.

**Aktif-Adana** (**22 December 2014**). “Polisten kacan Suriyeli dilenci cocuklar camiye sigindi”. *Aktif Adana*. Available at: http://m.haberler.com/adana-polisten-kacan-suriyeli-dilenci-cocuklar-6797971, accessed 15/09/2013.

**Al Akhbar** (**16 December 2014**). “Lebanon arrests ISF sergeant for smuggling fugitives across border”*, Al Akhbar*. Available at: http://english.al-akhbar.com/node/22902, accessed 20/09/2015.

**Al Jazeera** (**20 July 2009**). “Poverty drives Iraq organ trade”. *Al Jazeera*. Available at: www.aljazeera.com/news/middleeast/2009/07/200972052636416787.html, accessed 01/11/2015.

**Al-Abed**, Tareq (**17 July 2014**). “Who controls Syrian border crossings?” *Al-Monitor*. Available at: www.al-monitor.com/pulse/security/2014/07/who-controls-syrian-border-crossings.html, accessed 10/10/2015.

**Al-Hroub**, Anies (**2011**). *UNRWA School Dropout in Palestinian Refugee Camps in Lebanon: A Qualitative Study.* Beirut: Issam Fares Institute, AUB.

**Al-Kilani**, Saleh (**2014**). “A duty and a burden on Jordan” in: *Forced Migration Review*. 47.

**Allawi**, Ali (**2010**). *Human Trafficking: Iraq – A Case Study*. Concord: University of New Hampshire School of Law.

**Alp**, Aysel (**10 April 2014**). “Genç kızı olanlar kamplarda huzursuz”, *Hürriyet*. Available at: www.hurriyet.com.tr/gundem/26195273.asp, accessed 15/09/2015.

**Al-Souria Net** (**14 April 2015**). “Begging cases in Syria increased during the war”, *Al-Souria Net.* Available at: https://shar.es/1uT0il, accessed 03/10/2015.

**Altun**, Fethi (**21 April 2015**). “Belediye, dilenci çocukları demir parmaklık arasına kilitledi”, *Zaman*. Available at: www.zaman.com.tr/gundem_belediye-dilenci-cocuklari-demir-parmaklik-arkasina-kilitledi_2290209.html, accessed 01/09/2015.

**Amnesty International** (**2014**). *Struggling to Survive: Refugees from Syria in Turkey*. London: Amnesty International.

**Angel-Urdinola**, Diego F. & Kimie **Tanabe** (**January 2012**). “Micro-Determinants of Informal Employment in the Middle East and North Africa Region.” SP Discussion Paper. Washington, DC: World Bank – Social Protection and Labour.

**Anglin**, Andrew (**17 September 2014**). “White Prostitution in the Middle East”, *The Daily Stormer.* Available at: www.dailystormer.com/white-prostitution-in-the-middle-east/, accessed 05/10/2015.

**Atauz *et al*.** (**2009**). “Human Trafficking in Turkey: Findings from Northeastern Anatolia” in: *Asian and Pacific Migration Journal*, 18:3: 419-440.

**Avaneesh**, Pandey (**16 July 2015**). “ISIS Child Soldiers: Over 50 Children Fighting For Militant Group in Syria Died in 2015”, *IBT News.* Available at: www.ibtimes.com/isis-child-soldiers-over-50-children-fighting-militant-group-syria-died-2015-2010986, accessed 03/10/2015.

**Avaneesh**, Pandey (**9 June 2015**). “ISIS Sex Slaves: Teenage Girls Being Sold For ‘As Little As a Pack of Cigarettes’”, *International Business Times.* Available at: www.ibtimes.com/isis-sex-slaves-teenage-girls-being-sold-little-pack-cigarettes-1958058#.VXfl-5DpNb0.facebook. Accessed 10/06/2015.

**Aziz**, Jean (**11 May 2015**). “The battle at Qalamoun”, *Al-Monitor*. Available at: www.al-monitor.com/pulse/originals/2015/05/syria-qalamoun-battle-army-hezbollah-isis-militants-qussair.html, accessed 23/10/2015.

**Bales**, Kevin (**2007**). “What Predicts Human Trafficking?” in: *International Journal of Comparative and Applied Criminal Justice*. 31:2: 269-279.

**BBC** (**8 October 2015**). “What is “Islamic State”?” *BBC.* Available at: www.bbc.com/news/world-middle-east-29052144, accessed 15/10/2015.

**Beri**, Mohammed (**6 April 2015**). “Organ trafficking emerges in Syria’s Damascus.” Available at: http://aranews.net/2015/04/organ-trafficking-emerges-in-syrias-damascus/, accessed 27/10/2015.

**Beydoun**, Khaled Ali (**2006**). “The Trafficking of Ethiopian Domestic Workers into Lebanon: Navigating through a Novel Passage of the International Maid Trade”. In: *Berkeley Journal of International Law*. 4:3.

**Blough**, Les (**8 February 2014**). *Organ Smuggling: Turkish Hospitals Traffic Injured Syrian Citizens’ Organs*. Montreal: Global Research Organization.

**Çakmak**, Fatih & Sertaç **Bulur** (**20 February 2015**). “PKK criticized over ‘child soldier’ claims”, *AA News.* Available at: www.aa.com.tr/en/turkey/pkk-criticized-over-child-soldiers-claims/245168, accessed 07/11/2015.

**Calandruccio**, Giuseppe (**2005**). “A Review of Recent Research on Human Trafficking in the Middle East”. In: *International Migration*. 43:1-2: 267-299.

**Callimachi**, Rukmini (**13 August 2015**). “ISIS enshrines a theology of rape: Claiming the Quran’s support, the Islamic State codifies sex slavery in conquered regions of Iraq and Syria and uses the practice as a recruiting tool”, *New York Times.* Available at: www.nytimes.com/2015/08/14/world/middleeast/isis-enshrines-a-theology-of-rape.html?_r=0, accessed 03/10/2015.

**Çelik-Levin**, Yasemin (**2007**). “The Effect of CEDAW on Women’s Rights.” In: Arat, Z.F. (ed.): *Human Rights in Turkey*: 187-201. Philadelphia: University of Pennsylvania Press.

**Çelik**, Kadir (**3 September 2012**). “Suriyeli siginmacilar tarim iscisi oldu”, *Radikal.* Available at: www.radikal.com.tr/turkiye/suriyeli_siginmacilar_tarim_iscisi_oldu-1099105, accessed 15/09/2015.

**Chahine**, Jessy (**2003**). “Child beggars exploited by organized gangs: ‘It is a very hierarchical network’”, *Lebanon Wire*. Available at: www.lebanonwire.com/0306/03063005DS.asp, accessed 20/09/2015.

**Charron**, Guillaume (**2014**). *Syria: Forsaken IDPs adrift inside a fragmenting state*. Geneva: Internal Displacement Monitoring Centre.

**Chatelard**, Géraldine (**2003**). *Iraqi Forced Migrants in Jordan: Conditions, Religious Networks and the Smuggling Process*. Discussion Paper No. 2003/34. Helsinki: WIDER, United Nations University.

**Child Soldiers International** (**2008**). *Child Soldiers Global Report 2008 - Syria.* London: Child Soldiers International.

**CLDH** (**2013**). *Syrian workers in Lebanon: An assessment of their rights and reality*. Beirut: CLDH.

**Collier *et al*.** (**2003**). *Breaking the Conflict Trap: Civil War and Development Policy*. New York: Oxford University Press & Washington, D.C.: World Bank.

**Collier**, Paul (**1999**). "On the economic consequences of the war." In: *Oxford Economic Papers*. 52:1: 166-183.

**Collier**, Paul (**2003**). *Breaking the Conflict Trap*. Washington, D.C.: World Bank.

**Consultation & Research Institute** (**2015**). *Children Living and Working on the streets in Lebanon: Profile and Magnitude*. Beirut: Consultation and Research Institute.

**Dakkak**, Henia (**2007**). "Tackling Sexual Violence, Abuse and Exploitation." In: *Forced Migration Review*. Special Issue: *Iraq's Displacement Crisis: the Search for Solutions*: 39-40.

Danish Refugee Council (**DRC**) (**2007**). *Iraqi Population Survey in Lebanon.* Beirut: DRC.

**De Bel-Air**, Françoise (**2007**). *State Policies on Migration and Refugees in Jordan*. Discussion Paper Prepared for "Migration and Refugee Movements in the Middle East and North Africa". Cairo: Forced Migration & Refugee Studies Program, American University in Cairo.

**Demetriou**, Daphne (2015). "'Tied Visas' and Inadequate Labour Protections: A formula for abuse and exploitation of migrant domestic workers in the United Kingdom". In: *Anti-Trafficking Review*. 5: 69–88.

**Di Bartolomeo**, Anna, Fakhoury **Tamirace** & Delphine **Perrin** (**2010**). *CARIM – Migration Profile: Jordan*. San Domenico di Fiesole: EUI.

**Dosky**, Pervian (**17 March 2013**). "My Broken Dream for Iraqi Kurdistan", *The Guardian*. Available at: www.theguardian.com/commentisfree/2013/mar/17/broken-dream-iraqi-kurdistan, accessed 01/09/2015.

**Dündar**, Tuba & Elif **Özer** (**2012**). *Human Trafficking in Turkey*. Istanbul: The Human Resource and Development Foundation (HRDF).

**Du Verdie**, Paul (**14 February 2014**). "Male prostitution on the rise in Lebanon", *Al Jazeera*. Available at: www.aljazeera.com/indepth/features/2014/02/male-prostitution-rise-lebanon-201425114310918216.html, accessed 20/09/2015.

**El Fegary**, Enas (**July 2015**). "Regional cooperation in international migration: The case of the Arab Region". In: *Migration Policy Practice: A Bimonthly Journal for and by Policymakers Worldwide*. V:3: 3-8.

**Ertekin**, Sümeyye (**19 November 2014**). "Suriyeli cocuk annelere destek", *Al Jazeera Turk*. Available at: www.aljazeera.com.tr/al-jazeera-ozel/suriyeli-cocuk-annelere-destek, accessed 15/09/2015.

**Evin**, Mehveş (**27 January 2014**). "Suriyelilerle evlilik ticarete dönüştü", *Milliyet*. Available at: www.milliyet.com.tr/suriyelilerle-evlilikticarete/gundem/detay/1827612/default.htm, accessed 15/09/2015.

**Evin**, Mehveş (**28 January 2014**). "Kamplarda korku hakim", *Milliyet*. Available at: www.milliyet.com.tr/kampta-korku-hakim/gundem/ydetay/1828672/default.htm, accessed 15/09/2015.

**Frontex** (**2015**). *Annual Risk Analysis 2015*. Warsaw: Frontex.

**FWS** (**2010**). *Kadın Ticareti ile Mücadele.* Ankara: Women Solidarity Foundation (FWS).

**Gatten**, Emma (**23 May 2014**). "Thousands of Syrian babies becoming stateless", *Al Jazeera*. Available at: www.aljazeera.com/news/middleeast/2014/05/thousands-syrian-babies-becoming-stateless-20145111593252862.html, accessed 20/09/2015.

**Gharaibeh**, Muntaha & S. **Hoeman** (**2003**). "Health hazards and risks for abuse among child labor in Jordan." In: *Journal of Pediatric Nursing.* 18:2: 140-147.

**Global Detention Project** (**June 2014**). *Lebanon Detention Profile*. Geneva: Global Detention Project.

**Goedert**, Kyle H. (**2011**). *Iraq's Next Battle: Combating Sexual Slavery in Post-Conflict Iraq*. Michigan: University of Michigan.

**Greenwood**, Phoebe (**25 July 2013**). "Rape and domestic violence follow Syrian women into refugee camps", *The Guardian.* Available at: www.theguardian.com/world/2013/jul/25/rape-violence-syria-women-refugee-camp, accessed 22/12/2014.

**Haberler** (**5 October 2015**). "Erdoğan: 'Türkiye'de doğan Suriyeli sayısı 60bini buldu'", *Haberler*. Available at: www.haberler.com/erdogan-turkiye-de-dogan-suriyeli-bebek-sayisi-60-7748804-haberi/, accessed 06/10/2015.

**Hamill**, Kathleen (**2011**). *Trafficking of Migrant Domestic Workers in Lebanon: A Legal Analysis*. Beirut: KAFA.

**Harroff-Tavel,** Hélène & Alix **Nasri** (2013). *Tricked and Trapped: Human Trafficking in the Middle East*. ILO in collaboration with Heartland Alliance International. Beirut: ILO Regional Office for the Arab States.

**Hartlaub**, Heather (**22 September 2014**). "Child Marriage Continues to Rise among Syrian Refugees", *Muftah*. Available at: muftah.org/child-marriage-continues-rise-among-syrian-refugees/#.VfGOP5fk2zV, accessed 10/09/2014

**Harvard School of Public Health** (**2014**). *Running Out of Time*. Harvard: Harvard School of Public Health.

**Hassan**, Nihal (**2007**). "50,000 Iraqi Refugees' Forced into Prostitution", *The Independent*. Available at: www.independent.co.uk/news/world/middle-east/50000-iraqi-refugees-forced-into-prostitution-5333575.html, accessed 30/9/2015.

**Hazaimeh** H. (**17 March 2013**). “Around 160,000 Syrians work illegally in Jordan”, *Jordan Times*. Available at: www.jordantimes.com/news/local/around-160000-syrians-work-illegally-jordan%E2%80%99, accessed 30/6/2015.

**Healy**, Claire & Ryszard **Piotrowicz** (**2013**). *Manual for Law Enforcement Organisations on Trafficking for the Purposes of Forced Begging.* Bucharest: DIICOT.

**Hepburn**, Stephanie (**2014**). “Displacement of Syrians: Implications for a Human Trafficking Crisis.” The Trafficking Research Project. Available at: https://thetraffickingresearchproject.wordpress.com/2014/02/07/displacement-of-syrians-implications-for-a-human-trafficking-crisis/, accessed 10/01/2015.

**Huda**, Sigma (**2006**). *Report of the Special Rapporteur on the human rights aspects of the victims of trafficking in persons, especially women and children*. New York: UN Economic and Social Council.

**HUGO** (**2014**). *Syrians in Turkey: Social Acceptance and Integration.* Ankara: Hacettepe University Migration and Politics Research Centre.

**Human Rights Council** (**16 June 2014**). *Oral Update of the Independent International Commission of Inquiry on the Syrian Arab Republic*. Report A/HRC/26/CRP.2. Geneva: OHCHR.

**Human Rights Watch** (**2013**). *“It’s Part of the Job”: Ill Treatment and Torture of Vulnerable Groups in Lebanese Police Stations.* New York: Human Rights Watch.

**Human Rights Watch** (**2014a**). *Lebanon: Domestic Violence Law Good, but Incomplete*. New York: Human Rights Watch.

**Human Rights Watch** (**2014b**). *Lebanon: Rising Violence Targets Syrian Refugees* New York: Human Rights Watch.

**Human Rights Watch** (**15 July 2015**). *Syria: Kurdish Forces Violating Child Soldier Ban*. New York: Human Rights Watch.

**Human Rights Watch** (**2015**). *Unequal and Unprotected*. New York: Human Rights Watch.

**Human Rights Watch** (**2010**) *Without Protection: How the Lebanese Justice System Fails Migrant Domestic Workers*. New York: Human Rights Watch.

**Hürriyet** (**29 September 2015**). “Türkiye’de Suriyeliler çocuklar için de okul zili çaldı”, *Hürriyet*. Available at: www.hurriyet.com.tr/gundem/30189070.asp, accessed 02/10/2015.

**Iaria**, Vanessa (**2014**). “Sharing livelihoods: Syrian refugees and host communities in Jordan.” Research paper presented at the conference “Conflict in Europe, Europe in Conflict” organised by PRIO Cyprus, 28-29 November 2014, Nicosia. Available at: http://cyprus.prio.org/Events/Event/?x=41, accessed 14/01/2015.

**İçduygu**, Ahmet & Deniz **Yükseker** (**2012**). "Rethinking transit migration in Turkey: reality and re-presentation in the creation of a migratory phenomenon". In: *Population, Space and Place*. 18: 441–456.

**ICMPD** (**2013**). *Current Anti-trafficking Response in Turkey and the Way Forward*. Vienna: ICMPD.

**ICMPD** (**2013a**). *Trafficking in Human Beings in Lebanon: A Stock-Taking Report*. Vienna: ICMPD.

**İlkkaracan**, Pinar & L. Ercevi **Amado** (**2011**). "Legal Reforms on Violence against Women in Turkey: Best Practices". In: Moha Ennaji & Fatima Sadiq (eds). *Gender and Violence in the Middle East*. UCLA Center for Middle East Development (CMED) Series. Oxon: Routledge.

**ILO Jordan** (**2015**) *Access to work for Syrian refugees in Jordan: A discussion paper on labour and refugee laws and policies*. Amman: ILO.

**ILO** (**2004**). *Gender, Education and Child Labour in Lebanon.* Beirut: ILO.

**ILO** (**2008**). *Independent Evaluation of the ILO's Country Programme for the Hashemite Kingdom of Jordan*. Geneva: ILO.

**ILO** (**2009**). *Operational Indicators of Trafficking in Human Beings*. Geneva: ILO. Available at: www.ilo.org/wcmsp5/groups/public/@ed_norm/@declaration/documents/publication/wcms_105023.pdf, accessed 14/11/2015.

**ILO & UNICEF** (**2012**). *National Study on Worst Forms of Child Labour in Syria.* Beirut: ILO Regional Office for the Arab States.

**ILO Jordan** (**February 2014**). *Rapid Assessment (RA) on Child Labour, Agricultural Sector in Jordan / Mafraq & Jordan Valley (Ghor): Jordanian and Syrian Working Children*. Amman: ILO.

**International Crisis Group** (**2014**). *The rising cost of Turkey's Syrian quagmire*. New York International Crisis Group.

**Institute for Human Rights of the Bar Association** (**2014**). *The crime of trafficking in persons in Lebanon - Practical Indicators.* Beirut: Institute for Human Rights of the Bar Association.

**IOM** (**2015**). *Addressing Human Trafficking and Exploitation in Times of Crisis: Evidence and recommendations for further action to protect vulnerable and mobile populations. Briefing Paper*. Geneva: IOM.

**IOM Iraq** (**September 2015**). "Displacement Tracking Matrix". Available at: http://iomiraq.net/dtm-page, accessed 12/09/2015.

**IOM** (**2008**). *Migration in Turkey: A country profile*. Ankara: IOM.

**IOM** (**2013**). “Turkey statistics.” IOM Counter-trafficking project website. Available at: www.countertrafficking.org/about.html, accessed 15/09/2015.

**IOM** (**2014**). *Pilot Study: Tourist Marriage in Yemen*. Sana’a: IOM.

**IRC** (**2013**). *Syria: A Regional Crisis*. New York: IRC.

**IRIN** (**2006**). “Child labourers operate in legal loophole, say rights workers.” IRIN Report. Available at: www.irinnews.org/report/27130/syria-child-labourers-operate-in-legal-loophole-say-rights-workers, accessed 23/10/2015.

**IRIN Middle East** (**2 July 2006**). “Jordan: For many students, summer break means begging”, *IRIN Middle East*. Available at: www.irinnews.org/printreport.aspx?reportid=27092, accessed 17/12/2014.

**IRIN Middle East** (**27 January 2009**). “Jordan: Government adopts anti-human trafficking law”, *IRIN Middle East.* Available at: www.irinnews.org/report/82587/jordan-government-adopts-anti-human-trafficking-law, accessed 18/12/2014.

**IRIN** (**20 September 2012**). “Indonesia: Domestic workers in Syria await repatriation”, *IRIN News.* Available at: www.irinnews.org/report/96348/indonesia-domestic-workers-in-syria-await-repatriation, accessed 06/10/2015.

**IRIN** (**7 March 2006**). “Lebanon: Child prostitution still taboo, despite laws”, *The Daily Star.* Available at: www.dailystar.com.lb/News/Lebanon-News/2006/Mar-07/8080-child-prostitution-persists-despite-laws.ashx, accessed 20/09/2015.

**IRIN** (**2 February 2009**). “Syria: First shelter for trafficked people opens in Damascus”, *IRIN News.* Available at: www.irinnews.org/report/82686/syria-first-shelter-for-trafficked-people-opens-in-damascus, accessed 30/09/2015.

**IRIN** (**17 March 2008**). “Syria: New draft law targets sex traffickers”, *IRIN News*. Available at: www.irinnews.org/report.aspx?reportid=77311&Theme=CHI, accessed 10/01/2015.

**IRIN** (**14 December 2009**). “Syria: Poverty fuels child labour among Iraqi refugees”, *IRIN* Available at: www.irinnews.org/report/87418/syria-poverty-fuels-child-labour-among-iraqi-refugees, accessed 30/09/2015.

**Ittani**, Fidaa (**1 April 2015**). “Foreign Militias in Damascus and a New Demographic Transition”, *The Syrian Observer*. Available at: http://syrianobserver.com/EN/Features/28906/Foreign_Militias_Damascus_a_New_Demographic_Transition, accessed 03/10/2015.

**ITUC** (**2008**). *Internationally Recognised Core Labour Standards in Jordan*. Report for the WTO General Council Review of the Trade Policies of Jordan.

**Jabbour**, Ghada (**2014**). *Exploring the Demand for Prostitution: What Male Buyers Say About their Motives, Practices and Perceptions*. Beirut: KAFA.

**Jalabi**, Raya (**11 August 2014**). “Who are the Yazidis and why is ISIS hunting them?” *The Guardian.* Available at: www.theguardian.com/world/2014/aug/07/who-yazidi-isis-iraq-religion-ethnicity-mountains, accessed 11/10/2015.

**Jordanian Ministry of Labour** (**2009**). *Labour Administration and Compliance in Jordan: A Multi-Stakeholder Collaboration*. Amman: Ministry of Labour.

**Kahale**, Salma (**2003**). *Exploratory Study on Foreign Domestic Work in Syria*. Damascus: IOM.

**Kamal**, Mowafaq (**15 December 2015**). “Marriage deals” happen outside of court records and end after months with a “missing husband”(«زواج الصفقة» يتم بعقود خارج سجلات المحاكم وينتهي بعد شهور باختفاء «الزوج»), *Al-Ghad.* Available at: www.alghad.com/articles/842344?s=2d1a8ef4ecc7fe7441a10c07bcc12fe5, accessed 10/02/2015.

**Kane**, June (**2011**). *People on the Move: Human Trafficking and Migration in Jordan, Lebanon and Syria*. CARIM RR 2011/4. San Domenico di Fiesole (FI): Robert Schuman Centre for Advanced Studies, European University Institute.

**Kirişçi**, Kemal (**2000**). “Disaggregating Turkish Citizenship and Immigration Practices”. In: *Middle Eastern Studies*. 36:3: 1-22.

**Kirişçi**, Kemal (**1996**). “Refugees of Turkish Origin: “Coerced Immigrants” to Turkey since 1945”. In: *International Migration*. 34:3: 385-412.

**Kirişçi**, Kemal (**2014**). *Syrian Refugees and Turkey’s Challenges: going beyond hospitality*. Washington, D.C.: Brookings Institute.

**Kullab**, Samya (**2 November 2015**). “Lebanese law forces Syrian refugees underground,” *IRIN News*. Available at: www.irinnews.org/report/102181/lebanese-law-forces-syrian-refugees-underground, accessed 02/11/2015.

**League of Arab States** (**2008**). “Arab Convention on Regulating the Status of Refugees in the Arab Countries.” In: *Refugee Survey Quarterly*. 27: 87-90.

**Lebanese Ministry of Justice** (**2008**). *Trafficking in Lebanon*. Beirut: Lebanese Ministry of Justice.

**Loveless**, Jeremy (**2013**). “Crisis in Lebanon: Camps for Syrian refugees?” In: *Forced Migration Review*. 43.

**Luca**, Ana Maria (**15 November 2013**). “Marriages of shame”, *NOW*. Available at: http://now.mmedia.me/lb/en/reportsfeatures/520916-marriages-of-shame, accessed 10/09/2015.

**Lutz**, Meris (**18 May 2013**). “Labor agencies trafficking migrant domestic workers into Syria”, *The Daily Star Lebanon*. Available at: www.dailystar.com.lb/News/Local-News/2013/May-18/217522-lebanese-agencies-trafficking-migrant-domestic-workers-into-syria.ashx, accessed 3/10/2015.

**Lyon**, Alistair (**2007**). “Iraqi refugees turn to sex trade in Syria”, *Reuters*. Available at: http://uk.reuters.com/article/2007/12/31/feature-iraq-syria-idUKNOA13627620071231, accessed 20/10/2015.

**Mackreath**, Helen (**2014**). “The role of host communities in north Lebanon”. In: *Forced Migration Review*. 20.

**Manara Network** (**2011**). *Country Profile of Lebanon: A Review of the Implementation of the UN Convention on the Rights of the Child*. Beirut: Manara Network.

**Mattar**, Mohamed Y. (**2011**). “Human Rights Legislation in the Arab World: The Case of Human Trafficking”. In: *Michigan Journal of International Law*. 33:1.

**Mazlumder** (**2014**). *Kamp dışında yaşayan Suriyeli kadın sığınmacılar: Raporu.* Ankara: Mazlumder Kadın Çalışmaları Grubu.

**Memişoğlu**, Fulya & Aslı **Ilgıt** (**2014**). *Syrian Refugees in Turkey: An Analysis of Multifaceted Challenges, Players and Policies.* Conference Proceedings for the ASN Convention at Columbia University.

**Micha,** Alexandra, Iman Abou-Atta, Marie-Charlotte Macaud & Sarah Barnes **(2011).** *Karamatuna: An Investigation into the Sex Trafficking of Iraqi Women and Girls*. London: SCE-ME.

**Milliyet** (**22 February 2013**). “Istanbul’un ortasinda Suriyeli cocuklar”, *Milliyet*. Available at: www.milliyet.com.tr/istanbul-un-ortasinda-suriyeli-cocuk-dilenciler/gundem/gundemdetay/22.02.2013/1672064/default.htm, accessed 15/09/2013.

**Minwalla**, Sherizaan & Scott **Portman** (**2007**). *Human Trafficking in Iraq: Patterns and Practices in Forced Labor and Sexual Exploitation: A report prepared by Heartland Alliance for Human Needs & Human Rights*. Sulaymaniyah: Heartland Alliance.

**Minwalla**, Sherizaan (**2011**). *Institutionalized Violence Against Women and Girls in Iraq: Laws and Practices*. Sulaymaniyah: Heartland Alliance.

**Montgomery**, Heather (**2011**). “Rumors of child trafficking after natural disasters. Fact, fiction or fantasy?” In: *Journal of Children and Media*. 5:4: 395-410.

**Naharnet** (**29 January 2015**). “State Security Busts Kidnapping Gang Smuggling Syrians to Lebanon”, *Naharnet*. Available at: www.naharnet.com/stories/en/165267, accessed 20/09/2015.

**Nasar**, Sema (**2013**). *Violence against Women, Bleeding Wound in the Syrian Conflict.* Copenhagen: Euro-Mediterranean Human Rights Network.

**Nashed**, Mat (**17 May 2014**). “To Be Raped or To Become a Prostitute in Beirut”, *VICE*. Available at: https://news.vice.com/article/to-be-raped-or-to-become-a-prostitute-in-beirut, accessed 20/09/2015.

**National Anti-Human Trafficking Committee** (Jordan) (**2015**). (اللجنة الوطنية لمنع الاتجار بالبشر) www.ahtnc.org.jo/ar/national-committee, accessed 10/01/2015.

**National Anti-Human Trafficking Committee** (**2013**). *Combating Human Trafficking in the Hashemite Kingdom of Jordan: 2009-2013*. Amman: National Anti-Human Trafficking Committee.

**National Coalition of Syrian Revolution and Opposition Forces** (**5 August 2015**). *Depleted Regime Forces Recruiting Children*. Available at: http://en.etilaf.org/all-news/news/depleted-regime-forces-recruiting-children.html, accessed 10/10/2015.

**NCFA & World Bank** (**2004**). *Jordan Country Study of Disadvantaged Children*. Amman: NCFA.

**NRC** (**April 2015a**). *Legal Status of Refugees from Syria – Overview of the new entry and renewal regulations.* Beirut: NRC Lebanon.

**NRC** (**April 2015b**). *Legal Status of Refugees from Syria – Consequences of Recent Changes.* Beirut: NRC.

**NRC** (**2014**). *The Consequences of Limited Legal Status for Syrian Refugees in Lebanon.* Beirut: NRC Lebanon.

**NRC** (**2015**). *Birth Registration Update: The Challenges of Birth Registration in Lebanon for Refugees from Syria.* Beirut: NRC.

**NRC & IRC** (**November 2014**). *No Escape: Civilians in Syria Struggle to Find Safety across Borders.* Oslo: Norwegian Refugee Council/London: International Rescue Committee.

**OCHA** (**2004**). *Guiding Principles on Internal Displacement*. 2nd Ed. New York: OCHA.

**OCHA** (**2015**). “Syrian Arab Republic: Estimated people in need & IDPs per governorate (as of October 2015).” Available at: http://reliefweb.int/sites/reliefweb.int/files/resources/estimated_pin_idps_per_governorate_151105.pdf, accessed 11/11/2015.

**OCHA & REACH** (**2014**). *Informing Targeted Host Community Programming in Lebanon*. New York: OCHA & REACH.

**Olwan**, Mohamed (**2011**). *Trafficking in Persons in Jordan.* CARIM Analytic and Synthetic Notes. San Domenico di Fiesole (FI): CARIM.

**Olwan**, Mohamed (**2006**). *The Legal Framework of International Migration in Jordan. Analytic and Synthetic Notes - Legal Module*. CARIM- AS 2006/01. San Domenico di Fiesole (FI): Robert Schuman Centre for Advanced Studies, European University Institute.

**Orhan**, Oytun (**2014**). *The Situation of the Syrian Refugees in the neighbouring countries*: *findings, conclusions and recommendations*. Ankara: ORSAM.

**Oruç**, Ömer (**5 August 2015**). “İzmir becomes human smuggling center due to huge refugee presence” *Today’s Zaman*. Available at: www.todayszaman.com/anasayfa_i-zmir-becomes-human-smuggling-center-due-to-huge-refugee-presence_395618.html, accessed 18/08/2015.

**Osseiran**, Hashem (**28 January 2015**). “Illegal adoption agency charged with child trafficking”, *The Daily Star*. Available at: www.dailystar.com.lb/News/Lebanon-News/2015/Jan-28/285558-illegal-adoption-agency-charged-with-child-trafficking.ashx accessed 20/09/2015.

**OWFI** (**2010**). *Prostitution and Trafficking of Women and Girls in Iraq*. Baghdad: OWFI.

**Öztürk**, Fahriye & Hakan **Ardor** (**2007**). “Human Trafficking as a Field of Crime Industry: An Evaluation for Turkey”. In: *Ekonomik Yaklaşım.* 18:62: 79-102.

**Öztürkler**, Harun & Türkmen **Göksel** (2015). *The economic effects of Syrian Refugees on Turkey: A Synthetic Modelling.* Ankara: Centre for Middle Eastern Strategic Studies (ORSAM).

**Özcebe**, Hilal & Burcu Küçük **Biçer** (**2013**). *“*An important female child and woman problem: child marriages.” In: *Turkish Archives of Pediatrics*. 48: 86-93.

**Pizzi**, Michael (**6 January 2015**). “In Syria’s war refugees, Lebanon sees echoes of Palestinian crisis”, *Al Jazeera America*. Available at: http://america.aljazeera.com/articles/2015/1/6/lebanon-syria-refugees.html, accessed 09/09/2015.

**Price**, Megan, Anita **Gohdes**, & Patrick **Ball** (**August 2014**). *Updated Statistical Analysis of Documentation of Killings in the Syrian Arab Republic*. Commissioned by the Office of the UN High Commissioner for Human Rights from the Human Rights Data Analysis Group.

**Qiblan**, Atab & Jacqueline **Hammoud** (**2 October 2015**). “Diffusion of trafficking in persons… the Syrian refugees and their most precious commodity” «انتشار ظاهرة الاتجار بالبشر، واللاجئون السوريون سلعتها الاثمن». Available at: http://syriamoi.gov.sy/new/index.php?req=5612&nid=609, accessed 3/10/2015.

**Raad**, Nada (**20 January 2003**). “New Laws Needed to Halt Illegal Trade in Human Organs”, *The Daily Star.* Available at: www.dailystar.com.lb/News/Lebanon-News/2003/Jan-20/38125-new-laws-needed-to-halt-illegal-trade-in-human-organs.ashx, accessed 9/09/2015.

**Ray**, Nilanjana (**2008**). *Vulnerability to Human Trafficking: A Qualitative Study*, PhD Dissertation: Washington University.

**Reynolds**, Sarnata & Daryl **Grisgraber** (2015). *Birth Registration in Turkey: protecting the future for Syrian children*. Washington D.C.: Refugee International.

**Sadek**, George (**December 2013**). *Legal Status of Refugees: Egypt, Jordan, Lebanon, and Iraq*. Washington, DC: The Law Library of Congress, Global Legal Research Center.

**Saleh**, Abbas (**13 March 2014**). “Syrian refugee girls exploited by prostitution networks”, *Al-Monitor.* Available at: www.al-monitor.com/pulse/culture/2014/03/syria-refugees-minors-sold-prostitution-exploitation.html, accessed 05/01/2015.

**Sarhan**, Afif (2007). “Sex for survival”, *Al-Jazeera.* Available at: www.aljazeera.com/news/middleeast/2007/08/2008525183626816642.html, accessed 30/09/2015.

**Save the Children** (**2013**). *Childhood under fire, the impact of two years of conflict in Syria*. London: Save the Children.

**Save the Children Sweden** (**2011**). *Child Rights Situation Analysis Lebanon*. Beirut: Lebanon Country Office, Save the Children Sweden.

**Save the Children, ILO & UNICEF** (**2015**). *Children Living and Working in the Streets in Lebanon: Profile and Magnitude.* Beirut: Save the Children, ILO & UNICEF.

**Schneider**, F. & F. **Savaşan** (**2005**). “The Size of Shadow Economies of Turkey (and of her Neighbouring Countries) Including an Informal Hiring and Sectoral Analysis of the Turkish Shadow Economy.” Available at: www.academia.edu/15004143/The_size_of_shadow_economies_of_turkey_and_of_her_neighbouring_countries_including_an_informal_hiring_and_sectoral_analysis_of_the_Turkish_shadow_economy, accessed 15.11.2015.

**Sever**, Murat ***et al.*** (**2012**). *Assessing the Identification Processes of Trafficked Persons in Turkey*. Ankara: UTSAM.

**Shelley**, Louise (**2014**). *Human Smuggling and Trafficking into Europe: A Comparative Perspective*. Washington, D.C.: Transatlantic Council on Migration.

**Sherlock**, Ruth & Carol **Malouf** (14 November 2013). “Rich refugees pay thousands to flee war-torn Syria in luxury”, *The Telegraph*. Available at: www.telegraph.co.uk/news/worldnews/middleeast/syria/10450787/Rich-refugees-pay-thousands-to-flee-war-torn-Syria-in-luxury.html, accessed 17/09/2015.

**Sinjab**, Lina (**2007**). “Prostitution Ordeal of Iraqi Girls”, *BBC News.* Available at: http://news.bbc.co.uk/2/hi/middle_east/7119473.stm, accessed 30/09/2015.

**Smith**, Julia (March 2012). “Global Eye on Human Trafficking” In: *IOM News Bulletin*, Issue:1.

**Stave**, Erik & Solveig **Hillesund** (**2015**). *Impact of Syrian refugees on the Jordanian labour market*. Geneva: FAFO & ILO.

**Steele**, Abbey (**2006**). “Insecurity and Opportunity in Colombia: Linking Civil War and Human Trafficking.” In: Beeks, K and Amir, D. (eds). *Trafficking and the Global Sex Industry*. Oxford: Lexington Books.

**Steinmayer**, Vanessa & Yuko **Hamada** (**2011**). “Turkey”. In: *Situation Report on International Migration in South and South-West Asia*. Bangkok: UN ESCAP.

**Stoughton**, India (**9 September 2013**). “Closed Adoption System Helping Traffickers” *The Daily Star*. Available at: www.dailystar.com.lb/News/Lebanon-News/2013/Sep-09/230498-closed-adoption-system-helping-traffickers.ashx accessed 7/09/2015.

**Sweis**, Rana F. (**8 October 2014**). “No Syrians Are Allowed Into Jordan, Agencies Say”, *The New York Times*. Available at: www.nytimes.com/2014/10/09/world/middleeast/syrian-refugees-jordan-border-united-nations.html?_r=1, accessed 21/02/2015.

**Tamkeen** (**2015**). *An Analytic Review of Jordanian Legislation Related to Anti-Trafficking*. Amman: Tamkeen.

**Tamkeen** (**2011**). *Domestic Plight: How Jordanian Laws, Officials, Employers, and Recruiters Fail Abused Migrant Domestic Workers*. Amman: Tamkeen.

**Tamkeen** (**2009**). *Doubled Alienation: Migrants' workers situation in Jordan*. Amman: Tamkeen.

**Tamkeen** (**2014**). *Forgotten Rights: The Working and Living Conditions of Migrant Workers in the Agricultural Sector in Jordan*. Amman: Tamkeen Fields for Aid and ARCS NGO.

**Tatwir** (**2015**). *Needs Assessment of Palestinian Refugees from Syria Survey Result*. Graz: Tatwir.

**Terre des hommes** (**2011**). *The Dom People and their Children in Lebanon*. Beirut: Terre des hommes.

**The Daily Star** (**30 April 2015**). “Palestinians demand end to Lebanon job restrictions”, *The Daily Star.* Available at: www.dailystar.com.lb/News/Lebanon-News/2015/Apr-30/296402-palestinians-demand-end-to-lebanon-job-restrictions.ashx, accessed 7/09/2015.

**The Guardian** (**9 June 2015**). “ISIS slave markets sell girls for ‘as little as a pack of cigarettes’, UN envoy says”, *The Guardian.* Available at: www.theguardian.com/world/2015/jun/09/isis-slave-markets-sell-girls-for-as-little-as-a-pack-of-cigarettes-un-envoy-says, accessed 3/10/2015.

**Thibos**, Cameron (**2014**). *One Million Syrians in Lebanon: A Milestone Quickly Passed.* San Domenico di Fiesole (FI): Migration Policy Centre, European University Institute.

**Today's Zaman** (**28 October 2014**). “Syrian refugees have to brave hard labour conditions in Turkey”, *Today's Zaman* Available at: www.todayszaman.com/business_syrian-refugees-have-to-brave-hard-labor-conditions-in-turkey_362858.html, accessed 15/09/2015.

**Today's Zaman** (**5 May 2011**). “PM says nearly half of Turkey's economy informal”, *Today's Zaman*. Available at: www.todayszaman.com/business_pm-says-nearly-half-of-turkeys-economy-informal_242948.htmll, accessed 15/11/2015.

**Tomlinson**, Simon (**15 January 2014**). “Syrian refugees forced to let Lebanese landlord marry their 14-year-old daughter because they cannot afford the rent”. *The Daily Mail.* Available at: www.dailymail.co.uk/news/article-2539732/Syrian-refugees-forced-let-Lebanese-landlord-marry-14-year-old-daughter-afford-rent.html, accessed 10/09/2015.

**Torres**, Estrella (**5 August 2012**). “Syria: Domestic Worker Elena’s Dramatic Escape Home to the Philippines: Thousands of migrant workers still trapped in the conflict”, *International Trade Union Confederation News*. Available at: www.ituc-csi.org/syria-domestic-worker-elena-s?lang=en, accessed 03/10/2015.

**Townsend**, Jacob & Christel **Oomen** (**2015**). *Before the Boat: Understanding the Migrant Journey*. Brussels: Migration Policy Institute Europe.

**Türk**, Kübra & Nuriye **Çakmak** (**4 April 2014**). “İstanbul’daki Suriyeliler Gerçeği”, *Yeni Şafak*. Available at: www.yenisafak.com/hayat/istanbuldaki-suriyeli-dilenciler-gercegi-633768, accessed 15/09/2015.

**Turkish MFA** (2011). *Turkey on Trafficking in Human Beings.* Ankara: MFA.

**UNDP in Lebanon** (**2012**). “Overview”. Available at: www.lb.undp.org/content/lebanon/en/home/mdgoverview/overview/mdg1.html, accessed 10/09/2015.

**UN General Assembly** (**5 February 2015**). *Report of the Independent International Commission of Inquiry on the Syrian Arab Republic*. Washington: UN General Assembly.

**UN** (**2012**). *Report of the Commissioner-General of the United Nations Relief and Works Agency for Palestine Refugees in the Near East 1 January-31 December 2011*. General Assembly Official Records, Sixty-seventh Session Supplement No. 13. New York: United Nations.

**UN News Centre** (**2 July 2015**). “Syria’s ‘disastrous’ conflict fuelling child labour and exploitation across region, warns new UN report”, *UN News Centre*. Available at: www.un.org/apps/news/story.asp?NewsID=51328#.Vg-cMPmqqko, accessed 03/10/2015.

**UN Women** (**2013**). *Inter-Agency Assessment: Gender-based Violence and Child Protection among Syrian refugees in Jordan, with a focus on Early Marriage.* Amman: UN Women.

**UN Women** (**2014**). *We Just Keep Silent: Gender-based Violence Amongst Syrian Refugees in the Kurdistan Region of Iraq*. Erbil: UN Women.

**UNDP, Ministry of Planning & Economic and Social Council** (**August 2012**). *The Panoramic Study of the Informal Economy in Jordan*. Available at: http://data.unhcr.org/syrianrefugees/admin/download.php?id=4235, accessed 15/11/2015.

**UNFPA** (**2014**). *Child Marriage in Turkey: UNFPA Overview*. New York: UNFPA

**UNHCR** (**2006**). *Guidelines on International Protection: The application of Article 1A(2) of the 1951 Convention and/or 1967 Protocol relating to the Status of Refugees to victims of*

*trafficking and persons at risk of being trafficked*. Geneva: UNHCR.

**UNHCR** (**25 August 2015**). *Syria Regional Refugee Response Inter-agency Information Sharing Portal*: *Lebanon*. Available at: http://data.unhcr.org/syrianrefugees/country.php?id=122, accessed 18/11/2015.

**UNHCR** (**2014a**). *Syria Regional Response Plan: Iraq*. Geneva: UNHCR.

**UNHCR** (**2013**). *Vulnerability Assessment of Syrian Refugees in Lebanon*. Geneva: UNHCR.

**UNHCR** (**2014**). *Vulnerability Assessment of Syrian Refugees in Lebanon*. Geneva: UNHCR.

**UNHCR** (**2010**). *Universal Periodic Review: The Republic of Lebanon*. Geneva: UNHCR.

**UNHCR, UNICEF, & WFP** (**2006**). *Assessment of the Situation of Iraqi Refugees in Syria*. Damascus: WFP.

**UNICEF** (**2014**). *A Study on early marriage in Jordan*. Amman: UNICEF Jordan.

**UNICEF** (**September 2015**). *Refugee and Migrant Crisis in Europe.* Available at: www.unicef.org/publicpartnerships/files/Refugee_and_migrant_children_in_Europe_-_Sept_2015.pdf, accessed 18/11/2015.

**UNICEF** (**2011**). *Regional Overview for the Middle East and North Africa: MENA Gender Equality Profile Status of Girls and Women in the Middle East and North Africa.* Cairo: UNICEF.

**UNICEF (2013)**. *The State of the World's Children.* New York: UNICEF.

**UNICEF** (**2011a**). *Türkiye'de Çocukların Durumu Raporu*. Ankara: UNICEF.

**UNICEF** (**15 October 2010**). *UNICEF workshop determines to tackle child labour problem in Syria.* Aleppo*:* UNICEF.

**UNICEF & Save the Children** (**2015**). *Small Hands, heavy burden: How the Syria conflict is driving more children into the workforce.* Amman: UNICEF Regional Offices for the Middle East & North Africa and Save the Children Regional Offices for the Middle East and Eurasia.

**UNODC** (**2014**). *Global Report on Trafficking in Persons*. Vienna: UNODC.

**UNODC** (**2014a**). *Country Profiles - Global Report on Trafficking in Persons*. Vienna: UNODC.

**UNODC** (**2013**). *Human Trafficking Indicators*. Available at: www.unodc.org/pdf/HT_indicators_E_LOWRES.pdf, accessed 14/11/2015.

**UNODC** (**2006**). *Travaux Préparatoires of the negotiations for the elaboration of the United Nations Convention against Transnational Organized Crime and the Protocols thereto*. New York: United Nations.

**UNRWA** (**2014**). “Squandering Humanity: A New UN Economic Report on Syria”. Available at: www.unrwa.org/newsroom/press-releases/squandering-humanity-new-un-economic-report-syria, accessed 19/01/2015.

**UNRWA** (**1 July 2014**). “Where We Work”. Available at: www.unrwa.org/where-we-work/lebanon, accessed 18/11/2015.

**US Department of Labor** (**2010**). *Findings on the Worst Forms of Child Labour – Lebanon.* Washington, D.C.: US Department of Labor.

**US Department of Labor** (**2011**). *Findings on the Worst Forms of Child Labour – Lebanon*. Washington, D.C.: US Department of Labor.

**US Department of State** (**2009**). *Trafficking in Persons Report.* Washington, D.C.: US Department of State.

**US Department of State** (**2010**). *Trafficking in Persons Report.* Washington, D.C.: US Department of State.

**US Department of State** (**2011**). *Trafficking in Persons Report.* Washington, D.C.: US Department of State.

**US Department of State (2012)**. *Trafficking in Persons Report.* Washington, D.C.: US Department of State.

**US Department of State** (**2013**). *Trafficking in Persons Report*. Washington, D.C.: US Department of State.

**US Department of State** (**2014**). *Trafficking in Persons Report*. Washington, D.C.: US Department of State.

**US Department of State** (**2015**). *Trafficking in Persons Report.* Washington, D.C.: US Department of State.

**Uslu**, Emre (**29 April 2012**). “Child Soldiers in PKK”, *Today’s Zaman*. Available at: www.todayszaman.com/columnist/emre-uslu/child-soldiers-in-pkk_278988.html, accessed 18/11/2015.

**Van Vliet**, Sam & Guita **Hourani** (2012). *Refugees of the Arab Spring: the Syrian Refugees in Lebanon April 2011 - April 2012.* Cairo: American University in Cairo.

**Variyar,** M. (**24 June 2015**). “Syria: Yazidi Girl Infected with AIDS After Rape by ISIS Fighter; Disease Spreads to Other Members, Say Activists”, *IBT News*. Available at: www.ibtimes.co.in/syria-yazidi-girl-infected-aids-after-rape-by-isis-fighter-disease-spreads-other-members-say-636887, accessed 11/10/2015.

**Wansa**, Sarah (**14 August 2014**). “A Judicial Blow to Lebanon’s Sponsorship System: Employer Must Return Domestic Worker’s Passport”, *The Legal Agenda*. Available at: http://english.legal-agenda.com/article.php?id=639&lang=en, accessed 07/09/2015.

**Watkins**, Kevin (**2013**). *Education without Borders: A Summary*. London: A World at School.

**WCRWC** (**2007**). *Iraqi refugee women and youth in Jordan: Reproductive health findings. A snapshot from the field*. Research Report. New York: WCRWC.

**Weiss**, Fagen P. (**2007**). *Iraqi Refugees: seeking stability in Syria and Jordan*. Study by the Institute for the Study of International Migration (ISIM) and the Center for International and Regional Studies (CIRS). Washington, D.C.: Georgetown University.

**World Bank** (2015). “Syrian Arab Republic: Statistical data.” Available at: http://data.worldbank.org/country/syrian-arab-republic, accessed 05/10/2015.

**World Vision** (**2013**). *Under Pressure: The Impact of the Syrian Refugee Crisis on Host Communities in Lebanon*. Beirut: World Vision.

**Yıldırım**, Taylan (**12 August 2015**). “Izmir’de, Suriyeli mülteci akınına karşı önlemler alınıyor”, *Milliyet.* Available at: www.milliyet.com.tr/izmir-de-suriyeli-multeci-akinina-gundem-2100924, accessed 20/08/2015.

**Young**, Michael (2000). *Migrant Workers in Lebanon*. Beirut: Lebanese NGO Forum.

**Zaatari**, Mohammed (**8 October 2013**). “Human-smuggling ring busted in south Lebanon”, *The Daily Star*. Available at: www.dailystar.com.lb/News/Lebanon-News/2013/Oct-08/233940-human-smuggling-ring-busted-in-south-lebanon.ashx, accessed 20/09/2015.

**Zetter**, Roger & Héloïse **Ruaudel** (**2014**). “Development and protection challenges of the Syrian refugee crisis”*.* In: *Forced Migration Review*. 47.

## به ئامانجگرتنی خاڵەکانی لاوازی

## سەنتەری نێودەوڵەتی پەرەپێدانی سیاسەتەکانی کۆچ، ٢٠١٥

زیاتر لە شەش ملێون و نیو کەس لە سوریا ئاوارەبوون، لەکاتێکدا تورکیا، لوبنان، ئوردن و عیراق بونەتە خانەخوێی زیاتر لە چوار ملیۆن پەنابەری سوری. هەندێك لە خەلکی هەرە لاواز لە نێوانیاندا کەوتوونەتە بەر کاریگەری یەکێك لە پێشێلکاریە هەرە مەترسیدارەکانی مافەکانی مرۆڤ: بازرگانی کردن بە کەسەکان. ئەو کەسانەی لە ناوەوە بۆ دەرەوەی سوریا رایانکردووە دەبێ توانای دەست پێکردنی ژیانێکی تازەیان هەبێت بۆخۆیان کە دووربێت لە شەڕ، بازرگانی پێوەکردن و ئیستغلال کردن. ئەم تویژینەوەیە هەڵسەنگاندن بۆ کاریگەری شەڕی سوریا ئەنجامدەدات بەسەر بازرگانی کردن بە مرۆڤ لە ناوچەکەدا و لە کاتی گونجاودا راسپاردەکان بۆ چۆنیەتی بەرسڤدانەوە پێشکەش دەکات.

ISBN: 978-3-902880-72-7

ISO 9001:2008 certified